http://www.amyuni.com

# جەنابی سەرۆک

PDF4Kurd

رؤمان

میگێل ئەنخل ئاستۆریاس

# جەنابی سەرۆک

براوەی خەڵاتی نۆبڵ

وەرگێڕانی

**موکەڕەم رەشید تاڵەبانی**

MUKIRYANI

٢٠١٤

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# • جەنابی سەرۆك

## • رۆمان


• میگێل ئەنخل ئاستۆریاس

• وەرگێڕانی: موکەڕەم رەشید تاڵەبانی

• نەخشەسازی ناوەوە: رێدار جەعفەر

• بەرگ: رێمان

• نرخ: (٦٠٠٠) دینار

• چاپی یەکەم: ٢٠١٤

• تیراژ: ١٠٠٠ دانە

• چاپخانەی: موکریانی (هەولێر)

• لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (٢٣٥) ساڵی (٢٠١٢)ی پێ دراوە.

زنجیرەی کتێب (٨٢٩)


هەموو مافێکی بۆ خانەی موکریانی پارێزراوە


ماڵپەڕ: www.mukiryani.com

ئیمەیل: info@mukiryani.com

## پێشەکی

لە سەردانێکماندا بۆ خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە بۆ زانینی سۆراخی هەردوو ڕۆمانە وەرگێڕاوەکەی نووسەری بۆسنیا (ئیڤۆ ئاندریچ) (پردەکەی سەر ڕووباری درینا و گۆڕەپانی نەفرەتی)، بەڕێز کاك محێدین پێشنیازێکی خستە پێشمان بۆ چی ڕۆمانێکی دیکە لە عەرەبییەوە وەرنەگێڕمە سەر زمانی کوردی و دەزگە چاپی بکات، ئەوەبوو ئەو بیرۆکەمان لا پەسەند بوو، بۆیە سەرەتا ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی ئەڵمانی (گۆنتەر گراس)ی پێ داین، بۆئەوەی وەریبگێڕم، چەند ڕۆژێك لامبوو هێشتە دەستم بە وەرگێڕانی نەکردبوو، پێی ڕاگەیاندم کە ئەو ڕۆمانە لەلایەن برادەرێکی دیکەوە لە زمانێکی دیکەوە وەردەگێڕن، بۆیە پێشنیازی کرد، ڕۆمانە بەناوبانگەکەی ڕۆماننووسی گواتیمالا (میگێل ئەنخل ئاستۆریاس)، کە بە ناوی (جەنابی سەرۆك)ـە و خەڵاتی (نۆبل)ی بواری وێژەی پێ وەرگرتووە وەرگێڕمە سەر زمانی کوردی، منیش ڕۆمانەکەی دیکەم بۆ گێڕایەوە و ڕۆمانی (جەنابی سەرۆك)م لێ وەرگرت، بۆ ئەوەی وەریگێڕمە سەر زمانی کوردی، کە گەل و نەتەوە نەماوە ئەو ڕۆمانەی بە زمانی زگماکی خۆی نەخوێندبێتەوە.

لە کۆتایی مانگی تەمووزی ٢٠٠١١دا دەستم بە وەرگێڕانی ڕۆمانەکە کرد، هەر ڕۆژە و وردە وردە بە پێی دەرفەت دوو تا سێ کاتژمێر ئیشم تێدا دەکرد، لە

زۆر شوێن ناو و دەستەواژە و دەربڕین و وشە و زاراوەم دەهاتە پێش و بە گەڕان و پرسین و پەنابردنە بەر فەرهەنگ واتاو بەرانبەرەکانم دەدۆزینەوە، لەم دواییەیشدا برا و نووسەری بەڕێز کاك ڕەسووڵ سوڵتانی لەسەر فلاش وەرگێڕانە فارسییەکەی پێدام، کە ئەویش لە فەرەنسییەوە کراوەتە فارسی، هەندێك سوودم لەویش بینی، بەڵام لەبەرئەوەی ئەو وەرگێڕانەی لای من یەکسەر لە ئیسپانییەوە کراوەتە عەرەبی و وەرگێڕانە فارسییەکەیش لە زمانی فەرەنسییەوە کراوەتە فارسی لە زۆر شوێندا هەستم بە جیاوازی دەکرد، بە تایبەتی لە وەرگێڕانە فارسییەکەدا، کە وەرگێڕ بە دەقەکەوە پابەندنەبووە، تەنانەت زۆر ڕستە و دەستەواژەی ڕاڤە کردووە و لە مەبەستی نووسەر دوورکەوتۆتەوە، لە هەندێك شوێنیش خۆی لە هەندێك ڕستە و دەستەواژە بواردووە و توخنیان نەکەوتووە، هەندێك پەرەگرافیشی پەڕاندووە، بۆیە وەرگێڕانە عەرەبییەکە بە پەسەندتر دەزانم و تەواو هەقی بەو ڕووداو و ئەو شتانە داوە، کە ڕۆماننووس دەریبڕیون.

هەڵبەتە دوای پێنج مانگی ڕەبەق لە کۆتایی مانگی تەمووزی ٢٠١١ـەوە تا کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١١ توانیم ڕۆمانەکە وەربگێڕم، دواتر هەڵەچنی بکەم و پێیدا بچمەوە بۆئەوەی هیچ هەڵە و کێماسییەکی تێدا نەهێڵم و بە پوختەیی بیخەمە بەر دەستی خوێنەر، بە هیوای ئەوەی خزمەتێکم بە کتێبخانەی گەلەکەم گەیاندبێت.

**موکەڕەم ڕەشید تاڵەبانی**

**٢٠١١/١٢/٢٨**

## میگێل ئەنخل ئاستۆریاس نووسەری ڕۆمانی (جەنابی سەرۆك)

میگێل ئەنخل ئاستۆریاس (Miguel Angel Asturias) لە ساڵی **١٨٩٩** لە شاری گواتیمالای پایتەختی گواتیمالا لەدایکبووە و باوکی بازرگان بووە و بە منداڵی لە سایەی فەرمانڕەوایی دیکتاتۆر (ئیسترادا کابرێرا)دا ژیانێکی دژواری بەسەربردووە و لە تێکۆشانی خوێندکارانی زانکۆدا بەشداریکردووە، لە زانکۆی نیشتمانی گواتیمالادا بڕوانامەی لە کۆلیژی ماف وەرگرتووە. ساڵی **١٩٢٣** چووەتە لەندەن و لەوێشەوە چووەتە پاریس و هەشت ساڵ لەوێ ماوەتەوە بۆئەوەی یاسای نێودەوڵەتی بخوێنێت، بەڵام بەباشی زانیوە لە زانکۆی (سۆربۆن) لە بەشی ئەنترۆپۆلۆژیا بخوێنێت، بە تایبەتی پسپۆری لە بەشی ئایینە کۆنەکانی ئەمەریکای ناوەند وەرگرتووە و لەوێ شارەزایی لەبارەی دەقە ئاساییە کلاسیکییەکانی ئەدەبی هیندییە سوورەکانەوە پەیداکردووە، کە (ڕینۆ )ی مامۆستای وەریگێڕابوون، بۆیە ئەوەندەی نەخایاندووە کتێبیی پیرۆزی گەلانی مایای وەرگێڕاوە، پاشان ساڵی **١٩٣٠** کتێبی ئەفسانەکانی گواتیمالای لە شاری مەدرید بڵاوکردۆتەوە، کە هەر هەموو ئەو ئەفسانە هیندیانەی تێدا تۆمارکردبوو، کە دایکی بۆی دەگێڕایەوە، چونکە بە نژاد لە هیندییە سوورەکان بوو.

پاشان ئاستۆریاس گەڕاوەتەوە گواتیمالا بۆئەوەی قۆناغێکی گرینگ لە بواری چالاکی شیعری و دیپلۆماسی دەست پێ بکات تا ساڵی **١٩٤٦** کاتێك ڕۆمانی (جەنابی سەرۆك)ی لە وڵاتی مەکسیك چاپ و بڵاوکرایەوە، کە دووەمین

کتێبی بوو هەروەها ساڵی ١٩٤٨ لە ئەرژەنتین و لە فەرەنسا چاپ و بڵاو کرایەوە و لە ساڵی ١٩٥٢ لە فەرەنسا خەڵاتی باشترین ڕۆمانی دەرەوەی پێ بەخشرا، چونکە ئەو ڕۆمانە لە گواتیمالا قەدەخەبوو، لەبەرئەوەی وێنەی دیکتاتۆریەتی لە ئەمەریکای لاتینی تێدا خستبووەڕوو، بۆیە نووسەر تووشی ڕاوەدوونان و گرتن هات و لە ئەرژەنتین دەستگیرکرا. دوای ئەو ڕۆمانە ڕۆمانێکی دیکەی بە ناوونیشانی: (پیاوانی لە گەنمە شامی) نووسی و ساڵی ١٩٤٩ چاپ و بڵاو بووەوە، تێیدا نووسەر وێرانکردنی جەنگڵستانەکانی بۆمیها لەسەر دەستی سپی پێستەکان پێشان دەدات و تێیدا ئەفسانەی تێکەڵ بە ژیانی ڕۆژانە کردووە. دواتر ئاستۆریاس سێ ڕۆمانی لەبارەی قۆستنەوەی کۆششی کرێکارانی کێڵگەکانی مۆز لە گواتیمالا لەلایەن کۆمپانیای مۆزەوە نووسی، یەکەمین بەشی بە ناوونیشانی: (گەردەلوول) ساڵی ١٩٥٠و دووەمین بەشی بە ناوونیشانی: (پاپای سەوز) ساڵی ١٩٥٤و دوایەمین بەشی بە ناوونیشانی: (چاوانی نێژراوەکان) ساڵی ١٩٦٠بوو.

پاش ئەو ڕۆمانانە ئاستۆریاس ژمارەیەکی زۆر ڕۆمانی نووسی لەوانە: (ئەو دزەی بڕوای بە ئاسمان نەبوو) ساڵی ١٩٦٧و (بەسەرهاتی ئەو پیاوەی هەموو شتێکی هەیە). ئاستۆریاس ساڵی (١٩٦٦) خەڵاتی ئاشتی (لینین)ی پێ بەخشرا و ساڵی (١٩٦٧) خەڵاتی (نۆبل)ی لە وێژەدا پێ بەخشرا.

ئاستۆریاس ساڵی (١٩٧٤) لە شاری مەدرید کۆچی دوایی کرد کاتێك لەوپەڕی چالاکی و بەخشش و داهێناندا بوو پاش ئەوەی لە پاریس هەموو دەستنووسەکانی بە کتێبخانەی نیشتمانی بەخشی، کە چلەی ماتەمینێکی گەورەی بۆ ڕێکخست.

ڕۆمانی (جەنابی سەرۆك) بە شاکارێکی ئەدەبی ئەمەریکای لاتین دادەنرێت و باسی حکوومەتە دیکتاتۆرەکانی وڵاتانی ئەمەریکای لاتین دەکات. (جەنابی سەرۆك) وێنەکێشانی ڕاستەقینەی (ئیسترادا کابرێرا)ی دیکتاتۆرە، کە لە ساڵی

١٨٩٨ تا ١٩٢٠ سەرۆك کۆماری گواتیمالا بوو و بە شێوەیەکی دیکتاتۆریانە ولاّتی بەڕێوەدەبرد. ئەم ڕۆمانە تا ساڵی ١٩٨٥یش لە ولاّتانی عەرەبی قەدەخەبوو، لەبەرئەوەی زۆرینەی ڕژێمی ئەو ولاّتانە دیکتاتۆریانە فەرمانڕەوایی دەکران و ڕێ نەدەدرا ڕۆمانێکی لەو جۆرە بگاتە دەستی خوێنەران، بۆیە خوێنەری کوردیش تا ئێستە لەوە بێ بەش بووە ئەو ڕۆمانە بە زمانی کوردی بخوێنێتەوە.

ئاستۆریاس ئەم ڕۆمانەی بە ئیسپانی نووسیوە، کە زمانی نیشتمانەکەیەتی (گواتیمالا)، تیێدا باسی ئەو ولاّتە دەکات لە سایەی سەرۆکێکی دیکتاتۆردا. کە کابرایەکی شێتی ستەمگەرە، خەڵك بە ئاسانی دەکوژێت وەك چۆن ئاو بخواتەوە یان قاوەڵتی بکات و بڕیارە خوێناوییەکانیشی بە هەمان ئەو نەرمی و چرپەیە دەردەکات، کە قسەی لەگەڵ ئافرەتاندا پێ دەکات و گوێ لە میوزیك دەگرێت. ولاّتەکەی کردبووە دۆزەخ و پێگەی دز و جەردە و پیاوکوژان. دەست و پێوەندەکانی بریتی بوون لە کەسانێکی بێ ئاکار و شێواو و بەرتیلخۆر و گەندەڵ، خەڵکی ولاّتیشی سەرشۆڕ و ڕیسواکردبوو، خەونیان بە جوانی و هەق و چاکە و زەوی و باڵندەوە دەبینی.

بەندیخانەکانی سیخناخ لە شاعیر و ڕۆشنبیر و پیاوانی ئایینی بوو، ئەوانەی نەیاندەویست لە جیاتی خوا کڕنووشی بۆ ببەن. لە دادگەییە ڕواڵەتییەکانیدا وێنەی دادوەری بزر ببوو، دروشمی دڵڕەقانەتر و تاریکانەتر لە تاریکایی جیهان بەرزدەکرایەوە، لەو دادگەیانەدا باشتر وابوو تاوانبار بیت، نەك بێ تاوان و حکوومەت لێت ڕازی نەبێت.

ئەم ڕۆمانە بە باشترین ڕۆمان دادەنرێت، دێڕ و ڕستەکانی ڕاستی و دڵڕەقی و توندوتیژی دەخەنەڕوو، لەودیوی دڵڕەقیشەوە کێڵگەی گەنم و قووقەی کەڵەشێر و ئاوونگی بەیانیانی جوان بەدی دەکرێت، کە تیشك بەسەر نیشتماندا دەپرژێنێت. ڕۆمانەکە لە جیهانێکەوە بۆ جیهانێکی دیکەمان دەگوێزێتەوە، لەگەڵیدا شارەزای

ژیان و شێداری ناو بەندیخانە و بۆگەنی بوون و کە ڕووهەڵهێنانی نان و مەرگی هەمیشە زیندوو و چاوەڕوانی ناو ژووری بەندیخانە داخراوەکان دەبین، کە هیچ شتێکیان تێدا نابینرێت جگە لە ڕوخساری ئەو مەرگە نەبێت کە بەڕێوەیە، لەگەڵ ڕۆمانەکەدا بە جیهانی ناو شاکارەکەدا باڵ دەگریتەوە و دەڕۆیت تا باوەش بە هەتاودا بکەیت و خاکی نیشتمان لە ئامێز بگریت.

# یەکەمین پاڕ

## یەکەمین بەش

## ٢١ و ٢٢ و ٢٣ی نیسان

(١)

## له (دالآنی خوداوەند)دا

دنگ دانگ دۆنگ، دنگ دانگ دۆنگ!

دەنگی لێدانی زەنگەکانی کاتدرائییەکە چوون گیزەی گوللە لە گوێدا زرنگایەوە، داوای لە خەڵکی دەکرد بچن نوێژ بکەن، چوون گەڕانەوەی نیگەرانی لە ڕووناکییەوە بۆ تاریکی لە تاریکییەوە بۆ ڕووناکی. دنگ دانگ دۆنگ دانۆنگ، دانۆنگ دۆنگ دانگ دنگ. دنگ دانۆنگ.... دنگ دۆنگ دانگ ... دانۆنگ ....

دەرۆزەکەرەکان لەناوەندی چێشتخانە میللییە بچووکەکان لە بازاڕ پێیان لەدووی خۆیان ڕاکێش کرد، لە سێبەرە ساردوسڕەکانی کاتدرائییەکەدا بزربوون، کاتێك بەرەو (گۆڕەپانی ئارمس) دەچوون، بە درێژایی شەقامە بەرینەکان کە لە دەریا دەچوون، شارەکەیان لە دوای خۆیان تاك و تەنیا و گۆشەگیر بەجێدەهێشت.

شەو کۆی دەکردنەوە وەك چۆن ئاسمان ئەستێرەگەل کۆدەکاتەوە، بۆیە بەیەك دەگەیشتن تا پێکەوە لە (دالآنی خوداوەند)ی نێزیك بە کاتدرائییەکەدا بنوون. بێ ئەوەی هیچ پێوەندییەك پێکەوەیان ببەستێتەوە تەنیا بەدبەختی نەبێت، جنێو بە یەکدی دەدەن، بە جۆرەها خۆسن یەکدی جنێو باران دەکەن، کۆنە ڕك و

کینەکانیان زیندوودەکەنەوە، بە خۆ تووڕەکردنەوە بە خۆڵ بە یەکدا کردن و تف لێك کردن و هەندێك جار گاز لەیەك گرتن بەشەڕ دێن. نە هیچ خزمایەتی و نە هیچ جۆرە پێوەندییەکی نێزیکایەتی پێکەوەی گرێ نەدەدان. دوور لە یەکدییەوە ڕادەکشان، بێ ئەوەی جلەکانیان بگۆڕن و دز ئاسا دەنووستن، سەریان دەخستە سەر هەموو سەرمایەکەیان: پارچە گۆشت، پێڵاوە شڕ، پاشماوەی مۆم، چەند مشتە برنجی لێنراو بە لاپەڕەی کۆنە ڕۆژنامە پێچراو، چەند پرتەقاڵێکی بۆگەن و چەند دانە مۆزێکی گەنیو. لەسەر ئەو پێپلکانەیان دەبینیت بەرەو دالأنەکە دەچێت، ڕوویان بەرەو دیوارەکە دەڕوانێت. پارەکانیان دەژمێرن، بە ددان گاز لە دراوە ئاسنینەکان دەگرن تا بزانن ساختەن یان نا، لەگەڵ خۆ دەدوێن، خۆراك و چەکەکانیان بەسەردەکەنەوە کە کۆیان کردوونەتەوە، لە گەشتگەلی ڕۆژانەیاندا پشت بە کەسەك و بەردو چەند نموونەیەکی چاوەزار دەبەستن، بە دزییەوە پارچە نانە ڕەقە دەخۆن. کەس نەیبینیون ئەوانە هاریکاری و یارمەتی هاوەڵێکی خۆیان دابێت کاتێك دووچاری تەنگانە بووبێتەوە، ئەوەندە ڕژدو چاوچنۆکن، کە لە دەرۆزەکەرەکانی دیکە دەچن، بە باشتری دەزانن ئەو پاشەرۆك و پاشماوانەی هەیانە بیخەنە بەردەم سەگ نەك بیدەنە یەکێك لە هاوەڵە بەدبەختەکانیان.

پاش ئەوەی پڕ بە سکیان تێردەخۆن، پارەکانیان دەخەنە ناو دەستەسڕێکەوە و حەوت جار گرێی دەدەن و بە ناوکیانەوە دەیبەستن، لەسەر عەرد خۆیان پان دەکەنەوە و نغرۆی خەونی هەلأچە و پەلأچە و خەمناك و مۆتەکە دەبن تێیاندا ڕەوە بەرازی برسی دەبینن بە بەرچاویانەوە تێدەپەڕن، لەگەڵ ژنگەلی ڕەقەڵ و سەگەیلی ئەندام هەنجن هەنجنکراو و تایەی گالیسکە و شەبەنگی چەند قەشەیەك بۆ بەڕێکردنی تەرمێك دەچنە ناو کاتدرائییەکەوە لە پێشەیانەوە پارچەیەك لە مانگ بە ئێسکە لاقێکی ڕەق و تەقەوە هەڵواسراوە. جاروبار لە دەنگی هاواری گێلێکدا لەخەو ڕادەچڵەکن لە (گۆڕەپانی ئارمس)دا ڕێی ون کردبێت، یان لە

دەنگی گریانی ئافرەتێکی کوێر خەون دەبینێت کە مێش لێی ئالاًون، لەکاتێکدا بە مێخێکی گەورەوە هەڵواسراوە وەك چۆن گۆشت لە دوکانی گۆشتفرۆشەکاندا بە بزمارەوە هەڵدەواسرێت، یان لە ترپەی پێی مەفرەزەیەکی پۆلیس بەندییەکی سیاسی ڕادەکێشن و لێی دەدەن، چەند ئافرەتێکیش دوای کەژاوەکە کەوتوون شوێنەواری ئەو خوێنە بە دەستەسڕە بە قیژە و واوەیلێ ژەسنراوەکانیان دەسڕنەوە، یان لە پرخەی نەخۆشێك گەڕبووبێت، یان لە هەناسەبڕکێی ئافرەتە دەرۆزەکەرێکی کەڕولاڵی دووگیان لە ترساندات دەگریت، چونکە هەست دەکات منداڵێك لەناو سکیدا دەجووڵێتەوە. بەلاًم هاواری گێلەکە خەمورووژێنەرترین شت بوو. هاوارێکە دەگاتە کەشکەشەی ئاسمان. هاوارێکی درێژە پەردە لە ڕووی نهێنییەکان لادەدات و هیچ ڕیتمێکی مرۆیی تێدا نییە.

ڕۆژانی یەکشەمموان، سەرخۆشێك لەم گرووپە سەیرە پەیدادەبوو، لە خەوندا ڕاهاتبوو وەك منداڵی بچووك دەگریا و بانگی دایکی دەکرد. گێلەکەیش کاتێك گوێی لە وشەی (دایکە) دەبوو لە شێوەی پەڵپە گریان و جنێوەوە لە زاری سەرخۆشەکە دەهاتەدەرەوە، لە شوێنی خۆی ڕاستدەبووەوە و ئاوڕی دەدایەوە و سەیری هەموو لایەکی بەردەمی خۆی لە دالاًنەکەدا دەکرد، پاش ئەوەی تەواو لە خەو هەڵدەستا و بە هاوارەکانی هاوەڵەکانی خۆی بێداردەکردەوە، لە ترساندا دەگریا و بەشداری فیغانی سەرخۆشەکەی دەکرد.

سەگەکان دەوەڕن، دەنگی سەیرو نامۆ بەرگوێ دەکەون. چەقاوەسووەکان لە خەو هەڵدەستن تا هەراو هوریاکە زیاتر بکەن، چونکە ئەوان داوادەکەن بێ دەنگ بن، ئەگەر بێ دەنگی باڵ بەسەر شوێنەکەدا نەکێشێت ئەو کات پۆلیس دێت. بەلاًم پۆلیس هیچ گوێی بە دەرۆزەکەران نەدەدا، چونکە هیچ کامێکیان نەیاندەتوانی ئەو سزایە ببژێرن بەسەریاندا دەسەپێنرا. (پێ پانەکە) هاواری دەکرد: (بژی فەرەنسا)، لەکاتی هاوار و جووڵە پێکەنیناوییەکانی گێلەکەدا، کە

لە ئاکامدا بووە جێی گاڵتەپێکردنی دەرۆزەکەرەکان، چونکە ئەو شەلە قوڕمساغە زمان شڕە کە هەندێك شەو هەفتە لە دووی هەفتە لاسایی سەرخۆشەکەی دەکردەوە. بەم شێوەیە پێ پانەکە لاسایی سەرخۆشەکەی دەکردەوە، لە کاتێکدا گێلەکە، کە دەنووست لە مردوو دەچوو، لەگەڵ هەر هاوارێکدا ڕادەچڵەکی بێ ئەوەی ئاوڕ لەو جەستانە بداتەوە لەسەر عەردەکە پان بووبوونەوە و خۆیان بە لێفە و پەتۆ شڕ پێچابووەوە. کاتێك هاوەڵەکانی بەو شێوە شێتایەتییەیان بینیبایە گاڵتەیان پێدەکرد و جنێوی پیسیان پێ دەدا. بە نووستنەوە پلی دەخوارد ئەگەر بهاتبایە و گریان پرزەی لێ ببڕیایە، چاوی لە ڕووی درژی هاوەڵەکانی وەردەسووڕاند، بێ ئەوەی هیچ شتێك ببینێت، بێ ئەوەی هیچ شتێك ببیسێت، بێ ئەوەی هەست بە هیچ شتێك بکات. بەڵام باس و خواسی هەموو شەوێك بوو، ئەوەندەی نەدەبرد خەو بچێتە چاوی، جارێکی دیکە هاواری پێ پانەکە هەڵیدەستاندەوە: (دایە!).

گێلەکە یەك جار چاوی کردەوە، وەك ئەو کەسەی وا دەکات کە خەون ببینێت بە ئاسمانەوە خول دەخوات و دەسووڕێتەوە، هەردوو چاوی زەق و زەقتر کردەوە و خۆی گرمۆڵەکرد، وەك ئەوەی بڵێیت تووشی برینێکی کوشندە هاتبێت، فرمێسك بە چاوانیدا ڕێچکەی بەست. پاش ئەوە، وردە وردە خەوی پێداکەوت دوای ئەوەی خەوەنووتکە زەفەری پێ بردو جەستەی بوو بە هەویرێکی نیشاستە و ترسی نامۆ بە مێشکی ماندوویدا ڕاگوزەری. بەڵام هەرکە خەوی لێ کەوت دەنگێکی دیکەی جیاواز لە خەوی کردەوە، کە هاواری دەکرد: (دایە).

ئەوەیش دەنگی (ڤیۆدا)ی دەرۆزەکەر بوو، کە (خولاسییەك)ی بێ ڕەوشت بوو، کە دوای هەر پێکەنینێك و پێکەنینێکی دیکە پیرەژن ئاسا هاواری دەکرد: (ئەی دایکی بە بەزەیی، ئەی هیواو ئاواتمان، خوا پشت و پەنات بێت. ئێمەی بێ بەش و بێ دەستەڵات لە تۆ دەپاڕێینەوە ...).

گێلەکە بە پێکەنینەوە لە خەو هەستا، پێدەچوو وەك بڵێیت ئەویش بە بەدبەختی و برسێتی خۆی پێ بکەنێت تا فرمێسك لە هەردوو چاوی بازرەقەدەبەستێت. لە کاتێکدا دەرۆزەکەرەکان پێدەکەنن و لە قاقادەدەن. پێکەنینەکانیان و ... قا ... قا ...کانیان، پیاوێکی قەڵەو، کە هەردوو سمێڵی لە مەرەگەی سەوزە نابوو، ئەوەند پێکەنی تا هەناسەی لێ بڕا، لە کاتێکدا یەکێکیان کە تاك چاو بوو نەیتوانی مێز ڕاگرێت و چوون تەگە سەری خۆی بە دیوارەکەدا دەکێشا؛ هەرچی کوێرەکان بوون ئەوە سکالآیان بوو، کە ناتوانن لەم هەراو هوریایەدا بنوون، هەروەها ئەو دەرۆزەکەرەی بە (مێش) بانگی دەکەن، کە گوتی تەنیا منداڵبازەکان حەزیان بەو جۆرە کەش و هەوایەیە.

کەس ئاوڕی لە ناڕەزایی دەربڕینەکانی گوێرەکان نەدایەوە. هەرچی تێبینی (مێش)ـەکەیە ئەوە کەس هەر نەیبیست. کێ گوێ بەو قسە قۆڕانەی ئەو دەدات ... (من کە تەمەنی منداڵیم لە سەربازگەی تۆپخانە بەسەربردووە، پێلەقەی هێستر و شەقی ئەفسەرەکان کردوومی بە پیاو، پیاوێك دەتوانێت چوون ئەسپ کاربکات، ئەوەیش ئەو سوودەی پێگەیاندم کاتێك ناچاربووم ئامێری میوزیکەکە بە شەقامەکاندا ڕاکێشم، من کە بینابیم لە یەکێك لە باڕەکاندا لەدەست دا، نازانم چۆن، لاقی ڕاستیشم لە باڕێکی دیکەدا لەدەست دا، ناشزانم کەی، لاقەکەی دیکەیشم لە ڕووداوێکی دیکەدا بە ئۆتۆمبیل لە دەست دا، نازانم لە کوێ).

لەسەر زمانی دەرۆزەکەرانەوە بەناو دانیشتووانی گەڕەکەکەدا بڵاوبووەوە، کە گێلەکە شێت و هار دەبێت ئەگەر یەکێك لە بەردەمیدا ناوی دایکی بهێنێت. ئەو بەدبەختە بە شەقام و گۆڕەپان و بازاڕەکاندا دەسووڕایەوە و دەکۆشا خۆی لە چنگی ئەو ڕەشە خەڵکە قوتاربکات لێرە و لەوێ هاواریان دەکرد (دایە). وەك بڵێیت نەفرەتێك بێت لە نەفرەتەکانی ئاسمان. خۆی بە ماڵان دەکرد و دەکۆشا خۆی بشارێتەوە، بەڵام هەرکە لە لایەك سەگەیل بەرەو ڕووی دەبوونەوە و قاویان

دەدا، یان لەلایەکی دیکەوە خزمەتکارەکان دەریاندەپەڕاند، بەرەو ڕێگەکە دەگەڕایەوە. لە کلێسە و لە دوکان و لە هەموو شوێنێك وەدەریان دەنا، بێ ئەوەی گوێ بەو ماندووبوونەی بدەن، کە زەفەری لێ سەندبوو، یان گوێ بەو دوو چاوەی بدەن، کە بەبێ هەستکردن دەپاڕانەوە و داوای لێبوردنیان دەکرد.

شارە گەورەکە، کە تا دەهات بە پێی ماندووبوونی ئەو گەورەتر دەبوو، بچووك و بچووکتر دەبووەوە بەرانبەر بەوەی کە هەستی بە نائومێدی دەکرد. شەوانگەلی پڕ لە ترس و تۆقین یەك بە دوای یەکدا دەهاتن پاش ڕۆژگەلێکی پڕ چەوساندنەوە، چونکە کەسانێك ڕاوەدوویان دەنا، تەنیا بەوەوە نەدەوەستان بە ڕوویدا هەڵشاخێن: (ئەی گێلە بچووکەکە دایکت ڕۆژی یەکشەممەی دادێ مێرددەکات... دایکە بەساڵداچووەکەت .. ها ..ها .. ها)، بەڵام لێشیان دەدا و جلەکانیشیان شڕوهوڕ دەکرد. کاتێکیش منداڵەکان ڕاوەدوویان دەنا پەنای بەر گەڕەکە نەدارەکان دەبرد.. بەڵام چارەنووسی لەو شوێنانەیش لەوە خراپتر نەبوو. لەوێ خەڵکی ژیانێکی کولەمەرگییان دەگوزەراند، بەوەوە نەوەستان هەر ڕیسوای بکەن، بەڵام بەرد و مشکە تۆپیو و قوتووە بەتاڵیان تێدەگرت، لە کاتێکدا بە ترس و لەرزەوە بە بەردەمیاندا تێی دەتەقاند و هەرای دەکرد.

ڕۆژێکیان، لە پیاسەی دەوروبەر بۆ (داڵانی خوداوەند) گەڕایەوە، ئەو کاتەی زەنگی نوێژی نیوەڕۆ لێی دەدا، ئەوکاتە سەری ڕووت و لاجانگی برینداربووبوو، کلکە پشیلەیەکی بە دووی خۆیدا ڕادەکێشا بۆ گاڵتەپێکردن بە لاقیانەوە گرێدابوو. هەموو شتێك ترس و تۆقینی دەخستە دڵییەوە. سێبەری دیوارەکان، ئەو سەگانەی بەو ناوەدا دەڕۆیشتن، ئەو گەڵایانەی لە درەختەکان بەردەبوونەوە، وڕە وڕی تایەی ئۆتۆمبیلەکان. کاتێك گەیشتە داڵانەکە، تاریکی داهاتبوو، دەرۆزەکەرەکانیش دانیشتبوون و ڕوویان لە دیوارەکەبوو دەستکەوتەکانیان دەژمارد. (پێ پان)ـەکە لەگەڵ (مێش)ـەکەدا شەڕیان بوو، لە کاتێکدا ئافرەتە

کەرو لالّەکە دەستی بە سکە ئاوساوەکەیدا دەهێنا، ئافرەتە کوێرەکەیش لە خەونەکانیدا بە مێخەکەوە بەستراوەتەوە و مێش لێی والّیون وەك بلّێیت پارچە گۆشتێکە و لە فرۆشگەی گۆشتفرۆشدایە. گێلەکە بەربووەوە و کەوتە سەر عەرد وەك بلّێیت مردبێت. چەند شەوێکە چاوی نەنوقاندووە، پێیەکانیشی چەند ڕۆژێکە شەکەتییان دەرنەچووە. دەرۆزەکەرەکان بێ دەنگ شوێن قەپی ئەسپێکانیان دەخوراند. بەلاّم نەیاندەتوانی بنوون. گوێیان لە ترپەی پێی پۆلیسەکان دەگرت لێرەو لەوێ بە گۆڕەپانەکەدا دەهاتن و دەچوون، کە تاریکی بالّی بەسەرداکێشاوە، لەگەلّ دەنگی پیاوانی مەفرەزەکاندا کە چەکەکانیان ئالّوگۆڕ دەکرد لە ئامادەباشیدا ڕادەوەستان وەك بلّێیت لەناو بالاّپۆشە هێلّدارەکانیاندا مۆتەکە بن و لەبەردەم پەنجەرەکانی سەربازگەکانی ئەو تەنیشتانەوە ڕاوەستابن، کە نۆرەی پاسەوانیی شەوانەی خۆیان لە خزمەتی سەرۆك کۆماردا جێبەجێدەکرد. کەس نەیدەزانی لە کوێیە، هاوکات نیشتەجێی چەند خانووێکی دەرەوەی شار بوو، کەسیش نەیدەزانی چۆن دەنوێت، هەندێك دەیانگوت لە تەنیشت تەلەفۆنەوە دەنوێت و قامچییەکی بە دەستەوەیە، کەسیش نەیدەزانی چ کاتێك دەنوێت، چونکە هاوەلّ و دۆستەکانی دەیانگوت هەرگیز نانوێت.

تارمایی کەسێك لە (دالاّنی خوداوەند) نێزیك بووەوە. دەرۆزەکەران چوون کرم گرمۆلّەیان کرد. قیڕەی بالّندەیەکی شووم لە تاریکی و نووتەکی شەوەکەدا بەرسڤی جیڕەی پێلاّوە سەربازییەکانی دایەوە.

پێ پانەکە هەردوو چاوی کردنەوە. مەترسییەکی بەرجەستە هەبوو هەڕەشەی کۆتایی هاتنی جیهانی دەکرد. بە کوندەپەپووەکەی گوت: (ها...ها...هەرچیت لە دەست دێت درێغی مەکە. من نە بە چاکە و نە بە خراپە هەقم بەسەرتەوە نییە، بەلاّم لەگەلّ ئەوەیشدا بڕۆ ملت بشکێنە).

(مێشەکە)یش دەستی بەسەر دەم و چاویدا هێنا. هەواکە زۆر قورس بوو وەك بڵێیت، کە خەریکە عەردهەژێنێك ڕوویدات. (ڤیۆدا)یش لەناو کوێرەکاندا دانیشتبوو و نیشانەی خاچی کێشا. تەنیا گێلەکە نەبێت کە سەرخەوێکی قووڵی دەشکاند.

تارماییەکە ڕاوەستاو، زەردەخەنەیەك کەوتە سەر لێوی. لەسەر نووکی پەنجەکانی بەرەو لای گێلەکە ڕۆیشت، پاشان بە ڕیتمێکی گاڵتەئامێزەوە هاواری کرد: (دایە). پاشان هیچ ورتەیەکی لە زاردەرنەهات. ئەوەبوو بە هۆی ئەو هاوارەوە گێلەکە لە عەرد ڕاست بووەوە و هەڵیکوتایە سەر تارماییەکە و هیچ هەلێکی بۆ نەهێشتەوە چەکەکەی خۆی بەکاربهێنێت و پەنجەکانی لە چاو چەقاند و بە قەپ و گاز لووتی بریندارکرد و بە هەردوو چۆکی ناو سکی بڕی و وازی لێ نەهێنا تا لە پەلوپۆ کەوت و بەربووەوە سەر عەرد.

دەرۆزەکەرەکان لە ترساندا چاویان نوقاند. جارێکی دیکە کوندەپەپووەکە بەسەر شوێنەکەدا فڕی. گێلەکە کە ترس و شێتی کوێریان کردبوو بەو ڕێگایانەدا هەڵات کە تەم و مژ تەنیبوونییەوە. پێش تۆزێك کوێرە هێزێك کۆتایی بەژیانی کۆڵۆنێڵ (خۆزێ پیریالیس سۆنرینتی) هێنا کە بە (پیاوی خودان هێسترە بچووکەکە) دەناسرێت. ئەو پیاوە بوو کە گێلەکە لەکاتی تووڕەبوون و شێت بوونیدا کوشتی.

بەرەبەیان نێزیك دەبووەوە.

(٢)

## مردنی (مێش)

هەتاو بە تیشکە زێڕینەکانی لا دیارەکانی تەلاری بنکەی پۆلیسی ڕووناك کردبووەوە، کە هەندێك خەڵك بە ڕێگەی نیزیك کڵێسەی پرۆتستانتیدا تێدەپەڕین. لێرە و لەوێش دەرگا هەبوون کرابوونەوە، تەلارێکیش لە خشتی سوور هەبوو بیناسازەکان دروستیان دەکرد. لە بنکەکەیش، کۆمەڵە ئافرەتگەلی پێ خواس دانیشتبوون چاوەڕوانی بەندییەکانیان دەکرد، خۆیان لە بن هەیوانەکە پەستابوو چونکە باران بەردەوام بوو و خۆشی نەدەکرد، هەروەها لەسەر سەکۆی هۆڵە تاریکەکان دانیشتبوون، سەبەتەی قاوەڵتییان لە ئامێز بوو، ژمارەیەکی زۆر منداڵیش لە چواردەوریان بوون مژیان بە مەمکیانەوە نابوو، گەورەکانیشیان هەڕەشەیان دەکرد بە زارە برسییە زۆر خۆرەکانیان نانی ناو سەبەتەکان بخۆن کە دیاربوون. ئافرەتەکانیش بە دەنگی نزم کێشە و گرفتەکانی خۆیان بۆ یەکدی دەگێڕایەوە، بەردەوام دەگریان و بە چمکی باڵاپۆشەکانیان چاویان دەسڕی. پیرەژنێکی هەردوو چاو بە قووڵداچوویش هەبوو، مەلاریا هێزی لێ بڕیبوو، بە کوڵ و بێ دەنگ دەگریا، وەك بڵێیت لە هەموویان پتر کێشە و گرفتی هەیە بەوەی کە دایکە. لێرە پێدەچوو لایەنە خراپەکانی ژیان هیچ چارەسەرێکیان

نەبێت، لەو شوێنە نالەبارەی چاوەڕوانیدا، کە هیچ شتێك نییە چاو لەسەری بگیرسێتەوە تەنیا دوو سێ درەختۆکە و ئاوپرژێنێك نەبێت ئاوەکەی وشکی کردووە، لەگەڵ پۆلیسە دەم و چاو ڕەقەڵ و لاوازەکاندا کە یاخەی کراسەکانیان بە تف پاك دەکردەوە. ئافرەتەکان هیچ شتێکیان لەدەست نەدەهات تەنیا ئەوە نەبێت چارەنووسی خۆیان ڕادەستی خوای زاناو بەتوانا بکەن.

پۆلیسێکی دوو ڕەگ (خولاسی = مۆلاتۆ)[1] دەرکەوت (مێش)ـەکەی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا. لە تەنیشت (قوتابخانەی پیادە)وە دەستگیری کردبوو. پۆلیسەکە دەستی بەستبووەوە و بەم لاو بەو لادا ڕایدەوەشاند وەك بڵێیت مەیموون بێت. بەڵام ئافرەتەکەیان ئەوەیان بە شتێکی پێکەنیناوی نەزانی، چونکە سەرقاڵی چاودێریکردنی بەندکارەکان بوون کە سەبەتەی قاوەڵتییەکانیان دەبرد و دەنگوباسی بەندکراوەکانیان بۆ دەهێنانەوە (دەڵێت: لەبارەیەوە نیگەران مەبن، چونکە بە ڕاستی ڕەوشەکە باشتر بووە!) دەڵێت: (دەبێت بایی چوار قرووش هەتوانی جیوەی بۆ بکرن کاتێك فەرماسۆنەکە دەرمانخانەکە دەکاتەوە). (دەڵێت: بڕوا بەو قسانە مەکەن ئامۆزاکەی پێی گوتن). (دەڵێت: بەدوای پارێزەرێك، یان خوێندکارێکی کۆلێژی مافدا بگەڕێن بۆ ئەوەی زۆرتان لەسەر نەکەوێتەوە!). (دەڵێت: شتەکە هەر هەموو ئەوە ناهێنێت، چونکە ئەوان ئافرەتیان لەگەڵ نییە تا هەست بەم جارکێشانە بکەن. ئەو ڕۆژە ئافرەتێکیان هێنابوو، بۆیە یەکسەر بەدوای ئەوەدا گەڕا هاوڕێیەك بۆ خۆی بدۆزێتەوە!). (دەڵێت: دەرمانێکی ڕەوانی بۆ بنێرن تا بتوانێت سکی بەتاڵ بکاتەوە!). (دەڵێت: ئەو لێتان تووڕەیە چونکە دۆلابەکەتان فرۆشتووە).

(میشەکە) ناڕەزایی بەرانبەر ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەی پۆلیسەکە دەربڕی بەرانبەری دەیکات و پێی گوت: (هێی ... بە تۆمە ...ئەوە چی دەکەیت؟. هەست بە هیچ بەزەییەك ناکەیت؟. لەبەرئەوەی من هەژارم؟. من هەژارم بەڵام سەربڵندم.

گوێ بگرە: من کوڕی تۆ نیم، یان بووکەشووشەی تۆ نیم، یان گیانلەبەری کەوی تۆ نیم و هیچ شتێکی تۆ نیم تا بەم شێوەیە هەڵسوکەوتم لەگەڵ بکەیت! یارییەکی سەیرە بەم شێوەیە ڕەفتارمان لەگەڵ بکەن و بەم شێوەیە ڕامانبکێشن بۆ ئەوەی ئەمەریکاییەکان پێتان بڵێن ئافەرین. چ یارییەکی نەگریسانەیە! وەك بڵێیت قەل بین و لەسەر خوانی جەژنی لەدایکبوون دانرابین. بەڵام .. تەنانەت ئەو ڕەفتارە باشەی لە ئێوەی بەدی ناکەین! کاتێك مسیۆ فلان هات، سێ ڕۆژ نانیان پێ نەداین، لە کاتێکدا ئێمە لە پەنجەرەوە سەیرمان دەکردو وەك شێت خۆمان بە پەتۆ پێچابووەوە...).

دەرۆزەکەرە دەستگیرکراوەکانیان دەبردە ژوورێکی تەسکی تاریکی زیندانەوە پێیان دەگوت (سێ ماری). دەنگی کلیلەکان بەرزبووەوە، کە دەرگەکانیان پێ دەکرایەوە لەگەڵ نەفرەتی کارمەندەکانی بەندیخانەکەدا، کە بۆنی گەنیوی ئارەقە و تووتنیان لێ دەهات، پاشان لەم تونێلانەی ژێر عەردەوە هاوارە بڵندەکانی (مێشەکە) بەرزبوونەوە: (ئای، چ پۆلیسێکە،! ئەی مریەمی پیرۆز، چ تەرەسێکە! داواکارم یەسووعی مەسیح لە چنگی ئەمەم بپارێزێت!).

هاوەڵەکانی چوون گیانەوەر دەگریان و دەیاننالاند، ئاوی لووتیان ڕێی دەکردو لە دەستی ئەو تاریکییەی لە هەموو لایەکەوە دەورەی دابوون ئازارو ئەشکەنجە باڵی بەسەریاندا کێشابوو، هەستیان بەوە دەکرد، کە هەرگیز ناتوانن لەم قۆرتی بەندیخانەیە قوتاربن کە تێی کەوتوون، ترس دایگرتن، چونکە زۆر کەس لێرە لە برسی و تینوویەتیدا مردوون: هەستیان دەکرد کە چوون سەگ دەیانخەنە ناو مەنجەڵەوە و لەسەر ئاگر دەیانکولێنن و بۆیاغی ئۆتۆمبیلیان لێ دروست دەکەن، یان سەریان دەبڕن و وەك خواردن پێشکەش بە پۆلیسەکانیان دەکەن. مەزەندەیان دەکرد ئەو دەم و چاوانەی لە بەردەمیاندا بوون دەم و چاوی کەسانێکی گۆشتی مرۆڤخۆرن، چوون چرا ڕووناك بوون، بە تاریکییەکەدا پێش خاوەنەکانیان کەوتوون

و گۆنایان لە دەفەی دوو شان دەچوون. سمێڵیان چوون کاغەزی سیلیکۆنی زیوینی شیکۆلاتە باریك بوو...

لە هەمان ژووردا خوێندکارێك و یاریدەدەرێکی قەشە هەبوون.

ـ گەورەم، لەو بڕوایەدام ئەگەر بە هەڵەدا نەچوبووم تۆ سەرەتا هاتوویت بۆ ئێرە. تۆو من، ئەدی وا نییە؟.

خوێندکارەکە بۆ ئەوە قسەی کرد تا پەتی بێ دەنگی بپچڕێنێت.. بۆ ئەوەی لە هەندێك لەو خەمبارییە قوتاری ببێت، کە هەستی دەکرد گەرووی گرتووە. یاریدەدەری قەشەکە وەڵامی دایەوە و لە تاریکیدا بە دوای دەم و چاوی ئەوەی بەرانبەری دەگەڕا، کە قسەی لەگەڵ دەکرد.

ـ لەو بڕوایەدام.

ـ ...باشە. دەمویست پرسیارت لێ بکەم لەسەر چی گیراویت؟..

ـ بە هۆکاری سیاسی، وەك دەڵێن.

خوێندکارەکە مووچڕکەیەك لە تەوقی سەریەوە هات و لە پەنجەی پێیەوە دەرچوو، زۆری لە خۆی کردو گوتی:

ـ منیش.

دەرۆزەکەرەکان بۆ پریاسکەی خواردنەکەیان ناوقەدی خۆیان دەگەڕان، کە هەرگیز لێیان جودا نەدەبووەوە، بەڵام پاسەوانەکان لە نووسینگەی بەڕێوەبەری پۆلیس هەموو شتێکیان لێ سەندبوون، تەنانەت ئەو شتانەی لە گیرافانیشیاندا بوون، بە شێوەیەك هیچیان پێ نەمابوو بگرە چوکلە شقارتەیەکیش. فەرمانەکان زۆر ڕوون و ئاشکرابوون.

خوێندکارەکە درێژەی بە قسەکانی دا: ئەی کەیسەکەت چییە؟.

ـ هیچ کەیسێکم نییە. من بە فەرمانی سەرەوە لێرەم.

یاریدەدەری قەشەکە کەمێك بۆ دواوە کشایەوە، کاتێك ئەو وشانەی گۆکرد. هەردوو شانی لە دیوارەکە گیرکرد بۆ ئەوەی ئەو کێچانە بکوژێت پێوەی نووسابوون.

ـ ئایە .......بوویت....

یاریدەدەری قەشە بە شێوازێکی وشك گوتی: هیچ! هەرگیز هیچ نەبووبووم!

لەم کاتەدا دەنگی جیڕەی دەرگەکە هات کە لەسەر پشت کرایەوە و دەرۆزەکەرێکی دیکە هاتە ژوورەوە.

پیێ پانەکە کاتێك هاتەژوورەوە هاواری کرد: (بژی فەرەنسا!).

یاریدەدەری قەشەکە گوتی: بە هۆی تاوانێکەوە...

پیێ پانەکە قسەی پیێ بڕی و گوتی:

ـ بژی فەرەنسا!.

ـ (...بەند کرام کە بە ڕێکەوت لە دەستم ڕووی دا. لە جیاتی ئەوەی ڕیکلامێك لەبارەی مەریەمەوە لە قەد دەرگەی ئەو کڵێسەیە لا ببەم، کە کاری تێدا دەکەم، چووم ڕیکلامێکم لەبارەی ئاهەنگی ساڵیادی دایکی جەنابی سەرۆکم لابردبوو.).

خوێندکارەکە ورتە ورتەیەکی کرد لەکاتێکدا یاریدەدەری قەشەکە بە پەنجەکانی فرمێسکەکانی دەسڕی:

ـ بەڵام چۆن زانییان؟.

ـ نازانم. گەوجایەتیم بزری کردم. هەرچۆنێك بێت دەستگیریان کردم و هێنامیانە لای بەڕێوەبەری بەندیخانە، کە درێغی نەکرد و مستەکۆڵە ئاژنی کردم، پاشان فەرمانی دا، تاك و تەنیا، بمخەنە ناو ئەم ژوورە تەنگ و تاریکەوە، بەوەی کە شۆڕشگێڕم، وەك دەڵێت.

دەرۆزەکەرەکان کە لە تاریکاییەکەدا گردبووبوونەوە لە ترسان و لە سەرماو لە برسییەتیدا دەستیان بە گریان کرد. هیچ کامیان تەنانەت دەستی خۆیشیان نەدەبینی، هەندێك جار پەنایان بەر متبوون دەبرد، ئەو کاتە دەنگی هەناسەدانی ئافرەتە کەڕو لاڵ و دووگیانەکە دەبیسترا بە نێوانیاندا تێی دەتەقاندو بە دوای ڕێگەچارەیەکدا بۆ خۆی دەگەڕا.

کەسیان نەیاندەزانی کەی لەو ژێر زەمینەیان دەرهێناون، ڕەنگە ئەوە نیوەشەو رووی دابێت. چونکە لێکۆڵینەوەکە لە تاوانێکی سیاسی دەکۆڵێتەوە وەك پۆلیسێکی کورتە باڵای ڕەنگ زەردی دەم و چاو پڕ لە دەماری، سمێڵ فش، کە سمێڵی شەپڕێوانە بەسەر هەردوو لێوی ئەستووریدا هاتبووە خوارەوەی لووت کەمێك پانی دوو چاوی بە قووڵداچوو پێی گوتن. ئەو پیاوە یەك یەك پرسیاری لە هەر هەموویان کرد، کە تا چ ڕادەیەك ئاگایان لەبەرپرس یان لە بەرپرسانی ئەو تاوانەی (دالآنی خواوەند) هەیە، کە شەوی ڕابوردوو بەرانبەر بە یەکێك لە پایەبەرزانی سوپا کرا.

چرایەك لەوێ بوو دووکەڵی لێ بەرز دەبووەوە، ئەو ژوورەی ڕووناك دەکردەوە تێیان گوێزاونەتەوە. وەك بڵێیت ڕووناکییە کزەکەی بەناو (لینز ـ عەدەسە) ی پڕ لە ئاودا تێدەپەڕێت. ئەوە چییە لێرە ڕوودەدات؟. ئەو دیوارە چییە؟. ئەم ڕەفە پڕ لە چەکانە چییە، کە لە ددانی پڵنگ و فیشەکلغی پۆلیسی پڕ لە فیشەك دژوارترە؟.

بەرسڤەکانی دەرۆزەکەرەکان دەمارەیلی لێکۆڵەرەکە، داواکاری گشتیی سەربازیی ورووژاند، کە لە کورسییەکەی بازی داو هاواری کردو هەردوو چاوە بەردینەکەی لەو دیوی چاویلکە ئەستوورە نوژدارییەکەیەوە کردەوە و بە مستی مستەکۆڵەیەکی بە خوانەکەدا کێشا، کە وەك مێزی نووسین بەکاری دەهێنێت وگوتی: ڕاستیتان لێ وەردەگرم! ئەوانیش هەر یەکە و لە دوای ئەوی دیکە گوتیان

گێلەکە، دەرۆزەکەرەکەی هاوەڵیان تاوانەکەی کردووەو، بە دوورو درێژی وردەکاری تاوانەکەیان باس کرد، کە بە چاوی خۆیان بینیبوویان.

لێکۆڵەرەکە لەلایەکی پەناوە ئاماژەیەکی کرد، پۆلیسەکان، کە لەو دیوی دەرگەکەوە کۆڵیان کردبوو و گوێیان دەگرت، هێرشیان کردە سەر دەرۆزەکەرەکان و دەستیان بە لێدانیان کرد و بەرەو هۆڵێکی چۆڵ پاڵیان پێوەنان، کە تەنیا پەتێکی لە بنمیچەکەوە شۆڕبووبووەوە.

یەکەمین ئەشکەنجەدراو هاواری لێ بەرزبووەوە لە هەوڵێکدا بۆ ئەوەی خۆی لەو ئەشکەنجەدانە ڕزگاربکات و ڕاستی بدرکێنێت: گێلەکەیە گەورەم! گێلەکەیە! گێلەکەیە، بە خوا گێلەکەیە! بە ڕاستی گێلەکەیە! گێلەکە! گێلەکە! گێلەکەیە! گێلەکە! گێلەکە، ئەو گێلە! گێلە! گێلەکە، گێلەکە! ئەو گێلە، گێلەکە، ئەو، ئەون ئەو!

ـ ئامۆژگارییان کردوون ئەوها بڵێن. بەڵام ئەم درۆیانە بەسەر مندا تێناپەڕن! ڕاستی یان مەرگ! ئایە دەزانیت، دەبیسیت، بزانە، ئەگەر نازانیت.

دەنگی لێکۆڵەرەکە وەك خوێن ڕژایە گوێی سەرکێشەکەوە، کە بە پەنجەکانی هەڵواسرابوون بێ ئەوەی هەردوو پێی لەسەر عەرد گیربێن و هاواری دەکرد: (گێلەکەیە، گێلەکەیە. بەخوا گێلەکەیە، گێلەکەیە، گێلەکەیە)!

لێکۆڵەرەکە ڕایگەیاند: (درۆیە). پاشان دوای ماوەیەك بێ دەنگی گوتی: (ئەمە درۆیەو، تۆیش درۆزنیت. پێت دەڵێم کێ کۆلۆنێل (خۆزێ پارالیس سۆنرینتی) کوشت. با بزانین ئەگەر دەوێریت نکۆڵی لەوە بکەیت. ئەو کات ناوی هەردووکیان ئاشکرادەکەم، کە ئەوانیش ژەنەراڵ (یۆسبیۆ کانالیس) و پارێزەر ـ قابیل کارفاخال ـ ن)!.

بێ دەنگییەکی سەهۆڵبەندئاسا پاش قسەکانی باڵی بەسەریاندا کێشا، پاشان، ئاه و ناڵە، ئاه و ناڵەیەکی دیکە، دواتر لە کۆتاییدا وشەی (بەڵێ). کاتێك پەتەکەیان بەرەڵاکرد (ڤیۆدا) کەوتە سەر عەرد و جووڵەی لێ بڕا. هەردوو

گۆنای ئەو دەرۆزەکەرە دوو ڕەگە دەتگوت لە ئارەقە و ئاهـ و ناڵەدا نغرۆ بوونە، چوون ئەو خەلووزەی باراناو تەڕی کردبێت. پاش ئەویش نۆرە هاتە سەر لێپرسینەوەی هاوەڵەکانی کە چوون سەگی بەرەڵا دەترسان کاتێك پۆلیس بە ژەهر لەشەقامەکان دەیانکوژن. هەمویان قسەکانی لێکۆڵەریان پەسەندکرد تەنیا (مێشەکە) نەبێت. ڕوخساری تێکەڵییەك لە ترس و بە چاوی سووك سەیرکردنەوەی دەنواند. بە پەنجەکانی هەڵیانواسی چونکە کاتێك لەسەر عەرد بوو، نیوچە نێژراو ـ نێژراو تا نیوەی قەدی وەك ئەوەی بڵێیت لاقی نەبێت ـ دووپاتی دەکردەوە کە هاوەڵەکانی درۆ دەکەن کاتێك بەرپرسیارەتیی تاوانەکە دەخەنە ئەستۆی دوو کەس کە ئەوان نایانناسن، کەچی تەنیا بەرپرسیار گێلەکەیە.

لێکۆڵەرەکە وشەکەی وەرگرت: بەرپرسیار! چۆن دەوێریت بڵێیت کە گێلێك بەرپرسیارە، درۆکەت دەبینیت؟. بەرپرسیارێك بەرپرسیار نییە؟..

ـ با بە خۆی وەڵامی ئەم قسەیە بداتەوە.

پۆلیسێك کە دەنگی لە دەنگی ژن دەچوو پێشنیازی کرد لێی بدەن، کەچی پۆلیسێکی دیکە بەقامچی بە دەم و چاویدا کێشا.

لەو کاتەی بە قامچییەکە لە پیاوە بەساڵداچووەکە دەدرا لێکۆڵەرەکە هاواری کرد: ڕاستی بڵێ! ئەگینا بەم شێوەیە بە هەڵواسراوی بە درێژایی شەو دەمێنێتەوە!

ـ ئەی نابینیت من کوێرم؟..

ـ ڕەتی بکەوە کە بکوژەکە گێلەکە بێت.

ـ نا، ئەوە ڕاستییەکەیە و لە خۆڕا دەبینم بیلێم.

دوو جار لێدان بە قامچییەکە وای کرد خوێن لە هەردوو لێوی فیشقەی کرد...

ـ تۆ کوێریت بەڵام...گوێ بگرە، ڕاستی بڵێ، وەك هاوەڵەکانت دانی پێدا بنێ!

ـ (با وابێت).

(مێشەکە) بە دەنگێکی کز قایل بوو.لێکۆڵەرەکە بڕوای وابوو کە گێمەکەی بردەوە.

ـ ئەی گەوج بەو شێوەیە.

ـ گێلەکەیە...

ـ ئەی گەوج!

بەڵام جنێوەکەی لێکۆڵەر هیچ دەنگدانەوەیەکی لە گوێی ئەم نیوچە گیانەوەرەدا نەبوو کە پاش ئەوە گوێی لە هیچ شتیك نابێت. کاتێك پەتەکانیان کردەوە، تەرمی (مێشەکە) ـ واتە سمتەکە، چونکە جەستەی هەردوو لاقی پێوە نەبووـ چوون بەندۆڵێکی شکاو بەربووەوە و کەوتەسەر عەرد.

لێکۆڵەرەکە بە تەنیشت تەرمەکەدا تێپەڕی و هاواری کرد : (ئەی پیرەمێردی درۆزن، ددان پێدانانەکەت سوودی پێ نەگەیاندین، چونکە کوێر بوویت)!

بە هەڵەداوان ڕایکرد تا هەنگاوە بەراییەکانی لێکۆڵینەوەکە بە جەنابی سەرۆك ڕابگەیەنێت، سواری گالیسکەیەك بوو دوو ئەسپی لاغر ڕایاندەکێشا، هەمان چاوی مەرگ چراکانی ڕووناك دەکردەوە. پۆلیس تەرمی (مێشەکە)ی فڕێ دایە ناو گالیسکەیەکی زبڵەوە و بەرەو لای گۆڕستان دووری خستەوە. کەڵەشێرەکان دەستیان بە قووقە قووق کرد. ئەو دەرۆزەکەرانەی ئازاد کران ڕژانەوە ناو شەقامەکان. ئافرەتە کەڕو لاڵەکە لەترساندا دەگریا چونکە هەستی بە منداڵێك دەکرد لەناو سکیدا دەجووڵایەوە.

(٣)

## گێلەکە هەڵات

گێلەکە بە ڕێگە پێچاوپێچە تەسکەکاندا هەڵات، کە دەچنەوە دەوروبەری شار، بەڵام هاوارە یەك لە دوای یەکەکانی نەیانتوانی هێووری ئاسمان و متبوونی دانیشتووان بشێوێنن، کە هەموویان لە نووستنەکەیاندا لەیەك دەچن، کە لە مردن دەچێت، وەك جیاوازییان لەکاتی خۆرکەوتندا کاتێك لە پێناوی ژیاندا دەست بە بەرخودان دەکەنەوە. هەندێکیان پێویستیان بە پێویستترین داخوازییە سەرەکییەکانی گوزەران هەبوو، ناچار دەبوون پەنا بەر ئیشی قورس ببەن بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانی ڕۆژانەیان دابین بکەن، لە کاتێکدا هەندێکی دیکەیان بە هۆی داهاتی تەمبەڵیی بەختەوەرانەوە شتی زیاد لە پێداویستیی خۆیان دەست دەکەوێت: بەوەی لە هەڤاڵانی جەنابی سەرۆکن، یان لە خاوەن خانووەکانن (چل یاخۆ پەنجا خانووی هەیە)، یان لە سووخۆرەکانن، ئەوانەی پارە بە قازانجی شەش و شەش و نیو و دە لە سەد بە قەرد دەدەن، یان ئەو فەرمانبەرانەی هاوکات حەوت یان هەشت پلە و پایەی جۆراوجۆری حکوومییان هەیە، یان ئەوانەی سوود لە ئیمیتاز و مووچە و بڕوانامەی پیشەیی و یانەی قومارکردن و گۆڕەپانی شەڕە کەڵەشێر و هیندستانییە هەژارەکان و کارگەی شەراب و خانووی لەش فرۆشەکان و بارِو ئەو ڕۆژنامانە وەردەگرن کە لەلایەن حکوومەتەوە یارمەتی وەردەگرن.

تیشکە سوورەکانی هەتاوی بەرەبەیان لووتکەی چیاکانی چواردەوری شاریان تەنیبووەوە، ئەو شارەی لەناو شیوەکەدا ڕاکشابوو، کە لە ڕووی ڕەحەتی دەچوو. شەقامەکان لە تونێلی سێبەر دەچوون، کرێکارەکانیان تێدا دەردەپۆقی، کە زوو دەچوونە سەر کار، وەك بڵێیت تارمایی ناو بۆشایی جیهانێك بن هەموو بەیانیانێك سەرلەنوێ دەخولقێنرایەوە، پاش چەند کاتژمێرێك فەرمانبەران و نووسەران و قوتابیانیش بە دوایاندا دێن و، لە کاتژمێر یازدەیش، کاتێك هەتاو دەگاتە ناوجەرگەی ئاسمان، پیاو ماقوولان و گەورە پیاوانی نەتەوە دەردەکەون پاش ئەوەی لە قاوەڵتییەکانیان دەبنەوە، ئەشتیهایان بۆ خواردنی نیوەڕۆ دەکرێتەوە، یان دەچن سەر لە هاوەڵێك دەدەن لەوانەی دەستەڵات بەدەستن، بۆ ئەوەی قایلی بکەن بەشدارییان لەگەڵدا بکات و پێکەوە مووچە دواکەوتووەکانی مامۆستا نەدارەکان بە نیوە قیمەت بکڕن. هێشتە شەقامەکان نغرۆی سێبەر بوون، کاتێك سرپەی تەنوورەی هەندێك لە ئافرەتان بێ دەنگی ئەو شەقامانەی شکاند لەوانەی بێ پشوودان و ماندووبوون لە بواری بەراز لەوەڕاندن یان شیرفرۆشتن یان وردەواڵە فرۆشتن کاردەکەن، یان پاشماوەی گیانلەبەرە سەربڕاوەکان دەفرۆشن بۆ ئەوەی بژێو بۆ خاوخێزانەکانیان پەیدا بکەن، یان زوو لەخەو هەڵدەستن و دەچن کاری ڕۆژانەیان ڕاپەڕێنن. پاشان کاتێك ڕووناکی کز دەبێت و دەبێتە ڕووناکییەکی سپی ئاڵ وەك ڕەنگی گوڵی بیگۆنیا، ترپەی پێی کچە کرێکارێکی ڕەقەڵە بەرگوێ دەکەوێت، کە ئەو خاتوونە میهرەبانانە ڕقیان لێ دەبێتەوە، ئەوانەی تا هەتاو نەگاتە ناوەڕاستی ئاسمان لە خەو هەڵناستن و نوێنەکانیان بەجێ ناهێڵن، ئەو کات لاق لەبەردەم دالانی ماڵەکانیاندا درێژ دەکەن و خەونەکانیان بۆ کارەکەرەکان دەگێڕنەوەو ڕەخنە لە ڕێبوارەکان دەگرن و یاری لەگەڵ پشیلەدا دەکەن، پاشان ڕۆژنامە دەخوێننەوە، یان لەبەردەم ئاوێنەدا ڕادەوەستن و بیریان لای خۆیان نامێنێت.

گێلەکە نیوچە خەوالّوو هەر هەڕای دەکردو سەگەیل ڕاویان دەنا و دلّۆپە بارانی توندیش چزەی لە گیانی هەلّدەستاند. بێ ئامانج ڕایدەکرد، زاری کردبووەوەو زمانی شۆڕ بووبووەوە، لیکی لە دەو دەهاتە دەرێ، هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو، هەردوو بالّی بە هەوادا ڕادەوەشاند. چەندین دەرگاو پەنجەرەو دەرگاو پەنجەرەو دەرگاو پەنجەرەی لە دووی یەکدی دەکرانەوە. لەناکاو ڕادەوەستاو بە هەردوو دەستی دەم و چاوی دادەپۆشی بۆ ئەوەی خۆی لە تیرێك لە تیرەکانی برووسك بپارێزێت، پاشان بۆی دەردەکەوت کە زیانی پێ ناگەیەنن بۆیە لە قاقای پێکەنینی دەداو درێژەی بە ڕاکردنەکەی دەدا، وەك بلّێیت مرۆڤێك بێت لە بەندیخانەیەك هەلّدێت دیوارەکانی لە تەم دروست کرابن، بە شێوەیەك هەرکە زۆرتر ڕابکات، ئەو دیوارانەی لێ دووردەکەونەوە.

کاتێك گەیشتە دەوروبەری شار، لەو شوێنەی شار خۆی بە دەستی لادێکانی دەوروبەریەوە دەدات، خۆی فڕێ دایە سەر کۆمەلّە پاشەرۆکێك وەك بلّێیت کەسێك بێت و ئاکام بە جێ نوێنی خۆی گەیشتبێت، ئیدی خەوی لێ کەوت. لەسەرووی پاشەرۆکەکانەوە تۆڕێکی جالّجالّوکەی لق و پۆپی درەختی وشکەوەبوو هەبوو، کۆمەلّێك دالّیان بەسەرەوە بوو. کاتێك ئەو بالّندە گۆشتخۆرە ڕەشانە گێلەیان بینی لەوێ بێ جوولّە لێی کەوتووە، بە چاوە شینەکانیان سەیریان کردو لە عەرد لە تەنیشتییەوە نیشتنەوەو بەرەو تەنیشتی بازیان دەدا ـ لێرە بازێك و لەوێ بازێك ـ لە سەمایەکی پرسە ئاسادا. دالّەکان بەردەوام ئاوڕی دەورو بەری خۆیان دەدایەوەو ئامادەبوون بەرانبەر بە هەر جوولّەیەك لە گەلّا درەختێکەوە بێت یان لەو بایەوە بێت کە بە ڕووی پاشەرۆکەکەیدا دەدا ـ لێرە بازێك و لەوێ بازێك ـ پاشان لە شێوەی بازنەیەك چواردەوری گێلەیان دا تا ڕادەیەك دەنووکیان پێی دەگەیشت. قیڕەیەکی دڕندانە فەرمانی دا هێرشەکە دەستی پێ بکرێت. گێلەکە کە بە ئاگاهاتەوە یەکسەر لەسەر هەردوو پێ ڕاوەستاو خۆی بۆ بەرگری لەخۆکردن

ئامادەکرد. یەکێك لەو باڵندانە ورەی دایە بەر خۆی و دەنووکی لە لێوی سەرەوەی گێلە گیرکردو پەیتا پەیتا دەنووکی لێ دەداو لە لێویەوە دەگەیشتە ددانەکانی وەك بلێیت تیرێکی تیژە، لەکاتێکدا باڵندە گۆشتخۆرەکانی دیکە لەسەر ئەوە شەڕیان بوو کامێان دەنووك لە هەردوو چاوی بسرەوێنێت و کامیان دەنووك لە دڵی بسرەوێنێت. ئەو باڵندەیەی دەنووکی لە هەردوو لێوی گیرکردبوو دەکۆشا گۆشتەکەی لێ بکاتەوە، گوێی لەوە نەبوو کە نێچیرەکەی مرۆڤێکی زیندووە، لەو کارەیشیدا سەردەکەوت ئەگەر گێلەکە یەك هەنگاو پاشەکشەی نەکردبایە، کاتێك کەوتە ناو قۆرتی زبڵدانەکەوەو تەپ و تۆزێکی زۆری لە دەوری خۆی نایەوەو بەردی زلیشی لەگەڵ غلۆر بوونەوە.

❊❊❊

تاریکایی دادەهات. ئاسمانێکی کەسك و، لادێیەکی سەوز، لە سەربازگەکاندا، شاور لێی دەدا و دەمژمێر شەشی ڕادەگەیاند، ئەو دەنگانەی دەدایەوە لەو نیگەرانییە دەچوون خێڵێك هەستی پێ بکەن لە باری نائاساییدا بێت، یان گوندێکی گەمارۆدراوی سەدەکانی ناوەڕاست. لە بەندیخانەکانیشدا، ئازارو ئەشکەنجەی ئەو دیلانەی بە درێژایی ساڵان لەسەرخۆ دەمردن سەرلەنوێ سەریان هەڵدەدایەوە. ئاسۆ سەرە بچووکەکانی خۆی لە شەقامەکانی شار کێشایەوە، وەك بلێیت ئەژدیهایەکی هەزار سەر بێت. خەڵك لە دیداری سەرۆك کۆمار دەهاتنەوە، هەندێکیان لە کۆششەکانیاندا سەرکەوتنیان بەدەست هێنابوو، هەندێکی دیکەشیان نائومید بوون، ئەو ڕووناکییانەی لە پەنجەری قومارخانەکانەوە دزەیان دەکرد، ناوجەرگەی تاریکییان دەبڕی.

گێلەکە هێشتە زۆرانی لەگەڵ تارمایی ئەو داڵەدا دەگرت کە هێشتە هەستی بەوە دەکرد خەریکە هێرشی دێنێتە سەر، ژانی ئەو لاقەی کە شکا کاتێك کەوتە

ناو قۆرتی زبڵدانەکەوە، ژانێکە مرۆڤ بەرگەی ناگرێت، تاریکە، لە ناخەوە هەنجن هەنجنی دەکرد. بە درێژایی شەو چوون سەگێکی بریندار ئاه و ناڵەی بوو. ئاه و ناڵەیەك سەرەتا لەسەرخۆ بوو پاشان بوو بە هات و هاوار، جارێك کپ و لەسەرخۆ بوو، جارێکی دیکە هاوارو بە دەنگی بەرزبوو:

ـ ئائائائائا ....ه، .... ئائائائا ....ه!)

نقورچکە ئاسنینەکانی لەرزو تا لە تەوێڵی دەچەقین. بیرو هزری پچڕ پچڕ. جیهانێکی هەورازو نشێو لە خەونەکانیدا دەبینی. جیاوازییەکی ئەفسانەیی. شەپۆلێکی وڕینە، باڵگرتنەوەیەکی تۆقێنەر، ئاسۆیی، ئەستوونی، چەوت، وڕینەیکی تازە لەدایکبوون و مردنی مارپێچی. ئاکام لەناو وڕینەی لەرزو تادا نغرۆبوو.

وەرچەرخانوەرچەرخانوەرچەرخان بەرەو وەرچەرخانوەرچەرخانوەرچەرخان بەرەو وەرچەرخانوەرچەرخانوەرچەرخان بەرەو ژنەکەی لووت (ئایە وێ بوو لۆتاری داهێنا؟.) ئەو هێسترانەی کە (ترام)ـەکەیان ڕادەکێشا دەبوونە ژنەکەی لووت، هەردوو شوفێرەکە بە دەستی ڕاوەستان و نەجووڵانیانەوە دەیاننالاند، بەوەشەوە نەوەستان کە هەردوو قامچییەکانیان لەسەر پشتی هێسترەکان شکاندو بەردیان تێدەگرتن، بگرە داوایان لە سەرنشینەکانیش کرد چەکەکانی خۆیان بەکاربهێنن، پایەبەرزترین کەسیان خەنجەریان پێ بوو، نەقیزەی هێسترەکانیان پێ دەدا ئەوانیش دەڕۆیشتن ....

ـ ئائائائا ...ه، ...ئائائا ....!).

ـ (ئەی گێل .... ئەی گێل).

چەقۆتیژکەرەکە ددانەکانی تیژدەکرد بەرلەوەی بزەی بێتێ! بزە تیژکەرەکان. ددانەکانی چەقۆتیژکەر.

ـ (دایە).

هاواری سەرخۆشەکە هەڵیستاند کە لە کاتی وڕینەکەیدا بەر گوێی کەوت.

ـ (دایە).

مانگ لەناو هەروە ئەسفەنجییەکاندا جوان دەدرەوشایەوە، ڕووناکییە سپییەکە کەوتە سەر گەڵا شێدارەکان و بریسکانەوەی گۆزەو بێ جووڵەیی گۆزەی پێ بەخشین.

ـ (ئەوان ....هەڵگرتووە)

ـ (ئەوان ....هەڵگرتووە)

ـ ئەوان پیاوە پیرۆزەکانیان لە کڵێسە هەڵگرتووە بۆ ئەوەی بیاننێژن! ئای، چەند خۆشە! دەیاننێژن، دیاننێژن، ئای، چەند خۆشە!

گۆڕستانەکان لە شار خۆشترو پاکژترن! ئای چەند خۆشە، دەیاننێژن!

ـ (تارارا، تارارا، بووم!).

لەو وڕینەیەیدا بەردەوام بوو، خۆی بینی بەناو دژوارییەکاندا ڕێ دووشەق دەکات، لە گڕکانێکەوە بازی دەدایە نێو گڕکانێکی دیکەوە، لە ئەستێرەیەکەوە بۆ ئەستێرەیەکی دیکە، لە ئاسمانێکەوە بۆ ئاسمانێکی دیکە، نیوە بێدارو نیوە نوستوو، لەناو گەورە زارو بچووکە زاردا. بە ددان و بەبێ ددان.، بە لێوو، بەبێ لێو، بە جووتە لێو، بە سمێڵ، بە جووتە زمان، بە سێ زمان، هاواری دەکرد: (دایە، دایە، دایە!).

تووت، تووت! سواری شەمەندەفەرە ناوخۆییەکە بوو بۆ ئەوەی بە خێراترین کات لە شارەکەوە دوور بکەوێتەوەو بگاتە چیاکان، چونکە چیاکان بەرە بڵندی بەرەو گڕکانەکان پاڵێکی پێوە دەنێن، لەودیوی تاوەری بێ تەلەکانەوە، لەودیوی دوورگەکانەوە، لەودیوی سەنگەری تۆپخانەوە، ئەو پەپکەی بەسەربازان ئاخێنراوە.

بەڵام شەمەندەفەرەکە بۆ ئەو شوێنە گەڕایەوە لێوەی هاتبوو، وەك بڵێیت یارییەك بێت بە پەتێکەوە هەڵواسرابێت، کاتێکیش گەیشت : (چوف، چوف، چوف)، کیژێکی میوەفرۆشی هەناسەسوار هەبوو، قژەکەی، لە توولی ئەو پەڵکە دەچوو سەبەتەکەی لێ دروست کرابوو، لە وێستگەکە چاوەڕێی دەکرد، بانگی لێ کرد: (ئەی بیبیمەتووی بچووك، هەندێك نان بۆ گێلە؟. ئاو بۆ گێلە، ئاو بۆ گێلە؟.). بەرەو لای (دالانی خواوەند) ڕۆیشت و کیژە میوە فرۆشەکە ڕاوی دەناو

بە کوولەکەیەکی پڕ ئاو هەڕەشەی لێ دەکرد، بەڵام کاتێك گێلە گەیشتە ئەوێ، هاواری (دایە!) دەنگی دایەوە: بازێك، پیاو، شەو، ململانێ، مردن، خوێن، ڕاکردن، گێل ...(ئاو بۆ گێلە، بیبیمەتووی بچووك، ئاو بۆ گێلە!).

ئەو ژانەی لە لاقی هەستی پێ دەکرد بێداری کردەوە، هەستی کرد بزرگەیەك لەناو ئێسکەکانیدا هەیە. لەبەر ڕووناکی ڕۆژدا خەمباری بە هەردوو چاویەوە دەردەکەوت. چەند کەپرۆکەیەك لەوێ هەبوون گوڵی جوان جوان داپیۆشیبوون ڕێیان دا لە سێبەرەکانیاندا بنوێت لە تەنیشت کانییە ئاوێکی ساردەوە کلکە بە کەرێ داپۆشراوەکەی خۆی دەجووڵاندەوە وەك بڵێیت سمۆرەیەکی ڕەنگ زیوین لەوێیە خۆی لەناو قەوزەو گیاکانیدا شاردۆتەوە.

کەس نییە. کەس نییە.

جارێکی دیکە گێلەکە پەنای بەر شەوی هەردوو چاوە نوقاوەکەی بردەوەو کۆشا بەرەنگاری ژانەکە ببێتەوە، هەوڵی دەدا لاقە شکاوەکەی بە شێوەیەك دانێت ئازاری پێ نەگەیەنێت، لە کاتێکدا بە هەردوو دەستی لێوە برینداەرکەی توند گرتبوو. بەڵام هەرکە هەردوو پێڵووە سووتێنراوەکەی دەکردەوە چەند ئاسمانێکی سووری چوون خوێن بەسەریدا بازرەقەیان دەبەست و تێدەپەڕین. لە نێوان ڕووناکی و بریسکەی بروسکەکانیشدا، تارمایی کرمەکان بووبوونە پەپوولەو بە بەردەمیدا ڕایاندەکرد.

پشتی بۆ زەنگی وریاکردنەوەی وڕینە وەرچەرخاند. بەفر بۆ ئەوانەی لەگیانەڵادان! بەفرفرۆشەکە قوربانیی مەرگی پیرۆز دەفرۆشێت! قەشەکە بەفر دەفرۆشێت! بەفر بۆ ئەوانەی لەگیانەڵادان! تلیلین، تلیلین! بەفر بۆ ئەوانەی لەگیانەڵادان! قوربانی مەرگی پیرۆز تێدەپەڕێت! بەفرفرۆشەکە تێدەپەڕێت! بۆ ڕێزلێنان شەپقەکە داکەنە، ئەی کەڕی لیك بە زاردا شۆڕەوەبوو! بەفر بۆ ئەوانەی لە گیانەڵادان!

(٤)

## فریشته ڕوو

گێلەکە، لەناو زبڵدانەکە، کە تێی کەوتبوو، هەر خەونی دەبینی، بە گەڵای درەخت و، پارچە پێست و، شڕو شیتاڵ و، چەترە شکاوو، لێواری شەپقەی لە پووش دروست کراوو، پاشەرۆکی وردە ئاسن و، پارچە گۆزە شکاو، سندووقە کارتۆن و کتێبە دڕاو، شووشە شکاو، پێڵاوە کۆن کە هەتاو سووتاندوونی، یاخەی کراس و، توێکڵە هێلکە و پارچە لۆکە و پاشماوەی خواردن داپۆشرابوو. ئێستە خۆی لەناو گۆڕەپانێکی گەورەدا بینییەوە، چەند دەمامکێك دەوریان داوە، کە خێرا دەرکەوت دەم و چاوی کەسانێکن سەرقاڵی سەیرکردنی شەڕە کەڵەشێرن. شەڕ لە نێوان هەردوو کەڵەشێرەکەدا دەستی پێ کرد، وەك ئەو کاغەزانەی لەناو ئاگردا گڕیان تێبەردەبێت. یەکێك لە کەڵەشێرەکان بێ ئێش و ژان بە بەرچاوی متبووی سەیرکەرانەوە گیانی دەرچوو، شادومان بوون کاتێك دەنووکە خوێناوییە نووك چەوتەکەیان بینی هاتە دەرەوە. کەشێك بوو بۆنی (مەی)ی لێ دەهات. تفەکان لە ڕەنگی تەماکۆ دەچوون. ڕیخۆڵە و ناوسکی کەڵەشێرە مردارەوەبووەکە. شەکەتییەکی دڕندەییانە. متبوون. بێ هێزی. پاش نیوەڕۆیەکی گەرم. گێلە لە

خەونیدا کەسێك بەسەر پەنجە بەلایدا تێدەپەڕێت، بۆ ئەوەی لە خەوی هەڵنەسێنێت....

ئەوەیش دایکی گێلەکە بوو، کە بووبووە یاری یەکێك لە قوڕمساغەکان، کە خاوەنی کەڵەشێری شەڕکردن بوو، بە پەنجەگەلی چوون بەرد گیتاری دەژەنی. دایکەکە بووبووە قوربانیی هەستی خانەگومانیی ئەو پیاوەو خراپەکارییەکانی دیکەیشی. ژیانی کولەمەرگانەی بەسەرهاتێك بوو کۆتایی نەدەهات: یاری ئەو بێ باوك و بێ دایکەو، شەهیدی ئەو منداڵە بوو، لەژێر کاریگەریی (ڕاستەوخۆ)ی مانگی گۆڕاودا بووبووی، وەك دایانەکان وتەنی کە لافی ئەوە لێ دەدەن هەموو شتێك دەزانن، لەکاتی ژان گرتنیدا، سەری منداڵە زۆر زلەکەی ـ سەرێکی گەورەی دوو شاخدار چوون مانگ ـ تێکەڵاو بە دەم و چاوی دەماراوی هەموو نەخۆشەکانی دیکەی نەخۆشخانەکەو ئەو دەربڕینانەی ترس و تووڕەیی و، خەم و پەژارەو، ڕشانەوەی خاوەن کەڵەشێرەکان بوو کە سەرخۆش بوو، ئاکامی هەر هەموو ئەوەش ئەو منداڵە گێلەی لێ کەوتەوە.

گێلەکە، لە گەڵ ئەو باو گەلای درەختانەیشدا، گوێی لە سرپەی تەنورەکەی بوو، بە دوایدا ڕایکردو فرمێسك لە هەردوو چاویدا قەتیس مابوو. لەسەر سینگی دایکی هەستی بە ئارامی کرد. ئامێزی ئەو کەسەی هێنایە ناو ژیانەوە ژان و ئازاری برینەکەی چوون کاغەزی تەنك هەڵمژی... ئای چ داڵدەیەکی قووڵە هیچ شتێك کپییەکەی ناشڵەژێنێت! ئای چ خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەرە! ئەی گوڵەکەم! ئەی گوڵ! ئەی گوڵە خۆشەویستەکەم! ئەی گوڵە خۆشەویستەکەم!

خاوەن کەڵەشێرەکە دەمی بە گوێوەی دەنا و لەسەرخۆ گۆرانی دەچڕی:

بۆ نا ... بۆ نا ...

بۆ نا ... خۆشەویستە بچکۆلەکەم

من کەڵەشێرە بچووکەکەم ....

ئەی بچووکم کاتێك هەردوو قاچم بەرز دەکەمەوە
ئەی بچووکم باڵەکانم ڕادەکێشم!
گێلە سەری بەرز کردەوە، بێ ئەوەی قسە بکات گوتی:
ـ دایە داوای لێبوردن دەکەم، داوای لێبوردن دەکەم!
شەبەنگەکە کە بە سۆزەوە دەستی بەسەر دەم و چاویدا هێنا وەڵامی سکاڵاکەی دایەوەو گوتی: کوڕم من داوای لێبوردن دەکەم، منە داوای لێبوردن دەکەم!
دەنگی باوکی لە دوورەوە لەناو پەرداخێك مەیەوە بەرگوێ دەکەوت:
بووم بە داوەوە ....
بووم بە داوەوە ...
بووم بە داوی تۆڕی ئافرەتێکی سپی پێستەوە
کاتێك تۆڕەکە باش بێت
داوەکانی بە خۆیان دەپچڕێنەوە
گێلەکە ورتەیەکی لێوە هات:
ـ دایە، ژانەکانم دەگەنە ناخی گیانم!
شەبەنگەکە کە بە سۆزەوە دەستی بەسەر دەم و چاویدا هێنا بە قسەی خۆش وەڵامی سکاڵاکەی دایەوەو گوتی : بەڵێ کوڕم، ژانەکانم دەگەنە ناخی گیانم!
شادومانی ئاگای چێژوەرگرتن لە جەستە نازانێت. لە تەنیشتیانەوە سێبەری دارسنەوبەرێك هەبوو نووشتابووەوە تا ماچی زەوی بکات، چوون ڕووبار فێنك. باڵندەیەك بەسەر درەختەکەوە دەیخوێند، کە هاوکات باڵندەو زەنگێکی زیڕین بوو:
ـ من گوڵم ـ سێوم بۆ پاساری بەهەشت. من ژیانم، نیوەی جەستەم درۆکینەیەو نیوەکەی دیکەی ڕاستی، من گوڵم و سێویشم. چاوێك لە شووشەو چاوێك لە ڕاستی پێشکەش بە هەمووان دەکەم، جا ئەوانەی بە چاوی شووشەیینم شت دەبینن ئەوە شت دەبینن لەبەرئەوەی خەون دەبینن، بەڵام ئەوانەی بە چاوی

ڕاستییەوە دەبینن، ئەوە شت دەبینن چونکە چاوەڕوان دەبن! من گوڵم ـ سێوم بۆ پاساری بەهەشت، من درۆم لە هەموو شتێکی ڕاستیدا و، ڕاستیشم لە هەموو شتێکی درۆکینەدا!

لەناکاو گێلەکە ئامێزی دایکی بەجێ هیشت و ڕایکرد تا کەژاوەی سێرکەکە ببینێت. ئەسپی ڕەشمەو یالّ درێژ دەتگوت لق و پۆپی لەولاوە. ئافرەتگەلێك لێیان دەخوڕین جلوبەرگێکیان لەبەر بوو لە پوولەکدا دەبریسکایەوە. گالیسکەگەلێك بە گولّ ڕازێنرابوونەوە، لافیتەی لە کاغەزی چینی بە قەد دیواری شەقامەکانەوە هەلّواسرابوون چوون سەرخۆش بەلای چەپ و ڕاستدا دەجوولاّنەوە. گرووپێك لە میوزیکژەن و زوڕناژەن وکەمانژەن و دەهۆلّژەن. لێبووکە دەم و چاو بە ئارد سواغ دراوەکانیش بەرنامەکەیان لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگدا دابەش دەکرد، کە کردنەوەی ئاهەنگی تایبەت بەسەرۆك کۆمار، پارێزەری خاکی نیشتمان و سەرۆکی پارتی پیرۆزی ئازادیخوازان و سەرپەرشتیاری زیرەکی لاوانی ڕادەگەیاند..

ئێستە هەردوو چاوی گێلەکە لە خەوە وڕینەکەیدا لە چواردەوری سەربانێکی زۆر بەرز دەخولانەوە. خەلّکی سێرکەکە بە تەنیاو بزر لەناو تەلارێکدا بەجێیان هێشتبوو لەسەر لێواری هەلّدێرێکی قوولّی زۆر کەسك دروست کرابوو. کورسییەکان لە پەردەی ئەم لاو ئەو لاوە شۆڕبووبوونەوە لە پردی هەلّواسراو دەچوون، قەشەکانی ددان پێدانانیش لە زەمینەوە بۆ ئاسمان سەردەکەوتن و دادەبەزین وەك بلّێیت بە خۆیان پێپلەکانەی گیان بن فریشتەی تۆپ زێڕین و ئیبلیسی یازدە هەزار شاخ لەسەری ڕاوەستابن. لە کڕنووشگەیەکی کلّێسەکەوە کیژە راهیبەیەکی کەرملی، وەك چۆن ڕووناکی بە ناو شووشەدا تێدەپەڕێت، لە گۆڕەکەی خۆی هاتە دەرەوە، بۆ ئەوەی لێی بپرسێت چی دەوێت و بە دوای کێدا دەگەڕێت. ڕاوەستاو بە شادییەوە دەستی بە قسەکردن لەگەلّی کرد، خاوەنی ئەم خانووە، باشترین فریشتەیەو، گەوهەری بوونی پیاوە پیرۆزەکان و شیرینەمەنی هەژارە نائومێدەکانە. ئەم ئافرەتە مەزنەیش ئەوەند

کورتە باڵا بوو درێژایی باڵای نەدەگەیشتە یەك مەتر، بەڵام کاتێك دەئاخڤێت مەزەندەیەکی وات لا دروست دەکات کە وەك کەسانی گەورە سەری لە هەموو شتێك دەردەچێت. گێلەکە بە ئاماژە ئاگەداری کردەوە کە چۆن حەزی لەوەیە مۆم بجوێت، بە نیوچە ڕاست و نیوچە گاڵتەجاڕییەوە پێی گوت کە دەتوانێت مۆمێکی داگیرساو لە قوربانگەی کڵێسەکەی ببات. پاش ئەوە چمکی باڵاپۆشە زیوینە شۆڕ و دەڵپەکەی کۆکردەوە و دەستی گرت و بۆ لای حەوزی ماسییە ڕەنگاوڕنگەکانی بردو پەلکەزێڕینێکی دایە تا بیمژێت وەك بڵێیت شیرینی نوقڵ و نەباتە. ئەوە شادومانی تەواوەتییە! هەستی دەکرد لە نووکی زمانییەوە تا پەنجەی پێی هەست بە شادومانی دەکات. شتێك بوو بە درێژایی ژیانی دەستی نەکەوتبوو: پارچە مۆمێك چوون پلاستیك دەیمژێت، نوقڵ و نەباتێکی پوونگەیی و، حەزی ماسیی ڕەنگاوڕەنگ، دایکێکیش لاقە بریندارەکەی دەشێلێت و گۆرانی بۆ دەچڕێت: (زوو چاك ببەوە، ئەی بچووکەکەم زوو چاك ببەوە). هەموو ئەو شتانەی هەبوو کاتێك لەسەر کۆمەڵە زبڵەکان نووستبوو.

بەڵام کامەرانی بەردەوام نابێت وەك چۆن لەگەڵ خۆرکەوتندا دڵۆپە بارانیش دەتوێتەوە. بۆیە لە چوارچێوەی زەوییەکەوە لە ڕەنگی شیر دەچوو، داربڕێك دەرکەوت سەگەکەی دوای کەوتبوو پاش ئەوەی ڕێی بەرەو لای ئەو زبڵدانە بزرکردبوو. باوەشە دارێکی بە کۆڵەوە بوو، کۆڵەکەی بە جلەکەی پێچابووەوە، لە کاتێکدا داسەکەی بە سنگییەوە نووساندبوو، وەك چۆن باوك منداڵەکەی بە باوەشەوە دەگرێت. دۆڵەکە قووڵ نەبوو، بەڵام لەبەرئەوەی کات بەرەو ڕۆژئاوابوون دەچوو دۆڵەکە قووڵ و پڕ لە سێبەر دەردەکەوت کە چوار دەوری ئەو زبڵانەیان دابوو لە خوارەوەیدا کۆبووبوونەوە لەو پاشەرۆکانەی جێی ترس و تۆقینن ئەگەر شەو دابێت. داربڕەکە ئاوڕی پشتەوەی دایەوە: دەیتوانی سوێند بخوات کە کابرایەك دوای کەوتووە. پاشان ماوەیەکی کورتی دیکە، جارێکی دیکە ڕاوەستا.

هەستی دەکرد کە کەسێك هەیە لەو ناوانە خۆی شاردۆتەوە. سەگەکە حەپی و تووکەکانی ڕاوەستان وەك بڵێیت ئیبلیسی بەرانبەر بەخۆی بینیبێت. گێژەلوولکەیەکیش چەند کاغەزێکی پیسی جوولاندەوە کە بە خوێنی ئافرەتێك یان بە ئاوی بەنجەر پیس بووبوون. ئاسمانیش لە دوورەوە، شینی بێ گەردی دەنواند، وەك بڵێیت گومەزێکی بەرزی مەزارگەیەکە و بە داڵی گۆشتخۆری نوستوو ڕازاوەتەوە. پاش ماوەیەك، سەگەکە بەرەو ئەو شوێنەی تێتەقاند کە گێلەکەی لێ ڕاکشابوو. داربڕەکە لە ترساندا مووچڕکەیەکی بە لەشدا هاتێ، هەنگاو هەنگاو بە دوای سەگەکەدا نێزیك بووەوە تا بزانێت کێ مردووە. لەبەردەم هەڕەشەیەکدا بوو پێی بە هۆی پارچە شووشە یان قونگە بوتڵی شکاو یان قوتووی ماسیی سەردینەوە بریندار ببێت، دەبوو بەسەر ڕیخی بۆگەن و قۆرتی تاریکدا باز بدات. چەند بۆشاییەکیش هەبوو پڕ لە ئاو بوون و لەناو ئەو کۆمەڵە زبڵانەدا وەك بەندەر دەهاتنە پێش چاو.

بێ ئەوەی کۆڵەکەی دابگرێت ـ چونکە ترسەکەی زۆر قورستر بوو ـ دەستی بردو لاقێکی تەرمە گریمانەکراوەکەی گرت، زۆری سەر سوڕ ما کاتێك بینی ئەوە مرۆڤێکەو هێشتە زیندووە، بۆیە هەناسە بڕکێکانی لە کاتی هاوارکردنەکەیدا تێکەڵ بە وەڕینی سەگەکە بوو، بۆ ئەوەی هەر هەموو ئەوە وێنەیەکی زیندووی مەینەتییەکەی دروست بکەن، وەك ئەو بایەی هەندێك جار تێکەڵ بە ڕەهێڵەی باران دەبێت. ئەوەی زۆرتر داربڕەکەی پەرێشان کرد ترپەی پێی کەسێك بوو بە ناو گیاوگۆڵەی نێزیك دارکاژو کۆنە دار هەرمێ هیندییەکان ڕێی دەکرد. تۆ بڵێیت چی روو بدات ئەگەر ئەوە هەنگاوی پۆلیس بێت! ئای بەڕاستی، ڕەنگە ئەوە هۆکارێك بێت مرۆڤ تووشی گێچەڵ بکات. ئاماژەی بە سەگەکە کرد: (بێ دەنگ بە!) کاتێك سەگەکە لە وەڕینی خۆی نەکەوت شەقێکی ئاراستە کردو گوتی: (بێ دەنگ بە .. ئەی حەیوان بێ دەنگ بە!).

بیری لە هەڵاتن کردەوە.. بەڵام هەڵاتن دان نانە بە تاواندا و..قوورەکەیش خەستتر دەکات ئەگەر ئەوەی ڕووەو ئێرە دێت پۆلیس بێت. ڕووی کردە لای پیاوە بریندارەکەو بانگی کرد:

ـ (دەی خێراکە، یارمەتیت دەدەم هەڵسیتە سەرپێ! خودایە، خەریکبوو بتکوژن! دەی مەترسە، هاوار مەکە من نامەوێت ئەزیەتت بدەم ... لێرەوە تێدەپەڕیم بینیمیت ڕاکشابوویت....).

دەنگێك لە پشتەوە قسەکەی پێ بڕی: (بینیمیت ئەو هەموو زبڵەت لەسەر لا دەدا، گەڕامەوە لات لەبەرئەوەی بیرم کردەوە کە ڕەنگە کەسێك بێت بیناسم، با لێرەی دەربهێنین).

داربڕەکە سەری وەرچەرخاند تا وەڵام بداتەوە لەکاتێکدا خەریکبوو لە ترساندا زەندەقی بچێت. هەناسەکانی پچڕان. هەڵنەهات لەبەرئەوەی بریندارەکەی گرتبوو کە نەیدەتوانی خۆی لەسەر پێ ڕابگرێت. بیری بۆ ئەوەچوو کە ئەوەی قسەی لەگەڵ کرد دەبێت فریشتە بێت: پێستێکی مەرمەڕیی زێڕین و، قژێکی زەردو، زارێکی وردو ڕوخسارێکی مێینەی بەلاوە بوو لەگەڵ چاوە ڕەشە پیاوانەکەیدا یەکیان نەدەگرتەوە. جلەکانی خۆڵەمیشی بوون، لەبەر تیشکی خۆرئاوابووندا لە هەور دەچوو. بە هەردوو دەستە ناسکەکەی داردەستێکی حەیزەران و شەپقەیەکی لێوار پانی پێ بوو شێوەی کۆتری دەنواند.

داربڕەکە کە نەیتوانی چاوی خۆی لە ئاستی بترووکێنێت وەڵامی دایەوە: فریشتە، فریشتەیە، فریشتە!)

نەناسراوەکە گوتی: (بە جلەکانیدا دیارە لە هەژارەکانە. چەند ناخۆشە کە مرۆڤ هەژار بێت)...

ـ ڕەوشەکە لەسەر بارودۆخ ڕادەوەستێت. هەموو شتێك لەم جیهانەدا لەسەر شتێکی دیکە ڕادەوەستێت. بۆ نموونە سەیری من بکە، من زۆر هەژارم، بەڵام

کاری خۆم و، ژنی خۆم و، کووخی خۆم هەیە، بڕوا ناکەم ئەو بارودۆخەی من جێی بەزەیی پێدا هاتنەوە بێت. داربڕەکە ئەوەی بە منگە منگ گوت وەك پیاوێك خەون ببینێت و قسە بکات. بە هیوا بوو شتێك لەم فریشتەیە هەڵکڕێنێت کە ڕەنگە تەنیا ئەگەر ئارەزووی لێ بێت لەسەر ئەو قایلبوونە مەسیحیانەی لە داربڕەوە بیکاتە پاشایەك. چەند ساتێك خۆی بینی بە زێڕ و خشڵ ڕازاوەتەوە و بالاپۆشێکی سووری لەبەرە و نگینێکی لەسەر ناوە و سەولەجانێکی بە مرواری ڕازێنراوی بەدەستەوەیە. زبڵدانەکەی لە دووری دوورەوە دەبینی ...

نەناسراوەکە کە دەنگی بەسەر ئاھ و ناڵەی گێلەکەدا بەرزتر دەکردەوە تێبینی کرد و گوتی: (ئەمە سەیرە!).

ـ سەیرە؟. بۆچی؟. هەرچۆنێك بێت، ئێمەی هەژار لەوانی دیکە زۆرتر بە بەشی خۆمان قایلین. چیمان لەدەست دێت بیکەین. هەرچۆنێك بێت، لە ڕاستیدا لەگەڵ هەبوونی قوتابخانەکاندا ئەوە ئەوەی فێری خوێندن دەبێت دەکەوێتە ژێر کاریگەری شتگەلێکەوە ناتوانێت جێبەجێیان بکات. تەنانەت ژنەکەشم هەندێك جار خەم و خەفەت دایدەگرێت و هیوا دەخوازێت ڕۆژانی یەك شەممەوان باڵی لێ بڕوایە).

بریندارەکە دوو جار تا سێ جار بوورایەوە کاتێك لە شوێنە زۆر لێژەکەیان دەهێنایە خوارەوە. درەختەکان لەبەر هەردوو چاوی، کە لەسەرەمەرگدا بوون، هەڵدەبەزین و دادەبەزین، وەك بڵێیت پەنجەی سەماکەرانی هەڵپەڕکێ و سەمای چینی بن. قسەی هەردوو پیاوەکە لە گوێیدا دەزرنگایەوە کە خەریکبوو بە تەواوەتی هەڵیاندەگرت وەك بڵێیت دوو پیاوی سەرخۆش بن و بەسەر زەوییەکی لووسدا تێپەڕن. پەڵەیەکی ڕەشی گەورە چنگی لە بینەقای نابوو، تاو لەرزێکی ساردی لەناکاو بە جەستەیدا تێدەپەڕی و سەرلەنوێ خۆڵەمێشی سووتاوی ئەندێشەکانی گڕیان دەگرتەوە.

نامۆکە گوتی: (کەواتە ژنەکەت ڕۆژانی یەك شەموان باڵی دەوێت؟. باڵ؟. تەنانەت ئەگەر باڵیشی هەبێت ئەوە هیچ سوودێکی پێ ناگەیەنن).

ـ ئەمە ڕاستە، وێ دەڵێت باڵی بۆ ئەوەیە سەیرانی پێ بکات. کاتێك لەگەڵم بە دەمەقاڵێ دێت بەردەوام داوا لە با دەکات باڵی پێ ببەخشێت.

داربڕەکە ڕاوەستا تا ئەو ئارەقەی بە تەوێڵییەوە پەرت و بڵاوبووبوونەوە بە قۆڵی چاکەتەکەی بسڕێت و، بەسەرسوڕمانەوە گوتی: (ئای چەند قورسە!).

میوانە نەناسراوەکە گوتی: قاچەکانی بەسیەتی ئەگەر بیەوێت بڕوات، تەنانەت ئەگەر باڵیشی هەبێت ئەوە ناڕوات.

ـ (نا ناڕوات، بەڵام نەك لەبەر خاتری خۆی، بەڵکو لەبەرئەوەی ئافرەت باڵندەن و ناتوانن بێ قەفەسی خۆیان بژین، لەبەر ئەوەیش من هیچ شتێك لەگەڵ خۆم بۆ ماڵەوە نابەمەوە تەنیا چەند چڵە دارێك نەبێت بۆیە ناتوانم پێیان دارکاری بکەم و بەسەر پشتیدا بیانشکێنم). ئەو کاتە ئەوەی بیرکەوتەوە کە لەگەڵ فریشتەدا دەئاخڤێت، بۆیە زوو فریای خۆی کەوت و گوتی: (ئەویش شتێکی ئاساییە، لە بەرژەوەندی ئەودایە). دابڕەکە درێژەی بە قسەکانی داو ڕێڕەوی قسەکانی گۆڕی چونکە بەرانبەر بەوەی ئێستە گوتی هەستی بە شەرمەزاری کرد: (تۆ بڵێیت کێ لەم لاوە بەستەزمانەی دابێت)؟..

ـ زۆر کەس هەن ...

ـ (بەڵێ، زۆر کەس هەن لێیان دەوەشێتەوە هەر شتێك بکەن، بەڵام پێ دەچێت ئەم لاوە وەك بڵێیت ... وەك بڵێیت هیچ بەزەییەکیان پێدا نەهاتبێتەوە.. بە چەقۆ لێویان بریندارکردووە... پاشان بەم جۆرە فڕێیان داوەتە ناو زبڵدانەکەوە!).

ـ ڕەنگە برینی دیکەیش بریندار بووبێت.

ـ پێدەچێت لێوی بە گوێزان بریندار کرابێت. پاشان هەڵیانگرتووەو بۆ ئەم دوورەیان هێناوە تا کەس بە تاوانەکەیان نەزانێت، ها!

ـ ئای چ جێیەکی نەشیاوە!
ـ منیش خەریکبوو وا بڵێم.

درەختەکان پڕ لە داڵ بوون کە خەریکبوون زبڵدانەکەیان بەجێدەهێشت. گێلەکەیش لە ترساندا ئاگای لە ئازارەکانی نەمابوو، بۆیە خۆی کڕ کردبوو، چوون ژیژکە، کپ و بێ دەنگ، خۆی گرمۆڵە کردبوو.

نەرمە بایەك لەناوەندی پێدەشتەکەوە هەڵیکرد، لەسەرخۆ و ئاسوودە و هێوور لە شارەکەوە بەرەو ئاراستەی کێڵگەکان دەهات...

نەناسراوەکە سەیری کاتژمێرەکەی کرد، پاشان دوورکەوتەوە پاش ئەوەی هەندێك پارەی خستە گیرفانی پیاوە بریندارەکەوەو بە سڵاوێکی دۆستانە ماڵئاوایی لە داربڕەکە کرد.

ئاسمان ساماڵ و بێگەرد بوو. ئەو خانووانەی لە پەڕی شارەوە بوون ڕوویان لە کێڵگەکان بوو، گڵۆپە کارەباییەکانیان چەشنی دانە شقارتە لە پێدەشتێکی تاریکدا دەبریسکانەوە. لە تاریکاییەکەدا ڕێگەی پێچاوپێچ دەردەکەوتن، درەخت ئەم بەرو ئەو بەری تەنیبووونەوە، لە نێزیك یەکەمین ڕیزە خانوودا: چەند کووخە قوڕینێك بەرچاو دەکەوتن بۆنی پووشیان لێدەهات، لەگەڵ هێلانەی لەدار دروست کراو بۆنی هیندییەکانیان لێدەهات، خانووی گەورە گەورە لە پێشەوە حەوشەیان هەبوو بۆنێکی پیسی چوون بۆنی تەویلەیان لێ بەرز دەبووەوە، لەگەڵ چەندین خاندا لەوانەی ئالفی ئاسایی ڕەشە وڵاخیان تێدا بۆ فرۆشتن ئەمبار کرابوو هەروەها ئەو کارەکەرەی لەگەڵ دڵدارەکەیدا لە ئۆردووەکاندا ئەویندارییان دەکرد، هەروەها کۆمەڵێك هێسترەوان لە تاریکاییدا قسەیان دەکرد.

هەرکە گەیشتنە یەکەمین خانوو داربڕەکە برینداەرەکەی بەجێ هێشت، پاش ئەوەی بۆی ڕوون کردەوە چۆن دەتوانێت خۆی بگەیەنێتە نەخۆشخانە. گێلەکە هەردوو پێڵووی کردەوە دەیویست پشوو بدات، بەدوای شتێکدا دەگەڕا لەو

نزگەرەیەی ڕزگار بکات، بەڵام ڕوانینە لەرزۆکەکەی، کە چوون دڕك ڕاوەستابوو، بە تکاو پاڕانەوەوە لە دەرگا داخراوەکانی شەقامە چۆڵەکەی دەدا. لە دوورەوە دەنگی کەڕەنا دەهات بانگی خەڵکە کۆچەرەکەی دەکردو دەنگی زەنگ دەبیسترا سێ جار بۆ گیانی کریستیانەکان لێیان دەدا: د...روو ...د، د... روو ...د، د...روو...د.

زەندەقی لە داڵێك چوو لەو تاریکاییەدا خۆی کێش دەکرد. باڵی شکابوو، ئاه و ناڵەی لە گوێی گێلەکەدا چوون هەڕەشە زرنگایەوە، بە پاڵپشتی دیوارەکان، بە پاڵپشتی هەژێنی دیوارە چەسپاوەکان، لەسەرخۆ هەنگاو دوورکەوتەوە، هەر ئاخ و ئۆفی بوو، بێ ئەوەی بزانێت بەرەو کوێ دەچێت، ڕەشەبایەکیش لە ڕوومەتی دەدا، ئەو ڕەشەبایەی وا پێدەچوو وەك بڵێیت بەفری هەڵمژیبێت بەر لەوەی بەو شەوە هەڵبکات. نزگەرەیش گیانی دەهەژاند ...

داربڕەکە وەك جاران کۆڵە دارەکەی لە حەوشەی خانووەکەیدا فڕێ دا. سەگەکەی پێش خۆی گەیشتبووە ماڵەوەو بە گەرمی پێشوازی لێکرد. لە خۆیی دوورخستەوە، بەر لەوەی شەپقەکەی دابکەنێت، دوگمەی چاکەتەکەی کردەوە کە بەسەر شانیدا شۆڕ بووەوە، لە دوو باڵی شەمشەمەکوێرە دەچوو، پاشان خۆی گەیاندە لای ئاگرەکەی لە گۆشەی ژوورەکەوە هەڵایسابوو، کە هاوسەرەکەی خەریکبوو هەندێك نانەکێکی دروست دەکرد، ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.

ـ (لای زبڵدانەکە چاوم بە فریشتەیەك کەوت).

ڕووناکیی ئاگرەکە لەسەر دیوارە حەیزەرانەکەو لەسەر بنمیچە پووشینەکە دەلەرزییەوە، وەك بڵێیت باڵی فریشتەی دیکە بن.

هێڵێکی لەرزۆکی دووکەڵێکی سپی درەختین لە کوختەکە بڵندبووەوە.

(٥)

## ئەو ولاّخە!

سکرتێری سەرۆك گوێی لە دکتۆر (بارینیۆ) دەگرت.

ـ گەورەم سکرتێر پێت ڕادەگەیەنم، من ئەوە دە ساڵە نەشتەرگەری سوپاییم و لە ئۆردوگە سوپاییەکاندا کاردەکەم، پێشت ڕادەگەیەنم کە پیلانێکی گەورەیان بۆ نابوومەوە، ئەوەبوو گرتیانم، گرتنەکەیشم بە هۆی ... بوو بەڵام دەبێت لە هەموو شتێکت ئاگەدار بکەمەوە. ئەوەی ڕووی دا بەم شێوەیە بوو: لەناکاو نەخۆشییەك لە نەخۆشخانە سەربازییەکە بڵاوبووەوە، هەموو ڕۆژێك دە یان دوازدە کەس بەیانیان دەمردن، ئەوەندەیش دوای نیوەڕۆو، ئەوەندەیش شەوان دەمردن. بەڕێوەبەری تەندروستی سەربازی من و هەندێك لە هاوەڵە پزیشکەکانی دیکەی ڕاسپارد لەو ڕەوشە بکۆڵینەوەو هۆی مردنی هەموو ئەو کەسانە بدۆزینەوە بە ڕۆژێك بەر لە مردنیان بەوپەڕی تەندروستییەوە دێنە نەخۆشخانەکە. یان نێزیکەی ئەوە. باشە، پاش ئەوەی پێنج حاڵەتم توێکاری کرد، توانیم بیسەلمێنم کە ئەو پیاوە بەدبەختانە بە هۆی دڕان و کون بوونی گەدەیانەوە مردوون، کونێك بە ئەندازەی دراوێکی بچووکی ئاسنین، بە هۆی هۆکاری دەرەکییەوە ڕووی داوە کە پەییم پێ نەبردو نەمزانی چییە، پاشتر سەلمێنرا کە سیلفاتی سۆدیۆمەو وەك گەدە پاککەرەوە خواردوویانە، کە ئەویش سۆدیۆمە لە کارگەی ئاوی

گازی دەیانکرد، لەبەرئەوەی جۆرێکی خراپ بوو. باشە، هاوەڵەکانم لەگەڵ ئەو ڕایەی من نەبوون، بۆیە وەك پێدەچێت ئەوان دەستگیر نەکران، ئەوان بڕوایان وابوو کە نەخۆشییەکی نوێیەو پێویست بە لێکۆڵینەوەو پشکنینی زۆرتر دەکات. پێت دەڵێم سەدو چل سەرباز مردن و هیشتە دوو سندووق لەو سیلفاتی سۆدیۆمە ماوە. پێت دەڵێم بەرێوەبەری تەندروستی سەربازی، بۆ ئەوەی مشتێك جونەیە قازانج بکات، سەدو چل سەربازی کردە قوربانی، جگە لەوانەی کە هەمان چارەنووس چاوەڕێیان دەکات. پێت دەڵێم...).

ئەرکانی جەنگی سوپای سەرۆك کۆمار لە دەرگای نووسینگەی سکرتێرەوە بانگی کرد: (دکتۆر لویس بارینیۆ!).

ـ مسیۆ سکرتێر هەرچیم پێ بڵێت بۆت دەگێڕمەوە).

سکرتێرەکە چەند هەنگاوێك لەگەڵ دکتۆر بارینیۆ بەرەو لای دەرگەکە ڕۆیشتن. بێجگە لە هۆکارە مرۆییەکان، سکرتێرەکە هەستی بە بایەخدان بەرانبەر بە شێوازی گێڕانەوە یەك بە دوای یەکدا هاتووە بێزارکەر و ناخۆشەکەی دکتۆر کرد کە لەگەڵ سەریدا دەگونجیت، کە تاڵ تاڵ سپیەتی تێکەوتووەو لەگەڵ ئەو دەم و چاوە ڕەقەڵ و وشکەڵەی کە پیاوانی زانست هەیانە.

سەرۆك کۆمار، کە سەری بڵند کردبووەوە، بە پێوەو پێشوازی لێ کردو، باڵێکی لە دۆخێکی ئاساییدا بە تەنیشتیەوە شۆڕ بووبووەوە، ئەوەکەی دیکەیشی لە پشتییەوە بوو، پێی گوت بێ ئەوەی هەلی ئەوەی بۆ بڕەخسێنێت سڵاوی پێشکەش بکات:

ـ (مسیۆ لویس تکام وایە ئەمە باش بزانیت، کە من ئەوە بەپەسەند نازانم ئەو پڕوپاگەندانەی پزیشکە جادووگەرەکان بڵاوی دەکەنەوە نێزیك تا دوور ناوی حکوومەتەکەم بزڕێنن. پێویستە نەیارەکانم بەردەوام ئەمەیان لەبەرچاو بێت، گەردنی یەکەمین کەسیش دەپەڕێنم ئەوەی لەبیر بچێتەوە، ئێستەیش، فەرموو، بڕۆرە دەرەوە ... بەو ولاخەیش بڵێ با بێت!).

دکتۆر بارینیۆ بە خۆی و ڕواڵەتییەوە پاشەکشەی کرد و چووە دەرەوە، بەشێوەیەکی ناخۆش ناو چەوانی بە یەکدا دابوو، ڕەنگی هەڵبڕووسکابوو وەك بڵێیت ئەو ڕۆژەیە کە دەینێژن.

ـ (بەڕێز سکرتێر کۆتاییم هات، کۆتاییم هات. ئەو تەنیا شتەی کە گوێم لێبوو پێی گوتم ئەوەبوو: فەرموو بڕۆرە دەرەوەو بەو ولاخە بڵێ با بێت).

ـ من ئەو ولاخەم.

یەکێك لە نووسەرەکان ئەوەی گوت کە لەبەردەم مێزێکدا لە گۆشەیەکی نووسینگەکە دانیشتبوو، هەستاو پاشان لەو دەرگاوە کە تازە دکتۆر بارینیۆ دایخست، چووە ژوورەکەی سەرۆکەوە.

دکتۆر بارینیۆ بڵمە بڵمێکی لێوە هاتکاتێك ئەو ئارەقەیەی سڕی بە دەم و چاویدا چۆڕاوگەی بەستبوو:

ـ (وام دەزانی لێم دەدات! ئەگەر بتبینیبایە، ئای ئەگەر بتبینیبایە! بەڕێز سکرتێری من کاتت بەفیڕۆ دەدەم و تۆیش سەرت زۆر قاڵە. من ئێستە دەڕۆم، زۆر سوپاست دەکەم).

ـ (خۆشەویستم دکتۆر خوات لەگەڵ، ببوورە، هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم).

سکرتێرەکە لەچەند خولەکێکدا ئەو نامانەی نووسی کە جەنابی سەرۆك مۆریان دەکات. ئەو کاتە شار زەردەپەڕی پرتەقاڵی ئێوارە باڵی بەسەردا کێشابوو، ئاسمانیش بەرگێکی مۆزلینی جوانی هەوری پۆشیبوو چەندین ئەستێرەی پێوە بوو دەبریسکانەوە وەك بڵێیت فریشتەگەلی پاڕانەوە بن. دەنگی زەنگی کڵێسەکان بەرزبووەوەو ئاوازی (پیرۆزیت ئەی مەریەم)یان لێوە دەبیسترا کە ڕێگەو بانەکانیان وەك تەوقی مرۆڤ ڕزگارکەر تەنیبووەوە.

بارینیۆ بەرەو ماڵ چووەوەو جیهانەکەی لە دەورو بەری هەرەسی دەهێنا. چۆن دەیتوانی خۆی لەم گورزە خیانەتکارییە قوتاربکات؟. دەرگەکەی داخست

لەکاتێکدا سەیری بنمیچەکەی کرد کە ڕەنگە دەستی پیاوکوژی لێوە شۆڕ ببێتەوە تا بیخنکێنێت. ڕووی کردە کەنتۆرێکی گەورەی جلوبەرگ لەژووری نووستنەکەی و خۆی تێدا شاردەوە.

پاڵتۆکانی لەناو کەنتۆرەکەدا سایشتانە بە ڕیز هەڵواسرابوون وەك بڵێیت تەرمی پیاوگەلێکی لەسێدارە دراون و لەناو نەفتالیندا پارێزراون، ئەو دیمەنە جەنازەییانە تیرۆرکردنی باوکی پێش چەند ساڵێکی دوورو درێژی بیر خستەوە کاتێك شەوێکیان تاك و تەنیا بە شەقامدا دەڕۆیشت. دەبوو خێزانەکەیشی بەو لێکۆڵینەوەیە دادوەرییە قایل بێت کە هیچ سوودێکی نەبوو. پاش ئەو تاوانە کارەساتێکی تووش هات، ئەوەبوو نامەیەکی بەدەست گەیشت مۆری پێوە نەبوو ناوەرۆکەکەی نێزیکەی بەم شێوەیە بوو: (خۆم و مێردی خوشکەکەم ڕۆژێکیان نێزیك کاتژمێری یازدەی شەو لە ڕێگەی (ڤۆڵتا گراندی)یەوە بۆ گەڕەکی (لاکانوا) دەهاتینەوە، کاتێك لە دوورەوە گوێمان لە تەقە بوو، تەقەیەکی دیکە و، دیکە و دیکە، تا پێنج تەقەمان ژمارد، بۆیە خۆمان لە پشتی دەوەنە داری نێزیکەوە شاردەوە، گوێمان لە ترپەی پێی ئەسپ بوو زۆر بە خێرا لێمان نێزیك دەبوونەوە، تا ڕادەیەك ئەوەندە خێرابوون خەریکبوو ئەسپەکان و سوارەکانیان سەریان پێماندا بتەقێتەوە. پاش ماوەیەك سەرلەنوێ ملی ڕێگەی خۆمان گرتە بەر، بۆیە جارێکی دیکە کش و ماتی باڵی بەسەر شوێنەکەدا کێشا، بەڵام هەردوو ئەسپەکەمان توند دەیانحیلکاند. کەچی هەر دەیانلووشکاندو دەیانحیلکاند ئێمەیش دابەزین، هەر یەکەو دەمانچەی خۆمان بە دەستەوە بوو تا بزانین چی ڕووی داوە، تەرمی پیاوێکی مردوومان بینی دەمەو لەپ کەوتبوو، هێسترێکی برینداریشی لە تەنیشتەوە بوو، مێردی خوشکەکەم بە گوللەیەك ئازارەکانی لەکۆڵکردەوە. خێرا خۆمان گەیاندە (ڤۆڵتا گراندی) تا پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگەدار بکەینەوە. لە بارەگای سەرەکی پۆلیس کۆڵۆنێڵ (خۆسێ پیرالیس سۆنرینتی)مان بینی کە

نازناوی بە (پیاوی خاوەن هێستره بچووکەکە) ڕۆیشتبوو لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێکانیدا لە دەوری خوانێکی بە بوتڵە شەراب ڕازاوە دانیشتبوون. هێنامانە لاچەپەوەو ڕووداوەکەمان بۆ گێڕایەوە: سەرەتا تەقەکان، پاشان .... گوێی بۆ شل کردین، پاشان هەردوو شانی هەڵتەکاند و، سەیری ڕووناکی مۆمەکەی کرد کە بە دەوی خۆیدا توابووەوە لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: (ڕاستەوخۆ بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان ـ من دەزانم دەربارەی چی قسان دەکەم ـ جارێکی دیکە ئەم باسە دووبارە نەکەنەوە!).

ـ لویس ! لویس!

یەکێك لە پاڵتۆکانی لە ئاسقییەکە بەربووە خوارەوە وەك بڵێیت باڵندەیەکی گۆشتخۆر بێت.

ـ لویس!

خێراو دەست و برد (لویس بارینیۆ) لە کەنتۆری جلوبەرگەکان هاتە دەرەوە و ڕووی کردە ژووری کتێبخانەکە و بە ڕواڵەت وای پیشان دەدا لاپەڕەی کتێبێك هەڵدەداتەوە. نەوەك ژنەکەی بتۆقێت ئەگەر بزانێت خۆی لەناو کەنتۆری جلوبەرگەکاندا شاردبووەوە!

ـ (کارەکە هەموو سنوورەکانی بەزاندووە! لە ئاکامی ئەم هەموو خوێندنەوەدا خۆت دەکوژیت یان شێت دەبیت. هەر لە سەرەتاوە ئەوەم پێ گوتوویت! دەزانیت تۆ پێویستت بە داناییە نەك زانین ئەگەر بتەوێت لە ژیاندا بەرەو پێشەوە بچیت؟. ئەم هەموو خوێندنەوانە چی سوودێکت پێ دەبەخشن؟. چی سوودێکیان لێ دەبینیت؟. هیچ! توانای ئەوەت پێ نابەخشن جووتە گۆرەوییەك بکڕیت! ڕەوشەکە زۆر خراپە! زۆر خراپە!

ڕووناکی ڕۆژ و دەنگی ژنەکەی دەروونی دکتۆر بارینیۆیان هێوور کردەوە.

ـ (هیچمان کەم نییە ئەمە نەبێت! خوێندنەوە، خوێندنەوە ... بۆچی؟. بۆ ئەوەی پاش ئەوەی دەمریت پێت بڵێن زانا بوویت؟. ئەوان ئەمە بە هەموو کەسێك دەڵێن پاش ئەوەی دەمرێت .... ها! با جادووگەرەکان بخوێننەوە، بەڵام تۆ پێویستت بەوە نییە، چونکە پلەی زانستیی خۆتت دەستەبەر کردووەو، ئیدی تەواومان کردو شت دەزانیت و پێویستت بە خوێندنەوە و بەسەرکردنەوە نییە. پاشان .... بەم شێوەیە توند سەیرم مەکە! ئەوەی تۆ پێویستت پێیەتی نەخۆشە نەك کتێب. ئەگەر ئەوەندەی کتێبت هەن نەخۆشت هەبووایە ئەوە ئەم ماڵە دەبووە بەهەشت. من من، حەز دەکەم نۆڕینگەکەت ببینم سیخناخ بێت و گوێم لە تەلەفۆنەکە بیت بەردەوام بزرنگێتەوەو بیانبینم بۆ ڕاوێژکردن بانگت بکەن و، بتبینم بگەیتە شتێك ...).

ـ (مەبەستت چییە بگەمە شتێك ...).

ـ باشە، سەرکەوتوو بیت. پێم مەڵێ چاوی خۆتی لەسەر خوێندنەوە دانێیت تا سەرکەوتوو بیت. نۆژدارانی دیکە بە نیوەی ئەو ئاگاو زانینەی تۆ هەتە سەردەکەون. ئەوان بەو ڕێگەیەی بە بازووی خۆیان بەرەو پێشەوە دەیبڕن شاگەشکە دەبن و، ناو بۆ خۆیان پەیدادەکەن. نۆژداری جەنابی سەرۆك هات، نۆژداری جەنابی سەرۆك ڕۆیشت ... ئەمە واتای سەرکەوتنە.

بارینیۆ کە وشەکانی درێژ دەکردەوە وەك بڵێیت بۆشاییەکی ناو یادوەری خۆی پڕ بکاتەوە گوتی:

ـ بـ .....ا.....شە، خۆشەویستەکەم باشە. باشتر وایە دەست لەو هیواو ئاواتانەت بشۆیت، لەو بڕوایەدام دەبووریێتەوە ئەگەر ئاگەدارت بکەمەوە و پێت بڵێم پێش نەختێك لە دیداری سەرۆك گەڕامەوە، بەڵێ، لەگەڵ سەرۆك.

ـ ئای، خودایە! ئەی چی پێ گوتیت؟. چۆن پێشوازی لێ کردیت؟.

ـ زۆر خراپ. تەنیا شتێك كە گوێم لێ بوو دەیگوتەوە سەبارەت بەوە بوو، كە لەسەرم دەدات. ترس دایگرتم. لەوەیش خراپتر ئەوەبوو بە ئاسانی دەرگای چوونە دەرەوەم نەدۆزییەوە.

ـ سەرزەنشتی كردیت؟. باشە، تۆ یەكەم و دوایەمین كەس نییت لەو ڕووەوە. (ئەو لە كەسانی دیكەیش دەدات). پاش قپ و قڕییەكی زۆر گوتی: (ئەوەی بەردەوام لەدەستت دەدات ترسە ...).

ـ بەڵام، ئەی ئافرەت، كێ دەتوانێت لە ڕووی دڕندەیەكی پیاوكوژدا ئازایەتی بنوێنێت.

ـ نا، پیاوەكە، ئەوەم مەبەست نییە. من سەبارەت بە نەشتەرگەری دەدوێم، مادامەكێ ناتوانیت ببیتە نۆژداری سەرۆك. ئەو كەم كوڕییەی هەتە ئەوەیە دەبێت نەترسیت. مرۆڤ بۆ ئەوەی ببێتە نەشتەرگەرێكی پسپۆر پێویستی بە بوێری هەیە. بڕوام پێ بكە. ئازایەتی و یەكلاكردنەوە لە بەكارهێنانی نەشتەردا. ئەو ئافرەتەی جلوبەرگ چن و درووەی لەسەرەتاوە چەند پارچەیەك بۆ ئەزموون و تاقیكردنەوە بەفیڕۆ نەدات هەرگیز ناتوانێت عەزیەیەك بچنێت و بدروێت. عەزیەیش شتێكی گرانە، ئەوەت زانیوە، هەرچی نۆژدارەكانە ئەوە دەتوانن لە نەخۆشخانە خۆیان لەسەر هیندییەكان ڕابهێنن و مەشق بكەن. هەرچی پێوەندی بەوەوە هەیە كە لەلایەن سەرۆكەوە لەگەڵت ڕووی دا، ئەوە گوێی پێ مەدە.. وەرە با نانەكەمان بخۆین! دەبێت سەرۆك لە حاڵەتێكی خراپدا بێت، بە هۆی ئەو تاوانە قێزەونەی لە (دالآنی خواوەندد)دا ڕووی دا.

ـ بێ دەنگ بە، ئەگینا كارێكت بەسەر دێنم هەرگیز نەمكردبێت، ئەویش ئەوەیە شەپازلەیەكت پێدا دەكێشم. هیچ تاوانێك لە گۆڕێ نییەو هیچ قێزەونییەكیش لەئارادا نییە كە ژیانی ئەو خوێنمژە بێزراوەی كۆتایی پێ هێنا،

کە باوکمی لە شەقامێکی چۆڵدا کوشت، باوکم ئەو پیرەمێردە ئاشتیخوازە سەڵت و قوڵتە ...!

ـ تەنیا بە پێی نامەیەك ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییە! چ پیاوێکی سەیریت

ـ کێ گوێ بەو نامانە دەدات ناوی نووسەرەکانیان لەسەر نییە ...

ـ ئەگەر من بایەخم بەو نامانە بدایە کە ناوی نووسەرەکانیان لەسەر نییە ...

ـ ئەوە لە تۆ ناوەشێتەوە ...

ـ (تۆ ڕێم بدە با قسەکەم تەواو بکەم. ئەگەر بایەخم بەو نامانە بدایە ناوی نوسەرەکانیان لەسەر نییە ئەوە ئێستە تۆ لەگەڵم نەدەبوویت لەمماڵەدا). بارینیۆ پەرۆشانە گیرفانەکەی خۆی پشکنی و دەربڕینێکی توند بە ڕوخسارییەوە دیاربوو، پاشان گوتی: (ئەوە ئێستە تۆ لەگەڵم نەدەبوویت لەم ماڵەدا، بگرە، ئەمە بخوێنەوە).

ژنەکە ئەو کاغەزەی وەرگرت کە مێردەکەی بۆی درێژکردەوەو ڕەنگی هەڵبڕووسکاو هیچ ڕەنگێکی تێدا نەدەبینی تەنیا ڕەنگی بۆیە سوورەکەی هەردوو لێوی نەبێت، چاوێکی خێرای بەسەر دێڕە پڕ لە هەڵە زمانەوانییەکانیدا هێنا:

(ئەی دکتۆر، دەبێت ئێستە سەرەخۆشی لە ژنەکەت بکەیت، کە (پیاوە خاوەن هێسترە بچووکەکە) کۆچی دوایی کرد. ئامۆژگاری هاوڕێگەلێك خۆشیان دەوێیت).

بە پێکەنێنێك لە ناخەوە، پێکەنینێك پەرت بووەوەو لوولەکانی تاقیکردنەوەو ئەو شووشانەی پڕکرد کە کارگەکەی دکتۆر بارینیۆیان تەنیوەتەوە، وەك بڵێیت ژەهرێکی کوشندەیە بۆ شیکردنەوەو توێکاری داواکراوە، ژنەکە کاغەزەکەی بۆ مێردەکەی گێڕایەوە، دەست بەجێش کارەکەرێك لەبەر دەرگا دەرکەوت و ڕایگەیاند:

ـ شیوی نیوەڕۆ ئامادەیە.

***

لەناو کۆشکەکە، سەرۆك بە هاریکاری پیرە پیاوە بچووکە لاوازەکە چەند کاغەزێکی مۆر دەکرد، ئەو پیاوە پیرەی کە چووە ژوورەکەوە کاتێك دکتۆر بارینیۆ بەجێی هێشت، ئەوەی کە پێشتر نازناوی (ئەو ولاّخە)ی لێنابوو.

(ئەو ولاّخە) پیاوێکی دیمەن ڕووت و ڕەجاڵ بوو، پێستی سوورە فڵ بوو لە پێستی جورج دەچوو، قژەکەشی لە زێڕی هەرزان دەچوو، لەگەڵ دوو چاوی شینی نیگەران لەو دیوی چاویلکەیەکی زەردی کاڵەوەبوو بزر بووبوون.

سەرۆك بۆ دوایەمین جار ناوی خۆی نووسی، پیاوە پیرە بچووکە لاوازەکە ویستی مەرەکەبەکە وشك بکاتەوە. شووشەی مەرەکەبەکەی بەسەر کاغەزەکەدا ڕژاند کە سەرۆك تازە مۆری کردبوو.

ـ ئەی ولاّخ.

ـ گەورەم!

ـ ئەی ولاّخ!

لێدانی زەنگێك، لێدانێکی دیکەو، لێدانێکی دیکە...چەند هەنگاوێکی خێرا، لە نێزیك دەرگاکەوە ئەفسەرێك دەردەکەوێت.

سەرۆك نەڕاندی: (ئەی ژەنەراڵ، هەر ئێستە دوو سەد جەڵدە لەم پیاوە بدرێت، هەر ئێستە). یەکسەر ڕووی کردە شوێنەکەی لەناو کوشك کە نانی نیوەڕۆ ئامادە کرابوو.

چاوی (ئەو ولاّخە) پڕ لە فرمێسك بوو. هیچی لەزار نەتەرەکا، لەبەرئەوەی نەیدەتوانی قسە بکات، هەروەها لەبەرئەوەی دەیزانی داوای لێبوردن هیچ سوودێکی نییە: لەبەرئەوەی کوشتنی کۆلۆنێل (سۆنرینتی) هۆشی لای سەرۆك نەهیشتووە. لەبەردەم تەم و مژی هەردوو چاویدا ژنەکەی و منداڵەکانی دەرکەوتن داوای لێبوردنیان بۆ دەکرد: ئافرەتێکی تێکۆشەرو شەش منداڵی لاواز. بە دەستێکی چوون چڕنووك لە گیرفانی پاڵتۆکەی بۆ دەستەسڕێك گەڕا، ئای کە تەنیا بیتوانیایە بە گریان خەم و پەژارەی خۆی بڕەوێنایەتەوە! وەك پێویست، شتی

نەدەبینی، سزاکە دڵڕەقانەیە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، لەو بڕوادایە کە پێویستە لێی بدەن تا فێری ئەوە بێت ئەوەندە چەقاوەسوو نەبیت ـ ئای کە تەنیا بیتوانیایە بە گریان خەم و پەژارەی خۆی بڕەوێنایەتەوە! ـ زۆر لێهاتووتر بووایەو مەرەکەبی بەسەر بەڵگەنامەکاندا نەڕشتبایە ـ ئای کە تەنیا بیتوانیایە بە گریان خەم و پەژارەی خۆی بڕەوێنایەتەوە!

ددانەکانی لە نێوان هەردوو لێوی نوقاویدا دیاربوون دەتگوت ددانی شانەن و لەگەڵ هەردوو گۆنای قوپاوو ڕوخساری هەڵپڕوزکاویدا یەکیان دەگرتەوە تا دیمەنی پیاوێك بنوێنن سزای لەسێدارەدانی بەسەردا سەپێنرابێت. کراسەکەی بە هۆی ئارەقەوە بە گیانییەوە نووسابوو، ئەوەیش ئەوەندەی دیکە خەم و پەریشانی پترکردبوو. پێشتر بەم شێوەیە ئارەقەی نەکردووە. ئای کە تەنیا بیتوانیایە بە گریان خەم و پەژارەی خۆی بڕەوێنایەتەوە!

هەستی کرد هێڵنجی ترس مووچڕکە بە هەموو دەمارەکانیدا دەهێنێت.

ئەرکانی سوپای سەرۆك باڵی گرت، واقی وڕ مابوو، هەستی بە جووڵەو دەرك کردن نەدەکرد، هەردوو چاوی زەق و پشتی کۆماوە بوو، هەستێکی زۆری بە بۆشایی دەکرد، هەستیشی دەکرد پێستی قورسە، زۆر قورسە، هەستی بە بێ هێزی دەکرد، بێ هێزی ...

پاش چەند خولەکێك، لە ژووری شوێنی خواردنی سەرۆکدا:

ـ جەنابی سەرۆك، بە یارمەتیت.

ـ فەرموو ژەنەراڵ.

ـ گەورەم، هاتووم پێتان ڕابگەیەنم کە (ئەو وڵاخە) نەیتوانی بەرگەی دووسەد جەڵدەکە بگرێت.

ئەو کات سەرۆك چەند پارچە پەتاتەیەکی سوورکراوەی دەخوارد، ئەو کارەکەرەی کە دەورییەکەی پێشکەش دەکرد نەیتوانی ڕێ لە خۆی بگرێت و

نەلەرزێت، بۆیە ئاغاکەی هاواری بەسەردا کرد: (ئەی تۆ بۆچ دەلەرزیت؟.) پاشان ڕووی قسەی کردە ژەنەراڵ، کە وریایانە ڕاوەستابوو و شەپقە سەربازییەکەی بە دەستەوە بوو بێ ئەوەی چاو بترووکێنێت گوتی: (زۆر باشە، دەتوانیت بڕۆیت).

کارەکەرەکە دەورییەکەی بە دەستەوە بوو تێی تەقاندو خۆی گەیاندە ژەنەراڵ و پرسیاری لێ کرد بۆچی پیاوەکە نەیتوانی بەرگەی دووسەد جەڵدەکە بگرێت.

ـ بۆچی؟. لەبەرئەوەی مرد!

کارەکەرەکە گەڕایەوە ژووری خواردنەکەو هێشتە دەورییەکەی بە دەستەوە بوو. بە پەڵپە گریانەوە بەو سەرۆکەی گوت کە لەسەرخۆی نانی دەخوارد:

ـ دەڵێت لەبەر ئەوە نەیتوانی بەرگە بگرێت چونکە مرد!

ـ ئەی ئەوە چی تێدایە؟.! قاپێکی دیکە بێنە.

(٦)

## سەری ژەنەراڵێك

میگێل فریشتە ڕوو، ڕاوێژکاری سەرۆك و هاوڕێ گیانی بە گیانییەکەی، هات سەری لێ بدات پاش ئەوەی لە نان خواردن بووەوە.

کاتێك هاتە ژووری نان خواردنەکەوە (چوون ئیبلیس جوان و شەڕانی بوو) گوتی:

ـ جەنابی سەرۆك هەزار جار داوای لێبوردن دەکەم، جەنابی سەرۆك هەزار جار داوای لێبوردن دەکەم لەبەرئەوەی دواکەوتم ... بەڵام دەبوو یارمەتی داربڕێك بدەم برینداریێکی هەڵگرتبوو لەناو زبڵکوانەکەدا دۆزیبوویەوەو، نەمتوانی پێش ئێستە ئامادە بم. بەڵام بە جەنابی سەرۆك ڕادەگەیەنم کە ئەو برینداره کەسێکی ناسراو نییە، بەڵکو یەکێکە لە تێکڕای گەل!

سەرۆك جلی تەواوی پرسەی لەبەربوو: پێڵاوێکی ڕەش، جلێکی ڕەش، بۆینباغێکی ڕەش، شەپقەیەکی ڕەش کە هەرگیز داینەدەکەند. پدووی بێ ددانیشی لەژێر سمێلێکی ماش و برنجدا دەشاردەوە کە بەم لاو بەو لای دەمیدا شانە کرابوو. دوو گۆنای لاوازو داهێزراوو دوو چاوی بچووکی پێوە بوون.

هەردوو برۆی پان کردەوەو پرسیاری لێ کرد: ئەی بردتە نەخۆشخانە؟..

ـ گەورەم...

ـ ئەمە چییە؟. کەسێك شانازی بەوەوە بکات کە هەڤاڵی سەرۆك کۆمارە هەرگیز کابرایەکی بەستەزمان و کولەمەرگی بریندار لە ڕێگە بەجێ ناهێڵێت کەس نەزانێت کێ دەستدرێژی کردووەتە سەر!

جووڵەیەك لای دەرگای ژووری شوێن خواردنەکەوە ناچاری کرد ئاوڕ بەو لادا بداتەوە:

ـ فەرموو ژەنەراڵ ...

ئەگەر جەنابی سەرۆك ڕێم بدات...

ئەی ژەنەراڵ ئەوان ئامادەن؟.

ـ بەڵێ جەنابی سەرۆك ...

ـ بە خۆت لەگەڵیان بڕۆ، پرسە و سەرەخۆشیم بە هاوسەرەکەی پێشکەش بکەو ئەم سێ سەد بیزۆیەی بە ناوی سەرۆك کۆمارەوە پێشکەش بکە، بۆ ئەوەی لە خەرجی تەرم ناشتنەکەیدا یارمەتیی بدات.

ژەنەراڵ کە بە وریاییەوە ڕاوەستابوو و شەپقە سەربازییەکەی بە دەستەوە بوو، بێ ئەوەی چاو بترووکێنێت و هەناسەی لەخۆی بڕیبوو، نووشتایەوە و پارەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت، هەردوو پاژنەی سووڕاند، پاش چەند خولەکێك لەناو گالیسکەیەکدا بینرا، کە تەرمی (ئەو ولاخە)ی لەسەر بوو، تێی تەقاند و ڕۆیشت.

فریشتە ڕوو دەکۆشا هەڵوێستی خۆی ڕوون بکاتەوە:

ـ بیرم لەوە کردەوە لەگەڵ پیاوە بریندارەکە بچمە نەخۆشخانە، بەڵام بە خۆمم گوت: باشتر خزمەتی دەکەن ئەگەر فەرمانێك لە جەنابی سەرۆکەوە بهێنم. جا لەبەرئەوەی بۆ دیداری جەنابتان دەهاتم، هەروەها بۆ ئەوەیش جارێکی دیکە ئەو حەپەسانەی خۆمتان بۆ ڕوون بکەمەوە بەرانبەر بە کوشتنی دەستدرێیژکارانەی ئەفسەرمان (پارالیس سۆنرینتی) هەستی پێ دەکەم.

ـ فەرمانیان بۆ دەردەکەم ....

ـ ئەمەیە ئەوەی مرۆڤ لە پیاوێكی چاوەڕوان دەكات كە دەڵێن پێویستە فەرمانڕەوایی ئەم وڵاتە نەكات ..

ـ كێ وا دەڵێت؟.

ـ جەنابی سەرۆك من. من یەكەمین كەسم بڕوام وایە كە پێویستە پیاوێكی وەك ئێوە فەرمانڕەوایی وڵاتێكی وەك فەرەنسا، یان سویسرای ئازاد، یان بەلژیكی نەبەرد، یان دانیماركی جوان بكات، هەرچی فەرەنسایە، ئەوە فەرەنسا لەسەرووی هەموو شتێكەوەیە. ئێوە كەسێكی نموونەیین بۆ سەركردایەتی كردنی چارەنووسی ئەم گەلە دێرینە كە (گامبیتا)و (فیكتۆر هۆگۆ)ی تێدا هەڵكەوتووە!

بزەیەكی نیوچە شاراوە لەژێر سمێڵی سەرۆكەوە دەبینرا، لەكاتێكدا چاویلكەكەی بە دەستەسڕێكی سپیی ئاورێشمین دەسڕی بێ ئەوەی چاوی لە ڕوخساری هاوڕێكەی بتروكێنێت. پاش ماوەیەك بێ دەنگیی كورت، كەوتە باس كردنی بابەتێكی نوێ.

ـ میگێل داوام لێ كردیت لە پێناوی پرسێكدا ئامادە بیت كە دەمەوێت ئەم شەو كۆتایی پێ بهێنم.

دەستەڵاتدارانی پێوەندیدار فەرمانی دەستگیركردنی ئەو تەرەسە ژەنەراڵ (ئەیۆسیپیۆ كانالیس)یان دەركردووە. ئەوەیش لەگەڵ خۆرهەڵاتنی سبەینێدا لە ماڵەكەی خۆی ئەنجام دەدرێت. جا لەبەر چەند هۆیەكی تایبەت و، لەبەرئەوەی یەكێكە لە بكوژانی (پارالیس سۆنرینتی)، بۆیە حكوومەت بە شایستەی نازانێت لە بەندیخانەی توند بكات، جا پێویستە یەكسەر هەڵبێت. بڕۆ و ببینە، هەرچی زانیاری دەزانیت پێی بڵێ و، ئامۆژگاری بكە ئەم شەو هەڵبێت، وەك ئەوەی ئەوە بیرۆكەیەك لە بیرۆكەكانی خۆت بێت. دەبێت تۆیش یارمەتی بدەیت بۆ ئەوەی هەڵبێت، لەبەرئەوەی، وەك هەر سەربازێكی پیشەكار، بڕوای بە شەرەف هەیە و پێی باشترە بمرێت نەك هەڵبێت. ئەگەر سبەینێ دەستگیری بكەن ئەوە لەسێدارە دەدرێت. دەبێت

هیچ شتێك لەبارەی ئەم قسانەمانەوە نەزانێت، ئەمە تەنیا لە نێوان من و تۆدایە. وریا بە پۆلیس نەزانێت سەرت لێداوە. کارەکە بە شێوەیەك ڕێك بخە جێی گومان نەبێت و تا ئەو تەرەسە بتوانێت هەڵبێت. ئێستە دەتوانیت بڕۆیت.

خۆشەویستەکەی سەرۆك ڕۆیشت و دەم و چاوی لە پشتەوەی ملپێچەکەی ڤەشێرتبوو ... (چوون ئیبلیس جوان و شەڕانی بوو). ئەو ئەفسەرانەی پاسەوانیی ژووری شوێن خواردنەکەی سەرۆکیان دەکرد بە هۆی ئەوەوە ڕاهاتبوون سەلاوی سەربازییان بۆ سەندەوە، یان بە هۆی ئەوەوە کە دەیانزانی چارەنووسی ژەنەراڵێکی پێ سپێرراوە. نێزیکەی حەفتا کەس لە ژووری چاوەڕوانیدا دانیشتبوون باوێشکیان دەدا. چاوەڕوان بوون سەرۆك ئەرکەکانی تەواو بکات تا بە دیداری بگەن. ڕێگەو بانەکانی چوار دەوری کۆشك و ماڵی سەرۆك کۆمار گوڵ داپۆشیبوون و، ژمارەیەك سەربازیش هەبوون، بە فەرمانی سەرۆکەکانیان، بەردەم سەربازگەکانی تەنیشتیان بە گلۆپ و ئالای بچووك و قردێلەی شین و سپیی کاغەزین دەڕازاندەوە.

فریشتە ڕوو تێبینی هیچ شتێك لەو جوانیکارییانەی نەکرد، دەبوو ژەنەراڵ ببینێت و تەگبیری بۆ بکات هەڵبێت. هەموو شتێك ئاسان دەهاتە پێش چاو، تا لەو دارستانە فراوانەدا، کە دەکەوێتە نێوان سەرۆك و نەیارەکانییەوە سەگەکان پێی وەڕین. کە دارستانێکە درەختەکانی گوێیان هەیە ئەسپایی ترین دەنگ و جووڵە کاریان تێدەکات بە شێوەیەك گەڵاکانیان دەوەرن وەك بڵێیت گەردەلوولێکی وێرانکەر بەسەریاندا هەڵی کردبێت. لە دوورایی چەند میلێکیشەوە هەراو هوریاکە کەمتر نەبوو تا خۆی لە دەستی هەموو ئەو پووش و پەلاشی ڕووەکانە قوتاربکات. سەگەکان هەر دەوەڕین. تۆڕێکی دەزوو زیوین لەوێ هەبوو، لە تێلی بروسك و کارەبا نادیارو شاراوەتر بوو، نێوان هەموو گەلایەك و نێوان سەرۆکی پێکەوە گرێ دەدا، ئەمەیش وای دەکرد بتوانێت چاودێری نهێنیترین و شاراوەترین هزری ئاژاوەچییەکان بکات!

فریشتە ڕوو بیری کردەوە: ئای ئەگەر بشیایە لەگەڵ ئیبلیسدا ڕێك بکەوتایە، تێیدا گیانی خۆی بفرۆشتایە بە مەرجێك پۆلیس فریوی بخواردایەو ژەنەراڵ بتوانێت هەڵبێت! بەڵام ئیبلیس بەشداری هیچ بۆندێك ناکات سوودی تێدا بێت، ئەگەرچی هەموو شتێك لەم پرۆسە سەیرەدا لەبەردەم مەترسی هەڕەشەدایە. سەری ژەنەراڵ و، شتێکی دیکەیش. ئەو دەربڕینەی گۆکرد وەك بڵێیت ڕاستییەکە سەری ژەنەراڵ و شتێکی دیکەی بە هەردوو دەستی هەڵگرتبێت.

گەیشتە ماڵی ژەنەراڵ کانالیس لە گەڕەکی (لا مەرسید). ماڵێکی گەورە بوو لەسەرە ڕێگەبوو، پێش سەد ساڵ دروست کرابوو، هەر هەشت باڵکۆنەکەی کە لە پێشەوە بوون و، دەروازەی هاتنە ژوورەوەی گالیسکەکەی کە لە پشتەوە بوو، جۆرە ڕواڵەتێکی گەورییان پێ دەبەخشی، وەك بڵێیت دراوێکی کۆن بێت. خۆشەویستەکە بڕیاری دا لە دەرەوەی دەرگاکەوە گوێ ڕادێرێت پاشان لە دەرگا بدات بۆ ئەوە ڕێی بدەن بچێتە ژوورەوە ئەگەر گوێی لە هەر جم و جوولێك بوو لەناوەوە. بەڵام لەبەر هەبوونی ئەو پۆلیسانەی لەسەر شۆستەکەی بەرانبەر دەهاتن و دەچوون ناچار بوو واز لەو پلانە بهێنێت. لە جیاتی ئەوە خێرا بە بەردەم خانووەکەدا تێپەڕی لە کاتێکدا سەیری باڵکۆنەکانی دەکرد تا بزانێت کەسێك دەبینێت تا بتوانێت ئاماژەی پێ بکات. بەڵام کەسی نەبینی. شتێکی نەکەردەنیش بوو بتوانێت لەسەر شۆستەکە ڕاوەستێت بێ ئەوەی نەبێتە جێی گومان. لە لاڕێ نێزیکەکەی بەرانبەر بە خانووەکە مەیخانەیەکی بەدناو هەبوو، بۆیە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە باشترین ڕێگەچارە بۆ ئەوەی لە گەڕەکەکە بمێنێتەوە بچێتە ئەو مەیخانەیەو لەوێ مەی بخواتەوە. داوای بوتڵە بیرەیەکی کردو، چەند وشەیەکی لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا ئاڵوگۆڕ کرد کە مەیەکەی پێشکەش کرد، پاشان سەری وەرچەرخاندو پەرداخە بیرەکەی بە دەستەوە بوو بۆ ئەوەی ببینێت کێ لەسەر کورسییەکەی بەرانبەر بە دیوارەکە ڕۆنیشتووە. کاتێك چووە

ناو مەیخانەکەوە بە تیلی چاو پیاوێکی بینی لەوێ ڕۆنیشتبوو. پیاوەکە شەپقەکەی بەسەر تەوێڵیدا شۆڕ کردبووەوە تا ڕادەیەك خەریکبوو بە چاوی بکەوێت، دەستەسڕێکی بە ملیەوە بەستبوو، یاخەی پالتۆکەی هەڵدابووەوە، پانتۆڵێکی دەڵپی لەبەر بوو و جزمەیەکی درێژی لەپێ بوو قەیتانەکانی نەبەسترابوون لە پلاستیك و پێست و پارچە قوماشی قاوەیی دروست کرابوو. خۆشەویست چاوی بەرز کردەوەو بیری پەرت بووبوو، سەیری ئەو بوتڵانەی کرد لەسەر ڕەفەکە ڕیزکرابوون، پیتی (س)یش لەسەر گڵۆپە کارەباییەکان نووسرابوو، لەگەڵ ڕیکلام لەبارەی مەی ئیسپانی (باخووس خواوەندی مەی لەناوەندی ژمارەیەك لە ڕاهیبی ورك ئەستوورو ئافرەتگەلی ڕووتدا لەسەر بەرمیلێك دانیشتووە)، لەگەڵ وێنەیەکی سەرۆکدا کە بە شێوەیەکی ناشیرین سەردەمی لاویەتیی پیشان دەدات، چەند هێڵێکی قامیش لەسەر هەردوو شانیەتی وەك بڵێیت هێڵی شەمەندەفەربن. لەگەڵ فریشتەی بچووك بچووك باڵایان بە چەپکەگوڵ ڕازاندبووەوە. وێنەیەکی سەرنجڕکێش! جار ناجارێك، خۆشەویست ئاوڕی دەدایەوەو سەیرێکی ماڵی ژەنەراڵی دەکرد. کارەکە مەترسیدار دەبێت ئەگەر جۆرە پێوەندییەك لە نێوان ئەو پیاوەی لەسەر کورسییەکە دانیشتووە و ئافرەتە مەیخانەچییەکەدا هەبێت پتر لە پێوەندی دۆستایەتی چونکە کێشەی بۆ دروست دەکەن. دوگمەکانی چاکەتەکەی کردەوەو هاوکات ئەم لاقی لەسەر ئەو لاقی داناو، قۆڵەنیسکی لەسەر کەناری بارەکە دانا وەك بڵێیت هیچ پەلەی نەبێت. گریمان داوای پەرداخێکی دیکەی بیرەی کرد؟. داوای کردو بەنکەنۆتێکی سەد بیزۆیی دایە ئافرەتە مەیخانەچییەکە بۆ ئەوەی سوود لەکات وەربگرێت، چونکە ڕەنگە پارەی وردەی نەبێت. ئافرەتەکە بە بێزارییەوە چەکمەجەکەی کردەوەو لە بەنکەنۆتەکانی ناوی ڕوانی و پاشان توند دایخستەوە. وردەی نەبوو. بەردەوام هەمان شت! دەبێت بڕواتە دەرەوەو بە

دوای وردەدا بگەڕێت . بەروانکەکەی بەسەر هەردوو شانی ڕووتیدا داو چووە دەرەوە، پاش ئەوەی نیگایەکی سرەواندە ئەو پیاوەی لەسەر کورسییەکە دانیشتبوو، وەك ئەوەی ئاگەداری بکاتەوە، کە پێویستە چاودێری ئەو کرپارەکەی دیکە بکات: لەوە دڵنیا بێت کە هیچ شتێك نادزێت. ئەوەیش ڕێ و شوێنێك بوو هیچ سوودێکی نەبوو، چونکە هاوکات، کیژێك لە ماڵی ژەنەراڵەوە هاتە دەرەوە وەك بڵێیت لە ئاسمانەوە دابەزیبێت، لە چاوترووکانێکدا فریشتە ڕوو خۆی گەیاندە دەرەوە.

کاتێك بە تەنیشتی کیژەکەوە ڕێی دەکرد پێی گوت: خاتوون، دەتوانیت بە خاوەنی ئەو ماڵە بڵێیت کە تازە لێوەی هاتیتە دەرەوە کە شتێکی زۆر پەلەم هەیەو دەمەوێت پێی ڕابگەیەنم؟.

ـ باوکم؟.

ـ تۆ کیژی ژەنەراڵیت؟.

ـ بەڵێ.

ـ کەواتە، ڕامەوەستە، نا، نا، لە ڕێکردن بەردەوام بە، دەبێت درێژە بە پیاسەکەمان بدەین. بگرە ئەوە ناسنامەکەم. تکایە پێی بڵێ کە لە ماڵەکەی خۆمدا چاوەڕێی دەکەم بۆ ئەوەی بە زووترین کات ببینم، ئەوە من یەکسەر بۆ ئەوێ دەڕۆم و چاوەڕوانی دەکەم، ژیانی لە مەترسیدایە، بەڵێ، بەڵێ، لە ماڵەکەی خۆم بە زووترین کات.

بایەکە شەپقەکەی باڵ دایەوەو دەبوو هەڵێت بۆ ئەوەی بیگرێتەوە. دوو تا سێ جار لە بەردەمیدا فڕی، ئاکام بە جووڵەیەکی توند گرتییەوە وەك یەکێك مریشکێك لەناو تەویلەیەکی پڕ لە مریشکدا بگرێت.

بە بیانووی وەرگرتنەوەی پاشماوەی پارەکەی گەڕایەوە مەیخانەکە، بەڵام لە ڕاستیدا دەیویست کاردانەوەی لەناکاو دەرچوونی لە مەیخانەکەوە لای ئەو پیاوە

بزانێت لەسەر کورسییەکە دانیشتووە، بینی لەگەڵ ئافرەتە مەیخانەچییەکەدا دەمەقاڵێیەتی، ئافرەتەکە پشتی بە دیوارەکەوە بوو، لە کاتێکدا هەردوو لێوی تامەزرۆی پیاوەکە ئارەزوویان دەکرد ماچێکی هەردوو لێوی بکەن، لە ترپەی پیی فریشتە ڕوو کە نێزیك دەبووەوە، ڕاچڵەکی، کاتێك پیاوەکە دەستی لە یاخەی کردەوە هاوارێکی بەسەردا کرد: (ئەی پۆلیسی نائومێد، تۆ ئەی خوێڕی، ئەمە ئەو ناوەیە کە شایەنتە!).

فریشتە ڕوو بینی بۆ پلانەکەی باشتر وایە بە شێوەیەکی هێوورانە بکەوێتە نێوانیانەوە، بۆیە ئەو بوتڵە شووشەیەی لە دەستی ئافرەتە مەیخانەچییەکە وەرگرت کە بەرزی کردبووەوەو هەڕەشەی پێ دەکردو باش لە پیاوەکە ورد بووەوە.

ـ (لەسەرخۆ، لەسەرخۆ خاتوون! ئای خوایە، ئەوە چ بەسەرهاتێکە! دەی، لە جیاتی ئەوە پاشماوەی پارەکە بۆ خۆت ببە. هیچ شتێکت لە دەمەقاڵێ دەست ناکەوێت، ڕەنگە پۆلیسیش بێت، جگە لەوەیش ئەم هاوڕێیەمان ...).

ـ لۆسیۆ ڤاسکیز، لە خزمەتتدایە.

ئافرەتەکە هاواری کرد: لۆسیۆ ڤاسکیز! یان (سۆسیۆ باسکاس ـ خوێڕی پیسکە)! [٢] پۆلیس، بەردەوام پۆلیس. با تاقی بکەنەوە، با تاقی بکەنەوە و بێنە ئێرە. من لە کەس ناترسم، هەروەها من هیندی نیم، گوێت لێمە؟. تا بە بەندیخانەی (کاسا نویڤا) بمترسێنێت)!

ڤاسکیز کە شتێکی دەتفاندەوە بە هەڵە قووتی دابوو، ورتەیەکی لێوە هات:

ـ گەر ئارەزووم لێ بێت دەتوانم لە خانەی سۆزانیانت وەنێم!

ـ بەڵێ گەورەم وایە، ئەو کات هیچم نەدەگوت.

دەنگی ڤاسکیز ناخۆش بوو، بەشێوازێکی ژنانەو بە دەربڕینی کورت کورت و بە زۆر قسەی دەکرد. تا تەوقی سەری نغرۆی ئەویندارییی ئافرەتە مەیخانەچییەکە بووبوو، شەو و ڕۆژ لەگەڵی دەکۆشا تا بە ئارەزووی خۆی ماچێکی پێ بدات،

تەنیا داواکاری ئەمە بوو. بەڵام ئافرەتەکە بەردەوام ڕەتی دەکردەوە، لەسەر ئەو بنەمایەی ئەگەر قایل بێت ماچێکی پێ بدات، ئەوە ئەو کات ئەوە دەگەیەنێت کە هەموو شتێکی پێ ببەخشیبێت. هیچ شتێك لەگەڵ ئافرەتە مەیخانەچییەکەدا سوودی نەبوو: تکا، هەڕەشە، دیاری بچووك، فرمێسکی ڕاستەقینە یان ساختە، گۆرانیی ئەویندارانە بە شەو، درۆ، لە ڕەتکردنەوەدا کەللەڕەق بوو، هەرگیز خۆی بە دەستەوە نەدەدا، ڕێی بە خۆیشی نەدەدا ئەم خۆ لێ نێزیك کردنەوەیە کاری تێ بکات. بەردەوام دەیگوت: (هەر کەسێك کە دەکۆشێت دڵداریم لەگەڵ بکات با بە تەواوەتی لەوە بگات کە ڕەنجی خۆی بە با دەدات)!

فریشتە ڕوو، لە کاتێکدا بە پەنجەی دۆشاومژەی دراوێکی دەکڕاند بە دیوارەکەوە داکوترابوو، وەك بڵێیت خۆی بدوێنێت، درێژەی دایە: (لەبەرئەوەی کێشەکەی نێوانمان چارەسەرکردن، ئێستەیش با بەسەرهاتی خۆمتان لەگەڵ ئەو کیژەدا بۆ بگێڕمەوە کە نیشتەجێی ئەوماڵەی بەرانبەرە).

بۆی گێڕانەوە کە هاوەڵێکی داوای لێ کردووە بزانێت ئایە ئەو کیژە ئەو نامەیەی وەرگرتووە بۆی ڕەوانە کردووە، کاتێك ئافرەتە مەیخانەچییەکە قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

ـ ئەی تەرەسی بەختەوەر هەر کەسێك بێت بە ڕاشکاوی دەزانێت کە تۆیت دوای ئەو کیژە کەوتوویت!

بیرۆکەیەکی لەناکاو بە ئەندێشەی خۆشەویستدا تێپەڕی. ئەو دوای کەتووە.... بەڵام خێزانەکەی دژیان ڕادەوەستن ... خۆی بە ڕواڵەت وا پیشان دەدات کە هەڵیدەگرێت و دەیرفێنێت.

بە پەنجەی دۆشاومژەی بەردەوام دراوەکەی دەکڕاند کە بە دیوارەکەوە داکوترابوو، بەڵام ئەمجارە توندتر.

فریشتە ڕوو گوتی: (ئەمە ڕاستە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە باوکی ڕازی نییە مێردم پێ بکات).

ڤاسکیز هاواری کرد: (نەفرەت لەو پیرەمێردە. چەندە ڕووی خۆی گرژ دەکات کاتێك دەمبینێت، وەك بڵێیت هەڵەی من بێت بە پێی فەرمانەکان بۆ هەر کوێیەك بچێت دوای دەکەوم!).

ئافرەتە مەیخانەچییەکە بە خەباسەتەوە گوتی: ڕەوشی زەنگینەکان بەردەوام وایە!

فریشتە ڕوو ڕوونی کردەوە و گوتی: جا بۆ ئەوەیە من نەخشە بۆ ئەوە دەکێشم لەگەڵ کچەکەدا هەڵێم. بە خۆی قایل بووە. پێش تۆزێك لەوە دەکۆڵاینەوە، ئەم شەویش پلانی هەڵاتنەکە جێبەجێ دەکەین.

ئافرەتی خاون مەیخانەکە و ڤاسکیز بزەیەکیان بۆ کرد.

ڤاسکیز گوتی: (باشتر وایە با شەرابێك بنۆشین) پاشان ئاوڕی دایەوەو جگەرەیەکی پێشکەش بە فریشتە ڕوو کرد: (جگەرە دەکێشیت؟.).

ـ سوپاس، نا. باشە، جگەرەیەك وەردەگرم بۆ ئەوەی دۆستایەتیمان دەست پێ بکەین.

ئافرەتەکە سێ پەرداخی پڕ کرد لەکاتێکدا هەردووکیان جگەرەکانیان دادەگیرساند.

پاش تۆزێك فریشتە ڕوو پاش ئەوەی مەیە ئەفسووناوییەکە بە دەمارەکانی لەشیدا خولایەوە گوتی:

ـ (کەواتە دەتوانم پشتتان پێ ببەستم؟. هەرچۆنێك بووبێت، پێویستم بە هاریکاری هەردووکتانە. بەڵام پێویستە ئەوە ئەمڕۆ ئەنجام بگرێت!).

ڤاسکیز گوتی: (ناتوانم پاش یازدەی شەو بەشداری بکەم، چونکە کارەکەم ئەو کاتە دەست پێدەکات. بەڵام ئەم ئافرەتە لێرەیە ...).

ـ وس بە! ئەم ئافرەتە لە تۆ باشترە!

سەیری ئافرەتە مەیخانەچییەکەی کرد و سەرلەنوێ گوتی: وێ، (لا مسکواتا)، شوێنی من دەگرێتەوە. لە جیاتی دوو پیاوە. یان ئەگەر ئارەزوو بکەیت یەکێك لە جیاتی خۆم بنێرم، ئەم شەو یەکێك لە هاوڕێکانم لە گەڕەکی چینی بە دیدارم دەگات.

ئافرەتەکە گوتی: تۆو خوا بۆچی بەردەوام (خینارۆ ڕۆداس) لە هەموو شتێکدا بە دواتەوەیە، ئەوەی لە ئاوی گوێز هیندی دەچێت؟..

فریشتە ڕوو پرسی: ئەو ئاوی گوێز هیندیی چی دەگەیەنێت؟..

ـ لەبەرئەوەی لە مردووان دەچێت، ڕەنگی ... هەڵبزوڕکاوە!.

ـ ئەی ئەوە چی پێوەندییەکی بە ئەرکەکەی ئێمەوە هەیە؟..

ڤاسکیز گوتی: نازانم هیچ شتێکی تێدا بێت شوورەیی بنوێنێت....

ئافرەتەکە گوتی: بەڵکو شتێك هەیە شوورەییە، گەورەم داوای لێبوردنیش دەکەم کە قسەکانتان دەبڕم. حەزم نەکرد ئەوەت پێ ڕابگەیەنم، بەڵام (ڤیدینا) ژنەکەی (خینارۆ ڕۆداس) بۆ هەموو لایەکی گێڕاوەتەوە کە کیژەکەی ژەنەراڵ دەبێتە (ئەشبینە)ی منداڵەکەی کاتێك لەدایك دەبێت، جا لێرەوە دەبینیت (خینارۆ)ی هاوڕێت ئەو کەسە نییە بۆ ئەو کارە گونجاو بێت کە ئەم مسیۆیە بە نیازە ئەنجامی بدات.

ـ قسەی قۆڕ.

ـ هەموو شتێك بەلای تۆوە قسەی قۆڕە.

فریشتە ڕوو سوپاسی ڤاسکیزی کردو، ئاگەداری کردەوە، کە باشتر وایە هاوڕێکەی (ئاوی گوێز هیندی) لەو بابەتە بەشداری پێ نەکات، لەبەرئەوەی ـ وەك ئافرەتەکە گوتی ـ ناشێت بەبی لایەن دابنرێت. گوتیشی:

ـ (هاوڕێم ڤاسکیز پێم ناخۆشە ئەم جارە نەتوانیت یارمەتیم بدەیت).

ـ منیش داوای لێبوردن دەکەم کە بەشداری لە بابەتەکەدا ناکەم، ئەگەر بمزانیبایە ئەوە ئەم شەو داوای مۆڵەتم دەکرد.

ـ دەشێت کارەکە یەکلا بکرێتەوە ئەگەر لە جیاتی ئەوە هەندێك پارە بدرێت...

ـ (نا، لەوە ڕانەهاتووم، سوودی نییە). هەردوو دەستی بەرز کردەوەو هەردوو گوێی پێ داپۆشین.

ـ باشە، چار نییە. بەرەبەیان، نێزیکەی چارەکی بۆ دوو بوێت، یان یەك و نیوی بەیانی دەگەڕێمەوە ئێرە، چونکە لە بواری کاری ئەویندارییدا، دەبێت ئاسن بە گەرمی بکوترێت.

ماڵئاوایی لێ کردن لەکاتێکدا کاتژمێرەکەی دەستی بۆ لای گوێی بەرزکردەوە تا بزانێت کار دەکات یان نا ـ بەڵام لەرزینی لێدانە یەك بە دوای یەکەکەیدا مژدەی ڕووداوی خراپی بە دواوە بوو ـ پاشان خێرا ڕۆیشتە دەرەوەو ملپێچە ڕەشەکەی بە دەم و چاوە ڕەنگ پڕووکاوەکەیەوە پێچرابووەوە. سەری ژەنەراڵ و شتێکی دیکەی بە دەستەوە بوو.

(٧)

## لێبوردەیی گەورەی قەشەکان

خینارۆ ڕۆداس لە تەنیشت دیوارەکەوە ڕاوەستا بۆ ئەوەی جگەرەیەك پێ بکات. کاتێك دەنگە شقارتەکەی بە قاوغە شقارتەکەدا هێنا، (لۆسیۆ ڤاسکیز) پەیدابوو، لەو لاشەوە سەگێك لە تەنیشت پەرژینی ئاسنینی مەزارێکەوە دەرشایەوە.

(ڕۆداس) کە هاوڕێکەی بینی هەڵیدایە: (ئیبلیس دەرکەوت!)، (ڤاسکیز)یش سڵاوی لێ کردو گوتی (چۆنیت). هەردووکیان پێکەوە بەڕێ کەوتن.

ـ پیرەمێرد چۆنیت؟.

ـ بۆ کوێ دەچیت؟.

ـ ئەم پرسیارە چییە؟. دەڵێیت گاڵتە دەکەیت؟. ئەی ڕێکنەکەوتین لێرە یەکدی ببینین؟.

ـ ئا، ئا. وام زانی بیرت چووەتەوە. دوایەمین پێشهاتەکانی بابەتەکەی خۆتت بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام دەی با بڕۆین شەرابێك بخۆینەوە. دەی با لە ڕێگەی (دالانی خواوەند)ـەوە بڕۆین، تا بزانین هیچ شتێك لەوێ ڕووی نەداوە.

ـ بڕوا ناکەم هیچ شتێك لەوێ ڕووی دابێت، بەڵام ئەگەر حەز دەکەیت بارۆین. لەوەتای دەرۆزەکەرەکانیان قەدەغەکردووە لەوێ بنوون، شەوانە هیچ پشیلەیەك لەو ناوچەیە نابینرێت.

ـ ئەمە باشترە. ئەگەر پێت باشترە، با لە ڕێگەی حەوشەی کاتدرائیییەکەوە بپەڕینەوە. ئای بایەکە چەند توندە؟.

لەوەتای کۆلۆنێلْ (پارالیس سۆنرینتی) کوژراوە، پۆلیسی نهێنی بۆ یەك ساتیش ناوچەی (دالآنی خواوەند)یان جێ نەهێشتووە. بۆ پاسەوانی ئەو ناوچەیەیش دلڕەقترین و توندترین پیاویان هەڵدەبژارد.

(ڤاسکیز)و هاوڕێکەی لەم پەڕەوە بە دالآنەکەدا ڕۆیشتن و لەو سەرەوە تێپەڕین و، بە پێپلکەکەدا سەرکەوتن کە بەرەو لای کۆشکی سەرۆکی ئەسقوفەکان دەچوو و لە لای ناوچەی (سەد دەرگە)وە چوونە دەرەوە. ئەستوونەکانی کاتدرائیییەکە ئەو شوێنەیان بە سێبەری خۆیان داپۆشیبوو کە دەرۆزەکەرەکان ڕاهاتبوون تێیدا بنوون. پاچینەیەکی لە تەختەدار دروست کراویش لەوێ بوو، یەکێکی دیکەو، یەکێکی دیکەیش، ئەوەیان دەگەیاند کە نەقشسازەکان دەرگاو پەنجەرەکانی تەلارەکە نۆژەن دەکەنەوە. لە ڕاستیشدا شارەوانی پلانی ئەوتۆی بەدەستەوە بوو بۆ ئەوەی ئەوپەڕی لایەنگری خۆی بۆ سەرۆك کۆمار ڕابگەیەنێت، لەسەرووی ئەو پلانانەشەوە بۆیەکردن و چاککردنەوەی ئەو تەلارەی یەکێك لە ئەفسەرەکانی تێدا تیرۆر کرا، بە مەرجێك ئەو (تورکا)انەی (بازاڕ)ێکیان لەناوچەکەدا هەیە بەردەوام بۆنی زبلْ و پاشەرۆکی سووتاوی لێوە بەر لووت دەکەوێت، برە پارەی نۆژەنکردنەوەکە بدەن! ئەو بڕیارە توندەی کە ئەندامانی ئەنجوومەنی شارەوانی پەسەندیان کرد کاتێك بابەتی پارەکەیان ورووژاند: (با تورکەکان بیدەن، چونکە ئەوان تا ڕادەیەك لە کوژرانی کۆلۆنێلْ (پارالیس سۆنرینتی) بەرپرسیارن، لەبەرئەوەی لەو شوێنە نیشتەجێن کە ڕووداوەکەی لێ ڕوویداوە). لە ئاکامی ئەم

هەنگاوە تۆڵەسەندنەوەیەدا، بڕیارەکە وای لە تورکەکان دەکرد لە دەرۆزەکەرەکان نەدارتر بن، کە ڕاهاتبوون لەبەر دەرگاکانیاندا بنوون، ئەگەر هەندێك لە دۆستە دەستەڵات بە دەستەکانیان دەستی یارمەتییان بۆ درێژ نەکردبایەن کاتێك پارەی بۆیەکردن و پاککردنەوەکەیان داو ڕووناکییەکانی کاتدرائییەکەیان چاك کردەوە، ئەویش بە هۆی ئەو چەکانەوە بە نیوە بەها لە وەزارەتی گەنجینە کڕیبوویان.

بەڵام بوونی پۆلیسی نهێنی جێی نیگەرانی ئەو بازرگانە تورکانە بوو. لە نێوان خۆیاندا پرسیاریان لەبارەی ئەو پاسەوانییە توندەوە دەورووژاند: (ئەدی بە چەکەکان سەتڵە بۆیەی سپی نەکڕان؟. ئەدی لەسەر حسێبی ئەوان فرچەی بۆیەیان نەکڕی ئەوەندەی ڕدێنی پێخەمبەرەکانی بەنی ئیسرائیل درێژبوون؟. ئەو سووربوونەشیان پاڵی پێوەنان شیشی ئاسنین و کلیل و قفڵی دەرگەی دوکانەکانیان زۆرتر بکەن.

(ڤاسکیز) و (ڕۆداس) لەناوچەی نێزیکی (سەد دەرگا)وە داڵانەکەیان بەجێ هێشت. قرو کپی دەنگی هەنگاوە قورسەکانی قووت دان. پاش ئەوەی بڕێکی ڕێگەکەیان بڕی، ڕۆیشتنە باڕێکەوە ناوی (بێداریی شێر) بوو. (ڤاسکیز) سڵاوی لە باڕمانەکە کردو داوای بوتڵێك مەی و دوو پەرداخی کردو لەگەڵ (ڕۆداس) لەبەردەم مێزێکی ئەودیوی پەردەوە ڕۆنیشت.

(ڕۆداس) لێی پرسی: باشە، چ هەواڵێکت لەبارەی منەوە لایە؟.

ڤاسکیز پەرداخەکەی بەرز کردەوەو گوتی: بە نۆشی گیانت بێت.

ـ بە نۆشی گیانت بێت.

باڕمانەکە کە گەیشتبووە لای مێزەکەیان تا داواکارییەکانیان پێشکەش بکات، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گوتی (مسیۆیان نۆشی گیانتان بێت).

هەردووکیان پەرداخەکانیان بە یەك قوم فڕکرد.

ـ سەبارەت بەو بابەتە هیچ پێشکەوتنێك ڕووی نەداوە ..

(ڤاسکیز) لەگەڵ دوایەمین قومی پەرداخەکەیدا کە تێکەڵ بە کەفەکەی بووبوو ئەو وشانەی دەربڕی، هەروەها درێژەی دایە: (یاریدەدەری بەڕێوەبەر ناوی یەکێك لە خزمەکانی خۆی لە جیاتی تۆ داناوە، کاتێك ویستم بۆ بەرژەوەندیی تۆ دەستی تێوەر بدەم، بینیم ئەو پیسکەیان لە شوێنی تۆ دامەزراندووە).

ـ ئەی بەختی ڕەش!

ـ بەڵام کاتێك کاپتن فەرمانی شتێك دەدات دەبێت دەریاوان بەبێ دەنگی بەگوێی بکات. چەند جارم ئاگەدارکردەوە کە تۆ ئارەزوومەندیت ببیتە پۆلیسی نهێنی و، کابرایەکی ئەوتۆیت پشتت پێ دەبەسترێت. تۆ دەزانیت ڤاسکیز کێیە!

ـ ئەی چی پێ گوتیت؟.

ـ ئەوەی پێشتر پێم گوتیت: ئەو کارەیان بە یەکێك لە خزمەکانی سپاردووە، بەمەیش زمانی بەستم. ئەوەی ئێستە پێت ڕادەگەیەنم کە ئێستە چوونە ڕیزی پۆلیسی نهێنی زۆر لەو کاتە گران و دژوارترە کاتێك من چوومە ڕیزی پۆلیسی نهێنییەوە. هەموو هەڵپەیانە ببنە پۆلیسی نهێنی بەوەی کە پاشەڕۆژێکی مەزنی هەیە.

(ڕۆداس) بە شان هەڵتەکاندنێك و پلار تێگرتنێکی تێنەگیشتراو وەڵامی وشەکانی هاوڕێکەی دایەوە. کە ئامادەبوو هەموو هیواو ئاواتی ئەوە بوو کە لەو کارە دامەزرێنرابایە.

ـ بەم شێوەیە ڕەشبین مەبە. هەرکە زانیم شوێنێکی بەتاڵ هەیە ئەوە بۆ تۆ دەبێت. بە خوا، بەسەری دایکم سوێند دەخۆم، کە بۆ تۆ بێت، ئێستە بەتایبەتی پاش ئەوەی بارودۆخەکە تەنگژەی تێکەوتووە دەبێت پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆرتری پیاوان هەبێت. بۆم نەگێڕایتەوە ...؟.

کاتێك (ڤاسکیز) ئەوەی گوت، بە تووڕەییەوە ئاوڕی دەوروبەری خۆی دایەوە و درێژەی دایە:

ـ نا، زۆر بڵێ نیم، باشتر وایە بێ دەنگ بم.

ـ باشە، هیچ مەڵێ، من بایەخ بەوە نادەم.
ـ ئەوە بابەتێکی ترسناکە ...
ـ پیرەمێرد گوێ بگرە، هیچ شتێکم بۆ مەگێڕەوە. تۆ بڕوام پێ ناکەیت، ها، تۆ بڕوام پێ ناکەیت ...
ـ هاوڕێم، بەڵکو بڕوات پێ دەکەم ... چ کابرایەکی هەستوەریت!
ـ گوێ بگرە،بێ دەنگ بە، من حەز لە گومان ناکەم. تۆ لە ئافرەت دەکەیت! من داوام لێ نەکردوویت هیچ شتێکم پێ بڵێیت تا بەم شێوەیە بجووڵێیتەوە!
(ڤاسکیز) ڕاوەستا تا بزانێت کەس هەیە لەو نێزیکانە گوێیان لێ ڕادێرێت، پاشان لە (ڕۆداس) نێزیك بووەوەو بە ڕیتمێکی نزم و لەسەرخۆ پەیڤی، لەکاتێکدا ئەویش بە درژییەوە گوێی لێ ڕادەدێراو لەوە تووڕە بوو کە هەواڵەکەی تا ئێستە لێ شاردۆتەوە.
ـ نازانم ئەگەر پێم ڕاگەیاندبیت کە ئەو دەرۆزەکەرانەی شەوی کوژرانی کۆلۆنێلْ (سۆنرینتی) لە (دالانی خواوەند) دەنووستن، ئاکام ددانیان پێدا نا، بۆیە کەس نییە نەزانێت کێ (کۆلۆنێلْ)ی کوشتووە. ئەم جار دەنگی بەرزکردەوە و گوتی: (بە بۆچوونی تۆ کێ بێت؟.) پاشان دەنگی نزم کردەوە تا ڕادەیەك لەگەڵ پۆلیسی نهێنیدا بگونجێت: (کەس نییە ژەنەراڵ (ئیۆسیبۆ کانالیس)و پارێزەر (قابیل کرفخال) نەبێت؟.) ...
ـ ئەوەی ئێستە پێم دەڵێیت ڕاستە؟.
ـ ئەمڕۆ فەرمانی دەستگیرکردنیان دەرچوو. ئەوەتە ئێستە تۆ ئاگات لە هەموو شتێك هەیە.
(ڕۆداس) کەمێك هێوور بووەوە و گوتی: (کەواتە ڕووداوەکە بەو شێوەیە! ئەو کۆلۆنێلەی لەبارەیەوە دەگێڕنەوە، کە بە دەمانچەکەی دەتوانێت لە دوورایی سەد هەنگاوەوە مێشوولەیەك بکوژێت، کەس حەزی لێ نەدەکرد، هیچ دەمانچە و

هیچ شمشێرێك نەیانتوانی لەناوی ببەن، بەڵكو گەردنی چوون مریشك هەڵپڕووكێنرا، مرۆڤ دەتوانێت لەم جیهانەدا هەموو شتێك بكات ئەگەر هات و لەسەر ئەو كارە سوور بێت. ئەو بەرازە پیاوكوژە!

ڤاسكیز پێشنیازی كرد دووبارەی بكەنەوەو دوو پەرداخی دیكە (مەی)یان بۆ بێنن، بانگی كرد:

ـ دۆن (لۆچۆ) دوو پەرداخی دیكە بێنە.

(لۆچۆ)ی بارمان جارێكی دیكە هەردوو پەرداخەكەی پڕ كردنەوە. كاتێك خزمەتی كڕیارەكانی دەكرد بەروانكەیەكی ئاوریشمینی ڕەشی لەبەر دەكرد.

ڤاسكیز هاواری كرد: (پەرداخەكە هەڵدە!) پاشان تفی كردو ئەم جار لە نێوان ددانەكانییەوە گوتی: (من ڕقم لێ دەبێتەوە پەرداخێكی پڕ ببینم، ئەوە بزانە ئەگەر نایزانیت. نۆشی گیانت بێت!).

ڕۆداس نیگەرانی پێوە دیاربوو، بەڵام بە پەلە پەرداخەكەی هەڵداو لە زاری دوورخستەوە و گوتی:

ـ ئەوەی كۆڵسۆنێلی ڕەوانەی ئەو جیهان كرد ئەوەندە گەوج نییە، هەر كاتێك بووبێت، جارێكی دیكە بۆ شوێنی ڕووداوەكە بگەڕێتەوە.

ـ ئەی كێ گوتی دەگەڕێتەوە؟.

ـ چی؟.

ـ گوێ بگرە ... دەشێت هەر شتێك ڕووبدات لەكاتێكدا ئەوان دەگەڕێن ... هاهاها ...وات لێ كردم پێ بكەنم!

ـ ئەوەی تۆ دەیڵێیت شایەنی پێكەنینە. بەڵام دەڵێم مادامەكێ ئەوان دەزانن كێ كۆلۆنێلی كوشتووە، ئەوە هیچ سوودێكی نییە لە (دالانی خواوند) ڕاوەستن و چاوەڕێ بكەن تا بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستگیری بكەن... یان پێم مەڵێ ئێوە لەبەر چاوی ڕەشی توركان لێرەن؟.

ـ ئەم جۆرە گاڵتەیە مەکە!

ـ تۆیش لەم کاتە درەنگەی شەودا ئەم چیرۆکە سەیرانەم بۆ مەگێڕەوە!

ـ ئەوەی پۆلیسی نهێنی لە (دالآنی خوداوەند)دا ئەنجامی دەدەن هیچ پێوەندییەکی بە مەینەتییەکەی کۆلۆنێل (بارلیس)ـەوە نییە و تۆیش پێوەندیشی بە تۆوە نییە بیزانیت ...

ـ وەك بڵێیت هەموو شتێك دەزانیت.

ـ من ئەوە دەزانم کە مەبەستمە بیزانم.

ـ منیش پێویستە بزانم!

ـ واز لەم گاڵتەیە بهێنە. لە ڕاستیدا بوونی پۆلیسی نهێنی لە دالآنەکە پێوەندی بە تاوانەکەوە نییە. لە ڕاستیدا، نا. بیرت بۆ ئەوە ناچێت لێرە چی دەکەیت ... ئێمە چاوەڕێی پیاوێك دەکەین تووشی نەخۆشی سەگ هاری بووە.

ـ تۆو خوا!

ـ ئەو کەرەم لە یادە کە لە ڕێگەو بانەکاندا بانگیان دەکرد (دایە)؟. ئەو پیاوە درێژە لەڕو لاوازو دوو لاق چەوتەی، چوون شێت بە ڕێگەو بانەکاندا ڕای دەکرد... لە یادمە؟. بەڵی ڕاستە لە یادمە. باشە، ئێمە چاوەڕوانین ئەو کەسە بگاتە دالآنی کاتدرائییەکە، چونکە ئەوە سێ ڕۆژە شوێن بزرە. لاشەی گوللەڕێژ دەکەین....).

ڤاسکیز دەستی خستە سەر دەمانچەکەی کاتێك ئەو ڕستەیەی دواییەی لەزار هاتە دەرێ.

ـ بە خوا پیرەمێرد زەندەقت بردم!

ـ نا کابرا. ئەوەم نەگوت تا بتترسێنم. بڕوام پێ بکە، ئەوە ڕاستییەکەیە، ئەوە ڕاستییەکەیە. گازی لە ژمارەیەك خەڵك گرتووەو پزیشکەکان ڕێنوێنییان کردووە ژەمە قورقۆشمێکی بە قوڕگدا بکرێت. چی دەڵێیت؟.

ـ تۆ گاڵتەم پێ دەکەیت، بەڵام ئەو کەسە هێشتە لەدایك نەبووە کە بتوانێت فریوم بدات. پۆلیس لە (دالآنی خواوەند) چاوەڕوانی ئەو کەسەن کۆلۆنێلی کوشتووە ...

ـ خودایە، نا! چەند کەللە ڕەقیت و پێداگیری لەسەر بۆچوونی خۆت دەکەیت! ئەوان چاوەڕوانی کەڕەکە دەکەن، وەك پێم گوتیت کەڕەکە، ئەو کەڕەی تووشی هاربوون هاتووە و ژمارەیەك خەڵکی گەستووە! دەتەوێت ئەوەت دووبارە بە گوێدا بدەمەوە؟.

❊ ❊ ❊

گێلەکە بە ڕێگەکەدا لاشەی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا، بە دەستی ژان و ئازاری برینەکانییەوە ئاخ و ئۆفی بوو، جاروبار لەسەر هەرچوار پەلی، پێچاوپێچ، دەڕۆیشت و بە نووکی هەردوو پێی لاشەی خۆی پاڵ دەدا، سکی بە تاوێرەکانی دەخوراند، هەندێك جار پشتی بە لاقە دروستەکەی و قۆڵەنیسکێکی دەبەست، لەکاتێکدا ژان و ئازاری قەبرغەی ئوقرەی لێ بڕیبوو. ئاکام، گۆڕەپانەکەی لێوە دەرکەوت. بایەکە درەختەکانی باخچەکەی دەلەراندەوە و دەنگێکیان لێ بەرز دەبووەوە لە هاواری داڵەکان دەچوو. ترس باڵی بەسەر گێلەدا کێشا تەنانەت ماوەیەك بوورایەوە، ژانەکەی گەیشتە زمانی کە وشك و ئەستوور بووبوو دەتگوت ماسییەکە فڕێ درابێتە ناو خۆڵەمێشەوە، هەردوو ڕانی ئارەقەیان لێ دەچۆڕا، هەنگاو هەنگاو بەرەو (دالآنی خواوەند) سەرکەوت، چوون پشیلەیەك لەگیانەڵادا بێت، لاشەی خۆی کردە کێش، پاشان لە لایەکی سێبەرەوە، زار تەرەکیو، چاو ئەبڵەق، پاڵی دایەوە، پەڵە خوێن و قوڕ بەسەر جلە شڕەکانییەوە وشك بووبوونەوە. بێ دەنگی تێکەڵ بە ترپەی پێی هاتوچۆکەرانی ئەم کاتە درەنگەو، تەق و تۆقی تفەنگی پاسەوانەکان و دەنگی سەگە بەرەڵاکان دەبوو، کە بە هەنگاوی سست

دەڕۆیشتن و لووتیان ڕوو لە عەرد بوو، لەناو وردە کاغەز و گەڵای درەختەکاندا کە ڕەشەبا بەرەو (دالانی خواوەند) باڵی دابوونەوە، بە دوای ئێسکێکدا دەگەڕان.

(لۆچۆ) هەردوو پەرداخە گەورەکەی پڕ لە مەی کردەوە، لەو جۆرەی بە پەرداخە دوو چینەکە ناوی ڕۆیشتتوە. ڤاسکیز بە ڕیتمێکی لە ئاسایی توندترو بە چەند دەربڕینێك، کە دوو جار تف کردن ڕایگرت، گوتی: (بۆچی بڕوام پێ ناکەیت؟. ئەی پێم نەگوتیت لە نێزیکەی کاتژمێر نۆی ئەم ئێوارە ـ یان نۆو نیو ـ بەر لەوەی لێرە بە دیداری تۆ بگەم، ئەویندارییم لەگەڵ (لامسکواتا)ی خاوەنی مەیخانەی (دوو هەنگاو = لۆتۆ ـ تیپ)دا دەکرد، کاتێك لاوێك خۆی بە مەیخانەکەدا کردو داوای پەرداخێك بیرەی کرد. پاش ئەوەی پەرداخەکەی بۆ هێنا، داوای پەرداخێکی دیکەی کردو بانکەنۆتێکی سەد بیزۆیی پێ دا. ئەویش وردەی نەبوو، چووە دەرەوە بە دوای وردەدا بگەڕێت، بەڵام من بە تەواوەتی چاودێریم خستە سەر، چونکە هەرکە هاتە ژوورەوە، مەزەندەی مەترسیم لێ بەدی کرد. وەك بڵێیت پێشتر پێشبینیم کردبێت! ئەبوو کیژێك لە خانووەکەی بەرانبەرەوە هاتە دەرەوە، دوو هەنگاوی نەهاویشتبوو کاتێك لاوەکە چووە دەرەوەو خۆی پێڕا گەیاند. بەڵام لەوە پتر شتی دیکەم نەبینی، چونکە لەو کاتەدا (لامسکواتا) لەدەرەوە گەڕایەوە، بۆیە دەبوو ـ وەك دەزانیت ـ سەرلەنوێ دەست بە ئەویندارییم لەگەڵ بکەمەوە ...

ـ ئەی سەد بیزۆکە چی بەسەرهات ...؟.

ـ چاوەڕوان بە، هەموو شتێکت بۆ باس دەکەم: من و ئەو تێکگیرابووین، کاتێك لاوەکە گەڕایەوە تا پاشماوەی پارەکەی وەربگرێتەوە، بینیمی (لامسکواتا)م لە ئامێز گرتووە، ئەو کات نهێنییەکەی خۆی ئاشکراکردو پێی ڕاگەیاندین کە کیژەکەی ژەنەراڵ (کانالیس)ی خۆش دەوێت و بیر لەوە دەکاتەوە ئەگەر کرا هەردووکیان هەر ئەم شەو پێکەوە هەڵبێن. ئەو کیژەی لە خانووەکە هاتە دەرەوە

کیژی خودی ژەرنەراڵ (کانالیس) بوو. نازانیت چەندە زۆری لێ کردم لەو پلانەیدا یارمەتی بدەم، بەڵام نەمدەتوانی هیچ شتێك بکەم لە کاتێکدا ئەو ئەرکەی (دالآنی خواوەند)م پێ ڕاسپێررابوو.

ـ ئای چ بەسەرهاتێکە!

(ڕۆداس) بە تف کردنێك تێبینی خۆی لەسەر ئەوە دەربڕی:

ـ شتی سەیر ئەوەیە چەندین جار ئەو لاوەم لە کۆشکی سەرۆك کۆمار بینیوە.

ـ دەبێت یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەی بێت.

ـ نا، ناشێت لە هەمان ڕچەڵەك بێت. ئەوەی من دەمەوێت بیزانم ئەوەیە، بۆچی پەلەی دەکرد لە هەمان ئەو شەوەدا کیژەکە هەڵبگرێت؟. دەبێت شتێك سەبارەت بە دەستگیرکردنی ژەنەراڵ بزانێت و کار بۆ ئەوە بکات ئەو کاتە هەڵیبگرێت کە سەربازەکان بە دەستگیرکردنی پیرەمێردەکەوە سەرقاڵن.

ـ قسەکەت تەواو دروستە، ئەوە هیچ گومانێك هەڵناگرێت.

ـ پەرداخێکی دیکەی بچووك، پاشان هەڵدەستیت کارەکە ڕاپەڕێنیت.

(لۆچۆ) هەردوو پەرداخی هەردوو هاوڕێکەی پڕ کردەوە، ئەوانیش یەکسەر فڕیان کرد.

تفیان کردە سەر بازنەی تفەکان و ئەو قونگە جگەرانەی شوێنەکەیان داپۆشیبوو.

ـ دۆن (لۆچۆ) پارەکەت چەند دەکات؟.

ـ شازدە قورش و نیو ...

(ڕۆداس) پرسیاری کرد: هەر یەکەمان ...؟.

بۆیەکە وەڵامی دایەوە: (نا، هەردووکتان) لەکاتێکدا ڤاسکیز پارەکەی دەژمارد.

ـ دۆن (لۆچۆ) خوات لەگەڵ.

ـ دۆن (لۆچۆ) بە ساغ و سەلامەتی بتبینینەوە.

دەنگی هەردووکیان تێکەڵ بە دەنگی بۆیەکە بوو کە تا دەرگاکە بەگەڵیان کەوت و بەڕێی کردن.

کاتێك چوونە دەرەوە،(ڕۆداس) دەستی خستە گیرفانی پانتۆڵەکەیەوە و گوتی: (دەی، سەرماکە زۆر سەختە).

لەسەرخۆ ڕۆیشتن تا گەیشتنە دوکانەکانی نێزیك بەندیخانەکە، لەو لایەوە کە دەڕوانێتە سەر (دالانی خواوەند). لەوێ لەسەر پێشنیازی ڤاسکیز ڕاوەستان. هەستی بە شادومانی دەکرد. هەردوو بازووی بۆ پێشەوە درێژ کرد وەك بڵێیت خۆی لە بارێك سستی قوتاربکات، خۆی درێژکردەوە و گوتی: (بەڕاستی ئەمە وریابوونەوەی شێرە، بە قژە وەرچەرخاوەکەی پێشەوەی! دەبێت شێر زۆر ماندوو بێت لەپێناوی ئەوەی شێر بێت. ها، کابرا کەمێك دڵخۆش بە، نەك لەبەرئەوەی ئەم شەو شەوی منە. ئەم شەو شەوی منە. پێت دەڵێم، ئەم شەو شەوی منە!).

بەهۆی گوتنەوەی ئەم وشانەوە هەر جارەو بە ڕیتمێکی توندتر، وا دەهاتە پێش چاو کە شەو بکاتە دەفێکی ڕەش بە زەنگۆڵەی زێڕین ڕازێنرابێتەوە، وەك بڵێیت لەناو ڕەشەبادا تەوقە لەگەڵ هاوەڵ و برادەری نادیاردا بکات، وەك بڵێیت بانگی (قەرەگوێز) بکات کە نیشتەجێی خانوویێکی دالانەکەیە بۆ ئەوەی بە خۆی و بوکلە دارینەکانییەوە لە بەردەمیدا نمایش بکەن و ختۆکەی بدەن تا لە قاقای پێکەنین بدات ..پێکەنی و ... پێکەنی و ... کۆشا چەند هەنگاوێکی سەمائامێزانە بهاوێت و هەردوو دەستی لە گیرفانی بەرسینگەکەیدا بوون، پاشان لەناکاو پێکەنینەکەی پچڕی و بوو بە ئاه و ناڵەو، شادومانییەکەی بوو بە ژان و ئازار. پشتی چەماندەوە بۆ ئەوەی زاری لە هەڵهێنجانی گەدەی بپارێزێت. لەناکاو بێ دەنگ بوو، پێکەنینەکەی لە زاریدا وشك بوو وەك ئەو گەچەی پزیشکانی ددان بۆ پێوانەی قەوارەی ددان بەکاری دەهێنن. گێلەکەی بینی و، دەنگی ترپەی پێی لەناو

دالأنە کپ و ماتەکەدا دەنگی دایەوەو، تەلارە کۆنەکە، دوو ئەوەندە، هەشت ئەوەندە، دوازدە ئەوەندە بلّندتری کردەوە. گێلەکە، چوون سەگێکی بریندار، دەینکاند، جارێك لەسەرخۆ، جارێك بە دەنگی بەرز. لە تاریکی و نووتەکیی شەودا هاوارێك بەرزبووەوە، (ڤاسکیز) دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو، لە گێلەکە نێزیك بووەوە، تا بە قاچە بریندارەکەی بەرەو لای سەرەتای ئەو پێپلکەیەی ڕابکێشێت کە بەرەو لای کۆشکی گەورەی قەشەکان دەچێت. (ڕۆداس) ڕووداوەکەی بینی بێ ئەوەی بجوولێتەوە، هەناسە بڕکێی بوو و نغرۆی ئارەقە بووبوو. لەگەڵ یەکەمین گوللەی دەمانچەکەدا گێلەکە بەسەر پاچینەی پێپلکەکەدا غلۆر بووەوە. لەگەڵ دووەمین گوللەدا گیانی دەرچوو. لەنێوان هەردوو گوللەکەدا تورکەکان خۆیان گرژکردەوە. کەس هیچ شتێکی نەبینی. بەڵام پیاوێکی پیرۆز لە یەکێك لە بالکۆنەکانی کۆشکی گەورەی قەشەکانەوە سەری دەرهێنابوو، یارمەتی پیاوە کولۆڵەکەکەی دەدا لەکاتی گیانەڵایدا. لەو ساتەی جەستەی بەسەر پێپلکەکەدا غلۆر بووەوە، دەستێك کە ئەموستیلەیەکی مرواری لە پەنجەدا بوو، بۆی درێژکرایەوەو لێ خۆشبوونی پێ بەخشی و دەروازەی جیهانی ئاسمانی بۆ کردەوە.

(٨)

## قەرەگوێزی دالانەکە

هەرکە تەقەی هەردوو گوللەکە بەرگوێکەوت، هاواری گێلەکە بەرزبووەوە و ڤاسکیزو هاوەڵەکەی هەڵاتن، ڕێگە و بانەکان بە شێوەیەك هاتنە پێش چاو وەك بڵێیت یەك بە دوای یەکدیدا هەڵدێن و، لەژێر تریفەی مانگەشەودا سرپەی جلوبەرگ داپۆشین، ئەویش بێ ئەوەی بزانن چی ڕووی داوە، لەکاتێکدا درەختەکانی گۆڕەپانەکە نائومێدانە مشتیان نوقاند چونکە ناتوانن ئەوەی ڕووی دا بدرکێنن، نە بە هۆی ئەو ڕەشەبایەوە کە بەناو گەڵاکانیاندا تێدەپەڕن و نە بە هۆی دارتێلی تلەفۆنەکانەوە کە لەناو جەرگەیدا قوت بوونەتەوە. ڕێگەوبانەکان سەریان لە چوارڕیانەکانەوە دەرکرد و سەبارەت بەو شوێنە پرسیاریان لە یەکدی دەکرد کە تاوانەکەی تێدا ڕووی دا، پاشان هەندێکیان بەرەو ناوجەرگەی شار تێیان تەقاندو هەندێکی دیکەشیان بەرەو دەوروبەری شار، وەك بڵێیت ڕێیان ون کردبێت. نا، تاوانەکە لە (گەڕەکی جووەکان) ڕووی نەداوە کە گەڕەکێکی بازنەیی و پێچاوپێچە، وەك بڵێیت بە دەستی هونەرمەندێکی شێوەکاری سەرخۆش دروست کراوە، نەیش لە گەڕەکی (ئەسکوینتیلا) کە ڕۆژگارێك ناوبانگی دەرکردبوو، کاتێك هەندێك لە گەنجەکان لە نەوەیماڵباتە ڕەسەنەکان، ڕۆژگاری ئەسپ

سوارییان تێدا زیندوو دەکردەوە، کاتێك شمشێرەکانیان دەکردە جەستەی پۆلیسە بەرتیل خۆرەکاندا، نەیش لە (گەڕەکی پاشا) کە سەرکێشەکان لێی دەترسێن و دەڵێن کەس ناتوانێت پێیدا بگوزەرێت بێ ئەوەی سڵاو لە شا نەکات، نەیش لە(گەڕەکی سانت تیریزا)، کە تەپۆڵکەیەکی لێژە بە گەڕەکێکی تۆقێنەردا تێدەپەڕێت، نەیش لە (گەڕەکی کەروێشك)و نەیش نێزیك بە ئاوپرژێنەکەی (هاڤانا)و نەیش لە (پێنج شەقامەکە)و نەیش لە گەڕەکی (مارتینیك).

بەڵکو تاوانەکە لە (گۆڕەپانی سەرەکی)دا ڕووی داوە. لەو شوێنەی بەردەوام ئاو لە تەوالێتە گشتییەکان ڕاناوەستێت، وەك بڵێیت فرمێسکی لانەوازانە، لەو شوێنەی پاسەوانەکان واز لە نمایش کردنی چەکەکانیان ناهێنن و شەویش لەژێر گومەزی بەفرینی ئاسماندا بە دەوری کاتدرائییەکەدا دەخولێتەوە. ڕەشەبایش گڤەی دەهات وەك بڵێیت قوڵە قوڵی ئەو خوێنەیە لە چەناگەیەکەوە دەتکایە خوارەوە بە گوللە بریندار بووبێت، بەڵام نەیتوانی ئەو گەڵایانە لێکاتەوە دەستبەرداری لق و پۆپی درەختەکان نەدەبوون.

لەناکاو دەرگای خانوویێکی (دالانی خواوەند) کرایەوە، (قەرەگوێز) چوون مشك سەری لێ هێنایە دەرەوە، ژنەکەی، وەك چۆن کیژێکی بچووکی تەمەن پەنجا ساڵی حەز دەکات زانیاری لەباری ڕووداوەکەوە بزانێت، پاڵی پێوە نا بچێتە ناو شەقامەکەو بزانێت چی ڕوودەدات و ئەوەی بۆ بگێڕێتەوە، کە ڕوودەدات. چی ڕوویدا؟. ئەو دوو گوللەیە چی دەگەیەنێت؟. کە یەك بە دوای یەکدا تەقین؟. قەرەگوێزەکە بایەخی بەوە نەدا بە فانیلە و دەرپێ قوتەوە بچێتە بەر دەرگە بۆ ئەوەی ئارەزووەکانی خاتوو بنجامبۆن دامرکێنێتەوە، وەك ئێستە ناوی ژنەکەی پێ بانگ دەکەن (ڕەنگە لەبەرئەوەی ناوی خۆی بنیامین)ـە، بۆی دەرکەوت کە ژنەکەی ڕاست دەکات کاتێك ئارەزووی ئەوەی دەکرد بزانێت ئایە یەکێك لە

تورکەکان کوژراوە یان نا، تا ڕادەیەك هەر دە نینۆکی وەك نەقیزە چەقاندە پەراسووی تا پاڵی پێوە بنێت چەند یتوانێت سەری زۆرتر بباتە دەرەوە.

ـ بەڵام ئافرەت هیچ شتێك نابینم! پێشبینی چی بکەم تا پێت بڵێم. ئەم سووربوونەت لە پای چییە؟.

ـ چی دەڵێیت؟. ئایە ڕووداوەکە لە گەڕەکی تورکەکان ڕوویداوە؟.

ـ پێت دەڵێم من هیچ نابینم، ئەم هەموو پێداگیری و سووربوونەت ...

ـ تۆو خوا قسەکەت ڕوون بکەوە!

قەرەگوێزەکە کاتێك ددانە دەستکردەکانی دادەکەند تا قسە بکات، دەمی بۆ ئەم لاو ئەو لا دەجووڵاندەوە وەك بڵێیت بڵقێکی پڕ لە بابێت.

ـ ئای، بەڵێ، من ئێستە دەبینم! کەمێك چاوەڕوان بە. من دەبینم بزانم چییە. ئافرتەکە بە نیوچە چرپەیەکەوە گوتی: بەڵام بنیامین، ئەوەی دەیلێیت هیچ وشەیەکی لێ تێناگەم. ئایە دەزانیت. ئەوەی دەیلێیت ناتوانم یەك وشەی لێ تێبگەم!

ـ ئێستە دەبینم، ئێستە دەبینم. کۆمەڵێك خەڵك لە نێزیك کۆشکی گەورەی قەشەکان گردبوونەتەوە.

ـ لە دەرگاکە دوور بکەوەرەوە ئەگەر هیچ نابینیت. هیچ سوودێکت نییە! ئەوەی دەیلێیت هیچ شتێکی لێ تێناگەم.

مسیۆ بنیامین جێگەکەیەکی بۆ ژنەکەی کردەوە. کە لەبەر دەرگاکە قژی گژ بووبووەوەو مەمکێکی لە کراسە زەردە پەمووییەنەکەیەوە شۆڕ بووبووەوەو، ئەوەکەی دیکەی بە وێنەکەی مریەمەوە گیربووبوو، کە بە دەرگەکەوە هەڵواسرابوو.

دوایەمین قسەی مسیۆ بنیامین قەرەگوێز ئەوەبوو: ئای... دارەتەرم ئاماد دەکەن!

ـ ئای، باشە، ڕووداوەکە لەوێیە نەك لە گەڕەکی تورکان وەك پێشبینیم دەکرد. بنیامین بۆچی لەسەرەتاوە وات نەگوت؟. باشە، لەبەر ئەوەبوو دەنگی گوللەکان نێزیك بوو.

قەرەگوێزەکە گوتی: بنوارە، نابینیت دارەتەرم ئامادە دەکەن؟. دەنگی وا دەهاتە بەر گوێ کە لە پشتەوەی ژنەکەیەوە دەپەیڤی وەك بڵێیت لە ناخی زەوییەوە دێت.

ـ بێ دەنگ بە! نازانم باسی چی دەکەیت. باشتر وایە بچیت و ددانە دەستکردەکانت بخەیتە دەمتەوە. چونکە بێ ئەو ددانانە دەڵێیت بە زمانی بیانی دەپەیڤیت!

ـ گوتم بینیم دارەتەرم ئامادە دەکەن.

ـ نا ئێستە ئامادەی دەکەن؟.

ـ نا کیژە خۆشەویستەکەم، پێشتر لەوێ بوو!

ـ پێت دەڵێم ئێستە ئامادەی دەکەن، خۆ کوێر نیم.

ـ نازانم، بەڵام بینیمن...

ـ چیت بینی؟. دارەتەرمەکە؟.

مسیۆ بنیامین باڵای لە مەترێك تێناپەڕێت، کابرایەکی باریکەڵە، تووکن چوون شەمشەمەکوێرە، لە پشتی (بنجامبۆن)ی هاوسەرییەوە ئەو خەڵکەو پۆلیسەکانی نەدەبینی چی دەکەن، کە ژنێکی زۆر قەڵەو بوو، لەناو پاسی ترامدا پێویستی بە دوو کورسی دەکرد: هەر کورسی و بۆ یەك ڕانی و، بۆ یەك عەزیەیش حەوت مەتر پارچە قوماشی پی دەویست.

مسیۆ بنیامین بۆ ئەوەی خۆی لە ڕەوشی ئەم مانگ گیرانە تەواوەتییە قوتار بکات گوتی: (بەڵام ئێستە بە تەنیا دەنواڕیت).

وەك ئەوەی گوتبێتی : (دەرگەکە بکەرەوە). خاتوو بنجامبۆن وەك چیا بەو لادا وەرچەرخایەوەو بە هەردوو دەست گرتی و هاواری کرد: (بۆ خاتری مریەم ئەوەتە من بەرزت دەکەمەوە تا ببینیت!) وەك منداڵ هەڵیگرت و بەرەو لای دەرگاکەی برد.

قەرەگوێزەکە تفێکی کەسك و ئەرخەوانی و پرتەقاڵی و لە هەموو ڕەنگێکی کرد. کاتێك لەقەی لە سینگ و سکی ژنەکەی دەدا، چوار پیاوی سەرخۆش لە ئەوپەڕی گۆڕەپانەکەوە تێدەپەڕین و تەرمی گێلەکەیان بەسەر دارەتەرمێکەوە هەڵگرتبوو. خاتوو بنجامبۆن نیشانەی خاچی کێشا. بۆیە تەوالێت (ئاودەست)ـە گشتییەکان بۆ مردووەکە دەگریان، ڕەشەبایش چوون دەنگی داڵ بەنێو درەختە ڕەنگ زەردو خاکییەکانی باخچەکەدا گڤەی دەهات.

قەرەگوێزەکە کاتێك هەردوو قاچی گەیشتنەوە عەرد هەڵیدایە: (دەبوو ئەو قەشەیەی لێکی مارە بڕین بیگوتایە پەرستارێکت پێ دەدەم نەك کارەکەر، نەفرەتی لێ بێت!).

نیوە شیرینەکەی بواری دایە بدوێت، دەربڕینی (نیوە شیرینەکە)ی لێرەدا دەربڕینێکی گونجاو نییە، ئەوە وەك گندۆرە وایە، ئەگەر وی نیوەی ئەو پرتەقاڵە بێت کە بە دوای نیوەکەی دیکەیدا بگەڕێت، بۆیە ژنەکە بواری دایە بدوێت، بە هۆکارێك کە پشکێکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هیچ وشەیەك تێ ناگات لەو قسانەی دەیانکات کاتێك ددانە دەستکردەکانی دادەکەنێت، پشکەکەی دیکەیشی لەبەر ئەوەیە ڕێزی دەگرێت.

پاش تێپەڕبوونی پازدە خولەك، خاتوو بنجامبۆن خەوی لێ کەوتبوو، وەك بڵێیت کۆئەندامی هەناسەدانی لەناو ئەم بەرمیلە گۆشتەدا لە پێناوی ژیاندا دەخەبتێت، لەکاتێکدا مێردەکەی هێشتە نەفرەتی لەو ڕۆژە دەکرد تێیدا مارەی بڕی و بریسکەی ئاگر لە چاوی دەردەپەڕی.

بەڵام ئەو ڕووداوە نائاساییە سوودی بە شانۆی بووکە شووشەکان گەیاند کە ژیان و گوزەرانی دابین دەکات. چونکە بووکە شووشەکان ئەو کارەساتەیان کردە بابەتی خۆیان و، بە هۆی تۆڕێکی لوولەی زۆر بچووکەوە لە حەزێکەوە بە پەمپێك ئاویان بۆ دەهات، دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکیان لە چاوە کاغەزینەکانیانەوە دەڕشت. تا ئەو کاتەیش بووکە شووشەکان جگە لە پێکەنین هیچی دیکەیان نەدەزانی، ئەگەر بشگریابان ئەوەیان بە نێوچاو درژکردنێکی بزەی دوور لە ڕەوانبێژیانە دەکرد کە فرمێسك دەیبەخشێت، ئەو فرمێسکانەی ئێستە بەسەر گۆنایاندا دادەبارێن و بەسەر تەختەی شانۆکەدا شۆڕ دەبنەوە کە پێشتر شوێنی زۆر بابەتی گاڵتەجاڕی و پێکەنیناوی بووە.

مسیۆ بنیامین لەو بڕوایەدا بوو کە ڕەگەزی تراژیدیانەی ئەو درامایانە پاڵ بە منداڵانەوە دەنێت بگرین، کەچی زۆری سەرسوڕما کاتێك بینی لە ناخی دەروونیانەوە پتر لە هەر کاتێکی دیکە پێدەکەنین و، لە قاقای پێکەنینیان دەدا و نیشانەی کامەرانییان بە ڕوخسارەوە دیاربوو. دیمەنی فرمێسکەکان منداڵانی دەهێنایە پێکەنین. هەروەسا دیمەنی لێدانیش دەیهێنانە پێکەنین.

مسیۆ بنیامین لەوەوە دەرەنجامێکی هەڵهێنجا:

ـ ئەمە ڕێی تێ ناچێت. هەرگیز ڕێی تێ ناچێت!

خاتوو بنجامبۆن بەرهەڵستی کرد: ڕێی تێ دەچێت. زۆر ڕێی تێ دەچێت.

ـ ڕێی تێ ناچێت. ڕێی تێ ناچێت. ڕێی تێ ناچێت!

ـ زۆر ڕێی تێ دەچێت. زۆر ڕێی تێ دەچێت. زۆر ڕێی تێ دەچێت.

مسیۆ بنیامین ئاماژەیەکی دایە: کارێکی وا مەکە تێك بگیرێین.

ئەویش گوتی: کارێکی وا مەکە تێك بگیرێین.

ـ بەڵام ئەمە ڕێی تێ ناچێت.

- ڕێی تیٚ دەچێت، بۆت دووپات دەکەمەوە، زۆریش ڕێی تیٚ دەچێت، زۆر ڕێی تیٚ دەچێت!

خاتوو بنجامبۆن کاتێك لەگەڵ مێردەکەیدا تێك دەگیرا، شێوازی زێدەڕۆیی بەکاردەهێنا، وەك بڵێیت ئەو دەرچانە بن کە ناهێڵن تەقینەوە ڕووبدات.

قەرەگوێزەکە، کە ئەوەندە تووڕەبوو خەریکبوو قژی خۆی ڕاکێشێت، هاواری کرد:

- ڕێی تیٚ ناچێت!

- ڕێی تیٚ دەچێت، ڕێی تیٚ دەچێت، زۆر ڕێی تیٚ دەچێت. زۆر ڕێی تیٚ دەچێت.

لەگەڵ ئەوەیشدا، قەرەگوێزە فیسقنەکە ماوەیەکی زۆر فێڵی فرمێسکی پەمپەکەی بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی وا بکات بووکە شووشەکان بگرین تا منداڵەکان کاتی خۆش بەسەر ببەن.

(٩)

## چاوێکی شووشەیین

دوکانە بچووکەکانی شار هەرکە سەرەتای شەو دابهاتایە دەرگاکانیان دادەخست، پاش ئەوەی بە فرۆشەکانی ئەو ڕۆژەدا دەچوونەوەو ڕۆژنامەکانیان وەردەگرت و دوایەمین کڕیاریان بەڕێ دەکرد. چەند گرووپی هەرزەیش هەبوون لەسەر شۆستەی ڕێگەکان بە ڕاونانی مێرووە باڵدارەکان کاتیان بەسەر دەبرد کە بە چواردەوری ئەستوونەکانی کارەبادا دەخولانەوە. هەر مێروویێکیان بگرتایە تووشی زنجیرەیەك ئەشکەنجە دەبوو. بە تایبەتی لەلایەن شەڕخوازەکانیانەوە، چونکە کەسێکیان تێدا نەبوو کەمێك بەزەیی لە دڵدا بێت و پێ بەسەر ئەو گیاندارانەدا بنێت و خێرا کۆتایی بە ژیانیان بهێنێت. لە پەنجەرەکانیشەوە کیژان دەبینران لەگەڵ دڵدارەکانیاندا، کە لە ڕێگەکاندا ڕاوستابوون، ڕازو نیازو سکاڵای ئەوینداریيان دەگۆڕییەوە، لەکاتێکدا چەند مەفرەزەیەکی چەکدار بە نێزەی سۆنکی یان دار لە شەقامە هێوورەکاندا دەبینران بە ڕیزی تاك تاك لەسەر ڕیتمی هەنگاوی بەرپرسەکەیان دەڕۆیشتن. لەگەڵ ئەوەیشدا ئێواران هەبوون هەموو شتێکیان تێدا جیاواز بوو: ئەوەبوو ئەشکەنجەدەرەکانی مێرووە باڵدارە ئاشتیخوازەکان چەند یارییەکی شەڕکردنیان دەکرد و دەستیان بە شەڕ دەکرد، تا چەك و گوللەیان

هەبووایە شەڕەکەیان درێژەی دەخایاند، چونکە ئەو شەڕکەرانە نەیاندەویست یارییەکەیان ڕابگرن مادامەکێ بەردێکی زۆریان لە ڕێگەکە چنگ دەکەوێت. هەرچی دڵدارەکانە ئەوە لەناکاو دایکی کیژەکە دەردەکەوت و کۆتایی بەو نمایشە ئەویندارییە دەهێناو دڵدارە دڵسووتاوەکەی ڕاو دەنا بە شەقامەکاندا هەڵێت و شەپقەکەی بە دەستەوە بێت وەك بڵێیت ئیبلیس دوای کەوتبێت. هەندێك جاریش مەفرەزەی پاسەوانی تووشی بە تووشی هاتوچۆکەرێکەوە دەبێت و لە تەوقی سەری تا پەنجەی پێی دەپیشکنێت و ڕەوانەی بەندیخانەی دەکات، تەنانەت ئەگەر چەکیشی پێ نەبێت، لەبەرئەوەی کابرایەکی گومان لێکراوو، ئاوارەو، پیلانگێڕە، یان وەك بەرپرسی مەفرەزەکە دەڵێت (لەبەرئەوەی ڕواڵەتیم بەدڵ نییە).

لەو کاتانەی شەودا، گەڕەکە هەژارەکان، مۆرکی گۆشەگیری تەواوو، نەداری بێ سنوورو، ڕواڵەتی پشت گوێ خستنیان پێوە دیارە، هەمموو ئەمەیش چارەنووسسازییەکی ئایینی باڵی بەسەردا کێشاوە کە هەموو شتێك بۆ ویستی خواوەند دەگێڕێتەوە. گۆمی باراناوەکان وێنەی مانگیان لەسەر ڕووی عەرد پیشان دەدا، ئاویش لە بۆڕییەکانی ئاوی خواردنەوەوە دەڕژان و کاتە کۆتایی نەهاتووەکانی گەلێکیان دەپێوا کە بڕوای بەوە هێناوە کۆیلایەتی و سەرشۆڕی بەسەردا سەپێنراوە.

(لۆسیۆ ڤاسکیز) لە یەکێك لە گەڕەکە نەدارەکاندا هاوەڵەکەی بەڕێ دەکرد. چاوێکی لێ قرپاند کە نیشانەی نهێنی نەدرکانەو گوتی: خینارۆ خوات لەگەڵ. دەڕۆم تا بزانم ماوە بە دەستەوە ماوە لە ڕفاندنی کیژەکەی ژەنەراڵدا یارمەتی پێشکەش بکەم.

خینارۆ تۆزێك قیت لە شوێنەکەی خۆی ڕاوەستا ئەو دەربڕینە سەرگەردانییەی کەسێکی بە ڕوخسارەوە دەبینرا لەوە دوودڵ بێت دوایەمین دەربڕین بە هاوەڵەکەی

بڵێت! پاشان ڕووی کردە خانوویێکی ئەو گەڕەکە، کە نیشتەجێی شوێنێك بوو لەناو دوکانێکدا ڕێکیخستبوو، لە دەرگای دا.

دەنگێك لە ژوورەوە گوتی: کێیە؟. کێ لە دەرگە دەدات؟..

خینارۆ سەری نزم کردەوە وەك بڵێیت قسە بۆ کابرایەکی زۆر کورت بکات:

ـ منم.

ئەو ئافرەتەی دەرگاکەی کردەوە گوتی: تۆ کێیت؟.

هاوسەرەکەی (ڤیدینا دی ڕۆداس) مۆمەکەی تا ئاستی سەری مێردەکەی بەرز کردەوە تا دەم و چاوی ببینێت. قژی بژبووبووەوە، جلی نووستنی لەبەربوو.

کاتێك خینارۆ چووە ژوورەوە، مۆمەکەی نزم کردەوە و بە دەنگێکی بەرز کێلوونی دەرگەکەی گێڕایەوە شوێنی خۆی و ڕووی کردە ژووری نووستن بێ ئەوەی وشەیەکی لە زار بترەکێ. پاشان مۆمەکەی لەبەردەم کاتژمێرەکەدا دانا تا ئەو خوانەناسە ببینێت چ کاتێکی درەنگ گەڕاوەتەوە ماڵەوە. ڕاوەستا بۆ ئەوەی یاری لەگەڵ ئەو پشیلەیەدا بکات لەسەر سەکۆکە نووستبوو و ویستی گۆرانییەکی خۆش بچڕێت.

(ڤیدینا) لە کاتێکدا هەردوو پێی دەخوراند پێش ئەوەی بچێتە ناو جێگەکەوە هاواری لێ بەرزبووەوە:

ـ چی وای لێ کردوویت ئەوەندە دڵت خۆش بێت؟.

خینارۆ خێرا لای دوکانە تاریکەکەوە وەڵامیدایەوە، لە کاتێکدا لەوە دەترسا ژنەکەی هەست بەو لەرینەوەی نیگەرانییە بکات بە دەنگییەوە دیارە: هیچ.

ـ ئێستە زۆرتر لە پێشوو چاوت بەو پیاوە پۆلیسە دەنگ ئافرەتینە دەکەوێت.

خینارۆ قسەکەی پێ بڕی لەکاتێکدا بەرەو ژووری پشتەوە دەڕۆیشت کە لێی دەنووستن و شەپقە خورییەکەی بە بەردەم هەردوو چاویدا شۆڕ بووبووەوە: نا.

ـ درۆزن! ئەوە تۆزێکە بەجێت هێشتووە! ئای، من دەزانم لەبارەی چییەوە قسە دەکەم، پیاوێك بە دەنگێکی ناسك (ژنانی) قسان بکات، نە کەڵەشێرو نە مریشکە ـ وەك ئەو هاوڕێیەت کە ناشێت هیچ سوودێکی لێ وەچنگ بکەوێت. تۆ لەبەر ئەوە هاوڕێیەتی دەکەیت تا لە پۆلیسی نهێنی وەربگیرێیت. ئەو گرووپە دڕندە تەمبەڵانە! ئەوانەی کە دەبێت شەرم لەخۆیان بکەن!

خینارۆ بۆ ئەوەی ئاراستەی بابەتەکە بگۆڕێت کراسێکی بچووکی لە سندووقێکەوە دەرهێناو پرسیاری کرد: ئەمە چییە؟.

(ڤیدینا) کراسەکەی لە دەستی مێردەکەی وەرگرت وەك بڵێیت ئاڵایەکە لە ئاڵاکانی ئاشتی و، لەسەر نوێنەکەی دانیشتبوو، بە حەماسەتەوە دەستی بە گێڕانەوە کرد، کە ئەوە کیژەکەی ژەنەراڵ کانالیس بەدیاری بۆی هێناوە، کە دایکەکە داوای لێ کردووە ئەگەر یەکەمین منداڵی بوو لەکاتی پیرۆزکردنیدا ببێتە ئەشبینی منداڵەکە. خینارۆ دەم و چاوی خۆی لەسێبەری دەوروبەری بێشکەی منداڵەکەیدا شاردەوە، بێ ئەوەی گوێ لەو قسانە بگرێت کە ژنەکەی سەبارەت بە ڕێورەسمی پیرۆز کردنەکە بەگوێیدا دەدا، بە بێزارییەوە دەستی بەرز کردەوە تا ڕووناکی مۆمەکە لەسەر چاوی دووربخاتەوە، پاشان خێرا ڕایکێشا و دووری خستەوەو، دەستی بە هەژاندنەوەی کرد بۆ ئەوەی لەشوێنەواری ڕەنگی ئەو خوێنەی پاك بکاتەوە پەنجەکانی ڕەنگ کردبوون. تارمایی مەرگ لە بێشکەکەوە بەرزبووەوە کە منداڵەکەی تێدا نووستبوو وەك بڵێیت دارەتەرمە. مردووەکانیش چوون منداڵان پێویستیان بە ڕاژەندنە. ڕەنگی تارماییەکە لە ڕەنگی سپێنەی هێلکە دەچوو. دووچاوی تەماوی پێوەبوو، سەر ڕووت، بێ برۆو بێ ددان. خۆی لوول دەداو لوولی دەخوارد وەك چۆن بخورد لەناو بخوردگەدا دەچێتەوە یەك و لوول دەخوات لەو بخوردگانەی لە ڕێورەسمی تەرم بەڕێ کردندا بەکاردێن. خینارۆ گوێی لە دەنگی ژنەکەی بوو بەر گوێی دەکەوت وەك بڵێیت لە شوێنێکی دوورەوە بێت.

لەبارەی کوڕەکەیەوە، لەبارەی پیرۆز کردنەوە، لەبارەی کیژەکەی ژەنەراڵ، لەبارەی بانگهێشت کردنی ئافرەتە دراوسێکەیان و، ئەو پیاوە قەڵەوەی بەرانبەریان و ئافرەتە دراوسێکەی کە دوو هەنگاو لێوەی دوورەو ئەو دراوسێیەی ئەوبەری شەقامەکە و خاوەن خانەکەو گۆشتفرۆشەکەو نانەواکە دەدوا.

ـ ئەی ئەوە جوان نایاب نییە؟.

پاشان بە توندی درێژەی دایە:

ـ خینارۆ ئەوە چیتە؟.

لەبەر هاوارو قیژە توندەکەی ڕاچڵەکی و گوتی: هیچ.

هاواری ژنەکەی تارمایی مردنەکەی لە پەڵەی ڕەشی بچووك بچووکدا گیرساندەوە، پەڵەی ڕەشی ئەوتۆ تارماییەکەی پیشان دەدا قیت لەبەردەم گۆشە تاریکەکەی ژوورەکەدا ڕاوەستابوو. کۆئیسکی ئافرەتێك بوو هیچ خەسڵەتێکی مێینەی تێدا نەمابوو تەنیا هەردوو مەمکە چرچ و لۆچەکەی نەبێت، داهێزراوو تووکن چوون مشك بەقەد چوارچێوەی پەراسووەکانییەوە شۆڕ بووبوونەوە.

ـ خینارۆ چیت بەسەرهاتووە؟.

ـ هیچ.

ـ ئەمەیە ئاکامی شەوبێداریت لە دەرەوە. تۆ کاتێك دەگەڕێیتەوە ماڵەوە دەڵێیت ئەو کەسانەی بە دەم خەوەوە دەڕۆن، ریسوا و شەرمەزار سەرت دانەواندووە. ئەی پیاوی بەدبەخت بۆ لە کوێرەوەبووەکەی خۆتدا نامێنێتەوە.

دەنگی ژنەکەی هەبوونی کۆئێسکەکەی بزرکرد.

ـ نا. هیچ شتێك نییە.

چاوێك لەسەر پەنجەکانی دەستە ڕاستی دەهات و دەچوو وەك بڵێیت بازنەیەکی ڕووناکییە لە گلۆپێکی کارەباییەوە ئاراستە کراوە، لە پەنجە تووتەوە دەچووە پەنجەی ناوەڕاست و لەویشەوە دەچووە پەنجەی ئەموستیلە و لەویشەوە

دەچووە پەنجەی دۆشاومژە و لە پەنجەی دۆشاو مژەشەوە دەچووە پەنجە کەڵە. چاوێك ... تەنیا یەك چاو. هەستی پێ دەکرد لێی دەدا(پلی دەدا)، ویستی بیپلیشێنێتەوە کاتێك دەستی توند نوقاند تا ڕادەیەك نینۆکەکانی بە ناو لەپیدا چەقین. بەڵام نەیتوانی، چونکە کاتێك دووبارە مشتی کردەوە، جاریکی دیکە بینی لەسەر پەنجەکانیەتی، لە ڕووی قەوارەوە لە قەوارەی دڵی پاسارییەك پتر نەبوو، بەڵام چوون ئاگری دۆزەخ تۆقێنەرە. چەند دڵۆپە ئارەقێکی گەرم چوون گۆشتاو لە تەوێڵییەوە داچۆڕان. کێیە بە هۆی ئەو چاوەوە سەیری دەکات کە لەسەرپەنجەکانی گیرساوەتەوە پاشان چوون تۆپی ڕۆلێت لەسەر ڕیتمی زەنگی تەرم بەڕێکردن هەڵدەتۆبزییەوە؟.

ڤیدینای ژنی لەو بێشکەیەی کردەوە کە منداڵەکەی تێدا نووستبوو.

ـ خینارۆ چیتە؟.

ـ هیچ.

پاش ماوەیەکی کورت، چەند جارێك هەناسەی هەڵمژی و دواتر گوتی:

ـ )هیچ . چاوێك هەیە ڕاوم دەنێت! چاوێك هەیە دوام دەکەوێت، چاوێك بۆ هەر کوێیەك بچم بە دوامەوەیە! دەستم دەبینم ـ نا! شتی وا نییە! هەردوو چاوی خۆمن، چاوی ...).

ژنەکەی بێ ئەوەی هیچ لەو قسانەی تێ بگات کە دەیگوت، لەژێر ددانەکانییەوە گوتی:

ـ کارەکەت بە خوا بسپێرە!

ـ ئەوە چاوێکی .. بەڵێ، چاوێکی خڕی ڕەش و برۆدار، وەك بڵێیت چاوێکی شووشەیینە!.

ـ تۆ مەستیت. هەر ئەوەت بەسەر هاتووە.

ـ چۆن مەست دەبم لەکاتێکدا هیچم نییە پێی بخۆمەوە؟..

ـ چۆن نيتە؟. دەوت بۆی مەيی لێ دێت.

ئەگەرچی لەناوەڕاستی ئەو ژوورەدا راوەستابوو کە لێی دەنووستن، کەچی دوکانەکە نیوەکەی دیکەی داگیرکردبوو، (خینارۆ) هەستی کرد لەناو ژێرزەمینێکی پڕ لە شەمشەکوێرەو جاڵجاڵۆوکەو مارو پیس پیسۆکەدا بزربووە، بێ ئەوەی دەستی هیچ یارمەتی و پشوویێکی بگاتێ.

ڤیدینا لە کاتێکدا باوێشکی دەدا درێژەی بە قسەکانی دا: (دەڵێیت کارێك سەرقاڵی کردوویت. ئەوە چاوی خوایەو چاودێریت دەکات!).

خینارۆ یەکسەر خۆی هاویشتە سەر نوێنەکەو خۆی خزاندە ژێر چەرچەفەکانەوەو هەموو جلەکانی لەبەر بوو بە پێڵاوەکانیشیەوە. چاوەکە هێشتە لەوێ بوو، لە تەنیشت جەستەی ژنەکەیەوە سەمای دەکرد، ئەو جەستە سپییە ناسکە. ڤیدینا رووناکییەکەی کوژاندەوە، بەڵام ئەو کارە قورەکەی خەستتر کرد، لەبەرئەوەی لە تاریکییەکەدا قەوارەی چاوەکە تا دەهات گەورەتر دەبوو، تا دیوارەکان و زەوی و بنمیچ و سەربان و خانووەکانی دەوروبەری داپۆشی، هەموو ژیانی داپۆشی، منداڵەکەشی داپۆشی ...

لە وەڵامی تێبینیی ژنەکەیدا کە سەرلەنوێ مۆمەکەی پێکردەوە کاتێك گوێی لە هاوارە تۆقێنەرەکانی بوو و پەیتا پەیتایش بە پەشتەماڵێکی منداڵەکە ئارەقە ساردەکەی تەوێڵی دەسڕی، گوتی: (نا چاوی خوا نییە، چاوی ئیبلیسە!).

(ڤیدینا) نیشانەی خاچی نەخشاند. خینارۆ داوای لێ کرد جارێکی دیکە مۆمەکە بکوژێنێتەوە. چاوەکە بۆ شێوەی پیتی ژمارە هەشت گۆڕا، کاتێك لە رووناکییەوە چووە تاریکییەوە، پاشان دەنگێکی گەورەی لێ بەرزبووەوە، وا پێدەچوو بەسەر شتێکدا بشکێت، ئەوەندەی نەبرد لەگەڵ ڕیتمی ترپەی چەند پێیەك کە لە شەقامەکەوە بەر گوێ دکەوت، یەکسەر شکا.

خینارۆ هاواری کرد: دالاّنەکە! دالاّنەکە! بەڵێ! ڕووناکی. دانە شقارتە! تکاتان لێ دەکەم ڕووناکی!

ژنەکەی لە سەرووی ئەوەوە دەستی بردو شقارتەکەی هێنا. لە دوورەوە دەنگی ڕەوڕەوەو تایە دەهات. خینارۆ بە پەنجەکانی دەوی خۆی توند گرتبوو، هاواری دەکرد وەك بلێیت خەریکە بخنکێت. نەیدەویست بە تاك و تەنیا بمێنێتەوە، بانگی ژنەکەی کرد، کە عەزیەی نووستنی لەبەر کردبوو و ڕۆیشتبوو هەندێك قاوەی بۆ لێ بنێت.

کاتێگ گوێی لە هاواری مێردەکەی بوو، بە بێزارییەوە بۆ لای نوێنی نووستنەکە گەڕایەوە. کاتێك بە هەردوو چاوە ڕەشە جوانەکانی سەیری بلێسەی بەرزی مۆمەکەی دەکرد، لەبەر خۆیەوە گوتی: (تۆ بلێیت نەخۆش بێت، یان شتێکی بەسەرهاتبێت؟.). بیری بۆ لای ئەو کرمە چوو لە گەدەی (هنرییتا)یان دەرهێنا ـ ئەو کیژەی لە خانی تەنیشت شانۆکە کاردەکات ـ هەروەها ئەو کەڕوویانەی لە شوێنی مێشکی ناو سەری یەکێك لە هیندییەکان لە نەخۆشخانە دۆزییانەوە، هەروەها ئەو گیاندارە ناشیرینەی ناوی (کادیخۆ)یە و مرۆڤ لە خەو بێ بەش دەکات. وەك مریشکێك باڵەکانی بە یەکدا دەدات و بانگی جووجەڵەکانی دەکات کاتێك دەبینێت باڵندە گۆشتخۆرەکان هەڕەشەیان لێ دەکەن، هەستاو میداڵەکەی (بلاس)ی پیرۆزی بە ملی منداڵە بچووکە ساواکەیدا هەڵواسی، لەکاتێکدا بە دەنگی بەرز نوێژی دەخوێند.

بەڵام نوێژەکان (خینارۆ)یان هەژاند وەك بلێیت یەکێك لێی دەدات. لەناو نوێنەکەدا ڕاست بووەوەو هەردوو چاوی توند نوقاندبوو، ژنەکەی لە تەنیشت بێشکەی منداڵەکە بوو پێی لێ هەڵنووتاو بەسەر هەردوو ئەژنۆیدا کەوت و کەوتە نێوان هەردوو لاقی ژنەکەیەوەو بۆی گێڕایەوە ئەم شەو چی بینی:

ـ (بەسەر پێپلکەکەدا، بەڵێ، تا دوایەمین پاچینە غلۆر بووەوە، لەگەڵ یەکەمین گوللەدا خوێن فیشقەی کرد، پاشان هەرگیز چاوی نەنوقاند، هەردوو لاقی بڵاوو، ڕوانینێکی وشك و ساردو شووشەیین بە هەردوو چاویەوە دەبینرا لە ژیانمدا نموونەی ئەو ڕوانینەم نەدیبوو! چاوێکی بە شێوەیەك دەهاتە پێش چاو وەك بڵێیت وەك برووسك ئاگای لە هەموو شتێکی بەردەمی هەبێت، کاتێك کە زەق زەق سەیری دەکردین! چاوێك بە برۆی درێژەوە، نەیدەویست لێم جیا ببێتەوە، نەیدەویست لە پەنجەکانم جیا ببێتەوە، ئەوەتە، ئای خوایە، ئەوەتە!).

گریانی منداڵەکە بێ دەنگی کرد. (ڤیدینا) منداڵەکەی لەناو بێشکەکە دەرهێناو بە هەندێك جل پێچایەوە، پاشان مەمکی خۆی لە زاری نا، بێ ئەوەی بتوانێت خۆی لە چنگی مێردەکەی قوتاربکات، ئەگەرچی هەستی دەکرد لێی بێزار بووە، کە لەسەرچۆك لەوێ کەوتبوو، هەردوو لاقی ئەمی گرتبوو و دەینکاندو وڕێنەی دەکرد.

ـ خراپترین شتیش ئەوەبوو کە (لۆسیۆ) ..

ـ لۆسیۆ، ئەوەی دەنگی لە دەنگی ژن دەچێت؟.

ـ بەڵێ، لۆسیۆ ڤاسکیز.

ـ ئەو پیاوەی بە (قەدیفە)ی ناو دەبەن؟.

ـ بەڵێ.

ـ تۆو خوا بۆچی کوشتی؟.

ـ فەرمانی پێ کرابوو، تووشی پەتای هاری بووبوو. بەڵام ئەوە لایەنی خراپی کارەکە نەبوو، لەوە خراپتر ئەوەبوو کە لۆسیۆ ئاگەداری کردبوومەوە کە فەرمانێك بۆ دەستگیرکردنی ژەنەراڵ کانالیس دەرکراوەو گەنجێکیش هەیە کە دەیناسێت بە نیازە ئەم شەو کیژەکەی ژەنەراڵ بڕفێنێت...

ـ خاتوو کامیلا، ئەشبینی منداڵەکەم؟..

ـ بەڵێ.

کاتێك (ڤیدینا) گوێی لەم هەواڵانە بوو کە کەس پێشبینییان ناکات، دەستی بە گریان کرد، گریانێکی بە کوڵ وەك چۆن ژنان بە گشتیی بۆ خەم و پەژارەی کەسانی دیکە دەگرین. فرمێسکەکانی ڕژانە سەر سەرە بچکۆلانەکەی منداڵەکەی کە خەریکبوو ڕایدەژەنی، ئەوەندە گەرم بوون وەك ئەو ئاوەی داپیرەکان بۆ کڵێسەی دەبەن بۆ ئەوەی تێکەڵاوی ئاوە ساردە پیرۆزەکەی ناو حەوزی پیرۆز کردنی دەکەن. منداڵەکە خەوی لێ کەوت. شەو تێپەڕی و هێشتە خینارۆ و ژنەکەی دانیشتبوون وەك بڵێیت باڵندە بەسەر سەریانەوەیە، کاتێك بەرەبەیان دەزوویێکی زێڕینی لەژێر دەرگاکەوە کێشاو کیژی نانەواکە بێ دەنگیی ماڵەکەی شڵەقاندو لەدەرگای دا و هاواری دەکرد.

ـ نان! نان! نان!

(١٠)

## فەرماندەكانی سوپا

ژەنەراڵ (ئیۆسپیۆ كانالیس)، كە نازناوی (چاماریتا ـ ڕوو سوور)ـە، ماڵی فریشتە ڕووی بە هەموو فیزی سەربازییەوە بەجێ هێشت، وەك بڵێیت فەرماندەیی سوپاكەی دەكات، بەڵام كاتێك دەرگاكەی داخست و خۆی لە شەقامەكەدا بە تەنیا بینییەوە، ڕۆیشتنە سەربازییەكەی بوو بە ڕۆیشتنی كابرایەكی هیندستانی هەژار بۆ فرۆشتنی مریشكەكانی بەرەو بازاڕ بچێت. هەستی بە سیخوڕەكان كرد لەگەڵ هەر هەنگاونانێكدا دووای كەوتوون. بە پەنجەكانی فشاری دەخستە سەر ئەو ژانە فتقەی لە هەردوو كەلەكەیدا هەستی پێ دەكرد، چونكە ئەو ژانە لەپەلوپۆی دەخست. چەند وشەگەلێكی پچڕ پچڕ و سكاڵای بێ سەروبەری لە زار دەهاتنە دەرەوە، لەكاتێكدا هەستی دەكرد دڵی نارێك لێ دەدات و دەچێتەوە یەك و بە هەندێك لێدانیشدا ڕاناگات، تا ڕادەیەك لەگەڵ ئەوەدا ناچار بوو ـ بە چاو ئەبڵەقی و بیرو هۆش شێواوی ـ بە دەستی فشار بخاتە سەر سینگی و بیگرێت وێڕای ئەوەی پەراسووەكان ڕێگربوون، وەك بڵێیت ئەندامێكی لە پەلوپۆ كەوتووەو دەتوانێت ناچاری بكات كار بكات. سوپاس بۆ خوا. ئەوەتە ئەو پێچەیشی بڕی كە پێشتر زۆر دووری دەهاتە پێش

چاو، ئێستەیش نۆرەی پێچەکەی دیکە دێت. بەڵام: لەبەرئەوەی زۆری دووری دەهاتە پێش چاو لەگەڵ ئەو هەموو شەکەتییەی هەستی پێ دەکرد! تفێکی ڕۆکرد. خەریکبوو هەردوو لاقی شەرمەزاری بکەن. توێکڵە پرتەقاڵێك. گالیسکەیەك لە کۆتایی ڕێگەکەوە خێرا تێدەپەڕی. ئەوە خۆیەتی خێرا تێدەپڕێت. بەڵام هیچی نەدەبینی تەنیا گالیسکەکە و خانووەکان و ڕووناکییەکان نەبێت.. ڕۆیشتنەکەی توندتر کرد، چونکە هیچ شتێی لەبەردەمدا نەمابووەوە ئەوە نەبێت. سوپاس بۆ خوا. ئێستە ئەو پێچەیشی تێپەڕاند کە پێش چەند خولەکێك زۆر دووری دەهاتە پێش چاو. ئێستەیش نۆرەی ئەو پێچەکەی دیکەیە، بەڵام: لەبەرئەوەی زۆری دووری دەهاتە پێش چاو لەگەڵ ئەو هەموو شەکەتییەی هەستی پێ دەکرد! ددانکانی بەیەکدا نا تا بتوانێت هێز بە هەردوو ئەژنۆی ببەخشێت. ئەو خەریکە نەتوانێت بروات. هەردوو ئەژنۆی وشك هەڵاتبوون. هەستی بە جۆرە ژانێکیش دەکرد لە خوارەوەی بڕبڕەی پشتی و لە زاریدا کە پێشبینی خراپی لێ دەکرا. هەردوو ئەژنۆی، دەبوو بە هەر چوار پەلی بە سکە خشکێ خۆی بگەیەنێتە ماڵ، بە هەردوو دەست و هەردوو قۆڵەنیسکی پاڵی بە جەستەی خۆیەوە دەناو بە هەموو ئارەزوویێکییەوە ململانێی بوو بۆ ئەوەی لە دەستی مردن هەڵێت. ڕۆیشتنەکەی هێواش کردەوە. پێچ و پەناکانی ڕێگەکە یەك بە دوای یەکدا دەهاتن کە هیچیان نەدەپاراست، بەڵکو لەوەیش زۆرتر، کەچی وا دەهاتنە پێش چاو لەو شەوە نووتەکەدا چوون دەرگای شووشەیینی تەنك زۆرتر دەبن. لای خۆی و لەبەردەم کەسانی دیکەیشدا بە شێوەیەك ڕەفتاری دەکرد جێی گاڵتەپێ کردن بوو، چی بیانبینیایە یان نا، ئەوەیش شتێکی پێچەوانەیە بە هۆی ئەوەوە کە بەردەوام کەسایەتییەکی گشتیی گرینگە، تەنانەت لە کپیی شەویشدا، جێی تێبینیی هاووڵاتیانی خۆیەتی، لەگەڵ خۆیدا گوتی:(هەرچیش ڕوودەدات، با ڕووبدات، ئەرك وام لێ

پێویست دەکات لە ماڵەوەدا بمێنمەوە، ئەمەیش پتر پێویستە ئەگەر ئەو قسە ڕاست بێت کە ئەو تەرەسە (فریشتە ڕوو) پێی ڕاگەیاندم!). پاش کەمێك لەگەڵ خۆی دواو بە خۆی دەگوت:

ـ (ڕاکردن ئەوە دەگەیەنێت کە من تاوانبارم!)...دەنگەکە لەگەڵ ڕیتمی هەنگاوەکانیدا دەنگی دەدایەوە...(ڕاکردن ئەوە دەگەیەنێت کە من تاوانبارم...! ئەوە دەیەنێت......!، بەڵام مانەوە...!) دەنگەکە لەگەڵ ڕیتمی هەنگاوەکانیدا دەنگی دەدایەوە...

دەستی بۆ سینگی درێژ کرد بۆ ئەوەی ئەو ترسانەی لیٚ دەربهێنێت وشەگەلی خۆشەویستی سەرۆك، فریشتە ڕوو، تێیدا چاندبوویان... بەڵام میداڵە سەربازییەکانی پێەوە نەبوون. (ڕاکردن ئەوە دەگەیەنێت کە من تاوانبارم...! بەڵام مانەوە ....! ) پەنجەی فریشتە ڕوو ئاماژەی بە تەنیا ڕێگەی قوتاربوون دەکرد ... تاراوگە: (پێویستە ژەنەراڵ خۆت قوتار بکەیت، هێشتە کات بە بەریەوە ماوە!). هەموو ئەوەی بەرانبەریان هەستی بە بایەخدان و ڕێزگرتن دەکردو، هەموو ئەوەی لە سۆزی منداڵان خۆشی دەویست : نیشتمان، خێزان، بیرەوەری نەریت و، (کامیلا)ی کیژی بوون)...هەموو ئەمە لە دەوری ئەو پەنجە نەگریسە دەخولایەوە، وەك بڵێیت هەموو گەردوون وردوخاش بوو وەك چۆن هزرەکانی هەپروون بە هەپروون بوون.

بەڵام پاش چەند هەنگاوێکی دیکە، هیچ لەم بینینە بەرفرەوانە نەما تەنیا ئەشکی پەشێوی نەبێت کە لە نیگاکانیدا دەبریسکانەوە...

ـ جارێکیان لە وتارێکمدا گوتبووم ژەنەراڵەکان (فەرماندەکانی سوپان). چەند گێل و گەوجم! ئەم ڕستە بچووکە بوو ئاوی سەری نامەوە! سەرۆك هەرگیز لەم قسەیەم سەبارەت بە فەرماندەکانی سوپا لێم خۆش نابێت. جا مادامەکیٚ

لەبەرچاوی کەوتووم، ئەوە هۆی مردنی کۆلۆنێل دەخاتە ئەستۆی منەوە کە بەردەوام خۆشەویستی بۆ دەنواندم و ڕێزی لە سەر سپیەتیم دەگرت).

نیوچە بزەیەکی بچووکی گاڵتەجاڕیانە لەژێر سمێڵە ماش و برنجەکەیەوە دەرکەوت. وێنەیەکی جیاوازی دیکەی کانالیس لە قووڵایی ناخیدا پێکدەهات، ژەنەراڵێکی دیکەی کانالیس، چوون کیسەڵ دەڕۆیشت، وەك بڵێیت یەکێك لە گوناهکارە تۆبەکارەکان بێت، لە کەژاوەی هەفتەی ئازارەکاندا، بێ دەنگ، مۆن و خەمگین هەردوو لاقی لە دووی خۆی ڕادەکێشا، بۆنی دووکەڵ و سووتانی مووشەکەکانی یارییە ئاگرینییەکانی لێ دێت. هەرچی (چاماریتا)ی کانالیسی ڕاستەقینەیە، کە بە هۆی پلەو پایە سەربازییەکەیەوە بە ڕێزو پێزانینەوە لە ماڵی فریشتە ڕوو هاتە دەرەوەو، ناوبانگی لە چەندین شەڕی نەبەردانەدا ڕۆیشتبوو لەوانەی ئەسکەندەری گەورەو یۆلیۆس قەیسەرو نابلیۆن و بۆلیڤار بەشدارییان تێداکردبوو، ئەوە لەناکاو وێنەی ژەنەراڵێکی کاریکاتۆری شوێنی گرتەوە، ژەنەراڵێکی دیکەی کانالیس بەبێ هیچ زێڕو ڕازاندنەوەیەك، بێ پێڵاوو پووت و بێ نەقیزەی زێڕین، بێ ئیمتیازو بێ چەوگان هەنگاو دەهاوێت. ناکۆکییەکە زۆر ئاشکراو دیاربوو لەنێوان ئەو کۆتاییەی تووشی ئەم ژەنەراڵە سەیرە جل شڕو هوڕو مات و خەمگین و سەرشۆڕە دێت وەك تەرمی هەژارێکی بەستەزمان و، لە نێوان کۆتایی(چاماریتا)ی ڕاستەقینەی دیکەدا، وەك تەرمێکی پلە یەك، کە تەواو بە قردێلەو چەپکە گوڵ و پەڕ ڕازێنرابێتەوە و سڵاوی سەربازی لێ بکرێت. ژەنەراڵ کانالیس بەسەرشۆڕییەوە بەرەو گۆڕەپانی نوشوستییەك دەڕۆیشت مێژوو بۆی تۆمار نەدەکرد، بەرانبەر بە ژەنەراڵە ڕاستەقینەکە کە وەك بووکە شووشە لە پشتەوە مابووەوەو نغرۆی ڕووناکی زێڕین و شین بووبوو، شەپقە سێ سووچەکەی سەر چاوی داپۆشیبوو، شمشێرەکەیشی شکابوو، هەردوو باڵیشی شۆڕشبووبوونەوە، خاچ و میداڵکانی سەر سینگی ژەنگیان هەڵهێنابوو.

کانالیس، بێ ئەوەی هەنگاوەکانی سست بکاتەوە، هەردوو چاوی لە وێنە ڕازاوەکەی دیکەی وەرچەرخاند، لەکاتێکدا هەستی بەوە دەکرد لە ڕووی مەعنەوییەوە نشوستی هێناوە، خۆی هاتە بەرچاو، خەمۆکی باڵی بەسەردا کێشاوە، لە تاراوگە پانتۆڵی کۆڵهەڵگرانی لە پێیە، لەژێر چاکەتێکی زۆر درێژ یان زۆر کورت، زۆر دەڵپ یان زۆر تەسکەوە، کە دەڵێیت هەرگیز بۆ ئەو نەدوراوە. بەناوجەرگەی وێرانەی ژیانیدا دەڕۆیشت و، بە پێیەکانی پەڕە زێڕینەکانی پێشێل دەکرد.

ـ (بەڵام بێ تاوانم)!

بە هەموو بڕوا بەخۆبوونێکەوە ئەم ڕستەیەی گوتەوە.

ـ (بەڵام بێ تاوانم، ئەدی بۆچی بترسم ...؟.).

ویژدانی، بە هەمان وشەگەل وەڵامیدایەوە، کە لە فریشتە ڕوو بیستنی: (ئەمەیە هۆیەکە! چونکە کارەکە تەواو جیاواز دەبێت ئەگەر تاوانبار بێت. تاوانەکە زۆر گرینگە چونکە بۆ حکوومەت لایەنگیری هاووڵاتی و نیشتمان مسۆگەر دەکات؟. ژەنەراڵ، خۆت ڕزگار بکەو هەڵبێ، من باش دەزانم چیت پێ دەڵێم. نە نیشتمان و نەیش سامان قوتارت دەکەن. ئەی یاسا؟. بەدوای شتێکی دیکەدا بگەڕێ. ژەنەراڵ هەر دەبێت هەڵبێیت، مەرگ چاوەڕێت دەکات!).

ـ بەڵام بێ تاوانم.

ـ (ژەنەراڵ هیچ گرینگ نییە تاوانبار بیت یان بێ تاوان. گرینگ ئەوەیە سەرۆك لێت ڕازییە یان نا. باشتر وایە تاوانبار بیت نەك بێ تاوان حکوومەت لێت ڕازی نەبێت!)

هەردوو گوێی خۆی داخست بۆ ئەوەی دەنگی فریشتە ڕوو نەبیسێت، بە بۆڵەبۆڵ هەندێك ڕستەی هەڕەشاوی درکاند، چونکە لێدانی دڵی خەریکبوو هەناسەی لەبەر دەبڕی. پاش ئەوە بیری بۆ لای کیژەکەی چوو. دەبێت ئێستە

چەندی چاوەڕێ بکات. کاتژمێرەکەی کڵێسەی (لا مەرسید) لێیدا؟. ئاسمان سامالّ بوو ئەستێرەکان ڕازاندبوویانەوە یەك پەڵە هەور لەکەداری نەکردبوو. کاتێك گەیشتە شۆستەی شەقامەکەی، ڕووناکییەکانی لە پەنجەرەکانەوە بینی پێکرابوون و بە تیشکە نیگەرانەکانیان ناوەڕاستی ڕێگەکەیان ڕووناك کردبووەوە.

ـ (کامیلای کیژم لای (خوان)ی برام بەجێدەهێڵم تا ئەو کاتەی دەتوانم لەگەڵ خۆمی ببەم. فریشتە ڕوو پێشنیازی ئەوەی کرد ئەم شەو یان سبەینێ بەیانی بیباتە ماڵی براکەم).

پێویستی بە کلیلی خانووەکە نەبوو کە بە دەستییەوە بوو، چونکە دەرگاکە یەکسەر والآ بوو.

ـ بابە گیان.

ـ بێ دەنگ! وەرە، هەموو شتێکت بۆ ڕوون دەکەمەوە. هیچ کاتێکی ئەوتۆمان بە دەستەوە نییە بەفیڕۆی بدەین. بۆت ڕوون دەکەمەوە. بە یاریدەدەرەکەم بڵێ ئەسپێك و...هەندێك پارەو دەمانچەیەکم بۆ ئامادە بکات.... پاشان یەکێك دەنێرم جلەکانم بۆ بێنێت ... تەنیا پێویستم بە چەند پارچە جلێکی پێویست هەیە لەناو چەمەدانێکدا بێت. نازانم چی بڵێم لەکاتێکدا تۆ لێم ناگەیەت. فەرمانیان پێ بکە هێسترە ڕەنگ خورماییەکەم بۆ ئامادە بکەن و تۆیش شت و مەکەکانم ئامادە بکە لە کاتێکدا من دەچم جلەکانم دەگۆڕم و نامەیەك بۆ براکانم دەنووسم. تۆ تا ماوەیەك لەگەڵ (خوان)دا دەمێنیتەوە).

ئەگەر کیژەکە شێتێکی هەڵچووی بەرانبەر بە خۆی بینیبایە ئەوە ئەوەندە هەستی بە ترس و تۆقین نەدەکرد وەك ئەو کاتە هەستی پێ کرد کاتێك باوکی بینی، کە هێوورو لەسەرخۆیە، بەو شپرەزەییە هاتە ژوورەوە. ڕستەکانی خنکابوون و ڕەنگی هەڵپڕووکابوو. پێشتر هەرگیز بەو شێوەیەی نەبینیبوو. ـ لەکاتێکدا نیگەرانی ئازاری دەداو نەیدەتوانی گوێی لەوە بێت کە باوکی دەیگوت

و نەیش هیچ شتێك بڵێت تەنیا ئەوە نەبێت بڵێت : ئای خوایە، ئای خوایە ـ سووربوون و پەلە پاڵیان پێوە نا ڕووبکاتە مەیتەروانەکەی باوکی و ئاگەداری بکاتەوە هێسترەکەی بۆ ئامادە بکات. کە هێسترێکی مەزنەو دووچاوی پێوەیە گڕەی ئاگریان لێوە دێت، پاشان گەڕایەوە چەمەدانیی جلەکان ئامادە بکات: پەشتەماڵ، گوێرەوی، نان، پیوو بە کەرەوە، بەڵام لە یادی نەبوو خوێیان لەگەڵ دانێت ـ پاشان ڕووی کردە مووبەقەکە تا دایانەکەی هەڵسێنێت. کە وەك ڕاهاتووە لەسەر سەبەتە دارینەکە بەرانبەر بە ئاگرە کزەکە دانیشتبوو و خەو بردبوویەوە لە تەنیشت پشیلەکەوە کە هەر دەنگێکی نائاسایی بەرگوێ کەوتبایە هەردوو گوێی دەبزواند.

ژەنەراڵ زۆر بەپەلە خەریکبوو نامەیەکی دەنووسی کاتێك کارەکەرەکە چووە ژوورەکەوە تا بە کیلۆن پەنجەرەکان دابخات.

بێ دەنگی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا، بەڵام ئەو بێ دەنگییە ئاورێشمینەی شەوە خۆش و هێوورەکان نەبوو، کە تاریکی شەوانەیان خەونی جوانی چوون یەکیان دەنواند، سووکتر لە بۆن و بەرامەی گوڵ و کەم بریسکەتر لە بریسکەی ئاو.. ئەو بێ دەنگییەی باڵی بەسەر ماڵەکەدا کێشا، کە هیچ شتێك نەیدەڕەواندەوە تەنیا پژمەی ژەنەراڵ و جووڵە خێراکانی ئێرە و ئەوێی کیژەکەی و گریانی کارەکەرەکەو دەنگی بە ترسەوە کردنەوەو داخستنی کەنتۆر و کۆمەدی و چەکمەجەکان نەبێت، بێ دەنگییەکی توند و قورسی چوون جلوبەرگی نامۆ بوو.

***

لەو کاتانەدا، کابرایەکی بچووکەلەی، دەموچاو فرەزان، بە تەن لە سەماکەری باڵێ دەچوو، نامەی دەنووسی بێ ئەوەی پێنووسەکە لەسەر کاغەزەکە هەڵبگرێت و، بێ ئەوەی هیچ ورتەیەکی لێوە بێت، وەك بڵێیت ماڵە جاڵجاڵۆکە چێ بکات:

(بۆ جەنابی سەرۆك كۆماری دەستووری، كە بەردەوام ئامادەیە:
جەنابی سەرۆك.

(بەپێی ئەو ڕێنوێنییانەی پێم گەیشتوون، پاسەوانییەكی توندوتۆڵ خراوەتە سەر ژەنەراڵ (ئیۆسپیۆ گانالیس)، پێخۆشحاڵم ئێستە جەنابی سەرۆك ئاگەدار بكەمەوە كە لە ماڵی یەكێك لە هاوڕێكانی جەنابتان بینراوە، ماڵی بەڕێز میگێل فریشتە ڕوو. ئەو ئاشپەزەی لە ماڵی فریشتە ڕوو كار دەكات (كە سیخوڕی لەسەر خانەخوێكەی و كارەكەرەكە دەكات) و كارەكەرەكە (كە سیخوڕی لەسەر خانەخوێكەی و ئاشپەزەكە دەكات) پێیان ڕاگەیاندم كە فریشتە ڕوو ماوەی سێ چارەكە سەعاتی بە تەنیا لەگەڵ ژنەراڵ كانالیس لەژوورەكەی خۆی بەسەر بردووە. گوتیشی پاش ئەوە ژەنەراڵ كانالیس بە شپرزەییەكی زۆرەوە هاتە دەرەوە. بۆیە بە پێی ڕێنوێنییەكان پاسەوانی كردنی سەر ماڵی كانالیس توندتر كراوەو جارێكی دیكە فەرمان درا، كە دەبێت هەر هەوڵێكی هەڵاتنی بە كوشتن كۆتایی بێت.

(كارەكەرەكە ـ بێ ئەوەی ئاشپەزەكە بزانێت ـ وردەكاری دیكەی پێشكەش كردووە ـ بەتەلەفۆن پێی ڕاگەیاندم خانەخوێكەی تێی گەیاندووە كە كانالیس بۆ ئەوە سەری لێ داوە كیژەكەی پێ بدات بەرانبەر بەوەی بە شێوەیەكی كاریگەرانە لەبەرژەوەندی ئەو لەگەڵ سەرۆك قسە بكات.).

(هەرچی ئاشپەزەكەیە ـ بێ ئەوەی كارەكەرەكە بزانێت ـ زۆر ئاشكراترانە لەبارەی ئەو بابەتەوە قسەی كرد. گوتی پاش ئەوەی ژەنەراڵ ماڵەوەی بەجێ هێشت زۆر شادومان بوو، فەرمانی پێ كردووە هەركە دوكانەكان كرانەوە بچێت هەندێك مرەباو خواردنەوەو كێك و شیرینی بكڕێت چونكە كیژی خێزانێكی بەناوبانگ دێت و ماوەیەك لەگەڵی دەگوزەرێنێت.).

(ئەمە ناوەرۆكی ئەو زانیاریانەیە كە حەز دەكەم بە بەڕێز سەرۆك كۆماری ڕابگەیەنم...).

بەرواری ڕۆژەکەی نووسی و نامەکەی بە ئیمزا جوانەکەی خۆی مۆرکرد کە لە تیرهاویشتن دەچێت، بەر لەوەی پێنووسەکەی لەسەر کاغەزەکە هەڵبگرێت و لووتی پیێ بخورێنێت، بیرۆکەیەکی دیکەی خستە سەر:

(جگە لەو یادداشتەی ئەم بەیانییە پێشکەش کرا:

ـ دکتۆر لویس بارینۆ: ئەم پاش نیوەڕۆیە سێ کەس سەریان لە نۆڕینگەکەی دا. دوویان هەژاری زۆر دەستکورت بوون، ئێوارەیش لەگەڵ ژنەکەیدا بۆ پیاسە و سەیران چووە باخچەکە.

ـ پارێزەر قابیل کرفخاڵ: ئەم پاش نێوەڕۆیە چووە بانکی ئەمەریکی و، دەرمانخانەی بەرانبەر بە دێر کاپۆچین و یانەی ئەڵمانی ، لەوێ بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ بەڕێز (ڕۆمز)دا قسەی کرد کە پۆلیس چاودێری دەکات، پاشان لە حەوت و نیو گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی. پاش ئەوە کەس نەیبینی بچێتە دەرەوە. بەپێی ئەو ڕێنوێنیانەی پێمان گەیشتوون چواردەوری ماڵەکەی چاودێرییەکی توندتری خراوەتە سەر). کۆتایی.

هەمان کەس ئیمزای کردووە. هەمان بەروار.

(١١)

## ڕفاندن

لۆسیۆ فارکیز، پاش ئەوەی لە ڕۆداس جودا بووەوە، زۆر خێراتر لەوەی هەردوو لاقی بتوانن هەڵیبگرن ڕووی کردە ئەو مەیخانەیەی کە (لامسکواتا)ی لێیە، تا بزانێت کاتی ئەوە هاتووە لە ڕفاندنی کیژەکە یارمەتی پێشکەش بکات. لەو ڕۆیشتنەیدا خێرا لای دایە لای کانیی (لا مەرسید)، کە شوێنێکی پڕ لە تارمایی و تاوانکارییە بە پێی ئەو پڕو پاگەندەو درۆیانەی ئەو ئافرەتانە بە گوێی خەڵکیدا دەدەن کە دەرزی زۆر بڵێیی خۆیان لەگەڵ ئەو ئاوە پیسە تێکەڵاو دەکەن، کە تەنەکەکانیان لە کانییەکە پێ پڕ دەکەن.

بکوژی گێلەکە، بێ ئەوەی هەنگاوەکانی سووکتر بکاتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی:

ـ (بەشداریکردنی ڕفاندنی کەسێك شتێکی زۆر مەزنە. جا لەبەرئەوەی ئەرکەکەی خۆمم لە (دالانی خواوەند) زۆر خێرا تەواوکرد، سوپاس بۆ خوا، ئەوە دەتوانم چێژ لە جێبەجێکردنی ئەم کردارەیش وەربگرم. ئای خوایە، ئەگەرچی ئەوەند خۆشنوود دەبم کاتێك شتێك دەدۆزمەوە یان کاتێك مریشکێك دەدزم، تۆ

بڵێیت چێژ وەورگرتنەکەم چەند خۆش دەبێت کە هەلم بۆ دەڕەخسێت تا کیژێك بڕفێنم!).

مەیخانەکەی (لامسکواتا) لە دوورەوە دیاربوو، بەڵام کاتێك کاتژمێرەکەی کڵێسەی (لا مەرسید)ی بینی ئارەقە بە گیانیدا چۆڕاوگەی بەستبوو. کاتی ئەوە هاتبوو، ئەگەر هەردوو چاوی فریوی نەدەن. سەڵاوی لە پۆلیسێك یان دوو پۆلیس کرد لەوانەی چاودێری ماڵی ژەنەراڵ (کانالیس)یان دەکرد، پاشان خۆی بە دەرگەی مەیخانەکەدا کرد وەك بڵێیت کەروێشکە و دەچێتە ناو کونەکەیەوە.

(لامسکواتا) چووبووە ناو جێگەکەیەوە، چاوەڕوانی کاتی دیاریکراوی دەکرد. کە کاتژمێر دووی بەرەبەیانە،زۆر پەلەی بوو، بەم لاقی فشاری خستە سەر ئەو لاقەکەی دیکەی و، لە باری ناهەمواردا هەردوو باڵی لەژێر جەستەیدا پلیشاندەوەو، سەری بە درێژایی سەرینەکە لار کردەوە، لەکاتێکدا لەگەڵ هەر بزاوتنێکدا ئارەقەی لێ دەچۆڕا، بەڵام بێ ئەوەی بتوانێت چاو بنووقێنێت.

کاتێك ڤاسکیز لە دەرگای دا لە نوێنەکە دەرپەڕی و خێرا خۆی گەیاندە دەرگاکەو لە شڵەژاویدا هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو.

ـ (کێیە؟.).

ـ منم، ڤاسکیز، دەرگاکە بکەرەوە.

ـ چاوەڕوانی تۆم نەدەکرد!

کاتێك دەچووە ژوورەوە پرسیاری کرد: کات چەندە؟.

ـ یەك و چارەکی بەرەبەیان.

یەکسەر ئەوەی گوت بێ ئەوەی سەیری کاتژمێرەکە بکات، بەڵام بە دڵنیاییی ئەو کەسەی کە هەر خولەکێك، هەر پێنج خولەکێك، دە خولەکێك، چارەکە سەعاتێك، بیست خولەکێك بژمێرێت، کە تێدەپەڕی، لەبەرئەوەی چاوەڕێی دەکرد کاتەکە ببێتە کاتژمێر دوو.

ـ بەڵام بۆچی کاتژمێرەکەی کڵێسە بۆ دوو چارەکی دەوێت؟.
ـ ڕێی تێناچێت. دەبێت قورمیش نەکرابێت.
ـ پاشان .. پێم بڵێ، ئەو گەنجە گەڕایەوە؟.
ـ نا.

ڤاسکیز مەیخانەچییەکەی لە ئامێز گرت و تەواو پێشبینی ئەوەی دەکرد لەسزای ئەوەدا شەپازلەیەکی لێ بدات. بەڵام شتێکی لەو جۆرە ڕوویندا، چونکە (لامسکواتا) کۆتر ئاسا هێوورانە خۆی بە دەستەوە داو ڕێگەیدا لە ئامێزی بگرێت و هەردوو لێوی ماچ بکات. بەوەیش ئەو ڕێککەوتننامەیەی بە مۆری خۆی نەخشاند کە ئەم شەو هیچ شتێکی ئەو ڕەت نەکاتەوە. تەنیا تیشکی ناو ژوورەکە بەرانبەر بە وێنەیەکی مریەم دەبریسکایەوە، لە تەنیشت چەپکە گوڵێکی لەکاغەز دروستکراو. ڤاسکیز مۆمەکەی کوژاندەوەو مەیخانەچییەکەی بە عەرددا داو وێنەکەی مریەم لە تاریکیدا بزربوو چونکە هەردوو جەستەیان لەسەر عەردی ژوورەکە غلۆر بووەوەو چوون سەرکە سیر توند پێکەوە نووسان.

***

فریشتە ڕوو لە لای شانۆکەوە دەرکەوت، خێرا لەگەڵ دەستەیەك سەرسەری و چەقۆکێش دەڕۆیشتن. پێی گوتن:

ـ هەرکە دەستم بە دەستی کیژەکە دەگات، ئەو کات دەتواننماڵەکە تاڵان بکەن. هەرگیز بە دەستی بەتاڵ ناڕۆن. بەڵێنتان پێ دەدەم. بەڵام، ئاگاتان لەخۆتان بێت، ئێستەو دواتریش هەر وەك یەکە، نهێنییەکە مەدرکێنن، ئەگینا من بەباشتری دەزانم بێ ئێوە کاربکەم).

کاتێك لە پێچەکە سووڕانەوە مەفرەزەیەکی پۆلیس ڕایگرتن. خۆشەویست لەگەڵ ئەفسەری مەفرەزەکەدا قسەی کرد لەکاتێکدا سەربازەکان لە چواردەوریان ڕاوەستابوون.

ـ (ئەی لیفتینانت دەڕۆین لەبەردەم پەنجەرەی ئافرەتێکدا گۆرانی دەچڕین[٣]).

ئەفسەرەکە لە کاتێکدا بەشمشێرەکەی لە عەردی دەدا گوتی: (بە یارمەتیت دێێت پێم بڵێیت ئەوە لە کوێیە؟..

ـ لێرە، لە گەڕەکی (مەسیح).

ـ باشە، گیتارو دەهۆڵەکانتان لە کوێن؟. ئەوە چی سیرینادایەکی سەیرە بێ هیچ میوزیکێك!

فریشتە ڕوو خێراو لەسەرخۆ بەنکەنۆتێکی سەد بیزۆیی خستە ناو لەپی ئەفسەرەکەوە، ئەو کات هەموو بیانووەکانی خۆی کێشایەوە.

کۆتایی شەقامەکە بە کڵێسەی (لامەرسید) داخرابوو، کە کڵێسەیەك بوو لە شێوەی کیسەڵێك دروست کرابوو دوو چاوی هەبوو، کە دوو پەنجەرە بوون بە قەد گومەزەکەیەوە. خۆشەویست فەرمانی بە هاوەڵەکانی کرد هەموویان پێکەوە نەچنە ناو مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ)ـەوە. لەکاتێکدا بڵاوەیان دەکرد بە دەنگی بەرز پێی گوتن: (بیرتان نەچێت، هەر هەمووومان لە مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ)، (لۆتۆ ـ تیپ)، بە یەك دەگەین، وریا بن شوێنەکەتان لێ تێکنەچێت، (لۆتۆ ـ تیپ)، لەنێزیك دوکانی مۆبیلیاکانەوەیە).

دەنگی ترپەی پێیان دوورکەوتەوە کاتێك هەر یەکەو بەرەو لایەك بڵاوەیان لێ کرد. پلانی هەڵاتنەکە بەم شێوەیە بوو: کاتێك کاتژمێری کڵێسەکە دووی بەرەبەیان ڕادەگەیەنێت، یەك دوو کەس لە پیاوانی فریشتە ڕوو دەچنە سەربانی ماڵەکەی ژەنەراڵ، ئەو کاتیش بەپێی ڕێککەوتنەکە، کیژەکەی ژەنەراڵ

پەنجەرەیەك بەرانبەر ماڵەکە دەکاتەوەو بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات و داوای یارمەتی دەکات کە دز هەڵیان کوتاوەتە سەرماڵیان، ئەویش بۆ ئەوەی سەرنجی پیاوانی پۆلیس ڕاکێشێت کە چاودێری شوێنەکە دەکەن. ئەو کاتەیش ژەنەراڵ کانالیس لەو هەراو هوریایەدا هەڵەکە دەقۆزێتەوەو لە دەرگای پشتەوە هەڵدێت.

ئەم جۆرە پلانە ناپەسندە یان گێل یان شێت یان منداڵ دایدەنێت، چونکە پلانێکە نە سەرەتاو نە کۆتایی هەیە. ئەگەرچی وێڕای ناپەسەندی ئەو پلانە ژەنەراڵ و فریشتە ڕوو پەسەندیان کردووە لەبەرئەوەی هەر یەکەیان ـ هەر یەکەو لای خۆیەوە ـ ئامانجێکی تەواو جیازیان تێدا بەدی دەکرد. بۆ ژەنەراڵ کانالیس، ئەو پارێزەرییەی کە فریشتە ڕوو بۆی دەستەبەرکردبوو هەلێکی باشتری بۆ هەڵاتن بۆ دەڕەخساند، بۆ فریشتە ڕووش، سەرکەوتنی پلانەکە پشت بە ڕێککەوتنەکەی لەگەڵ (کانالیس) نابەستێت بەڵکو لەگەڵ جەنابی سەرۆك، کە بە تەلەفۆن کات و وردەکاری پلانەکەی پێ ڕاگەیاندبوو کاتێك کە ژەنەراڵ ماڵەکەی بەجێدەهێڵێت.

***

شەوانی نیسان لەناوچە ئیستیوابیەکان چوون بێوەژنەکانی ڕۆژە گەرمەکانی مانگی ئادار، تاریك، سارد، قژ بژ، خەمگین دەنوێنن. فریشتە ڕوو لە پێچەکەی نێوان مەیخانەکەو ماڵەکەی کانالیس ڕاوەستاو دەستی بە ژماردنی تارماییە سەوزە قەرسیلییەکانی پۆلیسەکان کرد کە لێرەو لەوێ پەرت و بڵاوبووبوونەوە، پاشان هێدی هێدی بە پشتی ئەو ڕیزە خانووانەدا ڕۆیشت، لە گەڕانەوەیدا لە دەرگا بچووکەکەوە چووە ناو مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ)ـەوە. لەبەردەم هەر دەرگەیەك لە دەرگەی خانووەکانی ئەو دەوروبەرە پۆلیسێك بە جلی فەرمییەوە ڕاوەستابوو، جگە ژمارەیەکی بێ شومار پۆلیسی نهێنی، کە بە تووڕەییەوە بەسەر شۆستەکەدا دەهاتن و دەچوون. هەستی دەکرد ڕووداوێکی ناخۆش

ڕوودەدات. لە دڵی خۆیدا گوتی: (خەریکم بەشداری لە تاوانێکدا بکەم، ئەوانە ئەم پیاوە دەکوژن هەرکە لە ماڵ بچێتە دەرەوە). هەرچی لەو پلانە ورد دەبووەوە، کارەساتاوی تری دەهاتە پێش چاو. بیرۆکەی ڕفاندنی کیژی ئەو پیاوەی سزای مەرگی بەسەردا سەپێنراوە بە ناشیرین و بێزراو لێکدایەوە، بە شێوەیەکی دیکە دەشێت کارەکە خۆشنوودو گونجاو بووایە ئەگەر بە ڕاستی یارمەتی ژەنەراڵی بدایە ڕای بکردایە. هەڵبەتە بەزەییش هۆکارێك نەبوو پاڵ بەم پیاوەوە بنێت، ئەوێك کە هەست بە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی خۆی ناکات، هەست بکات ڕقی لە بیرۆکەی ئەو بۆسەیە ببێتەوە لەناو جەرگەی شاردا بۆ هاوولاتییەکی بێ دەسەلات دابنرێتەوە کە متمانەی خۆی پێ بەخشیوە تا ئەو ڕادەیەی لە ماڵەکەی خۆیەوە هەڵدێت و بڕوای وایە کە دۆستی جەنابی سەرۆك دەیپارێزێت. نا، لەبەرئەوەی دەبێت ئاکام ئەو پارێزی لێ کردنە ئاشکرابێت و فریودانێکی زۆر دڵڕەقانەیش ئاشکرا بکات، کە دواساتەکانی ژیانی قوربانییەکە تاڵ بکات چونکە پاڵی پێوە دەنێت لەوە دڵنیا بێت کە فریویان داوەو خیانەتیان لێ کردووەو بەپێ پێشێلیان کردووە، شێوازێکی بلیمەتانەیان داهێناوە بۆ ئەوەی ڕواڵەتێکی یاسایی بە تاوانەکە ببەخشن و بڵێن ئەوە دوایەمین هەنگاو بوو دەسەلاتداران پەنای بۆ ببەن تا ڕێ نەدەن تاوانبارە گریمان کراوەکە ڕابکات ئەویش پێش ڕۆژێك بەر لەوەی دەستگیر بکرێت. نا. نا ئەو هۆکارانەی پاڵیان بە فریشتە ڕووەوە نا نکۆڵی لەو پلانە نەگریسانە نائومێدانە بکات و لێوی خۆی بگەزێت زۆر جیاواز بوون. بە هەموو نیاز پاکییەکەوە ـ لەبەرئەوەی ژەنەراڵ دەپارێزێت ـ لەو بڕوایەدا بوو کە چەند مافێکی بەسەر کیژەکەیەوە پەیداکردووە، بەلام ئێستە لەو بڕوادایە کە وەك هەموو جارێك ئەو مافانە بوونە قوربانی ئەو کارەی، وەك ئامرازێکی کوێرانە، وەك دەست و پێوەندێکی دڵسۆز ڕ ۆڵی پیاوکوژی جەنابی سەرۆك دەگێڕێت.

جۆرە بایەکی سەیر لە نشێوی ئەو بێ دەنگییەوە هەڵیکردبوو، کە باڵی بەسەردا کێشابوو. کاتێك خەریکبوو ڕووەکی وشکانی تینوو نەش و نمایان دەکرد، چوون تینووی ئەو برۆیانەی ئاگای فرمێسك نازانن، تینووی درەختی وشترخۆری دڕکاوی، تینووی ئەو درەختانەی باران پاراویان ناکات. ئەم ئارەزووە پەرۆشە چی دەگەیەنێت؟. بۆچی دەبێت درەختەکان تینوو بن کاتێك باران دەبارێت؟.!

چوون بروسکە بیرۆکەیەك بە مێشکیدا تێپەڕی، بگەڕێتە دواوە و لە زەنگەکەی دەرگای ماڵی کانالیس بدات و لەو چارەنووسەی ئاگەداربکاتەوە کە چاوەڕێیەتی. (وێنای ئەوەی کرد کیژەکەی بە سوپاسەوە بزەیەکی بۆ بکات). بەڵام بەڕاستی لە دەروازە بچووکەکەی مەیخانەکە چووبووە ژوورەوە، لەگەڵ وشەگەلە بوێرەکانی ڤاسکیزو بوونی پیاوەکانی دیکەدا هەستی کرد بوێری بۆ دەگەڕێتەوە.

ـ (تاقیم بکەرەوە، ئەمە هەموو شتێکە. من ئەو کەسەم بە دوامدا دەگەڕایت. بەڵێ، من ئامادەم بۆ هەرچییەك بووبێت یارمەتیت بدەم، گوێت لێیە؟. من ئەو کەسە نیم پاشگەز ببمەوە. من وەك پشیلە، حەوت گیانم هەیە، لە نەوەی مۆری دلێرم!).

ڤاسکیز دەکۆشا ڕیتمی دەنگە ژنانییەکەی خۆی نزم بکاتەوە بۆ ئەوەی خەسڵەتی پیاوانە بە وشەکانی ببەخشێت. بە دەنگێکی نزم گوتی:

ـ (ئەگەر بەختەوەریت بۆ نەهێنابام، ئەوە ئێستە لێرەدا بەم بوێرییە قسەم نەدەکرد. نا. بڕوا بکە. تۆ ڕەوشی منت لەگەڵ (ماسکواتا)دا چاك کردەوە. ئێستە وەك پێویستە هەڵسوکەوتم لەگەڵ دەکات).

فریشتە ڕوو لەکاتێکدا تەوقەی لەگەڵ ئەو پیاوکوژەدا دەکرد کە گێلەکەی کوشت بەرسڤیدایەوە: (من زۆر شادومانم لێرە بتبینم ئەو گیانە بوێرەت تێدابێت. تۆ زۆر لە ناخی منەوە نێزیکیت. خۆشەویستم ڤاسکیز ورەت بەرز کردمەوە کە پۆلیسەکان لێیان دزیبووم. کە لەبەر هەر دەرگاو یەکێکیان ڕاوەستاوە).

ـ (وەرە هەندێك مەی هۆڵەندی بخۆرەوە ترست دەڕەوێنێتەوە).
ـ ئای! من ترسم لەسەر خۆم نییە، ئەمە یەکەمین جار نییە خۆم لە بەردەم ئارێشەیەکی دژواردا ببینمەوە، من بیرم لای کچەکەیە. تێگەیشتیت، نامەوێت لەو کاتەدا دەستگیرمان بکەن کە لە ماڵی ئەوانەوە دێینە دەرەوە؟.
ـ (بەڵام، ئەمە چییە؟. کێ دەستگیرت دەکات؟. هەرکە پۆلیسەکان شتێك لەناو ماڵەکەدا ببینن تا تاڵانی بکەن ئەوە یەك پۆلیس لە شەقامدا نابینیت، هیچ کامێکیان نابینیت، لەسەر ئەوە گرەو لەسەر ژیانی خۆم دەکەم. من بەڵێنت وێ دەدەم ئەو کاتەی شتێك ببینن کە بتوانن دەستی بۆ ببەن، هەر هەموویان بە تاڵان کردنی شتی سووك و گرانەوە سەرقاڵ دەبن، هیچ گومانێکت لەوە نەبێت ...).
ـ (باشتر نییە بە خۆت بچیتە لایان و قسەیان لەگەڵ بکەیت، مادامکێ بە خۆت هاتوویت و تەشریفت هێناوە، مادامەکێ دەزانن، کە تۆ ناتوانیت ...؟.).
ـ (قسەی قۆڕ. پێویست ناکات هیچیان پێ بگوترێت. کاتێك دەبینن دەرگاکە لەسەر پشت کراوەتەوە، بە خۆیان دەڵێن: دەی، خۆ هیچ زیانێکی نییە. بگرە لەو بڕوایەدا دەبن کە کارێکی باش دەکەن. بەڵام ئەگەر بمبینن، منێك کە لەوەتای لەگەڵ (ئەنتۆنیۆ لیپیلۆلا)دا هەڵم کوتایە سەر ماڵی ئەو قەشە چکۆلەیەو ناوبانگم ڕۆیشت، کە کاتێك ئێمەی بینی دەچووینە ناو ژوورەکەیەوە لە نهۆمی سەرەوەو ڕووناکی پێ دەکەین هەترەشی چوو تا ڕادیەك کلیلی گەنجینەکەی بۆ فڕێ داین کە پاشەکەوتەکانی خۆی تێدا لەناو دەستەسڕێکی گەورەدا شاردبووەوە بۆ ئەوەی زرەی نەیەت، پاشان خۆی بە ڕواڵەت وا پیشان دا گوایە نووستووە! . بەڵێ، ئەو جارە سەرکەوتوو بووم. ئێستەیش ئەو کوڕو کاڵانە لەسەر ئەوە سوورن).
ڤاسکیز قسەکانی کۆتایی پێ هێناو ئاماژەی بەو کۆمەڵە پیاوە بێ دەنگ و پیس و بەدبەختانە کرد کە پەیتا پەیتا پەرداخی پڕ لە براندییان هەڵدەقوڕاندو

یەکسەر مەیەکەیان هەڵدەدایە ناو زاریانەوە پاشان بە بێزەوە تفێکیان دەکرد هەرکە پەرداخەکەیان لەسەر لێو دووردەختەوە:

ـ (بەڵێ، بۆت دووپات دەکەمەوە، ئەوان ئامادەن دەست بە کارەکە بکەن).

فریشتە ڕوو جامەکەی بەرز کردەوەو داوای لە ڤاسکیز کرد پێکی ئەویندارى بخواتەوە. (لامسکواتا) پەرداخێکی لە (ئەنیس) بۆ خۆی تێکردو هەر سێکیان خواردیانەوە.

لەبەر ڕووناکییە کزەکەدا، لەبەرئەوەی ترسان گڵۆپە کارەبابییەکە پێ بکەن بۆیە هیچ ڕووناکییەك لە ژوورەکەدا نەمایەوە تەنیا مۆمە داگیرساوەکەی بەردەم وێنەکەی مەریەم نەبێت، جەستەی ئەو پیاوە لانەوازانە سێبەری سەیر سەیریان دروست کردبوو، بە قەد دیوارە لارو چەوتەکانەوە درێژ بووبوونەوە، کە ڕەنگێکی ڕووەو زەردیان دەنواند، دەتگوت ئاسکن، بوتڵە شووشەکانیش بەسەر ڕەفەکانەوە بە شێوەیەك دەهاتنە پێش چاو دەتگوت مەشخەڵی ڕەنگاو ڕەنگن. هەر هەموویان چاویان لە خولانەوەی کاتژمێرەکە بڕیبوو، تفەکانیان کە لە عەردیان ڕۆ دەکرد وەك دەنگی گوللە دەنگیان دەدایەوە. فریشتە ڕوو دوور لەوانی دیکە پشتی بە دیوارەکەوە بوو لە تەنیشت وێنەکەی مریەمەوە چاوەڕێی دەکرد، هەردوو چاوە ڕەش و زەقەکەی بە ژوورەکەدا دەسووڕاند، ئەو بیرۆکەیان ڕاودەنا، کە لەو ساتە یەکلاکەرەوانەدا هەر هێرشیان بۆ دەهێنا: پێویستی بەوەیە ژن بهێنێت و منداڵی هەبێت. بزەیەکی هاتێ کاتێك بەسەرهاتی ئەو بەندکراوە سیاسییەی بیرکەوتەوە، کە بە سزای مەرگ سزا درابوو، کە داواکاری گشتیی سوپا بە دوازدە کاتژمێر بەر لەسێدارەدانی سەری لێ دا، بە ناوی دەستەڵاتدارانەوە پێی ڕاگەیاند چی بوێت پێی ببەخشێت، تەنانەت ئەگەر ژیانیشی بووێت، ئەویش بەرانبەر بەوەی قسەکانی بگۆڕێت. بەنکراوەکە بە سووربونەوە پێی گوت: باشە، من داوادەکەم لە پاش خۆم نەوەیەکم هەبێت بەجێی

بهێڵم. داواکاری گشتیی سوپا گوتی: پەسەندە. ناردی سۆزانییەکی بۆ بهێنن و لەو بڕوایەدا بوو شتێکی باشی کردووە. بەڵام بەندکراوەکە ئافرەتەکەی بەرەڵاکرد بێ ئەوەی توخنی بکەوێت، کاتێك داواکاری گشتیی سوپا گەڕایەوە پێی گوت: (هەموو ئەو کوڕانەمان بەسە کە بە ڕاستی لە سۆزانییەکان هەمانن!).

بزەیەکی دیکە بەسەر لێویەوە بەدی کرا کاتێك لەگەڵ خۆیدا گوتی: (بەڕێوەبەری قوتابخانەو، سەرنووسەری ڕۆنامەو دیپلۆماتکارو ئەندامی پەرلەمان و سەرۆکی شارەوانی بووم، ئەوەتە ئێستەیش سەرۆکی گرووپێکی چەقۆکێش و تەرەسم! ئەمەیە ژیان لەناوچە گەرمەکان!).

کاتژمێری کڵێسەکە دوو جار لێیدا.

فریشتە ڕوو هاواری کرد: (هەموو بۆ دەرەوە). بە (لامکواتا)ی گوت لەکاتێکدا دەمانچەکەی دەرهێناو بە دەستییەوە بوو: (لەگەڵ نێچیرەکەمدا دەگەڕێمەوە). فاسکیزیش هاواری کردو فەرمانیدا لەکاتێکدا مارمویلك ئاسا بە پەنجەرەیەکی ماڵەکەی ژەنەراڵدا هەڵزناو دوو لە ئەندامانی باندەکەی دوای کەوتبوون: (سا دەی کاتی کارکردنە، خوامە ئەو خواستە کەس پاشەکشە بکات، گوێتان لێیە؟.).

ئەوانەیش لەناو ماڵەکەدا بوون گوێیان لە هەردوو لێدانەکەی کاتژمێرەکە بوو.

ـ کامیلا ئامادەیت؟.

ـ بەڵێ باوکی خۆشەویستم.

کانالیس پەنتۆڵێکی ئەسپ سواری و چاکەتێکی شینی لەبەر بوو کە هیچ مەداڵێکی زێڕینی پێوە نەبوو، قژەکەی لەسەرەوە سپی دەنواند و دەبریسکایەوە بێ ئەوەی هیچ ڕەنگێکی دیکە بنوێنێت. کامیلا خۆی هاویشتە ئامێزیەوەو وەنەبوو ببووڕێتەوە، بێ ئەوەی ورتەیەکی لە زار بێتە دەر یان فرمێسکێك بڕێژێت. کەس دەرك بە واتای شادومانی یان بەدبەختی ناکات تەنیا ئەو کەسانە

نەبێت پێشتر لە ئەندێشەی خۆیاندا تاقییان کردۆتەوە، ئەوانەی گازیان لە دەستەسڕی بە فرمێسك تەڕبوو گرتووەو لە خەم و خەفەتدا بە ددان شیتاڵ شیتاڵیان کردووە. هەرچی کامیلایە ئەوە هەموو ئەو شتە بەلای ئەوەوە یارییەك یان مۆتەکەیەك بوو، نا، ناشێت، ناشێت ڕاستی بن. ئەوەی ڕوودەدات، ئەوەی بەسەر وێ دێت، ئەوەی بەسەر باوکی دێت، ناشێت ڕاستی بێت. ژەنەراڵ کانالیس لە ئامێزی گرت و پێی گوت خوات لەگەڵ.

ـ (بەم شێوەیەیش دایکم لە ئامێز گرتیت کاتێك لەم جەنگەی دواییەدا ڕۆیشتم لە پێناوی نیشتمانەکەمدا بجەنگم. ئەو خۆشەویستە بەستەزمانەیش وای بیر دەکردەوە کە جارێکی دیکە ناگەڕێمەوە، بەڵام ئەو چاوەڕێی نەکردم).

ئەو جەنگاوەرە دێرینە کاتێك گوێی لە ترپەی بوو لەسەر سەربان، کامیلای بە لاوە نا، بەناو حەوشە پڕ لە ئینجانەو گوڵەکەدا بەرەو دەرگای پشتەوە ڕۆیشت. بۆن و بەرامەی هەر گوڵێك و هەر جیرانیۆمێك و هەر گوڵێك پێیان گوت خوات لەگەڵ بێت. ئەو ئاوانەیش دڵۆپەیان دەکردە ناتو گۆزەکانەوە پێیان گوت خوات لەگەڵ بێت. هەروەها ئەو ڕووناکییانەی لە پەنجەرەکانەوە دەهاتنە ژوورەوە. لەناکاو خانووەکە تاریك داهات، وەك بڵێیت بە هۆی گورزوەشاندنێکی توندەوە لە دراوسێکانی تەنیشتی جیابووبێتەوە. ڕاکردن لە سەرباز ناوەشێتەوە. لەلایەکی دیکەوە بیرۆکەی گەڕانەوە بۆ ڕزگارکردنی نیشتمانەکەی بەسەرۆکایەتی شۆڕشێك ...

بەپێی ئەو پلانەی لەسەری ڕێککەوتبوون، کامیلا ڕووی کردە پەنجەرەکە بۆئەوەی داوای یارمەتی بکات:

ـ (فریامان کەون! دز هاتوونەتەماڵەوە! دز!).

بەر لەوەی دەنگی لە تاریکی شەودا بزرببێت، یەکەمین کەس لە پۆلیسەکان ـ ئەوانەی چاودێری بەردەم ماڵەکەیان دەکرد ـ گەیشتنە جێ و فوویان لە شاورە درێژە کونەکانیان دەکرد. چەند دەنگێکی جیا جیای لە ئاسن و تەختەدار بەرزبووەوەو،

یەکسەر دەرگای دەرەوە بەربووەوەو پۆلیسی دیکەیش بە جلی سڤیلەوە لە پێچی ڕێگەکەوە دەرکەوتن، نەیاندەزانی چی ڕوودەدات، جا لەو پێناوەدا بە تایبەتی خەنجەرە تیژەکانیان لە ئامادەباشیدا بە دەستەوە بوو، شەپقەکانیشیان دەم و چاوی شاردبوونەوە لەکاتێکدا یاخەکانیان بەرەو سەرەوە هەڵدابووەوە. دەرگە کراوەکە وەك دەریای هەڵچوو هەمووی هەڵلووشین. ڤاسکیز پاش ئەوەی چووبووە سەربان تێلەکانی کارەبای پچڕیبوون، تا ڕێڕەوەکان و ژوورەکان بووبوونە یەك سێبەری گەورە. هەندێك لە هاوەڵەکانی دەنکە شقارتەیان داگیرساند تا بەرپێی خۆیان بەرەو گەنجینەو سندووق و جەکمەجەکان ببینن، بێ هەراو هوریای زۆرتر، دەستیان بەتاڵان کردنیان کرد لە سەرەوەیان تا خوارەوەیان پاش ئەوەی قفلەکانیان شکاندو دەرگە شووشەییەنەکانیان شکاندو دارە گرانبەهاکانیان پارچە پارچە کرد. کەسانێکی دیکە ژووری دانیشتنەکەیان تێکەڵ و پێکەڵکردبوو، تەخت و مێز و کۆمەدی سووچەکانیان وەردەگێڕا کە بە وێنەی فۆتۆگرافی ڕازێنرابوونەوە کە لەو تاریکاییەدا لە پاپەز دەچوون، یان پەنجەیان بە دوگمەی پیانۆیەکی گرانبەهای بچووکدا دەنا بە والاَیی بەجێیان هێشتبوو، چوون گیانلەبەرێك کە ئێشی پێ دەگەیشت ئاه و ناڵەی بوو، هەرکە بە پەنجە لێیان بدایە.

لە دوورەوە دەنگی چنگاڵ و کەوچك و چەقۆ بەرگوێ دەکەوت کە بەر دەبوونە سەر عەرد، پاشان هاوارێك بەرگوێکەوت، کە لێدانێکی توند پچڕاندی. (چاپیلۆنا)ی پیرە دایان کامیلای لە ژووری نانخواردنەکە لە نێوان خوانێکی ناخواردن و دیوارەکەدا شاردبووەوە. خۆشەویست دایانەکەی بە عەرددا داو قژەکەی لە مشتووی جامخانەی شتە زیڕینەکان گیری کرد بۆیە هەر هەموویان کەوتنە سەر عەردو دەنگیان دایەوە. ڤاسکیز هەر چۆنێك بووە پارچە ئاسنێکی پێداکێشا، تەنانەت لە تاریکاییدا هەردوو دەستیشی نەبینی.

# دووەمین بەش

## ٢٤ و ٢٥ و٢٦ و ٢٧ ی نیسان

(١٢)

## كامیلا

كامیلا ڕۆژگاری ڕابوردوو چەندین كاتژمێری لە ژوورەكەی خۆی لەبەردم ئاوێنەدا بەسەر دەبرد. دایانە بەساڵداچووەكەی بەسەریدا هەڵدەشاخا: (ئەگەر زۆر لە ئاوێنە بڕوانیت ئیبلیس دێت و لە پشتتەوە سەر دەردێنێت!). كامیلایش وەڵامی دەدایەوە: (لە من ئیبلیستر نابێت!). قژەكەی شۆڕشێك لە مەشخەڵی ڕەش بوو، دەموچاوە گەنم ڕەنگەكەی بە هۆی هەتوانی پێستی لە كەرێی گوێزی هیند چێ كراو دەبریسكایەوە، هەردوو چاوە سەوزە باریك و كەمێك كشاوەكەی بە قووڵداچووبوون. كاتێك پاڵتۆ تا گەردن داخراوەكەی خوێندنگەی لەبەر دەكرد هاوەڵەكانی لە خوێندنگە پێیان دەگوت (كانالیسی چینی)، بەڵام ئێستە پێگەیشتووە و جوانتر بووە و بووەتە كیژێكی تەواو.

لەبەردەم ئاوێنەدا لەگەڵ خۆی دەدوا: پازدە ساڵ! بەڵام هێشتە لە پشیلەی كەوی دەكەم، بۆ هەر كوێیەك بچم مام و پلك و ئامۆزا و پلكەزاكانم چوون مێشوولە چوار دەورم دەدەن.

هەندێك جار قژی خۆی ڕادەكێشاو، هاواری دەكردو، گاڵتەی بە خۆی دەكرد. ڕقی لەوە دەبووەوە بەردەوام لەناو ئەم هەموو خزمانەدا بێت و، كیژی بچووك بێت و

لەگەڵیان بۆ هەر هەموو شوێنێك بڕوات: بۆ نمایشی سەربازی، بۆ ڕێ و ڕەسمی نوێژی کاتژمێر دوازدە، بۆ تەپۆڵکەی (مێوەکە) بۆ سواربوونی ئەسپ و سەیران لای شانۆی (کۆلۆن) و سەرکەوتنە سەر تەپۆڵکەکانی (ساوسی) و لێ دابەزینیان.

مامەکانی لە داهۆڵ دەچوون، سمێڵێکیان پێوە بوو هەڵۆ لەسەری بنێشێتەوە، ئەموستیلەکانیان لە پەنجەکانیاندا دەزرنگایەوە، ئامۆزاکانی قژ بژو قەڵەو و ئێسك گران بوون. پلکەکانیشی ـ کە لە بنەڕەتدا ژنی مامەکان بوون ـ بێزی مرۆڤیان دەهێنایەوە. یان هەر هەموویان بەلای ئەوەوە ئەو شێوەیەیان دەنواند. زۆری پێ ناخۆش بوو کاتێك ـ بە تایبەتی ئامۆزاکانی ـ پاکەتی پڕ شیرینەمەنییان پێشکەش دەکرد، چوون بڵێیت کیژۆڵەیەکی بچووك بێت، یان کاتێك مامەکانی بە دەستیان کە بۆنی توتنیان لێ دەهات بە پشتیان دەدا و بە پەنجە کەڵەو دۆشاو مژە دەم و چاویان دەگرت و بۆ ئەم لاو ئەو لایان دەجوولاندەوە ـ ئەو کاتە کامیلا بە ئەنقەست ملی خۆی ڕەق دەکرد، یان کاتێك پلکەکانی ماچیان دەکرد بێ ئەوەی لەچکەکەیان لابەن، بۆیە هەستی بەوە دەکرد کە تەونی جاڵجاڵووکەیەك بە هەردوو گۆنایەوە نووساوە.

ڕۆژانی یەك شەمموان دەنووست، یان لەژووری میوان دادەنیشت و هەستی بە بێزاری دەکردو سەیری وێنەی کۆنی ناو (ئەلبۆم)ی خێزانەکەی دەکرد، یان سەیری وێنە هەڵواسراوەکانی قەد دیوارەکانی دەکرد کە بە پارچە پەڕۆی سوور داپۆشرابوون، یان ئەو وێنانەی بە چوارچێوەی ڕەش لە گۆشەکانی ژوورەکەدا ڕێکوپێك دانرابوون، یان لەسەر مێزە زیوینەکان و تاقە مەڕمەڕییەکان دانرابوون، لەکاتێکدا باوکی لە پەنجەرەکەوە سەیری ڕێگە چۆڵەکانی دەکردو چوون پشیلە نرخەی دەهات و وەڵامی سڵاوی دۆست و دراوسێکانی دەدایەوە.کە بۆ ڕێزلێگرتن و پێزانین شەپقەکانیان بۆ بەرز دەکردەوە، لەبەرئەوەی ژەنەراڵ کانالیس بوو.

ژەنەراڵیش بە دەنگی گڕ وەڵامی دەدانەوە:(ئێوارەت باش، خوات لەگەڵ، بە بینینت شادومانم، بەخێر چیت!).

وێنەیەکی دایکی هەبوو، پاش مێرکردنی بە ماوەیەکی کەم گرتبووی، هیچی لێ دیارنەبوو تەنیا پەنجەکان و دەم و چاوی نەبێت، نوێ ترین مۆدیلی کراسی ئەو سەردەمەی لەبەربوو، ئەوەند شۆڕ بوو دەگەیشتە سەر هەردوو پێی، لەگەڵ دەستکێشێك دەگەیشتە قۆڵەنیسکی و، فەروێك بە دەوری ملیەوە، لەگەڵ شەبقەیەکدا چەپکێك شریت و پەڕی لەسەر سێبەرگەیەك دانتێل پێوە شۆڕ بووبووەوە. چەند وێنەیەکی پلکەکانیشی لەوێ هەبوون، سینەو مەمك زل زل، تێکسمڕاو چوون مەندەری پڕ لە کای ناو هۆڵ، قژ ڕەق هەڵاتوو، نگینێك بە تەوێڵیانەوە بوو، بە مرواری بچووك بچووك ڕازێنرابووەوە، لەگەڵ وێنەی دەستەخوشکانی ڕۆژگاری ڕابوردوودا، ئافرەتێك شاڵێکی لە دانتێلی نەخشێنراو لەبەربوو لەگەڵ شانەو پانکە، یەکێکی دیکە جلی هیندی پۆشیوە لەگەڵ سەندەلێك و کەوایەکی نەخشێنراوو کترییەکی لەسەر شانە، لەگەڵ ئافرەتگەلی دیکە بە خاڵی جوان جوان و خشڵەوە. هەموو ئەم وێنانە هەستی سڕبوون و خەوەنووتکەی کاتی خۆرئاوابوونیان بە کامیلا دەبەخشتی شان بە شانی هەستی خورافی بەو پێشکەشانەی لەسەریان نووسرابوو: (ئەم وێنەیەم، وەك سێبەرەکەم، لەگەڵ تۆ دەبێت). (بە هەموو شادییەکەوە، هیوای بەختەوەریت بۆ دەخوازم)، (خوات لەگەڵ، ئاگات لە خۆت بێت)، (ئەگەر بیرچوونەوە ئەم دێڕانە بسڕێتەوە ئەو کات یادوەرییەکانم دەسڕێنەوە)، (لە خزمەتتاندام، سڵاو لە دایکت دەکەم).

هەندێك جاریش دۆستێك هەبوو لە ئەلبۆمی وێنەکانەوە بازی دەداو ئامادە دەبوو تا لەگەڵ ژەنەراڵدا لە بالکۆنەکە دەمەتەقێ بکەن. کامیلایش لەو دیوی پەردەوە کوڵی لێ دەگرت. ئەویش ئەو کەسە بوو کە لە وێنەکەدا دیمەن و ڕوخساری (دۆن جوان)ی دەنواند، لاوێکی تەمەن ناوەند، باریکەلە، دوو برۆی

ڕەشی پێوەبوو، پانتۆڵێکی ڕەنگاوڕەنگی پڕ چوارگۆشەی لەپێ بوو، چاکەتەکەشی تا سەرووی یاخەکەی دوگمە دابوو، شەپقەیەکی مامناوەندی لەسەربوو... کە دوایەمین مۆدیلی جلوبەرگی کۆتایی سەدەی ڕابوردوو بوو. کامیلا بزەیەکی دێتێ و لەگەڵ خۆیدا دەڵێت: (باشتر وابوو بەو شێوەیە بمایەیتەوە کە لە وێنەکەدا دیاریت. بە کۆنە مۆدە دەهاتیتە پێش چاوو خەڵك بە جلەکانت پێدەکەنین کە بۆ مۆزەخانەکان دەشێن، بەڵام بە لایەنی کەمەوە بەم شێوەیە نەدەبوویت سکت تێکچرژاوو سەرت ڕووتاوو هەردوو گۆنات قوپاو بن وەك ئێستە وایت).

لە سێبەری پەردە بەنەوشەییەکەوە کە تۆزی پێوە نیشتووە، کامیلا پاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەك شەممە لە پەنجەرەکەوە چاوە کەسکەکانی دەگێڕا، سەرمایش لە هەردوو چاوە شووشەییە بەستووەکانی سووکتر نەدەبوو کە لە ماڵەوە دەیڕوانییە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەو ڕووداوانەی پێ ببینێت لە ڕێگەکەدا ڕوویان دەدا. باوکی کراسێکی کەتانی پرشنگداری بی چاکەتی لەبەر بوو، هەردوو قۆڵەنیسکی لەسەر پشتییەکی لە ساتان چێ کراو دادابوونەوە، کاتی خۆی بە دەمەتەقێ لەگەڵ کەسێکدا بەفیڕۆ دەدا، لەناو تێلبەندی پەنجەرەکەوە بە شێوەیەك دەهاتە پێش چاو کە پێدەچوو دۆستێکی گیانی بە گیانی بێت. کابرایەك بوو، دیمەنێکی زەردی دەنواند، کەپوو چەوت، سمێڵ بچووك. دارێکی مشتوو زێڕینی پێ بوو. چی ڕێککەوتێکی بەختەوەرانەیە! بەبەردەم ماڵدا پیاسەی دەکرد کاتێك ژەنەراڵ رایگرت و گوتی: شادومانین لێرە لە گەڕەکی (لامرسید) بتبینین! شتێکی مەزنە! کامیلا لەناو ئەلبۆمی وێنەکاندا بینی. بە ئاسانی نەدەناسرایەوە. دەبوو باش لە وێنەکان ورد ببێتەوە. ئەو پیاوە بەستەزمانە ڕۆژگارێك لووتێکی ڕاست و دەم چاوێکی خڕۆڵەی هەبوو. چ ڕاستە ئەگەر بگوترێت ڕۆژگار خراپ ڕەفتار لەگەڵ خەڵکیدا دەکات. ئێستە دەم و چاوی لاواز بووەو ئێسکی هەردوو گۆنای دەرکەوتوون، هەردوو برۆی بچووکتر بوونەتەوە، هەردوو چەناگەیشی

دەركەوتوون. كاتێك بە دەنگێكی نزم لەگەڵ باوكی دەپەیڤی، مشتووی دارەكەی لە كەپووی نێزیك دەكردەوە وەك بڵێیت بۆنی زێڕەكە بكات. ئەوە پێشوازی لە جم و جووڵێكی بەردەوامدا. وێ بە خۆیشی لە جم و جووڵی بەردەوامدایە، هەموو شتێكی جەستەی، تەنانەت ئەوەی سروشتیانە كپ و بێ دەنگن، ئەوانەیش لە جم و جووڵی بەردەوامدا بوون. كاتێك بۆ یەكەمین جار دەریای بینی، وشەكانی سەر لێوی كە بۆ سەرسوڕمان و واق وڕمان دەری دەبڕین كەفوكوڵیان بوو، بەڵام كاتێك مامەكانی پرسیاری ڕاوبۆچوونیان بەرانبەر بە دیمەنی دەریا لێ كرد بە ڕواڵەتی بایەخی درۆكینانەوە گوتی: (پێشتر لەناو وێنەدا دەریام بینیوە!). با یاری بە شەپقە ئاڵە لێوار پانەكەی دەكرد كە بە دەستیەوەی گرتبوو. لە جۆرە تەوقێك، یان باڵندەیەكی خڕۆڵەی زەبەلاح دەچوو.

ئامۆزاكانی ئەوەندە سەریان لە قسەكانی سوڕما بە چاوی زەق و زاری داچەقیوەوە تێیان ڕوانی. دەنگی شەپۆلە تیژەكانیش بەسەر تێبینی و سەرنجی پلكەكاندا زاڵ بوو: (ئای دەریا چەند جوانە! ڕێی تێ ناچێت! ئای لەو هەموو ئاوە! سەیری ئەوێ بكە، لەوە دەچێت هەڵچووبێت! هەتاو خەریكە ئاوا دەبێت! كاتێك لە شەمەندەفەرەكە دابەزیین خۆ هیچمان لە بیرنەچوو؟.، بنۆڕن نەوەك شتەكان ئاسایی نەبن؟.، پێویستە هەگبەكان بژمێرن!).

مامەكانی چەند هەگبەیەكی پڕ لە جلوبەرگی سووكیان لەگەڵ خۆیان بۆ سەر كەناری دەریا هێنابوو (ئەو جلوبەرگانەی چوون مێوژ چرچ و لۆچ بوون لەوانەی گەشتیارەكان لەبەریان دەكەن) لەگەڵ چەند بۆڵە گوێزی هیندی كە ئافرەتەكان لەو وێستگانە كڕیبوونیان، كە شەمەندەفەرەكە لە ڕێگەی لێیان ڕاوەستابوو، تەنیا لەبەرئەوەی هەرزان بوون، لەگەڵ ژمارەیەك شتی پێچراوە و سەبەتە، كە ژمارەیەك هیندی هەڵیانگرتبوون و گەیاندبوونیانە ئۆتێلەكە.

ئاکام یەکێك لە پێگەیشتووترین ئامۆزاکانی گوتی: (بەڵێ، من دەزانم مەبەستت چییە)، (کاتێك کامیلا گوێی لێبوو قسەی لەگەڵ کرد هەردوو گۆنا تاریکەکەی لەئاکامی ئەو تەوژمە خوێنەوە کە تێیان زا تۆزێك سوور داگەڕان)، بەڵام من ڕام لەگەڵ ڕای تۆ نییە. من لەو بڕوایەدام کە ئەوەی تۆ دەتەوێت بیڵێیت ئەوەیە کە دەریا لە فیلمی کارتۆن دەچێت، بەڵام گەورەترە).

کامیلا لەبارەی ئەو فیلمە کارتۆنیانەو بیستبووی کە گەڕەکی (سەد دەوازە)ی تەنیشت (دالآنی خوداوەند) نمایش دەکرێن، بەڵام هیچ بیرۆکەیەکی لەبارەوەیانەوە نەبوو. بەڵام پاش ئەوەی گوێی لە ئامۆزاکەی بوو دەیتوانی لە نهێنی دەریا بگات لەو کاتەی کە لە دەریای دەڕوانی. هەموو شتێك بەردەوام دەجوولێتەوە. هیچ شتێکی نەجووڵاو نییە. وێنەکان تێکەڵ بە وێنەکانی دیکە دەبن و دەگۆڕێن و تێك دەشکێنن و هەپروون بە هەپروون دەبن تا لە چرکەیەکدا وێنەی نوێ دروست بن، لە بارێکدا کە نە بەستووبیەتی یان شلە یان گازی بێت، بەڵکو باری ژیانە لە دەریادا. بارێکی پرشنگدارە. هاوکات لە دەریاو لە وێنە جووڵاوەکاندا.

کامیلا بەوپەڕی شادومانییەوە لە دیمەنەکە ورد دەبووەوە لەکاتێکدا پەنجەکانی پێی لەناو پێڵاوەکەیدا دەنووشتاندەوەو هەردوو چاویشی بە هەموو لایەکدا دەبریسکانەوەو لە سەرەتاوە هەستی بەوە کرد کە هەردوو چاوی چاڵایی خۆیان بەجێدەهێڵن بۆ ئەوەی ئاگایان لەو بەرینابییە بێت، پاشان هەستی کرد کە ئەو بەرینابییە بە تەواوەتی هەردوو چاویان پڕ کردۆتەوە. هەڵکشانی ئاوەکە هەردوو چاوی پڕ کرد.

لەسەرخۆ بەرەو لای کەناری دەریاکە ڕۆیشت و ئامۆزاکەی دوای کەوت، ڕێ کردنیش بەسەر لمدا هەندێك دژوار بوو. دەیویست پتر لە شەپۆلەکانەوە نێزیك ببێتەوە، بەڵام ئۆقیانووسی ئارام لە جیاتی ئەوەی دەستێکی بەسۆزی بۆ درێژ بکاتەوە، کەچی شەپازلەیەکی لە ئاوە تەنکەکەی ئاراستە کرد هەردوو پێی تەڕ

کرد. ئەوەی پێ سەیر بوو، بۆیە لەکاتی گونجاودا کشایەوەو، بارمتەیەکی لەپاش خۆی بە جێ هێشت، ئەویش شەپقەکە ئاڵەکەی بوو، کە تەنیا پاش چەند چرکەیەك بوو بە خاڵێك بەسەر ڕووی شەپۆلەکانەوە، کامیلا هەڕەشەیەکی مندڵانەی کرد کە بچێت و لای باوکی سکاڵا لە دەریا بکات:

ـ ئای دەریا! (٤)

نە بە خۆی و نەیش ئامۆزاکەی تێبینی ئەوەیان نەکرد کە بۆ یەکەمین جار وشەی (خۆشی دەوێت)ی گۆکرد لە کاتێکدا هەڕەشەی لە دەریا دەکردو هوشیاری دەکردەوە. ڕەنگی ئاسمان لەسەرووی هەتاوەوە کە ئاوا دەبوو ئاوە سەوزە تاریکەکەی ئەوەندەی تر ساردتر دەکرد.

بۆچی هەردو بازووی لەسەر کەناری دەریا ماچ کرد، بۆنی بۆن و بەرامەی جەستە خوێیینەکەی کرد کە هەتاو بە تیشکی خۆی برژاندوویەتی؟. بۆچی هەمان شتی بە میوەکە کرد کە نابێت بیخوات، کە بە لێوەکانی دەیگرێت؟. پلکەکانی گوتبوویان: (میوە مزرەکان بۆ کیژانی تەمەن بچووك زیانبەخشن، هەروەها پێی تەڕبوو، ڕێ کردنی بەنازو عیشوە). کامیلا کاتێك باوك و دایانەکەی ماچ دەکرد بۆنی نەدەکردن. کاتێك هەردوو پێی مەسیحی لە کاتدرائیەیش ماچ کرد، کە لە دەوەنە دارێکی تێکشکاو دەچوو، ئوقرەی لەخۆی بڕیبوو هەناسەی نەدەدا. ئەگەر مرۆڤ ئەوەی ماچی دەکات بۆنی پێوە نەکات، ئەوە ماچ هیچ خۆشی و چێژێك نابەخشێت. جەستە خوێیینە قاوەیی ڕەنگەکەی لە لم دەچوو، مۆزو سەفرجەل هانیان دەدا، بەو پەڕی برسیەتی و ئارەزووەوە حەزی دەکرد هەر هەموویان ماچ بکات. بەڵام پاش گومان ڕاستییەکە جوان دەرکەوت: وێ نازانێت بۆنی دەکرد یان گازی دەگرت کاتێك ئامۆزاکەی کە سەبارەت بە وێنە جووڵاوەکان دوا لە کۆتایی هاویندا ماچی دەمی کردو، میوزێکی تانگۆی ئەرژەنتینی بە دەم لێ دەدا.

کاتێك گەڕانەوە پایتەخت، کامیلا زۆری لە دایانەکەی کرد بیباتە لای وێنە جووڵاوەکان. لە خانوویێکی بچووکی تەنیشت گۆڕەپانی (دالانی خواوەند) لەگەڕەکی (سەد دەروزاە) ئەو وێنانە نمایش دەکران. هەردووکیان بەبێ ئەوەی باوکی ئاگەدار بێت، ڕۆیشتن، لە نیگەران و تووڕەییدا نینۆکەکانی خۆیان دەقرتاند و نزاو پاڕانەوەیان دەخوێند. پاش ئەوەی خەریکبوو بگەڕێنەوە کاتێك بینییان هۆڵەکە زۆر قەرەباڵغە، چوونە پێشەوەو لەسەر دوو کورسی لەبەردەم پەردەیەکی سپیدا ڕۆنیشتن، کە جاروبار تیشکێکی لەسەر دەرەدەکەوت وەك بڵێیت لە هەتاوەوە دێت. ئامێری فیلم پیشاندان و فیندەرەکانیان تاقی دەکردەوە، کە تەق و تۆقێکیان لێوە بەرگوێ دەکەوت لە تەق و تۆقی گلۆپە کارەباییەکانی شەقامەکان دەچوو. پاشان لە ناکاو هۆڵەکە تاریك داهات. کامیلا هەستی کرد وەك بڵێیت یاریی (چاوشارکێ) دەکات. هەموو شتێك لەسەر پەردەکە ڕوون دەرنەدەکەوت. کارەکتەرەکان لێرەو لەوێ لەسەر پەردەکە چوون کولوو دەجووڵانەوە و بازیان دەدا. کەسانێکی نەزانراو، پێدەچوو شتێك بجوون کاتێك قسەیان دەکرد، بە شێوەی بازدان ڕێیان دەکردو بازوویان دەجووڵاندەوە وەك بڵێیت لە جەستەیان بووبنەوە. کامیلا بە ڕوونی ڕووداوێکی بیرکەوتەوە، کاتێك بە خۆی و کوڕێکی هاوتەمەنی لە ژوورێکدا خۆیان شاردەوە بنمیچەکەی شووشە بوو بەرەو ئاسمان والابوو، وای لێکرد بۆ ساتێك وێنە جووڵاوەکان لە بیر بکات. مۆمێکی تواوەیش لەبەردەم وێنەیەکی تەنکی مەسیح لە گۆشە تاریکەکەی ژوورەکەدا هەبوو. لەژێر قەرەوێڵەکەدا خۆیان شاردەوە، دەبوو هەردووکیان بە درێژی لەسەر عەرد ڕاکشێن. قەرەوێڵەکە بە دەنگی بەرز تەق و تۆقی بەردەوامی تێکەوت. لەناوماڵە کۆنەکانی سەردەمی باوباپیران بوو، بەرگەی ئەو ڕەفتارە توندەی نەدەگرت. لەناو حەوشەوە لە دوورەوە گوێی لە دەنگی (هاتم) بوو، (هاتم). کاتێك کامیلا گوێی لە ترپەی پێی ئەوە بوو کە دەیگوت (هاتم)، لەناکاو ئارەزووی پێکەنینی هات. هاوەڵەکەی

لە حەشارگەکە بە توندەوە تێی ڕوانی و ئاگەداری کردەوە خۆی کڕبکات، سەرەتا بەگوێی کردو ڕواڵەتێکی جدیانەی پیشان دا بەڵام نەیتوانی جلەوەی خۆی کۆنترۆڵ بکات کاتێك بۆن و بەرامەیەکی بۆگەن لە کەنتۆرێکی نیوچە وازەوە بەر لووتی کەوت، ئەو کات دەست بەجێ لە قاقای پێکەنینی دەدا ئەگەر لەبەر تۆز و خۆڵی ژێر قەرەوێڵەکە نەبووایە و هەردوو چاوانی پڕ لە ئەسرین بوون، لەکاتێکدا لە ناکاودا شەپازلەیەکی توند بەر لاجانگی کەوت.

تەواو وەك چۆن بەر لە ماوەیەکی زۆر دوور حەشارگەکەی لەژێر قەرەوێڵەکە بەجێ هێشت، بەو شێوەیەیش بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە خانەی وێنە جووڵاوەکانی بەجێ هێشت، لەناو ئاپوورەی ئەو خەڵکەدا کە کورسییەکانیان بەجێدەهێشت و بەو تارکییە بەرەو لای دەرگای چوونە دەرەوە هەڵدەهاتن. خۆی و دایانەکەی تا نەگەیشتنە (دالانی بازرگانان) ڕانەوەستان، لەوێ کامیلا بۆی ڕوون بووەوە کە بینەران لەبەر ئەوە خانەی وێنە جووڵاوەکانیان بەجێ هێشت بۆ ئەوەی لەلایەن کڵێسەوە لە ئایین بێ بەش نەکرێن: چونکە لەسەر پەردەکە ئافرەتێك دەرکەوت، جلێکی لەبەر بوو بە جەستەیەوە نووسابوو لەگەڵ پیاوێکی قژ درێژی سمێڵ پڕدا سەمای دەکرد کە بۆینباغێکی هونەرمەندانی بەستبوو.

❊❊❊

(فاسکۆ) چووە دەرەوەو هێشتە ئەو لوولە ئاسنەی بە دەستەوە بوو کە دایانەکەی پێ بێ دەنگ کرد. بە دەستی ئاماژەیەکی کرد، لە پشتیەوە فریشتە ڕوو دەرکەوت کیژەکەی ژەنەراڵی لە ئامێز گرتبوو. لەناو مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ)دا بزربوون لە هەمان ئەو کاتەی کە پۆلیسەکان بە خۆیان و ئەو شتانەوە هەڵدەهاتن کە تالانیان کردبوون. ئەوانەی کە زینی ئەسپیان دەست نەکەوتبوو کاتژمێرێکی قەد دیوار یان ئاوێنەیەکی گەورە، یان پەیکەرێك، یان مێزێك، یاخۆ

پەیکەرێکی مەسیح، یان کیسەڵێك، مریشکێك، مراوییەك، کۆترێك، یان هەر گیانلەبەرێك لەو گیان لەبەرەکانی دکەی خوا خەلقی کردبوو، بەکۆڵدا دابوو: جلوبەرگی پیاوانە، پێڵاوی ژنانە، سووراوو سپیاوی دروستکراوی چینی، گوڵ، وێنەی پیاوانی پیرۆز، گوڵدان، لەگەن، گلۆپ، چلچرا، شووشەی دەرمان، تابلۆی ڕۆنی، کتێب، سەیوانی باران و مێزگەی مرۆڤ (تەوالێت).

ئەو کاتەیش مەیخانەچییەکە لە ژوورەوە چاوەڕێی دەکردو شیشێکی ئاسنینی بە دەستەوە بوو، ئامادە بوو تا پاش هاتنە ژوورەوەیان دەرگاکەیان لە سەر دابخات.

کامیلا بیری بۆ ئەوە نەدەچوو ئەم جۆرە (گەورە) لێرەدا بێت کە بۆنی پێخەفی بۆگەنی لێوە بەر لووت بکەوێت، چەند مەترێك لەو خانووەوە دوور بێت کە بەوپەڕی کامەرانییەوە ژیانی تێدا بەسەر بردو، ئەو سەربازە بەساڵداچووە نازی هەڵدەگرت (شتێکی دەگمەنیش بوو مرۆڤ بیری بۆ ئەوە بچێت تەنیا دوێنێ شادومان بووبێت)و دایانەکەیشی چاودێری دەکرد (شتێکی دەگمەنیشە بیری مرۆڤ بۆ ئەوە بچێت ئێستە بە هۆی ئەو برینە کوشندانەوە دووچاریان بووە لەسەر پشت ڕاکشابێت). ئەو گوڵانەی دوێنێ دەگەشانەوە ئەمڕۆ لەسەر عەرد لەژێر پێدا پلیشاونەتەوەو پشیلەکەیشی هەڵاتووەو کەنارییەکەیشی مردار بووەتەوە پاش ئەوەی بە خۆی و قەفەزەکەیەوە پێشێل کرا. کاتێك خۆشەویست پەڕۆ ڕەشەکەی لەسەر هەردوو چاوی کامیلا لادا، هەستێك بە مێشکیدا گوزەری کرد زۆر لە ماڵی خۆیانەوە دوور بێت. دوو سێ جار دەستی بە دەم و چاوی خۆیدا هێناو بەم لاو ئەو لای خۆیدا دەڕوانی بۆ ئەوەی بزانێت لە کوێیە، پەنجەکانی لە جووڵە کەوتن بۆ ئەوەی هاوارێکی بێزار بخنکێنن کە خەریکبوو لە زاری بێتە دەر کاتێك بۆی دەرکەوت کە مەینەتییەکەی ڕاستەقینەیەو ڕوودەدات و خەون و خەیاڵ نییە.

دەنگی ئەو پیاوەی بەرگوێکەوت کە ئەو ئێوارەیە هەواڵە ناخۆشەکانی پێ گەیاند، بەرەو جەستە قورس و سڕەکەی دەهات: (خاتوونەکەم، بە لایەنی کەمەوە

لێرە هیچ مەترسییەك نییە هەڕەشەت لیَ بكات. چیمان لەدەست دێت بیكەین بۆ ئەوەی نیگەرانیت بڕەوێنینەوە؟.).

ئافرەتە مەیخانەچییەكە هاواری كرد: (ئاوو ئاگر!)و بەهەڵەداوان ڕۆیشت چەند پشكۆیەكی لە سەرەوەی دەفرێكی گۆزەییندا جیَ گۆڕكیَ پیَ كرد كە وەك فڕن بەكاری دەهێنا، لەكاتێكدا (ڤاسكیز) ئەو هەلەی قۆستەوە و پڕیدایە بوتڵێك براندیی تیژو هەر هەمووی فڕكرد بیَ ئەوەی زمانی پێوە بدات و تامی بكات، وەك بڵێیت ژەهری مشك هەڵبقوڕێنێت.

مەیخانەچییەكە لە كاتێكدا ورتەو بۆڵەی دەكرد، بە فووكردن ئاگرەكەی خۆش كرد: (زوو هەڵگیرسیَ! زوو هەڵگیرسیَ!) . لە پشتەوەشی، بەقەد دیواری ژوورەكەی پشتەوەوە، كە ئێستە بە هۆی ڕووناكییە سوورەكەوە دەبریسكایەوە، كە لە پشكۆی ئاگرەكەوە بەری دەكەوت، سێبەری (ڤاسكیز) بینرا دزەی كرد و بەرەو ناو حەوشەكە دەچوو.

(لامسكواتا) پشكۆیەكی خستە ناو دەفرێكی پڕ لە ئاوەوەو وەك كەسێكی تۆقیو چزەو فزەی لێوە هات، پاشان خەلووزە كوژاوەكە وەك ناوكە ڕەشەی میوەیەكی دۆزەخیانە كەوتە سەر ئاوەكە، ئافرەتەكە بە مقاش هەڵیگرتەوە. پاش ئەوەی كامیلا تۆزێك لەو ئاوەی هەڵقوڕاند، دەنگی گەڕایەوە دۆخی جاران.

یەكەمین شت كە گوتی: باوكم چی بەسەرهاتووە؟.

فریشتە ڕوو گوتی: (هێوور بە، نیگەران مەبە، بڕێكی دیكەی ئەم ئاوی خەڵووزە هەڵقوڕێنە، ژەنەراڵ ساغ و سەلامەتە).

ـ تۆ دڵنیاییت؟.

ـ لەو بڕوایەدام.

ـ كارەسات ...

ـ (بیَ دەنگ بە، مەقڕێنە!).

کامیلا وەرچەرخایەوە و لە فریشتە ڕووی ڕوانی. زۆر جار ڕواڵەتی دەموچاو پتر لە وشە مەبەست دەپێکن. بەڵام هەردوو چاوی لەناو هەردوو چاوە ڕەش و زەقەکانی خۆشەویستدا بزربوون.

لامسکواتا گوتی: (خۆشەویستەکەم پێویستە دانیشیت).

ئەو کورسییەی بۆ ڕاکێشا، کە (ڤاسکیز)ی لەسەر دانیشتبوو، کاتێك ئەو نەناسراوە هاتە ژوورەوە کە بۆ یەکەمین جار پارەی خواردنەوەکەی بە بانکەنۆتێکی درشت دا.

ئایە ئەو ئێوارەیە پێش چەند ساڵێك بوو، یان تەنیا پێش چەند کاتژمێرێك بوو؟. خۆشەویست سەرەتا لە کیژەکەی ژەنەراڵی ڕوانی، پاشان لە گڕی مۆمەکەی ڕوانی کە لەبەردەم وێنەکەی مریەمدا داگیرسابوو، هەردوو چاوی گەشانەوە کاتێك بیرۆکەی ئەوەی بە مێشکدا تێپەڕی کە مۆمەکە بکوژێنێتەوەو بە کامی دڵی خۆی بگات. یەك فووکردن و ... ئەو کات بە ئارەزووی خۆی بێت یان بە زۆر دەبێتە موڵکی ئەو. بەڵام هەردوو چاوی لەسەر وێنەکەی مریەم وەرچەرخاندو لە کامیلای ڕوانی، خۆی بەسەر کورسییەکدا دادابوو، نغرۆی کورسییەکە بووبوو، کاتێك دەم و چاوی فرمێسکاوی و قژە بژەکەی و جەستەی بینی کە لە جەستەی فریشتەیەکی گەنج دەچوو، ڕواڵەتی دەم و چاوی گۆڕا، بە ڕواڵەتێکی باوکانە پەرداخەکەی لە دەست وەرگرت و گوتی: (ئەی کیژە بچووکە بەستەزمانەکەم!).

ئافرەتە مەیخانەچییەکە بە شێوەیەك پژمی کە نیشانەیەك بوو، ئاگەداری کردنەوە، کە بە تاك و تەنیا بەجێیان دەهێڵێت، پاشان ئەو جنێوە پیسانەی کاتێك بینی ڤاسکیز تەواو سەرخۆشەو لەناو حەوشە بچووکەکە پاڵکەوتووە کە بۆن و بەرامەی گوڵی ناو مەڕکانە ڕیزکراوەکانی ئەودیوی ژووری پشتەوە تەنیویەتییەوە، هەموو ئەو شتانەیش وایان کرد جارێکی دیکە کامیلا لە پڕمەی گریان بدات و فرمێسك بە چاویدا چۆڕاوگە ببەستێت.

لامسكوات لە كاتێكدا سەرزەنشتی (ڤاسكیز)ی كرد، گوتی: ئەی قوڕ بەسەر ئەوەندەت خواردۆتەوە تا ڕادەیەك خەریكە ئینتەلا بكەیت، تەنیا شتێك كە باشی دەزانیت ئەوەیە تووڕەم بكەیت! ئەوەی دەیلێین تەواو ڕاستە، ناتوانم چاو بنووقێنم و تۆ شتێك نەرفێنێت. لەگەڵ ئەوەیشدا دەڵێیت خۆشم دەوێیت. ئای، بەڵێ، ئەوە گومانی تێدا نییە. هێشتە سەرم نەسووڕاندووە پڕ دەدەیتە بوتڵێك، خۆ یەك ملیمت پێ نەداوە، ئەدی وا نییە؟. هەموو ئەوەیش لەبەرئەوەیە، كە من بڕوام پێ كردوویت. ئەی دز، ئێرە بەجێ بهێڵە، بەر لەوەی فڕێم نەداویتە دەرەوە!).

دەنگی پیاوە سەرخۆشەكە بە ڕیتمێكی سكاڵاكارانە بەرگوێكەوت، لە كاتێكدا سەری زرمەی لێوە هات و بە عەردیدا دا كاتێك ئافرەتەكە بە هەردوو لاقی ڕایكێشا. بایەكەیش دەرگا بچووكەكەی حەوشەكەی داخست و دوای ئەوە بێ دەنگی ئەو ناوەی تەنییەوە. فریشتە ڕووش ئەم قسانەی بە گوێی كامیلادا دەدا كاتێك دەگریا: (ئێستە هەموو شتێك كۆتایی هات. باوكت هیچ مەترسییەكی لەسەر نەما، تۆیش لەم حەشارگەیەدا هیچ مەوترسییەكەت لەسەر نییە، من لێرەم بۆ ئەوەی بتپارێزم. هەموو شتێك كۆتایی هات. مەگری، چونكە گریانەكەت ئەو نیگەرانییەی هەستی پێ دەكەیت پتر دەكات. گریانەكەت ڕاگرەو تێم بڕوانە هەموو شتێكت بۆ ڕوون دەكەمەوە).

پڕمەی گریانەكەی كامیلا وردە وردە هێوور بووەوە. فریشتە ڕوو دەستی بەسر قژەكەیدا دەهێناو دەستەسڕەكەی لە دەستی وەرگرت و خەریكبوو هەردوو چاوی پێ دەسڕی. ڕووناكی بەرەبەیان ئاسۆی ڕەنگ دەكردو پەلی بۆ نێو شتەكانی ناو ژوورەكەو ژێر دەرگاكان دەهاویشت، چوون ئاوێكی ڕەنگ شیری تێكەڵ بە بۆیەیەكی ئاڵ كرابێت. مرۆڤ هەست بە بوونی یەكدی دەكەن بەر لەوەی بتوانن یەكدی ببینن. درەختەكانیش بە هۆی یەكەمین جریوەی پاسارییەكانەوە كەوتنە جووڵەو چی دیكە نەیانتوانی گەڵاكانیان بخورێنن. ئاوپژێنەكانیش یەك لە دوای

یەکدی باوێشکیان هاتێ. ئاسمانیش چەپکە ڕەشەکانی پەرچەمی شەوو، چەپکەکانی پەرچەمی مەرگی لاداو، بەرگیکی زێڕینی پۆشی.

ـ : (بەڵام دەبێت هێوور ببیتەوە، ئەگینا هەردووکمان سەرمان تێدا دەچێت. خۆت لە دەست دەدەیت و باوکیشت لە دەست دەدەیت و منیش لەدەست دەدەیت. ئێوارە دێمەوەو لەگەڵ خۆم دەتبەمە ماڵی مامت. گرینگترین شت ئەوەیە کات بقۆزینەوە. دەبێت ئوقرەت درێژ بێت. مرۆڤ ناتوانێت دەم و دەست هەموو شتێك ئامادە بکات، چونکە هەندێك لە هەندێك شتی دیکە دژوارترە).

ـ (من سەبارەت بە خۆم نیگەران نیم، پاش ئەو قسانەی گوتت هەست بە دڵنیایی دەکەم، بۆ ئەوەش سوپاست دەکەم. من دەزانم کە پێویستە لێرە بمێنمەوە. من لەبارەی باوکمەوە نیگەرانم. زۆرم ئارەزوو لێیە لەوە دڵنیام ببم کە باوکم شتێکی بەسەر نایەت).

ـ بەڵێنت پێ دەدەم هەواڵەکانیت پێ ڕابگەیەنم.

ـ ئەمڕۆ؟.

ـ ئەمڕۆ.

بەر لەوەی فریشتە ڕوو ئەوێ بەجێ بهێڵێت، ئاوڕی لە کامیلا دایەوە و بەشێوەیەکی دۆستانە دەستی بەسەر گۆنایدا هێنا.

ـ ئێستە باشتر نییت؟.

کیژەکەی ژەنەراڵ کانالیس بە دوو چاوەوە کە دووبارە فرمێسکیان تێزابوو تێی ڕوانی و گوتی:

ـ هەواڵەم بۆ بێنە ...

(١٣)

## گرتن

ژنەکەی (خینارۆ ڕۆداس) چاوەڕێی نەکرد نانەکە بگات پێش ئەوەی بە هەڵەداوان بچێتە دەرەوە. کەس نازانێت خوا نەبێت ئایە ئەمڕۆ نانیان بەسەردا دابەش دەکرێت یان نا. مێردەکەی لەناو جێگەکەدا بە تەواوی جلەکانییەوە، شەکەت و ماندوو چوون پەڕۆ و پاتاڵی شڕوهوڕ بەجێ هێشت، هەروەها منداڵە ساواکەی لەناو سەبەتەکەدا بەجێ هێشت، کە لەبری بێشکە بۆی بەکاردەهێنا. ئەو کاتەیش کاتژمێر شەشی بەیانی بوو.

کاتژمێرەکەی کڵێسەی (لامەرسید) لە هەمان ئەو کاتەدا لێیدا، کە لەدەرگای خانووەکەی ژەنەراڵ (کانالیس)ی دەدا. کاتێك دەستی بە چەقچەقەی دەرگەکەوە بوو، خەریکبوو جارێکی دیکە لە دەرگەکەی بداتەوە، لە دڵی خۆیدا گوتی: (هیوادارم لێم خۆش بن کە بەم کاتە زووە لە خەویان دەکەمەوە. بەڵام دەڵێیت کەس نییە دەرگەکە بکاتەوە، پێویستە ژەنەراڵ بە زووترین کات ئەو قسانەی پێ بگات کە (لۆسیۆ ڤاسکیز) لەو بارەی ناوی (بێداری شێر)ـە بە مێردە گێل و گەوجەکەی ڕاگەیاندووم).

چی دیکە لە دەرگەکەی نەداو چاوەڕوان بوو دەرگەکە بکرێتەوە. بیری کردەوە: (دەرۆزەکەرەکان بەرپرسیاریەتی تاوانەکەی (دالانی خوداوەند)یان خستووەتە ئەستۆی ژەنەراڵەوە. ئەم بەیانییە دێن و دەستگیری دەکەن. لەوەیش خراپتر ئەوەیە کە بەنیازن کیژەکەی بڕفێنن).

لەکاتێکدا هەر لە دەرگاکەی دەدا، لە دڵی خۆیدا گوتی: (چ زوڵمێکە! چ ستەمێکە!). تا دەهات دڵی توندتر لێی دەدا (ئەگەر ژەنەراڵ دەستگیر بکەن، باشە، هەرچۆنێك بێت ئەو پیاوەو دەتوانێت بەرگەی دژوارییەکانی بەندیخانە بگرێت. بەڵام ئەگەر کیژەکەیان ڕفاند، ئەو کات مەگەر خوا یارمەتیمان بدات، ئەگینا ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکرێت. من گرەو لەسەر هەموو شتێك دەکەم کە یەکێك لەو تەرەسە بێ ئابڕووییانە دەستی لە هەر هەموو ئەو ڕووداوانەدا هەیە، یەکێك لەوانەی لەچیاکانەوە دادەبەزنە شار بۆ ئەوەی ئەو فرت و فێڵە نەگریسانەیان ئەنجام بدەن).

جارێکی دیکە لە دەرگەکەی دایەوە. دەنگەکە لە ماڵەکە و لە ڕێگەکان و لە هەوادا دەهۆڵ ئاسا دەنگیدایەوە. زۆر نائومێد بوو کاتێك کەس دەرگای بۆ نەکردەوە. بە ئەنقەست ویستی کاتی خۆی بە خوێندنەوەی ناونیشانی مەیخانەکەی ئەو نێزیکانە بکوژێت (لۆتۆ ـ تیپ). دوو وشە بوو لە چەند پیتێکی کەم پێکهاتبوو. بەڵام ئەو کاتە دوو وێنەی دوو کەسی بینی، هەر یەکەیان لەسەر ئەم لاو ئەو لای دەرگای مەیخانەکە بوو: وێنەی پیاوەکە لای ڕاست و، وێنەی ئافرەتەکە لای چەپ بوو. ئافرەتەکە ئەم ڕستەیەی دەگوتەوە: (وەرە لە مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ) سەما بکە). پیاوەکەیش کە بوتڵێکی شووشەی بە دەستەوە بوو، وەڵامی دەدایەوە: (نا سوپاس، من سەمای بوتڵە شووشەم پێ باشترە!).

کاتێك ئەوەندەی لە دەرگا دا دەستی ماندوو بوو، لەوە گەیشت ئەوان یان لە ماڵەوە نین یان دەرگای بۆ ناکەنەوە، بە دەست پاڵی بە دەرگەکەوە ناو دەرگاکە

کرایەوە. چۆن بە کیلۆن دانەخرابوو؟. شاڵە نەخشێنراوەکەی لە دەوری هەردوو شانی گلێرکردەوەو چووە ناو دالآنەکەوەو هەستێکی زۆری دەکرد ڕووداوێکی ناخۆش ڕوویدات و بەرەو هۆڵەکە ڕۆیشت و نەیدەزانی چی بکات. ئەو دیمەنەی لە بەردەمیدا بینی بەو شێوەیە بە هەردوو چاویدا چەقی وەك چۆن کوللە جەستەی باڵندەیەك دەبڕێت و کونی دەکات، خوێن لە دەمارەکانیدا ڕاوەستاو، هەناسە بڕکێی پێ خست و هەردوو چاوی ئەبڵەق کردو ئیفلیجی کرد: چەند گوڵدانێك لەو ناوە تێکشکێنرابوون و پەڕە پەلەور بەسەر عەردەکەدا پەرت بووبووەوە، پەردەکان شیتاڵ شیتاڵ بووبوون و پەنجەرەو ئاوێنەکان شکابوون، کەنتۆر و گەنجینەکان کون کرابوون و، قفڵەکان شکێنرابوون، کاغەزو جلوبەرگ و ناوماڵە و مافوورەکان هەموو بەو ناوەدا پەرت و بڵاوبووبوونەوە، هەموو شتەکان لە تەنیا شەوێکدا پیربوون، هەموو شتێك بوونە تێکەڵەیەکی زبڵدانی پیسی بێ نرخ و بێ ژیان و بێ گیان.

(لاچابیلۆلا)ی دایانی بەساڵداچوویش بەسەری پڕ برینەوە تارمایی ئاسا بە ناو ماڵەکەدا بە دوای خانمە بچووکەکەیدا دەگەڕا. پێدەکەنی و دەیگوت: (ها، ها، ها، هی، هی، هی! کیژم کامیلا خۆت لە کوێ حەشار داوە؟. ئەوە هاتم، بۆ چی وەڵام نادەیتەوە؟. ئەوە هاتم، هاتم، هاتم!).

وای دەزانی لەگەڵ کامیلادا یاری (چاوشارکێ) دەکات، چەند جارێك لە هەر هەمان چوار گۆشەی ژوورەکەدا بە دوایدا دەگەڕا، لە نێوان مەڕکانەکاندا، لەژێر قەرەوێڵەکاندا، لە پشت دەرگاکانەوە، چوون گەردەلوول و باهۆز هەموو شتێکی سەرەو خوارو هەڵەوگێڕ دەکرد.

(ها، ها، ها، هی، هی، هی! ئۆی، ئۆی، ئۆی، ئەوە هاتم، هاتم ، کامیلا وەرە دەرەوە، ئەوەتە من خۆم بە دەستەوە داوە، کامیلاکەم وەرە دەرەوە، ئەوەندە بە

دواتدا گەڕام ماندوو بووم ..ها، ها، ها! وەرە دەرەوە. ئەوەتە من هاتم، هی، هی، هی! ئۆی، ئۆی، ئۆی!).

کاتێك بە دوای کامیلادا دەگەڕا بە ڕێکەوت بەرەو لای ئاوپژێنەکە ڕۆیشت، کاتێك سێبەرەکەی خۆی لەسەر ڕووی ئاوە ڕاوەستاوەکە بینی، چوون مەیموونێکی زامدار هاواری کردو، پێکەنینەکەی گۆڕاو بوو بە بڵمە بڵمێکی تۆقێنەر، بە هەردوو دەستیشی قژی گرتبوو کە بە دەم و چاویدا پەرش و بڵاو بووبووەوە. وردە وردە خەریکبوو بەر دەبووەوە سەر عەردەکە بۆ ئەوەی لە دەستی ئەو خەونە تۆقێنەرە هەڵبێت. لەژێر لێوەوە چەند پاساوێکی پچڕ پچڕی گۆکرد وەك بڵێیت بۆ ئەم شێوە ناشیرین و بە ساڵداچووەو بچووك و سەر و فەساڵی تێکچووە داوای لێبوردن لە خۆی بکات. لەناکاودا جارێکی دیکە دەستی بە هاوارکردن کردەوە. لەنێوان قژە پەرت و بڵاوەکەیەوە، لە نێوان پەنجە شاشەکانییەوە، هەتاوی بینی لەسەرەوە بەسەریدا باز دەدات و هەڵدێت و، سێبەرەکەی لەسەر عەردی حەوشەکە دەنەخشاند. ئەوەند تووڕەبوو بەرپێی خۆی نەبینی، هەستایەوە و هێرشی کردە سەر سێبەرەکەی خۆی و وێنەکەی بەسەر ڕووی ئاوەکەوە، بە هەردوو دەستی بە ئاوەکە و بە هەردوو پێی بە عەردەکەیدا دەکێشا. دەیویست لەناویان ببات. سێبەرەکەیشی بەم لاو بەو لادا لار دەبووەوە و دەچەمایەوە وەك بڵێیت گیانلەبەرێکەو بە قامچی لێی دەدرێت، بەڵام وێڕای پێ لەقە و زرمە کوتەکانی هەر لە شوێنی خۆیدا مایەوە، وێنەکەیشی لەناو شەپۆلی ئاوەکەدا پەرت پەرت بووەوە کە بە هەردوو دەستی لێیدابوو، بەڵام کاتێك ئاوەکە ڕاوەستایەوە جارێکی دیکە وێنەکە بەسەر ئاوەکەوە دەرکەوتەوە. چوون ئاژەڵێکی دڕندە هاواری دەکردو لەوە تووڕە بووبوو کە نەیدەتوانی ئەم ڕەشاییەی بەسەر بەردەکاندا پەرت بووەتەوە لەناو ببات کە لە پێ لەقەکانی هەڵدێت وەك بڵێیت بە ڕاستی خۆی لە چنگیان

قوتاربكات، هەروەها لەناوبردنی گەردو تۆزە پرشنگدارەكانی سەر ڕووی ئاوەكە كە ماسییەكی تێدایە هەمان وێنەی وێ دەنوێنێت.

هەردوو قاچی خەڵتانی خوێن بوون و هەردوو باڵیشی ئەوەند ماندووبوون و بەم لاو بەو لایدا شۆڕ بوونەوەو لە پەلوپۆ كەوت، بەڵام سێبەرەكە و وێنەكەی بەسەر ڕووی ئاوەكەوە لەناو نەدەچوون. ئەوەند تووڕەبوو، ئاكام نائومێدانە كۆشاو خۆی بەسەر دیواری ئاوپژێنەكەدا دا...

دوو گوڵ بەربوونەوە ناو ئاوەكەوە ...

لقێكی دڕكاوی دار گوڵێكی بەرچاوكەوت...

پاش ئەوەی كەوتە سەر عەردو وەك سێبەرەكەی دەتلایەوە، ئاكام بێ جووڵە لەژێر یەكێك لە دارپرتەقاڵەكاندا درێژ بووەوە، دەتگوت هەناسەی لێ بڕاوە. لەو كاتەدا گرووپێكی میوزیكی سەربازی بە ڕێگەكەدا تێدەپەڕی. ئای چ میوزیكێكی سەربازی بەهێزە، ئای چ بینینێكی دڵگیرانەی كەوانەی سەركەوتنە ئەو خۆشییەی لە ناخدا دەورووژێنێت! بەڵام وێڕای كۆششی ئەوانەی توندو بە یەك ڕیتم فوویان بە شاورەكاندا دەكرد، ئەوە دانیشتووانی گەڕەكەكە لە جیاتی ئەوەی بەو بەیانییە بەوپەڕی تامەزرۆییەوە چاو بكەنەوە لەبەرئەوەی وەك پاڵەوانان لە بینینی شمشێر بێزار بوون لە سێبەری هێووری كێڵگە زێڕینەكانی گەنمەشامیدا ژەنگاوی دەبوون، لە خەو بێداربوونەوەو دڵیان پڕ لە هیوای ڕۆژی شادیی پشووەكە بوو، بە بێ فیزییەوە بەنیازبوون نوێژ بكەن و لە خوا بپاڕێنەوە بۆ ئەوەی لەو بیرۆكە و قسەڵۆك و كردەوە ناشیرینانەیان ڕزگار بكات كە دژ بەسەرۆك كۆمار ئاراستە دەكرێن.

پاش ماوەیەكی كەم دوای بوورانەوە، (لاچابلیۆنا) وردە وردە هەستی بە دەنگی گرووپی میوزیكەكە دەكرد. لە جیهانێكی تاریكیدا بوو. دەبێت خاتوونە بچكووكەكەی بەسەر پەنجەكانی دزەی كردبێت و لە پشتەوە هەردوو چاوی

داپۆشیبێت. لە کاتێکدا هەردوو دەستی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی هەردوو دەستی کیژەکە لەسەر هەردوو چاوی لابات کە ئازارێکی زۆریان دەدا، بە دەنگێکی لەرزۆك و پچڕ پچڕەوە بلّمە بلّمێکی کرد: (کامیلای خۆشەویستم، دەزانم تۆیت، ڕێم بدە با تێت بڕوانم).

میوزیکی گرووپەکە بە هەوادا پەرت بووەوە هەرکە گرووپەکە لە گەڕەکەکە دوورکەوتەوە. میوزیکەکە لەگەڵ ئەو تاریکییەی کوێرایی بەسەر هەردوو چاویدا هێنابوو وایان لێکردبوو وەك بڵێیت بە ڕاستی یاری (چاوشارکێ) دەکات، سەردەمی ئەو فێرگەیەی بیر هێنایەوە کە یەکەمین جار پیتەکانی تێدا فێربوو، لەوێ لەو شارە دێرینە. پاشان بە ناو سالأندا بازیدا و خۆی بینی هەڵچووەو گەورە بووە، لەژێر سێبەری دوو دار مانگۆدا دانیشتووە، پاش ئەوەیش، بازێکی دیکەی بەناو سەردەم و کاتدا دا، ئەوەتە لەناو گالیسکەیەکدا دانیشتووە گا ڕایدەکێشێت و ملی ڕێگەیەکی پانی گرتووە بۆن و بەرامەی کای لێ دێت. جیڕە جیڕی ڕەوڕەکانیش لە جووتە نگینێکی دڕك دەچوو خوێن لە بێ دەنگیی گالیسکەوانە بێ ڕدێنەکەوە بمژن کە وێی کردووەتە ژنی خۆی، هەردوو گا بە ئوقرەکەیش کاو دانەکەی خۆیان کاوێژ دەکردو لەسەرخۆ دەڕۆیشتن و گالیسکەی بووکیان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشا.

ئاسمان دلڕفێنەر بوو، کە لە بەهاردا کێڵگەکان بە سێبەر دادەپۆشێت...بەڵام لەناکاودا بیرەوەرییەکانی پەرت و بڵاوبوونەوەو، کۆمەڵێك پیاوی بینی چوون لافاو هەڵیان کوتایە ماڵەکەی ژەنەراڵەوە، چوون ڕەشە ئاژەڵ هەناسە بڕکێیان پێ کەوتبوو، گوێی لە هاوارە ئیبلیسیانەو زرمەو دەست ڕاوەشاندن و پێکەنینە ناقۆڵاکانیان بوو، پیانۆکەیش هاواری لێ بەرز دەبووەوە وەك بڵێیت بە زۆر ددانەکانی دەردێنن. خانمە بچووکەکەیشی چوون بۆنی گوڵاو بزربوو، ئەمیش

هەستی کرد هاوکات لەگەڵ هاوارێکی سەیردا مستەکۆڵەیەکیان ئاراستەی تەوقی سەری کرد، پاش ئەوە هەموو شتێك تاریك داهات.

(نینیا ڤیدینا) ژنی (خینارۆ ڕۆداس)، کارەکەرە بەساڵداچووەکەی لەناو حەوشەدا بینی درێژ بووەتەوەو هەردوو لاجانگ و هەردوو چاوی خەڵتانی خوێنن، قژی بژو، جلەکانی شیتاڵ شیتاڵ کراون، لەکاتێکدا دەکۆشا ئەو مێشانە لەخۆی دوور بخاتەوە کە دەستێکی نادیار بەرەو لای دەم و چاوی دەناردن، بۆیە لە ترساندا تا پێی هێزی تێدا بوو بەرەو ژوورەکە هەڵات وەك بڵێیت دێوێکی بینیبێت.

بۆیە هەر لەبەر خۆیەوە دیگوت : (ئەی بەستەزمان! ئەی بەستە زمان!).

لەژێر پەنجەرەیەکیشدا، ڤیدینا ئەو نامەیەی دۆزییەوە کە ژەنەراڵ بۆ (خوان)ی برای نووسیبوو و داوای لێ کردبوو ئاگای لە کامیلای کچی بێت. بەڵام ڤیدینا هەموو نامەکەی نەخوێندەوە، لەلایەك بە هاوارەکانی (لاچابیلۆنا)وە سەرقاڵ بوو کە لەناو ئاوێنە شکاوەکان و پارچە شکاوەکانی چوارچێوەی پەنجەرەکان و کورسییە پارچە پارچە کراوەکان و گەنجینە تالان کراوەکان و وێنە کەوتووەکانەوە دەنگیان دەدایەوە ـ وێ لە لایەکی دیکەوە پێویستی بەوەیە خۆی لەم شوێنە دەرباز بکات. بە دەستەسرێکی چوار قات کراو ئارەقەی دەم و چاوی سڕی، دەستەسڕەکەی بە پەنجە گرژەکانی توند گوشی کە بە ئەموستیلەی هەرزان ڕازابوونەوەو، نامەکەی خستە نێوان هەردوو مەمکییەوەو تێی تەقاندو چووە دەرەوە.

بەڵام درەنگ فریاکەوت. لەبەرئەوەی ئەفسەرێکی ڕواڵەت ناقۆڵا، لەبەر دەرگە ڕایگرت. چوار دەوری ماڵەکە بەسەرباز تەنرابووەوە. لە حەوشەشەوە هاواری دایانە ئەشکەنجەدراوەکە بەرگوێ دەکەوت.

لۆسۆ ڤاسکیز لەودیو دەرگای مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ)ـەوە ڕاوەستابوو، ئەوەبوو هەر یەك لە (لامسکواتا)و (کامیلا) هانیان دابوو بزانێت لە دەرەوە لای دەرگاکە چی ڕوودەدات، هەناسەی لەخۆ بڕیبوو کاتێك بینی سەربازەکان ژنی

(خینارۆ ڕۆداس)ی برادەری دەستگیر دەکەن، کە شەوی ڕابوردوو لە باڕی (بێداریی شێر) بەسەرخۆشی پلانی دەستگیرکردنی ژەنەراڵی بۆ ئاشکراکردبوو.

سەربازێك ڕووی کردە مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ)، ئافرەتە مەیخانەچییەکە لە ترساندا دڵی داخورپا، ئەوەی بە بیردا هات : (هەبێت و نەبێت بە دوای کیژەکەی ژەنەراڵدا دەگەڕێن)، هەمان بیرۆکە وای لە قژەکەی ڤاسکیز کرد لە ترساندا کژببێتەوە. بەڵام سەربازەکە بۆ ئەوە هاتبوو پێیان ڕابگەیەنێت کە مەیخانەکە داخەن. دەرگاکەیان داخست و ڕاوەستان و لە درزەکانەوە دەیانڕوانی چی لە ڕێگەکەدا ڕوودەدات.

لە تاریکاییدا ڤاسکیز خەریکبوو ورەی وەبەر دەهاتەوەو بە بیانووەی ئەوەی دەترسێت دەستی بە شانی (لامسکواتا)دا دەدا، بەڵام وێ ئاساییانە ڕایگرت، خەریکبوو بەر شەپازلەی بدات. بۆیە ڤاسکیز پێی گوت:

ـ چەندە کەللە ڕەق و لەخۆباییت؟.

ـ ئۆی، بەڕاستی؟. تۆ بە هەڵەدا چوویت. دەمەوێت بزانم بۆچی بەرانبەر بە گاڵتە پێکردنەکانت بێ دەنگ بم. ئەدی شەوی ڕابوردوو پێم نەگوتیت کە ئەو گێل و گەوجە پێی ڕاگەیاندم کە کیژەکەی ژنەراڵ ...

ڤاسکیز قسەکانی پێ بڕی: ئاگەدار بە ئەگینا گوێیان لە قسەکانت دەبێت!

خۆیان داچەماندبووەوەو دەدوان لە کاتێکدا لە درزی دەرگەکەوە سەیری ڕێگەکەیان دەکرد.

ـ (گەوج مەبە، من بە ئەسپایی دەدوێم! ئەگەر پێم نەگوتبایت کە ئەو ئافرەتە کیژەکەی ژەنەراڵ دەکاتە (هاوەڵ)ی منداڵەکەی، ئەوە ئەو کاتەیش ٠خینارۆ)ت لەم پرسە تێهەڵدەقورتاندو ئێستەیش ئەو لاوە بزردەبوو).

لە کاتێکدا کە دەیویست هەندێك تاڵە داوی جاڵجاڵۆکە لابەرێت کە بە لامل و لووتییەوە نووسابوون، بەرسڤی دایەوە: (بەڕاستی. بە ڕاستی...).

ـ دڕندە گاڵتەم پێدەکەیت؟. بە ڕاستی نەزانیت).
ـ ئای چەند زۆرزان و هەستیاریت ...!
ـ بێ دەنگ بە!!
لەم کاتانەدا داواکاری گشتیی سوپا لە گالیسکەیەك دادەبەزی.
ڤاسکیز گوتی: ئەوە داواکاری گشتییە...
لامسکواتا پرسی: بۆچی هاتووە بۆ ئێرە؟.
ـ بۆ ئەوەی ژەنەراڵ دەستگیر بکات.
ـ (لەبەر ئەوەیە هەموو میدالییەکانی لە سینگی خۆی داوە و بووەتە تاووس؟. بۆچی پەڕێك لەو پەڕانە لێ ناکەیتەوە کە سەری پێ ڕازاندۆتەوە؟.).
ـ نا، سوپاس. چەندە لووت لە شت دەژەنیت و زۆر بێژیت. ئەو جلە فەرمییەکەی لەبەر کردووە چونکە دەچێت بە دیداری سەرۆك کۆمار شاد بێت.
ـ خۆزگەم بە خۆی، سۆزانیم ئەگەر شەوی ڕابوردوو ژەنەراڵیان دەستگیر نەکردبێت.
ـ بۆچی کڕ نابیت؟.
کاتێك داواکاری گشتیی سوپا لە گالیسکەکەی دابەزی، بە ئەسپایی فەرمان دراو، ئەفسەرێك لە پێشەوەی تیپێك سەربازەوە چووە ژوورەوە، شمشێرەکەی هەڵکێشابوو و دەمانچەکەیش بە دەستەکەی دیکەیەوە بوو. چوون ئەفسەری ناو وێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانی سەردەمی جەنگی نێوان ڕووسیاو ژاپۆنی دەنواند.
پاش چەند خولەکێك، کە بەلای ڤاسکیزەوە چەند سەدەیەك بوو کاتێك چاوی لە هەموو ڕووداوەکان بوو و دڵی لەناو پەراسووەکانیدا لێی دەدا ـ ئەفسەرەکە بە شڵەژاوی و شپرەزەو ڕەنگ بزڕکاوی گەڕایەوەو، داواکاری گشتیی لە ڕووداوەکە ئاگەدارکردەوە.
داواکاری گشتیی هاواری کرد: (چی؟. چی؟.) وشەکانی ئەفسەرەکە لەناو هەناسە گڕەکانییەوە توند هوروژمیان هێنایە دەرەوە.

داواکاری گشتیی نەڕاندی: (چی ...، چی، دەڵێیت هەڵاتووە..؟.) دوو دەمار لە دەمارەکانی تەوێڵی گرژ بوون وەك بڵێیت دوو نیشانەی پرسیاری ڕەش بن (ئەوانیش .. ئەوانیش ... ئەوانیش ماڵەکەیان تاڵان کردووە؟.)..

بێ ئەوەی کاتی دیکە بەفیڕۆ بدات لەناو خانووەدا بزربوو و ئەفسەرەکانی دیکەیش دوای کەوتن، سەرنجێکی سەرپێیی لە ماڵەکە داو، پاشان بە ئەسپایی گەڕایەوە ناو شەقامەکەو بە تووڕەییەوە مشتووی شمشێرەکەی گرتبوو، ڕەنگی دەم و چاوی بە شێوەیەك بزڕکابوو بە دەگمەن هەردوو لێوی لە سمێڵە تەنکەکەی جودا دەکرایەوە.

کە لە خانووەکە هاتە دەرێ پرسی: (چۆن هەڵات...دەمەوێت ئەوە بزانم؟.، تەلەفۆن بۆ ئەوە داهێنراوە، بۆ جێبەجێ کردنی فەرمانەکان..بۆ دەستگیرکردنی نەیارانی حکوومەت. ئای ئەی پیرە ڕێوی! ئەگەر چنگم بکەوێت لە سێدارەی دەدەم. لە هەڵوێستێکی ئەوتۆدایە هەرگیز کەس ئیرەیی پێ نەبات).

لەناکاو چوون برووسکە داواکاری گشتیی سوپا (نینیا ڤیدینا)ی بینی، ئەو کات ئەفسەرێك و چاوشێك بە زۆر هێنابوویان کاتێك داواکاری گشتیی هەناسەبڕکێی پێ کەوتبوو و دەینەڕاند.

لە کاتێکدا چاوی لە ڕووی لادا، پێی گوت: (ئەی دێڵە سەگ. دەزانین چۆن ناچارت دەکەین ددانی پێدا بنێیت! ئەی ئەفسەر، دە سەرباز ببە و بۆ ئەو شوێنەی ببەن کە پێویستە لەوێ بێت. بەندی تاك و تەنیایی، هەهـ..؟.).

هاوارێکی وشك و توندوتیژ و گوێ کەڕکەر کەشکەشەی ئاسمانی تەنییەوە.

ڤاسکیز نکاندی و گوتی: (خودایە، چی بەم مەسیحە لەخاچ دراوە بەستەزمانە دەکەن؟.(چونکە هاوارە یەك لە دوای یەك و توندوتیژەکانی (لاچابیلۆنا) خوێنیان لە دەمارەکانیدا ڕاگرت).

ئافرەتە مەیخانەچییەکە قسە گاڵتەجاڕییەکەی بۆ ڕاست کردەوە: مەسیحی چی؟. گوێت لێ نییە؟. ئەوە هاواری ئافرەتە؟. لەو بڕوایەدایت پیاوان شێوەزاری مێیینەی پاساری ئاسایان هەبێت؟.

ـ بەم شێوەم لەگەڵ مەدوێ ...

داواکاری گشتیی سوپا فەرمانیدا ماڵەکانی تەنیشت ماڵەکەی ژەنەراڵ بپشکنرێن. بۆیە چەندین تیمی سەرباز بە فەرماندەی چاووش یان باش چاووش. بە هەموو لایەکدا پەرت بوونەوە. هەموو لایەکیان هەڵەوگێڕ کرد، ناو حەوشە، ژوورگەلی نووستن، نووسینگە تایبەتەکان، ژوورەکانی سەرەوە، ئاوپژێنەکان، چوونە سەربانەکان و ناو ئەنباری چەرچەف و قەرەوێڵە و مافوور و دۆڵاب و بەرمیل و کەنتۆر و سندووقەکان گەڕان. ئەگەر یەکێك دەرگەکەی درەنگ بکردایەتەوە یەکسەر بە قۆناغە تفەگەکانیان دەیانشکاند. سەگەکانیش لە تەیشت خاوەنە ڕەنگ بزڕکاوەکانیانەوە بە تووڕەیی دەحەپین. دەنگی حەپەی سەگ لە ماڵەکانەوە بە شێویەك بەرگوێ دەکەوت چوون ئاوێك لە ئاوپژێنێکەوە فیشقە بکات.

ڤاسکیز کە خەریکبوو لە ترساندا زمانی لاڵ بێت، گوتی:

ـ گریمان ئێرەیان پشکنی؟. ئێمە بە دەستی خۆمان خۆمان تووش دەکەین! ئەگەر ئەوە بەرانبەر بەشتێك بوایە ئەو کات شتەکە ئاسان دەبوو، بەڵام خەرێکە بێ بەرانبەر دەکەوێتەوە...

(لامسکواتا) خێرا ڕۆیشت (کامیلا) ئاگەداربکاتەوە. بە دوایدا ڤاسکیز گوتی: (من لەو بڕوایەدام باشتر وایە دەم و چاوی داپۆشێت و یەکسەر ئێرە بەجێ بهێڵێت. پاشان یەکسەر خۆی گەیاندە لای دەرگاکە بێ ئەوەی چاوەڕێی وەڵامی پرسیارەکەی بکات. لە کاتێکدا چاوی بە کونی دەرگاکەوە نابوو، گوتی:

(ڕاوەستە! ڕاوەستە! داواکاری گشتیی فەرمانێکی دیکەی دەرکرد، پشکنینیان ڕاگرت، قوتار بووین!).

ئافرەتە مەیخانەچییەکە دوو هەنگاو لە دەرگاکە نێزیك بووەوە، بۆ ئەوەی بە چاوی خۆی ئەو شتە ببینێت کە لەو ڕووەوە ڤاسکیز ڕایگەیاند.

ئافرەتەکە بە گوێوەی چرپاند: سەیری مەسیحە لە خاچدراوەکەت بکە!.

ـ کێیە؟..

ـ (نابینیت، دایانەکەیە؟.)، جەستەی خۆی دوورخستەوە بۆ ئەوەی لە بازنەی هەردوو دەستە تامەزرۆیەکانی ڤاسکیز دوور بکەوێتەوە، گوتی: (کابرا وازم لێ بێنە، واز لێ بێنە، نەفرەتت لێ بێت وازم لێ بێنە)!.

ـ ئای بەستەزمان. سەیر بکە چۆن لەگەڵ خۆیان ڕایدەکێشن!.

ـ بۆچی لە کاتی گیانەڵادا چاوی خەڵکی خێل دەبێت؟..

ـ (بێ دەنگ بە، نامەوێت بیبینم).

کۆمەڵە سەربازێك بە فەرماندایەتی ئەفسەرێك کە شمشێرەکەی لە کەلێن دەرهێنابوو (لاچابیلۆنا)ی دایانی بەدبەختیان لە ماڵەکەی ژەنەراڵ ڕاکێشابوو. زۆر دژواربوو داواکاری گشتیی بتوانێت لێپێچینەوەی لەگەڵ بکات. پێش بیست و چوار کاتژمێر، ئەم جەستە مرۆییە لە پەلوپۆ کەوتووە، کە ئێستە لە گیانەڵادایە، کۆڵەکەی سەرەکی ماڵێك بوو کە تەنیا چالاکی سیاسی لەو ماڵەدا پلانەکانی باڵندەی کەناری بوو، کە بۆئەوەی دایدەڕشتن دانی زۆرتری وەچنگ بکەوێت، لەگەڵ بازنە یەك تیرەیەکاندا کە لەژێر پرشەی ئاوپژێنەکەدا پەرت و بڵاوبووبوونەوە، لەگەڵ سەرقاڵبوونی بەردەوامی ژەنەراڵ بە یاری (کۆچینە) و ئارەزووەکانی کامیلا.

داواکاری گشتیی خۆی هاویشتە ناو گالیسکەکەیەوە، ئەفسەرەکانیش بە دوای ئەودا. لەگەڵ یەکەمین سەرە کۆڵاندا ڕاوەستان، چونکە چوار پیاوی پێسۆك

و، جل شڕو هوڕ گەیشتن، دارەتەرمێکیان پێ بوو، بۆ ئەوەی تەرمەکەی (لاچابیلۆنا) پێ ببەنە شوێنی توێکاری. سەربازەکان ڕیزیان بەست بۆ ئەوەی بۆ سەربازگەکانیان بگەڕێنەوەو، لامسکواتایش دەرگای مەیخانەکەی کردەوە. ڤاسکیزیش لە شوێنەکەی جارانیدا دانیشت، نەکۆشا بە هۆی گرتنی ژنەکەی (خینارۆ ڕۆداس)ــەوە هیچ لە شڵەژاوییەکەی خۆی ڤەشێرێت. سەری لە کوورەیەك دەچوو خشتی سووری تێدا ببرژێنن، بەهۆی ئارەقیشەوە ئەقڵی پەرت بووبوو، جارو باریش مەستی دایدەگرت، لەگەڵ ترسی ئەوەی نەوەك ژەنەراڵ هەڵهاتبێت.

لەو کاتانەدا، ئەو سەربازانەی ڕاسپێررابوون (نینیا ڤیدینا) ببەن، خەریکبوون بەرەو بەندیخانەیان دەبرد، جارو بار لەسەر شۆستەکەوە بەرەو ناو شەقامەکەیان پاڵ پێوە دەنا. ئافرەتەکە بە پشوودرێژییەوە خۆی ڕادەستی ئەو ڕەفتارە ناشیرینە کردبوو، بەڵام کاتێك بە ڕێگەوە بوون لەناکاودا تووڕە بوو، شەپازلەیەکی بە دەم و چاوی یەکێکیاندا کێشا. بە لێدانێکی دڵڕەقانە بە قۆناغە تفەنگ وەڵامی درایەوە، سەربازێکی دیکەیش لە پشتڕا زرمەی لێوە هەڵستاند وای لێ کرد لەتر ببات و ددانەکانی لەناو کەللەیدا پێکدا بدەن جیڕەیان پێ بکەوێت و، بەر چاوی ڕەشکەو پێشکە بکات.

ئافرەتێك لە ڕێبواران لە بازاڕ دەگەڕایەوە سبەتەیەکی پڕ سەوزەو میوەی پێبوو، هاواری بەسەردا کردن: (ئەی پیسۆکینە، بۆ ئەمە تفەنگتان لە شان کردووە؟. پێویستە شەرم لەخۆتان بکەن).

سەربازێك تێی خوڕی: (بێ دەنگ بە!).

ـ چەندە نەگریسیت.

چاوشێك تێی خوڕی: دەی خاتوون، بەرێی خۆتدا بڕۆ.. بڕۆ بۆ ئەو شوێنەی بۆی دەڕۆیشتیت، دەڵێیت هیچ کارت نییە بیکەیت؟..

ـ ئەی بەرازی قەڵەو، بۆ من وەك ئێوەم!.

ئەفسەرێك خۆی تێهەڵقورتاندو گوتی: (بێ دەنگ بە، ئەگینا سەرت پان دەکەینەوە).

ـ (سەرم پان دەکەنەوە، بە ڕاستی. بە ڕاستی هەر ئەمەمان کەم بوو، ئەو هیندییانەی لێرەو لەوێ وەك چینییەکان بە ئێرەدا تێدەپەڕن، بەو جلوبەرگە دڕاوانەیانەوە کە قۆڵەنیسکیان لێوە دەرپەڕیوەو بەو پانتۆڵە شڕو شیتاڵەیانەوە! باشتر وایە سەیری خۆتان بکەن و دەست لەو خەڵکە بپارێزن، ئەی ئەو گرووپانەی ئەسپی تێی داون، ئێوە بە جنێودان بە خەڵکی ڕادەبوێرن!).

وردە وردە، کاروانەکە لەو بەرگریکارە نەناسراوە دوورکەوتەوە، کە لەگەڵ سەرسوڕمانی ڕێبوارادا بەرگری لە ژنەکەی (خینارۆ ڕۆداس) کرد، لەکاتێکدا ئافرەتە دەستگیرکراوەکە، خەمگین و شڵەژاو، چۆڕاوگەی ئارەقەی دەهات و چمکێکی شاڵە ڕازێنراوەکەی لە پشتەوە بە عەرددا دەخشا، بە ڕێگەوە بوو، بەرەو بەندیخانەیان دەبرد.

***

گالیسکەکەی داواکاری گشتیی سوپا گەیشتە ماڵی پارێزەر (قابیل کرفخاڵ) لەو کاتەی خەریکبوو بەرەو کۆشکی کۆماری دەڕۆیشت و شەبقە بەرزەکەی و چاکەتەکەی بەیانیانی لەبەر بوو. داواکاری گشتیی لە گالیسکەکە بازیدایە سەر شۆستەکە تا ڕادەیەك گالیسکەکە پاش دابەزینی ئەو لەرزییەوە. کرفخاڵ دەرگاکەی لە پاش خۆی داخست و یەکێك لە دەستکێشەکانی لە دەست کردبوو کاتێك هاوەڵەکەی دەستگیری کرد. مەفرەزەیەك سەرباز، بە تەواوی پۆشتەییەوە، بە ناوەڕاستی ڕێگەکەدا بەرەو بنکەی دووی پۆلیس، کە بەردەمەکەی بە ئاڵاو قردێلەی کاغەز ڕازێنرابووەوە، لەگەڵ خۆیان ڕاپێچیان کردو، یەکسەر بۆ ئەو زینزانەیان برد کە خوێندکارەکەو یاریدەدەری قەشەکەی تێدا بەندکرابوون.

(١٤)

## با هەموو جیهان گۆرانی بچڕن!

شەقامەکان وردە وردە لەبەر تیشکی بەرەبەیانە هەڵاتووەکەدا دەردەکەوتن، لە دەورو بەریشیاندا سەربان و کێڵگەکان ڕاکشابوون کە بۆنی شێی بەهاریان لێ دەهات. ئەو هێسترانەی شیریان لێ بار کرابوو، لەسەر خۆدەڕۆیشتن و قەپاغی سەتڵە شیرەکان بەسەر پشتیانەوە جیڕەی دەهات، هێسترەوانەکانیش جار جار بە نەقیزەو جار جار بە نەفرت و جنێو هانیان دەدان خێراتر بڕۆن. ڕووناکی بەیانی بەر ئەو مانگانە کەوت لەبەردەم دالآنی خانووی ئەو کەسانەدا بۆ دۆشین ڕاوەستابوون کە باری گوزەرانیان باشترە، یان لەم لاو لەو لای ڕێگەکان لە گەڕەکە هەژارەکان ڕاوەستابوون، لە کاتێکدا کڕیارەکان، کە هەندێکیان نەخۆش بوون و بەرەو چاکبوونەوە دەچوون و هەندێکی دیکەیان بەرەو فەوتان دەچوون، هێشتە بە چاوی خەواڵووەوە بوون، چاوەڕوانی مانگا باشەکەی خۆیان دەکرد و بەرەو لای دەچوون بۆ ئەوەی بیدۆشن، لەکاتێکدا لێهاتووانە گۆزەکەیان لار دەکردەوە بۆ ئەوەی بڕە شیرێکی زۆرتریان دەست بکەوێت نەك کەف. ئەو ئافرەتانەی نانیان بەسەرماڵەکاندا دابەش دەکرد دەڕۆیشتن و نووکی پەنجەکانیان بەسەر سینگیاندا چەوتاندبووەوەو پشتیان کۆمڕ کردبووەوە، پێ خاوس بە زۆر لاقیان بە شوێن خۆیاندا

ڕادەکێشاو، لەژێر قورسیی سەبەتە زلەکانیاندا بە هەنگاوی کورت کورتی هەڵنووتاو ڕێگەیان دەبڕی. سەبەتەکان یەك لەسەر یەکدی لەشێوەی هەرەمەکان دانرابوون، بۆن و بەرامەی کولێرە بە کونجی و شەکرەوە برژاوەکانیان بەو ناوەدا بڵاودەکردەوە. کاتژمێرە زەنگدارەکان سەرەتای ڕۆژێکی پشووی فەرمییان ڕاگەیاند. بەوەیش چەند شەبەنگێکی لە کان و هەواو، سەمفۆنیایەك لە بۆن و بەرامەو بریسکانەوەی ڕەنگەکانیان ورووژاند، لە کاتێکدا لە نێوان تاریکی و بەرەبەیاندا، دەنگی لێدانی زەنگ لە کڵێسکانەوە بەرگوێ کەوت، بە ترس و هاوکات بە بوێرییەوە کاتی یەکەمین نوێژیان ڕادەگەیاند، لەبەرئەوەی ئەگەر لێدانەکانی لە ڕۆژانی جەژندا ئاماژە بە کولیچەی شیکولاتەو پسکتی کڵێسەیی بکەن، ئەوە لە ڕۆژانی پشووی فەرمیدا بۆن و بەرامەی میوەی حەرام کراویان لێ دێت.

پشووی فەرمییە ...

لە شەقامەکاندا، لەگەڵ بۆن و بەرامەی ئەو زەوییە بەپیتەدا، شادی و خۆشی دانیشتووان پرەی سەند، کە چەندین حەوزە ئاویان لە پەنجەرەکانیانەوە دەڕشتە خوارەوە بۆ ئەوەی ئەو تۆزە بنیشێتەوە کە پاش تێپەڕبوونی هێزەکانی سوپا ئەو ناوەی تەنیبووەوە،کە ئالاّیان بەرز کردبووەوەو بەرەو کۆشکی جەنابی سەرۆك بەوێدا تێپەڕین، ئەو ئالاّیەی کە بۆن و بەرامەی دەستەسڕی نوێی لێ دێت، یان تۆزو خۆڵەی لە گالیسکەی دەوڵەمەندەکانەوە بەرز دبووەوە کە باشترین جلوبەرگی خۆیان پۆشیبوو: نۆژداران پاڵتۆی (فراك)یان لەبەربوو، ژەنەراڵەکان جلە فەرمییە پۆشتەکانیان لەبەر کردبوو کە بۆنی (نەفتالین)یان لێ دەهات، سڤیلەکانیش شەپقەی بەرزی بریقەداریان لەسەر نابوو، سوپاییەکانیش بێریەی سێ گۆشەیان لەسەرنابوو پەڕی پێوە بوو، یان لە ڕۆیشتنی ئەسپگەلی فەرمانبەرە پلە نزمەکانەوە بەرز دەبووەوە، ئەوانەی ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەشیان دەکەن

بەو برە پارەیە دەپێورێت کە دەوڵەت ڕۆژێك لە ڕۆژان بۆ ناشتنی تەرمەکانیان تەرخانی دەکات.

جەنابی سەرۆك! جەنابی سەرۆك! جەنابی سەرۆك! نەبەردییەکانی تۆ ئاسمان و زەمینیان تەنیوەتەوە!

سەرۆك ڕێگەیدا گەل بیبینێت، بەو بەپیرییەوە چوونەی گەل خۆشحاڵ بوو کە بەرانبەر بە کۆششەکانی دەینوێنێت، ئەو کۆششانەی لە پێناوی خۆشگوزەرانیی گەلدا دەیاندات، بۆیە بۆ ماوەیەکی زۆر لە باڵکۆنەکەوە لە ناوەڕاستی ژمارەیەك لە هاوڕێ خۆشەویستەکانیدا خۆی پیشان دان.

جەنابی سەرۆك! جەنابی سەرۆك! جەنابی سەرۆك! نەبەردییەکانی تۆ ئاسمان و زەمینیان تەنیوەتەوە!

ئافرەتەکان هەستیان بە بەهێزی و توانای خواوەندیانەی خۆشەویستەکەیان کرد. گەورە قەشەکانیش گوێڕایەڵی و لایەنگری خۆیان بۆ ڕاگەیاند. پارێزەرەکان وایان دەزانی لەگەڵ (ئەلفۆنسۆی زانا)دان[٥]. هەرچی دیپلۆماتکارەکانە، کە پلەو پایەدارن و ڕەنگە هەندێکیان لە شاری (تفلیس)ـەوە هاتبن، چونکە نیشانەی گرینگی و بایەخ بە ڕوومەتیانەوە دیاربوو وەك بڵێیت لە دەرباری (پاشای هەتاو)دابن[٦] لە (ڤرسای). ڕۆژنامەنووسەکانیش پیرۆزباییان لەخۆیان کرد کە لە حزووری (برکلیز)ێکی دیکەدان[٧]. جەنابی سەرۆك! جەنابی سەرۆك! نەبەردییەکانی تۆ ئاسمان و زەمینیان تەنیوەتەوە! شاعیرەکان وایان هەست دەکرد لە (ئەسینا)دان، بەم شێوەیە بە هەموو جیهانیان ڕاگەیاند. پەیکەرتاشێکی پەیکەری ئایینی وای زانی (ڤیدیاس)ـە و[٨] بزەی هاتێ و،

هەردوو دەستی لێك سوو، چاوی بۆ ئاسمان بەرز کردەوە کاتێك گوێی لە دروشمەکان بوو لە شەقامەکاندا بۆ ڕێزلێنان لە فەرمانڕەوا مەزنەکەیان دەگوترانەوە. جەنابی سەرۆك! جەنابی سەرۆك! جەنابی سەرۆك! نەبەردییەکانی تۆ ئاسمان و زەمینیان تەنیوەتەوە! میوزیك دانەرێکی میوزیکی ڕێوڕەسمی تەرم ناشتن، کە حەزی لە (باخۆس)[٩] و ئایینیش دەکرد، دەم و چاوە سوور هەڵگەڕاوەکەی لە پەنجەرەکە نێزیك کردەوە تا بزانێت لە هەردوو لا چی ڕوودەدات.

بەڵام، ئەگەرچی هونەرمەندەکان وایان دەزانی لە ئەسینادان، کەچی جووەکان خاوەندی بانقەکان وایان دەزانی لە (قرتاجنە)دان، لە کاتێکدا بە ناو هۆڵ و سالۆنەکانی پیاوانی دەوڵەتدا دەسووڕانەوە کە متمانەی خۆی (واتە دەوڵەت) پێ بەخشیبوون و پاشەکەوتەکانی نەتەوەی بە سوودی لە سەددا سفر یان لە سەددا هیچ، خستبووە نێو سندووقەکانیانەوە، کە کۆتاییان نایە، کە لە ئاکامی ئەوەدا زۆر زۆر دەوڵەمەند بوون ، لە بری خەتەنەکردن دراوی زێڕ و زیویان وەردەگرت!.
جەنابی سەرۆك! جەنابی سەرۆك! جەنابی سەرۆك! نەبەردییەکانی تۆ ئاسمان و زەمینیان تەنیوەتەوە!.

فریشتە ڕوو بە ناو بانگهێشتکراوەکاندا ڕێگەی بۆ خۆی کردەوە (چوون ئیبلیس جوان و فێڵباز بوو).

ـ جەنابی سەرۆك گەل دەیەوێت لە باڵکۆنەکەوە بتبینێت!.
ـ ... گەل؟.

فەرماندە ڕیتمێکی پرسیارانەی لەسەر وشەکە دانا. بێ دەنگی باڵی بەسەر چواردەوریدا کێشا. لەسەر کورسییەکەی هەڵستا و ڕووی کردە باڵکۆنەکە، لەژێر باری خەمێکی قووڵدا، کە بە تووڕەییەوە لە ناخی خۆیدا شاردییەوە کاتێك هەستی پێ کرد بۆ ئەوەی بە چاویەوە دەرنەکەوێت.

دا لەکاتێکدا ژمارەیەك لە خۆشەویستانی لە چوار دەوری بوون خۆی پیشانی جەماوەر. هەندێك ئافرەتیش هاتبوون تا بە بۆنەی ساڵیادی ڕزگاربوونی لە هەوڵی تیرۆرکردنەکە پیرۆزبایی لێ بکەن، یەکێکیان کە ڕایانسپاردبوو وتەیەك پێشکەش بکات، کاتێك سەرۆکی بینی گوتی:

(ئەی ڕۆڵەی نەبەردی گەل ...).

فەرماندە تفە تاڵەکەی خۆی قووت دایەوە، ڕەنگە لەبەرئەوەی ئەو ڕۆژگارەی بیر کەوتبێتەوە کە خوێندکار بوو، ئەو کاتەی دەستیان نەدەچوو و لەگەڵ دایکیدا لە شارێك دەژیان هیچ دەرو دەرەتانێکیان تێدا شك نەدەبرد، بەڵام خۆشەویست خۆی تێ هەڵقورتاندو بە ڕیتمێکی نزم گوتی:

ـ وەك یەسووع، کوڕی گەل ...

ئەو ئافرەتەی وتەکەی پێشکەش دەکرد گوتی: (ئەی ڕۆڵەی نەبەردی گەل، دەڵێم ڕۆڵەی گەل. لەم ڕۆژە پرشنگدارە ڕووناکەدا، هەتاو لەناوەڕاستی ئاسماندا دەبریسکێتەوە، تیشکی خۆی بەسەر چاوان و بەسەر گیانتدا دەپرژێنێت، ئەو ڕۆشناییەی کە نموونەی جووڵەیەکی پیرۆزەو لەژێر گومەزی ئاسماندا شوێنی تاریکی دەگرێتەوە، ئەوە تاریکایی ئەو شەوە لەیاد ناچێت، کاتێك دەستە تاوانکارەکان ـ لەبری ئەوەی جەنابی سەرۆك چاو لە کارەکانی تۆ بکەن و تۆوی چاك لە کێڵگەکاندا بچێنن ـ بۆمبێکیان لە ڕێگەکەتدا دانایەوە، بەڵام تۆ ساغ و سەلامەت لێی دەربازبوویت، وێڕای ئەو وردەکارییە زانستییە ئەوروپاییەی بۆمبەکەی دروست کردبوو).

دەنگی (زمانە چێڵ) ـ وەك چۆن خەڵکێکی خراپەکار ئەو ئافرەتەیان بەو ناوەوە بانگ دەکرد کە وتەکەی پێشکەش دەکرد ـ لەناو چەپڵەلێدانی جەماوەرەکەدا بزربوو کە هەوای لای سەرۆك و دەست و پێوەندەکەی وروژاند.

ـ بژی جەنابی سەرۆك!

ـ بژی جەنابی سەرۆك کۆمار!

ـ بژی جەنابی سەرۆك کۆماری دەستوری!

ـ (با دەنگی ئەم دروشم و چەپڵەلێدانەمان تا هەتایە لە هەموو جیهاندا دەنگ بداتەوە، بژی جەنابی سەرۆك کۆماری دەستووری، پارێزەری سەروەری نیشتمان، سەرۆکی پارتی لیبرالی مەزن، بەرگریکار لە گەنجانی تێکۆشەر!).

زمانە چێڵ لەسەری ڕۆیشت و گوتی:

ـ (ئەگەر پلانەکانی ئەو پیاوخراپانە سەریان گرتبایە، ئەوانەی نەیارانی جەنابی سەرۆك لە هەوڵە تاوانکارییەکەیاندا هاریکارییان دەکردن، ئەوە ئاڵای وڵاتەکەمان خەڵتانی سەدان لەکەی ناشیرین دەبوو. ئەوانە تەنانەت یەك ساتیش بیریان لەوە نەدەکردەوە کە خواوەند لەگەڵ ئێوەیە و ژیانی گرانبەهاتان دەپارێزێت، شان بە شانی لایەنگیری هەموو ئەوانەی دەیسەلمێنن کە ئێوە شایەنی ئەوەن ببنە یەکەمین هاووڵاتیی نەتەوە، ئەوانەی لەو ساتە ناسکەدا لێت دوور نەکەوتنەوە، ئەوانەی ئێستەیش لێت دوور ناکەونەوەو تا پێویستیش بکات هەرگیز لێت دوور ناکەونەوە. بەڵێ، بەڕێزان، خوشکان و برایان، ئێمە ئەمڕۆ بەر لە هەر کاتێکی دیکە دەرك بەوە دەکەین کە ئەگەر لەو ڕۆژەدا، کە تێکەڵ بە یادێکی تاڵە لە مێژووی نەتەوەکەماندا ـ کە ئەمڕۆ سەرۆکایەتی گەلانی پێشکەوتوو دەکات ـ، ئەو پلانە چەپەڵانە سەریان بگرتایە، ئەوە وڵاتەکەمان لە باوك و لە پارێزەری سەروەری بێ بەش دەبوو، دەکەوتە ژێر چەپۆکی ئەوانەی خەنجەرەکانیان لە تاریکیدا تیژ دەکەن بۆ ئەوەی ناخی سینگی دیموکراسی پێ هەڵبدڕن، وەك چۆن ئەو سیاسەتوانە مەزنە (خوان مۆنتالفۆ) ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو قسەیەی کرد.

(بەهۆی ڕزگاربوونتانەوە، هێشتە ئاڵاکەمان بێ هیچ لەکەو پەڵەیەك دەشەکێتەوە. بەڕێزان ئەمەیش ئەو هۆیەیە کە ئێمە ئەمڕۆ لە پێناویدا لێرە کۆ بووینەتەوە، بۆ ئەوەی ڕێز لە پارێزەری نەبەردی چینە هەژارەکان بگرین، کە بە

سۆزی باوکایەتی شونخوونیمان بۆ دەکێشێت، کە ـ وەك پێشتر گوتم ـ نەتەوەکەمانی خستووەتە پێشی پێشەوەی ئەو پێشکەوتنەی (فالتۆن) یەکەمین بلێسەی هەڵگیرساند، کاتێك (هەڵم)ی دۆزییەوەو، (خوان سانتا ماریا)یش دژ بە چەتەگەری بە هۆی ئاگر تێبەردانی دینامیتە ناقۆلاکەوە لە (لمبیرا) بەرگری لێ کرد. بژی نیشتمانەکەمان! بژی سەرۆك کۆماری دەستووری، سەرۆکی پارتی لیبرالی، پارێزەری سەروەری نەتەوە، پشتیوانی ئافرەتان و منداڵانی بەستەزمان و فێرکردن!).

دروشم هەڵدانەکانی (زمانە چێڵ) لەناو جەرگەی دۆزەخێك دروشم هەڵداندا بزربوو کە دەریایەك چەپڵە لێدان کوژاندییەوە.

سەرۆك بە چەند وشەیەك وەڵامیدایەوە، بە دەستی ڕاستی شوورە مەڕمەڕینەکەی باڵکۆنەکەی گرتبوو، ئاوڕی ئەو لایدایەوە بۆ ئەوەی سینگی دووچاری مەترسی نەبێت، سەری لە چەپەوە بۆ لای ڕاست سوڕاند تا ئاگای لە جەماوەرەکە بێت، لە کاتێکدا ناوچەوانی بەیەکدا دابوو، چاوی لە هەموو شتێك بوو. پیاوان و ئافرەتان هەر هەموو پێکەوە چەند فرمێسکێکیان سڕی لە چاویانەو چۆڕاوگەی بەستبوو.

فریشتە ڕوو کاتێك سەرۆکی بینی و هەندێك لووتی گیرابوو، گوتی: جەنابی سەرۆك نافەرموویت؟. ... جەماوەر کاریگەرییەکی زۆرت لەسەر دەکەن ...).

داواکاری گشتیی سوپا خێرا بەرەو سەرۆك ڕۆیشت کە لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوەڵەکانیدا لە بالکۆنەکەوە دەگەڕایەوە، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتێکی سەبارەت بە هەڵاتنی ژەنەراڵ (کانالیس) پێشکەش بکات و بەر لە هەر کەسێکی دیکە پیرۆزبایی وتارەکەی لێ بکات، بەڵام ـ ئەویش وەك هەر هەموو ئەوانەی بۆ هەمان مەبەست ڕوویان کردە جەنابی سەرۆك ـ لەناکاو ڕاوەستا و هەستێکی سەیری ترس ئیفلیجی کرد، کە لە ئاکامی هێزێکی نەبینراوی ئەودیوی سروشتەوە

بوو، جا بۆ ئەوەی هەر دەستی لە بۆشاییدا درێژ نەکات، چووە پێشەوە بۆ ئەوەی تەوقە لەگەڵ فریشتە ڕوودا بکات.

بەڵام خۆشەویست پشتی تێ کرد. داواکاری گشتیی سوپا، لەکاتێکدا دەستی لە بۆشاییدا درێژ کردبوو، گوێی لە یەکەمین تەقینەوە بوو لە زنجیرە تەقینەوەیەك، کە لە چەند چرکەیەکدا یەك بە دوای یەکدا بەرگوێ کەوتن وەك بڵێیت گولە تۆپ بن. یەکسەر، هاوار و فیغان بەرزبووەوە، لێرە و لەوێوە خەڵك بازیان داو دەستیان بە هەڕاکردن کردو شەقیان لە کورسییەکانی بەر پێیان دەدا، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر ئافرەت بوورانەوە، خێراش سەربازەکان چوون دانەی برنج بەناو جەماوەرەکەدا پەرت و بڵاو بوونەوەو، دەستیان لەسەر بەلەپیتکەی تفەنگە پڕ لە گوللەکانیان بوو، لەناو مەترەلۆزو ئاوێنە شکاوو ئەفسەرو تۆپخانەکاندا ...

کۆڵۆنێڵێك لەسەر پێپلکەکان بزربوو و دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو، لەکاتێکدا یەکێکی دیکە لەسەر پێپلکەکە دابەزی و دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو. هیچ شتێك نەبوو. هیچ شتێك نەبوو. بەڵام هەواکە سارد بوو. هەواڵ بە نێو جەماوەرە شڵەژاوەکەدا بڵاو بووەوە. هیچ شتێك ڕووی نەداوە. وردە وردە میوانەکان گرووپ گرووپ گردبوونەوە، هەندێکیشیان لە ترساندا میزیان بە خۆیاندا کردبوو، هەندێکی دیکەیان دەستکێشەکانیان بزر کردبوو. ئەوانەیش ڕەنگ بۆ ڕوویان گەڕابووەوە، هێشتە توانای قسەکردنیان وەبەر نەهاتبووەوە، لەکاتێکدا ئەوانەی توانای قسەکردنیان وەبەر هاتبووەوە ڕەنگی ڕوویان پەڕیبوو، ئەو تەنیا پرسیارەی کەس نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە ئەوەبوو جەنابی سەرۆك لە کوێ و کەی بزربوو.

لەسەر عەرد، لەژێر پێپلکەیەکی بچووکدا، یەکەمین دەهۆڵژەنی تیپی میوزیکی سەربازی کەوتبوو. بە خۆی و دەهۆڵەکەیەوە کەوتبووە خوارەوە، کە هەر هەموو ئەو ترس و تۆقینەی نابووەوە!

(١٥)

## مامەكان و پلكەكان

خۆشەویست لە كۆشكی كۆماری هاتە دەرەوە، لە نێوان دادوەری دادوەران، كە پیرەمێردێكی بچكۆلەبوو، بە شەپقە بەرزو پاڵتۆ (فراك)ـەكەیەوە لەو ڕسقە دەچوو لە وێنەی منداڵاندا دەردەكەوێت و، لە نێوان نوێنەرێك لە نوێنەرانی گەلەوە بوو، كە ئەویش كابرایەكی زۆر لاوازو ڕەنگ زەرد بوو لە پەیكەرێكی كۆنی پیاوە پیرۆزەكان دەچوو، پێكەوە زۆر بە ڕاستی مشت و مڕیان لەسەر ئەوەبوو ئایە (گران هۆتێل) یان خانێكی نێزیك بۆ ئەوە باشترە ئەو ترسەیان بڕەوێنێتەوە كە لە ئاكامی كردەوەی ئەو دەهۆڵژەنە گەوجەوە تووشیان هات، كە تازە هێناویانەتە سەر كار، یان ڕەوانەی دۆزەخ، یان سزایەكی لەوە خراپتری بكەن، بێ ئەوەی ویژدان ڕێیان لێ بگرێت. كاتێك ئەندامی پەرلەمان بەرگری لە بیرۆكەی چوون بۆ (گران هۆتێل) كرد، وا دەهاتە پێش چاو وەك بڵێیت بنەمای دەركردنی یاسای ئەوتۆ دادەنێت كە پێویست بە پابەندبوون بكەن، سەبارەت بەباشترین شوێنی ئەرستۆكراتی كە دەشێت مرۆڤ بە ئارەزووی خۆی بجوولێتەوە، كە چالاكییەكە لای فەرمانبەرانی حكوومەت پەسەندەو لە ڕیزی ئەواندا زۆرتر بڵاوە. هەرچی دادوەرە بە شێوەیەك قسەی كرد وەك بڵێیت بڕیارێكی دادگە دەردەكات:

(ئیمتیازی ڕاستەقینە بەردەوام لەو شوێنە هەیە کە هیچ بەڵگەیەکی بەرچاو نییە بەڕواڵەت ئاماژە بەو ئیمتیازە بکات، هاوڕێی خۆشەویستم، ئەمەیش ئەو هۆیەیە کە من خانە ساکارەکەم پێ باشترە کە مرۆڤ خۆی بە ئاکارو ڕەوشتەکانییەوە لەنێوان هاوڕێکانیدا دەبینێتەوە، لە بری ئۆتێلە گەورەکە کە هەموو شتێك بریسکێتەوە مەرج نییە زێڕ بێت).

فریشتە ڕوو لە نێزیك کۆشکەکەوە بەجێی هێشتن مشتومڕیان بوو ـ باشتر وایە مرۆڤ دەست لەو مشت و مڕە بشوات کە لە نێوان ئەو دوو کسەدا دێتە کایەوە ـ بەرەو گەڕەکی (ئینسنسیۆ) بەڕێکەوت بۆ ئەوەی ماڵی خوان (کانالیس) ، برای ژەنەراڵ (کانالیس) بدۆزێتەوە. زۆر پێویست بوو ئەو مامەیە بنێرێت کیژی براکەی (برازاکە)ی لە مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ) بهێنێت. لە دڵی خۆیدا گوتی: (من چ کارەم بەسەرەوەیە بە خۆی بچێت یان یەکێك ڕەوانە بکات بۆی بهێنێت، مادامەکێ من لێی بەرپرسیار نابم؟. مادامەکێ هێشتە لە مێشکی خۆمدا جێم بۆ نەکردۆتەوە، وەك چۆن دوێنێ بەلای منەوە هیچ شتێك نەبوو)، بە ڕێگەوە دوو سێ کەس بۆ ڕێز لێ گرتن خۆیان لەبەردەمی لاداو شۆستەکەیان بۆ چۆڵکرد. لای خۆیەوە سوپاسی کردن بێ ئەوەی لێیان وردببێتەوە تا بزانێت کێن.

بەڕێز (خوان) برای ژەنەراڵ کانالیس، نیشتەجێی گەڕەکی (ئینسنسیۆ)یە، لە خانوویێکدایە نێزیك بە بۆرسەی(دراو)، کە بە خانووی دراو لێدان ناو دەبرا، کە تەلارێکە جێی دڵتەنگی و خەمۆکییە. چەند کۆڵەکەیەکی دارین هەبوون دیوارە چەوتەکانیان ڕاگرتبوو، لە چوارچێوەی شیشە ئاسنینەکانی قەد پەنجەرەکانەوە، مرۆڤ دەیتوانی چەند ژوورێکی چوون قەفەسی ئاژەڵی دڕندە ببینێت. لێرەدا ملیۆنان ئیبلیس ڕاکشابوون و باش دەپارێزران و کەس توخنیان نەدەکەوت.

کاتێك خۆشەویست لە دەرگای ماڵەکەی دا بە حەپەی سەگ وەڵام درایەوە. بە شێوازی وەڕینی سەگەکەوە دەردەکەوت کە بەستراوەتەوە.

فریشتە ڕوو لە دەرگاکە چووە ژوورەوەو شەپقە بەرزەکەی بە دەستەوە بوو (چوون ئیبلیس جوان و فێڵباز بوو). هەستی بە شادومانی دەکرد کە لەناو ئەو خانووەدایە کە کیژەکەی ژەنەراڵ ڕووی تێ دەکات، بەڵام وەڕینی سەگەکەو بانگهێشتی یەك لە دوای یەکی (وەرە ژوورەوە) لەلایەن پیاوێکی دەم وچاو سوور هەڵگەڕاوی بزە لەسەر لێوی ورگنەوە، کە خودی (خوان کانالیس) بوو، ئەوەی لەبیر بردەوە.

ـ (تکایە وەرە ژوورەوە، وەرە ژوورەوە. ئەگەر ئەرك نەبێت، لێرەوە. تۆ بڵێیت بە چی بۆنەیەکەوە هاتوویت و سەرمان لێ دەدەیت؟.).

بەڕێز خوان هەر هەموو ئەو دەربڕینانەی ئامێر ئاسا گۆکرد، بە ڕیتمێك تەواو لەوەوە دوور بوو شڵەژانی پێوە دیار بێت کە لەبەردەم ئەم دەست و پێوەندە بەڕێزەی جەنابی سەرۆکدا هەستی پێ کرد.

فریشتە ڕوو لە ژوورەکەدا ئاوڕی ئەم لاو ئەو لای خۆی دایەوە. ئای لەو وەڕینەی کە ئەم سەگە شەڕەنگێزە میوانانی پێ پێشوازی دەکات! ژمارەیەك لە وێنەکانی خانەوادەی (کانالیس)ی بینی بە قەد دیوارەکەوە هەڵواسرابوون، وێنەکەی ژەنەراڵ لادرابوو. لەو لای ژوورەکەوە ئاوێنەیەك ئەو شوێنەی پیشان دەدا، کە وێنەکەی لێ هەڵواسرابوو، بەشێکی دیکەی ژوورەکە بە کاغەزی زەردی دیوار، لە ڕەنگی برووسکە، داپۆشرابوو.

لەکاتێکدا بەڕێز (خوان) هەرچی دەربڕینی دۆستانەی پێشوازی لێ کردن هەبوو هەمووی بەکارهێنا، فریشتە ڕوو بیری بۆ ئەوە چوو کە هێشتە ئەو سەگە پاسەوانیی ئەم ماڵە دەکات وەك چۆن لە سەردەمی کۆندا وابوو، سەروەری خێڵی دەپاراست. تەنانەت جەنابی سەرۆکیش ژمارەیەك لەو سەگانەی هەیە لە دەرەوە هێنراون.

خانەخوێکە لەناو ئاوێنەکەوە دەبینرا بە جووڵە ئاماژەی نائومێدانەوە قسەی دەکرد. بەڕێز (خوان) پاش ئەوەی چەندە دەربڕینی ڕێزلێنانی هەبوو بەکاری هێنان

هەستی بەوە کرد وەك ئەو مەلەوانەی لێهاتووە خۆی هاویشتبێتە ناو ئاوی قووڵەوە.

دەیگوت: (لێرە، لە ماڵەکەمدا، هەردووکمان ـ ژنەکەم و بەندەی گوێڕایەڵتان ـ بەرانبەر بە ڕەفتاری (ئیۆسپیۆ)ی برام هەستمان بە تووڕەبوونێکی قووڵ کرد. ئەوە چ کارێکە؟. تاوان بەردەوام بێزراوە، لەم جۆرە بارو دۆخەیشدا زۆرتر دەبێزرێت، کاتێك قوربانییەکە شایەنی ئەوەیە ڕێزێکی زۆری لێ بگیرێت، ئەو پیاوەی جێی شانازی سوپاکەمانە، لەگەڵ هەموو ئەوەیشدا، وەك دەڵێم، دۆستی جەنابی سەرۆکە!).

فریشتە ڕوو قڕو قپ بێ دەنگ بوو چوون مرۆڤێك کە چاودێری کەسێك بکات کە خەریکە بخنکێت لەکاتێکدا هەموو هۆکارێکی ڕزگارکردنی هەبێت، بێ دەنگییەکی بێ هاوتاو بێ وێنە تەنیا بێ دەنگی ئەو میوانانە نەبێت کە توانای ئەوەیان نییە ئەوەی دەگوترێت دووپات بکەنەوە یان بە درۆی بخەنەوە.

کاتێك بەڕێز خوان بۆی دەرکەوت کە ئەو قسانەی کردنی هیچ کاردانەوەیەکیان لای میوانەکەی دروست نەکرد، زۆر تووڕە بوو، دەستی بە هەوادا ڕادەوەشاندو بە دوای عەردێکی ڕەقدا دەگەڕا پێی لەسەر توند بکات. سەری گەرم داهاتبوو. لەو بڕوایەدا بوو دەستی لەو تاوانی کوشتنەدا هەیە لە (دالانی خواوەند) ڕوویدا و دەستیشی لە هەموو ئەو لق و پۆپە سیاسییە دوور مەودایانەدا هەیە لەو ئاکامەوە هاتوونەتە کایەوە. هیچ گرینگیش نەبوو بە ڕاستی بێ تاوان بێت و ئەو کارەی نەکردبێت. هەموو شتەکان زۆر ئاڵۆزن. زۆر ئاڵۆز و تێکەڵ و پێکەڵن (هاوڕێ شتەکە لە خۆت و بەختت دەچێت (لۆتۆ)، (لۆتۆ) خۆت و بەختت). ئەو دەربڕینەی کە باسی بارودۆخی وڵاتی دەکرد، مام (فۆلخنسیۆ) ڕاهاتبوو بە دەنگی بەرز هاوار بکات و بیلێت، کە پیرەمێردێکی ڕەوشت بەرزەو لە شەقامەکان بلیتی

(لۆتۆ) خۆت و بەختت دەفرۆشێت، کاسۆلیکێکی ڕەسەنەو بایەخێکی زۆر بە بازرگانییەکەی خۆی دەدات.

(خوان کانالیس) بۆی دەرکەوت کە فریشتە ڕوو لەبەردەم خۆیدا نابینێت بەڵکو کۆئێسکی مام (فۆلخنسیۆ) لە تەنیشتەوە دەبینێت، کە پێدەچوو ئێسك و چەناکەو پەنجەکانی بە تێلە دەمار پێکەوە گرێ درابن. مام (فۆلخنسیۆ) ...لڤیکسە پێستە ڕەشەکەی بلیتەکانی لۆتۆی لەبن هەنگل دەنا، پاشان چرچ و لۆچەکانی دەم و چاوی ڕێکدەخست و پانتۆڵە دەڵپەکەی دەتەکاند، ملی درێژ دەکردەوەو، بە دەنگێك کە هاوکات لە لووت و لە دەمە بێ ددانەکانییەوە دەهاتە دەر دەیگوت: (هاوڕێم، بلیتی لۆتۆ تەنیا یاسایە لەسەر ڕووی زەمین! بلیتی لۆتۆ دەتوانێت ڕەوانەی بەندیخانەت بکات، یان پاڵیان پێوە بنێت گوللەبارانت بکەن. یان دەتکاتە ئەندامی پەرلەمان، یان دیپلۆماتکار، یان سەرۆك کۆمار، یان ژەنەراڵ، یان وەزیر! کار چ سوودێکی هەیە، ئەگەر هەموو ئەمەت لەڕێگەی بلیتی لۆتۆوە دەست بکەوێت؟. هاوڕێ ژیان (لۆتۆ)یە، بۆیە وەرەو بلیتێکی لۆتۆ بکڕە!). ئەو کات، ئەو هەموو کۆ ئێسکە گرێ خواردووە، ئەو سمتە چەوت و چێڵە، لە ئاکامی پێکەنینەکەیەوە دەلەرەزی لە زارییەوە هەڵدەقولا، وەك بڵێیت لیستێکی ژمارەی ئەو بلیتانە بێت کە بردوویانەتەوە.

فریشتە ڕوو واق وڕماوانەو بێ دەنگ لە(کانالیس)ی ڕوانی، پرسیارێکی تەواو جیاوازی لەخۆی دەکرد: (چۆن دەبێت ئەم جۆرە پیاوە ترسنۆکە پیسۆکە پێوەندی بە کامیلاوە هەبێت؟.).

خوان کانالیس لەسەر قسەکانی ڕۆیشت و زۆر دژوار توانی دەستەسڕێك لە گیرفانی دەربهێنێت و دڵۆپە ئارەقە چڕکانی پێ بسڕێت کە بە تەوێڵییەوە دادەچۆڕان و گوتی:

ـ (ئەو دەنگۆیە بڵاو بووەوە، هەرچۆنێك بێت ئەوەیان بە ژنەکەم گوت، کە دەیانەوێت من لە کوشتنی کۆڵۆنێل (پارالیس سۆنرینتی) تێوە بگلێنن!).

پیاوەکەی دیکە بە کورتی گوتی : (ئاگام لەوە نییە).
ـ ئەوە ستەمە. وەك ئەوەی پێش تاوێك گوتم، هەر لە سەرەتاوە من و ژنەکەم لە هەڵسوکەوتی (ئیۆسیبۆ)ی برام ناڕازی بووین. سەرەڕای ئەوەیش نازانم دەزانێت یان نا، ئەوە من لەم دواییانەدا براکەمم نەدەبینی بە دەگمەن نەبێت. لەوانەیە یەك جاریش نەمدیبێت. لە ڕاستیشدا یەك جاریش نەمبینیوە. کاتێك یەکدیمان دەبینی دەتگوت دوو کەسین و یەکدی ناناسین. (بەیانیت باش، بەیانیت باش،ئێوارەت باش، ئێوارەت باش، ئەمە هەموو شتێك بوو، بە خوام سپاردیت، بەخوام سپاردیت، ئەمە هەموو شتێك بوو).
دەنگی بەڕێز خوان دەلەرزی. ژنەکەی کە لەو دیو پەردەوە سەیری دەکردو چاودێری دەکرد،بیری لەوە کردەوە کە کاتی ئەوە هاتووە هەڵستێتە سەر پێ تا یارمەتی مێردەکەی بدات.
لەکاتێکدا چووە ژوورەوەو بەسەری ئاماژەی دەکرد لەگەڵ بزەیەکی شەرمنۆکانەدا بۆ فریشتە ڕوو: (خوان بەم بەڕێزەم ناناسێنیت؟.). مێردەکەی بەسەرسوڕمانەوە: بەڵێ، بەڵێ. ڕێگەم بدە ژنەکەمت پێ بناسێنم).
ـ (جۆدیت دی کانالیس).
فریشتە ڕوو گوێی لەناوی ژنەکەی بەڕێز (خوان) بوو. بەڵام لەیادی نییە کە ناوی ئەوی هێنابێت.
لەو سەردانەدا کە بێ پێویست درێژدەبووەوە، هەر وشەیەك پێوەندی بە کامیلاوە نەبووایە لەلایەن فریشتە ڕووەوە گوێی لێ نەدەگیرا، ئەویش لە ئاکامی ئەو هێزە سەیرەوە کە خەریکبوو کاری لە دڵی دەکرد و خودی بوونیشی دەهەژاند. لە ناخی خۆیدا سەری لەوە سوڕ ما: (بەڵام، بۆچی ئەو خەڵکە باسی برازاکەی ناکەن (کیژی براکەی)؟. ئەگەر قسەی لەبارەوە بکەن ئەو کات بە هەموو هەست و نەستەوە گوێیان بۆ ڕادەدێرم، ئەگەر قسەی لە بارەوە بکەن ئەو

کات پێم دەگوتن پێویست ناکات هەست بە هیچ نیگەرانییەك بکەن و، ناشێت بەڕێز (خوان) لە هیچ تاوانێك تێوە بگلێنرێت. ئای ئەگەر قسەی لە بارەوە دەکەن! چەندە گەوجم ... سەبارەت بە کامیلا؟. کە ئارەزوو دەکەم هیچی بەسەر نەهاتبێت و لەگەڵ ئەو خزمانەیدا بمێنێتەوەو دوای ئەوە بیری لێ نەکەمەوە؟. بەڵام، من چەندە گەوجم، ئەو و خزمەکانی، منیش زۆریان لێوە دوورم، لێیانەوە دوورم. چەندین میل لێیانەوە دوورم! وێ و من ...

خاتوو جۆدێت لەسەر قەنەفەکە دانیشت دەستەسڕێکی دانتێلی بۆ لای لووتی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی شڵەژانەکەی خۆی پێ بشارێتەوە.

ـ دەتانگوت ... دەترسم قسەکەم پێ بڕین ... داوای لێبوردن دەکەم ...

ـ ئەگەر ...

ـ ....

ـ ئەگەر ...

هەرسێکیان لە یەك کاتدا قسەیان دەکرد، پاش چەندین وشەی (فەرموو) بەڕێز (خوان) جڵەوی قسەکردنی گرتە دەست. نازانێت بۆچی. هەردوو چاوی ژنەکەی پێیان دەگوت (ئەی گەوج) لەبەرئەوەی ڕێی بە میوانەکە نەدا قسە بکات.

ـ من بە هاوڕێکەمانم دەگوت کە ئێمە ـ من و تۆ ـ تووڕەبووین کاتێك بە نهێنی هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاندین، کە (ئیۆسپیۆ)ی برام یەکێکە لەوانەی بە کوشتنی کۆلۆنێل (پارالیس سۆنرینتی) تۆمەتبار کراوە).

خاتوو (جۆدیت) قسەکەی پشت ڕاست کردەوە لە کاتێکدا سنگە زلەکەی بەرەو پێشەوە دەرپەڕاند: (ئا، بەڵێ، بەڵێ، بە ڕاستی! من و (خوان) پێکەوە گوتمان کە شووبراکەم زۆر لەوەوە دوورە بەو کردەوە دڕندانە ناوبانگیەتی سوپایی خۆی لەکەدار بکات، لەوەیش خراپتر، خەڵکی دەیانەوێت مێردەکەم تێوە بگلێنن).

ـ : (بۆ بەڕێز (میگیل)م ڕوون دەکردەوە کە ماوەیەکی زۆرە من و براکەم لە یەکدی دوور کەوتووینەتەوە، چاوی بە مندا هەڵنەدەهات، منیش حەزم نەدەکرد بیبینم!).

خاتوو جۆدێت لە کاتێکدا هەناسەی هەڵکێشا گوتی:

ـ (نەك تا ئەم ڕادەیە خراپ، بەڵام کاروباری نێوان ئەندامانی خێزان زۆر جار بەلای تووڕەبوون و دەمەقاڵێدا دەشکێتەوە).

فریشتە ڕوو گوتی: (ئەوە دەزانم. بەڵام دەبێت بەڕێز (خوان) ئەوەی لەیاد نەچێت کە پێوەندی پتەوی نێوان برایان هەرگیز تێك ناچێت...

ـ بەڕێز (میگیل) مەبەستت چییە؟. من هاوبەشی بووم؟.

ـ تکایە بمبوورن ...

خاتوو (جۆدێت)، کە چاوی بەرەو عەرد شۆڕ کردبووەوە، بە پەلە گوتی:

ـ پێویستە بەوە بڕوا نەکەیت. کاتێك پارەوپوول دێتە ناوانەوە ئەو کات هەموو پێوەندییەك دەپچڕێت. شتێکی زۆر خراپە کە ئەوە ڕوودەدات، بەڵام مرۆڤ ڕۆژانە دەیـبینێت بە بەرچاوییەوە ڕوودەدات. پارەو پوول ڕێز لە پێوەندی خزمایەتی ناگرێت.

ـ (تکایە بمبوورن! ئێستە گوتم پێوەندی نێوان برایان هەرگیز تێکناچێت، چونکە وێڕای ناکۆکی لە ڕاوبۆچوونی نێوان بەڕێز (خوان) و ژەنەراڵدا، کەچی کاتێك ژەنەراڵ بینی تووشی نەهامەتی بووەو پێویستە وڵات بەجێ بهێڵێت پێی گوتم ....).

ـ ئەگەر ویستبێتی لەو تاوانەم تێوە بگلێنێت، ئەوە بیژییە، ئاه، چ داوێکیان ناوەتەوە.

ـ بەڵام هیچ شتێکی لەو بارەوە نەگوتووە.

ـ خوان، خوان، ڕێ بدە با میوانەکەمان بپەیڤێت!

ـ پێی ڕاگەیاندم کە پشت بە هەردووکتان دەبەستێت تا لە پاش خۆی چاوتان لە کیژەکەی بێت، داوایشی لێ کردم قسەتان لەگەڵ بکەم بۆ ئەوەی بیبەنە لای خۆتان لە ماڵەوەتان لەگەڵتان بژێت...).

ئێستە فریشتە ڕوو گەیشتە ئەو ڕادەیەی هەست بکات کە گوێ لە قسەکانی ناگیرێت. وا پێدەچوو بۆ کەسانێك بئاخڤێت لە زمانی ئیسپانی ناگەن کە قسەی پێ دەکات: دەربڕینەکانی بەرەو ڕووی خۆی دەبوونەوە وەك بڵێیت بەر ئاوێنە بکەون، نە بەڕێز (خوان)ی ڕدێن تراشراوی پاك و تەمیزو نەیش خاتوو (جۆدێت) گوێی لێ دەگرن کە خۆی لەناو سینگە زۆر زلەکەیدا حەشار داوە وەك بڵێیت لەناو گالیسکەیەکی دەستیدایە.

ـ (پرسەکەیش بۆ ئێوە بەجێ دەهێڵم تا بزانن کامە شت زۆر باشترە بۆ ئەوەی لە پێناوی کیژەکەیدا بیکەن).

کاتێك بەڕێز خوان بۆی دەرکەوت کە فریشتە ڕوو بۆ ئەوە نەهاتووە دەستگیری بکات، توانای بیرکردنەوەی ئاسایی وەبەرهاتەوەو گوتی:

ـ بەڵێ، ئاشکرایە ... بە ڕاستی نازانم چی بڵێم. بەڕاستی تۆ شتێکی کوت و پڕت پێ ڕاگەیاندم! لە ڕاستیدا شوێنێك نییە تا بۆ ئێرەی بهێنرێت، ناشێت مرۆڤ یاری بە ئاگر بکات! من لەوە دڵنیام کە کیژە بچووکەکە لێرە شادومان دەبێت، بەڵام من و ژنەکەم نامانەوێت دۆست و برادەرانمان لەدەست بدەین، لەبەرئەوەی لێپرسینەوەمان لەگەڵ دەکەن کە ئێمە دەرگای ماڵە بەڕێزەکەمان لەبەردەم کیژی یەکێك لە نەیارانی جەنابی سەرۆکدا خستووەتە سەر پشت. وێڕای ئەوەیش، ئەوەی زانراوە کە برا بەناوبانگەکەم ـ چۆن ئەوە دەربڕم؟. باشە، پێشنیازی کردبوو کیژەکەی پێشکەش بە یەکێك لە دۆستە هەرە گیانی بە گیانییەکانی سەرۆکی نەتەوە بکات، ئەویش بەرانبەر بە ...

خاتوو جۆدێت کە بە هەناسەدانێکی دیکە سینگی هێنایە خوارەوە، خۆی تێهەڵقورتاندو گوتی: بۆ ئەوەی لە بەندیخانەی توند نەکەن! بەڵام ... وەك (خوان) دەیگوت، ئەو پێشنیازی کردبوو کیژەکەی پێشکەش بە یەکێك لە دۆستانی جەنابی سەرۆك بکات، کە دەبوو ئەویش لای خۆیەوە بە خودی جەنابی سەرۆکی پێشکەش بکات، کە شتێکی ئاسایی بوو لە ڕووی لۆژیکەوە ئەو پێشنیازە ناپەسەندە ڕەت بکاتەوە. ئەو کاتیش، میری سوپا، کە بە هۆی وتارە بەناوبانگەکەیەوە ئەو نازناوەیان لە ژەراڵ نابوو، بۆی دەرکەوت هیچ قوتار نابێت، بۆیە بڕیاریدا هەڵبێت و کیژەکەی بۆ ئێمە بەجێ بهێڵێت. ئەمە بەسەرهاتەکەیە! مرۆڤ دەتوانێت چی لە پیاوێك پێشبینی بکات کە وەك نەخۆشی چاوە قووڵە پێوەندییەکانی خۆی بە گومان لەکەدار کردو ناوی خێزانەکەی زڕاند! پێشبینی ئەوە نەکەیت کە ئێمە بە هۆی ئەو پرسەوە تووشی ئازار نەهاتبین. پیری کردین، وەك خواوەندو مریەم گەواهی ئەوە لێدەدەن!).

شێوەی تووڕەبوونێك لە قووڵایی هەردوو چاوی ڕەشی فریشتە ڕوودا بەدی کرا.

ـ (کەواتە، بواری ئەوە نییە زۆرتری لەسەر بڕۆین ...).

ـ (داوای لێبوردن دەکەین کە شەکەتی ئەو ڕێگەیەت کێشا و سەرت لێ داین. ئەگەر نامەیەکت بناردبایە...).

خاتوو جۆدێت گوتیشی: (ئەگەرچی پرسەکە بەلای ئێمەوە تەواو گران نەبوایە، ئەوە لەبەر خاتری تۆ بە خۆشحاڵییەوە پەسەندمان دەکرد).

فریشتە ڕوو بێ ئەوەی ئاوڕی لای ئەوان بداتەوەو بێ ئەوەی ورتەیەکی لێوە بێت چووە دەرەوە.

سەگەکەیش هار بوو هەر دەوەڕی و زنجیرەکەی تا ئەو شوێنەی بڕی دەکرد بە عەردیدا دێناو دەبرد. دوایەمین وتەکانی فریشتە ڕوو لەبەر دەرگای دەرەوە ئەمەبوو : دەچم بە دیداری برایانی دیکە شادبم؟.

خێرا بەڕێز خوان گوتی: (بەمە کاتی خۆت بە فیڕۆ دەدەیت. چەندە من لێرەم بەوە ناسراوم کە لە پارێزکارەکانم، لەگەڵ ئەوەیشدا ناتوانم لە ماڵەکەی خۆمدا جێی بکەمەوە. هەرچی ئەوانن، ئەوە لیبرالین، ئۆی، باشە، لەو بڕوایەدا دەبن کە تۆ شێت بووگیت، یان گاڵتە دەکەیت ...).

بەڕێز خوان لەبەر دەرگا ڕاوەستابوو و ئەو دەربڕین و ڕستانەی دەگوت، پاشان لەسەرخۆ دەرگاکەی داخست، هەردوو دەستە قەڵەوەکەی هەڵگڵووفی، چەند چرکەیەك دوودڵ بوو، پاشان ڕووەو ماڵ گەڕایەوە. ئارەزووێکی زۆری کرد سەر بنێتە سەر یەکێك، بەڵام ژنەکەی نەبێت، چوو سەگەکە بهێنێت کە تا ئەو کاتەیش هەر دەحەپی.

ژنەکەی لەناو حەوشەوە، کە لق و پۆپی دار گوڵەکەی قەڵەم دەکرد پاش ئەوەی هەتاوی لێ دوور کەوتبووەوە، بانگی کرد: (ئەگەر دەچیتە دەرەوە هەقت بەسەر سەگەکەوە نەبێت).

ـ : (ئێ! ئێستە دەچمە دەرەوە).

ـ : (باشە، خێراکە، چونکە دەچمە کلێسە بۆ ئەوەی نوێژی ڕۆژانە بکەم، بە باشیشی دەزانم پاش کاتژمێر شەشی ئێوارە نەچمە دەرەوە).

(١٦)

## له بەندیخانەی کاسا نۆڤا

نێزیکەی کاتژمێر هەشتی بەیانی (خەڵکی له سەردەمی کاتژمێرە ئاوییەکاندا چەند بەختەوەر بوون، ئەو کاتەی کاتژمێری زەنگ نەبوو بە میل و سپرینگ (بە بازدان و پەرچدانەوە) کات دەستنیشان بکات!) (نینیا ڤیدینا) له کونە گورگێکی چوون گۆڕی شێوەی گیتاردا بەندکرا، پاش وەرگرتنی ڕێوشوێنی ئاسایی و پشکنینی هەر هەموو ئەو شتانەی پێی بوو. له تەوقی سەریشیەوە تا پەنجەی پێیان پشکنی، نینۆکەکانی، ژێر باڵی، هەموو شتێك، کە کارێکی زۆر جێی بێزارییە، بەڵکو پشکنینەکەیان توندترکرد کاتێك نامەیەکیان لەناو جلەکانیدا دۆزییەوە ژەنەراڵ کانالیس بە خۆی نووسیبووی، ئەو نامەیەی لەسەر عەرد لەناو خانووەکە هەڵی گرتبووەوە.

لەناو کونە گورگەکەدا ئەوەند بە پێوە ڕاوەستا هەستی بە شەکەتی کرد، شوێنی پیاسەو هاتوچۆ نەبوو تەنانەت بۆ دوو هەنگاویش بێت، بۆیە دانیشت، هەرچۆنێك بێت دانیشتن باشترە، بەڵام پاش تۆزێك ڕاوەستا. ساردیی عەردەکە گەیشتە سمت و هەردوو لاق و هەردوو دەست و هەردوو گوێی، چونکە گیانی مرۆڤ لەبەردەم سەرمادا زۆر هەستوەرە. ماوەیەك بە پێوە ڕاوەستا، پاشان جارێکی

دیکە دانیشتەوە، ئەم جار ڕاوەستاو، دانیشتەوەو، ڕاوەستا.... ئیدی بەو شێوەیە ...

گوێی لە دەنگی ئافرەتە بەندکراوەکانی دیکە بوو کاتێك لە کونە گورگەکانیان بۆ هەناسەدان و هەوا هەڵمژین هێنابوونیانە دەرەوە، گۆرانیی تەڕو تەرچکی چوون سەوزەو میوەی کرچ و کاڵیان دەگوتەوە، وێڕای ئەو گڕو بڵێسەیەی لە سینگیاندا هەستیان پێ دەکرد. هەندێك جاریش بە چاوی خەواڵووەوە ئەو گۆرانییانەیان لەگەڵ خۆدا دەگوتەوە، چەند گۆڕانییەکی زۆر ناخۆش، ئاماژەیان بە هەست بە ستەم و زوڵم کردن دەکرد، لەناکاودا هاواری نائومێدانەو، کوفرو (خۆسن) و جنێو دەپیچڕاندن ...

لەیەکەمین ساتەوە کە (نینیا ڤیدینا) لە بەندیخانە توندکرا، هەستی بە ترسان لە دەنگێکی ڕیتمی جیاجیاکرد جار لە دوای جار ئەم گۆرانییەی دووبارە دەکردەوە وەك بڵێیت سروودێکە ئایینی بڵێتەوە:

لە بەندیخانەی (کاسا نۆڤا)وە
بۆ ماڵە بەدناوەکان
ئەی خۆشەویستە بچکۆلانەکەم
یەك هەنگاوە
جا لەبەرئەوەی لێرە بەتەنیاین
ئەی خۆشەویستە بچکۆلەکەم
ماچێکم بدەیە.
ئای، ماچێکم بدەیە
ئەی خۆشەویستە بچکۆلەکەم
چونکە لە نێوان ئەم بەندیخانە و
ماڵە بەدناوەکان

ئەی خۆشەویستە بچکۆلەکەم
یەك هەنگاوە

دوو دێڕی سەرەتای گۆرانییەکە لەگەڵ ئەوەکانی دیکەدا هاو ڕیتم نەبوون، لەگەڵ ئەوەیشدا خۆیان وا پیشان دەدا وەك بڵێیت پێوەندییەکی توندو تۆڵ لە نێوان ماڵە بەد ناوەکان و لە نێوان بەندیخانەی (کاسا نۆڤا)دا هەبێت. کێشی وشەکانی گۆرانییەکە لەنگ بوو بۆ ئەوەی ژیان و گوزەرانی تاڵی ڕۆژانە دەرببڕێت، ئەوەیش وای لە (نینیا ڤیدینا) کرد لە ترساندا بلەرزێت نەوەك نغرۆی ترس بێت، ئێستە دەلەرزێت و هێشتە ترس بە تەواوەتی هەموو گیانی نەتەنیوەتەوە، ئەو ترسە سەیرە تۆقێنەرەی پاشان هەستی پێکرد، کاتێك ئەو دەنگە دزەی کردە ناو ئێسکەکانییەوە کە لە قەوانی ڕووشاو دەچوو و زۆرترین نهێنی تاوانکارانەی دەشاردەوە. ستەمێکی زۆر بوو هیچ شتێکی دەست نەکەوێت قاوەڵتی پێ بکات تەنیا ئەو گۆررانییە تاڵە نەبێت. ئەگەر بە زیندوویی کەوڵی بکەنن ئەوە هەستی بە ژان و ئازاری لەوە زۆرتر نەدەکرد کە ئێستە لەناو بەندیخانەکەیدا هەستی پێ دەکات، چونکە گوێی لە قسەگەلێکە کە ڕەنگە ئافرەتە بەندکراوەکانی دیکە لە ڕووی ئازادی و گەرم بوونەوەوە ـ بێ ئەوەی دەرك بەوە بکەن کە نوێنی ئافرەتی سۆزانی لە بەندیخانەکەی ساردو سڕترە ـ بە ئاواتی بەرزی خۆیانی بزانن.

هەندێك پشووی پێدا هاتەوە کاتێك بیری لە کوڕەکەی کردەوە. بە شێوەیەك بیری لێ دەکردەوە، وەك بڵێیت هێشتە لەناو منداڵدانیدایە، لەبەرئەوەی دایکان هەرگیز هەست بەوە ناکەن، کە منداڵەکانیان بە ڕاستی ناوسکیان بەجێهێشتوون. یەکەمین شت کە دەیکات کاتێك لە بەندیخانە ئازاد دەکرێت ئەوەیە کوڕەکەی پیرۆز بکات. هەموو شتێکی ڕێك خستووە. ئەو جلوبەرگ و ملپێچەی خاتوو کامیلا بە دیاری پێشکەشی کردن زۆر جوانن. بە نیازبوو بەم بۆنەوە ئاهەنگێك بگێڕێت ژەمە خواردنی (تاماڵ)[١٠] و (شیر و کاکاو) بۆ قاوەڵتی و برنج لەسەر شێوازی (بلنسی) و

یەخنی بۆ نیوەڕۆو پاشان چای دارچین و شەرابی بادەم و ئایس کریم و ناسکە نان بۆ شیوی ئێوارەی تێدا پێشکەش بکات. بە ڕاستیش لە خاوەن چاپخانە چاو شووشەیینەکە داوای بلیتی بچووکیشی کرد کە بۆ دۆستانی دەنێرێت.

هەروەها بە نیازە دوو گالیسکە لە شوێنگەی (شۆمان) بەکرێ بگرێت، ئەو ئەسپە زەبەلاحانە ڕایاندەکێشن کە لە شەمەندەفەر دەچن، کە جڵەوەکانیان بە زیو زەڕکەف کراون و دەدرەوشێنەوە، لەگەڵ ئەو شوفێرانەی شەپقەی درێژو فراکیان لەبەرە. ئەو کات ویستی ئەم بیرانە لە مێشکی خۆی دەربکات بۆ ئەوی خۆی لە چارەنووسی ئەو پیاوە دوور بخاتەوە لە شەوی زەماوەندەکەیدا بە خۆی گوت: (سبەینێ ئەم کاتە، ئەی خۆشەویستە بچکۆلەکەم دەبێتە موڵکی من!). پاشان بۆ ڕۆژی دواتر کاتێك بەڕێوە بوو بەرەو کڵێسە دەچوو بۆ نەگبەتی خشتێکی بەسەر سەردا بەربووەوەو مرد.

جارێکی دیکە بیری بۆ لای منداڵەکەی چوو، لە ڕامانێکی شادیانەدا، کە وای لێ کرد تێبینی ئەوە نەکات کە بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت سەیری تۆڕێك وێنەی ڕووتی هەڵکەنراوی قەد دیوارەکەی دەکرد، کە وای لێ کرد جارێکی دیکە بشڵەژێت، وێنەی خاچ، چەندین دەربڕین، ناوی پیاو، بەروار، ژمارەی زانستی نهێنی، تێکەڵاو لەناو چەندین وێنەی سێکسی لە هەموو قەوارەو جۆرێك. وشەیەکی ئاییینیش لە تەنیشت وێنەی ئەندامێکی سێکسی و، ژمارە سێزدە لەسەر دوو گونی زەبەلاح بەدی دەکرا. لەگەڵ ئیبلیسگەلێك جەستەیان چوون مۆمدان قوپابووەوە، گوڵی بچووك بچووك لە جیاتی گەڵا پەنجەی مرۆڤیان بۆ کرابوو، کاریکاتێری دادوەران و پارێزەران، بەلەمی بچووك بچووك، لەنگەرگە، چەندین هەتاو، قەرەوێڵەی منداڵان، هەتاوگەلێکی سمێڵدار بۆ پیاوانی پۆلیس، مانگەلێك دەم و چاوی قەیرەیان بۆ کرابوو، ئەستێرەی سێ لك و پێنج لك، چەندین کاتژمێر، چەندین شاوور، گیتارگەلی باڵدار، تیر..

زۆر تۆقاو ویستی لەو جیهانی شێتی و گومڕاییە هەڵبێت، بۆ ئەوەی نەکەوێتە ناو ئەو ئئالۆشە سێکسیانەوە کە دیوارەکانی دیکەی کونە گورگەکەیان تەنیوەتەوە. هەردوو چاوی لێك نا لەکاتێکدا تۆقین زەندقی بردبوو، وەك ئافرەتێك خەریکبوو لە هەڵدێرێکی زۆر بەرزەوە بەر دەبووەوە، لە جیاتی پەنجەرە هەڵدێرگەلی لە چوار دەور دەکرانەوە، ئاسمانیش ئەستێرەکانی خۆی نمایش دەکرد وەك چۆن گورگ کەڵبەکانی خۆی پیشان دەدات.

لەسەر عەردی کونە گورگەکە، کۆمەڵە میلۆرەیەك سیسارکەیەکی تۆپیویان ڕادەکێشا.

(نینا ڤیدینا)، کە هێشتە لەژێر کاریگەری وێنە ڕووتەکاندا بوو، بیری بۆ ئەوەچوو کە لە ئەندامێکی مێینە دەڕوانێت قژی بەرەو نوێنی گوناه ڕایدەکێشێت.

لە بەندیخانەی کاسا نویڤا

تا ماڵە بەدناوەکان

ئەی خۆشەویستە بچکۆلەکەم ...

جارێکی دیکە گۆرانییەکە لەسەرخۆ بە وردە شووشە گۆشتە زیندووەکەی دەخوراند، وەك بڵێیت وردە وردە بێ فیزییە مێینەکەی ناهێڵێت.

لە شار، ئەو ئاهەنگانەی بۆ ڕێزنان لە جەنابی سەرۆك ساز درابوون، بەردەوام بوون، ئێوارانیش، پەردەیەکی سینەمایان لە گۆڕەپانی سەرەکی هەڵدەواسی دەتگوت سێدارەیە، چەند بەشێکی فیلمیان پیشان بینەران دەدا ڕوون نەبوون، کە دەیانبینین و وایان دەزانی ئەو سزای لەسێدارەدانە دەبینن دادگەکانی پشکنین دەری دەکردن. تەلارە حکوومییەکانیش کە نغرۆی ڕووناکی بووبوون بە ئاسمانە تاریکەکەدا بڵندبووبوونەوە، ژمارەیەکی زۆر لە هاتوچۆکەران هەبوون خۆیان چوون مێزەر لە چوار دەوری شوورە لا تیژەکە پێچابووەوە، کە چوار دەوری باخچە

گشتییە بازنەییەکەی دابوو. بژاردەی کۆمەڵ ئێواران بۆ سەیران لە دەوری باخچەکە کۆدەبوونەوە، لە کاتێکدا خەڵکەکە بە گشتیی لەژێر ئەستێرەکاندا لە بێ دەنگییەکی ئایینیدا سەیری سینەماکەیان دەکرد. بەساڵداچووەکان، چ سەڵت و قوڵت و چ مێردەکان، چوون قوتووی سەردین لە تەنیشت یەکەوە بەسەر یەکدا کەوتبوون، بە بێزارییەکی ئاشکراوە باوێشکیان دەداو، لەسەر کورسی و سەکۆکانیانەوە کە لە گۆڕەپانەکەدا دایانمەزراندبوو سەیری هاتوچۆکەرانیان دەکرد، هەرکیژێکیان ببینیایە ستایشیان دەکردو سڵاویان بۆ هاوڕێ و دۆست و خزمەکانیان دەنارد. جار ناجارێکیش، دەوڵەمەندو هەژارەکانیش چاویان بەرز دەکردەوەو سەیری ئاسمانیان دەکرد: سەیری مووشەکێکی یاری ڕەنگاوڕەنگیان دەکرد دەتەقییەوەو دەزووەکانی لەسەرشێوەی پەلکەزێڕینەیەکی ئاورێشمین دەکەوتنە خوارەوە.

بەڕاستی بەسەربردنی یەکەمین شەو لە بەندیخانە زۆر ترسناکە. بەندکراو لە جیهانی پڕ لە مۆتەکەدا هەست بەوە دەکات لە ژیان دابڕاوە. لەوێ لە تاریکاییدا. دیوارەکان بزر دەبن، بنمیچ نامێنێت، عەردەکە لەبەر چاو ون دەبێت، بەڵام ئەوە هەستکردن بە ئازادی لەگەڵ خۆی ناهێنێت، بەڵکو هەستکردن بە مردن دەهێنێت.

نینا ڤیدینا نوێژێکی خێرای دەخوێند: (ئەی کیژی پاکیزە ئەی مریەمی بە بەزەیی، ئەوەی لەبارەی تۆوە دەزانرێت ئەوەیە کە هیچ کەسێك ڕیسواو سەفیل ناکەیت کە داوای یارمەتیت لێ بکات و لێت دەپاڕێتەوە یارمەتی بدەیت و بە هیوای ئەوەیە بیپارێزیت! بۆیە، ئەی پاکیزەی پاکیزەکان، ئەوە من پەنا بەر تۆ دەبەم و، بەسەر هەردوو پێتدا دەکەوم، بۆ گوناهەکانم دەگریم. نوێژەکانم ڕەت مەکەوە، ئەی مەریەمی پاکیزە، گوێم بۆ شل بکەو بە دەنگمەوە بێ. ئامین). تاریکی هەناسەی لێ دەبڕی. نەیدەتوانی چی دیکە نوێژ بکات. خۆی هاویشتە

سەر عەردەکە، هەردوو بازووی پان کردەوە کە وای مەزەندە کرد زۆر درێژ بن، زۆر درێژ، بۆ ئەوەی باوەش بە عەردە ساردو سڕەکەدا بکەن، هەموو عەردە ساردو سڕەکانی هەموو بەندییەکان، ئەوانەی لە گیانەڵادان و ئاوارە کراون و بە ناوی دادوەرییەوە دەچەوسێنرێنەوە ...

ئەم سروودەی بە لاتینی گوتەوە:

ئۆرا برۆ نۆبیس [١١]
ئۆرا برۆ نۆبیس
ئۆرا برۆ نۆبیس
ئۆرا برۆ نۆبیس
ئۆرا برۆ نۆبیس
ئۆرا برۆ نۆبیس
ئۆرا برۆ نۆبیس
ئۆرا برۆ نۆبیس

لەسەرخۆ ڕاست بووەوەو دانیشت. هەستی دەکرد برسییەتی. کێ شیر بە کوڕەکەی دەدات؟. بە هەردوو دەست و هەردوو پێی بەرەو لای دەرگاکە ڕۆیشت و بێ هوودە لێی دەدا.

ئۆرا برۆ نۆبیس
ئۆرا برۆ نۆبیس
ئۆرا برۆ نۆبیس

لە دوورەوە گوێی لە کاتژمێرێك بوو لێی دەداو کاتژمێر دوازدەی پیشان دەدا.

ئۆرا برۆ نۆبیس
ئۆرا برۆ نۆبیس

لە جیهانی دەرەوە، کە کوڕەکەی ...

ئۆرا برۆ نۆبیس

هەر دوازدە لێدانی کاتژمێرەکەی ژمارد. هەموو هێزو توانای خۆی کۆکردەوە تا خەیاڵ بکات ئازادە، لەوەیشدا سەرکەوت. مەزەندەی کرد لەناو ماڵەکەی خۆی و لەناو پێداویستی و هاوەڵ و دۆستەکانیدایەو، بە (خوانیتا) دەڵێت : (خوات لەگەڵ، بەم بینینەت شادت کردین)، ئەویش دەچێتە دەرەوەو هاواردەکات (گابرییێلینا)، کە خەریکی کوانووەکەیە، بۆ بەڕێز (تیمۆتیۆ) دەنووشتێتەوە. بەو شێوەیە دەهاتە بەرچاو وەك بڵێیت دوکانەکەی دەبینێت وەك ئەندامێکی ئۆرگانیی زیندوو، بەشێك لەوو لە ئەوانی دیکە بێت ...

لە دەرەوە، ئاهەنگەکان بەردەوامبوون، پەردەی سینەماکە چوون سێدارە لە شوێنی خۆیدا بوو، خەڵکەکەیش بە چوار دەوری باخچەکەدا دەسووڕانەوە، وەك چۆن کۆیلە بە دەوری پێچکەی ئاو دەرهێناندا دەسووڕێنەوە.

دەرگای کونە گورگەکە کرایەوە پاش ئەوەی لێی نائومێدبوو. زڕەو دەنگی کردنەوەی قفڵەکە ڕایچەڵەکاند وەك بڵێیت لە لێواری هەڵدێرێکی پڕ لە ئاگردا ڕاوەستابێت. دوو پیاو هاتنە ژوورەوەو لە تاریکیدا بە دوایدا دەگەڕان و، خستیانە پێش خۆیان و بە ناو ڕێڕەوێکی تەسکی بێ بنمیچدا کە ڕەشەبای ئێوارە بەریکەوتبوو، بە ناو دوو ژووری تاریکدا بردیانە ژوورێکی دیکەی ڕووناکەوە. کاتێك چووە ژوورەوە داواکاری گشتیی سەربازی بە دەنگی نزم لەگەڵ نووسەرەکەیدا دەپەیڤی. (نینیا ڤیدینا) لە دڵی خۆیدا گوتی : (ئەمە ئەو پیاوەیە لە جەژنی پاکیزەی کەرملیدا ئەرگون دەژەنێت! پێدەچێت بیناسم کاتێك منیان دەستگیر کرد، زۆر جارم لە کڵێسە بینیوە، ناشێت ئەم پیاوە کابرایەکی شەڕەنگێز بێت!).

داواکاری گشتیی ماوەیەکی زۆر چاوی تێبڕی، پاشان چەند پرسیارێکی گشتیی لێ کرد: ناوی، تەمەنی، باری کۆمەڵایەتی، کاری، ناوونیشانی. ژنەکەی (ڕۆداس) بە دەنگێکی نەگۆڕ وەڵامیدایەوە، پاشان لای خۆیەوە پرسیارێکی

دیکەی خستە سەر کاتێك نووسەرەکە لە نووسینی دوایەمین وەڵامی بووەوە ـ پرسیارێکە کەس وەڵامی نەداوەتەوە، چونکە لە هەمان کاتدا زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا و دەنگی گڕی ئافرەتێك بەرگوێکەوت وەك بێ دەنگیی ژوورەکەی تەنیشت دەیگوت: (بەڵێ، چۆنیت؟. من بۆ ئەوە زۆر پێخۆشحاڵم! ئەم بەیانییە بە دوای (کاندۆچا)مدا نارد ...لێم پرسی ... کراسەکە؟. ... کراسەکە جوانە، بەڵێ، بەسەرهاتەکەی خۆشە ...چی ...نا، نا، پیس نەبووە ... دەڵێم پیس نەبووە!... بەڵێ، بەڵام بێ دواکەوتن ... بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ ... بێ دواکەوتن وەرن ... خوات لەگەڵ ...شەو شاد خواتان لەگەڵ ...).

لەم کاتانەدا داواکاری گشتیی بە ڕیتمێکی ئاسایی گاڵەجاڕییەکی دلڕەقانە وەڵامی پرسیارەکەی (نینیا ڤیدینا)ی دەدایەوە : (نیگەران مەبە، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە لێرەین، بۆ ئەوەی کەسانی لە شێوەی تۆ ئاکەدار بکەین، ئەوانەی هۆکارەکانی دەستگیرکردنی خۆیان نازانن).

پاشان، لەکاتێکدا هەردوو چاوە بۆق ئاساکانی خەریکبوون دەهاتنە دەرەوە، بە دەنگێکی جیاوازتر گوتی: (بەڵام سەرەتا دەبێت پێم بڵێیت ئەم بەیانییە لە ماڵی (ئیۆسیبۆ کانالیس) چیت دەکرد).

ـ ڕۆیشتم، ڕۆیشتم بۆ ئەرکێك چاوم بە ژەنەراڵ بکەوێت.

ـ دەتوانم بپرسم ئەو ئەرکە چی بوو؟.

ـ گەورەم هیچ نەبوو پرسێکی ساکار بوو! ئەرکێك بوو پێیان ڕاسپاردبووم ... بۆ ئەوەی ... گەورەم گوێ بگرە، هەموو شتێکت پێ دەڵێم: ڕۆیشتم ئاگەداری بکەمەوە کە بە تاوانی کوشتنی کۆڵۆنێل (ناوەکەیم لەبیر چووەوە) دەستگیری دەکەن کە لە دالآنی خواوەند کوژرا.

ـ پاش ئەوەیش دەپرسیت بۆچی ئێستە لە بەندیخانە توند کراویت؟. ئایە ئەوەت لا شتێکی ئاسانە، ئەی سۆزانی ئەوە شتێکی ئاسانە؟. ئایە ئەوەت لا شتێکی ئاسانە، ئەوە شتێکی ئاسانە؟.

تووڕەیی داواکاری گشتیی پتر پەرەی دەستاند هەر کاتێك وشەی (ئاسانە)ی گۆبکردایە.

ـ گەورەم لەسەرخۆ بە، ڕێم بدە بۆت ڕوون بکەمەوە، گەورەم لەسەرخۆ بە، شتەکە بەو شێوەیە نییە بیری لێ دەکەیتەوە. چاوەڕوان بە، گوێ بگرە، تۆو خوا! کاتێك گەیشتمە ماڵی ژەنەراڵ، ژەنەراڵ بە خۆی لەوێ نەبوو، من نەمبینی، کەسم لەوێ نەبینی، هەموویان ڕۆیشتبوون، ماڵەکە چۆڵ بوو، تەنیا کارەکەرەکە نەبێت، کە بەو ناوەدا فرتەی دەهات.

ـ ئەدی ئەوە بە شتێکی ئاسان تێدەگەیت؟. شتێکی ئاسان، چ کاتێك لەوێ بوویت؟.

ـ گەورەم کاتژمێرەکەی کڵێبسەی لامەرسید شەشی بەیانی لێ دەدا.

ـ بیرت زۆر تیژە! چۆنت زانی ژەنەراڵ دەستگیر دەکرێت؟.

ـ من؟.

ـ بەڵێ تۆ.

ـ ئەوەم لە مێردەکەم بیست.

ـ مێردەکەت ناوی چییە؟.

ـ خینارۆ ڕۆداس.

ـ ئەی ئەو ئەوەی لە کێوە بیستووە؟. چۆن زانیویەتی؟. کێ ئاگەداری کردۆتەوە؟.

ـ (گەورەم یەکێك لە دۆستەکانی، ناوی لۆسیۆ ڤاسکیزە، یەکێکە لە ئەندامانی پۆلیسی هەواڵگری. ئەو مێردەکەی ئاگەدارکردوومەتەوە، مێردەکەشم ...).

داواکاری گشتیی هاواری بەسەردا کردو قسەکەی پێ بڕی: تۆیش ژەنەراڵت ئاگەدار کردەوە؟.

(نینیا ڤیدینا) سەری لەقاندەوە بۆ ئەوەی بڵێت (ئەوە ڕاست نییە، نا).

ـ ئەی ژەنەراڵ بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟.

ـ بەڵام، تۆو خوا، چۆن بزانم کە من هەرگیز ژەنەراڵم نەبینیوە؟. تێناگەیت، من هەرگیز نەمبینیوە، هەرگیز نەمبینیوە! جا بۆچی درۆ بکەم؟. بە تایبەتی ئەم بەڕێزە هەموو وشەیەك دەنووسێت کە دەیڵێم).

پەنجەی بۆ نووسەرەکە ڕاکێشا، کە بە دەم و چاوی ئاوڵەیینەوە، کە لە کاغەزێکی تەنك دەچوو پەڵە مەرەکەبی زۆری پێوە بێت، لێی ڕوانی.

ـ هەقت بەسەرەوە نییە چی دەنووسێت. وەڵامی پرسیارەکەم بدەوە! ژەنەراڵ بۆ کوێ چوو؟.

بێ دەنگییەکی درێژ باڵی بەسەریاندا کێشا. پاشان دەنگی داواکاری گشتیی توندتر تەقییەوە: ژەنەراڵ بۆ کوێ چوو؟.

ـ نازانم. چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە؟. نازانم، هەرگیز نەمبینیوە ـ قسەم لەگەڵ نەکردووە).

ـ هەڵە دەکەیت ئەگەر نکۆڵی بکەیت، چونکە کاربەدەستان هەموو شتێك دەزانن، ئەوەیش کە تۆ لەگەڵ ژەنەراڵدا قسەت کردووە).

ـ تۆ وام لێ دەکەیت پێبکەنم!

ـ (گوێ بگرە، کارەکە هیچ پێکەنین هەڵناگرێت. کاربەدەستان هەموو شتێك دەزانن، هەموو شتێك، هەموو شتێك). لەگەڵ گۆکردنی وشەی (هەموو شتێك)دا

وای دەکرد مێزەکە بهەژێتەوە. (ئەگەر ژەنەراڵت نەبینیوە، ئەم نامەیەت لەکوێ هێنا؟. وابزانم بەخۆی فڕییە ناو کراسەکەتەوە؟.).

ـ (ئەمە ئەو نامەیە بوو لەناو ماڵەکەدا دۆزیمەوە. بەر لەوەی بێمە دەرەوە لە سەر عەرد هەڵمگرتەوە. بەڵام هەرچی بڵێم سوودی نییە مادامەکێ بڕوام پێ ناکەیت و بە درۆزنم دەزانیت).

نووسەرەکە لەبەر خۆیەوە ورتەیەکی کردو گوتی : (هەڵمگرتەوە)! تەنانەت نازانێت بە زمانێکی پاراویش قسە بکات. دەبێت بڵێیت (هەڵمگرتەوە) بە شێوەی نێر.

ـ (خاتوونەکەم، گوێ بگرە و، درۆ مەکە و دان بە ڕاستیدا بنێ، چونکە درۆ سزایەکت بەسەردا دەسەپێنێت تا ماویت باسی بکەیت).

ـ (بەڵام ڕاستیم گوت، ئەگەر بڕوایش ناکەیت، ئەوە من ناتوانم وەك منداڵان دارکاریت بکەم تا ناچارت بکەم لێم تێبگەیت!).

ـ ئەمەت زۆر لەسەر دەکەوێتەوە، دەیبینیت! شتێکی دیکە: هەرچۆنێك بووە تۆ هەقت بەسەر ژەنەراڵەوە چییە؟. چ پێوەندییەکت پێوەیە؟. ئایە تۆ خۆشکی ئەویت یان چی ئەویت؟. چیت لێ وەرگرتووە؟.

ـ من ... لە ژەنەراڵ ... هیچ . من بە درێژایی ژیانی خۆم تەنیا دوو جارم بینیوە. بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوەبوو کیژەکەی بەڵێنی پێ دام کاتێك کوڕەکەم پیرۆز بکەم ببێتە ئەشبینی کوڕەکەم.

ـ ئەمە هیچ هۆیەك نییە.

ـ گەورەم ئەشبینی کوڕەکەمە!

نووسەرەکە لە پشتەوە گوتی: هەمووی درۆیە!

ـ ئەگەر شڵەژابم و تووڕە بووبم و هەڵەداوان خۆم گەیاندبێتە ماڵی ژەنەراڵ ئەوە لەبەر ئەوەبوو کە لۆسیۆ بە مێردەکەی ڕاگەیاندبووم کە کابرایەك دەیەوێت کیژەکەی ژەنەراڵ بڕفێنێت.

ـ بەسە کەم درۆ بکە. باشتر وایە چیت لەدڵدایە هەمووی هەڵڕێژیت و پێم بڵێیت ژەنەراڵ لەکوێ خۆی شاردۆتەوە، چونکە من دەزانم کە تۆ دەزانیت، تۆیش تەنیا کەسێکیت کە دەزانیت و ئێستە لێرە پێمان دەڵێیت، پێمان دەڵێیت. بەس بگری و قسە بکە، من گوێت بۆ شل دەکەم.

بە ڕیتمێکی ئەسپاییش، وەك بڵێیت قەشەیەو گوێ لە دان پێدانانەکانی بگرێت، گوتی:

ـ (ئەگەر ئێستە پێم بڵێیت ژەنەراڵ لە کوێیە ـ بنوارە، گوێم لێ بگرە: من دەزانم کە تۆ دەزانیت و پێم دەڵێیت ـ ئەگەر پێم بڵێیت ژەنەراڵ لە کوێ خۆی شاردۆتەوە ئازادت دەکەم، ئازادت دەکەم یەکسەر دەتوانیت بە سەلامەتی بگەڕێیتەماڵەوە. بیر لەوە بکەوە. تەنیا بیر لەوە بکەوە!).

ـ گەورەی بەڕێزم، ئەگەر بمزانیبا پێم دەگوتیت. بەڵام نازانم، بۆ بەدبەختی نازانم. ئەی پاکیزەی پیرۆز، چی بکەم؟.

ـ بۆچی نکۆڵی لێ دەکەیت؟. ئەدی نابینیت بە خۆت زیان بە خۆت دەگەیەنیت؟.

لەو ماوانەی کە لە نێوان قسەکانی داواکاری گشتییدا دەبڕان، نووسەرەکە بە زمان ددانەکانی پاکژدەکردەوە.

ـ باشە، ئەگەرچی مامەڵەی باش لەگەڵ تۆ هیچ سوودێکی نەبێت، (ئەگەر تا ئەم ڕادەیە فێڵزان بیت) داواکاری گشتیی ئەم دەربڕینەی دوایی خێراو بە بێزارییەکی زۆرەوە گوت وەك ئەو گڕکانەی خەریکە بتەقێتەوە (ئەوە وات لێ دەکەین بە شێوازی دیکە ددانی پێدا بنێیت. تۆ دەزانیت کە تاوانێکی زۆر ترسناکت دژ بە ئاسایشی دەوڵەت کردووە، ئێستەیش بە دەستی دادوەرییەوەیت لەبەرئەوەی سەبارەت بە ڕاکردنی خیانەتکارێکی یاخیگەری شۆڕشگێڕی پیاوکوژو

نەیاری جەنابی سەرۆك بەرپرسیاریت ... ئەمەیش خۆی لە خۆیدا بەسە، تەواو بەسە، تەواو بەسە!).

خاتوو ڕۆداس نەیدەزانی چی بکات. وشەکانی ئەم پیاوە ئیبلیسانەیە هەڕەشەیەکی مکوڕو ترسناکی بە دواوەیە، ڕەنگە خودی مەرگ بێت. هەردوو قەپیلك و پەنجەکان و هەردوو لاقی هاتنە لەرزین .... کاتێك هەردوو دەستیش بێنە لەرزین بە چەشنێك دێنە بەر چاو وەك بڵێیت ئێسکیان تێدا نییە و چوون دەستکێشی بەتاڵ دەلەرزن. کاتێك هەردوو قەپیلك بلەرزن و مرۆڤ نەتوانێت قسان بکات، وا دێتە پێش چاو وەك بڵێیت ئازارو ژانەکانی بروسکە بدەن. کاتێکیش هەردوو لاق بلەرزن، مرۆڤ بەو شێوەیە دێتە پێش چاو لەناو گالیسکەیەکدا دانیشتبێت دوو ئەسپی سەرکەش ڕایبکێشن، وەك گیانێك بەرەو لای ئیبلیس بچێت.

پاڕایەوەو گوتی: گەورەم!

ـ من گاڵتە ناکەم! سا دەی، ئێستە خێراکە. ژەنەراڵ لە کوێیە؟.

لەو دوورابیە دەرگایەك کرایەوەو گریانی منداڵێکی لێوە بەر گوێکەوت. گریانێکی گەرم، نائومێدانە ...

تەنانەت بەر لەوەیش داواکاری گشتیی ئەوە بڵێت، (نینیا ڤیدینا) ملی درێژ کردبووەوە و بە هەموو لایەکدا دەگەڕا بزانێت ئەو گریانە لە کوێوە دێت.

ـ (ئەوە نێزیکەی دوو کاتژمێرە دەگری، بێ هوودە بە دوایدا دەگەڕێیت ... لە برساندا دەگری، لە برساندا دەمرێت ئەگەر نەڵێیت ژەنەراڵ لە کوێیە).

بەرەو لای دەرگاکە تاویدا، بەڵام سێ پیاو ڕایانگرت، سێ دڕندە پێدەچوو شەڕەنگێز بن، بە ئاسانی توانییان بەسەر پەلوپۆ وەشاندنە مێینەکەیدا زاڵ بن. لەکاتی ئەو کۆششەیدا، کە بێ هوودە بوو قژەکەی شۆڕبووەوە و بلووزەکەی لەژێر تەنوورەکەیەوە هاتەدەر و ژێرکراسەکەیشی داماڵرایە خوارەوە. بەڵام ئەگەر جلەکانیشی داماڵرێن چ

دەربەستە. نیوچە ڕووت لەسەر هەردوو ئەژنۆی کەوتە سکەخشکێ و لە داواکاری گشتیی دەپاڕایەوە وازی لێ بهێنێت ساواکەی تێر شیر بکات.

لە کاتێکدا پێڵاوی داواکاری گشتیی ماچ دەکرد پاڕایەوەو گوتی: (گەورەم تۆو پاکیزەی کەرملی، بەڵێ، پاکیزەی کەرملی، ڕێم بدە شیر بە ساوایەکەم بدەم، خۆ دەبینیت توانای گریانیشی نەماوە، خۆ دەبینیت خەریکە دەمرێت. ئەگەر بتەوێت پاش ئەوە دەتوانیت بمکوژێت).

ـ (لێرە هیچ پاکیزەی کەرملییەك دادت نادات! ئەگەر پێم نەڵێیت ژەنەراڵ لە کوێ خۆی شاردۆتەوە، بەم شێوەیە خۆت و کوڕەکەشت، دەمێننەوە، ئەوەند بگرییەت تا دەمرێت).

چوون شێت لەبەردەم ئەو پیاوانەدا کڕنووشی برد، کە پاسەوانی دەرگەکەیان دەکرد. پاشان لەگەڵیان تیکگیرا، پاشان گەڕایەوەو لەبەردەم داواکاری گشتییدا کڕنووشی بردو دەیویست پێڵاوەکەی ماچ بکات.

ـ گەورەم لەبەر کوڕەکەم!

ـ باشە لەبەر کوڕەکەت: ژەنەراڵ لە کوێیە؟. سوودی نییە بەم شێوەیە کڕنووش ببەیت و بتەوێت فریوم بدەیت، لەبەرئەوەی ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەم نەدەیتەوە ئەوە هەرگیز هیچ ئومێدێکت نابێت شیر بە منداڵەکەت بدەیت.

پاش ئەوەی داواکاری گشتیی ئەوەی گوت، لەسەر هەردوو پێی ڕاوەستا دوای ئەوەی لە دانیشتن بێزارو شەکەت بوو. نووسەرەکەیش هێشتە هەر ددانی پاکژ دەکردەوەو پێنووسەکەی ئامادەباش بە دەستەوە بوو بۆ ئەوەی ئەو ددان پێدانانەی پێ بنووسێت کە هەرگیز لەژێر هەردوو لێوی دایکە بەدبەختەکەوە نەدەهاتە دەرەوە.

ـ ژەنەراڵ لە کوێیە؟.

منداڵەکە هەر دەگریا، سکاڵای بوو، دەگریا، وەك چۆن شەوانی زستانان ئاو لەناو سوولاوکەکاندا دەگری.

ـ ژەنەراڵ لە کوێیە؟.

(نینیا ڤیدینا) وەك گیانلەبەرێکی بریندار کڕ و مات بوو، لێوەکانی خۆی دەکروشت و نەیدەزانی چی بکات.

ـ ژەنەراڵ لە کوێیسە؟.

پێنج، دە، پازدە خولەك بەم شێوەیە تێپەڕی.

ئاکام داواکاری گشتیی دەمی بە دەستەسڕێکی لێوار ڕەش سڕی و هەڕەشەیەکی تازەی خستە سەر لیستی پرسیارەکانی:

ـ باشە، ئەگەر وەڵام نەدەیتەوە ناچارت دەکەین هەندێك گەچی خۆشەنەکراو بخۆیت تا بزانین ئەوەت بیر دەخاتەوە ژەنەراڵ بۆ کوێ چووە.

ـ چیت بوێت دەیکەم، بەڵام سەرەتا ڕێم بدە شیر بە منداڵە ساواکە بدەم. گەورەم ئەوەندە ستەمگەر مەبە، ئەو منداڵە ساوایە هیچ تاوانێکی نەکردووە. چیت بوێت دەتوانیت سزای من بدەیت.

یەکێك لە پیاوەکان کە پاسەوانی دەرگەکەی دەکرد توند ڕایکێشاو کەوتە سەر عەردەکەو ئەوەکەی دیکە شەقێکی تێ هەڵداو لەسەر عەردەکە درێژی کردەوە. فرمێسك و تووڕەیی کە هەستی پێ کرد دیمەنی دیوارو شتەکانی لەبەر چاوی سڕییەوە. هەستی بە هیچ نەدەکرد تەنیا گریانی منداڵەکەی نەبێت.

کاتژمێر یەکی پاش نیوەشەو بوو کاتێك دەستی بە خواردنی گەچەکە کرد بۆ ئەوەی بەردەوام لێی نەدەن. منداڵەکەیشی دەگریا...

داواکاری گشتیی جار نا جار هەڵی دەکێشاو دەیگوت:

ـ ژەنەراڵ لە کوێیە؟. ژەنەراڵ لە کوێیە؟..

کاتژمێر یەکی بەرەبەیان...

دوو...

ئاکام، سی! ... هێشتە ساواکەی هەر دەگریا ...

سێ، کاتێك دەبوو بە لایەنی کەمەوە پێنج بێت ... ئەی چوار کەی دێت؟..
ساواکەیشی هەر دەگریا ...
ـ ژەنەراڵ لە کوێیە؟. ژەنەراڵ لە کوێیە؟.

(نینیا ڤیدینا) لە ئەژمەتی ئازاردا هەناسەیەکی هەڵکێشا کاتێك بەردەکەی بەرزکردەوەو بەسەر گەچە خۆشەنکراوەکەیدا دەهێنا بۆئەوەی وردی بکات، هەردوو دەستیشی درزی قووڵیان تێکەوتبوو، لەگەڵ هەر جووڵانەوەیەکدا دەکرانەوەو، نووکی پەنجەکانیشی تلۆقەیان کردبوو، هەر هەموویان پڕ لە کێم بوون، نینۆکەکانی خوێناوی بوون. کاتێك ڕادەوەستاو داوای دەکرد بەزەییان بە منداڵەکەیدا بێتەوە نەك بۆ ئازارەکانی خۆی، لێیان دەدا.

ـ ژەنەراڵ لە کوێیە، ژەنەراڵ لە کوێیە؟.

گوێی بۆ دەنگی داواکاری گشتیی شل نەدەکرد، گریانی منداڵەکەی، کە تا دەهات کزتر دەبوو، لە گوێیدا دەزرنگایەوە.

کاتژمێر پێنج، بیست خولەکی بوێت، بە ڕاکشاوی لەسەر عەرد بەجێیان هێشت، بوورابووەوە، جۆرە لینجاوێك لە زارییەوە دەڕژا، لە کاتێکدا شیرێکی لە خودی گەچ سپی تر لە هەردوو مەمکییەوە دەڕژا، کە بە قامچییەکی نیوە نهێنی قامچی ئاژن دەکران. جار ناجاریش چەند فرمێسکێکی دزراو لە هەردوو چاوە ئاوساوەکانییەوە بارزەقەیان دەبەست.

پاش ئەوە، کاتێك یەکەمین دەزووی بەرەبەیان سەری دەرهێنا، لە کونە گورگەکەیان ئاخنییەوە، لەوێ بە ئاگەهاتەوەو بینی منداڵەکەی لە گیانەلادایە، ساردو سڕو بێ گیان و چوون بووکە شووشەیەکی لە پووش دروست کراو لە باوەشیدایە. ساواکە تۆزێك بووژایەوە کاتێك هەستی کرد لە ئامێزی دایکی دایە. کاتی خۆی بە فیڕۆ نەداو خێرا بە تامەزرۆییەوە پڕیدایە مەمکی دایکی، بەڵام کاتێك بە زاری گرتی و هەستی بە چێژی تاڵی گەچەکە کرد، مەمکی دایکی

بەردا و دەستی بە گریان کرد، پاش ئەوە چەندی کرد و کۆشا ئێستە و ئەوسا نەیتوانی کارێکی وا بکات منداڵەکە زار بۆ مەمکی ببات.

هاواری کرد و لە دەرگەکەی دەدا و منداڵەکەی بە باوەشەوە بوو، جەستەی منداڵەکە تا دەهات سارد و سڕتر دەبوو، نابێت ڕێ بدەن منداڵێکی بەستەزمان بەم شێوەیە بمرێت. جارێکی دیکە لە دەرگەکەی دەدا و هاواری دەکرد.

ـ (ئای، کوڕەکەم دەمرێت! ئای! کوڕەکەم دەمرێت! ئای! ژیانم، ساوایەکەم، ژیانم! تۆو خوا وەرن! تۆو خوا دەرگەکە بکەنەوە! کوڕەکەم دەمرێت! ئەی پاکیزەی پیرۆز، ئەی ئەنتۆنیۆی پیرۆز، ئەی یەسووعی کاترینی پیرۆز!).

لە دەرەوە ئاهەنگەکان بەردەوام بوون. دووەمین ڕۆژیش، چوون یەکەمین ڕۆژ بوو، بە پەردە سینەماییەکەی وەك لەسێدارە وایە، خەڵك بە چوار دەوری باخچەکەدا، وەك کۆیلە بە دەوری ڕەوڕەوەی ئاو هەڵکێشاندا، دەسووڕانەوە.

(١٧)

## فرتوفيڵی ئەويندارى

ـ ئايە دێت؟. نانەيت؟..

ـ هەر ساتێك بێت دەردەكەوێت، دەيبينيت.

ـ دواكەوت، بەڵام ئەگەر ئاكام بێت، گرينگ نييە دواش بكەوێت، ئەدی وا نييە؟..

ـ هەر دەبێت بێت، وەك چۆن لەوە دڵنيام كە ئێستە شەوە. گوێی خۆم دەبڕم ئەگەر نەيەت. بەم شێوەيە خۆت دڵخۆرد مەكە...

ـ لەو بڕوادايت هەواڵم لە بارەی باوكمەوە بۆ بهێنێت؟. ئەگەر ئەو بەڵێنەی پێ دابام...

ـ شتێكی ئاساييە، ئەمەيش پتر دڵنيات دەكات...

ـ ئۆی، من لە خواوەند دەپاڕێمەوە ئەو هەواڵانە هەواڵی خراپ نەبن! من نازانم بە خۆم چی دەكەم، وا هەست دەكەم كە خەريكە شێت دەبم ... دەمەوێت زووتر بێت تا ئەم گومانانەم بڕەوێنەوە، هاوكات تكام وايە نەيەت ئەگەر هەواڵی خراپم بۆ دەهێنێت.

(لامسكواتا) ئافرەتە مەيخانەچييەكە، لەو مووبەقە بچووكەی لە گۆشەيەكی ژوورەكەوە دروستی كردبوو، گوێی لە ڕستەكانی كاميلا دەگرت كە لەسەر نوێنەكە ڕاكشاوەو بە دەنگێكی لەرزۆك دەپەيڤێت. لەوێ مۆمێكی داگيرساو هەبوو بەرانبەر بە وێنەكەی مريەم لەسەر عەردەكە چەسپێنرابوو.

ـ لەبەرئەوەی تۆ بەم قۆناغە ناسکەدا تێدەپەڕیت ئەوە هەر دەبێت بێت، ئەو هەواڵانەیشی پێ دەبێت کە دەبێت شادیت پێ ببەخشن، دەشبینیت. دەڵێیت لە کوێوە ئەوە بزانم؟. چونکە من شارەزاییم لەوە هەیە، هیچ شتێك نییە پێوەندی بە دڵ و ئەویندارییەوە بێت و نەیزانم. ڕاستە دەبێت مرۆڤ خەڵکی بە ڕواڵەت هەڵنەسەنگێنێت، بەڵام پیاوان هەر هەموویان وەك یەکن ... وەك هەنگی دەوری شیلە ...

دەنگی فووتێکەرەکە وشەکانی مەیخانەچییەکەی پچڕاند. کامیلا بە بیری پەرت و بڵاوەوە تێی دەڕوانی و ئەویش بە فووتێکەرەکە فووی لە ئاگرەکە دەکرد.

ـ خۆشەویستم ئەویندارى چوون شەرابی پڕ سەهۆڵ وایە، ئەگەر لە کاتی ئامادەکردنیدا بیخۆیتەوە هەست دەکەیت شیرینەو باشترین شەراب، لە هەموو لایەکەوە دێت و، دەبێت زوو بخورێتەوە ئەگینا دڵۆپ دڵۆپ لە هەموو لایەکەوە دەڕژێت. بەڵام، پاش ئەوە، هیچی نامێنێتەوە تەنیا پارچە بەفرێك نەبێت کە نە ڕەنگ و نە تامی هەیە.

دەنگی ترپەی پێ لە ڕێگەکەوە بەرگوێکەوت. دڵی کامیلا توند لێی دەدا تا ڕادەیەك ناچار بوو بە هەردوو دەستی فشار بخاتە سەر سینگی. دەنگی ترپەی پێیەکە لە دەرگاکە تێپەڕی و خێرا دوورکەوتەوە.

ـ وام زانی ئەوە ...

ـ لەوە پتر دوا ناکەوێت ...

ـ دەبێت لەبەر ئەوە دواکەوتبێت بەر لەوەی بێتە ئێرە سەری لە ماڵی مامم دابێت. ڕەنگە (خوان)ی مامیشم لەگەڵی بێت بۆ ئێرە.

ـ (پش! پشیلەکە! پشیلەکە کووپە شیرەکەت دەخوات، قاوی دە!).

کامیلا ئاوڕی بە لای پشیلەکەدا دایەوە، کە لە هاواری مەیخانەچییەکە تۆقابوو، لە تەنیشت کووپەکەوە ڕاوەستابوو، کە کامیلا لەسەر کورسییەکە لەبیری چووبوو، سمێڵەکانی بە شیرەوە بوون و دەلیستنەوە.

ـ پشیلەکە ناوی چییە؟.

ـ بنجی.

ـ پشیلەیەکی مێیینەم هەبوو ناوی (ئاورینگ) بوو.

جارێکی دیکە گوێی لە ترپەی پێ بوو ... ڕەنگە ...

بەڵێ، فریشتە ڕوو بوو.

کاتێك (لامسکواتا) کیلۆنی دەرگاکەی ڕادەکێشا کە دەرگاکەی پێ داخرابوو، کامیلا کۆشا بە هەردوو دەستی کەمێك قژەکەی بەرەو پشتەوە ڕێك بخات. دڵی لە سینگیدا توند لێی دەدا، چونکە لە کۆتایی ئەم ڕۆژە هەتا هەتاییەدا، کە هەندێك جار وای هەست دەکرد هەرگیز کۆتایی نایە، هەستی بە سڕبوون و، لاوازی و، پڕووکاوی دەکرد، وەك ئەو نەخۆشەی کە گوێی لە ورتە ورتی چواردەوریەتی لەو کاتەی خۆیان ئامادە دەکەن نەشتەرگەری بۆ بکرێت.

فریشتە ڕوو، لە کاتێکدا ئەو سیمای ماندوویەتیەی لە ڕوخساری خۆی دوورخستەوە، کە بە ڕوخسارییەوە دیاربوو، هەر لە دەرگەوە گوتی: کیژێ هەواڵی باشم پێیە، هەموو شتێك باشە!.

لە تەنیشت نوێنەکەوە چاوەڕێی دەکرد، ڕاوەستابوو و دەستێکی لەسەر سەرووی قەرەوێڵەکە بوو، هەردوو چاوی پڕ لە ئەشك و ساردوسڕی پێوە دیاربوو. خۆشەویست دەستی گرت.

ـ یەکەم، هەواڵەکانی باوکت، ئەمە بەلای تۆوە زۆر گرینگە.

پاش ئەوەی لەو قسانە بووەوە، سەیری (لامسکواتا)ی کرد، پاشان ڕای خۆی گۆڕی بێ ئەوە ڕیتمی دەنگی بگۆڕێت: (بەڵام باوکت نازانێت تۆ لێرە خۆت شاردۆتەوە ...).

ـ ئەی ئەو لە کوێیە؟..

ـ دەبێت هێووری بنوێنیت!.

ـ دەمەوێت لەوە دڵنیا بم کە هیچ ڕووداوێکی بەسەر نەهاتووە تا گریانەی هەر شتێك بکەم).

ئافرەتە مەیخانەچییەکە قسەی هەردووکی بڕین و ڕووی قسەی ئاراستەی فریشتە ڕوو کردو ئاماژەی بە کورسییەکە کرد: دانیشە.

ـ سوپاس.

ـ (جا لەبەرئەوەی زۆر شتت هەیە بە خاتوونی بڵێیت، ئەگەر بکرێت ڕێم بدەیت بۆ ماوەیەکی کورت بچمە دەرەوە ئەگەر هیچ شتێکت نەوێت. دەمەوێت بچم و بزانم لویسۆ چی بەسەر هاتووە. لەبەیانییەوە دەرچووەو تا ئێستە نەگەڕاوەتەوە).

خۆشەویست وەنەبوو داوا لە ئافرەتەکە بکات بە تەنیا لەگەڵ کامیلادا بەجێی نەهێڵێت، بەڵام ئەو چووبووە حەوشە بچووکە تاریکەکەوە بۆ ئەوەی سیپاڵەکەی بگۆڕێت، کامیلایش دەیگوت:

ـ (خاتوونەکەم خواوەند پاداشتت دەداتەوە بۆ ئەوەی لە پێناوی مندا کردت. ئەی بەستەزمان، زۆر باشە. چی بڵێت دڵت خۆش دەکات. دەڵێت تۆ زۆر باشیت و، زۆر دەوڵەمەندیت و دڵڕفێنیت و لەمێژە دەتناسێت).

ـ بەڵێ زۆر باشە. لەگەڵ ئەوەیشدا نەمانتوانی بە ڕاشکاوی بە بەرچاویەوە قسە بکەین .. باشتربوو کە چووە دەرەوە. تەنیا شتێك لەبارەی باوکتەوە بزانرێت ئەوەیە کە خەریکە هەڵدێت، تا ئەو کاتەی لە سنوور دەپەڕێتەوە، ناتوانین هەواڵی دروستی لەبارەوە بزانین. بەڵام پێم بڵێ، هیچ شتێکت لەبارەی باوکتەوە بەم ئافرەتە گوتووە؟.

ـ نا، لەبەر ئەوە لەو بڕوایەدابووم کە هەموو شتێك دەزانێت.

ـ باشە، باشتر وایە هیچ وشەیەکی لەو بارەوە پێ نەڵێیت.

ـ ئەی مامم و مامۆژنم چییان گوت؟.

ـ هێشتە نەمتوانیوە بچم و بە دیداریان بگەم لەبەرئەوەی سەرقاڵی ئەوەبووم هەواڵی باوکت بزانم، بەڵام هەواڵم بۆناردن کە سبەینێ سەریان لێ دەدەم.

ـ داوای لێ بوردن دەکەم کە ئەزیەتت دەدەین، بەڵام لەوە دڵنیام کە تۆ لەوە دەگەیت کە ئەگەر لەگەڵ ئەوان بم شادتر دەبم، بە تایبەتی لەگەڵ (خوان)ی مامم، کە لە پیرۆز کردنمدا ئەشبینم بوو، بەردەوامیش بۆ من وەك باوکی دووەم وابوو.

ـ زۆر سەردانی یەکدیتان دەکرد؟.

ـ نێزیکەی هەموو ڕۆژێك. نێزیکەی هەموو ڕۆژێك ـ بەڵێ، بەڵێ. لەبەرئەوەی ئەگەر ئێمە نەچووباینە ماڵی ئەوان، ئەو بە خۆی دەهات بۆ ماڵی ئێمە. یان لەگەڵ ژنەکەیدا، یان بە تاك و تەنیا. ئەو برایە بوو کە باوکم لە هەموو براکانی دیکە زۆرتری خۆش دەویست. بەردەوام پێی دەگوتم: (ئەگەر بڕۆم لەگەڵ (خوان)ت بەجی دەهێڵم، دەبێت بچیتە ماڵیان و بە گوێی بکەیت وەك چۆن بە گوێی باوکت دەکەیت) ڕۆژی یەك شەممەی ڕابوردوو پێکەوە شیوی ئێوارەمان خوارد.

ـ هەرچۆنێك بێت، دەبێت لەوە بگەیت کە من لێرەم شاردیتەوە نەوەك پۆلیسەکان تەنگت پێ هەڵبچنن. لەبەر ئەوەیش ئێرە لە ماڵتانەوە نێزیك بوو.

مەشخەڵە ماندووەکەی مۆمەکە کە کەس خاوێنی نەکردۆتەوە نێڵە نێڵی کرد، وەك تێڕوانینی کەسێك تووشی کورت بینی بووبێت. دەم و چاو فریشتەیی هەستی کرد کە خۆی لەبەر ڕووناکیی مۆمەکەدا بە بچووك و لاواز هاتە بەرچاو. کامیلایش لەناو پاڵتۆ بچووکە زەردە لێمۆییەکەیدا ڕەنگ زەردتر، تەنیاتر، سەرنج ڕاکێشەرتر لە هەموو کاتێکی دیکە دەهاتە پێش چاو..

ـ بیر لە چی دەکەیتەوە.

دەنگی نەرم و نیان بەرگوی کەوت.

ـ لەو ژان و ئازارانەی کە ئێستە باوکم بە دەستیانەوە دەناڵێنێت، بەناو شوێنی تاریك و نەناسراودا ـ من باش بیرۆکەکانم دەرنابڕم ـ برسی و تینوو و ماندوو و تاك و تەنیا هەڵدێت و کەس نییە یارمەتی بدات. با پاکیزەی پیرۆز لەگەڵ هەنگاوەکانیدا بێت! بەدرێژایی ئەمڕۆ مۆمەکەیم نەکوژاندۆتەوە.

ـ بیر لەم شتانە مەکەوە، پێشبینی شتی خراپ مەکە پێش ئەوەی ڕووبدات. ئەوەی لە چارە نووسرابێت دێتە دی. تۆ پێشبینی ئەوەت نەکرد من بناسیت، منیش پێشبینی ئەوە ناکەم هیچ سوودێکم بۆ باوکت هەبێت.

دەستی بردو دەستێکی وێی گرت و ئەویش ڕێگەیدا دەست بەسەر دەستیدا بهێنێت لەکاتێکدا هەردووکیان ڕاوەستابوون و لە وێنەکەی مریەمیان دەڕوانی.

خۆشەویست ئەم دێڕە شیعرانەی بە ئەندێشەدا دەگوزەرین:

دەتوانیت خێرا تێپەڕیت
لە کونی کلیلی دەرگای ئاسمانەکانەوە
لەبەرئەوەی ئەو کەسەی کلیلی دروست کردووە
کاتێك هاتیتە دنیاوە،
وێنەکەی لە بەفر دروست کردیت و
لەسەر تیشکی بروسکەدار چاپی کرد

ئەو بڕگە گۆرانییەی لەو ساتەدا بە مێشکیدا تێدەپەڕی، وەك بڵێیت ئەو ڕیتمە بەرجەستە بکات کە ئێستە دڵی هەردووکیان پێکەوە دەبەستێتەوە.

ـ تۆ پێت گوتم کە باوکم بۆ شوێنێکی دەر دەڕوات، کەی هەواڵی زۆرتری لەبارەوە دەزانین؟..

ـ لە ڕاستیدا هیچ شتێکت لەو بارەوە نازانم، بەڵام پاش چەند ڕۆژێك دەبێت هەر شتێك بزانین.

ـ پاش چەند ڕۆژێکی زۆر؟.

ـ نا.

ـ ڕەنگە (خوان)ی مامم هەندێك هەواڵی لەبارەوە بزانێت؟.

ـ ئەگەری زۆری هەیە.

ـ وەك بڵێیت پێت ناخۆشە کاتێك باسی مامم و ئامۆژنم دەکەم.

ـ (تۆو خوا مەبەستت چییە؟. نا، هەرگیز. تەواو بە پێچەوانەوە. من دەزانم ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئەوە بەرپرسیاریەتیی من زۆر گەورەتر دەبوو. بۆ کوێت دەبەم ئەگەر بۆ لای ئەوان نەبێت؟.).

ڕیتمی دەنگی فریشتە ڕوو دەگۆڕا کاتێك جلەوی بۆ خەیاڵی شل دەکردو قسە لەبارەی هەڵاتنی ژەنەراڵ و لەبارەی مام و مامۆژنییەوە دەپەیڤی، ئەو ژەنەراڵەی ترسی ئەوە هەیە دەست بەسەرو بە کەلەپچەکراوی بگەڕێتەوە، یان چۆن مەڕمەڕ ساردو سڕ بەسەر دارەتەرمێکی خەڵتانی خوێنەوە.

لەناکاو دەرگا کرایەوە. (لامسکواتا) بوو زۆر پەشۆکاو پەرۆش بوو. ئاسنەکانی دەرگاکە کەوتنە سەر عەرد و دەنگیان دایەوە. تەوژمێکی با هروژمی هێناو خەریکبوو مۆمەکە بکوژێنێتەوە.

ـ ببوورن، کە قسەکانم پێ بڕین و لە ناکاو هاتمە ژوورەوە. (لۆسیۆ)یان دەستگیر کرد. هەر ئێستە ئەو هەواڵانەم لە دەستەخۆشکێکەوە پێگەیشت کاتێك ئەم پارچە کاغەزە بچووکەم بە دەست گەیشت. ئێستە لە بەندیخانەیە. ئەوە (خینارۆ ڕۆداس) ئەوەی کردووە. ئای چ ناپیاوە! ئەو ئێوارە چەندە نیگەران بووم. هەموو خولەکێك دڵم لێی دەدا: بوم بوم بوم بوم بوم بوم. ئەو کابرایە ڕۆیشتووەو پێی گوتوون کە تۆو لۆسیۆ خاتوونی بچکۆلەتان لە ماڵەکەیان ڕفاندووە).

خۆشەویست نەیتوانی هیچ شتێك بکات بۆ ئەوەی خۆی لەو کارەساتە قوتاربکات. کارەکە پێویستی بە چەند وشەیەکی کەم بوو تا تەقینەوەکە ڕووبدات. لە یەك چرکەدا بە خۆی و کامیلاو بەسەرهاتی ئەویندارییی بێ بەختیان لەناو بران، بەڵکو لە کەمترین لە یەك چرکەدا بە هۆی باس کردنی ڕاشکاوانەی ئافرەتە مەیخانەچییەکە کە کامیلایان ڕفاندووە. کاتێك فریشتە ڕوو دەرکی بە هەڵویستەکە کرد، دەمەو ڕوو لەسەر نوێنەکە راکشابوو، دەم و چاوی لەناو نوێنەکەدا نوقم کردبوو هەر دەگریا، هێشتە ئافرەتە مەیخانەچییەکە کردەی

ڕفاندنەکەی بە دوورو درێژی دەگێڕایەوە، بێ ئەوەی بزانێت کە جیهانێکی بچووکی تەواو لە هەڵدێرێکی قووڵ غلۆر دەکاتەوە، هەرچی ئەو بوو، وای هەست دەکرد کە بە زیندوویی و بە چاوی زەقەوە دەینێژن.

پاش ئەوەی کامیلا بۆ ماوەیەك گریا، هەستایەوە وەك ئەو کەسەی بە نوستوویی و چاو بەخەوەوە ڕێ بکات و داوای لە ئافرەتە مەیخانەچییەکە کرد سەرپۆشێکی پێ بدات پێی بچێتە دەرەوە.

لە کاتێکدا ئاوڕی لە فریشتە ڕوو دایەوەو پاش ئەوەی ئافرەتەکە شاڵێکی دایە، گوتی: (ئەگەر ڕاست دەکەیت و بە ڕاستی پیاویت، بە یارمەتیت ببە بۆ ماڵی (خوان)ی مامم).

خۆشەویست ئارەزووی کرد شتێك بڵێت کە ناشێت بگوترێت، چەند وشەگەلێك ناشێت لێو دەریانبڕێت، بەڵام لە چاوی ئەو کەسانەدا سەما دەکەن کە چارەنووس خۆشەویستترین هیوای لەناوبردوون.

لە ئاکامی قووت دانی تفی نیگەرانی بە دەنگێکی گڕ گوتی:

ـ کوا شەپقەکەم؟..

گەڕایەوە ناو ژوورەکە و شەپقەکەی بە دەستەوە بوو تا جارێکی دیکە بەر لە ڕۆیشتن ئەو شوێنە ببینێت کە ئێستە ئاواتەکانی تێدا نغرۆ بوون.

کاتێك خەریکبوو دەچووە دەرەوە نارەزایی دەربڕی و گوتی: (بەڵام دەترسم کە کات بەسەر چووبێت ...).

ـ دەشێت ئەوە ڕاست بێت ئەگەر ئێمە بۆ ماڵی نەناسراوێك چووباین، بەڵام بۆ ماڵی خۆم دەچین، چونکە ماڵی هەر مامێکم ماڵی خۆمە.

فریشتە ڕوو بە ئەسپایی مەچەکی گرت و ڕایگرت و ئەو ڕاستییە تاڵەی پێ گوت وەك بڵێیت گیانی لە لووتیەوە دەربچێت:

ـ پێویستە لە ئێستە بە دواوە بیر لە ماڵی (خوان)ی مامت نەکەیتەوە، ئەو نایەوێت هیچ شتێك لە بارەی تۆ، یان ژەنەراڵەوە ببیسێت. ئەو وەك برا حاشای لێ کردووە. بە خۆی ئەمڕۆ ئەوەی پێ گوتم.

ـ بەڵام ئێستە گوتت نەمدیون و تەنیا کاتێکت دیاری کردووە بچیت سەریان لێ بدەیت! بڕوا بە چی بکەم؟. ئەوەت لە بیر چووەوە پێش کەمێك پێت گوتم. کەچی ئەوەتە شتی ترسێنەر لە بارەی مامەوە دەڵێیت، ئەویش بۆ ئەوەی لێرە بە دەست بەسەری لەم خانەدا بمهێڵێتەوەو ڕێ نەدەیت هەڵێم! ئایە دەڵێیت مامم و ئامۆژنم نایانەوێت گوێیان لە هیچ شتێك لەبارەی ئێمەوە بێت و، نایانەوێت لە ماڵی خۆیاندا پێشوازیم لێ بکەن؟. باشە، دەبێت شێت بووبیت. وەرە لەگەڵم بۆ ئەوێ و پێچەوانەت بۆ دەسەلمێنم!

ـ من شێت نەبوومە. دەبێت بڕوام پێ بکەیت. من گیانی خۆم دەکەمە قوربانی بۆ ئەوەی نەهێڵم تووشی سەرشۆڕی ببیت، ئەگەرچی یەکەمین جار درۆم لەگەڵ کردیت ئەوە لەبەر ئەوە بوو ـ نازانم، لەو بڕوایەدام بۆ ئەوە درۆم لەگەڵ کردیت بەزەییم پێتدا هاتەوە، تا بۆ ماوەیەکی دوورو درێژتر ڕێ نەدەم هەست بەو ئازارو ژانە بکەیت ئێستە هەستیان پێ دەکەیت. دەمویست سبەینێ جارێکی دیکە بڕۆیشتبام تا جارێکی دیکە هەوڵ بدەمەوە، هۆکاری دیکە بخەمە ڕوو، لێیان بپاڕێمەوە وێڵی ئەو دەشت و دەرەت نەکەن، بەڵام ئەوە نەکەردەنییە لە کاتێکدا کە تۆ دەتەوێت ئێستە بچیتە دەرەوە. ئەوە ئێستە نەکەردەنییە.

ڕێگەکان کە بە ڕووناکایی پرشنگدار ڕووناك بووبوونەوە، لە هەر کاتێکی دیکە چۆڵ و گۆشەگیرتریان دەنواند. ئافرەتە مەیخانەچییەکە بە دوایاندا چووە دەرەوەو ئەو مۆمەی بە دەستەوە بوو کە بەردەم وێنەکەی مریەمی ڕووناك کردبووەوە، بۆ ئەوەی ڕێگەکەیان بۆ ڕووناك بکاتەوە. لەو لاوە با هەڵیکردو کوژاندییەوە، مەشخەڵە بچووکەکە وای دەنواند وەك بڵێیت نیشانەی خاچ دەکێشێت پێش ئەوەی بمرێت.

(١٨)

## دەرگا لێدان

تام ـ ترام ـ رام! تم ـ ترام ـ رام!

دەنگی دەرگە لێدانەکە چوون تەقینەوەی تەقەمەنی گەیشتە ناو ماڵەکە، سەگەکەی هەڵستاند، کە یەکسەر دەستی بە حەپین بە ئاراستەی ڕێگەکە کرد. هەراو هوریا خەوەکەیان لیٚ زڕاندبوو. کامیلا سووڕایەوە بۆ ئەوەی سەیری فریشتە ڕوو بکات ـ لەبەردەم دەرگای ماڵی (خوان)ی مامیدا هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد ـ بە فیزێکەوە هەڵیدایە:

ـ (ئەوەتە دەحەپێت لەبەرئەوەی نەیناسیومەتەوە!) بەڵام هەر دەحەپی (ڕوبی، ڕوبی! منم من، ڕوبی نامناسیت؟. بڕو بانگیان بکە تا دەرگەم لیٚ بکەنەوە). پاشان ئاوڕی لە فریشتە ڕوو دایەوەو گوتی:

ـ (دەبێت تەنیا تۆزێك چاوەڕوان بین).

ـ (بەڵیٚ، بەڵیٚ. نیگەران مەبە، چاوەڕیٚ دەکەین).

بە وشەی پچڕ پچڕ دەپەیڤی، وەك کابرایەك هەموو شتێکی بزرکردبێت و وای لیٚ هاتبێت گویٚ بە هیچ نەدات.

ـ ڕەنگە گوێیان لیٚ نەبووبێت، دەبێت توندتر لە دەرگا بدەین.

چەقچەقەی دەرگاکەی زۆر بەرزتر کردەوەو پاشان بەریدایەوە دوو سیٚ جار بەر دەرگاکە کەوت. چەقچەقەیەك بوو لە مس و لەسەر شێوەی ناولەپ دروست کرابوو.

ـ ڕەنگە خزمەتکارەکان نووستبن، لەگەڵ ئەوەیشدا ئەو کاتەیان هەبوو دەرگاکە بکەنەوە! باوکم بە دەردەسەری دەنووست، ڕاستی دەکرد کە دەیگوت، پاش شەوێکی خراپ، ئای، بمتوانیبایە تەنیا بنووستبایەم وەك چۆن خزمەتکارەکان دەنوون!

حەپەی سەگەکە تەنیا نیشانەی زیندوویی بوو لە ماڵەکەدا. هەندێك جار لە هۆڵەکەوە حەپەکەی بەر گوێ دەکەوت، هەندێك جاریش لە حەوشەوە. بێ ئەوەی شەکەت بێت لێرەوە بۆ ئەوێ ڕایدەکرد لە کاتێکدا لێدانی چەقچەقەکە چوون تاوێر بەر ئەو هێوورییە دەکەوت، کە خەریکبوو کامیلای دەتاساند.

بێ ئەوەی دەرگاکە بەجێ بهێڵێت، گوتی: شتێکی سەیرە! دەبێت نووستبن، توندتر پێیدا دەکێشم تا بزانم بەوە بە ئاگەیان دەهێنمەوە

تام ـ ترام ـ رام! تم ـ ترام ـ رام!

ـ ئێستە ئامادە دەبن. دڵنیا بە پێشتر گوێیان لێ نەبووە.

فریشتە ڕوو گوتی: پێدەچێت پێشتر دراوسێکان ئامادە بن!

ئەوان ئەگەرچی لە تاریکاییدا نەیاندەتوانی هیچ شێك ببینن، گوێیان لە چەند دەرگایەك بوو دەکرانەوە.

ـ هیوادارم هیچ شتێك ڕووی نەدابێت.

ـ ئۆی، نا، لە دەرگا دە، لە درگە دە، نیگەران مەبە.

ـ با تۆزێکی دیکە چاوەڕوان بین، تا بزانین ئێستە دێن.

کامیلا لە بیرو ئەندیشەی خۆیدا دەستی بە ژماردن کرد بۆ ئەوەی کات بکوژێت: یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ، دە، یازدە، دوازدە، سێزدە، چواردە، پازدە، شازدە، حەڤدە، هەژدە، نۆزدە، بیست، بیست و یەك، بیست و دوو، بیست و سێ، بیست و چوار، بیست و پێنج ...

ـ نایەن!.

ـ (... بیست و شەش، بیست و حەوت، بیست و هەشت، بیست و نۆ، سی، سی و یەك، سی و دوو، سی و چوار، سی و پێنج، ...) هەستی بە تۆقین دەکرد بگاتە پەنجاو کەس نەیەت (... سی و شەش، سی و حەوت، ...سی و حەوت ... سی و هەشت).

لەناکاو، بێ ئەوەی هەست بە هۆیەکەی بکات، دەرکی بەوە کرد کە ئەوەی فریشتە ڕوو سەبارەت بە (خوان)ی مامی گوتی دروستە، خەمباری و تۆقین باڵیان بەسەردا کێشا، بۆیە سەرلەنوێ دەستی بە لێدانەوەی دەرگاکە کرد: تام ـ ترام ـ رام! ئەمە شتێکی نەکەردەنییە. تام ـ ترام ـ رام! تامترامرا متامترامرام ـ تامترامرام.

وەڵامدانەوەی چوون پێشوو بوو. حەپەی بەردەوامی سەگەکە. چی گوناهێکی کردووە تا ئەم دەرگایەی بۆ نەکەنەوە؟. جارێکی دیکە لە دەرگاکەی دایەوە. لەگەڵ هەر لێدانێکی چەقچەقەکەدا هیوایەکی نوێی دەردەبڕی. ئەگەر لەناو شەقامدا بەجێی بهێڵن چارەنووسی چی دەبێت؟. تەنیا بیر کردنەوە لەم بیرۆکەیە هێز و وزەی لە ئەژنۆ دەبڕی. دیسانەوە لە دەرگای دا و لە دەرگای دا. توند لە دەرگەی دا، وەك چۆن لە تەوقی سەری کەللەڕەقترین دوژمنی خۆی بدات. هەستی دەکرد هەردوو لاقی قورسترن، هەستی بە تاڵی زارو، وشکی زمانی دەکرد، لەکاتێکدا لە ترساندا ددانە چۆقەی پێ کەوتبوو.

جیڕەی پەنجەرەیەك بەر گوێ کەوت وای زانی گوێی لە چەند دەنگێك بوو. سەرجەم لەشی بووژایەوە. ئەوەتە ئاکام خەریکن دێن، سوپاس بۆ خوا. زۆر شادومان دەبێت کە ئەم پیاوە بەجێ بهێڵێت کە چاوەکانی وەك چاوی پشیلە بە ئاگری ئیبلیسانە بلێسەی دێت ـ ئەم پیاوە کە وێڕای جوانیی فریشتانەی ئارەزوو دەکەیت لێی دوور بکەویتەوە. لەم ماوە زۆر کورتەدا، جیهانیماڵەوەی ناو خانووەکە پێوەندی بە جیهانی ڕێگەکەوە کرد کە دەرگاکەیان لە نێواندایە، وەك بڵێیت دوو ئەستێرەن و دەسووتێن.

بوونی ماڵێك ڕێ بە مرۆڤ بدات بە ئاسوودەیی نانەکەی بخوات، ئەو نانەیش کە بە ئاسوودەیی دەخورێت زۆر خۆشەو مرۆڤ فێری دانایی دەکات، ماڵێك هێووری ببەخشێت بۆ بەردەوامبوونی پەسەندی کۆمەڵایەتی. ئەوە لە وێنەی خێزان دەکات،

تێیدا باوك باشترین بۆینباغ ببەستێت و دایك گرانبەهاترین خشڵەکانی بپۆشێت، قژی منداڵەکان جوان بە کۆڵۆنیای ڕاستەقینە شانە کرابن. هەرچی ڕێگەیە لە لایەنەکەی دیکەوە، ئەوە جیهانێکی ناسەقامگیر و ترسناك و پڕ لە سەرکێشی و چوون ئاوێنە ساختەو جلشۆری گشتیی جلە پیسەکانی هەموو گەڕەکە.

کاتێك منداڵ بوو چەند لەبەردەم ئەم دەرگایە یاری کردووە! چەند جار لێرەوە، کاتێك باوکی و (خوان)ی مامی بەرلەوەی یەکدی بەجێ بهێڵن باسی کارەکانی خۆیان دەکرد، ئەویش بە سەیرکردنی گوێسەبانەی خانووەکانی دەوروبەر کاتی خۆی بەسەر دەبرد، کە چوون ئەستوونی بڕبڕەی پشت ئاسای بە توێکڵ داپۆشراو بە ئاسمانە شینەکەوە دیاربوون.

ـ ئەدی نەیبینین لەو پەنجەرەوە بەدەرکەوتن؟. ئەدی ئەوە ڕاست نییە؟. بۆچی دەرگاکە ناکەنەوە ... یان ئێمە بە هەڵە لە بەردەم ئەم خانووەدا ڕاوەستاوین... ئەمە شتێکی سەیرە!.

وازی لە چەقچەقەکە هێنا و لەسەر شۆستەکە دابەزی بۆ ئەوەی سەیری ڕووکاری خانووەکە بکات. نا، هەڵەیان نەکردووە. ئەمە ماڵی (خوان)ی مامیەتی. تابلۆیەکی لە مس دروست کراو بە قەد دەرگەکەوەبوو لێی نووسرابوو (خوان کانالیس، ئەندازیاری تەلارسازی). دەم و چاوی چوون منداڵی ساوا گرژ بوو، پاشان لە پرمەی گیرانی دا. فرمێسکەکانی بە چاویدا چوون مایینی ئاسایی داچۆڕان. لەگەڵێدا لەناو ئەندێشەی ناوەوەیدا ئەو بیرۆکە ڕەشە تەقییەوە، کە ئەو فریشتە ڕووە ڕاستی کرد کاتێك لە مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ) هاتنە دەرەوە. نەیدەویست بڕوا بەو قسەیە بکات تەنانەت ئەگەر ڕاستیش بێت.

شەقامەکان تەمومژ داپپۆشیبوون، تەمومژێك بۆنی سەوزەی تەرچکی لێ دەهات و خانووەکانی بە ڕەنگێکی کەسکی کاڵ ڕازاندبووەوە.

ـ تکایە لەگەڵم وەرە مامەکانی دیکەم ببینین. ئەگەر ڕێم دەدەیت با یەکەمین جار بۆ لای (لویس)ی مامم بچین.

ـ هەرچی فەرمانی پێ دەدەیت سەرم پێوە نییە.
ـ سا دەی بابڕۆین .... ئەوان نایانەوێت لێرە بمێنمەوە.
فرمیسك چوون باران لە چاوی دەباری.

تێیان تەقاند.لەگەڵ هەر هەنگاوێكدا ئاوڕی دەدایەوە ـ نەیدەتوانی خۆی هێوابڕ بكات لەوەی لە دوایەمین ساتدا دەرگای بۆ بكەنەوە. فریشتە ڕوو بە بێ دەنگییەكی بێزارانە دەڕۆیشت. ئەوەتە جارێكی دیكە بۆ دیداری (خوان كانالیس) دەچێت، ناشێت چاو پۆشی لەم جۆرە ڕەفتارە بكرێت. هێشتە حەپەی سەگەكە هەر بەر گوێ دەكەوت و لەگەڵ هەر هەنگاوێكدا لەگوێ دووردەكەوتەوە. ئەوەندەی پێ نەچوو ئەو دەنگەیش بڕا، ئیدی دەنگی سەگەكەیش بەرگوێ نەدەكەوت. لەبەردەم دەزگەی پارە لێداندا، پۆستەچییەكی سەرخۆشیان بینی، چوون یەكێك بە نوستووییەوە بڕوات دەڕۆیشت و بە ڕۆیشتنەوە نامەكانی فڕێ دەدا. نەیدەتوانی خۆی بە پێوە ڕابگرێت. جاروبار هەردوو باڵی بە ئاسماندا فش دەكردەوەو چوون مریشك گارە گاری دەكرد و دەكۆشا دوگمەكانی چاكەتە فەرمییەكەی لەو لیكە زۆرە پاك بكاتەوە لە زاریەوە دەڕژایە خوارەوە. كامیلاو فریشتە ڕوو، هەمان بیرۆكە پاڵی پێوە نان و دەستیان بە كۆكردنەوی نامەكان كردو لە هەگبەی پیاوە سەرخۆشەكەی دەئاخنییەوە و هەڕەشەیان لێ دەكرد نەكات جارێكی دیكە فڕێیان بداتەوە.

پیاوەكە لە كاتێكدا بە ڕێكوپێكی پشتی بە دیواری دراو لێدانەكەوە دا ورتەیەكی لێوە هات"

ـ سو ... پا ...ستان .. دەكە...م، ز..ۆۆۆ ...ررر ...سو ...پا....س!

كاتێك هەموو نامەكان خرانەوە ناو هەگبەكەیەوەو، كامیلاو فریشتە ڕوو لێی دوور كەوتنەوە، جارێكی دیكە بەڕێكەوتەوە، گۆرانی دەچڕی:

بۆ هەڵزنان بەرەو ئاسمان

مرۆڤ پێویستی بە
پاچینەیەکی درێژ و
پاچینەیەکی دیکەی کورت دەبێت!
پاشان دەستی بە چڕینی گۆرانیەکی دیکە کرد، لە نێوان گۆرانی و قسەکردندا:
هەڵزنێ، هەڵزنێ
ئەی پاکیزە
بەرەو ئاسمان،
هەڵزنێ، هەڵزنێ
بۆ مەملەکەتی خۆت هەڵدەزنێیت!

ـ (کاتێك (خوان)ی پیرۆز ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە من ئیدی ، گۆ ... گۆ ... گۆرسیندۆ سۆلاریس، پۆستەچی نابم، ئیدی پۆستەچی نابم، ئیدی پۆستەچی نابم!) پاشان گۆرانی دەچڕێت:
کاتێك دەمرم ـ کێ بە خاکم دەسپێرێت
تەنیا خوشکان
ڕاهیبەکانی دێر نەبێت!

ـ (ئۆی، نەفرەت، تۆ هیچ سوودێکت نییە، هیچ سوودێکت نییە، هیچ سوودێکت نییە!).

لەتری دەبردو بە ناو تەمومژەکەدا دوورکەوتەوە. کابرایەکی بچکۆلەی سەر زل بوو. چاکەتە فەرمییەکەی لە بەریدا دەلَپ بوو. هاوکات کاسکێتەکەی سەری بچووك بوو.

❊❊❊

لەو کاتانەدا، (خوان کانالیس) دەکۆشا پێوەندی بە (خۆزێ ئەنتۆنیۆ)ی برایەوە بکات. سنترالّی تەلەفۆنەکە وەڵامی نەدەدایەوە، لە خشەخشی مایکرۆفۆنەکە

هەستی بەسەرەسوورِە دەکرد. ئاکام دەنگێك وەڵامیدایەوە وەك ئەوی بڵێیت لەو دیوی گۆڕەوە دێت. داوای کرد لەگەڵ ماڵی بەڕێز (خۆزێ ئەنتۆنیۆ کانالیس)دا قسە بکات. بە پێچەوانەی ئەوەی پێشبینی دەکرد یەکسەر گوێی لە دەنگی برا گەورەکەی بوو لە هێڵی تەلەفۆنەکەوە بەرگوێ دەکەوت.

ـ (بەڵێ، بەڵێ. من خوانم ... وام زانی دەنگم ناناسیتەوە .. باشە،گوێ بگرە... کیژەکەو ئەو کابرایە، بەڵێ، ئاساییە، ئاساییە، بە دڵنیاییەوە .. بەڵێ، بەڵێ ... چی دەڵێیت؟. نا! ڕێمان نەدان بێنە ژوورەوە.بزانە! بێ گومان ڕاستەوخۆ لێرەوە بەرەو ماڵی ئێوە ڕۆیشتن .. چی؟. ئەمە چییە؟. وەك چۆن پێشبینیم کرد. ئێمە لە ترساندا زەندەقان چووبوو تا ڕۆیشتن. هەمان شتیش لەگەڵ تۆ؟. تەندروستی ژنەکەت بەرگەی هیچ سەرئێشەیەك ناگرێت، ژنەکەم خەریکبوو دەرگاکە بکاتەوە، بەڵام ڕێم نەدا دەرگا بکاتەوە.ئەوە ڕوونە. بەڵێ هەموو گەڕەکەکیان لە خەو کرد! بەڵێ، بەڵێ! بە ڕاستی کارەکە لێرە خراپتربوو. پێدەچێت تووڕە بووبن. لەو بڕوایەدام پاش تۆ چووبن بۆ لای (لویس) نا؟. ئۆی، باشە، دەچن بۆ ...

بەرەبەیانیان بەسەردا هات، سەرەتا تۆێك ڕۆشنا بوو، خێرا بریسکایەوە و پاشان ڕەنگێکی لیمۆیی تاریکی وەرگرت، پاشان پرتەقاڵی، دواتر بوو بە سوورایی ئاگرێك تازە هەڵگیرسابێت تێکەڵ بە یەکەمین بڵێسە زەردە گرژەکان بێت، پاش ئەوەی لە دەرگا لێدانی بێ سوودی ماڵی بەڕێز (خۆزێ ئەنتۆنیۆ)ی گەڕانەوە.

کامیلا لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا دەیگوت:

ـ (بە شێوەیەك لە شێوەکان دەجوولێمەوە!).

لە سەرماندا دانەچۆقەی پێ کەوتبوو. هەردوو چاوە گەورە فرمیسك تێ زاوەکانی بە نابەدڵییەکی ناهۆشمەندییەوە سەیری بەرەبەیانیان دەکرد. بەبێ ئامانج دەڕۆیشت، چوون کەسێك چارەنووسی دوای کەوتبێت، هەستی نەدەکرد چی دەکات.

باڵندەکان لە باخچە گشتییەکان و باخچە بچووکەکانی گۆڕەپانەکاندا پێشوازییان لە بەرەبەیان دەکرد لەکاتێکدا (کۆنشرتۆ)یەکی ئاسمانی ئاوازی میوزیك لە ئاسمانی شینی بەرەبەیانەوە بەرزبووەوەو گوڵخونچەکان دەمیان کردەوەو دەنگی زەنگە دەنگخۆشەکان بەرزبووەوەو بەیانی باشیان لە خواوەند دەکرد، لەگەڵ لێدانی سووکی ساتۆری گۆشتفرۆشەکاندا کە لە دوکانەکانیاندا گۆشتیان پارچە پارچە دەکرد، قووقەی کەڵەشێرەکانیش کە بە باڵ لێکدان کاتیان دەژمارد، لەگەڵ دەنگی نانەکاندا تێکەڵ دەبوو کە بە ئەسپایی لە نانخانەکاندا دەخزانە نێو سەبەتەکانەوە، دەنگ و هەرای شەوبێداران و ترپەی پێیان لەگەڵ جیڕەی دەرگایەکدا تێکەڵ دەبوو کە پیرەژنێکی بچکۆلە بیکاتەوە تا بچێت ئامادەی نوێژ بێت، یان کارەکەرێك بە هەڵەداوان دەچێت نان بۆ ئاغاکەی بکڕێت کە دەبێت بەرەبەیانی زوو بە شەمەندەفەردا بگات.

خەریکبوو بەرەبەیانی دەدا ...

داڵەکان بەسەر درەختەکانەوە لە نێو خۆیاندا شەڕیان بوو، بە دەنووك لەسەر پشیلە تۆپیوێك بەشەڕ دەهاتن. گەماڵەکانیش بە هەسکە هەسك دوای دێڵەکان کەوتبوون، چاویان دەبریسکایەوەو زمانیان شۆڕ بووبووەوە. سەگێك بە شەلەشەل تێپەڕی، کلکی لەناو گەڵی ئاڵاندبوو، ئاوڕێکی خەمباری ترساوی دواوەی دایەوە، ددانەکانی دەرخستبوو. سەگەکان بە دوای خۆیاندا تاڤگەگەلی ئاویان بەقەد دیوارو دەرگاکانەوە بەجێ هێشت.

خەریکبوو بەرەبەیانی دەدا ...

گرووپە هیندییەکان کە شەوانە شەقامە سەرەکییەکانیان پاك دەکردەوە یەك لە دوای یەك بۆ ماڵەکانیان دەگەڕانەوە، وەك بلێیت تارمایین و جلی خوریی زبریان پۆشیوە، لەو بەیانییە کپ و هێوورەدا پێدەکەنین و بە زمانێك دەپەیڤین لە گۆرانیی زیکزیکەی دروێنەی دەکرد[١٢]. گسکەکانیان لە بن هەنگڵ نابوو لە سەیوان

دەچوون. ددانی سپی وەك ئاردی لۆز بە دەم و چاوی مسینەوە. پێی ڕووت. پەڕۆو پاتاڵ. هەندێك جار یەكێكیان لە لێواری شۆستەكەوە ڕادەوەستاو چڵمی دەسڕی بە شێوەیەك بەرەو پێشەوە دەنووشتایەوەو بە پەنجە كەڵەو دۆشاو مژە لووتی دەگوشی و هەر هەموویان شەپقەكانیان لەسەر داكەند كاتێك بە بەردەم كڵێسەكەدا تێپەڕین.

خەریكبوو بەرەبەیانی دەدا ...

دار سنۆبەرەكان كە كەسیان پێڕا نەدەگەیشت، لە تەونی سەوزی جاڵجاڵۆكە دەچوون بۆ ئەوە دانرابێتەوە ئەستێرە كلكدارەكانیان پێوە ببێت. كۆمەڵێك خەڵك بەرەو نوێژەكە دەچوون كە زوو دەكرێت. دەنگی شاووری دووری چەند شەمەندەفەرێك.

❊❊❊

(لامسكواتا) گەشایەوە كاتێك بینی دووبارە گەڕانەوە. بە درێژایی شەو ئەوەند نیگەران بوو نەیتوانی چاوی بچێتە خەو، خەریكبوو بچێتە دەرەوەو بەرەو بەندیخانە تێی تەقێنێت تا قاوەڵتی بۆ (لۆسیۆ ڤاسكیز) ببات.

فریشتە ڕوو خواحافیزی لە (كامیلا) كرد كە بۆ مەینەتییەكەی خۆی دەگریا، ئەو مەینەتییەی كەس بڕوای پێ نەدەكرد.

ـ بەم نێزیكانە دەگەڕێمەوە.

ئەوەی گوت بێ ئەوەی هۆیەكە بزانێت، چونكە پاش ئەوە هیچ شتێك نەبوو تا بیكات.

لە كاتی دەرچوونیدا، بۆ یەكەمین جار، لەوەتای دایكی كۆچیكردووە، هەستی كرد هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسك بوون.

(١٩)

## ژمێریاری و شیر و کاکاو

داواکاری گشتیی سوپا پەرداخە شیرو کاکاوەکەی هەڵقوڕاند، پاش ئەوەی دوو جار پەرداخەکەی لار کردەوە تا بەتەواوەتی چی تێدایە هەڵیقوڕێنێت، پاشان سمێڵە ماش و برنجییەکەی بە مەچەکی کراسەکەی سڕی و لە گڵۆپەکە نێزیك بووەوە و لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکەدا لە پەرداخەکەی دەڕوانی تا بزانیت ئایە بە تەواوەتی بەتاڵ بووە.کارێکی ئاسان نەبوو مرۆڤ لەوە دڵنیا بێت کە ئەم مافپەروەرە، پیاوە یان ئافرەت، پاش ئەوەی یاخە نەخشێنراوەکەی کراسەکەی داکەند، کاتێك لەناوەڕاستی کاغەزە فەرمییەکان و کتێبە پیس بووەکانی یاسادا بێ دەنگ و ناشیرین و کورت بین و نەوسن دانیشتبوو،لە درەختێك دەچوو بریتی بێت لە گەڵای فەرمی مۆرکراو ـ درەختێك خۆراکی خۆی لە هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگرێت تا دەگاتە دوایەمین و هەژارترینیان. کاتێك هەردوو چاوی لەسەر پەرداخی کاکاوەکە دوورخستەوە، کە بە پەنجەی تاقی کردەوە تا بزانێت هیچی تێدا بەجێ هێشتووە، بەردەستەکەی بینی لە تاکە دەرگای ژووری نووسینگەکەیەوە دێتە ژوورەوە، کە پیرەژنێك بوو دیمەنێکی شەبەنگانەی هەبوو

لەسەرخۆی هەردوو پێی یەك لە دوای یەك بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا، وەك بڵێیت پێڵاوەکانی بە پێی دەلَپ بن.

ـ (پێم نەڵێیت پەرداخە شیرو کاکاوەکەت بە تەواوەتی هەڵقوڕاندووە؟.).

ـ بەڵێ، خوا خێرت بنووسێت، چەندە خۆش بوو! من بەردەوام حەز دەکەم هەست بە دوایەمین دڵۆپەکانی بکەم کە دەتکێنە ناو قوڕگمەوە.

بەردەستەکە لەکاتێکدا ناو ئەو کتێبانە دەگەڕا کە سێبەریان بەسەر خوانەکەدا کردبوو، گوتی : ئەی پەرداخەکەت لە کوێ داناوە؟.

ـ لەوێم داناوە، ئەی نایبینیت؟.

ـ دەڵێم، تکایە سەیرێکی ئەو چەکمەجانە بکە بە نووسراوی فەرمی مۆرکراو سیخناخن. سبەینێ دەچمە بازاڕ.. بەشکەم بتوانم بیانفرۆشم.

ـ باشە، بەڵام ئاگەدار بە کەس نەزانێت. خەڵکی خراپەکارن.

ـ خۆ گێل و گەوج نیم. پتر لە چوارسە کاغەز لەوێ هەن، هەر یەکەی بە ٢٥ ملیم، دووسەدی دیکەیش هەن بە ٥٠ ملیم، ئەم پاش نیوەڕۆیە هەمووم ژماردن کاتێك ئوتووەکەم لەسەر ئاگرەکە دانابوو تا گەرم ببێت.

لەو کاتەدا لە دەرگای دەرەوە دراو قسەکەی پێ بڕا. داواکاری گشتیی بڵمە بڵمێکی لێوەهات: ئەمە چ شێوازێکی دەرگا لێدانە. ئەو گەوجانە!

ـ بەڵێ. ئەوانە بەردەوام بەو شێوەیە دەرگا دەکوتن. ئەم جارە کێیە؟. من زۆر جار کاتێك لە مووبەق دەبم گوێم لێیانە.

لەو کاتەدا ئەم ڕستەیەی دواییەی گوت کە دەڕۆیشت بزانێت کێ لەبەر دەرگایە. ئەو ئافرەتە بەستەزمانە بەو سەرە بچووکەو ئەو تەنوورە درێژە بۆرەیەوە لە سەیوان دەچوو.

داواکای گشتیی هاواری لێکرد: من لەماڵ نیم. کەمێك چاوەڕێ بکە، باشتر وایە لە پەنجەرەکەوە سەیر بکەیت...

پاش تاوێك ئافرتەكە گەڕایەوەو هێشتە پێیەكانی لە دوای خۆی ڕادەكێشان و نامەیەكی دایە.

ـ چاوەڕوانی وەڵام دەكەن.

داواكاری گشتیی توند نامەكەی كردەوەو سەرنجی ئەو بلیتە بچووكەی دا كە لەناویدابوو، پاشان بە شێوەیەكی نەرمتر گوتی:

ـ پێی بڵێ یادداشتەكەم پێ گەیشت.

ڕۆیشت و هەردوو پێی لە دووی خۆی ڕادەكێشا تا ئەو قسەیە بە منداڵەكە بڵێت كە نامەكەی هێنابوو، پاشان پەنجەرەكەی توند داخست.

نەشگەڕایەوە پاش ماوەیەك نەبێت، چونكە هەموو جارێك لەوە دڵنیا دەبوو كە هەموو دەرگەكانی داخستوون. هێشتە پەرداخی شیر و كاكاوەكەیشی لانەبردبوو.

لەو كاتانەدا، خانەخوێكەی لەناو قەنەفە نەرمەكەدا پاڵی دابووەوە، سەرلەنوێ بە وردی بلیتە بچووكەكەی تا دوایەمین خاڵ دەخوێندەوە كە پێش كەمێك بەدەستی گەیشت. یەكێك لە برادەرەكانی بلیتەكەی ناردبوو، پێشنیازێكی تێدا پێشكەش كردبوو.

(فیداڵتاس)ی پارێزەر لە بلیتەكەیدا نووسیبووی: (خاتوو كۆنسپسیۆنی ددان زێڕین، كە دۆستی جەنابی سەرۆكەو خاوەنی سۆزانیخانەیەكی بەناوبانگە ئەم بەیانییە لە نووسینگەكەی خۆم سەری لێ دام بۆ ئەوە پێم ڕابگەیەنێت كە ئافرەتێكی گەنجی جوانی لە بەندیخانەی (كاسانۆڤا) بینیوەو، لەو بڕوادایە بۆ كاركردن لە سۆزانیخانەكەی وێ دەشێت. بۆیە پێشنیتاز دەكات بە دە هەزار بیزۆ بیكڕێت. جا لەبەرئەوەی دەزانم ئەو ئافرەتە بە فەرمانی ئێوە دەستگیر كراوە، بۆیە منیش ئەم نامەیەتان بۆ دەنووسم و لێتان دەپرسم ئایە شتێكی گونجاوە ئەم

بڕە پارە کەمەم لێ پەسەند بفەرموون و ئافرەتەکە ڕادەستی ئافرەتە بەردەستەکەمان بکەن).

ـ ئەگەر پێویستت بە شتی دیکە نییە ئەوە دەچمە ناو نوێنەکەمەوەو دەنووم).

ـ نا هیچ، شەو باش.

ـ شەو باش. با گیانەکان بە ئارامی لە پاکژگەدا پشوو بدەن.

کاتێك بەردەستەکە ڕۆیشت و هەردوو پێی لە دووی خۆی ڕادەکێشا، داواکاری گشتیی ئەو بڕە پارەیەی ژمارە ژمارە دەژمارد لەو پرۆسە والآیەدا دەستی دەکەوێت. یەك، سفرێك و، سفرێکی دیکە و سفرێکی دیکە و چوارەمین سفری لەبەردەمەوەیە، دە هەزار بیزۆ!.

بەدەستە بەساڵداچووەکە گەڕایەوە:

ـ بیرم چوو پێت ڕابگەیەنم قەشە وەڵامی بۆ ناردبوویت کە ڕێوڕەسمە ئایینییەکە سبەینێ زووتر لە وادەی خۆی بەڕێوە دەچێت.

ـ ئا، ڕاستە، سبەینێ شەممە! یەکسەر بێدارم بکەوە کاتێك زەنگەکان لێدەدەن. لەبەرئەوەی شەوی ڕابوردوو نەنوستبووم و ڕەنگە لە وادەی خۆیدا بێدار نەبمەوە.

ـ زۆر باشە، بێدارت دەکەمەوە.

پاش ئەوەی ئەو قسانەی کرد، لەسەرخۆ چووە دەرەوەو پێیەکانی لە دووی خۆی ڕادەکێشا. بەڵام ئەوەندەی نەبرد گەڕایەوە. دەستی بە گۆڕینی سیپاڵەکانی کردبوو کاتێك بیری کەوتەوە. لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: (باش بوو بیرم کەوتەوە). زۆر کۆشا تا جارێکی دیکە پێڵاوەکەی لەپێ کردەوە. (ئای ئەگەر لە یادم چووبایە ...). تا بەم وشانە کۆتایی بە قسەکانی هێنا (سوپاس بۆ خوا کە بیرم کەوتەوە)، لەگەڵ هەڵکێشانی هەناسەیەکی قووڵدا. هەموو ئەوەی وای لێ کرد جارێکی دیکە لە نوێنەکەی ڕاست ببێتەوە ئەوەبوو نەیدەتوانی دەفرێکی پیس لە ژووری نووسینگەکە بەجێ بهێڵێت بێ ئەوەی نەیبات و نەیشوات.

داواکاری گشتیی سەربازی هەستی بە پیرەژنەکە نەکرد جارێکی دیکە چووە ژوورەوەو هاتە دەرەوە.، چونکە سەرقاڵی خوێندنەوەی دوایەمین کارە باشەکانی خۆی بوو: پرسی هەڵاتنی ژەنەراڵ (ئیۆسپیۆ کانالس)بوو. چوار تۆمەتبارکراوی سەرەکی هەبوون: (ڤیدینا دی ڕۆداس) و (خینارۆ ڕۆداس) و (لۆسیۆ ڤاسکیز) و...، بە هەردوو لێوی زمانی تەڕ کرد، چونکە پرسێکی هەبوو دەیویست لەگەڵ دوایەمین کەس، میگیل فریشتە ڕوودا یەك لای بکاتەوە. بیرێکی بە مێشکدا تێپەڕی کە ڕفاندنی کیژەکەی ژەنەراڵ لەو هەورە ڕەشە دەچێت کە (زەبەلاح)[١٣] هەڵیدەدات کاتێك زیندەوەرەکانی دیکە هێرشی دەبەنە سەر ـ تەنیا فێڵە بۆ ئەوەی کاربەدەستانی پێ فریو بدات کە هێوور و ئارامی دەپارێزن. گێڕانەوەکەی (ڤیدینا ڕۆداس) ئەو شتەی بەتەواوەتی سەلماند. ماڵەکە چۆڵ بوو کاتێك گەیشتە ئەوێ و کاتژمێر شەشی بەیانی بە دوای ژەنەراڵدا دەگەڕا. هەر لە سەرەتاوە بڕوای بە گێڕانەوەکەی کردبوو، بەڵام ئەم خۆی لێ تووڕەکرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێت. چونکە ئەوەی گێڕایەوە بە تەواوەتی فریشتە ڕوو تۆمەتبار دەکات. بەڕاستی لە کاتژمێر شەشی بەیانی ماڵەکە چۆڵ بوو، جا لەبەرئەوەی لەو زانیارییانەوە دەرکەوتووە کە پۆلیس پێشکەشی کردوون و ئەوە دەگەیەنن کە ژەنەراڵ نیوەشەو گەیشتووەتە ماڵەوە، جا لەسەر ئەو بنەمایە ئەوە لە کاژمێر دووی پاش نیوەشەو هەڵاتووە لەو کاتەی کە فریشتە ڕوو خۆی وا پیشان دەدا گوایە کیژەکەی دەڕفێنێت.

جەنابی سەرۆك چەند تووشی سەرسوڕمان دەبێت کاتێك بۆی دەردەکەوێت کە هاوڕێ گیانی بە گیانییەکەی ڕێ و شوێنی بۆ هەڵاتنی کەڵلەڕەقترین نەیارەکانی داناوە و بە خۆیشی سەرپەرشتی هەڵاتنەکەی کردووە! تۆ بڵێیت چی بکات کاتێك دەزانێت هاوڕێ دڵسۆزەکەی کۆڵۆنێلی (پارالیس سۆنرینی) بەشداری لە هەڵاتنی یەکێك لە بکوژەکانیدا کردووە؟.

دەستی بە خوێندنەوەی بڕگەکانی یاسای سەربازی کردو، جارێکی دیکە دووبارە خوێندیەوە، ئەگەرچی، سەبارەت بەوەی پێوەندی بە هاوبەشانی تاوانەکەوە هەیە، هەر هەمووی ئەزبەرە. هەردوو چاوە قومقومۆکەییەکانی بریسکانەوە کاتێك لە هەموو دێڕەکانی ئەم بەرگە یاساییەدا ئەم ئیدیۆمە کورتەی دۆزییەوە: (سزای لەسێدارەدان) یان هاوکۆفەکەی (سزای مەرگ).

ـ (ئای بەڕێز میگیلین میگیلیتۆ، ئەوەتەی ئێستە لەبەر دەستمدایت، بە درێژایی ئەو کاتەی بمەوێت! کاتێك شەوی ڕابوردوو لە کۆشکی کۆماری ڕیسوات کردم، پێشبینی ئەوەم نەدەکرد کە جارێکی دیکە بەم شێوەیە خێرا بەیەك دەگەینەوە! من بەڵێنت پێ دەدەم کە بازنەی تۆڵەسەندنەوەم هەزاران سووڕانەوەی دەبێت!

بەو بیرۆکە ئاڵۆزکاوانەوە کە پڕ لە ئارەزووی تۆڵەسەندنەوە بوون و بەو دڵەی کە لە ئاسنی سارد دروست کرابوو کاتژمێر یازدەی ڕۆژی دواتر بەسەر پێپلکەکانی کۆشکی کۆماریدا سەرکەوت. سکاڵانامەی تۆمەتەکەو فەرمانی دەستگیرکرنی فریشتە ڕووی پێ بوو.

پاش ئەوەی ڕووداوەکانی بۆ گێڕایەوە، سەرۆك گوتی:

ـ (بەڕێز داواکاری گشتیی گوێ بگرە، ئەم سکاڵانامەیەی تۆمەتە لێرە بەجێ بهێڵەو، گوێ لەوە بگرە پێتی ڕادەگەیەنم: نە خاتوو (دی ڕۆداس) و نە (میگیل) تۆمەتبارن، فەرمانی ئازادکردنی ئەو ئافرەتە دەربکەو فەرمانی دەستگیرکردنی میگیل فڕێ بدەرە ناو زبڵدانەکەوە. تاوانکارەکان ئێوەن، ئەی گەوجینە، لایەنگیری و خزمەتتان بۆ کێیە ...؟. چ سوودێکتان هەیە ...؟. هیچ ! دەبوو پۆلیس ژیانی ژەنەراڵ (کانالیس)ی کۆتایی پێ هێنابایە هەر نیشانەیەکی هەڵاتنی لێ دەرکەوتبا. فەرمانەکان بەو شێوەیە بوون! بەڵام ئەوەی ڕوویدا ئەوە بوو پۆلیس نەیدەتوانی دەرگایەکی واڵا ببینێت بێ ئەوەی پڕ نەدەنە دزین و تاڵان کردن! تۆ دەڵێیت فریشتە ڕوو ڕۆڵی لە هەڵاتنی ژەنەراڵ (کانالیس)دا هەبووە. ئەو ڕێی بۆ

هەڵاتنی خۆش نەدەکرد، بەڵکو بۆ مردنی. بەڵام پۆلیسەکان گێل و گەوجی فەرمین ... دەبێت ئێرە بەجێ بهێڵێت ... هەرچی ئەو دوو پیاوە تۆمەتبارکراوەکەی دیکەیە ڤاسکیزو ڕۆداس، ئەوە ئەو سزایەکی وایان بەسەردا بسەپێنە کە شیاویان بێت، ئەوانە تەرەسن، بە تایبەتی ڤاسکیز، کە شتێکی زۆر لە بارەی پرسەکەوە دەزانێت، زۆرتر لەوەی ڕێی پێ دراوە. دەی برۆ).

(٢٠)

## هەمان جۆرە گورك

هەموو ئەو فرمێسكانەی خینارۆ ڕۆداس ڕژاندنی نەیانتوانی ڕوخساری دەم و چاوی گێلەی لە یاد ببەنەوە كاتێك گیانی دەدا، ئەوەتە بەسەرشۆڕی لەبەردەم داواكاری گشتییدا ڕاوەستاوەو دوایەمین تۆزقاڵە بوێری لەدەست داوە بە هۆی ئەو مەینەتییانەی تووشی خێزانەكەی هاتوون و بە هۆی ئەو بێ ورەییەوە باڵ بەسەر ئەو كەسەدا دەكێشێت كە ئازادی لە دەست دەدات، تەنانەت ئەگەر زۆر ئازاو بەجەرگیش بێت. داواكاری گشتیی فەرمانیدا كەلەپچەكانی بكرێنەوە و بە شێوەزارێك پێی گوت نێزیك ببێتەوە كە خزمەتكاری پێ بانگ بكرێت.

پاش بێ دەنگییەكی دوورو درێژ بە شێوەیەك پێی گوت وەك ئەوەی بڵێیت تاوانباركردن بێت: كوڕم، من هەموو شتێك دەزانم، پرسیارت لێ ناكەم تەنیا بۆ ئەوە نەبێت لە زاری تۆوە ببیستم كە ئەو (دەرۆزەكەر)ـە چۆن لە (دالآنی خوداوەند) مرد.

(خینارۆ) خێرا گوتی: (ئەوەی ڕوویدا ...) پاشان ڕاوەستا وەك بڵێیت لەوەی دەیلێت بترسێت.

ـ بەڵێ، كوڕم چی ڕوویدا ؟.

ـ ئای، گەورەم تۆو خوا ئەزیەتم مەدە، تۆو خوا گەورەم!

ـ کوڕم مەترسە. یاسا بە توندی مامەڵە لەگەڵ تاوانبارە شەڕخوازەکاندا دەکات، نەك کوڕێکی باشی وەك تۆ. نیگەران مەبەو ڕاستیم پێ بڵێ.

ـ ئۆی، من دەترسم خراپم بەسەر بێنن.

کاتێك قسەی دەکرد بە شێوەیەك دەتلایەوە بەزەییان پێدا بێتەوە، وەك بڵێیت خۆی لە مەترسییەك دەپارێزیت لێی نێزیك بووبێتەوە.

ـ نا، نا، ئێستە.

ـ (چی ڕوویدا؟. ئەو شەوە ـ تۆ دەیزانیت ـ ئەو شەوەی دیدارەکەی (لۆسیۆ ڤاسکیز)م لای کاتدرائییەکە ڕێکخست و لە گەڕەکی چینییەوە خۆم گەیاندە ئەوێ. گەورەم بە دوای کاردا دەگەڕام و لۆسیۆ ئاگەداری کردبوومەوە کە دەتوانێت کارێك لە پۆلیسی نهێنی دەستەبەر بکات. وەك گوتم بە دیداری یەکدی گەیشتین، سڵاومان لە یەکدی کردو هەواڵی ساغ و سەلامەتیمان لە یەکدیی پرسی، پاشان ئەو پیاوە داوای لێ کردم لە بارێکدا چەند هەنگاوێك لە (گۆڕەپانی چەك)ــەوە دوورەو ناوی (بێداری شێر)ــە پەرداخێك بنۆشین، بەڵام پەرداخەکە بوو بە دوو و سێ و چوارو پێنج، بە کورتی ....).

داواکاری گشتیی، کە ئاوڕی لە نووسەرە دەموچاو ئاوڵەییینەکە دایەوە، کە قسەکانی تۆمەتباری تۆماردەکرد، ئەوەی لا پەسەند بوو و گوتی: بەڵێ، بەڵێ، بە کورتی.

ـ باشە کەواتە، وەك دەبینیت، دەرکەوت کە ئەو کارەی لە پۆلیس بۆ دەستبەر نەبووبوو، بۆیە من پێم گوت گوێی مەدەیە. پاشان، ئای، بەڵێ لە یادمە، ئەو پارەی خواردنەوەکانیدا. پاشان هەردووکمان بەرەو (داڵانی خوداوەند) چووینە دەرەوە کە نۆرەی پاسەوانی لەوێ هەبوو، وەك ئاگەداری کردم، دەبوو بە دوای کابرایەکی لاڵدا بگەڕێت تووشی دەردە هاری بووەو دەبێت بکوژرێت. جا لەبەر ئەوە پێم گوت: (من دەگەڕێمە ماڵەوە). کاتێك گەیشتمە داڵانەکە، چەند هەنگاوێك لە دواوەی بووم، لەسەرخۆ لە شەقامەکە پەڕییەوە، بەڵام کاتێك

گەیشتە دەروازەی دالآنەکە، جارێکی دیکە بینیم دێتە دەرەوەو ڕادەکات. منیش دوای کەوتم. لەو بڕوادابووم کە کابرایەك دوومان کەوتبێت. ڤاسکیز شتێکی لە تەنیشت دیوارەکەوە گرت ـ کە ئەو لاڵە بوو، کە دەستی بە هاوار کردن کرد وەك بڵێیت دیوارەکەی بەسەر تەوقی سەردا ڕووخابێت کاتێك هەستی کرد دەستگیر کراوە. پاشان ڤاسکیز دەمانچەکەی ڕاکێشاو هیچ ورتەیەکی لێوە نەهات و تەقەی لێ کرد، جارێکی دیکە، ئای، نا گەورەم، من نەمکوشتووە، ئەزیەتم مەدەن، من نەمکوشتووە. گەورەم تەنیا بۆ کارێك دەگەڕام، تۆ لەو بڕوادایت ئەوەی ڕوویدا بەو هۆیەوە بێت؟. باشتر وابوو هەر دارتاشییەکەی خۆم کردبایە، چیم بەسەرهاتووە تا ئارەزوو بکەم ببمە پۆلیس.

جارێکی دیکە نیگا ساردەکانی داواکاری گشتیی کەوتنە سەر چاوەکانی ڕۆداس. پاشان بێ دەنگ، پلی بە زەنگەکەی بەردەمیدا نا، بێ ئەوەی هیچ لەو دیمەنەی ڕوخساری خۆی بگۆڕێت کە پێوەی دیاربوو. چەند ترپەی پێیەك بەرگوێکەوتن، لای دەرگاکەوە چەند پاسەوانێك دەرکەوتن بەرپرسەکەیان لە پێشیانەوە بوو.

ـ (باش چاووش، دوو سەد جەڵدە لەم پیاوە بدەن).

دەنگی داواکاری گشتیی هیچ نەگۆڕا کاتێك ئەو فەرمانەی دەرکرد وەك بڵێیت بەڕێوەبەری بانکێکەو فەرمان دەدات دووسەد بیزۆ بۆ یەکێك لە سەوداکارەکان خەرج بکرێت.

ڕۆداس هیچ تێنەگەیشت. سەری بەرز کردەوە و سەیری پاسەوانە پێ پەتییەکانی کرد کە چاەڕێیان دەکرد. کاتێك ڕوخساری هێوور و وشك و دوور لە هەر نیشانەیەکی سەرسوڕمانی بەدی کردن پتر سەری سوڕما. نووسەرەکەیش ڕوومەتی ئاوڵەیین و هەردوو چاوی بێ هەستی خۆی ئاراستەی کرد. بەرپرسی پاسەوانەکان شتێکی بە داواکاری گشتیی گوت. داواکاری گشتییش شتێکی بە بەرپرسی پاسەوانەکان گوت. گوێی لە قسەکانیان نەبوو، نەیدەزانی چی لە

دەوروبەری ڕوودەدات. بەڵام هەستی بەوە کرد کە خەریکە خۆی پیس بکات کاتێك بەرپرسی پاسەوانەکان پێیدا هەڵشاخاو داوای لێ کرد بچێتە ژوورەکەی تەنیشتەوە، کە هۆڵێکی درێژ بوو سەربانەکەی بە گومەز بوو،کاتێك گەیشتنە تەنیشتی سیخورمەیەکی توندی لە سینگی سرەواند.

کاتێك بەندییەکەی دیکە (لۆسیۆ ڤاسکیز) هاتە ژوورەوە، هێشتە داواکاری گشتیی لە ڕۆداس تووڕە بووبوو:

ـ هیچ سوودێکی نییە ڕەفتاری باش بەرانبەر بەم جۆرە کەسانە بنوێنیت! ئەوان پێویستیان بە دارە، بەدار.

ئەگەرچی ڤاسکیز هەستی بەوە دەکرد لەناو کەسوکاری خۆیدایە، بەڵام هەرچۆنێك بووە بڕوای پێ نەبوون، بەتایبەتی گوێی لە تێبینییەکەی داواکاری گشتیی بوو. هەبوونی هەر جۆرە پێوەندییەك بە هەڵاتنی ژەنەراڵ کانالیس، تەنانەت ئەگەر بە پێچەوانەی ئارەزووشیەوە بێت، ئەوە تۆمەتێکی زۆر مەترسیدارە، ئای چەند گێل و گەوجە!.

ـ ناوت؟..

ـ لسیۆ ڤاسکیز.

ـ لێرە لەدایك بوویت؟.

ـ لێرە.

لە بەندیخانە؟.

ـ نا، نا. لە پایتەخت.

ـ ژنت هێناوە یان سەڵتیت؟.

ـ بەدرێژایی ژیانم هەر سەڵت بوومە.

ـ باش وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە! چ کارەیت؟.

ـ فەرمانبەر.

ـ پێشتر گیراویت؟.
ـ بەڵێ.
ـ بە چ تاوانێك؟.
ـ كوشتن لەكاتی فەرمانبەریدا.
ـ تەمەنت؟.
ـ تەمەنم نییە.
ـ مەبەستت چییە كە تەمەنت نییە؟.
ـ نازانم تەمەنم چەندە، بەڵام ئەگەر هەر پێویستە تەمەنم هەبێت بنووسە سی و پێنج!
ـ چی لە بارەی كوژرانی گێلەوە دەزانیت؟.
داواكاری گشتیی ئەو پرسیارەی ئاراستەی ناخەوەی بەندییەكە كرد لەكاتێكدا زەق چاوی خستبووە ناو چاوی، بەڵام وشەكانی، بە پێچەوانەی ئەوەی پێشبینی دەكرد، هیچ كارێگەرییەكی بەسەر ورەی ڤاسكیزەوە بەجێ نەهێشت، كە بە شێوەیەكی ئاسایی وەڵامیدایەوە لە كاتێكدا لەوە دەچوو هەست بە ڕەزامەندی تەواو بكات:
ـ (ئەوەی سەبارەت بە كوژرانی گێلە دەیزانم ئەوەیە كە من بە خۆم كوشتم) پاشان ئەوەی گوتی دووبارەی كردەوەو ئاماژەی بە سینگی خۆی كرد بۆ ئەوەی لەو ڕووەوە هیچ گومانێك نەمێنێت: (من كوشتم).
داواكاری گشتیی نەڕاندی و گوتی: ئایە ئەو كارە بە گاڵتە دەزانیت، یان تۆ ئەوەندە نەزانیت ئاگەت لەوە نییە بەو قسەیەت ژیانت لەدەست دەدەیت؟.
ـ ڕەنگە ...
ـ مەبەستت لە ڕەنگە چییە؟.

ماوەیەکی کورت تێپەڕی داواکاری گشتیی نەیزانی چی بکات، چونکە بەرانبەر بە هێووری ڤاسکیزو، ئەو دەنگەی کە لە دەنگی گیتار دەچوو و هەردوو چاوە تیژەکانی، هەستی بە شڵەژان کردو بەرەو لای نووسەرەکە ڕۆیشت بۆ ئەوەی کات دەستەبەر بکات.

ـ بنووسە ...

بە دەنگێکی گڕ گوتی:

ـ بنووسە لۆسیۆ ڤاسکیز پێی لێ دەنێت کە ئەو، بە هاریکاری لەگەڵ خینارۆ ڕۆداس، گێلەی کوشتووە.

نووسەرەکە لەژێر ددانەکانییەوە بڵمە بڵمێکی کرد: (بەڕاستی ئەوەم نووسیوە).

ڤاسکیز بە هێووری و، بە ڕیتمێك جۆرە گاڵتەیەکی پێوە دیار بێت و وای لە داواکاری گشتیی کرد هەردوو لێوی خۆی بکرووژێت : (من لەو بڕوایەدام کە مامۆستا زۆر شت لەو بارەیەوە نازانێت. ئەو بڕیارە چی دەگەیەنێت؟. هەر کەسێك دەتوانێت ئەوە ببینێت کە من دەستم لە پێناوی گێلێکی لیکندا گلاو نەکردووە ...

ـ (ڕێزی دادگەکە بگرە، ئەگینا مێشکت دەپژێنم!).

ـ ئەوەی دەیلێم پێوەندی بە بابەتەکەوەیە. پێت دەڵێم من ئەوەندە گەوج نیم تەنیا بۆ کوشتن ئەو گێلە بکوژم. من ئەو ئیشەی کردم بە فەرمانی ڕوون و ڕاشکاوی جەنابی سەرۆك کردوومە ...

ـ درۆزن دەوت داخە .... ها ... کەواتە ئەرکەکەمان زۆر ئاسان دەبێت ...

ڕستەکەی تەواو نەکرد چونکە لەو ساتەدا پاسەوانەکانی بەندیخانەکە هاتنە ژوورەوەو (ڕۆداس)یان ڕادەکێشاو هەردوو باڵی شۆڕ بووبوونەوەو هەردوو قاچی چوون پەڕۆ، یان چارۆکەی زۆرانبازی گا بە زەویدا دەخشان.

داواکاری گشتیی پرسیاری لە بەرپرسی پاسەوانەکان کرد کە بۆ نووسەرەکە بزەی هاتێ و قامچییەکەی وەك کلکی مەیموون بە دەوری ملیدا پێچابووەوە: چەندتان لێ دا؟.

ـ دوو سەد.

ـ باشە ...

نووسەر خێرا ویستی فریای داواکاری گشتیی بکەوێت، بلّمە بلّمێکی کرد لەکاتێکدا وشەکانی تێکەڵ بە یەکدی کرد تا ئەوانی دیکە گوێیان لێ نەبێت: پێویستە دوو سەدی دیکەی لێ بدەن.

داواکاری گشتیی بەگوێی کرد: (بەڵێ باش چاووش. دووسەدی دیکەیشی لێ بدەن تا لەم کورە دەبمەوە).

ڤاسکیز بیرۆکەیەکی بە مێشکدا تێپەڕی : (چەندە دەماری توندە ... بەڵێ ئەوە لە پیرەمێردێکی وەك ئەو چاوەڕوان دەکرێت، دەم و چاوی لە زینی بایسکل دەکات!)

پاسەوانەکان بە شوێنی خۆیاندا گەڕانەوەو ئەو بەدبەختەیان ڕادەکێشاو بەرپرسەکەشیان بە دوایانەوە بوو. لە گۆشەیەکی ژوورەکەدا فڕێیان دایە سەر دۆشەکە شڕێك لەو شوێنەی سزاکەیان جێبەجێدەکرد. چواریان هەردوو دەست و هەردوو پێیان گرت. لەکاتێکدا ئەوانی دیکە لێیان دەدا، بەرپرسەکەیشیان لێدانەکانی دەژمارد. لەگەڵ لێدانەکانی سەرەتادا جەستەی ڕۆداس وێك چووەوە، بەڵام ئێستە توانای خۆی لەدەست دابوو و نەیدەتوانی بەرەنگاری بکات و نەیش لەبەر ئازار و ئێش هاوار بکات وەك چۆن یەکەمین جار وای کرد کاتێك پێش چەند خولەکێك لێیان دا. چەند دڵۆپە خوێنێکی وشکەوە بووی ئەو برینانەی لە یەکەمین خولی لێدانەکەوە بەجێ مابوون بە دار حەیزەرانە تەڕ و نەرم و زەردە ڕووە و کەسکەکەوە بەجێ مابوون. دوایەمین سکاڵای چەند هاوارێکی خنکاو بوون

چوون گیانلەبەرێك گیان بدات و هەست بە ئازارەکانی نەکات. دەم و چاوی خۆی لە دۆشەکە شڕەکەدا نوقوم کرد لەکاتێکدا دەم و چاوی وێك چووبووەو قژی بژو بڵاوبووبووەوە. هاوارە تیژەکانیشی نێکەڵ بە هەناسەبڕکێی پاسەوانەکان بووبوون کە بەرپرسەکەیان قامچییەکەی خۆی تێ دەسرەواندن هەرکە دەستیان لە لێدان شل کردبایەوە.

ـ (لۆسیۆ ڤاسکیز ئەرکمان ئاسان دەبێت ئەگەر هەر هاووڵاتییەك ئازاد بکەین تاوانێك ئەنجام بدات و دووپاتی بکاتەوە کە فەرمانی لە جەنابی سەرۆکەوە وەرگرتووە! بەڵگەت چییە؟. خۆ جەنابی سەرۆك شێت نییە فەرمانی لەو جۆرە دەربکات. کوا ئەو کاغەزەی کە تێیدا فەرمانی پێ داویت ئەو کارە بکەیت وەك بەو شێوە تاوانبارانەو ترسنۆکانە بەسەر ئەو بەستەزمانەت هێنا؟.).

ڕەنگی ڤاسکیز هەڵبزوڕکا، لەکاتێکدا بە دوای وەڵامێکدا دەگەڕا، هەردوو دەستی کە دەلەرزین خستە ناو هەردوو گیرفانییەوە.

ـ (تۆ دەزانیت کە دەبێت لەبەردەم دادگەکاندا قسەکانت بە بەڵگە بسەلمێنیت، ئەگینا دۆخەکە چی دەبێت؟. ئەو فەرمانە کوا؟.).

ـ باشە، سەیر بکە، ئێستە پێم نییە. گەڕاندمەوە دەبێت جەنابی سەرۆك ئاگەی لەوە بێت.

ـ ئەوە چییە؟. بۆچی گێڕاتەوە؟.

ـ چونکە فەرمانەکە پەراوێزی لەسەر نووسرابوو کە پێویستە پاش جێبەجێکردن بگێڕرێتەوە! ڕێم پێ نەدەدرا لەگەڵ خۆم هەڵیبگرم ... وا بزانم تێدەگەیت.

ـ ورتە نەکەیت ... هیچ ورتە نەکەیت! تۆ دەتەوێت بەو قسەیەت سەبارت بەسەرۆك فریوم بدەیت. ئەی دز، ئەی تەرەس من منداڵ نیم هێشتە لە فێرگە بم تا بڕوا بە قسەی پووچەڵی لەم شێوەیە بکەم! کاتێك مرۆڤ ددان بە شتێکدا دەنێت

ئەوە شتێکە، بەڵگەیشی لەسەر شتێك هەبێت ئەوە شتێکی دیکەیە، تەنیا لەو دۆخانەدا نەبێت کە یاسای سزاکان دیاری کردوون، لەوانەیش گەواهی دانی پیاوانی پۆلیس کە وەك بەڵگەی سەلمێنراون. بەڵام نامەوێت وانەیەك سەبارەت بە یاسای سزاکانت بۆ بڵێمەوە. ئەوەندە بەسە، بەسە، ئەوەی پێویست بوو گوتم...

ـ باشە، ئەگەر ناتەوێت بڕوام پێ بکەیت، بڕۆو پرسیاری لێ بکە، ڕەنگە بڕوا بەو قسانە بکەیت کە پێت دەڵێت. ڕەنگە لەگەڵت نەبووبم کاتێك دەرۆزەکەرەکان گێلەیان تۆمەتبار کرد ...

ـ دەوت قەپات کە، ئەگینا فەرمان دەدەم تێت هەڵدەن! چ گاڵتەجاڕییەکە کە بڕۆم پرسیار لە جەنابی سەرۆك بکەم! ... (ڤاسکیز) ئەوەی پێت دەڵێم، ئەوەیە کە تۆ زۆرترین شت لەبارەی پرسەکەوە دەزانیت پتر لەوەی پێویستە بیزانیت و، ژیانت لە مەترسیدایە!

(لۆسیۆ) سەری شۆڕ کردەوە وەك بڵێیت وشەکانی داواکاری گشتیی لەسەری دابێت. ڕەشەبایش توند خۆی بە پەنجەرەکانی ژوورەکەدا دەداو گڤەی دەهات.

## (٢١)

# بازنەی داخراو

فریشتە ڕوو یاخە و بۆینباخەکەی خۆی توند ڕاپسکاند، بیری لەوە کردەوە، کە لەو شیکارییانە ناپەسەندتر نییە کە کەسانێك بۆ پاساوی کاری کەسانێکی دیکە دەیهێننەوە. کاری کەسانی دیکە...کەسانی دیکە. هەندێك جاریش ڕەخنەگرتنەکەیان لە چرپە چرپی توند بەو لاوە هیچی دیکە نییە. ئەو شتەی لەبەرژەوەندی مرۆڤدا بێت دەیشارنەوەو زێدەڕۆیی لەوەکانی دیکەیدا دەکەن. چەندە بێ نرخن! بەڵام کارەکە ئازاربەخشە وەك چۆن فرچەیەکی زبر بەسەر شوێنی برینێکدا بهێنرێت. هەروەها سەرزەنشتی کردنی شاراوەیش، کە خۆی لە وێنەی پلارێکی دۆستانەی ئاسایی یان تەنانەت پلارێکدا داپۆشێت مەبەستی چاکە بێت، دەشێت برینەکەی زۆر ئازاربەخشتر بێت، تەواو وەك فرچەی تووك زبری تیژ. تەنانەت خزمەتکارانیش! هەر هەموو ئەوانە نەفرەتیان لێ بێت و بۆ ناو دۆزەخ گەردنیان بشکێت!

لەیەك ڕاپسکاندا، هەموو دوگمەکانی کراسەکەی پچڕانەوە. توند لە بەردەمەوە هەڵیتلیشاند. شتەکە لەوە دەچوو سینگی هەڵدڕیبێت. خزمەتکارەکانی بە دوورو درێژی قسەو قسەلۆکی خەڵکیان لەبارەی بەسەرهاتی

ئەویندارییەکەیەوە بۆ دەگێڕایەوە. ئەو پیاوانەی لەوە دوودڵن ژن بهێنن لە ترسی ئەوەی نەوەك ئافرەتێك ببێتە هاوبەشیان و ـ وەك فێرخوازی زیرەك لە ڕۆژی تاقیکردنەوەدا ـ قسەو قسەلۆکی ئەو خەڵکەی بۆ بگێڕێتەوە لە بارەیەوە دەیڵێن، کە هەر هەموویان ناشیرینن، کار دەگاتە ئەوەی ئە قسەلۆکانە لە زاری خزمەتکارەکانیانەوە ببیستن، وەك چۆن تووشی فریشتەڕوو هات. ئاکام پەردەکانی ژوورەکەی دادایەوە بێ ئەوەی کراسەکەی داکەنێت. زۆری پێویست بە نووستن بوو، یان بەلایەنی کەمەوە کە ژوورەکەی وا پێ بچێت لە نێوان ئەوو نێوان ڕۆژدا بوو‌بێتە بەربەست. کە ڕۆژێکە لە ڕۆژەکەی پێشوو باشتر نابێت. وەك بە ناخۆشییەوە ئەوەی لە دڵی خۆیدا دەگوت.

(نووستن)، فریشتە ڕوو ئەم وشەیەی گوتەوە کاتێك لە پایینی قەرەوێڵەکەیەوە دانیشت و دوگمەی پانتۆڵەکەی دەکردەوە، بێ پێڵاوو بێ گۆرەوی، یاخەی کراسەکەی کرابووەوە. (ئای، چەندە گێلم، هێشتە چاکەتەکەم دانەکەندووە!).

لەسەر هەردوو پاژنەی ڕۆیشت و پەنجەکانی پێی نووشتاندبووەوە تا ژێر پێی بەر عەردە ساردەکەی ژوورەکە نەکەوێت، بەو شێوە توانی چاکەتەکەی بە پشتەوەی کورسییەکەوە هەڵواسێت، پاشان لەسەر یەك قاچ وەك باڵندەی لاق درێژ خێراو چاپۆرکانە خۆی فڕێ دایە سەر قەرەوێڵکە. بەڵام ...(تاخ)!...کەوتە سەر عەردەکەو ئەو عەردە ساردە شکستی پێ هێنا. هەردوو پێی پانتۆڵەکەی وەك دوو میلی کاتژمێرێکی زەبەلاح بە ئاسماندا خولانەوە. لەوە دەچوو عەردەکە لە بەفر دروست کرابێت نەك چیمەنتۆ! ئای خودایە! بەفرێکی تێکەڵ بە خوێ. بەفرێکی تێکەڵ بە فرمێسك. بازیدایە سەر قەرەوێڵەکە وەك بڵێیت لە چیایەکی بەفرینەوە خۆی بۆ تۆقێکی ڕزگاربوون فڕێ بدات، دەیویست خۆی لە هەموو ئەوە ڕزگار بکات کە ڕوویداوە، کاتێك بەسەر قەرەوێڵەکەدا کەوت وای زانی دوورگەیەکە، دوورگەیەکی سپی نیوچە تاریکییەك چوار دەوری داوە، لەگەڵ ڕووداوگەلی کپ و

پلیشێنراو. لە بیری دەچێتەوەو، دەنوێت و، ڕادەوەستێت و کارێکی وا دەکات وەك بڵێیت هەر نەبووبێت. خۆی لە کۆکردنەوەو لێك جوداکردنەوەی هۆکارەکان دووردەخاتەوە وەك بڵێیت پارچەیەك لە پارچەکانی ئامێرێك بن. نەفرەت لە بنەما دروستە باوەکان، با بە هەموو پێچ و پەناکانیانەوە بەرەو دۆەخ غلۆر ببنەوە! لە قۆناغی نووستنی دوور لە دروستی باشتر، ئەو سڕبوونە بەچێژەیە، کە سەرەتا شینەو پاشتر بەرەو کەسك دەگۆڕێت و دواتریش دەبێتە ڕەش، کە لە چاوەوە دەخزێتە هەموو جەستەوەو، تەواوی لەشی مرۆڤ خاو دەکاتەوە. ئای، ئارەزوو! ئەوەی ئارەزووی دەکەیت هاوکات موڵکی تۆیەو موڵکی تۆیش نییە. لە هوزارێکی زێڕین دەچێت کە هەردوو دەستمان بە هەر دە پەنجەکانمانەوە بۆی کردبێتە قەفەز. نووستنی تەواوی پشووبەخش، دوور لە تەنگ پێ هەڵچنین، لە ئاوێنەکانی چاوەوە بێتە ژوورەوە و لە پەنجەرەکانی لووتەوە بچێتە دەرەوە، ئارەزووی ئەوەی دەکرد، خەوێکی خۆشی وەك خەوی ڕۆژگاری ڕابوردوو.

زوو هەستی بەوە کرد کە نووستن بەسەر سەریەوە، بەسەر سەربانی ماڵەکەیەوە بەرز دەفڕێت، بە ڕووناکی پرشنگداری ڕۆژ، ئەو ڕۆژەی لە یاد ناچێتەوە. ڕووی وەرگێڕا. سوودی نییە، بەسەر لای چەپدا وەرچەرخایەوە تا لێدانەکانی دڵی هێوورتر بکاتەوە، پاشان بەسەر لای ڕاستدا. سوودی نییە. نێزیکەی سەد کاتژمێر لە نێوان ئەو و لە نێوان نووستنی خۆشدا بوو، لەو ڕۆژگارانەدا کاتێك بێ خەم و پەژارەی ئەویندارانە دەچووە نێو نوێنەکەیەوە. ئارەزووی بەوەی تۆمەتباری کرد، کە لەبەرئەوەی بەدەستی ئەو ئازاراەوە دەناڵێنێت چونکە بەزۆر دەستدرێژی سێکسی نەکردە سەر کامیلا. مرۆڤ هەندێك جار هەست دەکات، کە لایەنی تاریکی ژیان خول و دەوریەتی تا ڕادەیەك پێ بچێت، کە خۆکوشتن تاکە هۆکار بێت بۆ ئەوەی خۆی لێ دەرباز بکات و هەڵێت. بیری بۆ ئەوە چوو: (ئێستە کارێکی وا دەکەم وەك بڵێیت هەر نەبووبم). لە ناخەوە ڕاچڵەکی. ئەم پێیەکەی

بەو پێیەکەیدا هێنا. پێی ناخۆش بوو هیچ بزمارێك بەو خاچەوە نەبوو کە پێوەی هەڵواسرابوو. بیری بۆ ئەوە چوو: (جۆرە شتێك لە ڕێ کردنی سەرخۆشەکاندا دەبینرێت لەسێدارە دراوەکان بیری مرۆڤ دەخاتەوە. لەسێدارە دراوەکانش سەرخۆشەکان بیری مرۆڤ دەخەنەوە، کاتێك بە ئاسمانەوە هەڵواسراون و لنگە فرتێیانە. ئارەزووی پەنجەی تۆمەتباری ئاراستە کرد.ئەی فریشتە ڕوو، تۆ لە هەرامەی سەرخۆش، هەرامەی لەسێدارە دراو، باشتر نیت!

بیری بۆ ئەوە چوو: گیان لەبەر لە تۆماری حسێبە سێکسییەکانی خۆیدا هەڵە ناکات. ئێمە وەك بڵێیت منداڵان دەمیزێنین ڕێگەی خۆیان بەرەو گۆڕستان دەگرنە بەر. گردبوونەوەی ڕۆژی هەڵستانەوە ...باشە، گردبوونەوە نابێت. قەیچییەکی زێڕین ئەو دەزووە هەمیشەییەی منداڵان دەپچڕێنێت. ئێمەی پیاوان لە ڕخۆڵەی بەراز دەچین کە بەرازی ئیبلیسی بە گۆشتی هەنجێنراو سیخناخی دەکات تا سوجەق (سۆسێج)ی لێ دروست بکات. کاتێك نیازی خۆمم کۆنترۆڵکرد تا کامیلا ڕزگاربکەم لەو مرخەی تێم کردبوو، بەشێکی خۆمم لە پاش خۆم بە بەتاڵی بەجێ هێشت، بۆیە هەست دەکەم ناخەوەم بەتاڵ، نیگەران، تووڕە، نەخۆش و، بەندی نێو داوەکەیە. ئافرەت ئەو گۆشتە هەنجن هنجن کراوەیە کە پیاو وەك ڕیخۆڵەی بەراز خۆی پێ پڕ دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە خۆی ڕازی بێت. ئای چ بێ بەهاییەکە!).

چەرچەفەکان چوون تەنوورە پێوەی نووسان، تەنوورەی بە ئارەق خوساو کە کەس بەرگەی نەگرێت.

دەبێت کە (درەختی شەوە خەمبارەکە) لە گەڵاکانیدا هەست بە ئێش و ئازار بکات. (ئای ئەی دەماغی بەستەزمانم!). زرنگەی یەك بە دوای یەکدای زەنگەکان، (برۆگیز)، شاری مردووان. قردێلەی لوولدراوی ئاورێشمین بە چوار دەوری گەردنییەوە. (هەرگیز ...). بەڵام وەك بڵێیت لە شوێنێکی تەنیشەوە گرامافۆن لێدەدەن. هەرگیز گوێم لێ نەبووە. نەمزانیوە کە هەیە. یەکەمین هەواڵ

لە بارەیەوە. لە حەوشەی پشتەوەی ماڵەکەوە سەگێکیان هەیە. دەبێت دوو بن. بەڵام لێرە گرامافۆنێکیان هەیە. (تەنیا یەك). لە نێوان زیل و بەمی گرامافۆن لێرەو، سەگەکانی حەوشەی پشتەوە گوێ لە دەنگی خانەخوێکەیان دەگرن، ماڵەکەی من، سەرم، خودی خۆم لەوێم. دراوسێیەتی ئەوەیە هەمان کات نێزیك و دووریش بیت. ئەمە خراپترین شتە لە دەرو دراوسێیەتی. بەڵام سەبارەت بەو دوو دراوسێیە، ئەوە کاریان هەیەو دەبێت تەواوی بکەن. ئەوان گرامافۆنەکە بەڕێوە دەبەن و، سەبارەت بە مافی هەر هەمووان دەپەیڤن. دەتوانم مەزەنددە بکەم چیم لەبارەوە دەڵێن. ئای چ ژن و مێردێکی خوێڕی و لەگامن، دەتوانن چی ئارەزوو بکەن دەربارەی من بیلێن، من دەربەستی هیچ نایەم. بەڵام ...سەبارەت بە وێ!. ئەگەر لەوە دڵنیام بم یەك وشەیان سەبارەت بە وێ گوتبێت ئەوە هەردووکیان دەکەمە دوو ئەندامی (ڕێکخراوی لاوانی ئازاد). لەو ڕووەوە بەردەوام هەڕەشەم لێ کردوون بەڵام ئەمڕۆ هەست بەوە دەکەم کە بە ڕاستی هەڕەشەکەم جێبەجێدەکەم. ئەوە ژیانیان لێ تاڵ دەکات. بەڵام ڕەنگە ئەو هەڕەشەیە جێبەجێ نەکەم، بە ڕاستی ئەوان هەر شایستەی ئەوە نین. دەتوانم گوێم لێیان بێت لە هەموو شوێنێك بلێن: (پاش نیوە شەو کیژە بەستەزمانەکەی ڕفاندو، بۆ خانی ئافرەتێکی سۆزانی بردو لەوێ دەستدریژی سێکسی کردە سەر، لەکاتێکدا پۆلیسی هەواڵگری پاسەوانی بەر دەرگاکەیان دەکرد تا کەس نەچێتە ژوورەوەو نەیبینێت). پاشان دیمەنەکە دێننە بەرچاویان کە من جلەکانی لەبەر دادەکەنم و هەڵیاندەتلیشێنم، کامیلایش چوون باڵندەیەك بە داوەوە بوو‌بێت، بە جەستەو بە پەڕو باڵەوە دەلەرزێت. هەروەها هەردووکیان دەڵێن: (پاشان بە چاوی نووقاوەوە وەك بلێیت تاوانێك ئەنجام بدات یان دەرمانێکی تاڵ هەڵقوڕێنێت و بێ ئەوەی دەستبازی لەگەڵ بکات بە زۆر سواری بوو). ئەگەر بیانزانیایە ئەوەی ڕوویدا زۆر لەو مەزەندەیەی ئەوان جیاوازتر بوو، منیش لێرەدا سەبارەت بەو ڕەفتارە

جەنتلّمانانەم نیوچە پەشیمانم! ئەگەر بیانزانیایە هەر هەموو ئەوەی دەیلێن هەڵەیە. لە ڕاستیدا هەردووکیان تەنیا دەیانەوێت کیژەکە وێنا بکەن. لەگەڵ مندا وێنای بکەن. لەگەڵ من و هەردووکیاندا وێنای بکەن. ئەوان جلەکانی لەبەر دادەکەنن، هەردووکیان مەزەندەی ئەو شتە دەکەن گوایە من ئەنجامم دابێت!. (لاوانی ئازاد) شایستەی ئەو دوو مرۆڤە نییە. دەبێت شتێکی لەوە خراپتریان بۆ بدۆزمەوە. باشترین سزا ـ لەبەرئەوەی هێشتە سەڵتن، بەڵێ بە ڕاستی هێشتە دوو سەڵتی دێرینن ـ ئەوەیە جووتێك لەو ئافرەتانە، لەو ئافرەتانەیان پێوە ببەستمەوە. من دوو ئافرەت دەناسم لەوانەی خڕو دەوری جەنابی سەرۆکیانە. کەواتە با ئەو دووانە بن. ئەو دووانە. بەڵام یەکێکیان دووگیانە. گرینگ نییە. بەڵکو باشترە ئەگەر جەنابی سەرۆك فەرمانی مارە بڕینەکە بدات ئەوە نارەزایی دەربڕین ناخوات کە بووکەکە دووگیانە. جا با لە ترساندا بیانخوازن، با بیانخوازن ...).

خۆی لەناو نوێنەکەدا گرمۆڵە کردو هەردوو بازووی خستە ناو هەردوو لاقیەوەو، سەری لەناو سەرینەکاندا نوقم کردو، لە ئاکامی نیگای هزرە بە ئازاربەخشەکانییەوە بە دوای پشوویێکدا دەگەڕا. چەند پێکدادانێکی جەستەیی لە وێنەی سووچە ساردەکانی نوێنەکەوە چاوەڕێیان دەکرد، کە لە سەرکردنی بیرکردنەوە پەرتەکانییەوە پشوویێکی کاتی پێ بەخشی. ئاکام، خۆی بەو خۆشنوودییانە دڵخۆش کرد کە پێشوازییان لێ دەکات ئەگەرچی ئازاریشیان هەیە کاتێك هەردوو قاچی بۆ دەرەوەی چەرچەفەکە درێژ کردەوە تا لە کۆتایی قەرەوێڵەکەوە بەر ئەستوونە ئاسنینەکە کەوتن. پاشان وردە وردە چاوی کردەوە. ئەو کاتەی وای کرد پێ دەچوو کە دەزووە زۆر بچووکەکانی هەردوو پێڵووی دەپچڕێنێت. هەستی کرد وەك سێبەر هیچ بارستاییەکی نییەو، ئێسکەکانی ناسك و نەرمن و، پەراسووەکانیشی وردتر دەبنەوە تا دەبنە قرتێنکەو سەریشی دەبێتە گونکە هەویرێکی تەڕ... جۆرە دەستێکی لە پەموو و خوری لەو بەیانییە زووە

باوه شێوەی چەکوشی دەنواند.. دەستێکی خوری و پەمووینی یەکێك لەوانەی بە نووستنەوە دەڕۆن ... خانووەکە لە چەکوش دروست کراوە... شارەکانیش دارستانگەلی چەکوشینن... گەلاّی دەنگەکان دەڕژانە سەر عەرد لەکاتێکدا لە دەرگاکەی دەدا...دەوەنی درەختی دەرگاکە هیچی پێ نەهات. پاش ئەوەی گەلاّکانی دەنگەکەی لێ ڕژانە سەر عەردو ... هیچی لەبەردەمدا نەمایەوە ئەوە نەبێت کە لە دەرگاکە بدات... ئەوانیش هیچیان بۆ نەمایەوە ئەوە نەبێت دەرگا بکەنەوە... بەلاّم دەرگایان نەکردەوە. دەکرا دەرگاکە بشکێنێت ئەوەندەی لێ دا... لێدان لە دوای لێدان، دەکرا دەرگاکە بشکێنێت، لێدان لە دوای لێدان... پاشان هیچ، دەکرا دەرگاکە بشکێنێنت...

ـ کێ لەبەر دەرگایە؟. چی؟.

ـ هەواڵی مردنی کەسێکە تازە هێناویانە.

ـ بەڵێ، بەلاّم بۆی مەبە، چونکە ڕەنگە ئێستە نووستبێت.لێرە لەسەر مێزەکەی دانێ.

(شەوی ڕابوردوو سنیۆر خواکین سیرۆن کۆچی دوایی کرد، پاش ئەوەی دوایەمین نهێنیی پیرۆزی نۆشی. بۆیە هاوسەرەکەی و منداڵەکان و کەس و کارەکانی دیکەی دەیانەوێت بە خەم و پەژارەوە ئەم هەواڵەتان پێ ڕابگەیەنن و، تکاخوازن ڕەحمەتی بۆ ڕەوانە بکەن و تەشریف بفەرموون کاتژمێر چواری ئێوارەی ئەمڕۆ لە گۆڕستانی گشتیی ئامادەی بەڕێ کردنی تەرمەکەی بن و پرسەداران لەبەردەم دەرگای گۆڕستانەکەدا گرددەبنەوە. ناونیشانی ماڵی خوالێخۆشبوو: شەقامی کارۆسیرۆیە).

فریشتە ڕوو بە ناچاری گوێی لە یەکێك لە خزمەتکارەکان بوو بە دەنگی بەرز هەواڵی کۆچی سنیۆر خواکین سیرۆنی دەخوێندەوە.

باڵێکی لە چەرچەفەکان قوتارکردو نووشتاندییەوەو لەژێر سەری دانا، مستەر (خوان کانالیس) لەناو مێشکیدا هاتوچۆی دەکردو جلوبەرگی پەڕی لەبەرکردبوو.

چوار دڵی لە تەختەدار دروست کراوو چوار دڵی پیرۆزی کردبوونەوەو کردبوونی بە ساج و لێی دەدان. دەیتوانی لە پشتەوە هەست بە خاتوو (خۆدیت) بکات، بە هەردوو مەمکە زلەکانییەوە کە لەناو مەمکدانە فلزییەکەیدا زیندانی کرابوون، لەگەڵ قژەکەی کە لەسەر شێوەی (بۆمبی) ڕێکخرابوو و شانەیەکی جوانی لەناوەڕاستەوە لێ دابوو وا لێکردبوو وێنەی ئەژدیها بنوێنێت. هەستی کرد ئەو باڵەی تەزیوە کە وەك سەرین خستبوویە ژێر سەری، بە وریایی درێژی کردەوە، وەك بڵێیت کراسێکەو دووپشکێکی تێدا بە وریایی ....... دەجووڵێتەوە...

ئەسانسێرێکی پڕ مێروولە بەرەو لای شانی بەرز دەبووەوە، ئەسانسێرێکی دیکەی مگناتیسی بەرەو لای قۆڵەنیسکی دادەبەزی. گرژبوونەوەکە لە لوولەی پێشەوەی بازوویەوە تێپەڕی و لەناو سێبەرەکاندا بزربوو. دەستی ئاوهەڵپژێنێك بوو ـ ئاوهەڵپژێنێك جووت پەنجەی پێوەبوو. هەستی بە دە هەزار نینۆك کرد تا پەنجە کەڵەی هەردوو پێی.

ـ (ئای کیژە بەستەزمانەکە، هەر لە دەرگا دەدەیت و بۆت ناکەنەوە ... ئەوانە دڕندەن، هێستری سین گرتوون. ئەگەر دەرگا بکەنەوە تفیان لە ڕوو دەکەم. بە دڵنیاییەوە، هەروەها سێ و دوو و پێنج ...و ... پازدەو ... نۆو نۆزدە ، تفیان لە ڕوو دەکەم. سەرەتا ئاسوودە دڵخۆش لە دەرگای دەدا، بەڵام لە کۆتاییدا وا پێدەچوو تاوێر هەڵبکۆڵێت. لە دەرگای نەدەدا، بەڵکو بە خۆی گۆڕی بۆ خۆی هەڵدەکەند. ئای چی وریابوونەوەیەکی تاڵە! ئەگەر بتوانم سبەینێ دەچم بۆ ئەوەی ببینم. بە بیانووی ئەوەی هەواڵی باوکی بۆ دەبەم. ئای، ئەگەر بمتوانیایە ئەمڕۆ هەواڵیم دەست بکەوتایە. دەتوانم ... ئەگەرچی بڕوای بە قسەکانیشم نییە ...).

***

(بڕوام بە قسەکەت هەیە! بڕوام هەیە، تەواو بڕوام بەوە هەیە کە مامەکانم نکۆڵییان لە بابم کرد و گوتیان نایانەوێت جارێکی دیکە من لە ماڵەکەیاندا ببینن).

کامیلا ئەمەی بە مێشکدا تێدەپەڕی کاتێك لەسەر نوێنەکەی (لامسکواتا) ڕاکشابوو، پشتیشی دەئێشا، کاتێك خەڵکانێك لەناو مەیخانەکەدا بوون، کە پەرژینێکی کۆنە تەختەدارو نایلۆن و پەڕۆو پاتاڵ لە ژووری نووستنەکەی جودا دەکاتەوە، ئەو خەڵکە قسەیان لە بارەی ڕووداوەکانی ئەمڕۆوە دەکرد: هەڵاتنی ژەنراڵ و، ڕفاندنی کیژەکەی و، چالاکییەکانی خۆشەویست، مەیخانەچییەکە خۆی وا پیشان دەدا، کە گوێی لە هیچ ئەو قسانەیان نییە، بەڵام بە تەنگی ئەوەوە بوو هیچ وشەیەکی ئەو قسانەی لە دەست نەچێت.

شەپۆلێکی نوێی لەناکاوی ڕشانەوە پاڵی بە کامیلاوە نا لەم گرووپە تاوانکارە دوور بکەوێتەوە. هەستکردن بە کەوتنە خوارەوە بە شێوەی ئەستوونی و بەبێ دەنگی ...پاش دوو دڵی نواندن، ئایە دەست بە هاوارکردن بکات ئەگەرچی ملهوڕیەتیش دەگەیەنێت، یان هاوار نەکات و ڕەنگە تەواو ببوورێتەوە، بڕیاریدا بۆ داواکردنی یارمەتی هاوار بکات. پاش ئەوە هەستی سەرمابوون گەمارۆیدا، وەك بڵێیت لەپەڕی باڵندەی مردارەوە بوو دروست کرابێت. یەکسەر (لامسکواتا) بە هەڵەداوان خۆی پێ گەیاند بۆ ئەوەی بە دەنگییەوە بچێت ـ چی ڕوویدا؟. کاتێك لەوێی بینی چوون بەفر ڕەنگی هەڵبزوڕکاوەو هەردوو دەستی چوون دەسکی گسك ڕەق هەڵاتوون و، هەردوو کاجیرەی وێك چوونەتەوەو هەردوو چاوی نووقاون، بە هەڵەداوان دەستی دایە کەمێك براندی لە نێزیکترین بوتڵ و بە دەم و چاویدا پرژاند. ئەوەندە نیگەران بوو، ئاگەی لێ نەبوو کاتێك کڕیارەکان مەیخانەکەیان بەجێ دەهێشت. لە پاکیزەو هەموو پیرۆزەکان پاڕایەوە کیژەکە لێرە لە ماڵەکەی ئەو نەمرێت.

***

ـ (کاتێك ئەم بەیانییە لێك جودا بووینەوە، کاتێك ئەو قسانەم پێ گوت دەستی بە گریان کرد. چی لە دەست دێت تا بیکات؟. ئەگەر شتێك ڕوویدات کە پێشتر پێشبینی نەکرابێت، مرۆڤ، یان لە خۆشیدا، یان لە خەفەتدا، دەگریت ...).

فریشتە ڕوو ئەو بیرە ڕاگوزارییانەی بە مێشکدا تێدەپەڕی کاتێك لەسەر قەرەوێڵەکە ڕاکشابوو، نیوچە نوستوو و نیوچە وریا ، لەسەر گرێکی شینی ئاسمانی بێدار بوو. وردە وردەش، بە ڕاستی خەو بردیەوە، بێ جەستە، بێ شێوە، چوون سروە بایەکی فێنك بە هۆی هەناسەکانییەوە بلەرێتەوە، بەسەر شەپۆلی هزرە شێواوەکانییەوە دەخولایەوە.

پاش ئەم کەوتنە ناو نەبوونەوە، هیچ شتێکی بۆ نەمایەوە کامیلا نەبێت، درێژ و شیرین، دلڕق، چوون خاچی ڕەپ ڕاوەستاوی سەر گۆڕەکان...

هێزی خەو پێشوازی لێ کرد، کە بە یەکێك لە کەشتییە بێ شومارەکانی بە دەریا تاریکەکانی ڕاستیدا دەسووڕایەوە. چەند دەستێکی نادیار لە هەردوو شەویلاکی داچەقیوی ڕووداوەکانیان دوورخستەوە، لە کاتێکدا شەپۆلە برسییەکان دڕندانە لەسەر پاشەرۆکی قوربانییەکان دەستەویەخەی یەکدی بووبوونەوە.

پاشای خەو پرسی: کێیە؟.

چەند پیاوێکی نەبینراو وەڵامیان دایەوە: (میگیل)ی فریشتە ڕوو.

دەستیان چوون سێبەری سپی، لەناو سێبەرە ڕەشەکانەوە، بە نەبینراوی و هەست پێ نەکراوی، درێژ کردەوە.

پاشای خەو بە دوو دڵییەوە گوتی: بیبەنە ناو کەشتییەکەوە ... کەشتیی ئەو ئەویندارانەی لەوە بێزاربوون هەست بە ئەوینداری و خۆشەویستی بکەن و دڵی خۆیان بەوە دەدایەوە کەسانی دیکە خۆشیان بوێن.

دەست و پێوەندەکانی پاشای خەو فەرمانەکەیان بەجێدەگەویاندو بۆ ئەو کەشتییەیان دەگواستەوە، کە بەسەر توێژاڵکی ئەو وەهمەدا دەڕۆشیت کە بە تۆزو

گەردیلەی ورد ڕووداوەکانی ژیانی ڕۆژانەی داپۆشیوە، کاتێك لەناکاو هەرا و هوریایەك چوون نینۆك لە چنگی دەرهێنان...

نوێنەکە ... خزمەتکارەکان ...

نا، ڕاگەیاندنەکە، نا ... کوڕەکە!

فریشتە ڕوو هەردوو چاوی هەڵکوڵفت و بە ترسەوە سەری بەرز کردەوە. دوو هەنگاو دوور لە قەرەوێڵەکەیەوە منداڵێك ڕاوەستابوو هەناسەبڕکێی بوو نەیدەتوانی بێتە گۆ. تا لە ئاکامدا گوتی:

ـ (ئافرەتە مەیخانەچییەکە ... ناردوومی ... پێت بڵێم ... کە پێویستە زوو خۆت بگەیەنیتە ئەوێ ... چونکە کیژەکە ... ژیانی شڕە...).

ئەگەر فریشتە ڕوو ئەو هەواڵانەی لە خودی جەنابی سەرۆکەوە پێ گەیشتبایە بەو خێراییە خۆی لەبەرر نەدەکرد کە خۆی لەبەرکرد. یەکسەر چووە دەرەوەو یەکەمین شەپقەی لەسەر کرد کە بە ئاسقییەکەوە بەر دەستی کەوت، قەیتانی پێڵاوەکەیشی نەبەسترابوو، بۆینباخەکەیشی نارێك بوو.

پاشای خەو پرسی: ئەو کیژە کێیە؟.

ئەوەبوو دەست و پێوەندەکەی تازە گوڵێکی سیس بووی ناو ئاوە سیانکەکانی ژیانیان بە نێچیر گرتبوو. وەڵامیان دایەوە: (کامیلا کانالیس).

ـ زۆر باشە. فڕێی دەنە ناو کەشتیی ئەویندارە بێ بەختەکانەوە، ئەگەر جێی شوێن پێیەکی تێدا ماوە...

دەنگی فریشتە ڕوو نەرمتر بوو و ڕیتمێکی باوکانەی نواند لە کاتێکدا گوتی: (دکتۆر بیرت بۆ چی دەچێت؟.) کامیلا زۆر نەخۆش نەبوو.

ـ لەو بڕوایەدام لەرزو تاکەی پەرە بستێنێت ... تووشی هەوکردنی سییەکان بووە ...

(٢٢)

## گۆڕی زیندوو

کوڕەکەی نەمابوو...(نینیا ڤیدینا)، بە جووڵەیەکی میکانیکیانە، جەستەکەی بۆ لای ڕوومەتی خۆی بەرزکردەوە کە شەلاڵی لەرزوتا ببوو، جووڵەکەی لە جووڵەی ئەوانەی دەکرد لە ئاکامی تێکچوونی ژیان و گوزەرانی هەرسهێناویاندا ئەقڵ لەدەست دەدەن. جەستەکە لە تۆوێکی وشك قورستر نەبوو. ماچێکی کرد. یاری لەگەڵ کرد. بەڵام لەناکاو لەسەر ئەژنۆی نووشتایەوە ـ جۆرە تیشکێکی زەردی کاڵ لەژێر دەرگاکەوە دەهاتە ژوورەوە ـ لە نێزیك ئەو کونەوە داچەمایەوە کە ئەو تیشکە پرشنگدارەی بەرەبەیانی لەسەر ئاستی عەرد لێوە دەهاتە ژوورەوە، بۆ ئەوەی ڕوونتر ئەوەی لە منداڵەکەی ماوەتەوە ببینێت.

منداڵەکە لەناو قوماتەکەیدا لە ئاوە لەمە دەچوو نەك منداڵێکی چەند مانگانە، چونکە دەم و چاوە بچووکەکەی چوون شوێنە برینێك چرچ و لۆچ بوو، دوو بازنەی ڕەشیش دەوری هەردوو چاویان دابوو. هەردوو لێویشی لە ڕەنگی گێچ دەچوون. خێرا لە تیشکەکەی دوورخستەوە و توند بە هەردوو مەمکە ئەستوورەکانییەوە نووساند. بە چەند ڕستەیەکی تێنەگەیشتراوی تێکەڵ بە فیغان سکاڵای بەر خواوەند برد. دڵیشی بۆ چەند چرکەیەك لە لێدان دەکەوت،

خەمەکانی بە فیغان لە دوای فیغان ڕەها دەکردو بە پچڕ پچڕی بڵمەبڵێکی لێوە دەهات لە هەنسکی کەسێك دەچوو لە گیانەڵادا بێت: کوڕەکەم ... کو ...کو... کو...کوڕەکەم!).

فرمێسك بە دەم و چاویدا هاتە خوارەوە کە هیچ دەربڕینێکی پێوە دیار نەبوو. گریا تا ئەو ڕادەی خەریکبوو هەست لە دەست بدات، مێردەکەی لەبیر چووبووەوە کە هەڕەشەی ئەوەیان لێ کردبوو لە بەندیخانە لە برساندا بمرێت ئەگەر ژنەکەی ددان بە تاوانەکەیدا نەنێت، هەروەها ژان و ئازارە جەستەییەکانی خۆی و، هەردوو دەست و هەردوو مەمکی بە کێم و زوخاوو هەردوو چاوی سووتاوو، پشتی شکاویشی لەبیر کردبوو، نیگەرانی سەبارەت بە کارەکەی بەلاوەنا، کە کەسێك نییە خۆی لێ تێبگەیەنێت و، سەرسوڕمان و واق وڕی بەسەریدا زاڵ بوون.کاتێك فرمێسکەکانی هشك بوونەوەو ئیدی نەیتوانی بگریت، هەستی کرد بووەتە گۆڕ بۆ کوڕەکەی و ئەوەتە جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە ناو سکی و، دوایەمین مت بوونی ئەو کە کۆتایی نایەت مت بوونی وێ دەگەیەنێت. بۆ چرکەیەك، خۆشنوودییەکی تیژی هەمیشەیی ئازارەکانی بڕی: چونکە بیرۆکەی ئەوەی کە بووەتە گۆڕی کوڕەکەی لە هەتوانێك دەچوو و دڵی فێنك کردەوە. هەستی بە شادومانی ژنانی ڕۆژهەڵاتی کرد کە بە زیندوویی لەگەڵ خۆشەویستەکانیاندا دەنێژرێن، بەڵکو شادومانییەکەی لەوە مەزنتر بوو ـ چونکە لەگەڵ کوڕەکەیدا نەدەنێژرا، بەڵکو ئەم دەبێتە گۆڕی زیندووی ئەو، دوایەمین بێشکەیەتی، ئامێزی دایکایەتی، هەردووکیان پێکەوە، بە یەکگرتوویی، چاوەڕوان دەبن، تا ئەو کاتەی خواوەند بۆ لای خۆی بانگیان دەکاتەوە. بێ ئەوەی فرمێسکەکانی بسڕێت، قژی ڕێکخست وەك بڵێیت بۆ ئاهەنگ دەچێت و، لە سووچێکی ژوورە تەسکەکەی بەندیخانەکەوە کە لە بیر دەچوو هەڵنیشت و، تەرمی کوڕەکەی بە هەردوو مەمك و نێوان هەردوو بازوو و هەردوو لاقییەوە نووسابوو.

گۆڕەکان مردووەکان لە ئامێز ناگرن، بۆیە دەبوو کوڕەکەی ماچ نەکات، بەڵام توند، توند فشاری دەخستە سەر، وەك چۆن ئێستە وا دەکات. ئەوانە قەڵغانی هێزو تواناو نەرمین، مردووان ناچار دەکەن بە بێ دەنگی و بێ جووڵە بەرگەی گێچەڵ پێ کردن و تەنگ پێ هەڵچنینی کرم و گەرمایی داهێزران بگرن. هەرچی ئەو تیشکە پێچاو پێچەیە کە لە کونی پشتەوەی دەرگاکە دێتە ژوورەوە، ئەوە هەر هەزار ساڵ جارێك پرشنگدارتر دەبێتەوە. سێبەرەکانیش، تیشکە دەرچووەکان ڕاوەدوویان دەنێن، لەسەرخۆ چوون کۆڵاژدم بە قەد دیوارەکاندا دەکشێن. دیواری لە ئێسك... ئەو ئێسکانەی وێنەی ڕووتیان لەسەر کێشراوە. (نینیا ڤیدینا) هەردوو چاوی خۆی نوقاند، چونکە گۆڕەکان لە ژوورەوە تاریکن، هیچ ورتەیەك یان فیغانێکیان لێوە نەهات، چونکە گۆڕەکان بەردەوام بێ دەنگن.

نیوەڕۆ بوو. بنی دار سەرووەکان بە ئاوی باران شۆرابوو. پەڕەسیلکەکان بە ئلسمانەوە دەفڕین. ڕێگەو بانەکان هێشتە لەبەر تیشکی هەتاودا دەبریسکانەوەو پڕ لە منداڵی چەتوون بوون. قوتابخانەکانیش ڕووبارێکی ژیانی نوێیان بەرەو شار بەتاڵ دەکرد. هەندێك لە منداڵەکان (چاوشارکێ)یان دەکرد، وەك مێش ئێرەو ئەوێیان دەکرد. هەندێکی دیکەیان دەوری دوو لە هاوەڵەکانی خۆیان دابوو وەك دوو کەڵەشێر دەستەو یەخە تێکگیرابوون. دەم و لووت خوێناوی، گریان، فرمێسك. هەندێکیشیان لە دەرگایان دەداو هەڵدەهاتن. هەندێکی دیکەشیان هەڵیانکوتایە ناو دوکانی شیرینەمەنییەکانەوە تا شەکەرۆکە و پەپکە گوێز و کێك بە لۆز و شیرینی مارنگی بکڕن، یان چەتەی دەریایی ئاسا هێرشیان بردە سەر سەبەتە میوەکان و، چوون بەلەمی بەتاڵ و شکێنراو بەجێیان هێشتن. بە دوای ئەوانیشدا ئەوانە هاتن سەرقاڵی فرۆشتنی شتی کۆنە، یان پوولی پۆستە گۆڕینەوە، یان یەکەمین هەولّی جگەرەکێشان بوون.

گالیسکەیەکی کرێ لەبەردەم بەندیخانەی (کاسانۆڤا)دا ڕاوەستا سێ ئافرەتی لاوو پیرەژنێکی قەڵەوی لێ دابەزی. بە ڕواڵەتیاندا دیاربوو کە کێن ئەوانەی هاتوون. ئافرەتە لاوەکان جلی لە لۆکە دروست کراوی ڕەنگاوڕەنگ و گوێرەوی سوورو پێڵاوی زەردی پاژنە زۆر بەرزیان پۆشیبوو، لەگەڵ تەنوورەی کورتی سەرووی ئەژنۆ کە ژێر کراسە دانتیل دارە پیسەکانیان لێوە دیاربوو، لەگەڵ بلووزدا کە لای ناوکەوە واڵا بوون. قژیشیان لەسەر ئەو شێوەی پێی دەگوترێت شێوەی لویسی پازدەیەم ڕێکخرابوو، بریتی بوو لەچەند قژی لوولدراو نغرۆی ڕۆنی قژو لەم لاو لەو لاوە بە دانتێلی سەوز یان زەرد بەسترابوون، سوورایی گۆناشیان ئەو گلۆپە سوورە کارەباییانەی بیر دەخستەوە کە بە بەردەم خانووی سۆزانییەکاندا هەڵدەواسران. هەرچی پیرەژنەکە بوو کە جلێکی ڕەشی لەبەر کردبوو شاڵێکی ئەرخەوانی لەسەریەوە پۆشیبوو، کاتێك لە گالیسکەکە دابەزی پێی هەڵدەنووتاو بە دەستە قەڵەوە پڕ لە زێڕو مرواریییەکەی دەرگاکەی دەگرت.

کیژە بچووەکەیان دەنگی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی تەنانەت بەردەکانی ڕێگەکەیش بیبیستن و پرسیاری کرد: (خاتوو چۆن گالیسکەکە چاوەڕێمان دەکات، ئەدی وا نییە؟).

پیرەژنەکە وەڵامیدایەوە: (بەڵێ، دەشێت لێرە چاوەڕێمان بێت).

هەر چواریان ڕوویان کردە (کاسا نۆڤا) و دەروازە بە ڕواڵەتی پێشوازی و شادییەوە پێشوازی لێ کردن.

کەسانێکی دیکەیش هەبوون لە هۆڵە دیمەن دژوارەکەدا چاوەڕێیان دەکرد.

پیرە ژنەکە لە دەرگاوانەکەی پرسی: (شینتا پێم بڵێ، ئایە سکرتێرەکە لێرەیە؟.).

ـ بەڵی خاتوو (چۆن)، هەر ئێستە گەیشت).

ـ کەواتە تۆو گیانی خۆت ئاگەداری بکە کە دەمەوێت ببینم چونکە لەگەڵ خۆم فەرمانێکی نووسرام بۆ هێناوە، بۆ من زۆر زۆر گرینگە.

لەماوەی ڕۆیشتنی دەرگاوانەکەدا پیرەژنەکە بێ دەنگ بوو. هێشتە شوێنەکە، بەلای بەساڵداچووانەوە لەوانەی هاوتەمەنی ئەو بوون، کەش و هەوای دێرەکانی دەنواند، چونکە تەلارەکە، پێش ئەوەی بکرێتە بەندیخانە بۆ لەڕێ لادەرەکان، بەندیخانەی ئەویندارانی بوو، تەنیا بۆ ئافرەتان. دەنگی زوڵاڵی ئافرەتە ڕاهیبەکانی (سانت تیرێزا) چوون دەنگی فڕینی کۆتر لە نێوان دیوارە زەبەلاحەکانیدا دەزرنگایەوە. هیچ نیلۆفەرێکیش نەدەبینرا، بەڵام تیشك سپی و دڵڕفێن و دڵڕەوین بوو، لە جیاتی ڕۆژوو و گونیەیش پەنا بەر دڕکی هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجەدان برابوو کە لەژێر سایەی نیشانەی خاچ و تۆڕی جاڵجاڵۆکەدا باوبوون.

کاتێك دەرگاوانەکە گەڕایەوە، خاتوو (چۆن) ڕۆیشت بابەتەکەی بۆ سکرتێرەکە شی بکاتەوە. پێشتر کارەکەی خۆی لەگەڵ بەڕێوەبەری بەندیخانەکەدا ڕێکخستبوو، داواکاری گشتیی سەربازی فەرمانی دەرکردبوو ـ بەرانبەر بە دە هەزار بیزۆ، کە باسی نەکرد ـ ئافرەتی بەندکراو (ڤیدینا دی ڕۆداس)ی ڕادەست بکەن. کە لەو کاتەوە دەبێتە نیشتەجێی (چێژی شیرین) کە ناوی تیاترۆخانەکەی خاتوو (چۆن) ئافرەتە ددان زێڕینەکە بەو ناوەوە ناونرابوو.

دوو دەنگی چوون دەنگی هەورە تریشقە لە ژوورە تەسکەکەی بەندیخانەکەوە هات کە هێشتا ئافرەتە بەندکراوە بەدبەختەکە بە خۆی و منداڵەکەیەوە ڕاکشابوون، بێ جووڵەو، بە چاوی نوقاوو بە ئاستەم هەناسەی دەدا. بە هەوڵێکی زۆرەوە، خۆی وا پیشان دا کە نابیسێت. پاشان جیڕەی کلۆمی دەرگاکە بەرزبووەوە. لەناو بێ دەنگییەکەشەوە، دەنگی جیڕەی شتی دیکەیش کە کەم جار بەکارهێنراوەو، لە هاوار دەچوو، بەرگوێکەوت. دەرگاکەیان کردەوەو توند گرتیان، هەردوو چاوی توند نوقاند بۆ ئەوەی تیشکەکە نەبینێت، چونکە گۆڕ لەناوەوە

تاریکە. بەو شێوەیە کوێر ئاسا ڕایانکێشا، لە کاتێکدا جەستەی منداڵە بچووکەکە خۆشەویستەکەی توند بە سینگی خۆیەوە نووساندبوو. ئاژەڵ ئاسا بۆ ناپەسەندترین کار فرۆشرا.

ـ بە ڕواڵەت خۆی وا پیشان دەدات کە کەڕو لاڵ بێت.

ـ چاوی دەنووقێنێت بۆ ئەوەی نەمانبینێت.

ـ نا، ئەوەی ڕاستی بێت، شەرم دەکات.

ـ ڕەنگە نەیەوێت منداڵەکەی بە ئاگابهێننەوە.

ئەمە قسەو پلاری (چۆن)ی ددان زێڕین و هەر سێ کیژەکانی بوو لەکاتی گەشتەکەدا. هەرکە گالیسکەکە بەڕێ کەوت، بە درێژایی ڕێگەکە کە قیرتاو نەکرابوو، تەق و تۆقی دەهات و گوێی کەڕ دەکرد.گالایسکەوانەکە، کە کابرایەکی ئیسپانی بە ڕواڵەت (کیشۆتی) بوو، جنێو لە دووی جنێوی بە هەردوو ئەسپەکەی دەدا، هەردووکیان تایبەت بوون بە گۆڕەپانی زۆانبازی، وەك بڵێیت بە خۆی شۆڕەسواری زۆرانبازییەکەیە، (نینیا ڤیدینا) بە درێژایی گەشتەکە لە بەندیخانەی (کاسا نویڤا)وە بۆ خانووەکانی سۆزانییەکان (وەك لە گۆرانییەکە وایە) دانیشتبوو، هیچ ئاگەی لەو ڕووداوانە نەبوو لە چوار دەوری ڕوویان دەدا، بێ ئەوەی هەردوو پێڵوو یان هەردوو لێوی بجوولێنێتەوە، بەڵکو بە هەموو توانایەکییەوە منداڵەکەی توند لە ئامێزگرتبوو.

کاتێك خاتوو (چۆن) کرێیەکەی بە گالیسکەوانەکە دەدا، ئەوانی دیکە یارمەتی (ڤیدینا)یان دا لە گالیسکەکە دابەزێت و لەسەرخۆ پاڵیان پێوە ناو بردیانە ناو خانووی (چێژی شیرین)ـەوە.

چەند کڕیارێك لەوێ بوون، زۆربەیان سەرباز بوون، ئەو شەوەیان لە سالۆنی سۆزانیخانەکەدا بەسەر دەبرد. خاتوو (چۆن) کاتێك چووە ژوورەوە هاوارێکی بەسەر بارمانەکەدا کرد و پرسی: کابرا کاتژمێر چەندە؟.

سەربازێك هەڵیكێشا: (خاتوو چۆن شەش و بیست خولەكە).
ـ (ئای، ئەی پیری ئاژاوەگێڕ تۆ لێرەیت؟. من نەمبینیت!).
هەر هەموویان چاویان بڕییە ئافرەتە نوێیەكە و ویستیان ئەو شەوەی لەگەڵ ڕابوێرن. (ڤیدینا) كەللەڕەقانە درێژەی بە بێ دەنگییەكەی خۆی دا، كە لە بێ دەنگی گۆڕستان دەچوو، بە هەردوو بازووی جەستەی مندالّەكەی گوشیبوو، هەردوو چاویشی نوقاندبوو، هەستی بە ساردی و قورسی بەردەكان دەكرد.
ددان زێڕینەكە بە هەر سێ كیژەكەی گوت: دەی، بیبەنە مووبەقەكەو بە (مانویلا) بڵێن شتێكی پێ بدات بیخوات، كارێكی وا بكەن هەندێك خۆی بڕازێنێتەوەو دەست بە خۆیدا بهێنێت.
ئەفسەرێكی تۆپخانەی چاو شینی ڕەنگ پەڕیو بەرەو لای كیژە نوێیەكە ڕۆیشت و دەست بە هەردوو پووزیدا بهێنێت. بەڵام یەكێك لە سێ كیژەكە پاراستی و نەیهێشت توخنی بكەوێت. ئەو كات سەربازێكی دیكە باوەشی بەناو قەدیدا كرد وەك بڵێیت دارخورما بێت، هەردوو چاوی گێڕ كردەوەو ددانە هیندییە جوانەكانی خستە دەر، دەتگوت ئەو گەماڵەیە لە كاتی دێڵە بە بادا دوای دێڵەكەی كەوتووە. پاشان ماچێكی كردو هەردوو گۆنا بەفرینەكانی، كە لە ئاكامی فرمێسكەوە سوێر بووبوون، بە هەردوو لێوی دەلێسایەوە كە براندییان لێ دەچۆڕا. ئەوەیش باشترین یەكیەتی نێوان سەربازگەی سەربازەكان و سۆزانیخانەكانی بەرجەستە دەكرد، چونكە گەرمای سۆزانییەكان باشترین قەرەبووی سەرمای گۆڕەپانی مەشق كردنی سەربازگەكانە.
خاتوو (چۆن) بۆ ئەوەی كۆتایی بەو دیمەنە ناشیرینە بهێنێت گوتی: (ئێستە، تۆ ئەی گێچەڵباز، ئەی داوێن پیس، واز لەمە بێنە! ئا، باشە، ناچارین بتبەستینەوە).

(ڤیدینا) دژ بەم شتە ئالۆش بەخشانە هیچ بەرگرییەکی لە خۆی نەکرد، بەڵکو تەنیا هەردوو پێڵوو و هەردوو لێوی توندتر نوقاند بۆ ئەوەی تاریکی و بێ دەنگیی خۆی، کە لە گۆڕ دەچوون، لە هێرش بپارێزێت، لە کاتێکدا منداڵە مردووەکەی توندتر بە سینگی خۆوە نووساندو بەهەردوو بازووی ڕایژەند وەك بڵێیت نووستبێت. بردیانە حەوشەیەکی بچووکەوە، لەو شوێنەی کە سێبەری لای ئێوارە وردە وردە دەڕژایە ناو ئاوهەڵپژێنەکەوە. دەنگی ئاھ و ناڵە، دەنگی نزم، چرپەی ئافرەتانی نەخۆش، کیژانی قوتابی، ئافرەتانی بەندکراو یان ئافرەتانی ڕاهیب، پێکەنینی ساختە، هاواری ناقۆڵای کورت، هەنگاوی پێگەلێك تەنیا گوێرەوییان لەپێ بوو. یەکێکیان پاپەزەکانی لە دەرگای ژوورێکەوە فڕێ دا، پاپەزەکان لە شێوەی پانکەیەك کەوتنە سەر عەرد، کەس نەیزانی کێ ئەو کارەی کرد. ئافرەتێکی قژ بژ سەری لە کونێکی بچووکەوە دەرهێناو لە پاپەزەکانی نواڕی وەك بڵێیت خودی چارەنووس بنوێنێت، پاشان فرمێسکێکی سڕی بەسەر گۆنا ڕەنگ پەڕیوەکەیەوە شۆڕ بووەوە.

چرایەکی سوور لە قەد دەرگای دەرەوەی سۆزانیخانەی (چێژی شیرین) هەڵواسرابوو. لە چاوێکی ئاوساوی ئاژەڵێك دەچوو، مۆرکێکی تراژیدی بە پیاوەکان و بەردەکان و نهێنییەکانی کامێرا فۆتۆگرافییەکان و ژوورەکانی فیلم شوشتن دەبەخشی. پیاوەکان دەهاتن تا لەناو ئەو تیشکە سوورەدا مەلە بکەن وەك قوربانیانی نەخۆشی سووریژە کە بە هیوان کێمەکانیان چارەسەر بکرێن. بە شەرمەوە دەم و چاویان بەر تیشکەکە دەدا نەوەك کەس بیانبینێت، وەك بڵێیت خوێن هەڵبقوڕێنن، پاشان بۆ ژێر تیشکی شەقامەکە، بۆ ژێر تیشکی سپیی شارەوانی، بۆ ژێر تیشکی بێ گەردی ماڵەکانیان دەگەڕانەوەو، هەستیان بە نیگەرانی دەکرد کە وێنەکەیان باش نەشوشترابێتەوە.

(ڤیدینا) هێشتە نەیدەزانی چی لە دەورو بەری ڕوودەدات، بەڵام بیرۆکەیەکی بەسەردا زاڵ بوو ئەویش ئەوەبوو کە بەبێ منداڵەکەی هیچ بوونێکی نییە. هەردوو چاوو هەردوو لێوی لە پێشتر پتر نوقاندبوو، هێشتە جەستە بچووکەکەیشی بە هەردوو مەمکە پڕ لە شیرەکەیەوە جەڕاندبوو، هاوەڵەکانی زۆر کۆشان و هەوڵیان دا ئەو ڕەوشەی بگۆڕن، کاتێك بۆ چێشتخانەکەیان دەبرد.

(مانویلا کالافانۆ)ی چێشت لێنەریش، چەندین ساڵە بە شاژنی کاروباری چێشتخانەو شتە پێوەندیدارەکانی سۆزانیخانەی (چێژی شیرین) دەستنیشان کرابوو، لە باوکێکی بە بەزەیی بێ ڕدێن دەچوو، کە تەنوورەیەکی پەڕپەڕی لەبەربوو. هەردوو شەویلاکی داهێزراوی ئەم چێشت لێنەرە بەرێزە زۆر زەبەلاحە پڕ لە کەرەستەیەکی هەوایی بوون ، بیانوویێکی بۆ خۆی دۆزییەوە بۆ ئەوەی چەند ڕستەیەکی توند ئاراستەی (ڤیدینا) بکات کاتێك چاوی پێ کەوت:

ـ (ها، سۆزانییەکی داوێن پیسی دیکە، باشە، ئەمە لە کوێوە هات؟. ئەی ئەمە چییە بە سینگی خۆوەی نووساندووە؟.).

هەرسێ کیژەکە نەیانوێرا زار بترەکێنن، ئەگەرچی نەیاندەزانی لەبەر چ هۆکارێك بوو، بە ئاماژە چێشت لێنەرەکەیان تێگەیاند ـ وەك دەست لەسەر یەك دانان، نیشانەی ئاسنی بەندیخانە ـ کە لە بەندیخانەوە هاتووە.

پاش ئەوە تێبینی ئافرەتەکە ئەوەبوو: (سەگی گلاو!) پاشان کە ئەوانی دیکە چوونە دەرەوە گوتی: (پێویستە ژەهرت دەرخوارد بدەم لە جیاتی ئەوەی خواردنت دەرخوارد بدەم! ئەمەو ئەوەیش بگرە!) بە شیشی گۆشتەکە چەند شیشێکی بە پشتیدا کێشا.

(ڤیدینا) لەسەر عەردەکە دانیشت تەرمی منداڵە بچووکەکەی لەئامێزبوو، بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە یان چاو بکاتەوە، ماوەیەکی دوورو درێژە بە هەمان شێوە هەڵیگرتووە تەنانەت هەست بەوە ناکات کە قورس بێت.

(مانویلا) دەستی بە هاتن و ڕۆیشتن بۆ ئێرەو ئەوێ کرد، دەستی بەرز دەکردەوەو نیشانەی خاچی دروست دەکرد، لە کاتی هاتن و چووندا هەستی بە بۆنێکی بۆگەن لەناو چێشتخانەکەدا کرد. لای حەوزەکەوە گەڕایەوە سینییەکی بە دەستەوە بوو، ـ بێ چاوەڕوانی ـ نووکە شەقی لە (ڤیدینا) دەسرەواندو بەسەریدا هەڵدەشاخا: (شتێکی بۆگەنت پێیە بۆنی بۆگەنی لێ دێت. فڕێی دەو لێرەوەی دوورخەوە! فڕێی دە، من نامەوێت لێرە بێت!).

بە هۆی هاوارەکانی (مانویلا)وە خاتوو (چۆن) هاتە مووبەقەکەوە، هەردووکیان، وەك بڵێیت درەختێك لە ڕەگ و ڕیشەوە هەڵدەکەنن، بۆ ئەوە هەردوو بازووی ئافرەتە بەستەزمانەکە بکەنەوە هاریکاری یەکدییان کرد. بەڵام کاتێك زانی کە دەیانەوێت منداڵەکەی لە چنگ دەربهێنن، هەردوو چاوی کردەوەو هاوارێکی توندی کردو پاشان بوورایەوەو کەوتە سەر عەردەکە.

(مانویلا)یش هاواری کرد: ئەوە منداڵەکەیە ئەو بۆنە بۆگەنەی لێ دێت. مردووە! ئای خودایە!

ددانزێڕین لە هیچ لۆژیکێك نەکۆڵایەوە، لە کاتێکدا سۆزنییەکان ڕژانە ناو مووبەقەکەوە خۆی گەیاندە لای تەلەفۆنەکە بۆ ئەوەی کاربەدەستان ئاگەدار بکاتەوە. هەر یەکە لە سۆزانییەکان دەیانویست منداڵەکە ببینن و ماچی بکەن و ماچبارانیان کردو لە نێوان خۆیاندا لەسەری بەشەڕهاتن. دەم و چاوە بچووکەکە نغرۆی لیکی ڕیسوایی بووبوو، بۆنێکی بۆگەنی لێوە بەرز دەبووەوە. شوێنەکە سیخناخ بوو لە گریان و قسەکردن لەبارەی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەکە. کوێخا (فارفان) ڕۆیشت مۆڵەتی ناشتن لای پۆلیس وەربگرێت.. قەنەفەو جێگەکانی ناو گەورەترین ژووری تایبەتی نووستنیان دەرهێنا، بخوردیان سووتاند بۆ ئەوەی بۆنی گەنیوی سپێرمانەکانی قەد پەردەو مافوورەکانی پێ قاو بدەن. (مانویلا)یش بۆ چێشت لێنان قیری بەکارهێنا، منداڵەکەیان لەسەر

شووشەیەکی ڕەش لەناوەڕاستی گوڵ و کەتاندا دانا، وشك و ڕەنگ زەرد، چوون تۆوێکی ڕووەکی لەولاو ڕاکشابوو.

بە ڕوخساری هەموویانەوە دیار بوو وەك بڵێیت ئەو شەوە هەر یەکەو جگەرگۆشەیەکیان لەدەست داوە. چوار مۆم دەسووتان. بۆنی پەپکەی گەنمە شامی و براندی و جەستەی نەخۆش و قونگە جگەرەو ئارەق ئەو ناوەی تەنیبووەوە.

ئافرەتێکی نیوچە سەرخۆشیش لەوێ بوو، مەمکێکی ڕووت بوو، جگەرەی دەکرۆشت لە جیاتی ئەوەی بیکیشێت، لەگەڵ ڕووباری فرمێسکدا ئەم وشانەی دەگوتەوە:

بنوو کوڕە ساواکەم بنوو
بنوو ساوا خۆشەویستەکەم بنوو
ئەگینا گورگ دێت و
دەتخوات!
بنوو ژیانی دایە بنوو
چونکە دەبێت ئێستە بچم
پەڕۆکانت بشۆم و
جلت بۆ بدرووم.

(٢٣)

## ڕاپۆرتێـك سـەبارەت بـەو نامانـەی ئاراسـتەی جـەنابی سەرۆك كراون

١ـ خاتوو (ئەلیخاندرا)، بێوە ژنەكەی خوالێخۆشبوو (باون)، كە نیشتەجێی ئەم شارەیەو، ئافرەتی خاوەندی كۆگەی مۆبیلیات كە بە ناوی (لاباییینا فراكا)یە، ددان بەوەدا دەنێت لەبەرئەوەی كۆگەكەی لە تەنیشت مەیخانەی (لۆتۆ ـ تیپ)ـەوەیە، ئەوە دەیتوانی چەند كەسێك ببینێت هاتوچۆی مەیخانەكە دەكەن، بە تایبەتی شەوانە، بە بیانووی بینینی ئافرەتێكی نەخۆشەوە. پێی خۆشە جەنابی سەرۆك لەو ڕووداوانە ئاگەدار بكاتەوە، چونكە بۆی دەركەوتووە ـ بە هۆی ئەو قسانەی لەو دیوی دیوارەكەوە بیستوونی ـ ڕەنگە ژەنەراڵ (ئیۆسپیۆ كانالیس) لە مەیخانەكە خۆی شاردبێتەوەو ئەوانەی هات و چۆی ئەو شوێنە دەكەن پیلان دژ بە سەلامەتی دەوڵەت و ژیانی گرانبەهای جەنابی سەرۆك دەگێڕن.

٢ ـ خاتوو (سۆلیداد بلماریس)، نیشتەجێی ئەم شارە، ددان بەوەدا دەنێت لەبەرئەوەی هیچ شتێكی نییە خۆی پێ بژێنێت، چونكە هەموو داهات و پارەو پوولەكانی تەواو بوونە. جا لەبەرئەوەی لێرە كەس نایناسێت و كەسیش قەردی پێ نادات، ئەوە تكا لە جەنابی سەرۆك دەكات (مانویل بلماریس أ)ی كوڕی و

(فیدیریکۆ ئۆرنیرۆس ب)ی مێردی خوشکی ئازاد بکات و دەشێت وەزیری ڕێ پێ دراو لە باڵیۆزخانەی وڵاتەکەی لێرە شایەتی بدات کە ئەو دوو کەسە هیچ پێوەندییەکیان بە سیاسەتەوە نییەو، تەنیا بۆ ئەوە هاتوونەتە ئێرە تا بە کاری سەربڵندانە بژێو بۆ خۆیان پەیدا بکەن و، تەنیا تاوانیان ئەوەیە ڕاسپاردەیەکی ژەنەراڵ (ئیۆسپیۆ کانالیس)یان پەسەند کردووە کارێکیان لە وێستگەی شەمەندەفەر بۆ دەستەبەربکات.

٣ ـ کۆلۆنێل برۆد نسیۆ پیرفیکتۆ پاز ددان بەوەدا دەنێت: ئەو گەشتەی لەم دواییەدا بۆ سەر سنوور ئەنجامیدابوو بەمەبەستی لە نێزیکەوە ئاگەداربوونی ڕەوشی زەوی و زارو ڕێگەو بان و ڕێگە وشکانییەکانی ئەو ناوچەیە بووە تا ئەو شوێنانە دەستنیشان بکرێن کە پێویست دەکەن هەنگاوی توندو تۆڵ تریان تێدا وەربگیرێت. بەدوورو درێژیش باسی ئەو پلانی هەڵمەتە دەکات کە دەشێت لە چەند خاڵێکی ستراتیژی شیاو جێبەجی بکرێت ئەگەر هات و بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بقەومێت، لای خۆیەوە ئەو هەواڵە دووپات دەکاتەوە کە کەسانێك لەسەر سنوور بۆ ئەو مەبەستە خۆیان ناونووس کردووە، لەوانەیش (خوان لیۆن پارادا)و ئەوانی دیکە. ئەوانە ئەم جۆرە چەکانەیان هەیە: بۆمبی دەستی، ڕەشاشی دەستی، تفەنگی مەودا سنووردار، دینامیت و پێداویستی دیکەی وەك پێداویستی مین دانانەوەو، شۆڕشگێڕان ٢٥ تا ٣٠ چەکداریان هەیەو دەتوانن هێرش بکەنە سەر ئەو هێزانەی حکوومەت کە لەوێن. نەیشیتوانی ئەو هەواڵە پشت ڕاست بکاتەوە کە (کانالیس) فەرماندەیانە، بەڵام ئەگەر کارەکە بەو شێوەیە بوو، ئەوە بێ گومان وڵاتەکەمان داگیر دەکەن ئەگەر هەنگاوی دیپلۆماسی بۆ بەدەستەوەدانی ئەو شۆڕشڤانانە لە لایەن وڵاتی دراوسێوە نەهاوێژرێت. دەشڵێت: ئەو ئامادەیە ئەو هێرشە ئەنجام بدات کە سەرەتای مانگی دادێی بۆ دەستنیشان کراوە، بەڵام پێویستی بە چەکە بۆ تیپی پیادە، تەقەمەنی تەواویشی نییەو، چەند نەخۆشێکیشی لێ دەرچێت لەوانەی پێویستیان بە

چاودێری پزیشکی هەیە، ئەوە ڕەوشی هێزەکانی زۆر باشەو، ڕۆژانە لەکاتژمێر شەشی بەیانییەوە تا هەشتی بەیانی مەشق و ڕاهێنانیان پێ دەکرێت و، هەفتانەیش یەك سەر مەڕیان بۆ خواردن بۆ سەردەبڕرێت و، ئەوەی لە خوارەوە ئیمزای کردووە بۆ دروستکردنی سەنگەر داوای چەندین کیسە زیخی لە بەندەرەکە کردووە.

٤ ـ (خوان ئەنتۆنیا ماریس)، سوپاسی جەنابی سەرۆك دەکات بۆ ئەو بایەخ پێدانەی بەرانبەری نواندوویەتی و چاودێری پزیشکی بۆ دەستبەرکردووە. ئێستەیش ئامادەیە بگەڕێتەوە سەر خزمەت و داوای لێ دەکات ڕێی پێ بدات بێتە پایتەخت تا هەندێك لەو ئەرکانە ڕاپەڕێنێت بە هۆی زانیارییە تایبەتییەکانییەوە لەمەڕ ئەو چالاکییانەی کە (قابیل کرفخاڵ)ی پارێزەر ئەنجامیان دەدات.

٥ ـ (لویس ڕافیلیس م)، ددان بەوەدا دەنێت لەبەر نەخۆشییەکەی و نەبوونی ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ئەوەی تەندروستی چاك ببێتەوە، ئەوە حەز دەکات بگەڕێتەوە ویلایەتە یەکگرتووەکان و، ئارەزوو دەکات لەیەکێك لە پۆستەکان لە کونسوڵخانەیەکی کۆماردا دامەزرێنرێت، نەك لە (نیۆ ئۆرلیانز)و نەیش بە پێی بارودۆخ و مەرجەکانی پێشوو، بەڵکو بەو ناوەی کە هەڤاڵێکی دڵسۆزی جەنابی سەرۆکە. ئەوە بوو لە خۆشبەختی ئەو بوو ناوی لە لیستی دیدارەکانی مانگی کانوونی دووەمی ڕابوردوو تۆمار کرابوو، بەڵام کاتێك لەناو هۆڵەکە بوو و ئەوەندەی نەمابوو بچێتە ژوورەوە، جۆرە گومانێکی لای ئەفسەرانی پاسەوانی تێبینی کرد، کە شوێنی ناوەکەیان لەناو لیستەکەدا دەستکاری کردو گۆڕییان، کاتێکیش نۆرەی هات، ئەفسەرەکە بۆ ژوورێکی تەنیشتی بردو پشکنی وەك بڵێیت لە ئاژاوەگێڕەکان بێت. پێشی گوت لەبەر ئەوە دەیپشکنێت چونکە هەواڵی ئەوەیان بەدەست گەیشتووە کە (قابیل کرفخاڵ) پارەی پێ داوە بۆ ئەوەی سەرۆك کۆمار تیرۆر بکات. کاتێکیش گەڕایەوە هۆڵەکە، بینی کە دیدارەکەی ئەو هەڵوەشێنراوەتەوە، جا لەبەرئەوەی لەو کاتەوە هەرچی لە دەست هاتبێت درێغی

نەکردووە بۆ ئەوەی جەنابی سەرۆك ببینێت و لە هەندێك لەو شتانەی ئاگەدار بکاتەوە کە ناشێت لەسەر کاغەز بنووسرین، کەچی لەو کۆششەیدا سەرنەکەوتووە.

٦ ـ (نیکۆمیدس ئاسیتۆنۆ) دەنووسێت و ددان بەوەدا دەنێت کە پاش یەکێك لەو گەشتانەی بۆ کارەکانی خۆی ئەنجامیان دەدات کاتێك بەرەو پایتەخت دەگەڕایەوە تێبینی ئەوەی کرد ئەو ڕیکلامەی بە تانکی ئاوەکەوە بوو ـ کە ناوی جەنابی سەرۆکی لەسەرە ـ نێزیکەی هەر هەمووی شێوێنراوە، چونکە شەش پیتی لێ کراوەتەوەو ئەو پیتەکانی دیکەش شێوێنراون.

٧ ـ (لۆسیۆ ڤاسکیز) کە بە فەرمانی داواکاری گشتیی سەربازی دەستگیر کراوە و لە بەندیخانەی ناوەندییە، تکا دەکات بە دیداری جەنابی سەرۆك شاد بێت.

٨ ـ(کاتارینۆ ڕیخیسیۆ) ددان بەوەدا دەنێت کە تەلاری (لاتییێرا) بەڕێوە دەبات کە تەلاری ژەنەراڵ (ئیۆسپیۆ کانالیس)ـەو، لە ڕۆژێك لە ڕۆژانی مانگی ئابی ڕابردوودا ئەو بەڕێزە سەری لە چوار هاوەڵی خۆی داوە، پێی ڕاگەیاندوون (ئەو کاتە سەرخۆش بووە) ئەگەر شۆڕش هەڵبگیرسێت ئەوە دوو بەتالیۆن لەژێر فەرماندەیی ئەودا دەبن: یەکێکیان بە فەرمانی یەکێك لە هاوەڵەکانی دەجووڵێنەوە، کە ژەنەراڵ (فارفان)ـە و ئەوەکەی دیکەیشی بە فەرماندەی یەکێك لە مێجەر ژەنەراڵەکانە بێ ئەوەی ناوی ببات. جا لەبەرئەوەی هێشتە پڕوپاگەندە سەبارەت بە شۆڕش بەسەر زاراندا بلاّو دەبێتەوە، ئەوەی ئەمەی لە خوارەوە ئیمزاکردووە ئەو شتانە دەنووسێت بۆ ئەوەی جەنابی سەرۆك لەو شتانە ئاگەدار بکاتەوە، لەبەرئەوەی نەیتوانیوە بە دیداری بگات تا بە خۆی ئەو شتانەی پێ ڕابگەیەنێت، ئەگەرچی لەو بارەوە هەوڵێکی زۆریشی دابوو.

٩ ـ ژەنەراڵ (میگادیۆ ڕایۆن) نامەیەك هاوپێچ دەکات لە قەشە (بلاّس کۆستدیۆ)وە بە دەستی گەیشتووەو ددان بەوەدا دەنێت کە ئەب (ئۆرکیخۆ) درۆی

بۆ هەڵدەبەستێت (گوایە بە فەرمانی ئەسقوف لە سەرۆکایەتی ئەبرەشییەی (سان لۆقا) شوێنی ئەب دەگرێتەوە) و بە درۆکانی دانیشتووانی کاسۆلیکی لیّ هان دەدات، لەمەیشدا خاتوو (ئەرکادیا دی ئەیۆسۆ) هاریکاری دەکات. جا لەبەرئەوەی دەشێت بوونی ئەب (ئۆرکیخۆ) لە ئەبرەشییەکە دەرەنجامی خراپی لیّ بکەوێتەوە، کە دۆستی (قابیل کرفخاڵ)ـە، بۆیە ئەوەی لە خوارەوە ئیمزای کردووە پێی خۆشە جەنابی سەرۆك لەم ڕووداوانە ئاگەدار بکاتەوە.

١٠ ـ (ئەلفریدۆ تۆلیدانۆ) خەڵکی ئەم شارە، ددان بەوەدا دەنێت کە لەبەرئەوەی شەوان بە دەستی شەوبێدارییەوە دەناڵێنێت و خەوی لیّ دەکەوێت کاتێکی درەنگی شەو نەبێت، ئەوە تێبینی کرد کە یەکێك لە هەڤاڵانی جەنابی سەرۆك ـ کمە ئەویش میگێل دەم وچاو فریشتەییە ـ توند لە دەرگای ماڵی بەڕێز (خوان کانالیس)ی برای ئەو ژەنەراڵەی دەدا، کە بە هەمان نازناوەوە دەناسرێت، کە ئویش ڕاهاتووە ڕەخنە لە حکوومەت بگرێت، بۆیە ئەوە بە جەنابی سەرۆك ڕادەگەیەنێت بەشکو شتێکی ئەوتۆی تێدا بوو سەرنجی ڕابکێشێت.

١١ ـ (نیکۆمیدیس ئاسیتۆنۆ) بریکاری گەڕۆکی بزنسمان، ددان بەوەدا دەنێت کە ئەو کەسەی ناوی جەنابی سەرۆکی لەسەر تانکیی ئاوەکە سڕییەوە (گیرمۆ لیزازۆ)ی ژمێریارە، کە ئەو کاتە سەرخۆش بووە.

١٢ ـ (کاسیمیرۆ ڕیپیکۆلۆنا) ددان بەدا دەنێت کە بەم نێزیکانە دوو ساڵ و نیو لە دەست بەسەری لە دووەمین بنکەی پۆلیس تەواو دەکات. جا لەبەر ئەوی نەدارەو هیچ خزم و کەس و کارێکی نییە بۆی بپاڕێنەوە، بۆیە تکای لە جەنابی سەرۆك ئەوەیە فەرمان بدات ئازادی بکەن و، ئەو تاوانەی پێی تۆمەتبار کراوە لابردنی ڕیکلامێك بووە سەبارەت بە یادوەری دایکی جەنابی سەرۆك بە دەرگای ئەو کلێسەوە کە وەك یاریدەدەری قەشە کاری تێدا دەکات ، ئەویش بە هۆی هاندانی نەیارانی حکوومەتەوە. دەڵێت ئەو تۆمەتە ڕاست نییە، ئەو ئەگەرچی

ئەو کارەی کردووە بەڵام لە نێوان ئەو ڕیکلامەو ڕیکلامێکی دیکەدا سەری لێ تێکچووە، لەبەرئەوەی نەخوێندەوارەو خوێندنەوەو نووسین نازانێت.

١٣ ـ دکتۆر (لویس بارینیۆ) تکا لە جەنابی سەرۆك دەکات بە مەبەستی تۆژینەوەو خوێندن لەگەڵ ژنەکەیەدا مۆڵەتی بدات گەشتی دەرەوەی وڵات بکات.

١٤ ـ(ئەدیلایدا پنیال)، نیشتەجێی خانەی فەرمیی سۆزانییەکان کە ناوی (چێژی شیرین)ـە لەم شارە، ئارەزوو دەکات بە جەنابی سەرۆك ڕابگەیەنێت کە ژەنەراڵ (مۆدستۆ فارفان) کاتێك سەرخۆش بووە پێی ڕاگەیاندووە کە ژەنەرال (ئیۆسپیۆ کانالیس) تەنیا ژەنەراڵی ڕەسەنە لەناو سوپاداو، ئەو نەگبەتییەی تووشی بووە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە جەنابی سەرۆك لە فەرماندە لێهاتووەکان دەترسێت و، ئاکامیش هەر چییەك ڕووبدات هەر شۆڕش سەردەکەوێت.

١٥ ـ خاتوو (مۆنیکا پردۆمینۆ) نەخۆش لە نەخۆشانەی گشتیی، قەرەوێڵەی ژماری ١٤ لە قاووشی (سان ڕافائیل) ددان بەوەدا دەنێت کە کاتێك قەرەوێڵەکەی لە تەنیشت (ڤیدینا ڕۆداس)ی نەخۆشەوە بوو، گوێی لێ بووە بە وڕینەوە باسی (ژەنەراڵ کانالیس)ی دەکرد. جا لەبەرئەوەی بە خۆیشی نەخۆشە بۆیە لەو قسانەی ئەو نەخۆشە تێنەگەیشتووە، بەڵام ڕەنگە شتێکی باش بێت کەسێك چاودێریی قسەکانی بکات و تێبینییەکانی تۆمار بکات. ئەوەی لە خوارەوە ئیمزای کردووە ئەم هەواڵانە ڕەوانەی جەنابی سەرۆك دەکات ئەویش لەو ڕوانگەوە کە فەرمان ڕەوایی کردنەکەی زۆر سەرنجی ڕاکێشاوە.

١٦ ـ (تۆماس جاڤیلی)، هاوسەرگیری خۆی لەگەڵ خاتوو (ئارکلینا سوارێز)دا ڕادەگەیەنێت و ئارەزوو دەکات ئەم هاوسەرگیرییە پێشکەش بەسەرۆك کۆمار بکات.

٢٨ی ئیپریل ...

(٢٤)

## خانەی لەشفرۆشی

ـ کیژێ وەرە ئێرە...

ـ بۆچی بێمە ئەوێ و نەچمە ئەوێ...

ـ ئەوە چیت بەسەرهاتووە؟.

ـ ئەوەم بەسەر هاتووە کە بەسەرم هاتووە ...

ددان زێڕینەکە بەسەر کیژەکاندا هەڵشاخا:

ـ زوو بێ دەنگ بن، بێ دەنگ بن، ئەمە چییە؟. لەوەتای شەبەنگی داوە لێرە قسە دەکەن و بە گژی یەکدیدا دەچن، لەو ئاژەڵانە دەچن کە هیچ تێناگەن.

خاوەند شکۆ بلووزێکی ڕەش و تەنوورەیەکی ئەرخەوانی پۆشیبوو، لەسەر ئەسکەمیلییەکی پێست لەو دیوی مێزی بارەکەوە دانیشتبوو شیوەکەی هەرس دەکرد.

پاش تۆزێك ڕووی دەمی کردە کارەکەرێکی پێست مسینی پەلك چنراوی بریسکەدار:

ـ (پانچا)، برۆ بە کیژەکان بڵێ با بێن بۆ ئێرە، ئەوە ڕاست نییە، چونکە هاکا مەعمیلەکان ئامادە بن، بۆیە دەبێت ئەمان ئامادە بن و چاوەڕێ بکەن! دەبێت بەردەوام بۆ هەموو شتێك خۆم بە دواوەیان بم!

دوو کیژ بە ڕاکردن هاتنە ژوورەوە تەنیا گوێرەوییان لەپێ بوو.

ـ (کۆنسویلەر) بەس هەراو هوریا بکە. ئای. چەند جوان و بچووکن! سەیری یارییەکەیان بکە! (ئەدلایدا) ـ (ئەدلایدا) گوێ بگرە، من لەگەڵ تۆمە ـ ئەگەر میجۆر ئامادە بوو باشتر وایە لەبری ئەو قەردانەی لەسەریەتی شمشێرەکەی لەبەر بکەیتەوە. ئەی پیرە مەیموون قەردەکانی چەندن!

بارمانەکە وەڵامیدایەوە: نۆسەدی تەواو، جگە سی و شەش کە دوێنێ بە قەردم دایە.

ـ شمشێرەکە هەر هەموو ئەوە ناهێنێت، تەنانەت ئەگەر زێڕیش بێت، لەگەڵ ئەیشدا لە هیچ باشترە.(ئەدلایدا)، من لەگەڵ تۆمە نەك لەگەڵ دیوارەکە!

(ئەدلایدا) بە پێکەنینی یەك لە دای یەك وەڵامیدایەوە:

ـ بەڵێ خاتوو (چۆن)، بەڵێ، گوێم لێتە.

پاشان درێژەی بە یاریکردن لەگەڵ هاوەڵەکەیدا دا کە قژی ڕادەکێشا.

ژمارەیەك لەو ئافرەتانەی کە خانەی (چێژی شیرین) نمایشیان دەکات، لێرەو لەوێ لەسەر قەنەفە کۆنەکان بێ دەنگ دانیشتبوون. هەموو جۆرێکی لێ بوو: قەڵەو، لاواز، بەنێوسالْداچوو، لاو،درێژ، کورتە بالاّ،، هەرزە، هێوور، چەقاوەسوو،قژ زەرد، قژ سوور، قژ ڕەش، چاو بچووك، چاو گەورە، سپی، گەنم ڕەنگ، (خولاسی : دوو ڕەگ). ئەگەرچی هەر یەکەیان لەوێ دیکە جیاواز بوو، بەڵام پێ دەچوون هەموویان چوون یەك بن، چونکە بۆنەکەیان یەك بوون بوو، بۆنی پیاویان لێ دەهات. هەموویان بۆنی بۆگەنی کۆنە گوێچکە ماسییان لێ دەهات. مەمکیان لەناو کراسە لۆکەیینە بچووکە هەرزانەکانیانەوە دەشەکایەوە، وەك

ئەوەی بلێیت شلە بن. کاتێکیش بە شل و خاوی دادەنیشن و لاقیان بڵاو دەکەنەوە، ئەو کات لاقە باریکەکانیان دەردەخەن کە لە بۆڕیی سیاناو دەچن و، لەگەڵ لاستیکی ڕەنگاوڕەنگی گوێرەوی بەستن و دەرپێی یان سووری بە دانتێلی سپی ڕازێنراو، یان ئاڵی کاڵی بە دانتێلی ڕەش ڕازێنراو.

چاوەڕێ کردنی کڕیار نیگەرانی کردبوون. چوون کۆچبەران چاوەڕوان بوون، دەربڕینێکی ئاژەڵیانە بە چاویانەوە دەبینرا، بە کۆمەڵ لەبەردەم ئاوێنەکاندا دادەنیشتن. هەندێکیان بۆ ئەوەی بێزاری بڕەوێننەوە، پەنایان بەر نووستن و هەندێکی دیکە پەنایان بەر جگەرەکێشان دەبرد، لەکاتێکدا هەندێکیان قورسی نەعنایان دەخوارد، هەندێکی دیکەیان پاشماوەی مێشیان بەسەر ئەو کاغەزە شین و سپییەوە دەژمارد بنمیچەکەیان پێ ڕازاندبووەوە. نەیارەکانیان تێك دەگیران و، دۆستەکانیشیان سست و بێ هێزو بێ ئابڕوویانە گاڵتەیان لەگەڵ یەکدی دەکرد.

هەر هەمووشیان جگە لەناوەکانیان نازناویشیان هەبوو.کیژە چاو گەورەکە نازناوی ئاسکۆڵە بوو، ئەگەر کورتە بالاّ بووایە ئەوە ئاسکۆڵەی کورتە بالاّبوو، ئەگەر بەساڵداچوو و قەڵەو بووایە ئەوە ئاسکۆڵەی گەورە بوو. هەرچی ئەو کیژەیە کە لووتی کەمێك بەرەو سەرەوە بەرزبووەتەوە، ئەوە نازناوی ڕۆمانی بوو، گەنم ڕەنگەکەیش گەنم ڕەنگ و، (دوو ڕەگ)یەکەیش : تاریك، نازناوی کیژە چاو لارەکەیش (چینی) بوو، نازناوی قژ زەردەکەیش: قەندۆك بوو، نازناوی ئەو کیژەیش بە ئاستەم دەیتوانی قسە بکات: (زمان فلّت) بوو.

شان بە شانی ئەم نازناوە گشتییانە، نازناوی زەڕیو، بەراز، پێ پان، زمان لووس، مەیموون، کرمە باریك، کۆتر، بۆمب، ترسنۆك، کەڕیش هەبوو.

دەمەو ئێواران ژمارەیەك پیاو دەهاتن تا هەندێك کاتی خۆیان بە باس کردنی ئەویندارى لەگەڵ کیژە بێ کارەکاندا بەسەر ببەن و ماچیان بکەن و دەستبازی قورسیان لەگەڵ بکەن. بەردەوام بایەخیان پێ دەدان و ئەسپێش لە باخەڵیاندا

شایی دەکرد. خاتوو (چۆن) زۆری ئارەزوو دەکرد قاویان بدات، چونکە بە بڕوای ئەو تاوانێکیان ئەنجام داوە، لەبەرئەوەی نەدارن، بەڵام لەبەر چاوی جوانی (شاژنەکان) بەرگەی دەگرتن. ئای شاژنە بەستەزمانەکان! دڵیان بەو پیاوانەوەیە کە دەیانچەوساندنەوە لەبری ئەوەی گوایە دەیانپارێزن و بە ناوی ئەوینەوە فریویان دەدان. ئەویش لە چوارچێوەی ئەوەی ئارەزووی ئەوینداری و هەستکردن بەوەی کە پیاوێك هەیە موڵکی ئەوانە.

هەندێك هەرزەکاریش لەسەرەتای شەودا دەهاتن. دەهاتن و دەلەرزین، نەیاندەتوانی بپەیڤن، چوون پەپوولەی چاو ئەبڵەق دەجووڵانەوە، هەناسەیان پێدا نەدەهاتەوە ئەو کاتە نەبووایە کە دەچوونە دەرەوەو ملی ڕێگەکەیان دەگرت. نێچیرێکی ئاسان. ملکەچ بوون و فریویان نەدەدان. (ئێوارە باش)، (لە یادم مەکە). لەبری گوناه و خۆفش کردنەوەو سنگ دەرپەڕاندن کاتێك دەهاتنە ناو تیاترۆخانەکەوە، کە دەچوونە دەرەوە ناو دەمیان بۆنێکی گەنیوی لێ دەهات، لەگەڵ ئەو شیرینییەی لە ئاکامی پێکەنین لەگەڵ ئافرەتێك و گینگڵدان لە ئامێزیدا. ئای، چەند خۆشە لەم خانووە بۆگەنەوە ددوور بیت! هەوایان هەڵدەمژی، وەك بڵێیت سەوزە گیایەکی تەڕو تەرچك بێت، لە ئەستێرەکانیشیان دەڕوانی، وەك بڵێیت تواناو هێزو لاوێتییان بەرجەستە دەکەن.

پاش ئەوە کرێارە ڕاستەقینەکان بەسەر خانەووەکەدا دادەواڵان، بزنسمانێکی بەرێز، ئارەزوومەندێکی ورگ خڕی سینە ئەستوور، پاشان فەرمانبەرێکی کۆگەیەك، باوەش بە کیژەکاندا دەکات وەك بڵێیت پارچە قوماش بە مەتر دەپێوێت، بە پێچەوانەی پزیشکەکەوە، کە وا پێدەچوو وەك بڵێیت سینگیان بە ستیتۆسکۆپ بپشکنێت، یان ڕۆژنامەنووسێك کە بەردەوام پاش خۆی شتێکی وەك بارمتە بەجێدەهێشت، تەنانەت ئەگەر شەپقەکەیشی بوایە. یان پارێزەرێك، هاوکات بە دیمەن و ڕواڵەت و هێوورییە نالەبارو ناپەسەندەکەیەوە لە پشیلەو

گوڵی جیرانیۆم دەچێت. یان لادێییەکی ددان سپی چوون شیر، یان فەرمانبەرێکی حکوومیی شان داچۆڕاو، کە سەرنجی ئافرەتان ڕاناکێشێت، یان بازرگانێکی قەڵەو، یان پیشەکارێك بۆنی پێستی چارەوای لێ دێت. یان ئەو زەنگینەی کە تاو ناتاوێك دەست بە جزدان و کاتژمێرو ئەمۆستیلەکانیدا دەهێنێت. یان کیمیاگەرێك کە لە سەرتاشێك خۆپارێزەرترە ئەگەرچی لە ڕووی ڕەوشتیشەوە نەدەگەیشتە پزیشکی ددانەکە.

لەگەڵ داهاتنی نیوەشەودا ژوورەکە جەنجاڵ و پڕ لە هەرواو هوریا دەبوو. چونکە پیاوان و ئافرەتان زمانیان بۆ ورووژاندنی سۆزی ئەوینداری بەکار دەهێنا. ماچ ماچانێ. بەیەك گەیشتنی ئالۆشیانەی جەستەو لیك، بە نۆرە لەگەڵ گازگرتن، ئارەزوو هەستاندن لەگەڵ پێداکێشان. بزەو پێکەنینی لەناکاوی بێزراو، تەقەی تەپەدوری بوتڵەکانی شەمپانیا لەگەڵ دەنگی تەقەی گوللە کاتێك بوێرێکی سەرخۆش لەوێ بێت.

پیاوێکی بەتەمەن کە هەردوو قۆڵەنیسکی لەسەر مێزێك توندکردبوو، چاویشی بێرەو بەوێدا دەسووڕاندو، هەردوو لاقیشی نیگەرانانە دەجووڵاندەوەو، تۆڕێك دەمارێش بە لاجانگیەوە بریسکەیان دەهات، هاواری کرد:

ـ (بە ڕاستی ئەمە ژیانە!).

پتر هەڵچوو و لە یەکێك لە هاوەڵەکانی پرسی:

ـ دەتوانم لەگەڵ ئەو ئافرەتەی ئەوێدا بچم؟.

ـ بۆ نا پیرەمێرد. ئەوانە بۆ ئەو مەبەستە لێرەن.

ـ ئەی ئەوەی لەوێیە، من ئەوە بەباشتر دەزانم.

ـ باشە، دەتوانیت لەگەڵ ئەویش بچیت.

لەو کاتەدا کیژێکی گەنم ڕەنگ کە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێشەر هەردوو ڕانی ڕووت بوون بە ژوورەکەدا تێدەپەڕی:

ـ ئەی ئەوەی بەوێدا دەڕوات؟.
ـ کامیان؟. گەنم ڕەنگە دوو ڕەگەکە؟.
ـ ناوی چییە؟.
ـ (ئەدلایدا)، ئەوەی بە (بەراز) بانگی دەکەن. بەڵام لەگەڵی نەدرۆیشتم. لەبەرئەوەی قلی میجۆر (فارفان)ـە. مەزەندە دەکەم بۆ خۆی قۆرخی کردبێت.

پیرەمێردە سەرنجیدا و بە دەنگێکی نزم گوتی: ئەی بەراز! بنۆڕە چۆن خل و دەوریەتی!

کیژەکە هەموو هونەرەکانی فرت و فێڵی بەکار دەهێنا بۆ ئەوەی میجۆر پتر شەیدای بێت، لە نێزیکەوە بە چاوە ئەفسووناوییەکانی تێی دەڕوانی، کە کل کردنەکە جوانتری کردبوون، بە هەردوو لێوە پڕو بە زمانی هێزی لێی بڕی، وەك بڵێیت پوولی پۆستە پێوە دەنێت، هەروەها بە هەردوو مەمکی گەرم و بە سکی نەرمی هێزی تێدا نەهێشت.

(بەراز)ـەکە بە گوێی مێجۆر فارفانییەوە چرپاند: (ئەم بارە قورسە لە کۆڵی خۆت بکەوە) پاشان بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی لێ بکات شمشیرەکەی لە مل داکەندو دایە دەستی بارمانەکە.

شەمەندەفەرێکی هاواری زۆر خێرا بە ناو ژوورەکەدا بە تونێلی گوێی هەموو ئامادەبوواندا تێپەڕی و خێرا تێی تەقاند ...

خۆشەویستان دوو دوو لەسەر ڕیتمی میوزیك و لە دەرەوەی ڕیتمی میوزیك، بە جووڵەی ئاژەڵی دووسەرە سەمایان دەکرد. پیاوێکیش لەوێ بوو دەم و چاوی وەك ئافرەت بۆیە کردبوو، پیانۆی دەژەند. زاری لەگەڵ پیانۆکەدا چەند ددانێکیان کەم بوو. هەرکەسێك پرسیاری لێ بکردایە بۆچی دەم و چاوت بۆیە دەکەیت وەڵامی دەدایەوە: (لەبەرئەوەی من زۆر مەکربازم، زۆر خراپ مەکربازم، زۆریش دڵنەرمم). بۆ ئەوەیش کاریگەرییەکی باشتر لای بیسەران بەجێ بهێڵێت، دەڵێت:

(هاوەڵەکانم بە (پیپ) بانگم دەکەن، هەرچی هەرزەکانە ئەوە پێم دەڵێن (بەنەوشە). کراسێکی وەرزشی سنگ دانەخراو لەبەر دەکەم، ئەگەرچی یاری تەنسیش ناکەم، بۆ ئەوەی سنگی نەرمم دەربخەم و(مۆنۆکۆلا)یەکیش بۆ پێویستی ڕێکپۆشی لەبەر دەکەم لەگەڵ چاکەتێکی لە فراك دروستکراو لەبەر ئەوی بیرم پەرتە، بۆیەو سووراوی لێو بەکاردەهێنم: (ئای، ئەو خەڵکە چەند خراپن کە گومان دەکەن) بۆ ئەوەی شوێنی ئاوڵەکانی دەم و چاوم بشارمەوە، ئەوانە هەر لەوێن و وەك پارچە کاغەزی کرنفال لەوێش دەمێننەوە، ئۆی، باشە، ئەوەندە گرینگ نییە، لەبەرئەوەی من لێ ڕاهاتووم!).

شەمەنفدەرێکی هاوار زۆر خێرایانە بە ژوورەکەدا تێپەڕی. ئافەرتێکی سەرخۆش لەئەژمەتی ژاندا، لەژێر ڕەوڕەوە بڕندەکانیدا، لەنێوان پستن و گێڕەکەیدا دەتلایەوە، دەم و چاویشی چوون سۆسەی ئارد ڕەش هەڵگەڕابوو. بە هەردوو دەستی توند هەردوو کەلەکەی دەگوشی لەکاتێکدا فرمێسکەکانی بە گۆنایدا شۆڕ بووبوونەوەو بۆیەکانی هەردوو گۆناو هەردوو لێوی سڕیبوونەوە:

ـ (ئای منداڵدانم! ئای منداڵدانم! ئای منداااڵدانم! ئای ... منداڵدانم! ئای ... منداڵدام! ئای).

هەموو کەسێکڕۆیشتن و لە چوار دەوری گردبوونەوە تا بزانن چی ڕوودەدات، تەنیا ئەو سەرخۆشانە نەبن کە تا ڕادەیەك نەیاندەتوانی بجووڵێنەوە. لەو هەراو هوریاو بگرەو بەردەی شوێنەکە بە خۆوەی بینی، پیاوە ژندارەکان کۆشان بزانن یەکێك هێرشی کردووەتە سەر ئافرەتەکە یان نا، تا بتوانن خۆیان قوتار بکەن پێش ئەوەی پۆلیس بێت. کەچی ئەوانی دیکە ئەو پرسەیان بە شتێکی ئەوەندە مەترسیدار لێك نەدایەوە، بۆیە دەهاتن و دەچوون بۆ ئەوەی لەو قەرەباڵغی و بگرەو بەردەیەدا خۆیان بە کیژەکانەوە بنووسێنن.

تا دەهات ژمارەی ئەوانە پەرەی دەستاند لە چواردەوری ئافرەتەکە گردبووبوونەوە، کە ڕاکشابوو ولە ئەژمەتی ئازارو ژاندا دەتلایەوەو هەردوو چاوی لە کاسەی چاویدا دەخولانەوە، هاوکات زمانی شۆڕ بووبووەوە. لە گەرمەی تەنگژەکەیشدا، ددانە دەستکردەکانی هەڵکەنران و، هەراو زەنایەك کەوتە ناو بنۆڕەکانەوە، کاتێکیش لەناکاو ددانەکانی بەر بوونەوە سەر عەردە ڕووتەکە دەنگی پێکەنینێك بەرزبووەوە.

خاتوو (چۆن) کۆتایی بەم دیمەنە ناشیرینە هێنا. لەوێ لەناوەوە سەرقاڵ بوو، بە هەڵەداوان هات تا یارمەتی پێشکەش بکات وەك ئەو مریشکە قەڵەوەی لە دوای جووجەڵەکانییەوە دەگارێنێت، پەلێکی ئافرەتە بەستەزمانەکەی گرت و بەسەر عەردەکەیدا ڕاکێشا تا گەیاندییە مووبەقەکە، ئەو کات (مانویلا) هاریکاری کردو لە ئەنباری خەڵووزەکەیان پەساند، پاش ئەوەی چێشت لێنەرەکە چەند شیشێکی پێدا کێشا.

ئەو پیرەمێردەی حەزی لە(بەرازەکە) دەکرد هەلی لەو بشێوییە قۆستەوەو لە چنگی مێجۆری دەرهێنا، کە ئەوەندە سەرخۆش بووبوو هەستی بەهیچ شتێك نەدەکرد. ددان زێڕینەکە کاتێك لە مووبەقەکە گەڕایەوە هاواری کرد: هەهە، میجۆر (فارفان)، ئەوە چ دێڵە سەگێکی گلاوە، بە درێژایی ڕۆژگار منداڵدانی ژان ناکات کاتێك وادەی نان خواردن و نووستن دێت، ئەوە لەو سەربازە دەچێت لەسەرەتای دەست پێ کردنی جەنگدا هەست بکات کە .......کانی دێشێن!).

ڕستەکانی لەناو قاقای پێکەنینێکی سەرخۆشانەدا بزربوون. پێدەکەنین وەك بڵێیت هەنگوینێکی تێکەڵ بە (ئەنیس) ڕۆ بکەن و بتفێننەوە. لەم کاتانەدا، خاتوو (چۆن) ڕووی قسەی کردە باڕمانەکەو پێی گوت:

ـ (ویستم لە بری ئەم دڕندە کەللە ڕەقە ئەو کیژە جوانە بەکاربهێنم کە دوێنێ لە بەندیخانەی (کاسانویڤا)وە هێنام. بەداخەوە لە دەستم چوو!).

ـ ، ئای بەڵێ، بەڕاستی کیژێکی زۆر باش بوو!

ـ بە پارێزەرەکەم گوت کە پێویستە داواکاری گشتیی سەربازی ناچار بکات پارەکەم بۆ بگێڕێتەوە. ئەو دایك سۆزانییە ناتوانێت دەست بەسەر ئەو دە هەزار بیزۆیەمدا بگرێت کە پێم داوە. ئەم شێتە ئەو کەسە نییە بتوانێت ئەو کارە بەرانبەر من بکات!

ـ قسەکانت تەواو دروستن. بەڵام من زانیومە کە ئەو پارێزەرە جێی هیچ گومانێك نییە،

ـ ئەوانە هەر هەموویان گرووپێکی تاوانکارو چڕووکن!

ـ لە شێوازی سازش کردندا زۆر زیرەك و بلیمەتە!

ـ هەرچی لەبارەوە دەڵێیت ..بیلێ. بەڵام من بەڵێنی یەك شتت پێ دەدەم: داواکاری گشتیی دوو جار لە خشتەم نابات. ئەگەر مەزەندەی ئەوە بکات کە دەتوانێت ئەو پارەیەم بەو شێوەیە (هەڵ لوولیشێت) .....!).

ڕستەکەی تەواو نەکردو ڕووی کردە لای پەنجەرەکە تا بزانێت کێ لە دەرگاکە دەدات. بە دەنگی بەرز هاواری بەسەر ئەو پیاوەدا کرد، کە لەبەر دەرگاکە ڕاوەستابوو، لەژێر تنیشکی گولۆپە ئەرخەوانییەکەدا دەبریسکایەوەو، ملپێچەکەی تا لای هەردوو چاوی لە دەم و لووتی پێچابوو: (ئەی هەموو فریشتە پیرۆزەکان! ناوی ئیبلیس بهێنە یەکسەر دەیبینیت!).

پێش ئەوە وەڵامی سڵاوەکەی بداتەوە، ڕۆیشت دەرگاوانەکە ئاگەداربکاتەوە یەکسەر دەرگاکە بکاتەوە.

ـ دەی (بانشا) خێراکەو بڕۆ دەرگاکە بکەوە. خێراکە! ئەوە بەڕێز (میگیل)ــە، زوو دەرگاکە بکەوە)!

خاتوو (چۆن) بە هەستی پێشبینیکردن و بە هەردوو چاوە ئیبلیسییانەکەیەوە ناسییەوە.

ـ باشە، ئەمە چ پەرجوویێکە.

لەکاتێکدا فریشتە ڕوو وەڵامی دەدایەوە، هەردوو چاوی بە ژوورەکەدا سووڕاندەوە، دڵنیابوو کاتێك پیاوێکی بینی لەوێ پاڵکەوتبوو ناسییەوە کە میجۆر (فارفان)ـەو لیك بە زارە تەرەکیوەکەیەوە چۆڕاوگەی بەستووە.

ـ (پەرجووێکی مەزنە، لەبەرئەوەی تۆ لەوە ڕانەهاتوویت سەر لە ئێمەی ساکار بدەیت).

ـ نا خاتوو (چۆن)، ئەو قسەیە مەکە.

ـ لە کاتی شیاودا هاتیت. من ئێستە لە پیاوە پیرۆزەکان دەپاڕامەوە بۆ ئەوەی لەو تێکەوتنەی تێی کوتووم یارمەتیم بدەن، تۆیان بۆ من ڕەوانە کردووە!).

ـ باشە ، وەك دەزانیت من بەردەوام لە قسەی تۆ دەرناچم.

ـ سوپاس. تێکەوتنەکەی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە، بەڵام سەرەتا پێویستە شتێك بخۆیتەوە.

ـ نا خۆت ماندوو مەکە...

ـ (هیچ ماندووبونێکی ناوێت. تەنیا یەك پەرداخ، پەرداخێکی بچووك لەوەی حەزی لێ دەکەیت، ئەوەی دەتەوێت. بەڵگەی نیازپاکی بێت! ویسکییەکەت چۆن دەوێت؟. لە شوێنە تایبەتەییەکەی خۆم پێشکەشت دەکەم، وەرە لەگەڵم).

شوێنەکەی ددان زێڕین تەواو لە شوێنەکانی دیکەی خانووەکە جیابوو. وا پێدەچوو جیهانێکی تایبەت بە خۆی بێت. مێزگەل، مێزتەوالێتی جەکمەجەدار، بۆفێ، هەر هەموویان بە تابلۆو پەیکەری ئایینی ڕازێنرابوونەوە. تابلۆیەکی خێزانی پیرۆزیش هەڵواسرابوو بە قەوارەی گەورەو ئەو دەست ڕەنگینییەی پێی دروست کرابوو سەرنجی ڕادەکێشا. باڵای یەسووعی منداڵ ئەوەندەی لاسکی گوڵە لەیلەکێکی سپی بوو، هەر ئەوەی کەم بوو قسە بکات. لە هەردوو لاوە وێنەیەکی زۆر جوانی یووسفی پیرۆز بوو لەگەڵ مریەمدا کراسێکی لەبەربوو بە ئەستێرە

ڕازێنرابووەوە. مریەم بە خشڵ و زێڕ ڕازێنرابووەوە، لە کاتێکدا یووسف پەرداخێکی بەرز کردبووەوە دوو مرواری پێوەبوو، هەر یەکەیان سامانێکیان دەهێنا. پەیکەرێکی دیکەی یەسووع پێست گەنم ڕەنگ لەناو سندووقێکی پانی شووشەییندا هەبوو لەگیانەڵادا بوو، خەڵتانی خوێن بوو، لە سندووقێکی دیکەی پانی شووشەییندا چوار دەوری بە سەدەف ڕیزکرابوو پەیکەرێکی مریەم هەبوو بەرەو ئاسمان دەفڕی ـ کە بە هەڵکۆڵین لاسایی تابلۆ بەناوبانگەکەی (مۆریللۆ)یە. بەنرخترین شتی پەیکەرەکە ئەو مارەبوو کە لە زومورڕود دروست کرابوو، کە لە بەردەم هەردوو پێی مریەمدا پەپەڵەی دابوو. لەناو وێنە پیرۆزەکاندا وێنەیەکی خاتوو (چۆن)یش هەبوو (ئەو ناوەیش کورتکردنەوەی ناوی ڕاستەقینەی خۆیەتی کە ئەویش (کۆنسبسیۆن)ـە لە تەمەنی بیست ساڵاندا، ئەو کاتەی سەرۆکێکی کۆمار لەژێر پێیدا بوو، پێشنیازی بۆ کردبوو لەگەڵ خۆی بیباتە (پاریس) لە فەرەنسا، هەروەها دوو دادوەر لە دادوەرانی دادگەی باڵاو سێ قەساب لە فیستیڤاڵێکدا لە پێناوی ئەودا بە چەقۆ تێکگیراون. لە سووچێکیشەوە، کە لە چاوانەوە دوور بێت، وێنەی یەکێك دەبینرێت لە ئەویندارەکانی کە توانی بەرگە بکرێت، پیاوێکی تووکن، ئاکام بوو بە مێردی.

ـ بەڕێز (میگیلیتۆ) لێرە لەسەر ئەم قەنەفە دانیشە، باشتر پشوو دەدەیت.

ـ خاتوو (چۆن) ژیانێکی کامەرانانە دەگوزەرێنیت.

ـ بە ئارەزووی خۆم کار دەکەم...

ـ شوێنەکە، لە کڵێسە دەچێت ...

ـ گاڵتەم پێ مەکە، گاڵتە بە پیاوە پیرۆزەکە مەکە.

ـ ئەی چیت لێ دەوێم؟.

ـ سەرەتا پەرداخەکەت بنۆشە.

ـ زۆر باشە، نۆشی گیانت بێت ...

ـ نۆشی گیانت بێت ...بەڕێز میگیلیتۆ. تکات لێ دەکەم لێم ببوورە کە لەگەڵت ناخۆمەوە، چونکە گەدەم تەواو نییە. پەرداخەکەت لێرە دانێ، لەسەر ئەم مێزە بچکۆلە، لێرە، بیدە دەستم.

ـ سوپاس.

ـ باشە، دەڵێم بەڕێز(میگیلیتۆ) کەتنێکی خراپم لێ قەوماوەو شاد دەبم ئەگەر گوێم لە ئامۆژگاری بەڕێزتان بێت، ئەو جۆرە ئامۆژگارییانەی کە تەنیا خۆت دەتوانێت بە منیان پێشکەش بکەیت. ئەوەبوو یەکێك لەو ئافرەتانەی لێرە هەمن لەناکاو کەڵکی بڕا، بۆیە بە دوای یەکێکی دیکەدا دەگەڕام. یەکێك لە دۆستانم پێی ڕاگەیاندم کە ئافرەتێکی بەندکراو لە (کاسا نویڤا) بە فەرمانی داواکاری گشتیی لەوێ بەندکراوە، کیژێکی جوان کە من دەمویست. باشە، منیش دەمزانی چی پێویستە بیکەم، بۆیە ڕاستەوخۆ چوومە لای پارێزەرەکەم ـ بەڕێز (خوان فیدالیتاس) ـ کە پێشتر چەند ئافرەتێکی بۆ خانەکەم دەستەبەر کردبوو، داوام لێ کرد نامەیەکی گونجاوم بۆ داواکاری گشتیی سەربازی بۆ بنووسێت و، پێشنیازیشی کرد بە دە هەزار بیزۆ پێم بفرۆشێت.

ـ دە هەزار بیزۆ؟.؟.

ـ (بەڵێ. داواکاری گشتیی ئەو هەواڵەی بەدرۆ نەخستەوە، ئەوەبوو یەکسەر وەڵامیدایەوە و ڕەزامەندی نواند، هەرکە پارەکەی وەرگرت (کە بە خۆم لە نووسینگەکەی پارەکەم بۆ ژمارد کە لە جۆری ٥٠٠ بیزۆ بوو) نووسراوێکی بۆ بەندیخانەی (کاسا نویڤا) پێدام ئەو کیژەم پی بدەن کە دەمەوێت. لەوێ پێیان گوتم لەبەر هۆکاری سیاسی بەندکراوە. پێدەچێت لەماڵی ژەنەراڵ (کانالیس) گرتبێتیان ...).

ـ چی دەڵێیت؟.

فریشتە ڕوو بێ بایەخانە گوێی لە گێڕانەوەکەی ددان زێڕین دەگرت، پتر هەردوو گوێی بۆ دەنگی دەرگاکە شل کردبوو بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت کە

میجۆر (فارفان) بە بێ ئاگەی ئەو شوێنەکە بەجی نەهێڵێت (لەبەرئەوەی ماوەی چەند کاتژمێرێکی دوورو درێژ بوو بە دوایدا دەگەڕا)، بەڵام کاتێك ناوی (کانالیس)ی بیست، پێدەچوو تۆڕێکی وردیلە وایەر لەناکاو لەبەردەمیدا پەرت کرابێتەوە. دەبێت ئەو ئافرەتە بەدبەختە (چابیلا)ی دایان بێت، کە کامیلا لەکاتی وڕینەکانیدا ناوی دەهێنا.

ـ ببوورە کە قسەکەت پێ دەبڕم ... بەڵام ئێستە ئەو ئافرەتە لەکوێیە؟.

ـ باسی ئەوەیش دەکەم، بەڵام ڕێم بدە بەسەرهاتەکە تەواو بکەم: فەرمانی داواکاری گشتییم وەرگرت و بە خۆم لەگەڵ سێ کیژدا چووین لە (کاسا نویڤا)وە بیهێنین. نەمدەویست فریوم بدەن و یەکێکی دیکەی بێ بایەخم پێ بدەن. بە گالیسکەیەکی دیکە چووین بۆ ئەوەی شوێنەکەمان فرەوان و پشووبەخش بێت. بەو شێوەیە گەیشتین و، فەرمانەکەم پێ دان، لێی وردبوونەوەو باش خوێندیانەوەو، کیژەکەیان هێناو، تەسلیمیان کردم، بە کورتی لەگەڵ خۆمان هێنامانە ئێرە کە هەر هەموو لایەك چاوەڕێیان دەکردو هەر لە یەکەم جارەوە خۆشیان ویست. هەه، بەڕێز میگیلیتۆ، تا ئێستە هەموو شتێك ئاساییە.

ـ ئەی لە کوێتان داناوە؟.

فریشتە ڕوو دەیویست هەر ئەم شەو بیبات و لێرەی بەجێ نەهێڵێت. کاتێك ئەم ئافرەتە پیرەژنە بەسەرهاتەکەی دەگێڕایەوە، ئەو خولەکەکانی لەلا بووبوونە ساڵ.

ـ ئەی لاوە ئەویندارەکان، ئێوە هەر هەمووتان لەیەك دەچن، بەڵام ڕێم بدەن بۆت ڕوون بکەمەوە. پاش ئەوەی (کاسا نویڤا)مان بەجێ هێشت تێبینیم کرد ئەو ئافرەتە نەیدەویست چاو بکاتەوە یان قسە بکات. وەك بڵێیت لەگەڵ دیوارێکی قپ و قڕدا قسان دەکەین. وام دەزانی شتێکی لەژێر سەردایە، یان فێڵمان لێ دەکات و شتێکی لەو جۆرە. لەهەموو ئەوەیش خراپتر ئەوەبوو بوخچەیەکی لە قەوارەی منداڵێکی بچووك بە باوەشەوە بوو.

وێنەکەی کامیلا لە یادگەی فریشتە ڕوودا درێژ بووەوە تا بوو بە دوو کەرتەوە وەك ژمارە هەشت (ژمارە هەشتی ئینگلیزی)، بە هەمان خێرایی تەقینەوەی بڵقی سابوون کاتێك دەستی بۆ درێژ بکرێت.

ـ منداڵێکی بچووك؟.

ـ بەڵێ، ئەوەبوو چێشت لێنەرەکەم (مانویلا کالڤارۆ کریستالیس) بۆی دەرکەوت، کە ئەوەی ئەو ئافرەتە بەدبەختە بە باوەشییەوە ڕایدەژەنی منداڵێکی بچووك بوو، مردبوو، خەریکبوو بۆگەنی دەبوو. بانگی کردم و منیش بەهەڵەداوان خۆم گەیاند ناو مووبەقەکەو بە هەردووکمان بە زۆر لە چنگمان دەرهێنا، بەڵام هەرکە هەردوو بازوویمان کردەوە ـ مانویلا خەریکبوو بیانشکێنێت ـ و منداڵەکەمان لێ ستاند یەکسەر هەردوو چاوی بە گەورەیی کردەوە وەك مردوو لە ڕۆژی قیامەتدا، هاوارێکی کرد ڕەنگە گەیشتبێتە بازاڕ، پاشان بێ گیان بەربووەوە سەر عەرد.

ـ مرد ؟.

ـ بۆ ماوەیەکی کورت وامان زانی مردووە. پاشان هاتن و بە چەرچەفێکی پێچراوەوە بۆ نەخۆشخانەی (خوانی خواوەندیی) پیرۆزیان برد. نەمدەویست ئەو دیمەنە ببینم، ئەو حاڵەتەی ئەو تۆقاندمی. گوتیان فرمێسك بە هەردوو چاوە نوقاوەکەیدا دادەچۆڕا وەك بڵێیت ئەو زیادە ئاوە بێت کەس سوودی لێ نابینێت.

خاتوو (چۆن) ڕاوەستا بۆ ئەوەی هەناسەیەك هەڵبکێشێت، پاشان لەسەرخۆ گوتی:

ـ لەو کیژانەم پرسی کە ئەو سەرلەبەیانییە سەریان لە نەخۆشخانەکە دابوو. پێدەچێت حاڵی شڕ بێت.. ئێستەیش، ئەوەتە نیگەرانی کردووم، وەك چۆن مەزەندە دەکەیت، ناتوانم ڕێ بە داواکاری گشتیی بدەم ئەو دە هەزار بیزۆیە هەڵلووشێت کە پێم داوە، من بیر لە شێوازێك دەکەمەوە پاڵی پێوە بنێم پارەکەم بۆ بگێڕێتەوە، تۆو خوا چۆن دەست بەسەر ئەو پارەیەدا بگرێت کە هی خۆمە؟. تۆو خوا؟. من هەزار جار ئەوە بەباشتر هزانم ئەو بڕە پارەیە بە خانەی هەژاران ببەخشم.

ـ پێویستە پارێزەرەکەت بۆت بگێڕێتەوە، هەرچی پێوەندی بەو ئافرەتە بەستەزمانەوە هەبێت ...

ـ تەواو! ئەمڕۆ دوو جار ڕۆیشت. ببوورە قسەکەم پێ بڕیت، ئەمڕۆ پارێزەرەکەم (فیدالتاس) دوو جار ڕۆیشت بە دیداری بگات، جارێك بۆ ماڵەکەی و، جارێکی دیکە بۆ نووسینگەکەی، لە هەردوو جارەکەیشدا هەمان شتی گوتووە، کە هیچم بۆ ناگێڕێتەوە. ئەوەتە تۆ دەبینیت ئەو پیاوە چ دزێکی چڕووکە. دەڵێت ئەگەر مانگایەك فرۆشراو دوای فرۆشتنەکە مردار بووەوە ئەو کات زیانەکە بەر کڕیارەکە دەکەوێت نەك فرۆشیارەکە. بە شێوەیەك باسی خەڵك دەکات وەك بڵێیت ئاژەڵ بن! وای دەگوت. ئۆی بەڕاستی من دەمەوێت ....

فریشتە ڕوو بێ دەنگ و مات بوو ـ ئەو ئافرەتە کێ بێت کە فرۆشراوە؟. ئەی ئەو منداڵە مردووە کێیە؟.

ددان زێڕینەکەی خاتوو (چۆن) دەرکەوت کاتێك هەڕەشەو گوڕەشەی دەکرد:

ـ ئای، بەڵام ئەوەی بە نیازم بیکەم ئەوەیە کە لێدانێکی لێ بکەم بە درێژایی ژیانی، تەنانەت بە دەستی دایکیشی نەیدیبێت. ئەگەر لە بەندیخانەم توند بکەن ئەوە لەسەر شتێکی ترسێنەر دەبێت. خوا خۆی دەزانێت ڕۆژی پەیداکردن، لەگەڵ ئەو جۆرە خەڵکەی بەو شێوەیە دزی لە خەڵکی دەکەن، چەند سەخت و دژوارە! نەفرەت لەو پیرە دزە بێت. ئەم بەیانییە پێم ڕاگەیاندن لە گۆڕستانەکەوە قوڕ فڕێ بدەنە بەر دەرگای داواکاری گشتیی. با بزانین ئەو کارە تووشی نەگبەتیی دەکات یان نا ...

ـ ئەی منداڵەکەیان ناشت؟.

ـ لێرەوە لەم ماڵە تەرمەکەمان ئامادەکرد. کیژەکان زۆر بەسۆزن. پەپکەو کولیچەی گەنمە شامییان بەشییەوە ...

ـ ئاهەنگێکی گەورە بوو؟.

ـ تەواو!

ـ ئەی پۆلیبس، چی کرد؟.
ـ پارەمان دا بۆ ئەوەی کۆچنامەمان وێ بدەن. ڕۆژی دواتر، منداڵەکەمان لەناو کفنێکی جواندا، کە بە ساتان ڕازێنرابووە لە دوورگەکە بەخاك سپارد.
ـ لەوە ناترسیت ئەو منداڵە کەس و کاری هەبێت داوای تەرمەکە بکەن، یان سکاڵا لەو بارەوە بکەن کە ئەو هەواڵەیان پێ ڕانەگەیەنراوە؟.
ـ ئەمە دەبێتە ئەو پووشەی پشتی وشتر بشکێنێت! بەڵام ... کێ داوای دەکات؟. (ڕوداس)ی باوکی لە بەندیخانەیە، دایکەکەیشی وەك پێم گوتیت لە نەخۆشخانەیە.
فریشتە ڕوو لە ناخی خۆیەوە پێکەنی، بارێکی گرانی سەر سینگی لاچوو. ئەو منداڵ و ئەو ئافرەتە هیچ پێوەندییەکیان بە کامیلاوە نییە.
ـ بەڕێز میگیلیتۆ چی ڕێنوێنییەکم دەکەیت؟. تۆ زۆر زیرەکیت. چۆن بتوانم نەهێڵم ئەو پیرە چرووکە پارەکەم نەخوات؟. دە هەزار بیزۆیە، لە یادمە؟. پارەیەکی کەم نییە!
ـ ئامۆژگاری من ئەوەیە بڕۆیت جەنابی سەرۆك ببینیت و سکاڵای لە دەست بکەیت. داوای چاوپێکەوتنێکی بکەو بەسەرهاتەکەی بۆ بگێڕەوە. بڕوات هەبێت ئەو ڕەوشەکە دروست دەکاتەوە، چونکە ئەو شتە لە چوارچێوەی دەستەڵاتەکانی ئەودایە.
ـ منیش بیرم لەوە کردبووەوە، جێبەجێیشی دەکەم. سبەینێ بروسکەیەکی بەپەلەی بۆ ڕەوانە دەکەم و داوای چاوپێکەوتنی دەکەم. بۆ خۆش بەختیش ئێمە کۆنە دۆستی یەکدیین. ئەو کاتەی کە تەنیا هەر وەزیر بوو خۆشی دەویستم. ئەوە سەردەمێکی زوو بوو. ئەو کاتە لاوو جوان بووم، ناوقەد باریك وەك دارحەیزەران، وەك ئەو وێنەیەی لەوێیە. لە یادمە لەگەڵ دایکم(خوالێی خۆش بێت) نیشتەجێی گەڕەکی (سیلیتۆ) بووم، کاتێك بیبیمەتوویەك دەنووکی لە هەردوو چاوی دا و کوێری کرد، تۆ ئەم جۆرە بەدبەختییەت بیستووە، دەبیت ددانی پێدا بنێم کە ئەو بیبیمەتوویەم برژاندو، ئەو کاتەیش بەو کارە تەواو دڵخۆش بووم و، فڕێم دایە بەردەم سەگەکە، ئەو

سەگە گێلەیش خواردی و لەو کاتەوە هار بوو. خۆشترین شت سەبارەت بەو ڕۆژگارە بیرم بێتەوە ئەوەیە کە ماڵەکە کەوتبووە سەر ئەو ڕێگەیەی کە دەبوو هەموو تەرمەکان بەوێدا بۆ گۆڕستان تێپەڕن. بەردەوام ڕۆژانە تەرم بەلای ئێمەدا تێدەپەڕین. ئەوەیش ئەو هۆیە بوو کە جەنابی سەرۆك پێوەندی خۆی لەگەڵ من تا هەتایە پچڕاند، زەندەقی لە تەرم دەچوو. هەرچی من بووم، چ باکم هەیە؟. هەڵەی من نەبوو. ئەو وەك منداڵە ساوا وابوو، مێشکی پڕ لە خەیاڵ پلاوی بوو. بڕوای بە هەموو شتێك دەکرد هەر کەسێك پێی گوتبایە، چ بە خراپە یان چاکە. لەسەرەتاوە بە تەنگییەوە بووم و، لەوە ڕاهاتبووم بە درێژایی ئەو کاتەی تێپەڕبوونی مردووەکان بە بەردەم ماڵدا بە چەندین دارەتەرمی جۆراوجۆرەوە پێویستیان پێ دەکرد هەر ماچم دەکرد، بۆ ئەوەی ئاگەی لە تێپەڕبوونیان نەبێت. بەڵام لەوە بێزاربووم و ئیدی وازم لێ هێنا. خۆشترین شت بەلای ئەوەوە ئەوەبوو گوێی بمژیت، ئەگەرچی هەندێك جار تامی خۆش نییە. دەتوانم ئێستە ببینم، لەو شوێنە دانیشتووە کە تۆی لێ دانیشتوویت، دەستەسڕە سپییە ئاورێشمینەکەی ڕێك و پێك بە ملییەوە پێچاوەتەوە، لەگەڵ شەپقە پان و، بانی پێڵاوە کەی بە لێوارە ئاڵ و، شێوە شینەکەیەوە.

ـ ئەی پاش ئەوە، وا بزانم بووبووە سەرۆك کۆمار کاتێك بوو بە شایەتی زەماوەندەکەی ئێوە؟.

ـ نا، هەرگیز. مێردی خوالێخۆشبووم ـ خوا لێی خۆش بێت ـ گوێی بەم جۆرە شتانە نەدەدا. دەیگوت: تەنیا سەگەکان پێویستیان بە شایەت و ئەو کەسانە هەیە سەیریان بکەن کاتێك وەرزی دێڵەو دەستانیان دێت، پاشان بووك و زاوا بەڕێ دەکەون و ڕیزێك سەگەل دوایان دەکەون، زمانیان شۆڕ بووەتەوەو لیکیان بەدەمدا دێتە خوارێ ....

(٢٥)

## بەربەستی مەرگ

قەشەکە بە پەلە گەیشت. لە دڵی خۆیدا گوتی: کەسانێك هەن ئامادەن بەرانبەر بە بەشێك لەمە بە هەڵەداوان ئامادە بن. چی لە گیانی مرۆڤێك بەهادارترە؟. کەسانێکیش هەن بەرانبەر بە بەشێك لەمە ژەمە نانەکەیان دەخۆن کەچی هێشتە تێرناخۆن و گەدەیان داوای خواردنی زۆرتر دەکات. گە ...دە! من بڕوام بەسێ کەس هەیە لە سێیینەدا لێك جیان، لەگەڵ یەك خوای ڕاستەقینە. قۆڕەی گەدە لەوێ نییە، بەڵکو لێرەیە، لای من، لای من، لای من، لای من، لە گەدەی من، لەگەدەی من، لەگەدەی من ... لە گەدەی تۆ، ئەی یەسووع، ... لەوێ خوانەکە ئامادەیە، سفرە سپییەکە، قاپ و فەخفوورییە بۆرسەلینە زۆر سپییەکان و، کارەکەرە ڕەقەڵەکە...

کاتێك قەشەکە چووە ژوورەوە ـ هەندێك ئافرەت لە دراوسێکان دوای کەوتن لەوانەی ڕاهاتوون ئامادەی دیمەنگەلی سەرەمەرگی مرۆڤ بن ـ فریشتە ڕوو سەرووی قەرەوێڵەکەی بەجێ هێشت کە کامیلای لەسەر دەنووست، ترپەی هەنگاوەکانی بە شێوەیەك بوو وەك بڵێیت ڕەگ و ڕیشەی ڕۆچووی قووڵایی زەوی

هەڵدەکێشیت. ئافرەتە مەیخانەچییەکە ئەسکەمیلییەکی بۆ قەشەکە هێنا، پاشان هەموو ژوورەکەیان بەجێ هێشت.

دەستی بە گۆکردنی وشەگەلی دوایەمین ددان پێدان کرد: منی، گوناهبار، بۆ خوا ددانی پێدادەنێم کە ....

ـ بە ناوی باب و کور و گیانی پیرۆز...کیژم، چەند تێپەڕیوە لەوەتای دوایەمین جار دانت پێدا ناوە؟.

ـ دوو مانگ.

سرووتی تۆبەکردنت بەڕێوەبردووە؟.

ـ بەڵێ باوکی پیرۆزم ...،

ـ باسی گوناهەکانت بکە ...

ـ باوکی پیرۆز ددانی پێدا دەنێم، کە درۆم کردووە ...

ـ سەبارەت بە بابەتێکی ترسناك؟.

ـ نا. هەروەها بە گوێی دایك و باوکم نەکردووەو، ...

(تك، تاك، تك، تاك، تك، تاك).

ـ باوکی پیرۆز ددانی پێدا دەنێم ، کە من ...

(تك، تاك).

ـ لە هەندێك بۆنەی ئایینیدا ئامادەنەبووم ...

وا پێدەچوو کیژە نەخۆشەکەو قەشەکە، کە کیژە لەبەردەمیدا ددانی بە گوناهەکانیدا دەنا لەژێر زەمینێکەوە قسەبکەن. ئیبلیس و فریشتەی پاسەوان و مەرگ ئامادەی ددان پێدانانەکە بوون. مەرگ ڕوانینە بۆشەکانی خۆی لە هەردوو چاوی (کامیلا) بەتاڵکرد، لە کاتێکدا ئیبلیس لای سەری قەرەوێڵەکەوە دانیشت و لە زاریەوە جاڵجاڵۆکەی ڕۆدەکردە عەرد، فریشتەکەیش لە سووچیکەوە دەستی بە گریان کرد.

ـ باوكی پیرۆز ددانی پێدا دەنێم كە نوێژەكانی ئێواران و بەیانیانم بەڕێك و پێكی نەدەكرد و، ...

(تك، تاك، تك، تاك).

ـ ..... لەگەڵ كیژانی هاوتەمەنی خۆم تێككگیراوم!

ـ سەبارەت بەو شتانەی پێوندییان بە ناوبانگیتەوە هەیە؟.

ـ نا ...

ـ كیژم، گوناهێكی گەورەت بەرانبەر بە خواوەند كردووە ...

ـ باوكی پیرۆز ددانی پێدا دەنێم كە وەك پیاوان سواری ئەسپ بوومە.

ـ بەبەر چاوی خەڵكەوە، ئایە ئەوە هیچ ڕیسواییەكی لێ كەوتەوە؟.

ـ نا، كەس لەوێ نەبوو هەندێك هیندی نەبێت.

ـ كەواتە هەستت كرد كە دەتوانێت هەر شتێك بكەیت كە پیاوان دەیكەن. ئەمەیش گوناهێكی گەورەیە، چونكە خواوەند ئافرەتی بۆ ئەوە دروست كردووە ئافرەت بێت، دەبێت ڕەفتاری خۆی نەگۆڕێت و لاسایی پیاوان بكاتەوە، چونكە ئەوە ڕێی ئیبلیسە .......

لە بەشەكەی دیكەی ژوورەكەدا، بەرانبەر بە مێزەكان كە دایانپۆشیبوون بۆ ئەوەی وەك كوشتارگەی كڵێسە بنوێنێت، بەو هەموو جۆرە شووشەوە كە لەسەریان دانرابوون، فریشتە ڕوو و (لامسكواتا) و دراوسێكان چاوەڕێیان دەكرد، ورتەیان لێوە نەدەهات بەڵكو ڕوانینی پڕ لە ترس و نزایان دەگۆڕییەوەو هەناسەیەكی قورسیان هەڵدەكێشا، كە بیرۆكەی تۆقێنەری مەرگ لەگەڵ خۆی دەیهێنا. دەرگا والآكە لایەك لە دیمەنی ڕێگەكەی پیشان دا نغرۆی ڕووناكی بوو، لەگەڵ حەوشەی كڵێسەی (لامرسید)و چەند خانوویێك و ژمارەیەك ڕێبواران. فریشتە ڕوو هەستی بە ئازار كرد ئەو خەڵكە بێ ئەوەی گوێ بە هیچ بدەن هاتوچۆیان دەكرد لەكاتێكدا (كامیلا) لەسەرە مەرگدا بوو و گیانی دەدا ـ ئەوان

لە گەردو زیخی زبری نێو سەرەنی هەتاو، تارمایی گیانی ئاقلاّیەتی کۆنترۆڵی کردبێت، کارگەی گەڕۆکی پیسایی، دەچوون ...

دەنگی قەشەکە لەگەڵ خۆی زریێزەیەکی بچووکی زرنگانەوەی نایەوەو کپیی ژوورەکەی شڵەقاند. کیژە نەخۆشەکە پژمی. هەوا دەنگی دەهۆڵەکانی سییەکانی پچڕی.

ـ باوکی پیرۆز من ددان بە هەموو گوناهە بچووك و گەورەکاندا دەنێم کە کردوومن و لەیادم چوونەتەوە.

پاش ئەوە ڕستەگەلی لێبوردن و پاڕانەوەکە بە لاتینی خوێنرانەوە. ئیبلیسەکە بزربوو، فریشتەکەیش وەك خەرمانەیەك ڕووناکی دەرکەوت بۆ ئەوەی هەردوو باڵی سپیی خۆی بەسەر (کامیلا)دا بڵاوبکاتەوەو تووڕەیی فریشتە ڕوو بەرانبەر بە ڕێبوارە بێ خەمەکان و ڕکە مندالاّنە تێکەڵ بە سۆزەکەی کۆتایی پێ بهێنێت و، پاڵی پێوە بنێت بیر بکاتەوە ـ کە بەزەیی زۆر دەرگای شاراوەی هەیە ـ کار بۆ ئەوە بکات پیاوێك لەمەترسیی مەرگ ڕزگار بکات، چونکە ڕەنگە خواوەند بەرانبەر بەوە ژیانی (کامیلا)ی پێ ببەخشێت، ئەگەرچی بەبۆچوونی زانستی نۆژداری ئەو گریمانە نەکەردەنییە.

قەشەکە بێ دەنگ چووە دەرەوەو، لەبەردەم دەرگاکەدا ڕاوەستا تا جگەرەیەکی بە کاغەزی گەنمە شامی پێچراو داگیرسێنێت و پالێمەکانی نزا کەهەنووتییەکانی خۆی بپێچێتەوە، چونکە یاسا پابەندی ئەوەی دەکرد لەژێر بالاّپۆشەکەیدا بیشارێتەوە مادامەکی بە ڕێگەوەیە. لە پیاوێکی ئاشتیخوازو هێمن و دلێر دەچوو. مقۆمقۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە بۆ ئەوە بانگ کراوە گوێ لە ددان پێدانانەکانی ئەو ئافرەتە بگرێت کە لە سەرەمەرگدایە. پاش ئەو دراوسێکان ماڵەکەیان بەجی هێشت. هەروەها فریشتە ڕوویش چووە دەرەوە بۆ ئەوەی پلانەکەی خۆی بۆ ڕزگارکردنی پیاوێك جێبەجێ بکات.

(گەڕەکی مەسیح)، (ئەسپە سپی)، پاشان (مۆڵگەی سەربازی کلڤاری). لەوێ فریشتە ڕوو پرسیاری لەو چاووشە کرد کە پاسەوانیی میجۆر (فارفان)ی دەکرد، پێی گوت چاوەڕوان بێت، سەربازێك چووە ژوورەوەو بانگی کرد:

ـ میجۆر (فارفان)! میجۆر (فارفان)!

دەنگی لەناو حەوشە پان و بەرینەکەدا پەرت بووەوە بێ ئەوەی وەڵام بدرێتەوە. وەڵام نەدرایەوە تەنیا دەنگدانەوەی دەنگەکەی نەبێت، کە لەناو خانووەکاندا دەنگی دایەوە: جۆر فان فان! جۆر فان فان!

خۆشەویست لە دوورایی چەند هەنگاوێکی کەم لە دەرگاکەوە ڕاوەستابوو چاوەڕێی دەکرد، بێ ئەوەی خۆی تێکەڵ بە ڕووداوەکانی دەوروبەری بکات. سەگ و سەرگەڕەکان لەسەر پارچەیەکی پشیلەیەکی مردارەوەبووی فڕێدراوی ناوەڕاستی ڕێگەکە تێکگیرابوون. بەرانبەر بەم دیمەنە ڕاستەوخۆ پەنجەرەیەك هەبوو، لە پشتی ئەو پەنجەرەوە ئەفسەرێك کاتی خۆی بەچاودێریکردنی ئەو شەڕە دژوارە بەسەر دەبردو هەردوو نوکە سمێڵی با دەدا. دوو ئافرەتیش لە دوکانێکی بچووکدا، کە پڕ لە مێش بوو، خۆشاوی میوەیان دەخواردەوە. لە دەرگای دەرەوەی خانووەکەی دواترەوە پێنج منداڵی بچووك هاتنە دەرەوە جلی دەریاوانیان لەبەربوو، پیاوێکی ڕەنگ پەڕیوی چوون کەلەرم و خانمێکی دوو گیان (بابەو مامە)یان لە دوو بوو. گۆشتفرۆشێکیش کە جگەرەیەکی داگیرساندبوو، بەناو منداڵەکاندا تێپەڕی، پەڵە خوێن جلەکانی داپۆشیبوون، هەردوو بازووی لێ هەڵماڵیبوو، ساتۆرە تیژەکەی نێزیك بە سینگی بە دەستەوەبوو. سەربازەکان دەهاتن و دەچوون، هێڵێکی بچووکی پێچاوپێچی شوێن پێی خواس و تەڕ بەسەر کاشییەکەوە دیاربوو، کە سالۆنەکەی ناوەوەی پێ کاشی کرابوو پاشان لەناو حەوشەکە بزردەبوو. کلیلەکانی مۆڵگەی سەربازی زرنگەیان لێوە هات کاتێك بەر تفەنگی پاسەوانەکە کەوتن چونکە لە

تەنیشت ئەفسەری پاسەوانییەوە لە ئامادەباشیدا ڕاوەستابوو، کە لەسەر ئەسکەمیلییەکی ئاسنین دانیشتبوو، لەناوەڕاستی بازنەیەك بارستە تفدا.

پیرەژنێکی سەر سپیش هاتە ناو شوێنەکەوە، لاغر لاغر چوون ئاسکۆڵە دەڕۆیشت، ڕەنگی پێستی لە ڕەنگی مسی سووتاو دەچوو، بە هۆی هەتاوەوە، بە هۆی تەمەن درێژیشەوە چرچ و لۆچی تێکەوتبوو، بەرەو لای ئەفسەرەکە چوو، بەوپەڕی ڕێزەوە سەری بەسەرپۆشێکی لۆکەیین داپۆشیبوو، بە پاڕانەوەوە ڕووی دەمی تێکردو گوتی:

ـ گەورەم ببوورە، تکایە تۆو خوا ڕێم بدە لەگەڵ کوڕەکەمدا قسان بکەم، مریەم پاداشتی ئەو کارەت دەداتەوە.

بەر لەوەی ئەفسەرەکە وەڵامی بداتەوە تفێکی زۆری ڕۆکردە سەر عەرد بۆنی تووتن و کرمێ بوونی ددانی لێ دەهات.

ـ خاتوون، کوڕەکەت ناوی چییە؟.

ـ گەورەم ناوی ئیسماعیلە.

ـ ئیسماعیل کێ؟.

ـ گەورەم (ئیسماعیل میخۆ).

ئەفسەرەکە جارێکی دیکە تفی ڕۆکردە عەرد.

ـ بەڵام، نازناوی چییە؟.

ـ گەورەم، (میخۆ).

ـ گوێ بگرە، باشترە ڕۆژێکی دیکە بێیتەوە چونکە ئێمە سەرقاڵین.

پیرەژنەکە لاغر لاغر کشایەوە، بێ ئەوی سەرپۆشەکەی سەری لاببات، هەنگاوەکانی خۆی دەژمارد وەك بڵێیت ئازارکانی بپێوێت، تۆزێکیش لە لێواری شۆستەکە ڕاوەستا، پاشان گەڕایەوەو لە ئەفسەرەکە نێزیك بووەوە کە هێشتە لەسەر ئەسکەمیلییەکەی دانیشتبوو.

ـ گەورەم ببوورە، بەڵام ناتوانم پتر لەوە لێرە بمێنمەوە، من لە شوێنێکی زۆر دوورەوە هاتووم، لە دوورایی شەست کیلۆمەترەوە هاتووم، بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ نەیبینم ئەوە نازانم کەی دەتوانم جارێکی دیکە بگەڕێمەوە. تکایە بانگی ناکەیت؟.

ـ وەك پێم گوتیت ئێمە سەرقاڵین. بڕۆ بەرۆکمان بەردە.

فریشتە ڕوو ئەو دیمەنەی بینی، جارێکی دیکە ئارەزووی ورووژا، کە کارێکی باش بکات تا خواوەند پاداشتی بداتەوەو ژیانی کامیلا ڕزگاربکات، بۆیە بە دەنگێکی نزم بە ئەفسەرەکەی گوت:

ـ لیفتنانت، لاوەکە بانگ بکە، ئەو چەند بیزۆیەش بگرە جگەرەی پێی بکڕە.

ئەفسەرەکە پارەکەی وەرگرت بێ ئەوەی سەیری نەناسراوەکە بکات و فەرمانی دا (ئیسماعیل میخۆ) ئامادە بکرێت. پیرە ژنە خڕەڵە بچکۆلەکە لەو کەسەی ڕوانی کە چاکەکەی بەرانبەر کرد وەك بڵێیت فریشتە بێت و خواوەند بۆ ئەوی ڕەوانە کردبێت. میجۆر (فارفان) لە مۆڵگەکانی سەربازەکان نەبوو. فەرمانبەرێك لە بالکۆنێکەوە دەرکەوت پێنووسەکەی لەپشتەوەی گوێی دانابوو، خۆشەویستی ئاگەدار کردەوە کە میجۆر لەم کاتانەی شەودا لە لە خانەی (چێژی شیرین) بەسەر دەبات، چونکە ئەم کوڕەی خواوەندی دلێری جەنگ کاتی خۆی بەسەر ئەرك و ئەوینداریدا دابەش دەکات. بەڵام هیچ زیانمەند نابیت ئەگەر سەرەتا بچیت بزانیت لە ماڵی خۆیان نییە. فریشتە ڕوو گالیسکەیەکی بەکرێ گرت. (فارفان) نیشتەجێی شوقەیەکی فەرشکراوی گەڕەکێکی دوور بوو. ڕەنگی دەرگای شوقەکە کاڵ بووبووەوە، بە هۆی شێوە کون کون بووبوو، بۆیە تاریکایی ناوەوەی لێوە دیاربوو. فریشتە ڕوو دوو تا سێ جار لە دەرگای دا. کەس لە ژوورەوە نەبوو. یەکسەر گەڕایەوە، بەڵام چوو بزانێت (کامیلا) چۆنە بەر لەوەی بەرەو خانەی (چێژی شیرین) بەڕێ بکەوێت. سەری لە دەنگی گالیسکەکە سوڕما

کاتێك لەسەر شەقامە خۆڵینەکانەوە چووە ناو شەقامە قیرتاوەکانەوە: سمی ئەسپەکان و ڕەوڕەوەکان، ڕەوڕەوەکان و سمی ئەسپەکان.

کاتێك ددان زێڕین بەسەرهاتی ئەویندارییی خۆی لەگەڵ سەرۆکدا گێڕایەوە، فریشتە ڕوو گەڕایەوە سالۆنەکە. زۆری بەلاوە گرینگ بوو میجۆر (فارفان) لەبەر چاوی بزرنەبێت، لەبەسەرهاتی ئەو ئافرەتە دڵنیابێت، کە لە ماڵی (کانالیس) دەستگیرکرا و بیژی داواکاری گشتیی سەربازی بە دە هەزار بیزۆی فرۆشت.

سەماکردنی ناو سالۆنەکە گەیشتبووە ترۆپك، سەماکەرەکان لەگەڵ ئاوازی ڤاڵسدا خۆیان بەم لاو بەو لادا دەچەمانەوە، لەگەڵ دەنگی گۆرانیی (فارفان)دا، کە تەواو سەرخۆش بووبوو:

بۆچی ئەو سۆزانیانە
خۆشیان دەوێم
لەبەرئەوەی بەردەوام گۆرانیی گوڵی قاوەخانەیان
بۆ دەچڕم

لەناکاو خۆی قیت کردەوەو زانی (بەراز)ی لەگەڵ نییە، ئیدی گۆرانی نەچڕی و لەگەڵ نۆرەی نزگەرەکەیدا هاواری کرد:

ـ (کەواتە (بەرازەکە) ڕۆیشت، ئەدی تەرەسینە وا نییە؟. سەرقاڵە، ئەدی وا نییە تەرەسینە؟. کەواتە منیش دەچم، پێتان دەڵێم من دەڕۆم، پێـ ......تان ...دە ... لێـ .....م ...من ...دەڕۆم، دەڕۆم ... باشە، بۆچی نەڕۆم؟. ... پێتان دەڵێم من دەڕۆم ...).

زۆر بە ئاستەم هەستایەوە لە کاتێکدا دەستی بە مێزەکەوە گرت، کە لەسەری ڕاکشابوو، هەروەها دەستی بە قەنەفەو دیوارەکانەوە گرت، لەتری دەداو بەرەو لای دەرگاکە دەچوو. کارەکەرەکە ڕۆیشت دەرگاکەی بۆ بکاتەوە.

ـ (پێتان .... دەڵێم ... ئەوە من دەڕۆم! ئەو سۆزانییە دەگەڕێتەوە، ئەدی خاتوو (چۆن) وا نییە؟. ئێمەی سوپاییانی پیشەکار هیچ شتێمکان لەبەردەمدا نەماوە ئەوە نەبێت بەسەرخۆشی بمرین، ئەو کاتەیش لە جیاتی ئەوەی بماننێژن دەتوانن مەیمان لێ دەربهێنن! هەر بژی مەرەگەی گۆشتی بەراز، هەر بژی جەماوەر!).

یەکسەر فریشتە ڕوو خۆی پێڕا گەیاند. لە قەراغی شۆستەکەوە دۆڕیشت و چوون قەرەگوێز لەتری دەبرد، جارێکیان ڕادەوەستاو پێی ڕاستی بەرز دەکردەوە، جارێکی دی پێی چەپی بەرز دەکردەوە، پاشان جارێکی دیکە پێی ڕاستی، ئێستەیش هەردوو قاچی ... فریای خۆی کەوت پێش ئەوەی بکەوێت و بە تێبینیوە بە خۆی گوت:

(بەم شێوەیە .. وەك هێستر بە ڕەشمەی گوت).

چەند پەنجەرەیەکی دیکەی سۆزانیخانەیەکی دیکە کرابوونەوەو ڕێگەکەیان بە تیشکی ڕووناکی گڵۆپەکان ڕووناك کردبووەوە، پیانۆژەنێکی قژدرێژیش سۆناتەی تریفەی مانگی (بیتهۆڤن)ی دەژەند. کەس نەبوو لە ژووره چۆڵەکەدا گوێ ڕادێرێت تەنیا کورسییەکان نەبێت کە وەك بینەر لە دەوری پیانۆ زلە شەق و شڕەکە ڕیزکرابوون، کە لە زلیەتی خۆیدا لە نەهەنگەکەی یوونس زلتر نەبوو. فریشتە ڕوو وشك ڕاوەستا لەکاتێکدا کە میوزیکەکە سەرسامی کردبوو. میجۆر ـ ئەو بووکە شووشە شل و خاوە ـ ی بە دیوارەکەوە هەڵپەساردو نێزیك بووەوە تا پەڕەی دڵە شکاوەکەی مەستی ئاوازەکان بێت: پیاوێکی مردوو بە دوو چاوی داگیرساوەوە لەناو مردووەکاندا لە شوێنێکی دووری سەر زەمین زیندوو دەبووەوە، لە کاتێکدا چاوی گڵۆپەکانی ڕێگەکە یەك لە دوای یەك دەکوژانەوەو، شەونمەکان دڵۆپ دڵۆپ لەسەربانەکانەوە دڵۆپەیان دەکرد، چوون ئەو بزمارانەی سەرخۆشەکان ئیفلیج دەکەن، یان لە تەختەدارەکانی دارەتەرمەکان دەدرێن. هەر کلیلێکی بچووکی ناو سندووقە مگناتیسییەکەی پیانۆکە وردە لمی ئاوازە میوزیکییەکانی ڕادەکێشا،

پاش ئەوەی ماوەیەك لەناو سكی خۆیدا گلی دەدانەوە، جارێكی دیكە بە دەنگێكی بەرزتر لەسەر شێوەی پەنجەگەلی ئاوازگەلی وەتەریانە بەرەلای دەكردنەوە، بۆ ئەوەی دەرگای بەردەوام داخراوی ئەویندارى سەرخۆش بكات، بەردەوام هەمان پەنجەگەل و، بەردەوام هەمان دەست. مانگ بە ناو ئاسمانی بەردڕێژكراودا بەرەو لای كێڵگە خەواڵووەكان دەكشاو دووردەكەوتەوە، جەنگەڵە تاریكەكانی لە دوای خۆیەوە بەجێدەهێشت، كە هەم باڵندەكانیان دەتۆقاند، هەم بۆ ئەوانەی كە لەكاتی لەدایكبوونی ئەشقدا جیهانیان بەشێوەیەكی سیحرئامێز بەرین و فرەوان و لە كاتی مردنی ئەویندا بە دەڤەرێكی چۆڵ و هۆڵی دەبینی.

(فارفان) هەڵستاو بینی لەسەر چەند مێزێكی مەیخانەیەكی بچووك ڕاكشاوە، دەستی نەناسراوێك ڕایدەژەنێت وەك چۆن درەختێك ڕادەژەنن بۆ ئەوەی بەرو بوومە گەییوەكانی بەربێنەوە.

ـ میجۆر نامناسیت؟.

ـ بەڵێ ...نا ... ئێستە، ئێستە دەتناسم ...

ـ نامناسیتەوە؟.

ـ (ئا ئا ...ئۆی.) فارفان باوێشكی دەدا كاتێك لەسەر مێزەكان هەڵستا كە لەسەریان ڕاكشابوو، چوون هێستری بارهەڵگر چۆڕاوگەی ئارەقی دەهات.

ـ (من میگیل فریشتە ڕووم، لە خزمەتتدام).

میجۆر بە سەڵاوی سەربازی سەڵاوی لێ كرد.

ـ (تكایە، بمبوورە، من نەمناسیتەوە. بەڵام، بەڵێ، ئاساییە، تۆ زۆر جار لەگەڵ جەنابی سەرۆكدا دەبینرێیت).

ـ باشە! میجۆر واقت وڕنەمێنێت، بەم شێوەیە لەناكاو لە خەوم كردیتەوە.

ـ هیچ گرینگ نییە.

ـ بەڵام ئێستە کاتی ئەوە هاتووە بگەڕێیتەوە مۆڵگەی سەربازی، دەبوو دوو بە دوو قسەت لەگەڵ بکەم، بەڵام ڕێکەوت ئەوەبوو کە ئافرەتی خاوەن .... با بڵێین خاوەنی ئەم قاوەخانەیە، ئێستە لێرە نییە. دوای دوێنێ نیوەڕۆ، هەموو شوێنێکم بە دواتدا پشکنی، وەك لەناو کۆمەڵێك پووشدا بۆ دەرزییەك بگەڕێیت، مۆڵگەکان، شوقەتەکەت. پێویستە ئەم قسەیەی ئێستە بۆت دەکەم بە کەس نەڵێیت.

ـ بەڵێنم بدەیە.

خۆشەویست توند دەستی میجۆری گوشی و بە دەنگێکی نزم پێی گوت کاتێك چاوی لە دەرگاکە بوو:

ـ من لە پلەو پایەیەکدام دەتوانم ئەوە بزانم کە فەرمان دەرکراوە تۆ لەناو ببرێیت. ڕێنوێنییان ڕەوانەی نەخۆشخانەی سەربازی کردووە ئەگەر پاش یەکێك لە شەوبێدارییە قەرەباڵغەکانت ڕەوانەی ئەو نەخۆشخانە کرایت ڤالیۆمێکی کوشندەت دەرخوارد بدەن. ئەو سۆزانییەی لە خانەی (چێژی شیرین)ـەکە هاوەڵی دەکەیت سەبارەت بە هەڵچوونە شۆڕشگێڕانەکانت جەنابی سەرۆکی ئاگەدار کردۆتەوە.

(فارفان) لە ئاکامی قسەکانی خۆشەویستدا لە شوێنی خۆی وشك بوو. پاشان مستی بەرز کردەوەو هاواری کرد:

ـ ئای، دێڵە سەگ!

بە مستی مستەکۆڵەیەکی بە هەاکەدا کێشا وەك بڵێیت مستەکۆڵە بە سۆزانییەکەدا دەکێشێت، پاشان سەری دانەواند وەك بڵێیت پلیشابێتەوە.

ـ خوایە، ئەدی چی بکەم؟.

ـ ئێستە لەم کاتانەدا سەرخۆش مەبە، ئەمە تەنیا ڕێگەیە خۆت لەو مەترسییە ڕزگار بکەیت، پاشان .......مەخۆ.

ـ منیش بیرم لەمە دەکردەوە، بەڵام بەرگەی ئەوە ناگرم، ئەوە شتێکی زۆر دژوارە، چیت دەگوت؟..

ـ پێم دەگوتیت پێویستە نانیش لە مۆڵگەکانی سەربازی نەخۆیت.
ـ نازانم چۆن سوپاست بکەم.
ـ بە بێ دەنگی ...
ـ ئاساییە. بەڵام هەر ئەوە بەس نییە. لەگەڵ ئەوەیشدا دەبێت هەلێکم بۆ بڕەخسێت تا ئەم چاکەیەت بدەمەوە؛ هەر لەئێستەوە؛ دەتوانیت پشت بە من ببەستیت لەهەر شتێکدا بووبێت، تۆ ئەم ژیانەت بۆ گێڕاومەتەوەو قەرزارباری تۆم.
ـ وەك دۆستیش ئامۆژگارییەکی دیکەیشت پێشکەش دەکەم. هەوڵ بدە شێوازێك بدۆزیتەوەو خۆت بکەیتە دارو دەستەی جەنابی سەرۆك.
ـ بەڵێ، ئەمە ڕێگەی ڕزگاربوونە، ئەدی وا نییە؟.
ـ ئەمە هیچ شتێکی تێ ناچێت.
هەر یەکەیان لە دڵی خۆیدا شتی دیکەی دەخستە سەر ئەو قسانە: باشترین شت بۆ دەستەبەرکردنی متمانەی جەنابی سەرۆك ئەوەیە: تاوانێك بکەیت، بۆ نموونە، یان بە ئاشکرا زوڵم لە کەسانی بەستەزمان و بێ پشت و پەنا بکەیت، یان دەرخستنی دەستڕۆیشتوویی هێزی لەڕادەبەدەر بەسەر ڕای گشتییدا، یان دەستەبەرکردنی سامان لەسەر حسێبی نەتەوە، یان ...
.... باشترین شێوازیش ئەوەیە یەکێك بکوژیت، لەناوبردنی هاوەڵێك، باشترین بەڵگەیە هاووڵاتییەك بۆ پیشاندانی لایەنگری خۆی بۆ جەنابی سەرۆك پێشکەشی بکات. پاشان لەبەر ڕای گشتیی دوو مانگ لە بەندیخانە توند دەکرێت، پاشان ڕاستەوخۆ دوای ئەوە پلەیەکی گشتیی وەردەگرێت لەوانەی بۆ دەست و پێوەندەکان تەرخان کراون، کە بەکەسی دیکە نادرێت ئەوانە نەبن کە پرسێکی هەڵپەسێرراویان لە بەردەم دادگەکاندا هەبێت هێشتە لێی نەکۆڵرابێتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی تا جارێکی دیکە لە بەندیخانە توند بکرێنەوە ئەگەر ڕەفتاری خۆیان نەگۆڕی و باش نەجووڵانەوە.

ـ ئەمە هیچی تێناچێت.

ـ بەڕێز میگیل تۆ زۆر بەرچاو تێریت.

ـ نا، میجۆر سوپاسم مەکە، ئەو بڕیارەی دابووم ژیانت ڕزگار بکەم، قوربانیمە بۆ خوا لەبری ژیانی ئافرەتێکی نەخۆش کە ژیانی لەمەترسیدایە. ژیانی تۆ لە بری ژیانی وێ.

ـ هاوسەرتە؟.

جوانترین وشە لەسروودی سروودااندا ماوەیەك بە ئاسمانەوە خولایەوە، وەك گمەیەکی ئەفسووناوی نیان، لەناو درەختگەلێکی پڕ لە فریشتەی بچووك بچووك و چرۆگەلی گوڵە پرتەقاڵ.

پاش ئەوەی میجۆر چووە دەرەوە، فریشتە ڕوو نقورچکێکی لەخۆی گرت بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت ئایە ئەوە بەڕاستی خۆیەتی یان نا ـ ئەو پیاوەی چەندین کەسی ڕاپێچی مەرگ کردووە ـ ئەو ئێستە بە خۆی لەو بەرە بەیانە شینە بێ گەردەی تازە شەبەنگی دەدا ژیانی پیاوێکی لە مەرگ قوتار دەکرد.

(٢٦)

## باهۆز (گەردەلوول)

فریشتە ڕوو وێنەی میجۆری قەڵەوی لە مێشکی خۆی دەرهێنا، پاشان دەرگاکەی داخست و لەسەر پەنجەکانی دزەی کردە ژووره تاریکەکەی ناوەوە. وای هەست دەکرد وەك بڵێیت خەون دەبینێت. جیاوای نێوان ڕاستی و خەون جیاوازییەکی تەواو ساختەیە. ئەو لە چ بارێکدایە: نووستوو، بێدار؟. سەرلەبەیانی زوو هەستی دەکرد وە بڵێیت زەوی لەژێر پێیدا دەهەژێت.کاتژمێرەکەو مێشەکان یاوەری کامیلا بوون کاتێك ڕاکشابوو و گیانی دەدا، کاتژمێرەکە ـ کاری دەکرد ـ دانە برنجە بچووکەکانی دەخستە خوارەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی گەڕانەوەدا نیشانەیەك بەجێ بهێڵێت، کاتێك وادەی مردنەکە دێت. هەرچی مێشەکان بوون بەقەد دیوارەکاندا دەڕۆیشتن، باڵەکانی خۆیان لە ساردیی مەرگ پاك دەکردەوە. چەند مێشێکی دیکەیش هەبوون گیزەیان دەهات و خێرا بەو ناوەدا دەفڕین. فریشتە ڕوو لەسەرخۆ لەبەردەم قەرەوێڵەکەدا ڕاوەستا. هێشتە کیژە نەخۆشەکە هەر وڕینەی دەکرد...

.... یاری خەونەکان ... چەند پەڵەیەك لە ڕۆنی کافوور... مقۆمقۆی لەسەرخۆی ئەستێرەکان ...پێوەندی نهێنیانەی سوێری ڕووت بە بۆشاییی بۆشەوە

...جومگەی دوو چەندانەی هەردوو دەست ... بێ سوودیی دوو دەست لەناو دوو دەست... سابۆنێكی بۆندار ...باخچە لە كتێبی خوێندنەوەدا ... لە هێلانەی پڵنگ ... لەو دیوی جیهانی فرەوانی بیبیمەتووەكانەوە ... لە چنگی خواوەنددا ... لە چنگی خواوەنددا ... لە نوێژی نیوەشەودا ـ كە ناوی نوێژی كەڵەشێرە ـ كەڵەشێرێك دڵۆپێكی مانگ بەسەر پۆپكەیەوەیە... دەنووك لە قوربانییە پیرۆزەكە دەدات .. دادەگیرسێت و دەكوژێتەوە، دادەگیرسێت و دەكوژێتەوە، دادەگیرسێت و دەكوژێتەوە... نوێژی سروود چڕینە... كەڵەشێر نییە، پڕیشكێكی برووسكەی لە سیلۆلید لە قوڕگی شووشەیەكی زەبەلاحدایە چەندین سەربازی بچووك چوار دوریان داوە... برووسكەی دوكانی شیرینەمنییەكە كە ناوی (گوڵی سپی)یە ڕۆزای پیرۆز دایدەنێت ...كەفی بیرەی كەڵەشێر پێشكەش بە كەڵەشێرە بچووكەكە دەكرێت ...بە كەڵەشێرە بچووكەكە...

دایدەپۆشیت..
تەرمێكی بێ گیانە
ئەی فریشتەی مەرگ، مەرگ!
وێ لێرە شادومان نییە
ئەی فریشتەی مەرگ، مەرگ!

دەنگی دەهۆڵگەل دێت لەو كاتەشدا دەنگی كەس نابیسرێت كڵمی بسڕێت، دەهۆڵگەلێك لە فێرگەی ڕەشەبادا شوێن پێی زرمەكان كەوتوون... ڕاوەستە ئەوە دەنگی دهۆڵگەل نییە، بەڵكو دەرگایەكە دەنگدانەوەی دەرگالێدەرێكی لە شێوەی دەستێكی مسیندا دووبارە دەكاتەوە. زرمەكان چوون هوشداری لە هەموو گۆشەیەك لە گۆشەكانی بێ دەنگیی ناوەوەیماڵەكەدا دەنگی دەدایەوە ... ڕات ـ تات ـ تات ... دەهۆڵگەلی ماڵ. هەر ماڵەو لەبەر دەرگا دەهۆڵگەلی خۆی هەیە دانیشتووانی ماڵەكەیان پێ بانگ دەكرێت كە كۆڵەكەی ژیانی ئەون،

کاتێکیش دەرگاکە داخرابێت لە زیندووی مردوو دەچن ... ڕات ـ تات ـ تات ... ماڵ ... دەرگا ... ڕات ـ تات ـ تات ماڵ ... کاتێك ئاوی ئاوپژێنەکە دەنگی دەهۆڵگەلی دەرگاکەی بەرگوێ دەکەوێت و، خەڵك بە تووڕەییەوە بە خزمەتکارەکانیان دەڵێن: (ئۆی، لە دەرگا دەدرێت!) دیوارەکانیش بەردەوام ئەو دەنگەیان دووبارە دەکردەوە: (لە دەرگاکە دەدرێت، بڕۆ دەرگاکە بکەوە!)، (ئۆی، لە دەرگاکە دەدرێت، بڕۆ دەرگاکە بکەوە! ژیلەمۆ نیگەرانە بەڵام ناتوانێت هیچ شتێك بکات (لەکاتێکدا پشیلەکە چوون پاسەوانی وریا دانیشتووە) تەنیا ئەوە نەبێت لەناو شیشی کوانووەکەوە سووکە ڕاچڵەکانێك ئاراستە بکات؛ گوڵەکانیش دەترسن ـ قوربانیانی بەستەزمانی دەستی دڕکە دڵڕەقەکان؛ ئاوێنەکانیش دێنە قسە، ئەو ناوەندانەی بە دەنگێك هەڵکێشراون کە گیانێکی ناوماڵە بێ گیانەکەیە: ئای ... لە دەرگا دەدەن، وەرن دەرگا بکەنەوە!

... ماڵەکە هەموو دەهەژێت وەك بڵێیت بوومەلەزە ڕوویدابێت، دەیەوێت بچێت تا بزانێت کێ لە دەرگا دەدات، لێ دەدات، لێ دەدات، لە دەهۆڵگەلی دەرگا دەدات: تاوەی ڕۆنەکان سەما دەکەن، ئینجانەکانی گوڵەکان بەر دەبنەوە، حەوزە ئاسنینەکان لێ دەدەن: (راتابلان، راتابلان!) قاپ و فەخفوورییەکان دەپژمن پژمینێکی چینیانە، پەرداخ و قاپ و قاچاغی خوانەکە چوون پێکەنینێکی زیویانە پەرت و بڵاو دەبنەوە، شووشە بەتاڵەکان دوای ئەو شووشە دەکەون کە بە ئەسرینی ڕۆنی مۆم ڕازێنراوەتەوە، کە لە ژوورەکەی پشتەوە بۆ شەمعدان بەکاری دەهێنن؛ کتێبی نوێژەکان لەگەڵ لقی دارخورماکان کاتێك لە دەرگا دەدرێت دەکۆشن دژ بە گەردەلوول، قەیچییەکان، سەدەفەکان، تابلۆکان، تاڵە قژە کۆنەکان، گۆزەگەلی ڕۆن، سندووقە کارتۆنەکان، دەنکە شقارتەکان، بزمارەکان ... بەرگری لە ماڵەکە بکەن....

... تەنیا مامەکانی لەناو شتە نووستووەکاندا، لە دوورگەگەلی قەرەوێڵە بەرینەکانیاندا بە ڕواڵەت خۆ نیشان دەدەن گوایە نووستوون و بە لێفەگەلێکی پڕ لە پەموو خۆیان داپۆشیوە کە بۆنی خۆشاوی ڕیخۆڵەیان لێ دێت. بێ هوودەیش لە بێ دەنگیی پان و پۆڕدا لە دەهۆڵگەلی دەرگاکە دەدرێت. یەکێك لە مامۆژنەکانی، کە لە هەر هەموویان شەڕەنگێزو دووڕووترە، بڵمە بڵمێك دەکات: (هێشتە هەر لە دەرگا دەدەن). مێردەکەی لە تاریکاییدا وەڵام دەداتەوە: (بەڵێ، بەڵام مەترسی هەیە دەرگاکە بکرێتەوە). (ئێستە کاتژمێر چەندە؛ **ئای خۆشەویستم، خەوم لێ کەوتبوو ... هێشتە لە دەرگا دەدەن). (بەڵێ، بەڵام جێی مەترسییە دەرگاکە بکرێتەوە). (ئەی دراوسێکان چی دڵێن؟.)**. (بەڵێ، جێی مەترسییە دەرگاکە بکرێتەوە. ئەگەر کارەکە تەنیا پێوەندی بە هەردووکمانەوە هەبووایە ئەو کات ئاساییە دەرگامان دەکردەوە، بەڵام بیر لەوە بکەرەوە کە خەڵکی لەبارەی ئێمەوە چی دەڵێن!).(هێشتە لە دەرگاکە دەدەن). (بەڵێ، بەڵام جێی مەترسییە دەرگاکە بکرێتەوە). (کارێکی ناشیرینە، هەرگیز شتێکی لەو جۆرەت بیستووە؟.). (بەڵێ، بەڵام جێی مەترسییە دەرگاکە بکرێتەوە!).

پاشان دەنگی قەبەی مامی کزتر بوو و ئێستە دەنگی گەرووی خزمەتکارەکان دەبیسترا. چەند تارماییەك کە بۆنی کاوڕیان لێ دەهات گەیشتنە ناو ژووری خانەخوێنەکەی: (گەورەم، خاتوون. گوێ بگرن چۆن هەردووکیان لە دەرگا دەدەن! ...) پاشان بۆ قەرەوێڵە سەرپێییەکەی و بۆ کێچەکان و بۆ خەونەکانی دەگەڕایەوەو، بەردەوام ئەمەی دەگوت و دەگوتەوە: (ئای، بەڵام جێی مەترسییە دەرگاکە بکرێتەوە، ئای، بەڵام جێی مەترسییە دەرگاکە بکرێتەوە!).

ڕات تات ـ تات بە درێژایی ماڵەکە ... تاریکایی ڕێگەکە ...سەگەکەکان ئاسمانیان بە قرمیدی وەڕین پڕ کردبوو، ڕووبەرێکیان بۆ ئەستێرەو خشۆکە ڕەش و

جلشۆرە لە قوڕ دروستکراوەکان ڕاخستبوو، کە بازوویان وەردابووە ناو قوولاّیی کەفی زیوینی بروسکەوە ...(بابا ... خۆشەویستم بابا ...بابا!).

لە گەرمەی وڕینەکانیدا بانگی باوکی و بانگی پیرە دایانەکەی کرد کە بە مردوویی لە نەخۆشخانە کەوتووە، بانگی مامەکانی کرد کە دەرگای ماڵەکانیان لێ نەکردەوە تەنانەت لە کاتێکدا کە لە گیانەلاّدا بوو.

فریشتە ڕوو دەستی لەسەر لاجانگی کامیلا دانا. کاتێك دەستی بەسەر لاجانگیدا دەهێنا، بیری لەوە دەکردەوە: (مەگەر بە پەرجوویێك چاك ببێتەوە. ئای ئەگەر بمتوانیایە بە گەرمای دەستم نەخۆشیم لێ دوور بخستایەتەوە!) بە دەستی خەمبارییەکی تەمومژاوییەوە دەینالاّند کە تووشی کەسێك دەبێت بەدیار کەسێکی لاوەوە دانیشتبێت کە لە گیانەلاّدا بێت، ئەو دلّناسکییە هەژێنەرە کە لەژێر پێستەکەی و لەژێر پێستەوە سۆزی جوولاّند. ئەی چی لەدەست دێت بیکات؟. ئەقلّی ئۆتۆماتیکیانە خەریکبوو نزاو پاڕانەوەی تێکەلاّوی بیرۆکەکانی دەکرد: (ئای ئەگەر بمتوانیایە تەنیا لەژێر پێلّووەکانییەوە بخشایەم و فرمێسکی خەمباری و تەنیایی هەردوو چاویم بسڕیبایەوە، ئەو دوو چاوەی لە ڕەنگی باڵەکانی هیوا دەچن. خوا بتپارێزێت. خوایە ئێمەی بێ بەش لێت دەپاڕێینەوە. ژیان هەموو ڕۆژێك تاوانێکە ... کاتێك مرۆڤ ئەویندارى بکات. خوایە ڕۆژێکمان پێ ببەخشە).

کاتێك ماڵەوەی خۆی بیرکەوتەوە، وەك بلّێیت بیر لە ماڵێکی نامۆ دەکاتەوە. ماڵەکەی لێرەیە، لەگەڵ کامیلادا؛ ڕاستە ئێرە خانووی ئەو نییە، بەلاّم (کامیلا)ی لێیە. ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر (کامیلا) لێرە نەبێت؟. ژانێکی تەم و مژاوی خێرا بە جەستەیدا تێپەڕی. ئەی چی ڕوودەدات ئەگەر (کامیلا) لێرە نەبێت؟.

گالیسکەیەکی شت گواستنەوە تێپەڕی و، خانووەکە لەرزییەوە، بوتلّەکان لەسەر ڕەفەی بارەکە هەژینەوە، لە چەقچەقەی دەرگاکە لێیدا و، خانووەکانی گەڕەکەکە لەرزین. فریشتە ڕوو ڕاچلّەکی تا ڕادەیەك هەستی بەوە کرد کە

خەریکبوو بەپێوە بنوێت. باشتر وایە دانیشێت. کورسییەك لە تەنیشتی مێزی داو و دەرمانەکانەوە هەبوو. پاش تاوێك جەستەی لەسەر ئەو کورسییە گیرسایەوە. چرکەی کاتژمێرەکە، بۆنی کافوور، ڕووناکی مۆمە داگیرساوەکان بۆ گیانی یەسووع، کلێسەی (لامرسید) و یەسووعی (کاندلاریا)ی پیرۆز، مێزەکە، پەشتەماڵەکان، داوودەرمانەکان، پشتوێنی پاڵتۆی (فرنسیس)ی پیرۆز کە یەکێك لە دراوسێکان پێی بەخشیون بۆ ئەوەی ئیبلیس دوور بخاتەوە، هەر هەموویان لەسەرخۆ بە ڕیتمێکی سست دادەهێزران ، بە ڕیتمێکی میوزیکی کە کەرەستە سرکەرەکە دەیهێنایە ئاراوە، شەکەتییەکی بەچێژ کە چەندین کونی تێدایە پتر لەوەی لە پارچە ئیسفەنجێکدا هەیە، شاراوە، نیوچە تواوە، داپۆشراو، سێبەری خەونە پچڕ پچڕەکان:

(کێ گیتار دەژەنێت؟. ... ئێسکی بچووك بچووك لەژێرزەمینە تاریکەکە دەشکێنرێن، کە گۆرانیی ئەندازیاری کشتوکاڵیی لێ بەرز دەبێتەوە ... سەرما زۆر ساردەکەی نێو گەڵای درەختەکان ... لە هەموو کونەکانی زەوییەوە پێکەنینێکی بەردەوامی ئیبلیسانەی چوون باڵی چوارگۆشە بەرز دەبێتەوە ...ئایە ئەوانە پێ دەکەنن، ئایە تف ڕۆ دەکەن، چی دەکەن؟. هێشتە شەو دانەهاتووە، بەڵام تاریکی لە کامیلای جودا دەکاتەوە، تاریکایی کەللەسەرەکان کە لە تاوەی (مەشرەحە)ـەکەدا پێدەکەنن... پێکەنینەکە لە ددانگەلێکی ڕەشی چوارگۆشەوە بەرز دەبێتەوە، بەڵام کاتێك دەگاتە هەواکە تێکەڵ بە هەڵمی ئاو دەبێت و بەرز دەبێتەوە بۆئەوی ببێتە هەور. چەندین پەرژین کە لە ڕیخۆڵەی مرۆڤ دروست کراون زەوی دەکەنە دوو کەرتەوە. پەراسووگەلی ئەسپ دەبێتە ڤیوولینەیەك باهۆزە توندەکە

ئاوازەکانی خۆی لەسەر دەژەنێت. تەرمەکەی (کامیلا) دەبینێت بە بەردەمیدا تێدەپەڕێت، هەردوو چاوی لە کەرێی ڕەشمەی ڕووبارێك گالیسکەی ڕەشدا مەلەوانی دەکەن ... دەبێت دەریای مردوویش چاوی نەبێت!

هەردوو چاوی سەوزی ...بۆچی شوفێرەکان لە تاریکاییدا بە دەستکێشە سپییەکانیان ئاماژە دەکەن؟. بە دوای کەژاوەی تەرمەکەشەوە، کۆئێسکێکی تژ لە ڕانە منداڵ گۆرانی دەچڕێت: (ئەی مانگ، ئەی مانگ، هەڵووژەکەی خۆت ببەو، بەرد باوێ ناو گۆمەکەوە!) هەر هەموو ئێسکێکی باریکەلەی بچووکیش ئەم گۆرانییە دەچڕێت: (ئەی مانگ، ئەی مانگ، هەڵووژەکەی خۆت ببەو، بەرد باوێ ناو گۆمەکەوە!) ئێسکەکانی حەوزەکەیش چاویان لاکێشەییە وەك (کونە دوگمە): (ئەی مانگ، ئەی مانگ، هەڵووژەکەی خۆت ببەو، بەرد باوێ ناو گۆمەکەوە! ...بۆچی پێویستە ژیان و گوزەرانی ڕۆژانە بەردەوام بێت؟. ... بۆچی ترامەکە بەردەوام دەڕوات؟. ... بۆچی هەموو خەڵك نامرن؟. ... پاش تەرمەکەی (کامیلا) ناشێت شتەکان لە دۆخی پێشووی خۆیاندا بمێننەوە، هەموو شتێك بێ بەهایە، قەڵپە، نییە ... باشتر وایە بیتوانیایە پێکەنیبایە ...تاوەرەکە ئەوەندە پێکەنی خەریکە دەچەمێتەوە ... ئەوان گیرفانەکانی دەپشکنن و بە دوای یادوەرییەکاندا دەگەڕێن ... ئەو خاك و خۆڵەی ڕۆژگارەکانی (کامیلا) لە دووی خۆیان بەجێیان هێشتووە ... هیچ بەهایەکیان نییە ... دەزوو ... دەبێت ئێستە (کامیلا) لێرە بووایە ... دەزوو ... بلیتێکی پیس ...ئۆی، گۆنای ئەو دیپلۆماتکارەی مەی و کالاّی قوتوبەند بەبێ گومرگ کردن دەهێنێت و پاشان بە کۆگەی کابرایەکی نەمساوی خەڵکی لای (تیرۆڵ)ی دەفرۆشێت... با هەموو جیهان گۆرانی بچڕن ... پاشەرۆکی کەشتییەك ... تەوقی خۆڕزگارکردن چوون نگینگەلی سپی ... با هەموو جیهان گۆرانی بچڕن ...کامیلا، بە باوەشییەوە کپ و بێ جووڵەیە ... دیدار ... دەستی ئەوەی زەنگەکە لێ دەدات ... شۆستەی

ڕێگەکە هەڵەوگێڕ دەکەن ... لە هەڵچووندا ڕەنگی هەڵبزوڕکاوە ...تووڕەیی پێوە دیارە، بێ دەنگە، تێکچووە ... بۆچی بازووی خۆیانی پێشکەش ناکەن؟. ... وازی لێ دەهێنرێت بە خۆی بە هۆی هەستی دەست پێوەدان دابەزێت، خۆی بەسەر ئەو بازووەدا بدات کە نییەتی، دەستی بە هیچەوە نەگرتووە تەنیا قۆڵی بەتاڵی چاکەتەکە نەبێت ... لە تێلەکانی کارەبا ... کاتی خۆی بە سەیرکردنی تێلەکانی کارەبا بەفیڕۆ دا، لە خانوویێکی گەورەی گەڕەکی (جووەکان)ـەوە پێنج پیاوی لە شووشەی تاریك دروستکراو دێنە دەرەوە، ڕێگەکەی لێ دەتەننەوە، خوێن بە لاجانگی هەر یەکەیاندا فیشقەی بەستووە ... بێ ئومێدانە دەجەنگێت تا بگاتە ئەو شوێنەی کامیلا لەوێ چاوەڕێی دەکات، بۆنی کەتیرەی پوولی پۆستەی لێ دێت ... لە دوورەوەیش چیای (کەرمل) دیارە ....

فریشتە ڕوو لە خەونە پچڕ پچڕەکەیدا دەکۆشێت دڕ بە ڕێگەکە بدات بچێتە دەرەوە. ئەو کوێرە ... دەست بە گریان دەکات ... دەکۆشێت گاز لە دەزووی باریکی تاریکی بگرێت کە لە شارەمێروولە مرۆییەکەی جیادەکاتەوە، کە بۆ فرۆشتنی یاری منداڵان و میوەو شیرینی لەژێر کەپری پووشین لەسەر تەپۆڵکە سازدەدرێت.... نینۆکەکانی تیژ دەکات ... قژەکەی بژ دەبێت ... دەتوانێت لە پردێکی بچووك بپەڕێتەوەو هەڕا دەکات بە دیداری کامیلا شاد بێت، بەڵام هەر پێنج پیاوە لە شووشەی تاریك دروست کراوەکە جارێکی دیکە ڕێی دەتەننەوە. بۆ جەژنی قوربانیی پیرۆز پارچە پارچەی دەکەن!. هاواریان بەسەردا دەکات: (ڕێم بدەن با تێپەڕم بەر لەوەی بە تەواوەتی بیرووخێنن. وێ ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات چونکە مردووە! ئەدی نابینن؟. بنوارن، بنوارن! هەر سێبەرەو بەروبوومی میوەیەکی هەیەو پارچەیەکیش لە (کامیلا)، تێکەڵ بە هەر بەروبوومێك کراوە!) مرۆڤ چۆن بڕوا بە چاوی خۆی دەکات؟. بەخۆم بینیم نێژرابوو، لەوەیش دڵنیابووم کە ئەو نییە، ئەوەتە لێرەیە لە جەژنی قوربانیی پیرۆز، لەم گۆڕستانە، بۆنی بەهێ و هەرمێ و قۆخی لێ دێت، کۆتری سپیی بچووکیان لە

جەستەی دروست کرد، دەیان ... سەدان کۆتری بچووك بچووکی سپیی لۆکەیین بە قردێلەی ڕەنگاوڕەنگ پێکەوە بەستراونەتەوەو چەندین فرێزیان لەسەر نەخشێنراوە وەك (لەیادم مەکە)، (ئەوینێکی هەتا هەتایی)، (هەرگیز لە یادم ناچیتەوە)،(هەمیشە خۆشت بوێم)، (لەبیرم مەکە). دەنگی لەناو دەنگی توندی زوڕنا هەرزەییەکان و، ئەو دەهۆڵانەی لە ڕیخۆڵەی سالآنی قات و قڕی و نانی کەڕووهەڵهێنراو دروست کراون و، لە ئاپوورەی خەڵکدا (باوکەکان لەسەرخۆ سەردەکەون، منداڵەکانیش ڕاوەدووی یەکدی دەنێن) و لە زرنگانەوەی زەنگەکانی تاوەرەکانی کڵێسەکان و، لە گەرمای هەتاوو، گەرمای مۆمە کوێرەکان لە نیوەڕۆو، لە جامی بریسکەداری قوربانیی پیرۆزدا نغرۆ دەبێت و دەخنکێت ... هەر پێنج پیاوە لە شووشە تاریك دروست کراوەکان تێکەڵ دەبن و دەبنە یەك پیاو، شێوەیەك لە دووکەڵێکی خەواڵوو دروست کراوە ... لە دوورەوەیش، ڕواڵەتێکی هەست پێکراویان دەرناکەوێت ... پیپسی دەخۆنەوە ... ئاڵایەکی پیپسی بە دەستانەوەیەو بەرز کراوەتەوەو چوون هاوار دەشەکێتەوە ... ژمارییەك لەوانەی بەفرە خلسکێ دەکەن ... (کامیلا) لە نێوان دوو خلسکێنەری نادیاردا دەخلیسکێت، لەناو ئاوێنەیەکی گشتییدا بێ لایەنانە چاکەو خراپە دەخاتە ڕوو. بە لەرینەوەی دەنگە بۆندارەکەی گوێی بیسەرانی هەژاند لە کاتێکدا بەرگری لەخۆی دەکردو گوتی: (نا، نا، لێرە نا!). (بەڵام، بۆچی لێرە نەبێت؟.). (لەبەرئەوەی مردووم) (ئەی قەیدی چییە؟.) (ئەوە ...) (چی؟. بڵێ چی؟.). لە ئاسمانە بەرینەکەوە تەوژمێکی بای ساردو کۆمەڵێك پیاوی پانتۆڵ سوور بە نێوان هەردووکیاندا تێپەڕین. (کامیلا) دوایان کەوت. ئەویش بۆ ئەوەی لەناکاو سەرنجی ڕابکێشێت بەهەڵەداوان دوای کەوت.... کۆمەڵە پیاوەکە لەگەڵ دوایەمین لێدانی دەهۆڵەکە لەناکاو ڕادەوەستن ... جەنابی سەرۆك دێتە پێشەوە ... ڕوخساری زێڕکەفت بوو ... (تانتارارا)! خەڵکەکە لە ترساندا پاشاکەشێ دەکەن ... پیاوە پانتۆڵ سوورەکان یاری بەسەری خۆیان دەکەن ...

براڤۆ ... براڤۆ! جارێکی دیکە دووبارەی بکەنەوە! جارێکی دیکە، دەستتان خۆش! پیاوە پانتۆڵ سوورەکان فەرمانی سەرۆکەکانیان جێبەجێ ناکەن بەڵکو بەگوێی بینەران دەکەن و هەر یاری بەسەریان دەکەن ... سێ جار ... یەك: سەرەکە بەرزبکەوە ... دوو: بەرز هەڵیدە تا لەناو ئەستێرەکاندا شانە بکرێت ... سێ: بە هەردوو دەستت بیگرەوەو بۆ شوێنەکەی خۆی بگێڕەوە ... براڤۆ، براڤۆ! دووبارەی بکەنەوە! جارێکی دیکە! دەستتان خۆش! جارێکی دیکە! ئەوە مووچڕکە بە گیاندا دەهێنێت ... وردە وردە دەنگەکان دەمرن و ... هەر کەسەو شتێك دەبینێت کە ئارەزوو ناکات بیبینێت. پیاوە پانتۆڵ سوورەکان سەریان لێ دەکەنەوەو بۆ ئاسمانیان هەڵدەدەن، بەڵام کاتێك بەردەبنەوە نایانگرنەوەو کەللە سەرەکان بەرانبەر بەو دوو ڕیزە خەڵکە وشك ڕاوەستاوانەی دەستیان لە پشتەوە شەتەك دراوە لەسەر عەرد هەپروون بە هەپروون دەبن.

فریشتە ڕوو بە هۆی ئەوەی دوو جار لە دەرگاکە درا بە ئاگاهاتەوە. ئای چ مۆتەکەیەکی ترسناك بوو! سوپاس بۆ خوا کە ڕاستی تەواو جیاوازترە. کاتێك لە مۆتەکەیەك بێداردەبیتەوە هەست بە هەمان ئەو هەستە دەکەیت کە لە بەرێکردنی تەرمی مردوویێك دەگەڕێیتەوە. ڕای کرد بزانێت کێ لە دەرگاکە دەدات. تۆ بڵێیت هەواڵ سەبارەت بە ژەنراڵ بێت یان جەنابی سەرۆك بە پەلە بەدوایدا ناردووە؟.

ـ بەیانیت باش.

فریشتە ڕوو پیاوێکی لەخۆی درێژتری بەرانبەر بە خۆی بینی، دەم و چاو ئاڵ، سەری نزم دەکاتەوە بۆ ئەوەی لەو دیوی چاویلکە ئەستوورەکانییەوە سەیری بکات. فریشتە ڕوو وەڵامیدایەوە:

ـ بەیانیت باش.

ـ (ببوورە. ڕەنگە بتوانیت ئاگەدارم بکەیەتەوە ئایە ئەو ئافرەتەی چێشت بۆ میوزیکژەنەکان لێ دەنێت لێرە دەژێت. ئافرەتێکە جلی ڕەش دەپۆشێت ...).

فریشتە ڕوو دەرگاکەی بە ڕوودا داخست. پیاوەکە شتی لە نێزیکەوە نەدەبینی هێشتە بە چوار دەوری خۆیدا بەدوایدا دەگەڕا. کاتێك بینی لەوێ نییە. لەو دەرگاکەی دیکەی دا.

ـ (بای بای(نینیا تۆماسیتا) کاتێکی شادو بەختەوەرانە!).

ـ بۆ گۆڕەپانە بچووکەکە دەڕۆم.

هەردوو دەنگەکە لە هەمان کاتدا پەیڤین. کاتێك فریشتە ڕوو ڕۆیشت تا دەرگا بکاتەوە، (لامسکواتا) دەست بەجێ گەیشتبوو.

فریشتە ڕوو لە(لامسکواتا)ی پرسی کە تازە لە سەردانی بەندیخانە گەڕابووەوە:

ـ ڕەوشەکە چۆنە؟.

ـ هەمان شت.

ـ چییان گوت؟.

ـ هیچ.

ـ (ڤاسکیز)ت بینی؟.

ـ بینیم؟. بڕوا ناکەم. سەبەتە قاوەڵتییەکەیان بردو وەك خۆی گێڕایانەوە، ئەمەیش هەموو شتێکە.

کەواتە لە بەندیخانە نییە؟.

ـ کاتێك سەبەتەکەیان گێڕایەوە وەنەبوو واقم وڕ بمێنێت، بەڵام یاوێك ئاگەداری کردم کە بۆ سەر کارەکەی گەڕاوەتەوە.

ـ سەرپەرشتیاری بەندیخانەکە؟.

ـ نا. زۆرم ڕوو لەو دڕندەیە نا. دەیویست فریوم بدات.

ـ تەندرستی (کامیلا) چۆن دەبینیت؟.
ـ نەخۆشییەکە دریژەی هەیە. بەڵێ، نەخۆشییەکە درێژەی هەیە!
ـ تەندروستیی زۆر خراپە، ئەدی وا نییە؟.
ـ چەند بەختەوەرە. چەند باشە مرۆڤ بمرێت بەر لەوەی لە نهێنیی ژیان بگات! من بۆ تۆ خەفەت دەخۆم. دەبێت برۆیت و بۆ مەسیحی کلێسەی (لامرسید) نوێژ بکەیت. ڕەنگە پەرجوویێکت بۆ بەدی بهێنێت. ئەم بەیانییە بەر لەوەی بەرەو بەندیخانە بەرێ بکەوم، لەوێدا مۆمێکم داگیرساند و پێم گوت: ئەی بچووکە ڕەشەکەم گوێ بگرە، ئەوەتە من بۆ لای تۆ دێم، لەبەرئەوەی تۆ باوکی ئێمەیت و دەبێت گوێمان لێ بگریت: تۆ دەتوانیت ژیانی ئەو کیژە ڕزگار بکەیت، لە مریەم پاڕامەوە ڕزگاری بکات بەر لەوەی ئەمرۆ بێدار ببمەوە بەڵام ئەوەتە من ئێستە بۆ هەمان مەبەست تەنگم پێ هەڵچنیویت، ئەم مۆمەت بۆ بەجێدەهێڵم و دەڕۆم و لە توانای تۆ دڵنیام، بەڵام خێرا دەگەڕێمەوە بۆئەوەی نزاو پاڕانەوەکەمت بیر بخەمەوە!

فریشتە ڕوو خەونەکەی بیرکەوتەوە لە کاتێکدا هێشتە نیمچە خەواڵوو بوو. لە نێوان پیاوە پانتۆڵ سوورەکاندا، داواکاری گشتیی ـ بە دەم و چاوی کوندەبەبووەوە ـ لەگەڵ پیاوێکی نەناسرادا زۆرانی دەگرت، ماچی دەکرد، دەیلێسایەوەو دەیخواردو دەیڕیخانەدەوەو جارێکی دیکە دەیخواردەوە ...

(٢٧)

## لە ڕێگەی تاراوگە

لە بەر تیشکی کزی شەبەنگی بەرەبەیاندا هێسترەکەی ژەنەراڵ (کانالیس) پێی هەڵنووتا، لەژێر ئەو بارە قورسە پشووبڕەی ئەو سوارەدا کە خۆی بە دامێنی پێشەوەی کۆپانەکەوە توندکردبوو شەکەتی سەرەسووڕەی پێ خستبوو. باڵندەکان بەسەر دارستانەکانەوە دەفڕین، هەورەکانیش بەسەر چیاکاندا تێدەپەڕین، لێرە بەرز دەبوونەوەو لەوێ نزم دەبوونەوە، لێرە نزم دەبوونەوەو لەوێ بەرز دەبوونەوە، تەواو وەك چۆن سوارەکە هەڵتەك هەڵتەك بەسەر تەپۆڵکەکاندا بەرزو نزم دەبووەوە کە ڕێچکەو شوێنە ڕێیان نییە پێیدا بڕۆیت (بەر لەوەی خەوو ماندوویەتی بەسەریدا زاڵ بێ)، بە ناو ڕووبارگەلی پان و بەرینی پڕ لە تاوێرو بەرددا، کە ئاوە خوڕەکانیان هێسترەکەیان بووژاندەوە، بەناو نشێوگەلێکدا قوڕ تەنیونیەتەوەو بەردگەلیشیان لێ دەخزێن و غلۆر دەبنەوەو لەناو دۆڵەکاندا وردوخاش دەبن، بەناو بن و بنچکە دارو درەختی پڕ لە دڕکدا، بە درێژایی ڕێڕەو و ڕچەگەلی بزنگەلدا، کە یادەوەری ئافرەتە سیحرباز و چەتەگەرەکان بە بیری مرۆڤ دەهێننەوە.

زمانی شەو شۆڕ بووبووەوە. فەرسەخێك لە زەوی زەلكاوەكان پەرت بووبووەوە. پاشان شێوەیەكی شەبەنگیانە دەركەوت، سوارەكەی لەسەر هێسترەكە داگرت و، بۆ ناو كوختەیەكی چۆڵ و هۆڵ پێش خۆی خست پاشان بێ دەنگ ڕۆیشت. بەلاّم دەم و دەست گەڕایەوە. دەبێت لەناو میرووەكانی زیكزیكەوە هاتبێتە دەرەوە كە : زیك، زیك، زیك زیك زیك زیكیان دەكرد! ماوەیەكی كورت لەناو كوختەكەدا مایەوەو پاشان دووكەڵ ئاسا بزربوو. پاشان جارێكی دیكە گەڕایەوە، دواتر هەر دەچووە ژوورەوەو دەهاتە دەرەوە. وەك بڵێیت بۆ ئەوە دەچێتە دەرەوە تا ئەو شتە ڕابگەیەنێت كە دۆزیویەتییەوە، پاشان دەگەڕایەوە بۆ ئەوەی لەوە دڵنیا بێت ماوە. پێ دەچوو سروشت چاودێری چوونە ژوورەوەو هاتنە دەرەوەكانی بكات كە لە چوونە ژوورەوەو هاتنە دەرەوەكانی قوقومەك دەچوون، چوون سەگێكی بە وەفا لە كپی شەودا كلكی دەلەقاند و زنجیرەیەك دەنگەكانی (زیك زیك زیك، زیك زیك زیك، زیك زیك زیك)ی لە دوو بەرگوێ دەكەوت.

ئاكام گەڕایەوە ناو كوختەكەو ئیدی نەڕۆیشت. ڕەشەبا بەناو درەختەكاندا گڤەی دەهات. لە فێرگەی شەوانەكەدا ڕۆژ دەبووەوە كە بۆقەكان تێیدا فێری سەیركردنی ئەستێرەكان دەبوون.كەشێكی هەرس كردنی بەختەوەرانە. هەر پێنج هەستی تیشك. شتەكان لەبەر چاوی پیاوەكە شێوەی خۆیان پەیدادەكردەوە، كە بە چینجكانێوە لەبەر دەرگاكە ڕۆنیشتبوو، پیاوێكی باش و بەڕێز بوو، لەبەر هەڵهاتنی بەرەبەیان و هەناسەدانی سوارە نووستووە بەستەزمانەكە بێ دەنگ بوو، شەوی ڕابوردوو تەنیا شەبەنگێك بوو، ئێستە پیاوێكە بە گۆشت و ئێسكەوە، ئەو بوو جڵەوی هێستری سوارەكەی ڕادەكێشا. كاتێك تیشكی هەتاو دەركەوت ئاگرێكی كردەوە، بەردە

دووکەلاوییە قەبارە جیاجیاکانی کوانووەکەی لەسەر شێوەی خاچێك داناو، بە پارچە تەختەدارێك ژیلەمۆ سووتاوەکانی دەرداو، باوەشێك وشکەدارو تەڕە داری هێنا، تەڕەداریش بە ئاسانی گڕ ناگرێت، بەڵکو چوون بیبیمەتوو چەنە دەدات، جنێو دەدات، دچێتە قاووغی خۆیەوەو، پێدەکەنێت و دەگریت. سوارەکە لەخەو هەستاو زەندەقی لەوە چوو کە بە چاوی خۆی دەیبینی. هێشتە بەسەر خۆی نەهاتبووەوە. بە یەك باز خۆی گەیاندە دەرگاکەو دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو، بە نیاز بوو تا دواهەناسە بەرگری لە خۆی بکات. پیاوەکەی دیکە لە لوولەی دەمانچەکە نەترسا کە ئاراستەی کرابوو، بەڵکو پەنجەی بۆ قۆری قاوەکە ڕاکێشا کە لە تەنیشت ئاگرەکەوە دەکولا. بەلام سوارەکە گوێی پێ نەداو وردە وردە بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت ـ چونکە لەو بڕوایەدا بوو ئێستە کوختەکە بەسەرباز گەمارۆ درابێت ـ هیچی لەبەردەم خۆیدا نەبینی پێدەشتێکی پان و بەرین نەبێت لەژێر تیشکی ئاڵی بەرەبەیاندا نغرۆ بووبوو. لەو دوورایییەش، چوون پێستی شین داگەڕاو. درەختگەل، هەورگەل دەبینران. ختۆکەی جریوە جریوی پاسارییەکان هەست پێ دەکرا. هێسترەکیشی لەژێر دارهەنجیرێکدا خەو بردبوویەوە، بەبێ ئەوەی چاو بترووکێنێت، ڕاوەستا تا ئەوەی لە بەردەمی خۆیدا دەیبینێت تاقی بکاتەوە، هەرگیز هیچی بەرگوێ نەکەوت تەنیا کۆنسێرتی هاوئاوازی باڵندەکان و کشەی لەسەرخۆی جۆگەیەکی ڕوون نەبێت، ئاوە زۆرەکەی سرپەیەکی دەهات کە لە هەوای بێ گەرددا بە ئاستەم نەبیسترێت، چوون وردە شەکرێك کە دەرژێتە ناو کووپە قاوەیەکی گەرمەوە.

ئەو پیاوەی جڵەوی هێسترەکەی ڕادەکێشا، لە کاتێکدا بە وریاییەوە چل تا پەنجا گلکە گەنمە شامی لە پشتی خۆیەوە کۆکردبووەوە، گوتی: تۆ پیاوی میری نییت؟.

سوارەکە چاوی بەرز کردەوەو سەیری هاوەڵەکەی کرد، پاشان سەری لەم لاوە بۆ ئەو لا ڕاوەشاند بێ ئەوەی زاری لە کووپە قاوەکە بجوولێنێتەوەو دوورخاتەوە.

ئەوی دیکە، چاوی وەك چاوی سەگێکی وێڵ بەناو ژوورەکەدا گێڕا، بە ڕوخسارێکی فێڵبازانەوە، گوتی: تاتیتا! (١٤)

ـ (من هەڵاتووم ...).

ئەوی دیکە وازی لە شاردنەوەی گلکە گەنمە شامییەکان هێناو ڕۆیشت قاوەی دیکە بۆ هاوەڵەکەی تێ بکات. (کانالیس) نەیدەتوانی باسی ئەو مەینەتییانە بکات بەسەری هاتوون.

ـ گەورەم تۆیش وەك منیت! من بە هۆی ئەو گلکە گەنمە شامییانەوە هەڵاتووم کە دەستم بەسەردا گرتوون. بەڵام دز نیم. ئەم زەوییە زەوی من بوو تا لێیان زەوت کردم، هەروەها هێسترەکانیشیان لێ زەوت کردم ... .

ژەنەراڵ کانالیس بایەخی بە قسەکانی هیندییەکە دا، ویستی بۆی شی بکاتەوە چۆن دەکرێت مرۆڤ شت بدزێت و بە دز نەژمێررێت.

ـ (ئەی (تاتیتا) پێت دەڵێم چۆن دزی دەکەم و من دزیم نەکردووەتە پیشە. پێشتر پارچە زەوییەکی بچووکم لەم نێزیکانە هەبوو، لەگەڵ هەشت هێستردا. خانووی خۆم و ، ژن و منداڵم هەبوو، تەواو وەك تۆ شکۆمەندبووم ...).

ـ بەڵێ، پاشان چی ڕوویدا؟.

ـ (بەر لە سێ ساڵ، نوێنەری سیاسی هاتە ئێرەو ئاگەداری کردمەوە بارێك دار سنۆبەر بە هێسترەکانم بۆ ئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی جەنابی

سەرۆکەوە بگوێزمەوە. گەورەم منیش بردم، ئەی جگە لەوە چیم لە دەست دەهات؟. کاتێك گەیشت و هێسترەکانی بینیم، لە بەندیخانە لە ژوورێکی تەنیای توند کردم، پاشان لەگەڵ کویخاکەدا ـ کە دوو ڕەگە ـ چارەواکانیان لەنێوان خۆیاندا دابەش کرد. کاتێك داوای کرێ دەستی خۆم کرد بەرانبەر بەو کارەی بۆم کردبوون، نوێنەرەکە پێی گوتم ئاژەڵ ئەگەر دەمت نەنوقێنێت ئەوە جارێکی دیکە لە بەندیخانەکەت توند دەکەمەوە. پێم گوت: (ئاغام نوێنەر زۆر باشە، هەرچیم بەرانبەر دەکەیت بیکە، بەڵام هێسترەکان هی خۆمن). ئەی تاتیتا لەوە پتر نەمتوانی یەك وشەم لە زار بترەکێ، چونکە تا هێزی تیدابوو بە قایشەکەی بەسەر سەریدا کێشام، تەنانەت خەریکبوو بمکوژێت ...).

بزەیەکی تاڵ لەژێر سمێڵە ماش و برنجەکەی پیرە سەربازەکەوە دەرکەوت و پاشان بزربوو، کە تووشی کارەسات هاتووە. هیندییەکە بە هەمان شێوەی قسەکردن درێژەی دایە بێ ئەوەی دەنگی بەرزبکاتەوە:

ـ (کاتێك لە نەخۆشخانە دەرچووم هاتن پێیان ڕاگەیاندم کە منداڵەکانیان لە بەندیخانە توند کردووم و ئەگەر سێ هەزار بیزۆیان پێ نەدەم ئازادیان ناکەن. لەبەرئەوەی منداڵەکانم بچووك بوون و بەرگەی ئازارو ئەشکەنجەیان نەدەگرت، یەکسەی بە هەڵەداوان خۆم گەیاندە لای پارێزگارو داوام لێ کرد لە بەندیخانەیان بهێڵێتەوەو ڕەوانەی خزمەتی سەربازییان نەکات چونکە زەوییەکەم (ڕەهن) دەکەم بۆ ئەوەی سێ هەزار بیزۆیان بۆ پەیدا بکەم. چوومە پایتەخت، لەوێ پارێزەرەکە لەگەڵ ئاغایەکی بیانیدا بۆم ڕێککەوت کاغەزێك مۆر بکات دەڵێت سێ هەزار بیزۆم بەرانبەر بە ڕەهن کردنی زەوییەکە پێ دەدەن. لەناو کاغەزەکەدا ئەمەی بۆ

خوێندمەوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوە بەپێچەوانەی ئەوەوە بوو لەناو کاغەزەکەدا نووسرابوو. پاشان پیاوێکیان لە دادگەوە نارد پێی ڕاگەیاندم کە زەوییەکە بەجێ بهێڵم چونکە چی دیکە زەوی من نییە، لەبەرئەوەی بە سێ هەزار بیزۆ بە بیانییەکەم فرۆشتووە. سوێندم بۆ خواردن کە ئەوە ڕاست نییە کەچی بڕوایان بە پارێزەرەکە کردو بڕوایان بە من نەکردو ناچاریان کردم زەوییەکە بەجێ بهێڵم. ئەگەرچی سێ هەزار بیزۆکەیان لێ ستاندم، کەچی کوڕەکانیان ڕەوانەی سەربازی کردو: یەکێکیان لەکاتی ئێشکگری سنووردا مردو، ئەوەکەی دیکەیان بەسەختی بریندار بوو، باشتر بوو بمردایە، پاشان دایکیان، ژنەکەم بە مەلاریا کۆچی دوایی کرد، ئەمەیش وای لێ کردووم پەنا بۆ دزی ببەم، ئەگەرچی تاتا من دز نیم، تانەت ئەگەر تا مردن لێم بدەن، یان لە بەندیخانەم توند بکەن).

ـ ئایە ئەو ئیشەیە ئێمەی سوپایی بەرگری لێ دەکەین؟.

ـ تاتات، چیت گوت؟.

جۆرە گەردەلوولێکی هەست و نەست لە سینگی (کانالیس)ی بەساڵداچوودا گڕی دەستاند، لەو جۆرە هەستانەی لە دڵی هەر پیاوچاکێکدا بەرانبەر بە دیاردەی ستەمگەری گڕ دەستێنێت، لە جیاتی نیشتمانەکەی ئازاری دەچەشت، وەك بڵێیت خوێنی خودی ئەو نیشتمانە ئیکسپایەر بوویێت. لەژێر پێستیدا، لەناو مۆخی ئێسك و لە ڕەگ و ڕیشەی قژو، لەژێر نینۆك و، لە نێوان ددانەکانیدا هەستی بە ژان و ئازار دەکرد. ڕاستی لە کوێیە؟. تۆ بڵێیت پێش ئێستە هەرگیز بە ئەقڵی بیری نەکردبێتەوە، بە جلە سوپاییەکەی نەبێت؟. شتەکە پتر جێی قێزەونی و ئاکام

جێی خەم و خەفەتە ئەگەر پێویست بوو مرۆڤ تەنیا سوپایی بێت بۆ ئەوەی دەستەڵات لە چنگی باندێکی لەڕێلادەری چەوسێنەردا قۆرخ بکات کە خۆیان بە خاوەند دەچوێنن و خیانەت لە نیشتمان دەکەن، بەرانبەر بەوەی مرۆڤ لە برساندا لە تاروگە بمرێت. چ مافێکە سوپاییەکان ناچار دەکات لایەنگیری ڕژێمگەلێك بکەن کە لایەنگیری نە لە هیچ نەریت و بەهاو نە لە جیهان و نە لە نەتەوە ناکەن؟.

هیندییەکە بە شێوەیەك لە ژەنەراڵی دەڕوانی وەك بڵێیت بتێکی سەیر بێت، بەڵام بێ ئەوەی لەو چەند وشە کەمە بگات کە گۆی دەکردن.

ـ (ئەی تاتیتا، پێویستە ئێرە بەجێ بهێڵیت بەر لەوەی مەفرەزەی پۆلیس بگات).

(کانالیس) داوای لە هیندییەکە کرد لەگەڵی کۆچ بۆ وڵاتەکەی دراوسێ بکات، هیندییەکە قایل بوو، ئەویش لەبەرئەوەی چوون ئەو درەختێك بوو هیچ ڕەگ و ڕیشەیەکی نەبێت پاش ئەی دەستیان بەسەر زەوییەکەیدا گرت. کرێیەکەیشی باش بوو.

کوختەکەیان بەجێ هێشت بێ ئەوەی ئاگرەکە بکوژێننەوە. بە هۆی تەوشەکەیانەوە بە ناو دارستانەدا ڕێگەیان بۆ خۆیان کردەوە. شوێن پێی پڵنگێك لە بەردەمیانەوە پێچاوپێچ دەبینرا. تاریکی، ڕووناکی، تاریکی، ڕووناکی. تۆڕێك گەڵای درەختی لوولخواردوو. پاش ماوەیەك لە دوای خۆیانەوە کوختەکەیان بینی چوون بروسکە دەگەشێتەوە. نیوەڕۆ. پەڵەهەوری ڕاوەستاو. درەختی چەق بەستوو. خەم. سپیایەتی. بەردو تا دێت بەردی زۆرتر. مێروو. کۆئەندامی ئێسك، بێ گۆشت و گەرم وەك ئەو جلەی تازە لە ئوتوو دەدرێت. هەویری ترشاو. باڵندەی

پەرێشان بەسەر سەریاندا دەسووڕێنەوە. ئاوو تینوویەتی. ناوچە گەرمەکان. گۆڕانێکی بێ کۆتایی، بەردەوام و بەردەوام هەر هەمان گەرما.

ژەنەراڵ دەستەسڕێکی بە ملییەوە پێچابوو پشتە مل و ملی پێ لە تیشکی هەتاو دەپاراست. هیندییەکە لە تەنیشتییەوە دەڕۆیشت و هەنگاوەکانی لەگەڵ هەنگاوەکانی هێسترەکەدا هاوجووت دەکرد.

ـ لەو بڕوایەدام ئەگەر بە درێژایی شەو بڕۆین ئەوە سبەینێ بەیانی دەگەینە سنوور، باشتریش وایە سەرکێشی بکەین و بە ڕێگەی سەرەکیدا بچین چونکە دەبێت لای ماڵی هەندێك لە ئافرەتە دۆستەکانم لەناوچەی (لاس ئەلدیاس) لابدەم.

ـ تاتا، ڕێگەی سەرەکی! پێشبینی چ دەکەیت؟. تووشمان بە تووشی مەفرەزەی سوار پۆلیسەوە دەبێت.

ـ وەرە، دوام بکەوە! ئەگەر سەرکێشی نەکەیت هیچ شتێکت دەست ناکەوێت، هەروەها ئافرەتە دۆستەکانم ڕەنگە سوودمان پێ بگەیەنن.

ـ ئۆی، ئەی تاتا هەموویان.

لەناکاو هیندییەکە ڕاچڵەکی و گوتی:

ـ ئەی تاتا، گوێت لێ نییە، نابیسیت؟.

ترپەی سمی هەندێك ئەسپ دەهات کە نێزیك دەبوونەوە، بەڵام پاش ئەوە ڕەشەبایەکە کپی کرد، دەنگەکە پێدەچوو بەرەو دواوە پاشەکشەی کردبێت، وەك بڵێیت ئەسپەکان دوور بکەونەوە.

ـ بێ دەنگ بە!

ـ ئەوانە سوار پۆلیسن. من دەزانم چی دەڵێم. ئێستە پێویستە لەم دەربەندە تێپەڕین، ئەگەرچی بۆ گەیشتن بە (لاس ئەلیداس) ڕێگەکە دوورترە.

ژەنەراڵ لە ڕێگەیەکی لاوەکییەوە بە دوای هیندییەکەدا دابەزی، دەبوو لە هێسترەکە دابەزێت و جڵەوەکەی ڕاکێشێت. کاتێك کەلێنە تەسکەکە قووتیدان هەستیان کرد وەك بڵێت لەناو گوێچکە ماسییەکدان، لەو مەترسییەیان دەپارێزێت کە هەڕەشەی لێ دەکردن.

لەناکاو تاریکایی داهات. سێبەرەکان لە قووڵایی دۆڵە نووستووەکاندا گردبووبوونەوە. درەخت و باڵندەکان وا دەهاتنە بەرچاو لەناو سروە فێنکە بەردەوام شەپۆلدەرەکاندا لە نهێنی مەتەڵاوی دەچوون. هیچ شتێکی ئەوتۆیان لە پاشماوەی سوار پۆلیسەکان نەبینی تەنیا پەڵە هەورێکی تەپ و تۆزی سوور ئاسا نەبێت لە نێوانیان و لە نێوان ئەستێرەکاندا بڵند بووەوە، ئەویش ئەو کاتەی کە لەو شوێنەدا لۆقە لۆقیان بوو کە تازە پۆلیسەکان بەجێیان هێشتبوو.

بە درێژایی شەو بەڕێوە بوون.

ـ (ئەی تاتا، کاتێك دەگەینە لووتکەی تەپۆڵکەکە (لاس ئەلدیاس) دەبینین).

هیندییەکە لەگەڵ هێسترەکەدا پێش کەوت بۆ ئەوەی ئافرەتە دۆستەکانی (کانالیس) لە گەیشتنیان ئاگەداربکاتەوە، کە سێ خوشك بوون و مێردیان نەکردبوو، ژیانیان لە نێوان نوێژکردن و ژانە گەروو ئاوسان و سروودی ئایینی و ژانە گوێ و دەم و چاوو پشت و هەردوو تەنیشتدا بەسەر دەبەن. هەواڵەکەیان پێ سەیر بوو، لەبەر ئەو

گەیشتنە ناکاوییە وەنەبوو ببوورێنەوە. لە ژووری نووستنەکەدا پێشوازییان لە ژەنەراڵ کرد، لەبەرئەوەی هۆڵەکە ئەو هیمایەی پێ نەدەبەخشین جێی بڕوا نەبێت.

لەلادێ، میوانان بەبێ پرس و مۆڵەت دەچنە ژوورەوەو یەکسەر ڕوودەکەنە مووبەق: ئەی مریەم سڵاوت لێ بێت، ئەی مریەم سڵاوت لێ بێت.

ژەنەراڵ بە ڕیتمێکی سست و لەسەرخۆ باسی مەینەتییەکەی خۆی بۆ گێڕانەوەو چەند فرمێسکێکی ڕشت کاتێك ناوی کچەکەی هێنا.

دۆستەکانیشی لە خەفەتدا دەستیان بە گریان کرد، خەفەتەکەیان ئەوەندە گەورە بوو تەنانەت ژان و ئازارەکانی خۆیان و مردنی دایکیان لەبیرچووەوە، کە بۆ پرسەی وێ سەرتاپا جلی ڕەشیان پۆشیبوو.

ـ (بەڵام بە هەر شێوەیەك بووە ئاسانکاریت بۆ دەکەین هەڵبێیت و لە سنوور بپەڕیتەوە، ئێستە دەچم لە دراوسێکان دەپرسم. کاتی ئەوە هاتووە بیر لەوە بکەینەوە تا بزانین کامیان کاری قاچاخچییەتی دەکات. لەبەرئەوەی من دەزانم نێزیکەی هەر هەموو دەروازە سنوورییەکان کە دەکرێت لێیان دەرباز بیت لەژێر چاودێری کاربەدەستاندان).

گەورەکەیان ئەو قسانەی کرد، لەگەڵیشیدا ڕووی پرسیاری لەوانی دیکەیش کرد.

ناوەندەکەیان، کە بە هۆی لەناکاوی گەیشتنی ژەنەراڵ (کانالیس)ـەوە ددان ئێشانەکەی لەبیر چووەوە، گوتی : ژەنەراڵ، وەك خوشکم گوتی ئاسانکاریت بۆ دەکەین هەڵبێیت. جا لەبەرئەوەی لەو بڕوایەدام کە پێویستت بە هەندێك ئازووقە هەیە، ئەوە دەچم بۆ ئەوەی ئامادەی بکەم.

بچووکەکەیش گوتی: (لەبەرئەوەی ئەمرۆمان لەگەڵ بەسەر دەبەیت، ئەوە لات دادەنیشم و دەمەتەقێت لەگەڵ دەکەم و هەندێك قسەی خۆشت بۆ دەکەم).

ژەنەراڵ بە سوپاسەوە سەیری هەرسێ خوشکەکەی کرد ـ چونکە ئەو خزمەتەی پێشکەشی ئەویان دەکرد دەگمەن بوو ـ بەدەنگێکی نـزم تکای لی کردن لەو شەکەتی و سەرئێشەیەی ببوورن بۆی دروست کردن.

ـ ژەنەراڵ هیچ شتێکی لەو جۆرە نییە.

ـ نا ژەنەراڵ، ئەو قسەیە مەکە.

ـ خۆشەویستانم، من دەزانم چەند بە بەزەیی و چەند باشن، بەڵام دەزانم کە من ئێوە لەگەڵ خۆم تێوە دەگلێنم بەوەی کە لێرەم.

ـ (بەڵام لەگەڵ هەر هەموو ئەوەشدا ئێمە دۆستی تۆین. مەزەندە بکە لەوەتای دایکمان مردووە ...).

ـ بەڵام، پێم بڵێ، دایکتان چۆن مرد؟.

ـ خوشکەکەم ئەوەت بۆ دەگێڕێتەوە، ئێمە دەچین شتەکانت ئامادە دەکەین.

خوشکە گەورەکە ئەوەی گوت و پاشان هەناسەیەکی هەڵکێشا. پشتوێنەکەی لەناو شاڵەکەیدا بە لوولدراوی بە دەستەوە بوو، رۆشیت لە مووبەقەکە لە پشتی ببەستێت، لەوێ کە خوشکە ناوەندییەکە هەندێك ئازووقەی بۆ ژەنەراڵ ئامادەدەکرد، بەرازو مریشکەکان چواردەوریان دابوو.

ـ نەدەتوانرا بۆ پایتەخت بگوێزرێتەوە، لێرەیش نەیاندەزانی تووشی چ نەخۆشییەك بووە. ژەنەراڵ خۆت دەزانیت. بەستەزمان، تا دەهات تەندروستیی

بەرەو خراپی دەچوو، کاتێکیش مرد هەر دەگریا لەبەرئەوەی بە تاك و تەنیا لەم جیهانەی بەجێدەهێشتین. هیچ ڕێگەچارەیەك لەئارادا نەبوو خۆ لەوە ببوێررێت. بەڵام مەزەندەیش بکە کە پارەمان نەبوو کرێی نۆژدارەکە بدەین کە لیستی پازدە سەردانی بۆ ڕەوانە کردبووین نرخی دەگەیشتە نێزیکەی نرخی ئەم خانووە، کە تەنیا شتێکە باوکمان بۆی بەجێ هێشتووین. بە یارمەتیت خۆلەکێك مۆڵەتم پێ بدە، تا بزانم خزمەتچییەکەت چی پێویستە.

کاتێك خوشکە بچووکەکە چووە دەرەوە، (کانالیس) خەوی لێ کەوت. دوو چاوی نووقاو. جەستەیەکی سووك چوون پەڕ.

ـ ئەی گەنج چت دەوێت؟.

ـ (تۆو خوا، پێم ناڵێیت لەکوێ دەست بە ئاو بگەیەنم ...).

ـ (لەوێ، لەناو تەویلەی بەرازەکان!).

ئاشتیی لادێ دەزووەکانی خۆی لە خەونەکانی ژەنەراڵی نووستوودا چنی. سوپاسگوزاری کێڵگەکانی گەنمە شامی و ناسکی لەوەڕگەکان بە گوڵاڵە چکۆڵە ساکارەکانیانەوە. ئەوەندەی نەخایاند بەرەبەیان تێپەڕی پاش ئەوەی پۆڕەکان لەوە دەترسان بە گوللەی ڕاوچییەکانەوە بن، لەگەڵ ئەو ترسەی کە ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوویێك دەیوروژێنێت و ئەو قەشەی ئاوی پیرۆزی دەپرژێنێت، لەگەڵ هەڵتووڕانی جوانە گایەکی چالاك. لە تاوەری کۆترەکان لەناوحەوشەی خوشکە قەیرەکاندا ڕووداوگەلی گرینگ ڕوویان دا: مردنی خۆشەویستێك، داخوازی کیژێك، سی هاوسەرگیری لەبەر تیشکی هەتاو. واتە هەرگیز هیچ نییە!

هەرگیز هیچ نییە! کۆترەکان بەو شێوەیە پەیڤین کاتێك سەریان لە پەنجەرەی هێلانە بچووکەکانیانەوە دەرهێنا. هەرگیز هیچ نییە.

کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ، ژەنەراڵیان هەڵستاند بۆئەوەی نانی نیوەڕۆ بخوات. برنجی بە ئاڵەت. شلەی گۆشت. یەخنی. مریشك. بازلا. مۆز. قاوە.

ـ (ئەی مریەم سەڵاوت لێ بێت!).

لەناکاو دەنگی کۆمیسیاری سیاسی ڕایچەڵەکاندن کاتێك خەریکبوون نانی نیوەڕۆیان دەخوارد. ڕەنگی کچە قەیرەکان هەڵبڕوزکاو نەیانزانی چۆن بجوولێنەوەو ڕەفتار بکەن. ژەنەراڵیش لە پشتەوەی دەرگایەك خۆی حەشار دا.

ـ (خۆشەویستان بێزار مەبن، من ئیبلیسی یازدە هەزار شاخ نیم! خودایە، چۆن بەو شێوەی لە من دەتۆقن، بە تایبەتی پاش ئەوەی بە شێوەیەکی دلێرانە لەگەڵتان جووڵامەوە!).

ئەو بەستەزمانانە توانای قسەکردنیان لە دەست دابوو.

ـ ئەی، فەرمووم لێ ناکەن بێمە ژوورەوەو دانیشم، تەنانەت ئەگەر لەسەر عەردیش بووبێت؟.

بچووکەکەیان کورسییەکی بۆ گرینگترین فەرمانبەر لە گوندەکەدا هێنا.

ـ زۆر سوپاس. بەڵام کێ لەگەڵتان نانی دەخوارد؟. من قاپێکی دیکە دەبینم. هەموویان سەیری قاپەکەی ژەنەراڵیان کرد.

خوشکە گەورەکەیان زمانی گرت و لە نائومێدیدا پەنجەکانی دەچەماندەوەو وتی: وەك دەزانیت ...

ناوەندەکیان قوتاری کردو گوتی:

ـ شتێکی دژوارە ئەو شتە شی بکرێتەوە، بەڵام وێڕای ئەوەی دایکمان مردووە، کەچی بەردەوام لەگەڵ خۆماندا شوێنێکی بۆ ئامادەدەکەین، تا هەست بە تەنیایی نەکەین.

ـ ئۆی، پێدەچێت ئێوە بەرەو بواری ڕووحانییەت بچن.

ـ کۆمیسیار، شتێك ناخۆیت؟.

ـ سوپاست دەکەم، بەڵام نانم خواردووە. هاوسەرەکەم نانی بۆ ئامادەکردبووم. پاشان نەمتوانی سەرخەوێکی نیوەڕۆ بشکێنم لەبەرئەوەی برووسکەیەکی وەزیری ناوخۆم پێگەیشتووە ئاگەداری کردوومەتەوە هەنگاوی یاسایی بەرانبەرتان وەربگیرێت ئەگەر بێت و هەقدەستی نۆژدارەکە نەدەن.

ـ بەڵام کۆمیسیاری بەڕێز، ئەمە دادوەرانە نییە، تۆ دەزانیت کە ....

بۆیە هەرسێ خوشکەکە فرمێسك زاییە چاویان و پێکەو گوتیان: (وایە) .

ـ (من داوای لێبوردنتان لێ دەکەم کە هاتم و بێزارم کردن، بەڵام چی دەکەیت وەك دەزانن کارەکە وایە، نۆ هەزار بیزۆ، یان خانووەکە، یان ....).

کەللەڕەقیی نۆژدارە بێزراوەکە بەو شێوازەدا دەرکەوت کە کۆمیسیارەکە بە هۆیەوە سووڕایەوەو پشتی تێ کردن، پشتێك هەر لە دەوەنە دارێك دەچوو.

ژەنەراڵ گوێی لێ بوو کچەکان دەگریان، دەرگای دەرەوەیان بە کلیل و بە کیلۆن داخست نەوەك کۆمیسیارەکە بگەڕێتەوە. فرمێسکەکانیان بەسەر سینییە مریشکەکەدا پەرت بووەوە.

ـ ژەنەراڵ، ژیان چەندە دژوارە. تۆ بەختەوەریت کە بۆ هەمیشە ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵیت.

(کانالیس) پرسیاری کردو ڕووی قسەی کردە خوشکە گەورەکە: (هەڕەشەی چی لێ دەکردن؟.).

گەورەکەیان بە هەردوو خوشکەکەی گوت بێ ئەوەی فرمێسکەکانی بسڕێت:

ـ یەکێکتان پێی بڵێن.

یەکێکیان زمانی تەتەڵەی دەکردو گوتی: دایکم لە گۆڕ دەربهێنرێت.

(کانالیس) بە واقی وڕماوەوە لە هەر سێ خوشکەکەی ڕوانی و دەستی لەنان خواردن هەڵگرت.

ـ چی دەڵێیت؟.

ـ تەواو وەك بیستت، دایکم لە گۆڕ دەربهێنرێت.

ـ بەڵام ئەمە ستەمگەرییە.

ـ پێی بڵێ.

ـ باشە. بەڵام ژەنەراڵ دەبێت ئەوە بزانیت کە نۆژداری گوندەکەمان تەرەس ترین کەسە لە جیهاندا، پێشتر ئەوەیان پێ گوتووین، بەڵام مرۆڤ شت فێر نابێت بە تاقیکردنەوە نەبێت. ئەی چیمان بکردایە؟. شتێکی دژوارە بڕوا بکەیت کە کەسانێك هەبن تا ئەو ڕادەیە شەڕخواز بن.

ـ ژەنەراڵ هەندێك توور ناخۆیت؟.

ناوەندەکەیان قاپەکەی دایە، کاتێك ژەنەراڵ خەریکبوو هەندێك لە توورەکەی دەخوارد، بچووکەکەیان درێژەی بە بەسەرهاتەکەی دا:

ـ کەوتینە داویەوە. یارییەکەی ئەمەیە: کاتێك یەکێك لە نەخۆشەکانی تووشی نەخۆشییەکی ترسناك ببێت و، دوایەمین شتیش کە کەس و کاری بیری لێ بکەنەوە ڕێ و شوێنی ناشتنەکەی بێت، ئەوە فەرمان دەدات گۆڕێك بۆ ناشتنی ئامادە بکرێت. پاشان کە ڕۆژی تەواو دەبێت، ئەو کاتە دەستی خۆی دەوەشێنێت، هەمان شتمان تووش هات، چونکە لەبری ئەوەی دایکم لە زەوییەکی ڕووتدا بنێژین، ئەو شوێنەمان لە گۆڕستان پەسەند کرد کە ئامادەی کردبوو بێ ئەوەی دەرك بەوە بکەین لەو ڕووەوە چیمان تووش دەبێت).

گەورەکەیان لەگەڵ هەنسك داندا تێبینییەکی دەربڕی: (لەکاتێکدا دەزانێت ئێمە ئافرەتین و هیچ سەرپەرشتیارێکمان نییە).

ـ ژەنەراڵ پێت دەڵێم، ئەو ڕۆژەی لیستەکەی بۆ ناردین ، هەموومان واقمان وڕما: نۆ هەزار بیزۆ لەبری پازدە سەردان، نۆ هەزار بیزۆ یان ئەم خانووە، چونکە پێ دەچێت ژن بگوێزێتەوە، یان ...).

ـ یان، ئەگەر پارەکە نەدەین، وەك بە خوشکەکەی گوتم، ئای لەو قسە ناشیرینەی، (دەتوانن زبڵەکەتان لە گۆڕستانەکەم ببەنەوە).

(کانالیس) مستەکۆڵەیەکی بە خوانەکەدا کێشا.

ـ (ئەی پیسکەی قوڕمساغ!).

جارێکی دیکە بە مێزەکەیدا کێشا، کە وای کرد سینی و قاپ قاچاخ و چنگاڵ و کاردو کووپەکان بلەرێنەوە، پەنجەکانی کردەوەو پاشان نووقاندنی وەك بڵێیت ئەو قوڕمساغە بخنکێنێت و شیرازەی سیستمی کۆمەڵایەتی تێك بدات کە ئەم جۆرە کارە ناشیرین و جێ شەرمەزارییانەی یەك بە دوای یەکدا هێناوەتە کایەوە.

بیری لەوە کردەوە: (تۆ بڵێیت خەڵکی ساکار بەڵێنی ئەوەیان پێ درابێت مەملەکەتی ئاسمانیان لەسەر زەمین پێ ببەخشرێت ـ ئەم درێژدادڕییە ڕیاکارانە ـ تەنیا لەبەرئەوەی بەرگەی ئەم جۆرە قوڕمساغانە بگرن. نا! ئیدی بەسە تا کەی گیرۆدەی دەستی زەبری ئەم یاسای ئیستێتیکایە بین! من سوێند دەخۆم لە پێناوی شۆڕشی سەرتاسەریدا تێ بکۆشم، پێویستە هەموو شتێك هەڵەوگێڕ بکرێت. پێویستە خەڵکی دژ بە مشەخۆرەکان ڕاپەڕن، دژ بەوانەی بە پلەو پایە فەرمییەکانیان دەخوڕن، هەروەها ئەو بێکارانەی باشتر وایە ڕەوانە بکرێن زەوییەکان بکێڵن و بچێنن. پێویستە هەر یەکەو پشکی خۆی لە وێرانکاری بەر بکەوێت! وێرانکاری! وێرانکاری! هیچ کرێگرتەیەکیان دەرباز نابێت.

کاتژمێر دەی ئێوارەی ئەو شەوەی بۆ ڕۆیشتن بۆ دەستنیشان کرا، ئەویش بەپێی ئەو ڕێ و شوێنەی قاچاخچییەکی دۆستی خانەوادەی هەر سێ خوشکەکە بۆی ڕێکخستبوو. ژەنەراڵ چەند نامەیەکی نووسی، لەوانە نامەیەکی بەپەلە بۆ کچەکەی. لەسەر ئەوە ڕێککەوتن هیندییەکە نامەکە ببات و پاشان لە ڕێگەی سەرەکییەوە بگەڕێتەوە. کەس نەیگوت خواتان لەگەڵ. ئەسپەکان بەڕێکەوتن و سمیان بە پەڕۆ بەسترابووەوە، لەکاتێکدا کچەکان لە تەنیشت دیوارەکەوە ڕاوەستابوون، لە تاریکاییەکی گەرم و نووتەکدا بەکوڵ

دەگریان. کاتێك ژەنەراڵ گەیشتە ڕێگە بەرینەکە هەستی کرد دەستێك جڵەوی ئەسپەکەی گرت. گوێی لە ترپەی پێ بوو. قاچاخچییەکە بە گوێوەی چرپاند: (چەندیان تۆقاندم. هەناسەم لێ بڕا.بەڵام نیگەران مەبە، ئەوانە چەند پیاوێکن بە یاوەری نۆژدارەکە دەچن لەژێر بالکۆنی دەزگیرانەکەیادا گۆرانی بچڕن).

لە کۆتایی ڕێگەکەیشدا مەشخەڵێك دەگڕا، بڵێسەی ئاگری لێ بەرز دەبووەوە، بە هۆی ڕووناکییەکەیەوە شێوەی خانوو و درەختەکان و پێنج شەش پیاوێك کە لەژێر پەنجەرەیەکدا ڕاوەستابوون تێکدەچوونەوەو پەرت دەبوونەوە.

ژەنەراڵ لە کاتێکدا دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو پرسی: (کامیان نۆژدارەکەیە؟.). قاچاخچییەکە جڵەوی ئەسپەکەی توند گرت و، بازووی بەرز کردەوەو ئاماژەی بە پیاوێك کرد گیتارێکی پێ بوو، گوللەیەك دڕی بە هەواکە داو، پیاوێك بەربووەوە سەر عەرد وەك چۆن مۆزێك لە بۆڵەکەی بەردەبێتەوە.

ـ ئای خوای ئاسمانان! سەیرکە چیت کرد! دەبێت هەڵبێین، خێراکە، ئەگینا دەستگیردەکرێین! دەی! نەقیزەی ئەسپەکەت بدە!).

ـ دەبێت ... هەموو کەسێك ... ئەمە بکات، گەل ڕزگار بکات!

(کانالیس)، کاتێك ئەسپەکەی غاری دەدا، ئەم قسانەی پچڕ پچڕ کرد. ترپەی پێی ئەسپەکان سەگەکانی بەئاگاهێنایەوە، سەگەکانیش مریشکەکانیان بێدارکردەوە. مریشکەکانیش کەڵەشێرەکانیان بە ئاگاهێنایەوە، کەڵەشێرەکانیش جووتیارەکانیان لە خەو کردەوە، کە بە سستی چاویان کردەوەو، باوێشکیان دەداو خۆیان درێژ دەکردەوەو هەستیان بە ترس دەکرد.

گرووپی گۆرانبێژانی شەوانە تەرمی نۆژدارە مردووەکەیان هەڵگرت. خەڵکەکەیش لە خانووەکانی تەنیشتەوە بە قندیلۆکەکانیانەوە هاتنە دەرەوە. ئەو کیژەیش گۆرانییان بۆ دەچڕی نەیتوانی بگریت، بەڵکو لە ئەژمەتی ڕووداوە کوت و پڕییەکەدا بە جلی نووستنەوە واق وڕماو ڕاوەستابوو و قندیلۆکەیەکی چینی بە دەستە سپییەکەی گرتبوو، سەرنجەکانی لە تاریکاییە کوشندەکەدا بزربووبوون.

ـ (ژەنەراڵ ئێمە ئێستە بە تەنیشتی ڕووبارەکەوەین، بەڵام دەبێت ئەوەت پێ ڕابگەیەنم کە کەس ناتوانێت لەو شوێنەوە بپەڕێتەوە کە دەمانەوێت لێی بپەڕینەوە پیاوانی ئازا نەبێت. ئای ژیان، ئەگەر تا هەتایە بمایتەوە!).

(کانالیس) کە لە پشتەوەی سواری ئەسپێکی دێزە بووبوو، گوتی:

ـ کێ بترسێت؟.

ـ براڤۆ! مرۆڤ هەست دەکات ئەوەندەی شێر بوێرو ئازایە ئەگەر پیاوێکی لەگەڵ بێت. باش دەستم پێوە بگرە، باش، ئەگینا ڕێگەکە بزردەکەیت.

هەموو شتێکی چوار دەوریان نادیار بوو، هەواکە فێنك بوو، بەڵام جاروبار تەوژمێکی بای زۆر ساردی دەهات. لە نێوان زەل و قامیشەکانەوە گوێیان لە هاژەی ڕووبارەکە بوو.

دابەزین و خۆیان هاویشتە ناو ڕووبارەکەوە. قاچاخچییەکە هەردوو ئەسپەکەی لە شوێنێکدا بەستەوە کە باشی دەناسی تا لە گەڕانەوەدا بیانباتەوە. لەناو سێبەرەکاندا ڕووی ڕووبارەکە ئاسمانی بە ئەستێرە ڕازاوەو شەپۆلێکی سەیری

ڕووەککگەلی بەسەر ڕووی ئاوەکەوە دەردەخست کە لە درەختە سەوزەکانەوە بەر دەبوونەوە، کە ڕەنگی چاویان (خەنەیی) و ددانیان سپی بوو.

قاچاخچییەکەو ژەنەراڵ بێ دەنگ لەم دوورگەلۆچکەوە بۆ ئەو دوورگەلۆچکە بازیان دەدا، لەکاتێکدا هەر یەکەو دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو. سێبەرەکانیان چوون تیمساح بە دوایانەوە بوو. ڕەوە مێشوولە گازی لێ دەگرتن، جۆرە ژەهرێکی باڵداریش بەناو هەواکەدا پەرت بووبووەوە. بۆن و بەرامەی دەریا ئەو ناوەی گرتبووەوە، دەریا بە هەموو ماسی و، ئەستێرەو مەرجان و، گژو گیاو، قووڵایی و تەوژمەکانییەوە بە تۆڕی دارستانەکەوە بووبوو. قەوزە بەسەر سەریاندا شۆڕ بووبووەوە، وەك بڵێیت بەرجەستەی کڵمینی دەعەجانگەلێکن لە گیانەڵادان بن. تەنانەت ئاژەڵە دڕندەکانیش نەیاندەوێرا بەو شوێنەدا بچن کە ئەوان پێیدا دەچوون. (کانالیس) سەری بە هەموو لایەکدا دەسووڕاند، لەم سروشتە ڕەشبینییەدا بزربووبوو کە کەس پێی ناگات. ئەم سروشتە دڕندەیە کە گیانی ئاژەڵەکانی بەرەو دڕندەیی دەبات. تیمساحێك هێرشی کردە سەر قاچاخچییەکە، دیار بوو پێشتر گۆشتی مرۆڤی چەشتبوو، بەڵام قاچاخچییەکە لە کاتی گونجاودا لە بەردەمی بازیدا، بەڵام ژەنەرال وەك قاچاخچییەکە بەختەوەر نەبوو، چونکە وەرچەرخایەوە بەرگری لە خۆی بکات و واقی وڕما کاتێك تیمساحێکی دیکەی بینی دەمی کردۆتەوە و چاوەڕوانێتی. ساتێکی یەکلاکەرەوە بوو. هەستی بە مووچڕکەیەکی کوشندە کرد لە بڕبڕەی پیشتییەوە دەهات، قژی بژ بووەوە، ئەوەندە تۆقی نەیتوانی قسەبکات. هەردوو مستەکۆڵەی توند کرد. سێ گوللەی یەك لە دوای یەك بەرگوێکەوتن و دەنگیان دایەوە، بەر لەوەی ژەنەراڵ هەلی هەڵاتنی دڕندە برینداره‌که

بقۆزێتەوەو باز بداتە شوێنێکی هێوورەوە. قاچاخچییەکەیش گوللەیەکی دیکەی تەقاند. کاتێك ژەنەراڵ بەسەر خۆی هاتەوە، بەرەو پێشەوە رۆیشت و تەوقەی لەگەڵ قاچاخچییەکە کرد، بۆیە بە هۆی بەر کەوتنی لوولەی دەمانچەکە پەنجەکانی سووتان.

ئەو کاتەی لەسەر سنوور لێك دابڕان هەتاو خەریکبوو هەڵدەهات. بەسەر کێڵگە لازۆردییەکاندا، بسەر چیاکاندا بە لووتکە چڕە پڕ لە درەختەکاندا، ئەو درەختانەی باڵندەکان دەیانکەنە سندووقی میوزیك، چەندین پەڵە هەوریش لە شێوەی تیمساح بەسەر دارستانەکەوە بە ئاسمانەوە بوون، گەنجینەی ڕووناکییان بەسەر پشتەوە بوو.

# سێیەمین بەش

## چەند هەفتەو چەند مانگ و چەند ساڵێك

(٢٨)

## دەمەتەقێیەك لە تاریکیدا

یەکەمین دەنگ: ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟.

دووەمین دەنگ: بەڵێ، ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟.

سێیەمین دەنگ: تا هەتای ڕاوەستن ...ڕۆژی هەینی دەستگیریان کردم: هەینی، شەممە، یەك شەممە، دووشەممە ... دووشەممە ...بەڵام، چەند ڕۆژە من لێرەم؟. بەڕاستی، ئەمڕۆ چ ڕۆژێکە؟.

یەکەمین دەنگ: هەست دەکەم لە شوێنێکی دووری قووڵم، ئێوە هەست بە هەمان هەست ناکەن؟.

دووەمین دەنگ: بە نێژراوی لەناو گۆڕێکی گۆڕەکانی گۆڕستانە کۆنەکەدا لەبیریان کردووین....

ـ دەبێت بەو شێوەیە نەدوێیت!

هەردوو دەنگەکەی سەرەتا: پێویستە

ـ .... بەو شێوەیە نەدوێین!

سێیەمین دەنگ: بەڵام، هەر قسە بکەن. من لە بێ دەنگی زەندەقم دەچێت، من دەترسم. من بیرم بۆ ئەوە دەچێت لە تاریکاییدا دەستێکم بۆ درێژ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی چنگ بنێتە قوڕگم و بمخنکێنێت.

دووەمین دەنگ: تۆو خوا بئاخڤە! پێمان بڵێ چی لە شارەکەدا ڕوودەدات، لەناوماندا تۆ دوایەمین کەسیت شارت بینیوە. خەڵك چی دەکەن؟. ڕەوشی هەموو شتێك چۆنە؟. ... هەندێك جار مەزەندە دەکەم شارەکە وەك ئێمە لە سێبەردا نێژرابێت، لەنێوان دیوارگەلی زۆر بەرزدا بەند بێت، لە کاتێکدا شەقامەکان لەناوەندی قوڕی زستانی بێ گیاندا لە نشێودا بن. نازانم ئێوەیش وەك من هەست بکەن یان نا! بەڵام لە کۆتایی زستاندا بەرگەی ئەوە ناگرم بیر لەوە بکەکەوە کە قوڕەکە هشك دەبێتەوەو کاتێك سەبارەت بە شارەکە دەدوێم، ئارەزووی لەڕادەبەدەری خواردن دەکەم، من ئارەزووی خواردنی هەندێك سێوگەلی کالیفۆرنیا دەکەم....

یەکەمین دەنگ: یان ڕەنگە پرتەقاڵ. هەرچی منم ئەوە حەز لە کووپێك چای گەرم دەکەم.

دووەمین دەنگ: پاشان بیرکردنەوە لەوەی کە هەموو شتێك لە شار ئاساییانە بەڕێوە دەچێت، وەك ئەوەی بڵێیت هیچ شتێك ڕووی نەدابێت، وەك ئەوەی بڵێیت ئێمە لێرە بە زیندوویی نەنێژرابین. ڕەنگە ترامەکەیش وەك جاران بێت و بچێت. لەگەڵ هەر هەموو ئەوەیشدا کاژمێر چەندە؟.

یەکەمین دەنگ: نێزیك ...

دووەمین دەنگ: لەو بارەوە هیچ نازانم ...

سێیەمین دەنگ: بدوێن! بەردەوام بپەیڤن! تۆو خوا بێ دەنگ مەبن! من لە بێ دەنگی زەندەقم دەچێت، من دەترسم. من بەردەوام بیرم بۆ ئەوە دەچێت لە

تاریکاییدا دەستێکم بۆ درێژ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی چنگ بنێتە قوڕگم و بمخنکێنێت.

پاشان بە دەنگێکی خەمگینەوە گوتی: ئارەزووم نەکرد ئەوەتان پێ ڕابگەیەنم، بەڵام لەوە دەترسم لە جەڵدەمان بدەن...،

یەکەمین دەنگ: باسی ئەوە مەکە! بێ گومان لێدانی مرۆڤ شتێکی تۆقێنەرە.

دووەمین دەنگ: تەنانەت نەوەی ئەو پیاوانەی جەڵدە دراون، لەو بۆنەدا هەست بەشەرمەزاری دەکەن.

یەکەمین دەنگ: زمانت چەندە بە بەڵایە! باشتر وایە بێ دەنگ بیت.

دووەمین دەنگ: بە بۆچوونی پیاوی سەر بە کڵێسە هەموو شتێك بەڵایە.

یەکەمین دەنگ: هیچ شتێکی لەو جۆرە نییە. کەلەیان بە چ ئەفسانەگەلێکی پووچەڵ ئاخنیویت؟.

دووەمین دەنگ: (پێت دەڵێم هەر شتێك کەسانی دیکە ئەنجامی بدەن پیاوی سەر بە کڵێسە بە بەڵای دەزانێت).

سێیەمین دەنگ: بدوێن! بێ دەنگ مەبن. بەردەوام بن! تۆو ئەو کەسەی لە هەمووشتێکی دیکە خۆشترتان دەوێت! بێ دەنگی زەندەقم دەبات، من دەترسم. من بەردەوام بیرم بۆ ئەوە دەچێت لە تاریکاییدا دەستێکم بۆ درێژ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی چنگ بنێتە قوڕگم و بمخنکێنێت.

فێرخوازو قەشەکە هێشتا لەو بەندیخانەدا بەندکرابوون کە دەرۆزەکەرەکان شەوێکیان تێدا بەسەر برد، بەڵام ئێستە پارێزەر (کرفخاڵ)یشیان لەگەڵ بوو.

کرفخاڵ گوتی: (بە شێوەیەکی زۆر تۆقێنەرانە دەستگیریان کردم. چونکە ئەو کارەکەرەی بەیانی ڕۆیشتە دەرەوە هەندێك نان بکڕێت، گەڕایەوەو پێی ڕاگەیاندین کە ماڵەکە بەسەرباز گەمارۆ دراوە. ئەوەی بە ژنەکەم گوت و ژنەکەیشم بە منی گوت. بەڵام من بایەخم بە شتەکە نەدا، مەزەندەم بۆ ئەوەچوو بە دوای

قاچاخچییەکی براندی یان تاوانبارانی دیکەدا بگەڕێن. ڕیشم تاشی و خۆم شوشت و قاوەڵتیم کردو جلەکانم پۆشی بۆ ئەوەی بڕۆم پیرۆزبایی لە سەرۆك کۆمار بکەم ـ وەك دەڵێن خۆم (پۆشتەو پەرداخ) کردبووەوە. (ئەی دۆستی من بە خێر بییێت، ئەوە چ سەیرە لەپڕێکدا پەیدا بوویت)،بەم شێوەیە قسەم لەگەڵ داواکاری گشتیی سەربازی کرد کاتێك لەبەر دەرگای ماڵەوەمان بینیم تەواوی جلی فەرمیی پۆشیبوو. وەلاٚمیدامەوەو گوتی: (لەبەر تۆ هاتووم بۆ ئێرە. سادەی با بڕۆین چونکە بە ڕاستی دواکەوتووین). چەند هەنگاوێك لەگەڵی ڕۆیشتم، ئەو کات پرسیاری لیێ کردم ئەگەر بیرۆکەیەکم لەبارەی هۆکاری گەمارۆدانی خانووەکەم لەلایەن سەربازەکانەوە هەبێت، پێم گوت: نا. ئەویش گوتی: کەواتە ئەی جورجی بچووك پێت دەڵێم. بۆ ئەوە هاتوون دەستگیرت بکەن.. (سەیری ڕوخساریم کرد، بۆم دەرکەوت گاڵتە ناکات. ئەو کات ئەفسەرێك هەردوو باڵی گرتم و هەموویان لەگەڵ خۆ بۆ دەرەوەیان بردم، چاکەتەکەی بەیانیان و شەپقە بڵندەکەم لەبەربوو، تەرمەکەشیان فڕیدامە ناو ئەم بەندیخانەوە).

پاش تۆزێك بێ دەنگی گوتی: هەنووکە، ئێوە هەردووکتان بپەیڤن .. من لە تاریکی زەندەقم دەچێت، من دەترسم!.

فێرخوازەکە هەڵیدایە : ئۆی خۆشەویستم، ئۆی خۆشەویستم! چی ڕوویداوە؟. سەری یاریدەدەری قەشەکە چوون بەفر ساردە.

ـ مەبەستت چییە؟.

ـ من دەستی پێوە دەدەم، بەلاٚم هەست بە هیچ شتێك ناکات و ....

ـ ئەو من نیم، ئاگەت لە خۆت بێت چی دەڵێیت!

ـ ئەدی کێیە؟. ئەی کرفخاڵ تۆیت؟.

ـ نا.

ـ کەواتە ... تۆ بڵێیت یەکێك لە ئێمەمان مرد بێت؟.

ـ نا، هیچ پیاوێك نەمردووە ... ئەوە منم.

فێرخوازەکە گوتی: بەڵام، تۆ کێیت؟. تۆ زۆر ساردو سڕ دێیتە بەرچاو. دەنگی زۆر کزو لاواز بەرسڤیدایەوە: من یەکێکم لە ئێوە.

هەر سێ دەنگەکە هەڵیاندایە: ئۆۆۆۆی!

یاریدەدەری قەشەکە کارەساتەکەی خۆی بۆ کرفخاڵ گێڕایەوە:

ـ (کلێسەم بەجێ هێشت)، خۆی وا هاتە پێش چاو لە ژووری شتە ئەنتیکەکانی کلێسەوە دێتە دەرەوە کە بۆنی بخورگەکان کە کوژابوونەوەو کۆنە تەخت و قەنەفەو نەخشگەلی زێڕین و پارچە قڕی مردووانی لێ دەهات، (بەناو حەوشەی کلێسەدا تێپەڕیم) خۆی بینی بە ڕێڕەوی ناوەوەی کلێسەدا تێدەپەڕێت و لەبەر بوونی نهێنی نهێنییەکان و کپیی مۆمەکان و جووڵەی مێش جۆرە سامێکی لێ نیشتبوو، (ڕۆیشتم ڕیکلامێك لە تابلۆی ڕیکلامەکان سەبارەت بە جەژنی لدایکبوونی مریەم بکەمەوە ـ چونکە برایەك پێی ڕاگەیاندم کە تەواو بووە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە من خوێندەواریم نییە، بۆیە لە جیاتی ئەوە، بە هەڵە ڕیکلامێکم لەبارەی ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لەدایکبوونی دایکی جەنابی سەرۆکەوە لێ کردەوە، کە بە فەرمانی خۆی هەڵواسرابوو. نەدەکرا لەو هەڵەیە خراپتر ئەنجام بدەم. بۆیە دەستگیریان کردم و لەم بەندیخانەیان توند کردم بەوەی گوایە یەکێکم لە شۆڕشگێڕەکان!).

لە نێوانیاندا فێرخوازەکە تەنیا کەس بوو هۆکاری گرتنەکەی خۆی نەدرکاندبوو. پێی خۆش بوو باسی هەردوو (سی)یە دەردەدارەکەی بکات لەوەی بە خراپی باسی نیشتمانەکەی بکات. پتر پێداگیری لەسەر پەتا جەستەییەکەی خۆی دەکرد تا ئەوە لە یادی خۆی بباتەوە لە کاتی نغرۆبوونی کەشتییەکەدا ڕووناکی بینیوەو، لەناو تەرمەکاندا ڕووناکی بینیوەو، لە فێرگەیەکی بێ پەنجەرەدا چاوی کردۆتەوە و هەرکە گەیشتووەتە جێ تروسکەی بڕوایان لە دڵیدا کوژاندۆتەوە، بێ ئەوەی بە هیچ شتێکی دیکەی بگۆڕنەوە جگە تاریکی و بشێوی

و شڵەژان و خەمۆکی نێرەمووکی نەبێت. بە دەنگێکی نزم وردە وردە دەستی بە خوێندنەوەی ئەم چامەیەی خوارەوەی نەوە بزرەکان کرد:

ئێمە بە بەندەرەکانی نەبووندا تێدەپەڕین
بێ ئەوەی تیشك بە ئەستوونی بازووەکانمانەوە بدرەوشێتەوە
فرمێسکە سوێرەکان دەمانخنکێنن
چوون ئەو دەریاوانانەی لە دەریا دەگەڕێنەوە
هیچ کەسێك چاوەڕێی ئێمەی نەدەکرد، نە سێبەر
نە ئاوی ئاسمان کە ڕەنگی ئەستێرە بوو
ئێمە لە بەندەر ناومان بە هاوارکردن ڕادەگەیەنین
بەڵام تەنیا دەنگدانەوەی دەنگمانە کە بێ گوێ پێدان نامێنێت
هەردوو لێوی تۆ حەشارگەو داڵدەی منن
کەواتە تا دەتوانیت ماچم بکە ...
لە دوێنێوە ... دەستم لەناو دەستتە.
ئای، بێ هوودە ژیان
لە کاروانی هەردوو دڵی ساردماندا دەبووژێتەوە
مەسینەکە شکاو هەنگوینەکە ڕژا
لە کاتێکدا هەنگەکان بە ئاسماندا دوور هەڵدێن
دەڵێیت گڕە ئەستێرەن. هێشتە کاتی نەهاتووە.
گەڵاکانی گوڵی با وەرین
لە کاتێگدا دڵ بە بەردی گۆڕەکانەوە توند بەستراوەتەوە

ئای، تم، تم، تم، گالیسکەکە کە دەڕوات زرمەی دێت
ئەسپەکان بەو شەوە دەڕۆن مانگی تێدا هەڵنایەت

تا بن سمیان پڕ لە گوڵن
وەك بڵێیت لە گەشتێكی بەرەو ئەستێرەكان گەڕابنەوە
نەك لە گۆڕستانەوە
ئای، تم، تم، كالیسكەكە كە دەڕوات زرمەی دێت
دەریایەك فرمیسك بە دوای خۆیدا ڕادەكێشێت، تم تم تم،
لەنێوان دوو برۆی پەڕدا، تم تم تم

مەتەڵەكانی بەرەبەیان لەناوەندی ئەستێرەكاندا
ناواخنی خەیاڵ پلاوی لەناوەندی ڕێگەدا
چەند لە جیهانەوە دوورەو چەندیش زووە

شەپۆلگەلی فرمێسك لەناوەندی ئۆقیانووسدا
دەكۆشن خۆیان بگەیەننە پێڵووەكان

پاش بێ دەنگییەكی دوورو درێژ كرفخاڵ گوتی: قسە بكەن، بەردوام بپەیڤن، بەردەوام بپەیڤن!

فێرخوازەكە هەڵیدایە: با باسی ئازادی بكەین.

یاریدەدەری قەشەكە قسەكەی پێ بڕی: چ بیرۆكەیەكە! سەیرە لە بەندیخانەدا بین و باسی ئازادی بكەین!

ـ گریمانەی ئەوە ناكەیت نەخۆشەكان لەبارەی تەندروستییەوە دەپەیڤن كاتێك لە نەخۆشخانەدان؟.

چوارەمین دەنگ بە سستی بڵمەبڵمێكی لێوەهات: هاوڕێیان هیچ ئومێدێكی ڕزگاربوونمان نییە، دەبێت تا خواوەند ئارەزوو بكات بەرگەی ئەو ڕووداوانە بگرین

کە ڕوودەدەن ئەو پیاوانەی دڵسۆزی خۆیان بۆ نیشتمان دەنواند ئێستە دوور کەوتوونەتەوە: هەندێکیان لەبەردەم ماڵاندا لە وڵاتانی دیکە دەرۆزە دەکەن، ئەوانی دیکەیش لەناو گۆڕی بەکۆمەڵدا دەبنە خاك و خۆڵ. ڕۆژێك دادێت کەس نەوێرێت بە شەقامەکانی ئەم شارەدا هات و چۆ بکات. درەختەکانیش چوون ڕابوردوو بەر ناگرن.گەنمەشامیش وەك جاران مرۆڤ تێرناکات. نووستنیش پشووی کەمترە، ئاویش کەمتر تینوو دەشکێنێت. هەوا هەڵمژینیش زۆر دژوارە. پاش درم و پەتاکان نەخۆشی چاوە قوولەیش بڵاودەبێتەوە. پاش چاوە قوولەیش درم و پەتاکان بڵاودەبنەوە. ئەوەندەیش ناخایەنێت بوومەلەرزەیەك ڕوودەدات و هەمووومان لەناو دەچین. هەردوو چاوم ئاگەدارم دەکەنەوە کە کە چارەنووسی ڕەگەزی ئێمە لەناوچوون دەبێت. هەورەتریشقەیش دەنگێکە لە ئاسمانەوە بەرگوێ دەکەوێت و دەڵێت: ئێوە پیاو خراپ و گەندەڵن، ئێوە لە کاری خراپەدا هاوبەشن! گوللە ستەمگەرەکان سەری چەندین کەسیان بە دیوارەکانی ئەم بەندیخانەیەوە پژاندووە. کۆشکە لە مەڕمەڕ دروستکراوەکانمان خەڵتانی خوێنی بێ گوناهانن.کەواتە بۆ بەدەستهێنانی ئازادی مرۆڤ ڕوو لە کوێ بکات؟.

یاریدەدەری قەشە: بۆ خوای پەروەردگار.

فێرخواز: ئەوە چی سوودی هەیە، کە وەڵام ناداتەوە؟.

یاریدەدەری قەشە: چونکە خواستی پیرۆزی ئەوە دەخوازێت.

فێرخواز: ئای لە نائومێدی!

سێیەمین دەنگ: قسە بکەن، تۆو خوا بەردوام بپەیڤن! ڕامەوەستن. من لە بێ دەنگی زەندەقم دەچێت، من دەترسم. من بەردەوام بیرم بۆ ئەوە دەچێت لە تاریکاییدا دەستێکم بۆ درێژ دەکرێتەوە بۆ ئەوەی چنگ بنێتە قوڕگمان و بمانخنکێنێت!

ـ باشتر وایە نوێژ بکەین....

دەنگی یاریدەرەی قەشەکە بە دەنگەوەچوونێکی مەسیحیانەی بە درێژایی و پانایی قاووشی بەندیخانەکەدا بڵاوکردەوە. کرفخاڵیش ورتە ورتێکی کرد، کە لە پاسپۆرتەکەیدا بەوە ناسراوە لیبرالییەو چاوی بە قەشەدا هەڵنایەت:

ـ با نوێژ بکەین ...

بەڵام فێرخوازەکە هەڵیدایەو قسەی پێ بڕی و گوتی: ئەی نوێژ چی سوودێکی هەیە! دەبێت نوێژ نەکەین. دەبێت تێ بکۆشین ئەم دەرگایە بشکێنین و بچینە دەرەوەو بچینە ڕیزی شۆڕشەوە!

هەردوو بازووی کەسێك درێژ بووەوە کە نەیتوانی بیبینێت، بە گەرمی باوەشی پێداکرد، بەسەر گۆنایەوە هەستی بە زبریی ڕیشێکی بچووکی بە فرمێسك تەڕبوو کرد، لەگەڵ دەنگێکدا کە گوتی: ئەی فەرماندەی ئەوسای فێرگەی پیادەی (سان خۆزێ) ئێستە دەتوانیت بە هێمنی بمریت، هێشتە جۆرە هیوایەك لە نیشتمانێکدا بەدی دەکرێت لاوەکانی بەم شێوە بپیڤن!

سێیەمین دەنگ: بپەیڤن، بەردوام بپەیڤن، بەردەوام بپەیڤن!

(٢٩)

## ئەنجومەنێکی سەربازی

دەقی گەڵاڵەی تۆمەتباری کە (کانالیس) و (کرفخاڵ) بەسەرپێچی و یاخیگەری و خیانەت تۆمەتبار دەکات، بە هەموو ئەو بارو دۆخە توندەی کە دەشێت لەخۆی گرتبێت، گەیشتە چەندین لاپەڕە تا ڕادەیەك نەدەکرا هەر هەمووی لەیەك دانیشتندا بخوێنرێتەوە. چواردە شایەت پاش سوێندخواردن بە کۆی دەنگ ددانیان پێدانا، کە شەوی ٢١ی نیسان لە (دالآنی خواوەند) بوون، چونکە لەبەرئەوەی زۆر نەدار بوون، لەوە ڕاهاتبوون شەو لەوێ بەسەر ببەن، لەوێ ژەنەراڵ کانالیس و قابیل کرفخاڵی پارێزەریان بینی هێرشیان دەکردە سەر ئەفسەرێك، کە دواتر زانییان کۆڵۆنێل (خۆزێ پیرالیس سۆنرینتی)یەو، خنکاندنیان، ئەگەرچی دلێرانە بەرەنگاریان بووەوە، ئەوەبوو شێر ئاسا بە دەست و بازوو بە ڕوویاندا وەستا، بەڵام نەیدەتوانی بەرانبەر بەو هێزە لە ڕادەبەدەرەیان بە چەکەکانی بەرگری لە خۆی بکات. هەروەها ددانیان بەوەیشدانا، کاتێك تاوانەکەیان ئەنجامدا، (کرفخاڵ) ئەم وشانەی بە گوێی (کانالیس)دا دا، کە ئەوەیان دەگەیاند: (ئێستە کە پیاوە) (هێسترە بچووکەکەمان کوشت)، ئەی ژەنەراڵ پێویستە فەرماندەکانی سوپا چەکەکانیان دانێن و بەسەرۆکی باڵای سوپات پەسەند بکەن. تۆزێکی دیکە

بەرەبەیان دادێت، با خێرا بکەین و هەواڵەکان بەوانە بگەیەنین لە ماڵەکەی مندا گردبوونەتەوە، تا بتوانن دەست و برد بکەن و سەرۆك کۆمار دەستگیربکەن و لە سێدارەی بدەن و حکوومەتێکی نوێ پێکبهێنن).

کرفخاڵ واقی وڕما. لە هەر لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی تۆمەتبارکردنەکەدا شتێکی لەناکاوو کوتوپڕی چاوەڕوانی دەکرد. ئەگەر تۆمەتەکە زۆر ترسناك نەبووایە ئەوە جێی گاڵتەو پێکەنین بوو. درێژەی بە خوێندنەوە دا. لەبەر تیشکێکی فرەوانی پەنجەرەیەکدا دەیخوێندەوە بەسەر ناو حەشەیەکی داخراودا دەیڕوانی، لە ژووره بچووکە ڕووتەکە کە بۆ ئەو کەسانە تەرخانکرابوو فەرمانی لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە. ئەنجوومەنی سەربازی کە لەو بابەتەی دەکۆڵییەوە ئەو شەوە کۆدەبووەوە، لەگەڵ لاپەڕەکانی تۆمەتبارکردنەکەدا بە تاك و تەنیایان بەجێ هێشتبوو تا بەرگری لەخۆکردنەکەی ئامادە بکات. بەڵام تا دواسات ئەوەیان دواخست. هەر لە تەوقی سەرییەوە تا پەنجەی پێی دەلەرزی، بێ ئەوەی هۆشی لای خۆی بێت و بێ ڕاوەستان هەر دەیخوێندەوە، ئەو بیرۆکەیە ئازاری دەدا، کە تاریکی دەستی بە قرتاندنی کاغەزەکان کردووە کە وای دەبینی وەك بڵێیت لەنێو دەستیدا دەتوێنەوەو دەبنە خۆڵەمێشێکی شێدار. شکستی هێناو نەیتوانی زۆریان لێ بخوێنێتەوە. ڕۆژ خەریکبوو ئاوا دەبوو، ڕووناکییەکەی بەرەو تاریکی دەڕۆیشت، لەبەر نەمانی ڕووناکی سێبەری خەفەت بەرچاوی دەگرت. دوادێڕ، دوو وشە، نووکە پێنووسێك، بەرواریك، نمرەی لاپەڕەیەك ... بێ هوودە کۆشا نمرەی لاپەڕەکە بخوێنێتەوە، تاریکایی چوون پەڵە مەرەکەبێکی ڕەش ڕووی لاپەڕەکەی دادەپۆشی، کەچی بە پەرۆشییەوە دۆسێیەکەی توند گرتبوو وەك بڵێیت، لەبری ئەوەی ناچار بێت بیخوێنێتەوە، چوون بەرد توند بە گەردنییەوە دەجەرێنرێت بەر لەوەی توور بدرێتە هەڵدێرێکەوە. بە درێژایی ناو حەوشە نادیارەکاندا زرەی زنجیری گیراوە ناسیاسیەکان بەرگوێ دەکەوت، لە پشتی ئەوانەشەوە دەنگ و

هەراو هوریای جیاجیای شەقامەکانی شار بەرگوێ دەکەوت. (ئای خودایە ... لاشە ڕەق هەڵاتووە بچووکەکەم پێویستی بە گەرم بوونەوەیەو، هەردوو چاویشم پێویستیان بە ڕووناکییە پتر لە پێویستی نیوەی دانیشتوانی گۆی زەوی کە ئێستە هەتاویان لێ هەڵدێت. خوایە ئەگەر بە ئازارو ئەشکەنجەکانیان دەزانیم ئەوە لە تۆ پتر بەزەییان پێدا دەهاتمەوەو هەتاویان بۆ دەگێڕامەوە بۆ ئەوەی بتوانم خوێندنەوەکە تەواو بکەم ...).

تەنیا بە پەنجە، چەندین جار ئەو لاپەڕانەی ژماردەوە کە نەیخوێندبوونەوە، نەوەدو یەك لاپەڕە بوون. چەندین جار پەنجەکانی بەسەر لاپەڕە زبرەکاندا خشاند، لە نائومێدیدا چوون نابینا دەیویست بیانخوێنێتەوە. سەرەتای ئێوارەی شەوی ڕابوردوو، بە گالیسکەیەکی داخراو، بە ئاهەنگ و نمایشێکی گەورەی هێزەکان لە دووەمین بنکەی پۆلیسەوە بۆ بەندیخانەی ناوەندییان گواستەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا زۆر شادمان بوو شەقامەکانی دەوروبەری بینی و گوێ لێ بوو و هەستی پێ کردن ، تەنانەت ساتێك هەستی بەوە کرد کە بۆ ماڵەوەی دەبەنەوە: وشەکانی سەر زاری لە دەریایەك فرمێسك و تامەزرۆییدا خنکان.

پیاوانی ئاسایش بینییان بەڵگەنامەکانی تاوانەکانی بە دەستەوەیەو چێژی شیرینی ڕێگەتەڕەکانی لەسەر زارە، بەڵگەنامەکانیان لەچنگ دەرهێناو بێ ئەوەی هیچ وشەیەکی پێ بڵێن بەرەو ناو ئەو ژوورەیان پاڵ پێوەنا، کە ئەنجوومەنی سەربازی تێدا کۆبووبووەوە.

کرفخاڵ ورەو بوێری بەبەرخۆی هێنایەوە تا بەو ژەنەراڵە بڵێت کە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنەکەی دەکرد: (بەڵام، جەنابی سەرۆك، چۆن بتوانم بەرگری لەخۆم بکەم، لە کاتێکدا تەنانەت بواری ئەوەم پێ نادەن کۆنووسی تاوانبار کردنەکەم بخوێنمەوە؟.).

سەرۆکی ئەنجوومەن بەرسڤی دایەوە: (ئەوە پێوەندی بە ئێمەوە نییە، ماوەی نێوان دانیشتنەکان کورتن، تا دێت کاتیش تێدەپەڕێت، ئەم کەیسەیش پەلەیە. بۆ ئەوە ئێمەیان بانگی ئێرە کردووە تا بڕیارەکە دەربکەین).

ئەوەی بە دوای ئەوەدا هات بەلای کرفخاڵەوە لە خەون دەچوو، نیوەی ڕێ و ڕەسم بوو، نیوەکەی دیکەی کۆمیدیا بوو، بە خۆی کاراکتەری سەرەکی بوو، لە شوێنەکەی خۆیەوە لەسەر بێشکەی مەرگەوە، لەناو بۆشاییەکی دوژمنداریدا، بەرەو ڕووی هەموویان دەبووەوە. کەچی هەستی بە ترس نەکرد، هەستی بە هیچ شتێك نەکرد، بەڵکو ترس و نیگەرانییەکانی لەژێر پێستە سڕبووەکەیدا نووستن. ئازایەتیەکی مەزنی نواند. ئەو مێزەی ئەندامانی دادگەکە بە چوار دەوریدا دانیشتبوون، وەك باوە، بە ئاڵای وڵات داپۆشرابوو. جلوبەرگی سوپایی. خوێندنەوەی بەڵگەنامەکان. چەندین بەڵگەنامە. سوێند خواردن. کتێبی یاسای سەربازی چوون بەرد، بەسەر ئاڵاکەوە، لەسەر مێزەکە دانرابوو. دەرۆزەکەرەکان لەسەر تەختی شایەتەکان دانیشتبوون. پێ پان، بە دەم و چاوە سەرخۆش و بە بزە بێ ددان و قژە باش شانەکراوەکەیەوە، قیت دانیشتبوو، هیچ وشەیەکی نەدەبوارد لەوەی دەخوێنرایەوەو هیچ ئاماژەیەکی تێنەدەپەڕاند لەوانەی بە ڕوخساری سەرۆکی دادگەوە دەبینران. هەرچی (سلڤادۆری پڵنگ)ـە، ئەوە بە شێوەی گۆریلا گوێی لە بەڕێوەچوونی دادگەییکردنەکە دەگرت، لەکاتێکدا دەستی لە لووتە پانەکەی، یان ئەو چەند ددانە کەمانەی ناو دەمە پانەکەی وەردەدا، کە لەم گوێیەوە دەگەیشتە ئەو گوێیەکەی. هەرچی (ڤیۆدا)ی درێژی لاوازو ڕواڵەت شەڕەنگێزە، دەم و چاوی نووشتاندبووەوەو خۆی لە شێوەی تەرمدا پێشان دەدا بۆ ئەوەی بۆ ئەندامانی دادگە بزەی بێتێ. (لوولوو)ی کورتە باڵای قەڵەوی دەم و چاو چرچ و لۆچ دەستی بە نۆرەیەکی لەناکاوی پێکەنین یان تووڕەیی، دۆستی یان ڕق لێ بوونەوە کردبوو، پاشان هەردوو چاوی دەنوقاند و هەردوو گوێی دەئاخنی بۆ

ئەوەی هەمووان بزانن کە نایەوێت هیچ شتێك ببینێت یان ببیسێت کە لەناو هۆڵەکەدا ڕوودەدات. (دۆن خوان دی لالیڤاکۆتا)یش خۆی بە پاڵتۆ کۆنە فراکەکەی پێچابووەوە، کە بەبێ ئەو نەدبینرا، بچووك، بیر پەرت، جلە کۆنەکانی ئاماژەیان بەوە دەکرد کە سەر بە خانەوادەیەکی بورژوایە: بۆینباغێکی پانی خەڵتانی دۆشاوی تەماتە، جووتە پێڵاوێکی لە پێستی ڕاستەقینەی پاژنە چەوت، دوو مەچەك کراسی دەستکرد، یەلەکێکی جیای کراس، لە کاتێکدا شەبقە لە پووش دروست کراوەکەی و گوێ گرانییەکەی ڕواڵەتێکی جوانیان پێ بەخشیبوو. (دوان خوان) کە هیچ شتێکی نەدەبیست، دەستی بە ژماردنی سەربازەکان کرد، کە لەبەردەم دیوارەکانی هۆڵەکەدا بڵاوبووبوونەوەو هەر یەکەو دوو هەنگاو لەوی دیکەوە دوور بوون. لە تەنیشتییەوە (ڕیکاردۆ) ی میوزیکژەن دانیشتبوو، سەرو بەشێك لە دەم و چاوی بە دەستەسڕێکی ڕەنگاوڕەنگ داپۆشیبوو، لووتی سوور هەڵگەڕابوو، پاشماوەی خواردن بە ڕدێنە چڕەکەیەوە دەبینرا. ڕیکاردۆی میوزیکژەن لەگەڵ خۆی دەدوا، چاوی لە سکی ئاوساوی ئافرەتە کەڕو لاڵەکە نەدەترووکاند، کە لە تەنیشتییەوە لەگەڵیان دانیشتبوو، لیك بە زاریدا چۆڕاوگەی بەستبوو، شوێن خورگەی ئەسپێی لەژێر بن باڵی چەپیدا دەخوراند. دوای ئەو (بیریکی) دانیشتبوو، کە کابرایەکی ڕەشپێستی تاك گوێیە لە شێوەی شوێنی مێزکردن. پاش بیریکی (میونا)ی بچکۆلە دانیشتبوو، باریکەلەیەکی تاك چاو، سمێڵێکی تەنکی هەبوو، بۆنی کۆنە پێخەفی لێ دەهات.

پاش خوێندنەوەی لیستی تۆمەتەکان، داواکاری گشتیی هەستایە سەر پێ، کە کابرایەکی سوپایی قژ کورت بوو، سەرێکی بچووك، لە کراسێکی سەربازییەوە قوت بووبووەوە، بە یاخەکەیەکی زۆر گەورەوە بۆ ئەو نەشێت، داوای کرد تۆمەتبارەکە لە سێدارە بدرێت. کرفخاڵ ئاوڕیدایەوەو لە ئەندامانی دادگەی ڕوانی و چاوەڕوانی هەر بەڵگەیەکی دانایی و دلێری بوو. یەکەمین ئەندام کە چاوی

لەسەر گیرسایەوە سەرخۆش بوو، ئەوەند سەرخۆش تا بلێیت. هەردوو دەستی بەسەر ئالاکەی بەردەمییەوە شۆڕبووبوونەوە، چوون هەردوو دەستی جووتیارێك لە ئاهەنگێکی لادێدا ڕۆڵ لە شانۆنامەیەکدا ببینێت.. لە تەنیشتیشیەوە ئەفسەرێکی گەنم ڕەنگ هەبوو، پاشان ئەوی دیکە. هەرچی سەرۆکی دادگە بوو، کە لە هەردووکیان سەرخۆشتربوو، پێوە دیاربوو خەریکبوو لەبەر سەرخۆشی ببووڕێتەوە.

بۆ بەرگری لە خۆکردن نەیتوانی یەك وشە بلێت. ویستی هەندێك ڕستەو دەربڕین بلێت، بەلام یەکسەر هەستی بەوە کرد کە کەس گوێی لێ ناگرێت. لە ڕاستیشدا کەس نەبوو گوێ بگرێت. وشەکان لە زاریدا چەوتانەوە وەك بلێیت نانێکی نەرم بن.

سزاکە پێشتر داڕێژرابوو و دەرچوو بوو، شتێکی شکۆداریشی تێدابوو لەگەڵ ساکاریی ئەو کەسانەدا نەدەگونجا، کە جێبەجێی دەکەن و پەسەندی دەکەن، بووکەڵەی لە باسترمەو لە زێڕ، لە سەرەوە بۆ خوارەوە لەبەر تیشکی چرا نەوتییەکەدا مەلەوانییان دەکرد، یان پێچەوانەی دەرۆزەکەرەکان بوو بە چاوی بۆقیانەو سێبەری ئەژدیهایانەیانەوە کە بەسەر عەردە پرتەقالییەکەدا ڕادەکشان وەك بلێیت مانگگەلی ڕەشن، یان لەگەڵ ئەو سەربازە بچووکانەدا یاری بە پشتوێنی جلە سوربازییەکانیان دەکەن، یان لەگەڵ قەنەفەو تەختەی ناو هۆڵەکەدا کە کپ و بێ دەنگ قیت بوونەتەوە وەك بلێیت لە مالێکدا بن تاوانێکی کوشتنی تێدا ئەنجام درابێت. کرفخاڵ بە دەنگی بەرز گوتی:

ـ من لە ڕێگەی دادگەوە داوای پێداچوونەوە بەم سزایەدا دەکەم.

سەرۆکی دادگە لێوی گەزی و گوتی: تۆ واز لەوە بهێنە، لێرە پێداچوونەوەو ئەو جۆرە قسە پووچانە نییە.

کوپێکی زلی ئاو فریای کرفخاڵ کەوت، لەگەڵ ئەوەی چەندەیش زل بوو، کەچی توانی بە دەستە زلەکانی بیگرێتەوە، بۆ ئەوەی ئەو شتەی کە لە ناخیدایەو هەستی پێ دەکرد قووت بدات: بیرۆکەی ئەشکەنجە، میکانیزمی مردن، کاریگەری گوللە لە سەر ئیسك و، فیشقەی خوێن بەسەر پێستی زیندوو و گەرمەوە، ئەبلەقبوونی چاو، جلوبەرگی گەرم، عەرد. ترس و تۆقین بەسەریدا زاڵ بوون، کووپەکەی گێڕایەوەو بازووی هەر بە درێژکراوی مایەوە تا ورەی وەبەر خۆی هێنایەوەو هێنایە تەنیشتی خۆی. ئەو جگەرەیەی ڕەت کردەوە کە پێشکەشیان کرد. بە پەنجەی لەرزۆك دەستی بە گەردنی خۆیدا هێنا، لە کاتێکدا هەردوو چاوی، بە پێچەوانەی ڕوخساری ڕەنگ هەڵبڕوزکاوو بێ ڕەنگی وەك بێ ڕەنگیی چیمەنتۆ، بێ هیچ بەربەستێك بە نێوان دیوارە زۆر سپییەکانی هۆڵەدا دەخولانەوە.

لە کاتێکدا نیوە زیندوو و نیوە مردوو بوو، هەستی بە تاڵییەکی ناو زاری دەکردو، هەردوو لاقی نەیاندەتوانی ڕایبگرن و، هەردوو چاوی پڕ لە ئەسرین بوون، بەناو ڕێڕەوێکدا بایەکی توندی لێوە دەهات پاڵیان پێوە نا. ئەفسەرێك هەردوو چاوی لە چاوی باڵندەی (ماسیخۆر ـ هیرۆن)ی دەکرد پێی گوت:

ـ (بگرە ... قومێك بخۆوە!). بوتڵە شووشەکەی بۆ لای زاری بەرزکردەوە کە هەستی پێ کرد لار ڕاگیراوەو ئاوی خواردەوە.

لە تاریکییەکەوە دەنگێك بانگی کرد: (ئەی ئەفسەرەکە، پێویستە سبەینێ پێوەندی بە تیپەکەی خۆتەوە بکەیت کە کارایە، فەرمانمان پێ دراوە بە هیچ شێوەیەك نەرمی لەگەڵ تاوانبارە سیاسییەکاندا نەنوێنین).

پاش چەند هەنگاوێکی دیکە، خستیانە ناو بیرێکی ژێر زەوییەوە، سێ مەتر قووڵ بوو، بە دوو مەترو نیو پانی، دوازدە پیاوی دیکەی تێدا بوو، هەموویان سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنرابوو، لەبەرئەوەی شوێنەکە تەسك بوو

نەدەجوولاَنەوە، چوون ماسیی ناو قووتوو هەر یەکەو لەتەنیشتی یەکدییەوە بوون، بەپێوە دەستیان بە ئاو دەگەیاند، بەردەوام بە پێیان پیسایی خۆیان پێشێل دەکرد. (کرفخالّ) ژمارە (١٣)بوو. پاش ئەوەی سەربازەکان ڕۆیشتن هەناسەی پڕ ئازاری ئەو کۆمەڵە کەسە ئەشکەنجەدراوە کپیی بیرەکەی تەنییەوە کە لە دوورەوە هاواری گیراوێك تێکی دەدا.

(کرفخالّ) دوو تا سێ جار خۆی بینییەوە بە میکانیزمێك هاوارەکانی ئەو بەدبەختە دەژمێرێت کە خەریکبوو لە تینوواندا بخنکێت و بمرێت. حەفتاو دوو. حەفتاو سێ. حەفتاو چوار... بۆگەنیی پێسییە بە پێ شێلراوەکەو کەمبوونی ئۆکسجین وایان لێ کرد هەست بە شەکەتی بکات و، لەم کۆمەڵە مرۆڤەیان دوورخستەوە تا لە لێواری هەڵدێرێکی دۆزەخیانەی نائومێددا بسووڕێتەوە، هاوارەکانی گیراوەکەی دەژمارد.

(لۆسیۆ ڤاسکیز) لە ژووروورچکەیەکی دیکەی تەنیشتەوە دەهات و دەچوو، بە هۆی نەخۆشیی زەردکەوە ڕەنگێکی ئاڵی دەنواند، نینۆنەکان و هەردوو گلێنەی چاوی لە ڕەنگی ژێرەوەی گەڵای سەوزی داربەڕوو دەچوون. تەنیا شتێك کە لەو بەدبەختییەیدا دڵی خۆش دەکرد ئەوەبوو کە ڕۆژێك لە رۆژان تۆڵە لە (خینارۆ ڕۆداس) دەکاتەوە، کە بە بەرپرسیاری هەموو ئەو دەردو سەرئێشەیەی دەزانی ڕوو بە ڕوویان دەبێتەوە. ئەو ئاواتە دوورە بوو ژیانی پێ دەبەخشی، ئاواتێکی ڕەنگ لێڵ و تاریك و چێژ شیرین چوون هەنگوینی ڕەش. دەیتوانی تا ەتایە لێرە بمێنێتەوە ئەگەر تەنیا بیتوانیایە ئەو تۆڵەیەی بکردایەتەوە. شەوە ڕەش و نووتەکەکان هێلانەیان لەناو سینگی پووچیدا کردبوو، تا ڕادەیەك هیچ شتێك نەبوو تروسکەیەك ڕووناکی بخاتە ناو بیرۆکە شەڕخوازەکانییەوە تەنیا وێنەی چەقۆ نەبێت کە ورگی (ڕۆداس) هەڵدڕێت و برینێکی چوون زاری تەرەکیوی تێ بکات. ڤاسکیز، کاتژمێر لە دوای کاتژمێری بەسەر دەبردو، هەردوو دەستی لەسەرماندا

چووبوونەوە یەك، چێژی تۆڵەسەندنەوەی خۆی دەچەشت، چوون کرمێك لە قوڕە زەرد دروست کرابێت. بیکوژە! بیکوژە! ...بازووی لە تاریکیدا درێژ دەکرد، وەك بڵێیت نەیارەکەی لەبەردەستدا بێت، لە خەیاڵی خۆیدا دەستی بە چەقۆ چوون بەفر ساردەکەیدا دەهێناو هێرشی دەکردە سەر ڕۆداس، وەك بڵێیت تارماییەکەو ئەو جووڵانەی دەنواند لێیان ڕاهاتبوو.. هاوارگەلی بەندکراوەکە هێنایەوە ناو واقیع، کە لە هەندێك لە هاوارەکانیدا چەند وشەیەکی ئیتالی دەگوتەوە:

ـ (تۆو خوا، تکایە ... ئاو! ئاو! ئاو! ئاو! ئەی ئەفسەر ... ئاو! ئاو! تۆو خوا، تکایە ئـ ...ا ....و، ئاو ... ئاو!

بەندکراوەکە خۆی لەبەردەم دەرگای ژوورۆچکەکەدا بە عەرددا دا، کە بە تەواوەتی لە دەرەوە بە چینێك قوڕی سوور دابڕابوو و تا خوارەوە بە چیمەنتۆ سواغ درابوو هەروەها دیوارەکانی بە چیمەنتۆ داپۆشرابوون.

ـ (ئاو، ئەی ئەفسەر، ئاو، ئەی ئەفسەر، ئاو! تۆو خوا، ئەی ئەفسەر بە یارمەتی خۆت!).

بەندکراوەکە، فرمێسکەکانی وشکیان کرد، تف و هەموو شتێکی شێدار یان ساردی وشکیان کرد، مەلاشووی بوو بە پەلاشوویێکی وشك، لە نێوان جیهانێك ڕووناکی و پارچەگەلێك تاریکیدا، بەردەوام هاواری دەکرد:

ـ (ئاو، ئەی ئەفسەر! ئەی ئەفسەر ئاو! ئەی ئەفسەر ئاو!).

پیاوێکی چینیش هەبوو شوێنەواری ئاوەڵە بە دەم و چاوییەوە دەبینرا، بەڕێوەبردنی کاروباری بەندییەکانی پێ سپێررابوو، وەك بڵێیت دوایەمین هەناسەی ژیان بێت، (هەر چەند سەدەیەك) جارێك بەسەری دەکردنەوە، تۆ بڵێیت، بەڕاستی، ئەو بوونەوەرە نیوچە خوایە هەبێت، یان خەیاڵ لە خەیاڵەکانی خەونەکانیان بوو، بۆنی پیسییە بە پێ شێلراوەکە و هاواری بەندکراوەکە وایان

کردبوو سەریان دەسوورِا، هەروەها ڕەنگە ئەو فریشتە بە بەزەییە خەونێکی خەیاڵیانە بێت و لە هزری خۆیاندا دروستیان کردبێت.

ـ (ئەی ئەفسەر ئاو! ئەی ئەفسەر ئاو! تۆو خوا، تکایە، ئاو، ئاو! ئاو، ئاو!).

ژمارەیەك سەرباز لەوێ بوون دەهاتن و دەچوون، پاژنەی پێڵاوەکانیان بەسەر زەوییە بە کاشی داپۆشراوەکەدا دەدا، پێڵاوە لە پیست دروست کراوەکانیان لە پێ کردبوو، هەندێکیان بە پێکەنینەوەو دەیاننەڕاندو وەڵامی بەندکراوەکەیان دەدایەوە کە هاواری دەکردو دەیانگوت:

ـ (ئەی تیرۆلی، ئەی تیرۆلی، بۆچی ئەو باڵندەیەت کوشت کە وەك مرۆڤ دەپەیڤی؟.).

ـ (ئاو، تۆو خوا، تکایە ئاو، بەرێزان تکایە ئاو!).

(ڤاسکیز) سەرقاڵی دارِشتنی تۆڵەکردنەوەکەی خۆی بوو، لە کاتێکدا هاواری ئیتالییەکە هەواکەی چوون بەرگی قامیشە شەکر هشك و تینوو دەکرد. دەنگی گوللەیەك ڕایچەڵەکاندو هەناسەی لەخۆبڕی. ئەوەتە جێبەجێکردنی پرۆسەی لەسێدارەدان دەستی پێ کرد. دەشێت ئێستە کاتژمێر سێی بەرەبەیان بێت.

(٣٠)

## هاوسەرگیرییەك لە سێبەری مەرگدا

ـ (ئافرەتێكی نەخۆش لە گەڕەكەكەمان گیان دەدات).

لە دەرگای هەر ماڵێكەوە قەیرە كچێك هاتە دەرەوە.

ـ (ئافرەتێكی نەخۆش لە گەڕەكەكەمان گیان دەدات).

لە خانووی (دووسەد)ـەوە ئافرەتێك بە ناوی (پترۆنیلا) هاتە دەرەوە. دەم و چاوی، لە دەم و چاوی سەرباز دەچێت و ڕەفتارو جووڵانەوەیشی لە ڕەفتارو جووڵانەوەی دیپلۆماتكار دەچێت، ئەگەر سەرپشكیشی بكەن ئەوە بەلایەنی كەمەوە ئارەزووی دەكرد بە نازناوی (برتا) بانگ بكرێت، لەبەرئەوەی هیچ شتێكی دیكەی ئەوتۆی نەبوو سەرنج بەلای خۆیدا ڕابكێشێت. پاشان دەستەخوشكێك بەناوی (سیلڤیا)وە لە خانووی (دووسەد)ـەوە هاتە دەرەوە، دەم و چاوی لە نیسكۆیەك دەچوو، جلەكانی لەسەر شێوەی (میرۆڤینانی) [١٥]بوو، پاشان خزمێكی (سیلڤیا) بەناوی (ئینگراسیا) هات، جلێكی تەسكی لەبەركردبوو كە دەشێت نای قەڵغانی لێ بنرێت، لەگەڵ پێڵاوێكی تەسكدا لای پاژنەكانییەوە، لەگەڵ زرێزەی كاتژمێرێكدادەتگوت پەتی سێدارەیەو بە گەردنیدا شۆڕ بووبووەوە. پاشان دۆتمامەكەی (ئینگراسیا) هات، كە سەری لە شێوەی دڵ وەك سەری

ئەژدیها بوو، ڕواڵەتێکی پیاوانەی هەبوو، دەنگی گڕو باریکەلەبوو، بە قەوارە لاقێکی (ئینگراسیا)ی تێنەدەپەڕاند، خووی بە پێشبینی کردنی کارەسات و دەرکەوتنی داچۆڕانی ئەستێرەو (پرِیشکە ئەستێرە) یان دەرکەوتی مەسیحی دەجال دابوو، یان پێشبینی کردنی ئەو سەردەم و ڕۆژگاەی تێیدا پیاوان هەڵدێنە سەر لووتکەی درەختان لە ئەژمەتی ئەوەی ئافرەتان ڕاویان دەنێن و، ئافرەتان بەو دارانەدا هەڵدەگژێن بۆ ئەوەی جارێکی دیکە بۆ لای خۆیانیان بگێڕنەوە.

ـ (ئافرەتێکی نەخۆش لە گەڕەکەکەمان گیان دەدات). ئای چ هەواڵێکە! ڕووداوەکە خۆشنوودییان لە بارەی ئەو هزرەوە دەرنەدەخست، بەڵکو ئەو شێوازەی دەردەخست کە دەنگی کزو چپە چپیان دەکۆشا خۆشنوودییان بەرانبەر بەو ڕووداوە بشارێتەوە، کە هەل بۆ زۆربەیان دەڕەخسێنێت کار بە قەیچییەکانیان بکەن، بەڵکو پارچەگەلێکی زۆر قوماش بۆ هەر هەموویان دەستەبەر دەکات بە شێوەیەك هەر یەکەو بۆ خۆیان عەزیەیەکی لێ ببەن.

(لامسکواتا) چاوەڕێی دەکردن. (پترۆنیلا)یش کە لە خانووی (دووسەد)ــەوە هاتبوو ڕایگەیاند:

ـ : (خوشکەکانم ئامادەن).

بەڵام ڕوونی نەکردووە بۆ چی شتێك ئامادەن.

(سیلڤیا)یش گوتی: ئەوەی پێوەندی بە جلوبەرگەوە هەبێت. شتێکی ئاساییە دەتوانیت پشت بە من ببەستیت. ئەگەر پێویستت بە هەر شتێك هەبوو.

هەرچی (ئینگراسیا)یە، (ئینگراسیا)ی بچووك، کە بۆنی مەرەگەی گۆشتی لێ دێت ئەگەر بۆنی بۆیەی قژی لێ نەیەت، ئەویش لای خۆیەوە، لەبەر فشاری تەسکی کراسەکەی نیوەی وشەکانی گۆدەکرد، گوتی:

ـ (من بیرم لێ کردبووەوەو پاش ئەوەی نوێژەکەی خۆم تەواو کرد، نوێژیشم بۆ گیانی ئەو کەسانە خوێند کە گیانیان دەدا.).

لە ژوورەکەی پشتەوەی مەیخانەکە گردبووبوونەوە، بە دەنگی نزم دەئاخافتن، دەکۆشان ئەو کپی و بێ دەنگییە تێك نەدەن بالّی بەسەر قەرەوێڵەی کیژە نەخۆشەکەدا کێشابوو وەك بڵێیت دەرمانێکی پزیشکی بێت، یان تەنگ بەو پیاوە هەڵبچنن کە شەوو ڕۆژ لە تەنیشتییەوە دانیشتبوو. بەڕاستی پیاوێکی دلێرو ڕەسەنە. بەسەر نووکی پەنجەکانیان بەرەو لای قەرەوێڵەکە دەچوون، ئارەزوویان دەکرد بە نیگایەك سەیری دەم و چاوی پیاوەکە بکەن، پتر لەوەی سەیری (کامیلا) بکەن، کە لەوێ، بە برۆ درێژو، گەردنە باریك و جوانەکەی و قژە پەرش و بڵاوەکەیەوە، چوون تارمایی ڕاکشابوو ... کاتێك زانییان (ماستەکە بێ موو نییە) (ئەدی هەر بەسەرهاتێکی دلّداری بەردەوام نهێنیی خۆی لەگەڵ نییە؟.)، ئیدی ئوقرەیان نەگرت تا کلیلی نهێنییەکەیان لای ئافرەتە مەیخانەچییەکە دۆزییەوە. ئەو پیاوە دەزگیرانیەتی! دەزگیرانیەتی! دەزگیرانیەتی! دەزگیرانیەتی! هەڵبەت! دەزگیرانیەتی! هەر هەموویان ئەو وشە ئەفسووناوییەیان دووبارە کردەوە، هەموویان تەنیا سیلڤیا نەبێت، کە چووە دەرەوە بێ ئەوەی کەس بیبینێت ئەویش کاتێك زانی کە (کامیلا کچی ژەنەراڵ کانالیسە، ئیدی پاش ئەوە نەگەڕایەوە. بڕوای وابوو باشتر وایە مرۆڤ تێکەڵ بە نەیارانی حکوومەت نەبێت. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: (ڕەنگە ئەو کەسەی بەسەری دەکاتە دەزگیرانی بێت ، بەڵێ، ڕەنگە لە دۆستانی جەنابی سەرۆکیش بێت، بەڵام من خۆشکی براکەی خۆمم، براکەیشم ئەندامی پەرلەمانە، ڕەنگە زیانی پێ بگەیەنم ئەگەر تێکەڵ بەوانە ببم. دەبێت ئێمە بڕوامان بە خوای خۆمان هەبێت!).کاتێك گەیشتە ناو ڕێگەکە ئەمەی گوتەوە: (دەبێت ئێمە بڕوامان بە خوای خۆمان هەبێت!).

فریشتە ڕوو هەستی بەو ئافرەتانە نەدەکرد، ئەگەرچی بەتەنگی ئەوەوە بوون بە دڵدانەوەی دەزگیرانەکە نیاز پاکی خۆیان بۆ کیژە نەخۆشەکە بنوێنن. سوپاسی کردن، بێ ئەوەی قسەکانیان ببیسێت ـ تەنیا هەر بە قسە ـ بەڵام ناخ و دڵ و

گیانی لای ئاھ و ناڵەی پڕ لە ژانی کامیلا بوو، کە بێ ویستی خۆی دەیناڵاند، پیاوەکە خۆی لە سۆزی ئافرەتەکان نەدەگەیاند کە لە کاتی تەوقەکردندا بۆیان دەردەبڕی. هەستی دەکرد جەستەی سارد دەبێتەوەو، لەژێر باری ئەو بەدبەختییەی تووشی بووە، دەپلیشێتەوە. هەستی بەوە دەکرد کە باران دەبارێت و، چوار پەلی سڕ دەبن و، دەستەو یەخە لەگەڵ شەبەنگی نادیاردا لە بارستاییەکی لەژیان بەرینتر تێك دەگیرێت، لە بارستاییەك بۆشاییدا هەواو ڕووناکی و سێبەرو شتەکانی تێدا بە شێوەیەك دەهاتنە پێش چاو لەو جیابووبێتنەوە.

نۆژدارەکە زنجیرەی بیرکردنەوەکانی پچڕاند.

ـ دکتۆر ئەی چار چییە ...؟.

ـ هیچ قوتاری ناکات تەنیا پەرجوویێك نەبێت!.

ـ دەگەڕێیتەوە، وا نییە؟.

ئافرەتە مەیخانەچییەکە یەك سات دانەدەساکایەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا هیچ ماندوویەتییەکی پێوە نەدەبینرا. جلی بۆ هەندێك لە دراوسێکان دەشوشت، بۆیە بەیانی زوو جلەکانی لە ئاو ژەندبوو، بەر لەوەی قاوەڵتی بۆ ڤاسکیز ببات کە لە بەندیخانە بوو، لەم دواییانەیشدا هیچ هەواڵێکی لە بارەوە نەبیستبوو.کاتێك دەگەڕایەوە، جلەکانی دەشوشت و دەیگوشین و هەڵیدەواسین بۆ ئەوەی وشك ببنەوە، پاشان بە هەڵەداوان دەچوو هەندێك کاری ناو ماڵ لە ماڵەکەی خۆی بکات کە لە پیشتەوەی مەیخانەکە بوو، جگە شتی دیکە: چاودێری کیژە نەخۆشەکەی دەکرد، مۆمی لەبەردەم گای پیاوە پیرۆزەکاندا دادەگیرساند، هەوڵی دەدا فریشتە ڕوو قایل بکات هەندێك نان بخوات، چاوەڕێی نۆژداری دەکرد، دەچووە دەرمانخانەکە، بار قورسی سێبەری (قەشەکان)ی بەسەر شانەوە بوو، کە ئەو قەیرە کچانەی پێ ناوزەد دەکەن، لەگەڵ ژنە پەموو و دۆشەك فرۆشەکەی کۆگەکەی تەنیشتی دەمەقاڵێی دەکرد. لەبەردەم دەرگاکەدا خۆی وا پێشان دەدا

گوایە بە پارچە پەڕۆیەك مێش دووردەخاتەوە، هاواری کرد: (دۆشەك بۆ بەرازە تەمبەڵەکان! دۆشەك بۆ بەرازە تەمبەڵەکان!).

ـ هیچ قوتاری ناکات تەنیا پەرجوویێك نەبێت!.

فریشتە ڕوو قسەی نۆژدارەکەی دووبارە کردەوە. پەرجوو، شتێك شیاوی مردن بێت بە زۆریش بووبێت دەستبەرداری ژیان نابێت، سەرکەوتنی بەشێکە لە مرۆڤایەتی بەسەر ڕەهای نەزۆکدا. ئارەزوویێکی زۆری دەکرد لە خوا بپارێتەوە پەرجوویێك بەدی بهێنێت، بەڵام لەو ساتەدا جیهان، بێ سوود، نەیارانە، شڵەژاو، بێ ئامانج، دووسووڕایەوەو پێچی دەکردەوە.

هەر هەموویان سات لە دوای سات چاوەڕوانی کارەساتەکەیان دەکرد. وەڕینی سەگێك، لێدانی توندی دەرگاکە، لێدانی زەنگەکانی کڵێسەی (لامرسید)، پاڵی بە دراوسێکانەوە دەنا نیشانەی خاچ بنەخشێنن و هەناسە هەڵبکێشن و بڵێن: (ئاکام سەری نایەوە! بەڵێ، کاتی کۆچ کردنی هات. ئای لەو پیاوە بەستەزمانە. ئەو چارەنووسەی لە نێو چاوان نووسراوە. ئەوە ویستی خواوەندە. ئەوە چارەنووسی هەموومانە.

(پترۆنیلا) دەستی بە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە بۆ یەکێك لە دەستەخوشکەکانی کرد:

ـ (یەکێکە لەو پیاوانەی هیچ نیشانەیەکی پیربوونی پێوە دیار نییە، وانەی زمانی ئینگلیزی و بابەتی دیکەی سەیر سەیر دەڵێتەوە، بە ناوی (مامۆستا)یش دەناسرێت).

دەیویست بزانێت ئایە دەشێت ژیانی کامیلا بە هۆی جادووگەرییەوە ڕزگار بکرێت، دەبێت مامۆستا ئەوە بزانێت، وێڕای وانەکانی زمانی ئینگلیزی کە دەیانڵێتەوە، کاتی دەست بەتاڵی خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی سۆفیزم و سیپریتۆلێتی و سیحرو جادووگەری و، هیپنۆتیزم و عیلمی باتین (**علوم الباطن**) تەرخان کردبوو،

بەڵکو شێوازێکی داهێنابوو ناوی لێ نابوو : (ئەنباری سیحری بەسوود بۆ دۆزینەوەی گەنجینەی شاراوەی ناو ئەو خانووانەی تارماییان لێ نیشتەجێیە). مامۆستاکە هەرگیز نەیدەتوانی هۆیەکانی خوودان بە زانستە نەزانراوەکان ڕوون بکاتەوە، چونکە لەسەرەتای لاویەتیدا ئارەزووی بەلای کڵێسەدا دەچوو، بەڵام ئافرەتێکی بە مێرد، لەو بەئەزموونترو بە دەستەڵاتتر، ڕۆژێکیان ئەو کاتەی بۆ خوێندنی سرووتەکانی کڵێسە دەچوو، خۆی تێ هەڵقورتاند، ئاکام وای لێهات ڕەفتاری خۆی گۆڕی و لە ڕواڵەتی قەشە دوورکەوتەوە، بەو شێوەیە مایەوە، گێل و گەوجی و تاك و تەنیایی لێ بەدی دەکرا، تیۆلۆژی بەجێ هێشت و ڕووی کردە کۆلێژی بازرگانی، خەریکبوو بەسەرکەوتوویی تەواوی بکات ئەگەر ناچار لە دەستی مامۆستای ژمێریاری هەڵنەهاتبایە ئەو ئافرەتەی کەوتبووە داوی ئەویندارییەوە. پاشان دەروازەی جیهانی میکانیکی بە ڕوودا کرایەوە، کە ئاسنگەرییەکی قورس بوو، پاشان چووە وەرشەیەکی نێزیك بە ماڵی خۆیان لە کوورەی ئاسنگەریدا کاربکات، بەڵام ڕانەهاتبوو کاری قورس بکات و لە ڕووی جەستەوەیش ئەوەندە بەتواناو بەهێز نەبوو، بۆیە وازی لەو کارەیش هێنا. بۆچی دەبێت کار بکات لەکاتێکدا تاکە برازای ئافرەتێکی زۆر زەنگینە کە پارەکەی بۆ کڵێسە تەرخان کردووە، پلکەکەی هێشتە لەوەیش بێ ئومید نەبووبوو کە ئەم ببێتە قەشە؟. پێی دەگوت: (لە جیاتی ئەوەی لێرەدا دانیشت و باوێشك بدەیت، بگەڕێوە لای کڵێسە. ئەی نابینیت خەریکە لە ژیان بێزار دەبیت. بە خۆیشت نیوە گێل و چوون قاڵبە کەرێ لاوازیت و، هەموو شتێکت تاقی کردەوەو هەرگیز لە هیچ ڕازی نیت: سەرباز، میوزیکژەن، زۆرانگری گا؟.!. ئەگەر دەتەوێت نەبیتە قەشە، بۆچی نابیتە مامۆستا ـ بۆ نموونە وانەی ئینگلیزی بڵێیتەوە؟. ئەگەر لەو بژاردانە نەبێت خواوند هەڵیبژاردوون، بۆچی بە خۆت فێرخوازان هەڵناتبژێریت؟. ئینگلیزی لە لاتینی ئاسانترو بەسوودتریشە، تۆ ئەگەر وانەی ئینگلیزی بڵێیتەوە،

ئەو کات فێرخوازەکانت گریمانە دەکەن کە بە ئینگلیزی قسە دەکەیت، ئەگەرچی لێت تیٚ ناگەن، ئەگەر تێنەگەن، ئەوە باشترە!).

(پترۆنیلا) دەنگی نزم کردەوە، وەك زۆر جار باسی ڕووداوگەلێك دەکات دڵی دەشکێنن:

ـ (یارێکەو دەیپەرستێت، ئەی مامۆستا، لە کڕنووشگەکەی وێدا خوا دەپەرستێت، ئەگەرچی ڕفاندووشیەتی، کەچی بەوپەڕی ڕێز لیٚ گرتنەوە چارەسەری کردو بە هیوایە کڵێسە پیرۆزبایی لەو یەکگرتنە هەمیشەییەیان بکات. مرۆڤ هەموو ڕۆژێك ئەم جۆرە کارانە نابینیت ...).

درێژترین ئافرەتی نیشتەجێی خانووی (دووسەد)، کە ئافرەتێکە بەو شێوەیە دێتە پێش چاو وەك بڵێیت چەند پێپلکەیەك بەسەر پلێکانێی جەستەی خۆیدا سەرکەوتووە، لەکاتێکدا دەچووە ژوورەکەوەو چەپکێك گوڵی بە دەستەوە بوو، گوتی:

ـ کیژۆڵەکەم، ئێستە، کەمتر لە هەموو کاتێکی ڕابوردوو، ڕوودەدات).

ـ (مامۆستا، ئەم یارە هەموو جۆرە سۆزێکی بەرانبەر دەنوێنێت، ڕەنگە لەگەڵیشی بمرێت .... ئای).

مامۆستا لەسەرخۆ گوتی: پترۆنیلا تۆ دەڵێیت نۆژدارە بەڕێزەکان ڕایانگەیاندووە کە ناتوانن هیچ شتێك بکەن و لە چنگی چارەنووسی ڕزگاربکەن؟.

ـ بەڵی گەورەم، ناتوانن. سیٚ جار ڕایانگەیاند کە هیچ ئومێدێك نییە.

ـ (پترۆنیلا، تۆ دەڵێیت تەنیا پەرجوو دەتوانێت ڕزگاری بکات؟.).

ـ (بەڵیٚ، ئەوە ڕزگاری دەکات. دڵم بەو لاوە بەستەزمانە دەسووتێت).

ـ (باشە. من چارەسەری دەکەم. کار بۆ ئەوە دەکەین تا ئەو پەرجووە ڕووبدات. تەنیا شتێك کە دەتوانێت بەرەنگاری مەرگ ببێتەوە خۆشەویستی و ئەویندارییە، چونکە ئەویناداری و مەرگ، وەك (**سروودی سردووان** ) ئاگەدارمان دەکاتەوە، ئەو جۆرە توانایەیان هەیە: ئەگەر یاری ئەم کیژە ـ وەك دەڵێن ـ

دەیپەرستێت و، زۆری خۆش دەوێت، مەبەستم لە هەموو ناخ و دڵ و دەروونییەوە خۆشی دەوێت و دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ بکات، ئەوە دەتوانین ژیانی لە ڕێگەی ئاهەنگی پیرۆزی هاوسەرگیرییەوە ڕزگار بکەین. جا بە پێی تیورییەکەی من لە بواری موتربە کردندا، ئەوە پێویستە لەم حاڵەتەدا ئەو کارە بکرێت).

وەنەبوو (پترۆنیلا) لە بەردەم مامۆستادا ببوورێتەوە. هەموو دانیشتووانی ناو خانووەکەی هەڵستاند، جارێکی دیکە ڕووی کردە ماڵی دەستەخوشکەکان و، (لامسکواتا)ی نارد بۆ ئەوەی لەگەڵ قەشەکە بئاخڤێت. لە هەمان ڕۆژدا، فریشتە ڕوو و کامیلا، لەبەردەم ئەو دنیادا، هاوسەرگیرییان بەست. دەستێکی نەرم و ساردی چوون چەقۆیەکی ئیڤۆری کاغەزبڕ درێژ بووەوەو دەستی ڕاستی تا لێهاتووی فریشتە ڕووی گرت، لە کاتێکدا قەشەکە بە لاتینی ڕێوڕەسمی ئایینی مارە بڕینەکەی خوێندەوە. دانیشتووانی خانووی (دووسەد)یش ئامادەبوون: ئینگراسیا، مامۆستاکەیش جلی ڕەشی پۆشیبوو. کاتێك ڕێ و ڕەسمی هاوسەرگیرییەکە تەواو بوو، مامۆستا بە ئینگلیزی هەڵیکێشا و گوتی:

ـ (لە پێناوی مندا، گیانێکی نوێ بۆ خۆت بێنە کایەوە!).

**(٣١)**

## پاسەوانگەلی لە سەهۆڵ

لە دەروازەی بەندیخانەکەدا دوو ڕیز شمشێری بریقەداری تفەنگ دەبینران، ئەو سەربازانەی پاسەوانییان دەکرد بەرانبەر بە یەکدی دانیشتبوون، وەك چوون گەشتیاران لەناو فارگۆنی تاریکی شەمەندەفەردا دادەنیشن، لەناکاو گالیسکەیەك لەوانەی تێدەپەڕین، لەبەردەم دەرگاکەدا ڕاوەستا. شوفێرەکە پشتی بەرەو دواوە نووشتانەوە بۆ ئەوەی باشتر جڵەوەکە ڕابگرێت، لەکاتێکدا چوون بووکە شووشەیەك لە پەڕۆو پاتاڵ دروست کرابێت، بەم لاو بەو لادا دەهەژایەوەو، جنێوی دەدا، خەریکبوو هاوسەنگی تێك بچێت و بکەوێتە خوارەوە. لە ئاکامی ڕاوەستانە ناکاوەکەدا دەنگی بەرکەوتنی ڕەوڕەوەی گالیسکەکە لەگەڵ عەرددا گەیشتە ناوەوەی تەلارە نەفرەتییە دیوار ساف و لووس و ڕووتەکەو، پیاوێکی ورگن لە گالیسکەکە دابەزی بە زەحمەت هەردوو پێی بە عەرد دەگەیشتن. گالیسکەوانەکە هەستی کرد کە گالیسکەکە لە قورسایی داواکاری گشتیی سەربازی قوتاری بوو، بۆیە جگەرە دامرکاوەکەی خست نێوان هەردوو لێوە بار لێ نیشتووەکەیەوە ... چەند ئاسوودەیە بە خۆی تاك و تەنیا لەگەڵ ئەسپەکانیدا بێت! جڵەوەکەی شل کردو گالیسکەکەی لێ خوڕی بۆ ئەوەی لەبەردەم خانووەکەدا

چاوەڕێ بێت، لە تەنیشت باخچەیەکی تاوێرینەوە وەك دڵی لە تاوێر دروستکراوی خاینان، هاوکات لەو کاتەی ئافرەتێك خۆی لەبەردەم پێی داواکاری گشتییدا بە عەرددا دا و بە دەنگی بەرز لێی پاڕایەوە گوێ لە سکاڵاکەی بگرێت.

ـ (خوشکم، هەستە، ناتوانم بەم شێوەیە گوێت لێ بگرم، نا، نا، تکایە هەستە، هێشتە نازانم تۆ کێیت ...).

ـ من هاوسەری (کرفخاڵ)ی پارێزەرم ...

ـ هەستە ...

بەڵام جارێك دیکە تەقییەوە:

ـ (گەورەم بە درێژایی شەوو ڕۆژێکە، هەموو کاتێك، لە هەموو شوێنێك، لە ماڵەوەتان، لە ماڵی دایکت، لە نووسینگەکەت، بە دواتدا دەگەڕام، بەڵام بێ هوودە بوو، تۆ تەنیا کەسیت ئاگات لێیە مێردەکەم چی بەسەرهاتووە، تۆ تەنیا کەسیت دەزانیت، تۆ تەنیا کەسیت کە دەکاریت ڕێم پیشان بدەیت. لە کوێیە؟. چی بەسەر هاتووە؟. گەورەم پێم بڵێ زیندووە یان نا؟. گەورەم پێم بڵێ هێشتە زیندووە یان نا....).

ـ (خاتوون لە ڕاستیدا ئەنجوومەنی سەربازی کە لە پرسی پارێزەرەکەی هاوەڵم دەکۆڵێتەوە فەرمانێکی بەپەلەی پێ گەیشتووە ئەم شەو کۆببێتەوە).

ـ ئائائائائا .......ه !،

هەردوو لێوی لەرزین کە نەیتوانی لە خۆشیاندا بیانئووقێنێت. ئەوەتە هیشتە زیندووە! لەگەڵ ئەو هەواڵەشدا هیوا و ئومێدی بووژایەوە.

ـ زیندووە! ... ڕەنگە بێ تاوان بێت ... ئازادی دەکەن ....

بەڵام داواکاری گشتیی بێ ئەوەی ڕیتمی ساردی دەنگی بگۆڕێت گوتی:

ـ (خاتوون باری ڕامیارییانەی وڵات ڕێ بە حکوومەت نادات، هەرچۆنێك بووە، بەرانبەر بە نەیاران کەمتەرخەمی بنوێنێت. تەنیا دەتوانم هەر ئەوەندەت

پێ بڵێم. برۆ بۆ لای جەنابی سەرۆك و لێی بپاڕێرەوە بۆ ئەوەی ژیانی مێردەکەت بپارێزێت، چونکە ڕەنگە بەپێی یاسا سزای مەرگی بەسەردا بسەپێنرێت و پاش بیست و چوار کاتژمێر گوللەباران بکرێت ....).

ـ ئاه، ئاه، ئاه ....

ـ خاتوون یاسا لەسەرووی هەموو کەسێکەوەیە، ئەگەر جەنابی سەرۆك لێی نەبوورێت ....

ـ ئاه، ئاه، ئاه ....

نەیتوانی قسە بکات. لەوێ ڕاوەستا. ڕەنگ لە ڕووی بڕاو سپی سپی بووەوە وەك ئەو دەستەسڕەی بە ددانەکانی ونجڕ ونجڕی دەکرد، کپ و مات، بێ ئەوەی بجووڵێتەوە، بیری پەرت و بڵاوبووبووەوە، پەنجەکانی دەچەماندەوە.

داواکاری گشتیی لەنێوان هەردوو ڕیزە سەرە نێزەکاندا بزربوو. پاش ماوەیەك چالاکی، ڕێگەکە پڕ لە گالیسکە بوو ئافرەت و پیاوی پۆشتەیان تێدابوو بۆ ماڵ دەگەڕانەوە پاش ئەوەی کاتی خۆشیان لە سەیرانی سەرەکی شار بەسەربرد، کە پاش ئەوان چۆڵ و هۆڵ مایەوە.

گالیسکەیەکی بچووکی ترام لە شەقامێکی لاوەکییەوە دەرکەوت، دەنگی تەق و تۆقی دەهات و، تێپەڕی و بەسەر هێڵە ئاسنینەکانیدا وەرچەرخایەوە.

ـ ئاه، ئاه، ئاه ....

نەیتوانی قسە بکات. جۆرە چنگێکی ساردی سەهۆڵبەند چنگی لە قوڕگی گیرکردبوو، نەیدەتوانی خۆی لێ قوتاربکات، هەستی کرد جەستەی لە هەردوو شانییەوە بەرەو عەرد بەردەبێتەوە. تەنیا باڵاپۆشێکی بەتاڵ مایەوە، بەسەرێك و دوو دەست و دوو لاقەوە. دەنگی گالیسکەیەکی بەر گوێکەوت لە ڕێگەکەوە لێی نێزیك دەکەوتەوە. ڕایگرت و سواربوو. ئەسپەکان چوون فرمێسك ئاوساوو ئەستوور هاتنە پیش چاو کاتێك ملیان وەرچەرخاند و بەرەو دواوە سووڕانەوە و

پاشان ڕاوەستان. بە شوفێرەکەی گوت بە زووترین کات بیگەیەنێتە ماڵە لادێییەکەی سەرۆك کۆمار. زۆر بەپەلەو تامەزرۆ بوو، تامەزرۆیەکی نائومێدانە، تا ڕادەیەك ئەگەرچی ئەسپەکان زۆر خێرا دەڕۆیشتن، کەچی زۆری لە شوفێرەکە دەکرد خێراتر لێیانخوڕێت ... دەبوو هەرچۆنێك بێت ئێستە لەوێ بن ... خێراتر ... دەبێت مێردەکەی قوتاربکات ...خێراتر، خێراتر، خێراتر... ئاکام قامچییەکەی لەدەستی شوفێرەکە ڕفاند... دەبێت مێردەکەی قوتاربکات ... ئەسپەکان لە ئاکامی پێداکێشانی توندی قامچییەکە خێراتر دەڕۆیشتن ... قامچییەکە بەر ئەم تەنیشت و ئەو تەنیشتی دەچووزاندەوە ... مێردەکەی قوتار دەکات ...دەبوو ئێستە لەوێ بوایەن ... بەڵام گالیسکە ناجووڵێتەوە ... دەیتوانی هەست بەوە بکات کە گالیسکەکە ناجووڵێتەوە، ڕەوڕەوەکان بە چوار دەوری تەوەرە نووستووەکانیاندا دەخولانەوە بەبێ ئەوەی هەرگیز بەرەو پێشەوە بچن، لە شوێنی خۆیاندا ڕاوەستابوون ... بەڵام دەبێت مێردەکەی قوتاربکات ... بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ ... قژەکەی شۆڕ بووەوە ـ دەیەوێت قوتاری بکات ـ قۆپچەکانی بلووزەکەی کرانەوە ـ دەیەوێت قوتاری بکات .... بەڵام گالیسکەکە نەجووڵایەوە ... دەیتوانی هەست بەوە بکات کە گالیسکەکە ناجووڵێتەوە، تەنیا ڕەوڕەوەکانی پێشەوە دەخولێنەوە، دەیتوانی هەست بەوە بکات کە ڕەوڕەوەکانی پشتەوە بە شێوازێك سست دەڕۆن وایان دەکرد گالیسکەکە وەك زوومی کامێرا درێژ ببێتەوە... ئەسپەکانی دەبینی لە دوورەوە تا دەهات بچووك و بچووکتر دەبوونەوە... شوفێرەکە قامچییەکەی لێ سەندبووەوە ... نەیاندەتوانی بەو شێوەیە درێژە بە ڕۆیشتنەکەیان بدەن ... بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ، دەتوانن ... نا، نا ناتوانن ...بەڵێ . نا، بەڵێ ... نا... بەڵام، بۆ نا؟. بۆ نا؟. بەڵێ ... نا، بەڵێ ... نا ... ئەموستیلەکانی لە پەنجەکانی داکەند و گۆبەرۆکەکەی سینگی لێ کردەوەو گوارەکانی گوێ و بازنەکانی هەردوو دەستی داکەند و هەر هەموو لە

گیرفانی چاکەتەکەی ئاخنی و بۆ شوفێرەکەی هەڵداو، تکای لێ کرد ڕانەوەستێت. دەبێت مێردەکەی قوتاربکات. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتە هەر نەگەیشتوون ... دەبێت بگاتە ئەوێ، بگاتە ئەوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتە هەر نەگەیشتوون... دەبێت بگاتە ئەوێ، بپاڕێتەوە ژیانی مێردەکەی بپارێزن و، قوتاری بکات ... بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتە نەگەیشتوون. بەردگەل، دۆڵ، وشکەقوڕ، سەوزە گیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتە نەگەیشتوون ...وەك تیلی ستوونەکانی کارەبا ناجوولێنەوە، یان وەك تێلەکانی ئەستوونەکانی کارەبا بەرەو دواوە دەگەڕێنەوە، وەك درەختە چێنراوەکان، وەك کێڵگە وشك و برینگەکان، وەك هەورەکان کە تیشکی هەتاو لەکاتی ئاوابووندا ڕازاندوونییەوە، وەك چوار ڕیانی چۆڵی ڕێگەکان، وەك ئاگری دامرکاو لە شوێنی خۆیان چەقیون.

ئاکام، لایان دایە ناو ئەو ڕێگەیەوە کە بەرەو کۆشکی سەرۆکایەتی دەچێت، بە ڕێگەیەکی باریکدا، کە لەناو دارو درەخت و گژوگیاکاندا بزردەبێت. دڵی توند لێی دەداو وەنەبوو ڕابووەستێت. ڕێگەکە بەناو خانووی گوندێکی بچووك و چۆڵی پاکدا تێدەپەڕی. لێرەدا تووشیان بە تووشی چەند گالیسکەیەوە بوو لە جۆری (لانداو) و (سلکی)و (کالانش)، لە گوندەکەی سەرۆك دەگەڕانەوە، خەڵکانێکیان تێدا سواربووبوون دەم و چاوو جلەکانیان لەیەك دەچوون. تەق و تۆقی ڕەوڕەوەکان و دەنگی سمی ئەسپەکان بەسەر ڕێگە قیرتاوەکەدا بەرگوێ دەکەوت و بەرەو پێشەوە دەچوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا هێشتە نەگەیشتبوون ... جگە لەوانەی لەناو گالیسکەکانیاندا دەگەڕانەوە ـ فەرمانبەرانی پێشووی حکوومەت و، ئەفسەرانی قەڵەوو پۆشتە ـ تووشی کەسانی دیکەیش بوون بەپێ دەگەڕانەوە: خاوەندی زەوی و زار لەوانەی پێش چەند مانگێکی پێشوو بە پەلە بۆ دیداری سەرۆك بانگ کرابوون و، جووتیاران و کشتیاران کە جۆرە پێڵاوێکیان لەپێ بوو لە هەگبەی لە پێست دروست کراو دەچوون و، مامۆستایانی ئافرەت کە چەند

خولەك جارێك ڕادەوەستان بۆ ئەوەی هەناسەو بدەنەوەو پشوویێکیان پێدا بێتەوەو تۆزو خۆڵ پڕ چاویان ببوو و لەبەر دووریی ڕێگەکە پێڵاوەکانیان پچڕابوون و تەنوورەکانیان تا لای ئەژنۆیان بڵندبووبوونەوە، لەگەڵ چەند تیمێکی پۆلیسی هیندیدا نەیاندەزانی چی لە دەورو بەریان ڕوودەدات شتی کەم نەبێت. دەبێت مێردەکەی قوتاربکات ... بەڵێ، بەڵێ ... بەڵام تۆ بڵێیت هەر بگەنە ئەوێ؟. یەکەمین شت ئەوەیە بگەنە ئەوێ، دواتر پاڕانەوەو، قوتارکردنی. بەڵام تا ئێستە نەگەیشتوون. زۆری نەماوە، تەنیا ئەوە نەبێت لە گوندەکە تێپەڕن. دەبوو ئێستە لەوێ بووایەن، بەڵام پێ دەچێت گوندەکە کۆتایی نەبێت! ئەمە هەمان ڕێگەیە کە ڕۆژی پێنج شەممەی پیرۆز وێنەی (یەسوع) و (پاکیزە)ی ئازارەکان پێیدا تێپەڕین و بەسەر شانەوە بوون. سەگەکانیش دەستیان بە حەپین کرد کاتێك دەنگی میوزیکی دەهۆڵە خەمگینەکانیان بیست، ئەو کاتەی کەژاوەکە بە بەردەم ئەو بالکۆنەدا تێپەڕی کە سەرۆکی لێ لەژێر سەیوانێکی ئەرخەوانی گوڵ گوڵیندا ڕاوەستابوو. یەسووع بەبەردەم قەراڵدا تێپەڕی و لەبەر قورسیی خاچە دارینەکە پشتی چەمابووەوە، بەڵام سەرنجی سەرسوڕمانی ئاراستەی قەراڵ بوو نەك یەسووع. ئازارەکان بەس نەبوون.گریانی کات لە دوای کات بەس نەبوو، ئەوە بەس نەبوو بە خۆی و خانەوادەکان و شارەکان لەبەر نائومێدی پیر نەبن، بەڵکو پێویست بوو بۆ ئەوەی گوناهەکەی زۆرتر بێت لە وێنەی حەزرەتی مەسیحدا بەبەردەم چاوی جەنابی سەرۆکەوە تێپەڕێت و لەبەر ئازار بناڵێنێت، کە هەردوو چاوی لەژێر سەیوانێکی زێڕینی بەدناودا لێڵ داهاتبوون، بە ڕاستیش لە نێوان دوو ڕیز بەدکارو درۆزن و لەبەر ڕیتمی میوزیکێکی بت پەرستیدا تێپەڕی.

گالیسکەکە لەبەردەم کوشکە جوانەکەدا ڕاوەستا. ژنەکەی (کرفخاڵ) خێرا تێی تەقاند، ملی ڕێگەیەکی گرت درەختەکانی ئەم لاو ئەو لای لە بندا بڕابوونەوە. ئەفسەرێك بەرەو ڕووی هات و بەردەمی لێ بڕییەوە:

ـ خاتوون، خاتوون.

ـ هاتووم چاوم بەسەرۆك بکەوێت.

ـ جەنابی سەرۆك چاوی بە کەس ناکەوێت، بگەڕێوە.

ـ (بەڵێ، بەڵێ، چاوی پێم دەکەوێت، من، من هاوسەری (کرفخاڵ)ی پارێزەرم ...) و ئیدی هەر بەرەو پێشەوە دەچوو، خۆی لە چنگی ئەو سەربازانە ڕاپسکاند بە دوای کەوتوون و بانگیان دەکرد، تا گەیشتە خانوویێکی بچووك ڕووناکییە کزەکانی لە سێبەری ڕۆژئاوابووندا دەبریسکانەوە .... (ژەنەراڵ مێردەکەم لەسێدارە دەدەن!).

پیاوێکی باڵا بەرزی، ڕەنگ تاریك، نیشانەو مەداڵی زێڕینی بە سینگدا شۆڕ بووبوونەوە، بەناو هۆڵی ئەو خانۆچکەیەدا دەهات و دەچوو. یەکسەر ڕووی تێ کردو بوێرانە پێی گوت: (ئەی ژەنەراڵ مێردەکەم لە سێدارە دەدەن!) ئەو ئەفسەرەی لە دەرەوە بە دوای کەوتبوو ئەو قسەیەی بەگوێدا دەدا، کە هەرگیز ناتوانێت چاوی بەسەرۆك بکەوێت.

وێڕای ڕەفتار بەرزی ژەنەراڵ، کەچی بە ساردی وەڵامیدایەوە:

ـ خاتوون، جەنابی سەرۆك ناتوانێت چاوی بە کەس بکەوێت. دەبێت بڕۆیت ...

ـ ئای ژەنەراڵ! ئای ژەنەراڵ! بەبێ مێردەکەم چیم بەسەر دێت؟. بەبێ مێردەکەم چیم بەسەر دێت؟. نا! نا ئەی ژەنەراڵ! چاوی پێم دەکەوێت، ڕێم بدە با بچمە ژوورەوە! ئاگەداری بکەوە من لێرەم! مێردەکەم لەسێدارە دەدەن!

لێدانی دڵی لەژێر جلەکانییەوە بەرگوێ دەکەوت. نەیانهێشت لەسەر هەردوو ئەژنۆی کڕنووش ببات. پەردەکانی هەردوو گوێی بە شوێن دەنگدا دەگەڕان، بەڵام بێ دەنگی دەیسمین، ئەو بێ دەنگییەی ڕوو بە ڕووی داواکانیان کردەوەو پێی بەرسقیان دایەوە.

لە کاتی خۆرئاوابووندا گەڵای سیس بووی درەختەکان پێکیاندا دەدا، وەك بڵێیت لە ترسی ئەو بایە بێت کە هەڵدەکات و لەسەر عەرد باڵیان دەداتەوە. ماندوو و شەکەت خۆی هاویشتە سەر تەختێك. سەربازەکان لە سەهۆڵی ڕەش خولڤاون، دەمارەکایان ڕەق هەڵاتووە. ناڵەی دەرونی گەیشتە هەردوو لێوی لەسەر شێوەی سروەی جلی کەرکەشدار، لە دەنگی چەقۆی دەکرد. لەگەڵ هەر تەوژمێکی ئاه و ناڵەدا لیك لە هەردوو گۆشەی دەمییەوە فیشقەی دەکرد. لەسەر تەختەکە پان بووەوە پاش ئەوەی بە ئاه و ناڵەکانی تینووی شکاند وەك بڵێیت بەردێکی چەقۆ تیژکەرە. لەو شوێنەیان دوورخستەوە کە ڕەنگ بوو سەرۆکی لێ بدۆزیبایەتەوە. ژمارەیەك پاسەوان تێپەڕین و وایان لێ کرد لە سەرماندا بلەرزێت. بۆنی سۆسێجی سیرو هەنگوینی ڕەش و درەختی سنەوبەری توێکڵ لادراوی لێ دەهات. تەختەکە لە تاریکاییدا وەك تەختەدارێکی ناو دەریا بزربوو. شوێن گۆڕکێی کرد بۆ ئەوەی لە تاریکاییدا لەسەر تەختەکە بزرنەبێت، تا لە ژیاندا بمێنێتەوە. جارێك و دوو جارو، سێ جارو چەندین جار پاسەوانەکان لەناو درەختەکاندا ڕێیان لێ تەنییەوە. بەدەنگی گڕ نەیاندەهێشت تێپەڕێت و، بە قۆناغە تفەنگ و بە لوولەی تفەنگەکانیان هەڕەشەیان لێ دەکرد ئەگەر لەسەر ڕۆیشتن سوور بووایە. پاش ئەوەی لای چەپەوە شکستی هێنا، بەرەو لای ڕاست ڕۆیشت. پێی لە بەرد هەڵنووتاو، بنە دەوەنە پڕ دڕکەکانیش بریندایان کرد. ژمارەیەکی زۆرتری پاسەوانی لە سەهۆڵ خولقاو ڕێگەیان لێ تەنیبووەوە. پاراپیەوە، تێکۆشا، چوون دەرۆزەکەر دەستی پان کردەوە، کاتێك کەسیان گوێیان لێ نەگرت، بەرەو ئاراستەی بەرانبەر تێی دەتەقاند.

درەختەکان سێبەرەکەیان بەرەو لای گالیسکەی کرێیەکە برد، سێبەرەکەی کە هێشتە پێی نەهاویشتبووە سەر پێپلکەی گالیسکەکە تا وەك شێت گەڕایەوە، بۆ ئەوەی بزانێت ئایە بۆ دوایەمین جار پاڕانەوە سوودی هەیە یان نا. شوفێرەکە

ڕابووەوەو خەریکبوو خشڵە بچووکەکان بەربداتەوە کە لەناو گەرمایی باخەڵیدا پاڵکەوتبوون کاتێك دەستی خێرا دەرهێنا بۆ ئەوەی جڵەوەکەی پێ بگرێت. بەلای ئەوەوە کات زۆر سست و لەسەرخۆ تێدەپەڕی، زۆر حەزی دەکرد بگەڕێتەوەو لەناو هاوەڵەکانیدا سنگ دەرپەڕێنێت و، بۆ ئەوەیش چەکی خۆی هەیە: گوارە، ئەموستیلە، بازن، دەتوانێت بیانخاتە ڕەهنەوەو سوود لە پارەکەیان وەربگرێت. پێیەکی بەو پێیەکەی دیکەی خوراند، شەپقەکەی بۆ سەر هەردوو چاوی ڕاکێشاو، تفی کرد. لێرە لە تاریکیدا چی ڕووی دەدا؟. ژنەکەی (کرفخاڵ)، وەك یەکێك بەدەم خەوەوە ڕێ بکات، بۆ لای گالیسکەکە گەڕایەوە. لەناو گالیسکەکە دانیشت و بە شوفێرەکەی گوت تۆزێك چاوەڕوان بێت، چونکە ڕەنگە دەرگا بکەنەوە ... نیو کاتژمێر ... کاتژمێرێك ...

گالیسکەکە بێ ئەوەی هیچ دەنگێکی لێ بەرزببێتەوە بەڕێکەوت، ئەویش لەبەرئەوەی وێ باش گوێی لێ نەبوو، یان هێشتە بەڕێ نەکەوتوون ... ڕێگەکە بە قەد تەپۆڵکەیەکی زۆر لیژدا بۆ ناو دۆڵێك شۆڕ دەبووەوە، پاش ئەوە، جارێکی دیکە بەرەو شارەکە بەرز دەبووەوە. یەکەمین شوورەی تاریك. یەکەمین خانووی سپی. بە کونی دیوارێکەوە ڕیکلامێك لەبارەی (ئۆنۆڤرڤ)ـەوە هەڵواسرابوو... هەستی کرد کە هەموو شتێك تێکەڵ بە خەمگینییەکەی ئەو دەبێت ... هەوا ... هەمو شتێك. لە هەر فرمێسکێکدا دەیڕشت کۆمەڵەیەکی خۆر هەبوو .. بەسەدان دڵۆپەی ئاورینگ لە قەراغی سەربانی خانووەکانەوە دەرژانە سەر شۆستە تەسکەکان ... خوێن خەریکبوو بە دەمارەکانیدا ڕادەوەستا ... چۆنیت؟. نەخۆشم، زۆر نەخۆشم ... ئەی سبەینێ، چۆن دەبیت؟. بە هەمان شێوە. ڕۆژی دواتریش بە هەمان شێوە ... بە خۆی وەڵامی پرسیارەکانی خۆی دەدایەوە ... ئەی ئەو ڕۆژەی دوای سبەینێ ...

قورسایی مردووان وا دەکات زەوی شەوانە بخولێتەوە، بە ڕۆژ بە هۆی قورسایی زیندووانەوە دەخولێتەوە ... کاتێك ژمارەی مردووان لە ژمارەی زیندووان پتر دەبێت، ئەو کاتە شەو دەبێتە هەمیشەیی، کۆتایی نابێت، چونکە زیندووەکان تەواوی ئەو قورساییەیان نابێت ڕۆژ بگێڕنەوە ...

گالیسکەکە ڕاوەستا؟. ڕێگەکە ڕاستایی بوو، بەڵام نەك بۆ وێ، لەبەرئەوەی لەبەردەم دەرگای بەندیخانە ڕاوەستا، کە هەبێت و نەبێت ....

لەسەرخۆ بەرەو پێشەوە چوو، هەنگاو هەنگاو، خۆی بە دیوارەکەوە نووساندبوو. جلی پرسەی لەبەر نەبوو، بەڵام وەك شەمشەکوێرە دەیتوانی بە دەست پێوەدان هەست بە شت بکات لە تاریکاییدا... ترس، سەرما، بیزهاتنەوە، هەموویان بەسەریدا زاڵ بووبوون بۆ ئەوەی خۆی بە دیوارەکەوە بنووسێنێت کە دەنگی تەقەی گوللەکان بەرپەرچ دەداتەوە.... هەرچۆنێك بووە، ئەوان ناتوانن تەقە لە مێردەکەی بکەن، بەم شێوەیە، کە وێ لەوێ ڕاوەستابێت. چۆن ئەم شتە بۆپیاوگەلی وەك ئەو، خەڵکانی وەك ئەو ڕوودەدات، چاوو، زارو، دەستیان هەیەو، قژیان بەسەرەوەیەو پەنجەکانیان نینۆکیان پێوەیەو، ددان و زمان لە دەمیاندایەو قوڕگیان هەیە ... ناشێت تەقە لە کەسانێکی لەو شێوەیە بکەن، خەڵکانێك ڕەنگی پێستیان هەمان پێستەو، ڕیتمی دەنگیان هەمان ڕیتمە، بە هەمان شێوەی شت بینین و، شت بیستن و، چوونە نێو جێگەو، لە خەو هەڵستان و، ئەویندراری و، دەم و چاو شوشتن، نان خواردن و، پێکەنین ، ڕێکردن، هەمان بڕوا و گومانیشیان هەیە ...

(٣٢)

## جەنابی سەرۆك

پاش ئەوەی بە پەلە فریشتە ڕوو بۆ کۆشکی کۆماری بانگ کرا، بە نیگەرانییەوە بیری لە حاڵەتەکەی کامیلا دەکردەوە، جۆرە نەرم و نیانییەك لە ڕوانینە پەرێشانەکانیدا بەدی دەکران کە بەلای ئەوەوە شتێکی نوێ بوو، هەروەها دەربڕینێکی نوێی مرۆییانە بە چاوییەوە بەدی دەکرا. لە گێژەنگی گومانەکانیدا دەخولایەوەو هەڵوێستی دەگۆڕی، وەك ئەو ئەژدیها ترسنۆکەی لە کلکی خۆی هەڵدەنووتێت، بچێت یان نەچێت؟. سەرۆك یان کامیلا؟. کامیلا یان سەرۆك؟..

هێشتە هەستی بە هاندانەکانی ئافرەتە مەیخانەچییەکە دەکرد کە پاڵی پێوە دەنا بچێت، هەستی بە ڕیتمی دەنگی پاڕانەوە ئاساکەی دەکرد، چونکە بڕوای وابوو بە چوونی ئەو هەلێك بۆ میانگیری لە پێناوی (ڤاسکیز)دا دێتە کایەوە. (تۆ بڕۆ، من لێرە دەمێنمەوە چاوم بە نەخۆشەکەوە دەبێت). بە ڕێگەوە، پڕ بە هەناسەی هەوای هەڵمژی. سواری گالیسکەیەك بووبوو بەرەو کۆشکی کۆماری دەڕۆیشت. دەنگی سمی ئەسپەکان کە بەر عەردە تاوێرینەکە دەکەوتن ... خولانەوەی نەرمی ڕەوڕەوەکان. بە وردی دەستی بە خوێندنەوەی ناوی کۆگەکان کرد کە بە بەرچاویدا تێدەپەڕین: (قفڵی سوور) ...(شانەی هەنگ) ...(گڕکان) ... ناوونیشانەکان بەشەو زۆر ڕوونتر بوون لە ڕۆژ

...(هێڵی ئاسنین) ... (مریشك و جووجەڵە). هەندێك جاریش چاوی بە ناوی (چینی)ش دەکەوت ... (لوون لی لوون و هاوبەشەکانی ... (کوان سی شان) ... (فوو کوان ین) ... (شوون شان لوو) ... (سی یوون سی). بیری لە ژەنەراڵ (کانالیس) دەکردەوە. دەبێت بۆ ئەوە بە دوویاندا ناردووە تا دوایەمین هەواڵی پێ ڕابگەیەنن ... نەکەردەنییە! ... بۆچی نەکەردەنییە؟. ... دەستگیریان کردو گوشتیان ... یان ڕەنگە نەیانکوشتبێت بەڵکو دیسان لە بەندیخانەیان توند کردبێت. لەناکاو تەپ و تۆزێك هەڵیکرد. بایەکە زۆرانبازی لەگەڵ گالیسکەکەدا دەکرد. هەموو شتێك ڕێی تێ دەچێت! کاتێك گەیشتنە دەرەوەی شار، گالیسکەکە بە شێوەیەکی نەرم و ڕەوان دەڕۆیشت، وەك تەنێکی ڕەق لەناکاو ببێتە تەنێکی شل. فریشتە ڕوو هەردوو ئەژنۆی خۆی بە هەردوو دەستی گرت و هەناسەیەکی هەڵکێشا. تەق و تۆقی گالیسکەکە لەناو هەزارەها دەنگی شەودا بزربوو، کە لەسەرخۆو پتەوو تۆپ ئاسا دەکشا. وای زانی گوێی لە دەنگی هەردوو باڵی فڕندەیەکە خەریکە دەفڕێت. بەلای چەند خانوویێکی تاك و تەراو لێرەو لەوێدا تێپەڕین. چەند سەگێکی نیوچە مردوو پێیان حەپین...

بریکاری وەزارەتی جەنگ لەبەردەم دەرگەی نووسینگەکەیدا چاوەڕێی دەکرد. کاتێکی ئەتۆ بۆ تەوقەکردن تێنەپەڕی تا جگەرەکەی لەسەر لێواری تەپڵەکی جگەرەکە داناو یەکسەر بۆ حەوانگەی جەنابی سەرۆك پێش خۆی خست. فریشتە ڕوو بازووی بریکاری وەزارەتی گرت و پێی گوت:

ـ ژەنەراڵ، نازانیت جەنابی سەرۆك بۆچی بەدوایدا ناردووم؟.

ـ نا، بەڕێز میگیلیتۆ، ئەوە نازانم.

ئەو کات زانی بابەتەکە چییە. پێکەنینێکی کورت، دوو تا سێ جار دووبارە بووەوە، کە بەرسقی ناڕاستەوخۆی بریکاری وەزیر وای لێ کرد بسڵەمێتەوە. کاتێك گەیشتە ژوورەکەی سەرۆك دارستانێك بوتڵە شووشەی لەسەر مێزێکی خڕ بینی، لە تەنیشتیشییەوە چەند قاپێکی پڕ لە گۆشتی سارد لەگەڵ میوەی ئەفۆکاتۆو زەلاتەی

بیبەری سەوز دانرابوون. تابلۆکەیش بە قەنەفەکان تەواودەبوو کە لێرەو لەوێ سەراوبن لەسەر عەرد دانرابوون. پەنجەرەکان بە لێوارەکانیانەوە کە لە شووشەی سپیی تاریك دروست کرابوون و، لەسەرووی هەر یەکەیانەوە پۆپە کەڵەشێرێکی سووریان بەسەرەوە بوو، دەکۆشان بەری ئەو تیشکانە بگرن، کە لە گڵۆپەکانی باخچەکەوە دزەیان دەکردە ژوورەوە. ئەو ئەفسەرو سەربازە چەکدارەکان سەرقاڵی پاسەوانی بوون، هەر ئەفسەرەو لەبەردەم دەرگایەك و، هەر سەربازێك لای درەختێك. جەنابی سەرۆك لەولای ژوورەکەوە بەرەو پێشەوە هات، زەوی ژوورەکە وا دەهاتە پێش چاو لەژێر هەنگاوەکانیدا بەرەو پێشەوە دەچێت و بنمێچەکەیش بەسەر سەریەوە.

خۆشەویست سڵاوی لێ کردو گوتی: (جەنابی سەرۆك) بە هەڵەداوان ڕۆیشت و ئامادەی خۆی پیشان دا لە خزمەتیدا بێت، کاتێك قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

ـ نیـ ... نیر ... یرڤا! (١٦)

ـ ئایە جەنابی سەرۆك مەبەستی (منیرڤا)ی خواوەندی جوانییە؟.!

بەڕێزی بە هەنگاوی درێژ درێژ لە خوانەکە نێزیك بووەوەو، هاواری بەسەر خۆشەویستدا کرد بێ ئەوەی گوێ بە قسەکەی لە بارەی (منیرڤا)وە بدات:

ـ میگێل دەزانیت ئەوەی (مەی)ی داهێنا لە بنەڕەتدا بۆ خۆشاوی تەمەن درێژکردن دەگەڕا؟.

خۆشەویست خێرا گوتی: نا، جەنابی سەرۆك، نەمدەزانی.

ـ شتێکی سەیرە، خۆ ئەوە لە ئینسکلۆپیدیادا ئاماژەی پێ دراوە.

ـ شتەکە بە ڕاستی سەیر دەبوو ئەگەر نەزانینی ئەو زانیارییە لەلایەن پیاوێکەوە بوایەوە، وەك تۆ جەنابی سەرۆك زانیاری زۆری بزانیایەو، ئەوەی لەخۆڕا دەبینێت خۆی بە دیارترین سیاسەتوانانی چەرخی نوێ بزانێت. بەڵام سەیر نییە ئەگەر لای منەوە بێت.

بەڕێزی هەردوو پێڵووی داگرت بۆ ئەوەی دیمەنی ئەو بشێوییەی دەورو بەری نەبینێت، کە لەو ساتەدا بە هۆی کاریگەری سەرخۆشییەکەیەوە دەیبینی.

ـ ئای، بەڵێ، من زۆر شت دەزانم!

ئەوەی گوت و پاشان دەستی بۆ ناو دارستانێك بوتڵە شووشەی ویسکی ڕەش شۆڕکردەوەو، پەرداخێکی بۆ فریشتە ڕوو تێ کرد:

ـ میگێل بینۆشە.

قسە لە گەروویدا خنکا. شتێك لە قوڕگی گیری کردبوو، بە سینگی خۆیدا کێشا بۆئەوەی خۆی لێ قوتاربکات، لەکاتێکدا ماسوولکە بچووکەکانی ملی توندبوون و دەمارەکانی لاجانگی ئەستوور بوون. خۆشەویست هەندێك پیپسی دایە هەڵیقوڕاند، پاش چەند قومێك توانای قسەکردنی وەبەرهاتەوە.

دەستی بە پێکەنین کرد کاتێك ئاماژەی بە فریشتە ڕوو کرد: (ها، ها! ها، ها! ها، ها! لەسەرە مەرگدایە)... قاقای پێکەنین بە دوای قاقای پێکەنیندا ... (لەسەرە مەرگدایە، ها، ها! ها، ها!).

دەم و چاوی خۆشەویست زەرد هەڵگەڕا، پەرداخە ویسکییەکە بە دەستییەوە لەرزییەوە کە تازە بۆ تەندروستی سەرۆك لێی هەڵقوڕاند.

ـ (جەنابی .......

بەڕێزی قسەکەی پێ بڕی و گوتی:

ـ ....... سەرۆك هەموو شتێك دەزانێت. ها ها! ها ها! ... لەسەرە مەرگدایە، بە ئامۆژگاری شێتێك، وەك هەموو ڕوحانیەکان وان! ها ها! ها ها!).

فریشتە ڕوو پەرداخەکەی لەقەد لێوی نێزیك کردەوەو فشاری خستە سەر کاتێك لێی خواردەوە بۆ ئەوەی ڕێ بە خۆی نەدات لە تووڕەییدا هاوار بکات. تازە ڕووناکییە سوورەکەی بینی، خەریکبوو شاڵاو بباتە سەر ئاغاکەی و پێکەنینە ناپەسەندەکانی لە سینگیدا بخنکێنێت، مەشخەڵی خوێنی تێکەڵ بە مەیەکەی

بینی. ئەگەر شەمەندەفەرێك بەسەر جەستەیدا تێپەڕیبایە، ئەوە ئەوەندە ئازاری نەدەبوو وەك ئەوەی ئێستە هەستی پێ دەکات. بێزی دەهاتەوە. بەڵام بەردەوام وەك سەگی ڕاهاتووی زیرەك دەجوولایەوە، کە بەو پشکە پیسابیە شادومانە بەری کەوتووەو، بە ئارەزووی خۆشویستنی نەمری و لە ژیاندا مانەوە تێکەڵاوە. بزەیەکی هاتێ بۆ ئەوەی ڕقەکەی خۆی پێ بشارێتەوە، بەڵام مەرگ بە هەردوو چاوە مەخمەڵییەکەیەوە بەدی دەکرا، وەك کەسێك ژەهری خواردبێت و هەست بکات دەم و چاوی خەریکە ئەستور دەبێت. بەڕێزی خاوەند شکۆیش مێشێکی ڕاو دەنا.

ـ میگێل یاری ڕاوە مێش نازانیت؟.

ـ نا جەنابی سەرۆك.

ـ ئای، بە ڕاستی تۆ ... لەسەر مەرگدایت! ها ها! ها ها! ... هی هی! هی هی! هو هو! هوو. هووو!

بەردەوام لە قاقای پێکەنینی دەداو ڕاوی مێشەکەی دەنا، کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە هەڵدەفڕی و کراسەکەی لە پشتوێنی پانتۆڵەکەی هاتبووە دەرەوە، دوگمەکانی پانتۆڵەکەیشی بەرزبووبوونەوەو، قەیتانەکانی پێڵاوەکەیشی کرابوونەوەو، لیك بە لای دەمیدا چۆڕاوگەی بەستبوو، لەکاتێکدا تیشکێکی زەرد وەك زەردێنەی هێلکە لە چاویەوە بریسکەی دەدا.

وازی لە ڕاونانی نێچیرەکەی هێنا و بە هەناسەبڕکێ گوتی: میگێل، یاری مێش باشترین ڕابوردن و ئاسانترین یارییە لە جیهاندا، تەنیا شت کە لەو یارییەدا پێویستت پێیەتی سنگ فرەوانییە. کاتێك منداڵ بووم لە گوندەکەی خۆماندا یاری مێشمان بە چەند ملیمێك دەکرد).

دەم و چاوی درژ بوو کاتیك ناوی گوندەکەی خۆیانی هێنا، پەڵەیەکی ڕەش ڕوخساری داگرت، ڕووی وەرچەرخاند تا سەیری نەخشەیەکی کۆمار بکات کە لە پشتیەوە هەڵواسرابوو، مستەکۆڵەیەکی ئاراستەی ناوی گوندەکە کرد.

لە ئەندێشەی خۆیدا ئەو ڕێگەیانەی بینی کە بە منداڵی کاتێك هەژاربوو تەڕاتێنی تێدا کردوون، ئەو کاتەی هەژاربوو، هەژارییەکی ستەمگەرانە، کە بە گەنجیش تەڕاتینی تێدا کردوون و ناچاربووە بە بازووی خۆی بژێوی ژیان پەیدابکات، لە کاتێکدا دوو ڕەگەکان ئەوانەی سەر بە خانەوادەی زەنگین بوون کاتی خۆیان بەم ڕابواردن و بەو ڕابواردن بەسەر دەبرد. خۆی بە بچووك هاتە پێش چاو، لە خوار سێبەری هاوتەمەنەکانییەوەیە، دوورەپەرێز لە هەموویان، لەژێر گلۆپی ڕێگەکەدا دانیشتووە کە ڕاهاتبوو لەبەر ڕووناکییدا سەعی بکات، لەکاتێکدا دایکی لەسەر نوێنە شڕێك دەنووست، بایەکەیش بە ڕێگە چۆڵەکاندا گڤەی دەهات و بۆنی پەزو مەڕو ماڵاتی دەهێنا. پاشان خۆی لە نووسینگەکەیدا وەك پارێزەر لە پارێزەرانی پلە سێ بینی، لەناو سۆزانی و قوماربازو پاشەرۆك فرۆش و ئەسپ دزەکاندا، هاوەڵەکانی، کە پرسی گرینگیان تاوتوێ دەکرد، بێزیان لێ دەهاتەوەو بە چاوی سووك سەیریان دەکرد.

یەك بە دوای یەکدا، چەندین پەرداخە مەیی هەڵقوڕاند. هەردوو چاوی زەقی لەناو ڕوخساری سەوز هەڵگەڕاویدا بریسکەیان دەهات، نینۆکە ڕەش داگەڕاوەکانیشی چوارچێوەی هەردوو دەستە وردیلەکەیان دیاری دەکرد.

- ئای چەند قوڕمساغن.

خۆشەویست باڵی گرت. وا دەهاتە پێش چاو کە سەرۆك کەسانێك لەبەردەم خۆیدا دەبینێت کاتێك چاوی بەناو ژوورە لیلەکەدا دەگێڕا.

دووبارە گوتی:

- (ئای چەند قوڕمساغن!) پاشان بە دەنگێکی نزم گوتی : [(پارالیس سۆنرینتی)م خۆش دەویست، بەردەوام هەر خۆشم دەوێت، خەریکبوو بۆ پلەی ژەنەراڵی بەرزبکەمەوە، چونکە سەری دانیشتووانی گوندەکەی پان کردمەوەو ڕیسواو سەرشۆڕی کردن، ئەگەر دایکم نەبووایە ئەوە هەر هەمووی لەناو دەبردن و

تۆڵەی هەموو ئەو ڕك و كینەیەی منی دەكردەوە كە بەرانبەریان هەمە، كە شتگەلێكن بە تەنیا خۆم دەیانزانم. ئای چەند قوڕمساغن! لەوەیش خراپتر ئەوەیە كە ئێستە كوشتوویانەو خەڵكیش لە هەموو لایەكەوە نەخشە بۆ ئەوە دەكێشن من تیرۆر بكەن و، دۆستەكانم وازم لێ دێنن و، نەیارانیشم زیاد دەكەن و ... نا، نا! یەك بەردی (دالانی خواوەند) بەسەر یەكەوە نامێنێت ].

وشەكان بە شێوەیەك لە هەردوو لێویەوە دەهاتنە دەرەوە وەك گالیسكەیەك بەسەر ڕێگەیەكی خزدا بڕوات. خۆی بەسەر شانی خۆشەویسدا نووشتاندەوە، بە دەستەكەی دیكەی فشاری دەخستە سەر ورگی، سەری دەسووڕا، هەردوو چاوی نوقابوون، هەناسەكانیشی چوون بەفر سارد بوون، ئەوەندەی نەخایاند ڕشانەوەیەكی زۆری ڕەنگ پرتەقاڵی هەڵهێنایەوە. بریكاری وەزارەت چووە ناو ژوورەكەوە دەفرێكی شووشەی هێنا دروشمی كۆماری بە قەد بنەكەیەوە چاپ كرابوو. كاتێك زریانەكە تەواو بوو ـ كە زۆربەی بەر جلەكانی خۆشەویست كەوت ـ هەردووكیان بە هاریكاری یەكدی هەڵیان گرت و لە سەر قەرەوێڵەكەیان درێژكرد.

دەگریاو بەردەوام هەر ئەمەی دووبارە دەكردەوە: (ئای چەند قوڕمساغن! ئای چەند قوڕمساغن!).

بریكاری وەزارەت كاتێك دەهاتنە دەرەوە بە گوێی خۆشەویستییەوە سرپاند: (پیرۆزە بەڕێز میگیلیتۆ، پیرۆزە. جەنابی سەرۆك فەرمانیداوە هەواڵی ژنهێنانەكەت لە هەموو ڕۆژنامەكاندا بڵاو بكرێتەوە، لەگەڵ نووسینی ناوی ئەو لە سەرووی لیستی ناوی ئاهەنگێڕەكانەوە).

چوونە ناو ڕێڕەوەكەوە، بریكاری وەزارەت دەنگی بەرزكردەوەو گوتی:

ـ (ئەوەیش وێڕای ئەوەی كە لە سەرەتاوە لێت ڕازی نەبوو، چونكە پێی گوتم: (نەدەبوو یەكێك لە دۆستانی (پارالیس سۆنرینتی) ئەو كارە بكات كە میگێل كردی، بەلایەنی كەمەوە دەبوو مۆڵەتی لە من وەربگرتایە بەر لەوەی كیژی یەكێك لە

نەیارەکانم بخوازێت). بەڕێز میگیلیتۆ کەسانێك هەن دەیانەوێت ئازارت پێ بگەیەنن، بەڵێ، دەیانەوێت ئازارت پێ بگەیەنن. ئاشکرایە، تێکۆشام وای لێ بکەم تێبگات کە خۆشەویستی سۆزێکی کەللەڕەق و بەتەوژم و یەکلاخەرو فریودەرە.

ـ زۆر سوپاس ژەنەراڵ.

بریکاری وەزارەت، لە کاتێکدا بەرەو لای نووسینگەکەی خۆی چەند پاڵێکی نەرمی بە (میگێل)ـەوە نا و بەدرێژایی کات هەر پێدەکەنی، بە دەنگێکی خۆش درێژەی دایە:

ـ باشە، وەرەو سەیری ئەمە بکە. وەرە سەیری ڕۆژنامەکان بکە! وێنەی ئافرەتەکەمان لای (خوان)ی مامی دەستکەوت. زۆر جوانە هاوڕێی خۆشەویستم، زۆر جوانە!

خۆشەویست دەستی بۆ کۆمەڵە ڕۆژنامەکە درێژکرد کە لە نزمایی دانرابوون. لە تەنیشتییەوە وێنەی شایەتی سەرەکی دەبینرا، وێنەی بەڕێز خوان کانالیس، ئەندازیار، بەڕێز خۆسێ ئەنتۆنیۆی برای. (زەماوەندێك لە چینی باڵا. شەوی ڕابوردوو ئاهەنگی هاوسەرگیری خاتووی بەڕێز کامیلا کانالیس و بەڕێز میگێل فریشتە ڕوو بەڕێوەچوو، بووك و زازا ....). چاوی گەیشتە دێڕەکانی شایەتەکانی مارە بڕینەکە .... (شایەتەکانی مارە بڕینەکە بریتی بوون لە خاوەن شکۆ سەرۆك کۆماری دەستووری، کە ئاهەنگی زەماوەندەکە لە کۆشکەکەی ئەو بەڕێوەچوو، وەزیرەکانی دەوڵەت و ، ژەنەراڵەکان ...) بەسەر دێڕەکانی لیستی ناوەکاندا بازیدا ... (لەگەڵ هەردوو مامی بووك بەڕێز خوان کانالیس ئەندازیارو، بەڕێز خۆسێ ئەنتۆنیۆ کانالیس). لە کۆتایی ئەو بڕگەیەشدا : (وێنەکەی خاتوو کانالیس لە ستوونی کۆمەڵایەتیی چاپی ئەمڕۆ ڕۆژنامەی (ناسیۆنال) بڵاوبووەتەوە. ئێمەیش پێخۆشحاڵین پیرۆزبایی لە هەردوو لا بکەین و هیوای بەختەوەرییان لە ژیانی نوێیاندا بۆ بخوازین).

فریشتە ڕوو نەیزانی سەیری ئەمە بکات ...(شەڕی قردان بەردەوامە. پێشبینی دەکرێت ئەم شەو ئەڵمانەکان هێرشێکی نائومێدانە بکەن).

چاوی لەسەر لاپەڕەی هەواڵەکانی دەرەوە گوێزایەوەو دووبارە نووسینەکەی ژێر وێنەکەی کامیلای خوێندەوە. ئەوەتە ئەو تەنیا کەسەی خۆشم دەوێت لەم گاڵتەجاڕییە ناشیرینەدا تێوە دەقورتێنن کە هەر هەموویان بەشداری تێدا دەکەن؟. بریکاری وەزارەت ڕۆژنامەکەی لە دەست ستاند:

ـ ئەی پیاوی بەختەوەر، تۆ خەریکە بڕوا بە چاوی خۆت ناکەیت!

فریشتە ڕوو بزەیەکی هاتێ.

ـ هاوڕێم، بەڵام پێویستت بەوەیە جلەکانت بگۆڕیت. گالیسکەکەی من ببە.

ـ زۆر سوپاس ژەنەراڵ.

ـ سەیر بکە ... ئەوەتە لەوێیە. بە شوفێرەکە بڵێ بە زووترین کات بتگەیەنێتە ماڵەوەت پاشان جارێکی دیکە بگەڕێوە ئێرە. ئێوارەت باش .... لەگەڵ پیرۆزباییمدا ... ئۆی، بەم بۆنەیوە، ئەم ڕۆژنامەیەیش ببە با ژنەکەت ببینێت، پیرۆزبایی بەندەی خزمەتکاریشتی پێ ڕابگەیەنە ...!.

ـ من بۆ هەر هەموو ئەو شتانە سوپاست دەکەم، ئێوارەت باش.

گالیسکەکە، خۆشەویستی تێدا بوو، بێ هیچ دەنگێك بەڕێکەوت، وەك بڵێیت تیرێکی ڕەشەو دوو ئەسپی لە دووکەڵ دروست کراو ڕایدەکێشن. زیکە زیکی زیکزیکەکان پانتاییەکیان لە سەرووی گۆشەگیریی کێڵگەکان پێکهێنابوو کە بۆن و بەرامەی گوڵە مێلاقەیان لێ دەهات. هەروەها گۆشەگیریی کێڵگەکانی گەنمە شامی کە پێش کاتی خۆیان چرۆیان کردووەو لەوەڕگە بە ئاونگ تەڕبووەکان و شوورەی باخچەکان کە گوڵە یاسەمینیان بەسەردا شۆڕ بووەتەوە.

لە دڵی خۆیدا گوتی: (بەڵێ، ئەگەر گاڵتەم پێ بکات دەیخنکێنم)، دەم و چاوی خۆی لە کورسییەکەی پشتەوە شاردەوە نەوەك شوفێرەکە ئەو دەربڕینە بخوێنێتەوە بە چاوییەوە دەبینرا: بارستاییەك گۆشتەو بەسەر سینگی مانتێلی کۆمارییەوە پان بووەتەوە، دەم و چاوی پان وشك و برنگ و کپ، مەچەکی کراسەکەی هەردوو

دەستی شاردۆتەوە تا هیچ کوێیەکی دیار نەبێت تەنیا پەنجەکەکانی نەبێت، پێڵاوە لە پێست دروست کراوەکەیشی خەڵتانی خوێنە.

ئەو حاڵەتە نەیارانە هەڵچووەی لەگەڵ جووڵەی گالیسکەکەدا نەدەگونجا. ئارەزووی دەکرد بۆ خۆی کپ و بێ دەنگ دانیشتایە، وەك بێ دەنگی و کپیی ئەو پیاوکوژەی لە بەندیخانە تاوانەکەی نمایش دەکاتەوە، کپییەکی بە ڕواڵەت و، لە دەرەوە، کە قەرەبووکردنەوەیەکی پێویستی ئەو گەرم و گوڕییە بنوێنێت کە هزرەکانی دەهەژێنێت. خوێن لە دەمارەکانیدا گرژ بووبوو. لەو شەوە ساردەدا سەری لە پەنجەرەی گالیسکەکەوە دەرهێنا، هاوکات بە دەستەسرێکی بە ئارەق و فرمێسك خووساو پاشماوەی ڕشانەوەی ئاغاکەی بە قەد جلەکانییەوە پاك دەکردەوە، لە ڕقاندا جنێوی دەداو نەفرەتی دەکردو دەگریا... (ئای ئەگەر تەنیا بمتوانیایە ئەو پێکەنیانە بسڕمەوە بەسەر گیانیدا بەتاڵ کردم!).

گالیسکەیەکی دیکەیان پێڕا گەیشت ئەفسەرێکی تێدا بوو، پاشان لەسەر ڕێگەکە پێشیان کەوت. ئاسمان بەسەر یارییە شەترەنجییە هەمیشەییەکەی خۆیدا بریسکەیەکی دا. ئەسپەکان چاپۆکانە بەناو گەردەلوولێك تەپ و تۆزدا بەرەو شار غاریان دەدا. فریشتە ڕوو بە خۆی گوت : (کش مەلیك!) چونکە لەو گەردەلوولە تەپ و تۆزەی دەڕوانی ئەفسەرەکە بەناویدا تاوی دەدا تا ئافرەتێك لە ئافرەتە دۆستەکانی سەرۆك بۆ جەنابی سەرۆك بهێنێت. لە پەیامبەری خواوەندەکان دەچوو.

لە وێستگەی ناوەندی هێڵی شەمەندەفەر، کرێکارەکان لە گەڵ هەراو هوریاو غەڵبە غەڵب و شاوری شەمەندەفەرەکاندا کە هەڵمیان لێ هەڵدەستا کاڵاکانیان دادەگرت. ڕێگەوبانەکان بە سێبەری قوڵەڕەشێك تەنرابوونەوە کە لە باڵکۆنی باڵەخانەیەکی بڵندی کەسکەوە دەیڕوانی. لەگەڵ هەنگاوی سەرخۆشەکاندا کە لەتریان دەبردو، پیاوێکی شێوە گێل و گەوج ئەرگۆنێکی زۆر زەبەلاحی لە دووی خۆی ڕادەکێشا، وەك بڵێیت تۆپخانەیەکەو پاش شکستی سەربازی ڕادەکێشرێت.

(٣٣)

## بڕیار دان

بێوەژنەکەی (کرفخالّ) سەرگەردان سەری بەم مالّ و بەو مالّدا دەکرد، لە هەموو شوێنێك بە ساردییەوە پێشوازییان لیّ دەکرد، بە بۆنەی مردنی مێردەکەیەوە زۆر کەس نەیانوێرا، تەنیا ژمارەیەکی کەم نەبێت سەرخۆشی لیّ بکەن و خەمباری بنوێنن لە ترسی ئەوەی نەوەك بە نەیاری حکوومەت لەقەلّەم بدرێن. زۆر جاریش خزمەتکارەکان لە پەنجەرەکانەوە سەریان دەردەهێنا بیّ شەرمانە بەسەریاندا دەقیڕاند:

ـ (کێت دەوێت؟. ئۆی، کەس لە مالّ نییە).

کاتێك گەیشتە مالّ، ئەو بەفرەی لە ئاکامی ئەو سەردانانەوە بەسەریدا باریبوو، توایەوە. دەستی بە گریان کردو بە کولّ فرمێسکی لەبەردەم وێنەی مێردەکەیدا دەباراند. هیچ هاوەلّێکی نەبوو تەنیا کوڕە بچووکەکەی نەبێت، لەگەلّ کارەکەرێکی کەردا، کە بە دەنگی بەرز هاواری بەسەر منداڵەکەدا دەکرد و دەیگوت: (خۆشەویستی باوك گەورەترین دەستکەوتە لە ژیاندا!)، لەگەلّ بیبیمەتوویەکدا کە بەردەوام ئەم ڕستانەی دووبارەدەکردەوە: (بیبیمەتوویەکی پاشایانە لە پورتوگالەوە، جلەکانی سەوزن و هیچ ملیمێکی پیّ نییە! ئەی پارێزەر بەیانیت باش. بوللی تەوقەم

لەگەڵ بکە. واشەکان لەناو دەستشۆرەکەدان. بۆکڕووزی جل سووتان دێت. نهێنیی قوربانیی پیرۆز، پیرۆزە، شاژنی پاکیزەی فریشتەکان، ئەو پاکیزەیەی بەبێ ئەوەی توخنی بکەون سکی پڕ بوو. ئای، ئای ....).

لە ماڵ چووە دەرەوە بۆ ئەوەی ئەو تکاکارییەی بۆ مۆر بکەن کە ئاراستەی سەرۆکی کردووە بۆ ئەوەی تەرمی مێردەکەی بدەنەوە، بەڵام لە هەموو ئەو ماڵانەی بەسەری کردنەوە نەیوێرا بابەتەکە بورووژێنێت، چونکە بە ساردی و بە دوو دڵی و بە کۆکین و بە بێ دەنگییەکی ڕەشبینانەوە پێشوازییان لێ کرد. پاشان ئەو داواکارییەی لەگەڵ خۆی هێنا، کە لەژێر شاڵە ڕەشەکەیەوە بوو تەنیا مۆری خۆی پێوەبوو.

هەموویان ڕووی خۆیان لێ وەردەچەرخاندو، خۆیان گێل دەکرد گوایە نایبینن، لەبەر دەرگاکاندا بەبێ وشەی باوی :(فەرموو وەرە ژوورەوە) پێشوازییان لێ کرد. هەستی بەوە دەکرد وەك بڵێیت تووشی درم و پەتایەکی نهێنی هاتبێت، درم و پەتایەکی خراپتر لە نەداری، خراپتر لە کولێرا، لە گرانەتا، لەگەڵ ئەوەیشدا کۆمەڵێك (نامەی بێ ناو)ی پێ گەیشت، وەك کارەکەرە کەڕەکە دەڵێت هەرکە نامەیەکی دۆزیبایەوە لە درزی دەرگا بچووکەکەی مووبەقەکەوە فڕێ درابێتە ژوورەوە،کە بەسەر کووچەیەکی تاریك و چۆڵدا دەڕوانێت. کە بریتین لە کاغەزی نووشتاوەو بە دەستوخەتێکی لەرزۆك نووسراون و لە تاریکایی شەودا لەو شوێنەی دادەنێن، لەو نامانەدا کەمترین شت ئەوەبوو، بە ئافرەتی پیرۆزو، شەهیدو، بەستەزمان ناوزەدیان دەکردو پایەی مێردە بەدبەختەکەیان بۆ ئاسمان بڵند دەکردەوەو، وردەکاری دڕندانەی ئەو تاوانانەیان باس دەکرد کە کۆڵۆنێل (پارالیس سۆنرینتی) ئەنجامیداون.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، دوو نامەی بێ ناو لەژێر دەرگاکە دانرابوون. کارەکەرەکە لەبەرئەوەی دەستی تەڕ بوو بە لەچکەکەی پێچابوونییەوە و هێنانی. دەقی یەکەمین نامە بەم شێوەیە بوو:

خاتوونەکەم: ئەمە باشترین شێواز نییە کە ئەوپەڕی ڕێزو پێزانینی خۆم کە بەرانبەر بە کەسایەتی مێردەکەتان ئەو هاووڵاتییە دلێرەمان بەڕێز (قابیل کرفخاڵ) هەمە بە ئێوەو بە خێزانە خەمبارەکەتان ڕابگەیەنم، بەڵام ڕێم بدە لە بەتەنگەوە بوونەوە پەنا بۆ ئەم شێوازە ببەم، لەبەرئەوەی ناکرێت هەندێك ڕاستی بخرێنە سەر کاغەز. ڕۆژێك لە ڕۆژانیش ناوی ڕاستەقینەی خۆمتان بۆ ئاشکرادەکەم. باوکم یەکێك لە قوربانییەکانی دەستی ئەو پیاوە بوو، کە هەموو ئەشکەنجە دژوارەکانی دۆزەخ چاوەڕوانیەتی ـ کۆڵۆنێل (پاراليس سۆنرینتی) ـ ئەو پیاوکوژە بەکرێگیراوە کە ڕۆژگارێك دێت کردەوەکانی لە لاپەڕەکانی مێژوودا تۆمار بکرێن، ئەگەر کەسێك هەبێت و ئامادە بێت خامەکەی خۆی لە ژەهری مار بژەنێت و بیاننووسێتەوە. چەند ساڵێك دەبێت ئەو پیاوە ترسنۆکە باوکی لە ڕێگەیەکی چۆڵدا کوشتم. ئاشکرایە، هیچ شتێك نەسەلمێنرا، تاوانەکەیش چوون مەتەڵێك دەمایەوە ئەگەر نەناسراوێك دەستپێشخەری نەکردبایەو نامەیەکی بێ ناوی بۆ خانەوادەکەم نەنووسیبایەو، بە دوورو درێژی وردەکاری تاوانە دڕاندانەکەی باس نەکردبایە. من ئاگەم لەوە نییە کە مێردەکەت، ئەم پیاوە نموونەییە، ئەم پاڵەوانەی پەیکەرێکی نەبەردی لە دڵی هاووڵاتییاندا بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، ئەو بوو کە بە ڕاستی تۆڵەی تاوانەکانی (پاراليس سۆنرینتی) کردەوە، چونکە چەند بەسەرهاتێکی جۆراوجۆر لەبارەی ئەو بابەتەوە زارەو زار دەگێڕنەوە، بەڵام هەرچۆنێك بووە، من لەو بڕوایەدام کە پێویستە ئەوپەڕی سەرەخۆشی خۆم بۆ ئێوە دەببڕم و، بۆتان دووپات بکەمەوە کە هەر هەموو ئێمە بۆ لەدەستدانی ئەو پیاوە لەگەڵت گریاین، کە نیشتمانەکەی لە پیاوێك لە پیاوانی

سەر بە باندەکان ڕزگار کرد، لەوانەی خراپەی بەرانبەر دەکەن، ئەوانەی سوود لە زێڕی ئەمەریکای باکوور وەردەگرن، بۆ ئەوەی بە دەستەڵاتی ئاسن و ئاگر سەرکۆتی بکەن.

سەڵاوم پەسەند بفەرموون.

(خاچی قەڵای ڕاڤا)

بێوەژنەکە هیچ هێزو توانای تێدا نەمابوو، کەمتەرخەمییەکی قووڵ لە پەلوپۆی خستبوو تا ڕادەیەك وای لێ کردبوو چوون تەرم یان نیوچە تەرم چەندین کاتژمێر لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕادەکشا، هەموو چالاکییەکی خۆی تەنیا لە دەوری مێزێکی تەنیشت قەرەوێڵەکەیەوە خڕ کردبووەوە (بەردەوام هەر هەموو ئەو شتانەی لەسەرە کە پێویستی پێیان دەبێت، بۆ ئەوەی خۆی لە هەستان و جووڵانەوە قوتاربکات)، هەروەها ئەو هیستیریایەی تووشی دەبوو ئەگەر یەکێك بیویستایە دەرگاکە بکاتەوە یان گسك بەکاربهێنێت یان لە نێزیکیەوە هەراو هوریا بورووژێنێت. تاریکی و کپی و پیسایەتی جۆرە سامێکی بەو گۆشەیرییەی بەخشیبوو، ئەویش لەسەر ئارەزووی خۆی کە دەیەوێت لەگەڵ خەم و خەفەتەکانیدا بە تاك و تەنیا بەسەر ببات، لەگەڵ ئەو بەشەی لەگەڵ مێردەکەیدا مرد کە وردە وردە جەستەو گیانی کۆنترۆڵ دەکات.

بە دەنگی بەرز دەستی بە خوێندنەوەی ئەو نامە بێ ناوەکەی دیکە کرد.

خاتوونی بەڕێزو دلێر: لە هەندێك لە دۆستانەوە بیستوومە کە لە شەوی لەسێدارەدانی مێردەکەدا گوێت بە شوورەی بەندیخانەکەوە هەڵخستووە. تەنانەت ئەگەر تۆ دەنگی ئەو نۆ گوللەیەت بیستبێت و یەك بە یەك ژماردتبن، ئەوە نازانیت کێ خوا لێ خۆش بوو (کرفخاڵ)ی پارێزەری لەنێوان زیندووەکان ڕفاندووە.

پاش دوو دڵییەکی زۆرو ترسان لەوەی دڵت بئێشێنم، بڕیارم دا بە ناوێکی خوازراوەوە نامەیەکت بۆ بنووسم ـ شتێکی مەترسیدارە لەم ڕۆژگارانەدا مرۆڤ لە

بارەی نامەکانی خۆیەوە هەست بە دڵنیایی بکات ـ تا هەموو ئەوەت بۆ بنووسم لە بارەی بابەتەکەوە دەیزانم، من خۆم لەسێدارەدانەکەم بینی. پیاوێکی لاوازی گەنم ڕەنگ و قژێکی سپی لاجانگی پان و بەرینی داپۆشیبوو لەبەردەم مێردەکەتەوە دەڕۆیشت. نەمتوانی ناوەکەی بزانم.

وێڕای ئەو خەم و خەفەتەی کە بە فرمێسکەکانییەوە دەبینرا، کەچی هەردوو چاوە بە قووڵداچووەکەی هەستێکی بە کوڵی بەزەیی مرۆییانەیان لێ هەڵدەقوڵا، مرۆڤ دەیتوانی ئەو دێڕانەیان تێدا بخوێنێتەوە، کە خاوەنەکەیان پیاوێکی دلێرو چاوتێرە. پارێزەرەکە بە دوایەوە پێی هەڵدەنووتا بێ ئەوەی چاوی لەسەر عەرد هەڵبگرێت ـ ڕەنگە نەیدەبینی ـ ئارەقە بە لاجانگیدا چۆڕاوگەی بەستبوو، دەستێکیشی بەسەر سینگییەوە بوو ڕەنگە بۆ ئەوەی نەهێڵێت دڵی بتەقێتەوە. کاتێك چووە ناو حەوشەکەوەو خۆی بینی سەربازەکان چوار دەوریان داوە، هەردوو چاوی بە پشتی دەستی هەڵکلۆوفاند وەك ئەوەی بڵێیت بڕوا بەوە نەکات کە دەیبینێت. چاکەت و پانتۆڵێکی تەسکی بچووکی لەبەر بوو بە شێوەیەك قۆڵی چاکەتەکەی بە ئاستەم دەگەیشتە هەردوو قۆڵەنیسکی و پانتۆڵەکەیش تا چۆك و زرانیی دەگەیشت، جلێکی شڕو شیتاڵ و دڕاوو کۆن بوو. وەك هەموو ئەو جلانەی ئەو بەندکراوانە لەبەری دەکەن کە سزای لەسێدارەدانیان بەسەردا سەپێنراوە، پاش ئەوەی جلەکانی خۆیان بە هاوەڵەکانیان دەبەخشن، کە لە دوای خۆیان لە ژوورۆچکەکانی ژێرەوەی بەندیخانەکەیان بەجێدەهێڵن، یان بەرانبەر بە چەند خزمەتگوزارییەکی تایبەت بە پاسەوانەکانی بەندیخانەی دەبەخشن. کراسەکەی بەری تەنیا بە دوگمەیەکی ئێسك ڕاگرتبوو. بۆینباخی نەبەستبوو، پێڵاویشی لە پێ نەبوو. بەڵام کە لەو کارەساتەدا هاوەڵەکانی لەگەڵ بوو، کە ئەوانیش نیوچە ڕووت بوون، ئەمە هەندێك ورەی وەبەرهێنا. پاش ئەوەی بڕیاری لەسێدارەدانەکەیان خوێندەوە، سەری بەرز کردەوەو لە ڕیزە سەرنێزەکەی ڕوانی و

ورتە ورتێکی لێوەهات. پیرە مێردەکەی تەنیشتیشی ویستی قسەبکات، بەڵام ئەفسەرەکان بە شمشێرەکانیان هەڕەشەیان لێ کردو بێ دەنگیان کرد. ئەفسەرەکان ئەوەندەیان مەیەی خواردبووەوە دەستیان دەلەرزی، شمشێرەکانیان لە گڕی شینی ئەلکوولی سووتاوی بەردەم کزە ڕووناکیی بەرەبەیان دەچوون. لەو کاتانەدا لەپڕ دەنگێك ئەو ناوەی هەژاندو دیوارەکان بەرپەرچیان دایەوەو گوتی: (لە پێناوی نەتەوەدا!)، پاشان بە دوای ئەوەدا یەك، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش، حەوت، هەشت، نۆ دەستڕێژی گوللە کرا. بەپەنجەکانم دەمژماردن، بێ ئەوەی هەست بەوە بکەم کە بزانم چی دەکەم، بۆیە لەو کاتەوە هەستێکم لا دروست بووە کە پەنجەیەکی زیادەم هەیە. قوربانییەکان چاویان نوقاندو جەستەیان چەماندەوە وەك ئەوەی بڵێیت دوور لە چەپۆکی مەرگ هەست بە ڕێگەی خۆیان بکەن. بەربەستێك دووکەڵ لەنێوانمان و نێوان ئەو کۆمەڵە پیاوانەدا بڵند بووەوە، کە بێ هوودە ویستیان هەر یەکەو یەکدی بگرن کەچی دەکەوتن لەجیاتی ئەوەی بە خۆیان بکەونە ناو بۆشاییەوە. تەقەی بەزەییش چوون تەقینەوەی مووشەکی شێدار کە کاریگەری دوادەکەوێت و بە شێوەیەکی خراپ دەتەقێتەوە ئەو ناوەی هەژاند. مێردەکەت بەختەوەر بوو چونکە لە یەکەمین دستڕێژدا کوژرا. بە ئاسمانی شینی دوورەوەش، لەو بڵندایییە دەنگی زەنگ و باڵندەو ڕووبارەکان، کز کزو بە ئاستەم بەرگوێ دەکەوت. پێشیان ڕاگەیاندم کە داواکاری گشتیی سەربازی سەرپەرشتی ناشتنی تەرمـ...... کردووە...).

بە پەرۆشەوە لاپەڕەکەی وەرگێڕا(تەرمـ...کردووە)، بەڵام پاشماوەی وشەکە نەبوو، هەروەها هیچ لاپەڕەیەکی دیکەیش نەبوو، لەو شوێنەدا لەناکاو نامەکە پچڕابوو، هیچ پاشماوەیەکی نەبوو. جارێکی دیکە نامەکەی خوێندەوە، بەڵام بێ هوودە بوو، ناو زەرفەکە گەڕا، جێگەکەی وەرگێڕا، ژێر سەرینەکان گەڕا، سەر عەرد، سەر خوانەکە گەڕا، هەموو شتێکی وەرگێڕاو ئەوەند بە پەرۆشەوە بوو تا

بزانێت مێردەکەی لە کوێ نێژراوە. لەناو حەوشەکەیش بیبیمەتووەکە چەنەی دەدا: (بیبیمەتوویەکی شاهانە لە پورتوگالەوە، جلەکانی کەسکن و هیچ ملیمێکی پێ نییە! ئای، ئەوەتە پارێزەرەکە خەریکە دێت، ئەی بیبیمەتووی شاهانە بەخێر هاتی! درۆزنەکە پێی گوتم! من ناگریم بەڵام لەیاد ناکەم!).

کارەکەرەکەی (داواکاری گشتیی سەربازی) بێوەژنەکەی (کرفخاڵ)ی لەبەر دەرگا بەجێ هێشت لەبەردەم دەرگاکە ڕاوەستابوو، ئاوڕی لە دوو ئافرەت دایەوە لەناو هۆڵەکەی ناوەوە بە دەنگی بەرز قسەیان دەکرد.

یەکێکیان دەیگوت: گوێ بگرە، تەنیا گوێ بگرە، بڕۆو پێی بڵێ من لەوە پتر چاوەڕێی ناکەم. خۆ من بەردەستی نیم، نەفرەتی لێ بێت، بەم شێوەیە بەجێم بهێڵێت لەسەر ئەم ڕۆنیشتە بەردینە بتەزم! دەم و چاوی ناشیرینیم بیر دەخاتەوە! پێی بڵێ من بۆ ئەوە هاتووم تا بزانم ئاکام دە هەزار بیزۆکەم بۆ دەگێڕێتەوە کە لەبری ئافرەتێك لە بەندیخانەی (کاسا نویڤا) لێی ڕووتاندمەوە، دواتر دەرکەوت کە هیچ سوودێکی نییە! لەبەرئەوەی لەو ڕۆژەی بۆ ماڵەوەم بردەوە پەرکەمی لێ هات. پاشان گوێ بگرە، پێی بڵێ ئەمە دوایەمین جارە بێزاری دەکەم، چونکە ئەوەی ئێستە دەیکەم ئەوەیە دەچم بۆ لای جەنابی سەرۆك بۆئەوەی سکاڵای لێ بکەم.

ئەو ئافرەتەکەی دیکە پێی گوت: خاتوو (چۆن) خوێنی خۆت تاڵ مەکە، ئەم ڕوو تووڕە نائومـ..... ێدانەی خۆت وەلاوە نێ.

کارەکەرەکە ویستی قسە لەگەڵ ئافرەتەکەی دیکە بکات: .... خاتوونەکەم..... بەڵام خاتوونەکە قسەی پێ بڕی و گوتی: دەمت داخە.

ـ (ئەوەی پێم گوتیت پێی بڵێ، هیچ پاساوێکی لێ قبووڵ مەکە کە من هیچ مۆڵەتێکم پێ نەبەخشیوە: پێی بڵێ کە خاتوو (چۆن) لەگەڵ کیژێکدا هات بۆ ئەوەی بیبینێت، کاتێك زانییان لێرە نییت، هەردووکیان ڕۆیشتن و گوتیان ئەو دەزانێت ئەو دووانە کێن و چین ...).

بێوەژنەکەی (کرفخاڵ) نەیدەزانی چی لە دەورو بەری ڕوودەدات، چونکە نغرۆی ناو بیرکردنەوەکانی خۆی بووبوو. بە جلە ڕەشەکانی بەریەوە، کە هیچ کوێیەکی لێوە دیارنەبوو، تەنیا دەم و چاوی نەبێت، لە تەرمێك دەچوو لەناو دارەتەرمێکدا داپۆشرابێت پەنجەرەیەکی هەبێت. کارەکەرەکە بەسەر هەردوو شانیدا کێشا ـ پەنجەکانی پیرە ژنەکە وا پێدەچوو بە دەزووی کاکڵەمێشان و جاڵجاڵۆکە داپۆشراون ـ فەرمووی لێ کرد بێتە ژوورەوە. هەردووکیان چوونە ژوورەوەو بێوەژنەکە نەیدەتوانی بە ڕوونی بپەیڤێت، بەڵکو زمانی تەتەڵەی دەکرد، وەك یەکێك بە دەنگی بەرز بابەتێکی خوێندبێتەوەو ماندوو بووبێت.

ـ بەڵێ خاتوونەکەم، نامەکەت لای من بەجێ بهێڵە. کاتێك دێتەوە ـ زۆری پێ ناچێت چونکە ئارەزووی دەکرد ئێستە لێرە بووایە ـ نامەکەتی دەدەمێ و چیت بوێت پێی ڕادەگەیەنم.

ـ (تۆو خوا ...).

لەو ساتەی کە بێوەژنەکەی (کرفخاڵ) شوێنەکەی بەجێدەهێشت، کابرایەك پەیدا بوو، جلێکی لۆکەیینی ڕەنگ قاوەیی پۆشیبوو، سەربازێکی بە دواوە بوو، تفەنگە (ڕمنگتۆن)ـەکەی لەسەر شانی دانابوو، خەنجەرێکی بە بەرۆکەوە بوو، ڕەختەیەکی پڕ لە گوللەی لەناو قەدی بەستبوو.

ئەو کابرایە بە کارەکەرەکەی گوت: تکایە، داواکاری گشتیی سەربازی لێرەیە؟.

ـ نا، لێرە نییە.

ـ لەکوێ دەتوانم چاوەڕێی بکەم؟.

ـ لێرە دانیشە، سەربازەکەیش.

بەندکراوەکەو پاسەوانەکەی بە بێ دەنگی لەسەر تەختە بەردینەکە دانیشتن کە کارەکەرەکە بەنابەدڵی ئاماژەی پێ کرد.

ناو حەوشەکە بۆن و بەرامەی گوڵی شاپەسەندو بیگۆنیای لێ بەرز دەبووەوە. پشیلەیەکیش بەسەر بانی ماڵەکەوە دەڕۆیشت، چۆلەکەیەکیش دەکۆشا بەناو قەفەزە خەیزەرانەکەیدا بفڕێت، لە دوورەوەیش دەنگی خوڕەی ئاو بەرگوێ دەکەوت کە لەسەرخۆ دەڕژایە ناو ئاوهەڵپژێنەکەوە وەك بڵێیت لە کاتی بەربوونەوەدا تووشی سەرەگێژە دەبێت.

داواکاری گشتیی دەرگاکەی بە زنجیرێك کلیل کلۆم داو کلیلەکانی خستە گیرفانییەوە و ڕووی کردە بەندکراوو سەربازەکە. هەردووکیان ڕاوەستان.

لووتی خۆی گرت و پرسیاری کرد: (خینارۆ ڕۆداس؟.). هەموو جارێك لە دەرەوە دەهاتە ژوورەوە، ماڵەکە بۆنی پاشەرۆکی پشیلەی لێ دەهات.

ـ بەڵێ گەورەم، لە خزمەتتانداین.

ـ پاسەوانەکەت زمانی ئیسپانی دەزانێت؟.

ڕۆداس بەرسڤی دایەوە: (زۆر کەمی لێ دەزانێت). ئاوڕی لە سەربازەکە دایەوەو گوتی:

ـ چی دەڵێیت؟. قشتالی دەزانیت؟.

ـ نیوە بە نیوە.

داواکاری گشتیی زۆر باشە. باشترە لێرە بمێنیتەوە. دواتر قسەی لەگەڵ دەکەم. لێرە بمێنەوە تا دەگەڕێتەوە، ئەو کات قسەم لەگەڵ دەکات.

ڕۆداس لەبەردەم دەرگای نووسینگەکەدا ڕاوەستا. داواکاری گشتیی داوای لێ کرد بچێت ژوورەوە، چەکەکانی، کە بریتی بوون لە دەمانچەیەك، خەنجەرێك و، قایشێکی میتاڵیی دەست، لەگەڵ قامچییەکی بچووکدا لەسەر مێزێك دانا بە کتێب و کاغەز داپۆشرابوو.

ـ وا بزانم سزاکەیان پێ ڕاگەیاندوویت؟.

ـ بەڵێ گەورەم.

ـ وەك بەبیرم بێتەوە، شەش ساڵ و هەشت مانگ.

ـ بەڵام گەورەم من بەشداریم لەگەڵ لۆسیۆ فاسکیزدا نەکردبوو، ئەوەی ئەو کردی بەبێ هارکاری من کردی، کاتێك من گەیشتمە ئەو شوێنە، گێلکە بەسەر پێپلکەکەدا غلۆر دەبووەوەو خەڵتانی خوێن بوو بوو و نیوە گیان کەوتبوو. چیم لە دەست دەهات بیکەم؟. فەرمان بوو. پێی گوتم فەرمانەو پێی کراوە.

ـ باشە، بەسزای خۆی گەیشت....

(ڕۆداس) ئاوڕیدایەوە بۆ ئەوەی سەیری داواکاری گشتیی بکات، وەك بڵێیت نەتوانێت بڕوا بەوە بکات کە نیشانە شەڕخوازەکانی ڕوخساری دووپایان دەکردەوە، هەردووکیان بێ دەنگ بوون. پاشان ڕۆداس هەناسەیەکی هڵکێشاو گوتی: (لاوێکی باش بوو). پاشان دەنگی نزم کردەوەو ڕستەکانی دواتری لە یادەوەری هاوڕێکەیدا گوت، لەکاتێکدا هەواڵەکەی لەناو دوو ترپە لە ترپەکای دڵیدا پێ گەیشت و ئەوەتە لەناو خوێنەکانیدا هەستی پێدەکات: (باشە، ئێستە هیچ سوودێکی نییە! بە (قەدیفە)مان بانگ دەکرد، چونکە بەردەوام دەیزانی چۆن میوە دەڕنرێت).

ـ بەپێی سکاڵانامەی تۆمەتبارکردنەکە و لەسەر بنەمای ئەوەی تاوانەکەی ئەنجام داوە سزای بەسەردا سەپێنرا. تۆیش وەك هاوبەشی ئەو...

ـ بەڵام پارێزەرێکم کردووەتە بریکاری خۆم.

ـ لە ڕاستیدا خودی پارێزەرەکە، کە بە خۆی ڕای جەنابی سەرۆك لەبارەی کەیسەکەوە دەزانێت، ئەو بە خۆی بوو داوای کرد فاسکیز لەسێدارە بدرێت لەگەڵ قورسترین سزایش بۆ تۆ.

ـ ئەی لاوی بەستەزمان! بەلایەنی کەمەوە من زیندووم، بەسەرهاتەکە دەگێڕمەوە.

ـ ئەگەر بتەوێت دەوتوانێت هەر ئێستە ئازاد بیت، چونکە جەنابی سەرۆك پێویستی بە کەسێکی وەك تۆیە، کەسێك بۆ ماوەیەك لەبەر فاکتەری سیاسی ئەزموونی بەندیخانەی بینی. بابەتەکە پێوەندی بە چاودێری یەکێك لە هاوەڵەکانتەوە هەیە، هۆکاری ئەوتۆی بە دەستەوەیە وای لێ بکەن لەو بڕوایەدا بێت کە خیانەتی لێ دەکات ...

ـ مەبەستت ...؟.

ـ مەبەستت (میگیل) فریشتە ڕوویە؟.

ـ تەنیا بە ناو. ئەوەی کە کیژەکەی ژەنەراڵ (کانالیس)ی ڕفاند، ئەدی وا نییە؟.

ـ بەڵێ، ئەوە. بە ئاسانی دەیناسیت لەبەرئەوەی زۆر قۆزە: پیاوێکی باڵا بەرز، بە خۆوەیە، چاو ڕەش، ڕەنگ زەرد، قژ ئاورێشمین، گورج و گۆڵ. کرێگرتەیەکی ترسناکە، حکوومەت دەیەوێت هەموو ئەو کارانە بزانێت کە ئەنجامیان دەدات. ئەو کەسانە سەریان لێ دەدات یان بە ڕێگەوە لەگەڵیان دەپەیڤێت، ئەو شوێنانەی بەیانیان و نیوەڕوان و ئێواران بەسەریان دەکاتەوە، هەمان شتیش سەبارەت بە ژنەکەی. دواتر بۆ ئەو مەبەستە ڕێنوێنی تەواوو پارەی پێویستت پێ دەدەم.

بەندکراوەکە بەگێلایەتییەوە لە جووڵەکانی داواکاری گشتیی ڕوانی، چونکە پاش ئەو پەیڤانەی دەستی بردو پەڕێکی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و لە شووشەیەکی گەورەی مەرەکەبی هەڵکێشا، کە پەیکەرێکی خواوەند (تیمیز)ی لەسەر بوو لە نێوان دوو بیر مەرەکەبی ڕەشدا ڕاوەستابوو و بە (ڕۆداس)ی دا و گوتی:

ـ لێرەدا ئیمزای خۆت بکە، سبەینێ فەرمان دەردەکەم لە بەندیخانەت ئازاد بکەن. کەل و پەلەکانت ئامادە بکە بۆ ئەوەی سبەینێ بەندیخانە بەجێ بهێڵیت.

(ڕۆداس) ئیمزای کرد. شادومانی لە ناخیدا چوون جوانە کەڵەگایەکی تۆڕ سەمای دەکرد.

کە لە ژوورەکەوە چووە دەرەوە گوتی: (زۆر سوپاست دەکەم، زۆر). خەریکبوو ئەو سەربازە ماچ بکات کە چاوەڕێی دەکرد. چوون پیاوێك بۆ بەهەشت بچێت گەڕایەوە بەندیخانە.

بەڵام داواکاری گشتیی بەو کاغەزە زۆر شادومانتر بوو کە ڕۆداس ئیمزای کردبوو، کە دەقەکەی بەم شێوەی خوارەوە بوو:

بڕی دە هەزار بیزۆم بە دراوی ناوخۆیی لە خاتوو (کۆنسیسیۆن گامۆسۆ) کە بە نازناوی (ددان زێڕین)، خاوەنی سۆزانیخانە بە ناوی (چێژی شیرین) وەرگرت، کە وەك بەشێك لە بڕە پارەیەکی قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانەی لێیدابووم بە هۆی فریودانی ژنەکەم ـ خاتوو (ڤیدینا دی ڕۆداس) ـ کاتێك هەلی لە نیازپاکی و چاکەی قۆستبووەوە، هەروەها دەستەڵاتدارانیشی فریو دابوو بەوەی پێشنیازی کردبوو وەك کارەکەر لای کاربکات، پاشان بەبێ هیچ مۆڵەتێك فریویدابوو، تێکەڵی ئەو کیژانەی کردبوو لە سۆزانیخانەکەیدا کاردەکەن.

خینارۆ ڕۆداس

لە پشتی دەرگاکەوە دەنگی کارەکەرەکە بەرگوێ کەوت، دەیگوت:

ـ دەتوانم بێمە ژوورەوە؟.

ـ بەڵێ، بەڵێ.

ـ بۆ ئەوە هاتووم تا بزانم پێویست بە هیچ نییە. بۆ دوکانەکە دەچم بۆ ئەوەی مۆم بکڕم، دەبێت لەوەیشت ئاگەدار بکەمەوە کە دوو ئافرەت لە سۆزانیخانەکەوە هاتبوون، پێیان گوتم پێت ڕابگەیەنم کە ئەگەر ئەو دە هەزار بیزۆیەیان بۆ نەگێڕیتەوە کە لێت دزیون، ئەوە دەچنە لای جەنابی سەرۆك و سکاڵات لە دەست دەکەن.

داواکاری گشتیی بڵمە بڵمێکی کردو بێزاری پێوە دیاربوو کاتێك نووشتایەوە پوولێکی لە عەرد هەڵگرتەوە، چی دیکە؟.

ـ هەروەها ئافرەتێکیش بە جلی ڕەشەوە هات دەیویست بتبینێت، وا بزانم ژنی ئەو پیاوە بوو کە لەسێدارە درا....،

ـ کامیان؟.

ـ مسیۆ (کرفخاڵ).

ـ باشە، ئەی چی دەویست؟.

ـ ئەو بەستەزمانە ئەم نامەیەی پێ دام. وا بزانم دەیەوێت بزانێت لەکوێ نێژراوە.

لەکاتێکدا داواکاری گشتیی بە دوو دڵییەوە سەیری کاغەزەکەی دەکرد کە ڕەش داپۆشرابوو، کارەکەرەکە درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی: دەبێت ئەوەت پێ بڵێم کە من بەڵێنم پێ دا بۆ یارمەتیدانی چیم پێ بکرێت، درێغی نەکەم، لەبەر ئەوەی بەزەییم پێدا دێتەوە، چونکە کاتێك ئەو بەستەزمانە ڕۆیشت بە هیوا بوو ئاواتەکەی بێتە دی.

ـ من زۆر جار پێم گوتوویت و دووبارەیشم کردۆتەوە من حەز ناکەم بەزەییت بە خەڵکدا بێتەوە. پێویستە هانیان نەدەیت و گەشبینیان نەکەیت. کەی تێدەگەیت خەڵك هان نەدەیت و گەشبینیان نەکەیت؟. لە ماڵەکەی مندا، پێویستە هەر هەمووان، تەنانەت پشیلەکەیش، ئەوە بزانن و فێری ئەوە بن، کە هیچ فاکتەرێك بۆ هیچ ئومێدبەخشییەك یان خەسڵەتێك بۆ هەر کەسێك بێت نییە. مرۆڤ ناتوانێت پۆستێکی وەك پۆستەکەی من بپارێزێت ئەگەر هەموو لایەك بەگوێی نەکەن، ئەو بنەماو یاسایەی کە جەنابی سەرۆك دایڕشتووە ئەوەیە کەس فێری هیچ هیواخوازییەك نەکرێت، پێویستە خەڵك تێ هەڵبدرێت و لێ بدرێن تا دەردەکەون. کاتێك ئەو ئافرەتە دێتەوە، پێویستە نامەکەی وەك چۆن نووشتێنراوەتەوە بۆ بگێڕیتەوەو، پێی بڵێیت کە ڕێگەچارەیەکی لەبەردەمدا نییە بۆ ئەوەی بزانێت مێردەکەی لە کوێ نێژراوە.

ـ بەو شێوەیە تووڕە مەبە، ئەگینا نەخۆشی زەفەرت پێ دەبات. ئەوەی پ ێ دەڵێم. خوا پەناو پشتیوانت بێت.

نامەکەی بردو چووە دەرەوەو ، لەژێر تەنوورە کەرکەشدارەکەیدا، لاقەکانی یەك لە دوای یەك لە دووی خۆی ڕادەکێشا.

کاتێك گەیشتە مووبەقەکە نامەکەی گرمۆڵە کردو فڕێیدایە ناوەڕاستی خەلووزەکەوە. کاغەزەکە لەناو ئاگرەکەدا چوون جەستەیەکی زیندوو وێك چووەوە، پاشان لەناکاو بوو بە بارستاییەکی کرمی بچووکی لە سیمی زێڕین. پشیلەیەکی ڕەش بە ناو ڕەفەکاندا تێپەڕی کە بوتڵە شووشەی ئاڵەت و زەردەچۆکان، چوون پردگەل ڕاست ڕیز کرابوون، پاشان بازیدایە سەر تەختە بەردینەکەی تەنیشت پیرەژنەکەوە، سکە نەزۆکەکەی خۆی خوراند، لەکاتێکدا دەیمویاواند وەك دەنگێك درێژ بووەوە تا بوو بە چوار پێیەك، پاشان هەردوو چاوە زێڕینەکانی، بڕییە ناوجەرگەی ئاگرەکە کە نامەکەی تەواو سووتاندو کردی بە خۆڵەمێش.

(٣٤)

## ڕووناکی بۆ نابینایان

کامیلا لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا ڕاوەستابوو، خۆی بەسەر بازووی مێردەکەی و داردەستێکدا دابوو تا ڕێ بکات. دەرگای سەرەکی ژوورەکە بەسەر ناوحەوشەیەکدا دەیڕوانی بۆنی پشیلەو تووتکە سەگی لێوە بەر لووت دەکەوت هەرچی پەنجەرەکە بوو ئەوە بەسەر شاریدا دەڕوانی کە لێوەی بەسەر کورسیەکی پێچکەدار بۆ پشوودانیان هێنا، دەرگایەکی بچووکی دیکەیش هەبوو دەچووە نێو ژوورێکی تەنیشتەوە. وێڕای ئەوەی هەتاو بە درێژایی ئاگری هەردوو چاوە کەسکەیدا ئاوادەبوو، هەواکە وەك زنجیری قورس هەردوو سیی پڕ دەکرد، کەچی کامیلا بەسەرسوڕمانەوە لەخۆی دەپرسی تۆ بڵێیت ئەوە ئەو بێت جارێکی دیکە بەپێی خۆی دەڕوات. پێیەکانی لەباری ئاسایی قورستر دەبینی و هەردوو لاقیشی چوون دوو دارەشەق دەبینی. خۆی بەو شێوەیە دەبینی لە جیهانێکی دیکەدا پیاسە دەکات و هەردوو چاوی زەق زەق کردوونەتەوە، سەرلەنوێ لەدایك بووەتەوە، بێ بوون، ئەو تارماییانە چواردەوریان داوە کە بە ناو کەرێ و کەفی لە دەزووی جاڵجاڵۆکەدا دەڕۆن. هەستی دەکرد وەك بڵێیت مردبێت و لە ژیانیشدا مابێتەوە، وەك لە خەوندا ڕوودەدات، پاشان زیندوو بووبێتەوەو بۆی دەرکەوتبێت

کە هەم واقیع و هەم خەونی پێکەوە کۆکردۆتەوە. باوك و، ماڵەکەی و، دایانەکەی، بەشێکی بوونی یەکەمیان پێکدەهێنا. هەرچی مێردەکەی و ئەو خانووەی بە شێوەیەکی کاتی لێی نیشتەجێن و، خزمەتکارەکان، ئەوە هەر هەموویان (بوون)ــە نوێییەکەی پێکدەهێنن. ئەوەی ڕێی دەکرد بە خۆی بوو، خۆیشی نەبوو، هەستکردن بە زیندووبوونەوە لە ژیانێکی نوێدا. لەبارەی ژیانی خۆیەوە دەپەیڤی، وەك بڵێیت لەبارەی کەسێکەوە دەپەیڤێت پشت بە داردەستێکی ژیانی پێشووی ببەستێت، لە شتی نەبیراو تێدەگەیەشت، ئەگەر بە تەنیا بەجێیان هێشتبا نغرۆی جیهانەکەی دیکە دەبوو، دادەنیشت و بیری بۆ دوور دەڕۆیشت، قژی سفت و سۆڵ، هەردوو دەستی لەناو گیرفانی تەنوورە درێژەکەیدا بوون کە نیشانەی ئەو زەماندەی بوو بەم نێزیکانە بەڕێوەچوو. لەکاتێکدا هەراو هوریا لەناو گوێیدا دەزرنگایەوە.

دەیتوانی بەناو خانووەکەدا هات و چۆ بکات، لەگەڵ ئەوەیشدا هەر نەخۆش بوو، یان بە لایەنی کەمەوە نغرۆی هەڵسەنگاندنی ئەو شتە گەورانە بوو کە تووشی هاتن لەوەتای مێردەکەی یەکەمین ماچی سەر گۆنای کرد. پرسەکە لەوە گەورەتی بوو بتوانێت بەرگەی بگرێت، بەڵام دەستبەرداری نەبوو لەبەرئەوەی تەنیا شتێکە لەو جیهانە نامۆیەی بە ڕاستی بە دەستییەو مابێت. چێژی لە دیمەنی مانگ وەردەگرت، لەو بەرزاییەوەو ئەو سێبەرانەی بەسەر عەرددا دارژابوون، بەرانبەر بەو گرکانانەی پەڵە هەورەکان سێبەریان بەسەردا کردبوو، لەژێر ئەستێرە درەوشاوەکاندا وەك بڵێیت زیندەوەرگەلێکی زێرینی ناو تاوەرێکی بەرزو چۆڵی کۆترن.

فریشتە ڕوو هەستی کرد ژنەکەی لەناو جلە سپییە خورینەکەیدا دەلەرزێت، نەك لەسەرماندا، نەك وەك چۆن خەڵك ئاساییانە دەلەرزن، بەڵکو وەك چۆن فریشتەکان دەلەرزن، دەستی گرت و هەنگاو هەنگاو بەرەو ژووری نووستنی برد. پەیکەری قەوارە زلی ئەو سەرەی بەسەر ئاوپژێنەکەوە بوو... قەرەوێڵە هەڵواسراوە

بێ دەنگەکە، ئاوەکەیش بێ دەنگ و کپ وەك بێ دەنگی و کپیی قەرەوێڵە بێ دەنگەکە ... مەرکانەی گوڵی شێدار ... گوڵی دەستکرد ... چەند ڕێڕەوێك تیشکی مانگ پێکەوەیان دەبەستێت ...

هەردووکیان چوونە ناو جێگەکەیانەوە، لەم ژوورەکەوە بۆ ئەو ژوورەکە دەپەیڤین. دەرگایەك لە نێوان هەردوو ژوورەکەیاندا هەبوو. دوگمەکان دەست بەرداری ڕووتیی خۆیان بوون لە خەوەنووتکەیەکدا بە دەنگێکی ناسك لە دەنگی لێکردنەوەی گوڵێك دەچوو، پێڵاوەکان بەربوونەوە سەر عەرد، وەك چۆن لەنگەر دەکەوێتە ناو پانتایی دەریاوە، گوێرەوییەکان لە لاقەکان دامالێنران وەك چۆن دووکەڵ لە دووکەڵدان دادەماڵرێت. فریشتە ڕوو سەبارەت بە شت و مەکەکانی خۆئارایش دانەکانی لەگەڵی پەیڤی کە لەسەر مێزێك لە تەنیشت ئاسقیی پەشتەماڵەکەوە ڕیزکرابوون، بۆ ئەوەی ڕەوشێکی خێزانی لەم خانووە گەورەیەدا بخولقێنێت کە لە خانوویێکی چۆڵ دەچێت، بۆ ئەوەی هزرەکانی خۆی لەو دەرگا تەسکە، کە لە دەرگای ئاسمان دەچێت، دوور بخاتەوە، کە هەردوو ژووری نووستنیان لێك جودا دەکاتەوە.

پاشان بە هەموو قورسایی جەستەیەوە خۆی هاویشتە ناو جێگەکەیەوە، ماوەیەکی دوورو درێژ خۆی تێدا درێژ کرد بێ ئەوەی بجوولێتەوە، چێژی لەو کشانە سەیرە وەردەگرت و، ئەو پێوەندییەی شی دەکردەوە کە لە نێوانیاندا نەش و نمای دەکردو بەردەوام تێکدەچوو. بۆ ئەوەی ڕفاند تا بە زەبری هێز بەسەریدا زاڵ بێت، پاشان بە هۆی ئالۆشە کوێرەکەوە خۆشەویستی و ئەوین لە نێوانیاندا چەکەرەی کرد، وازی لە یەکەمین پلان هێناو کۆشا بیبابەتە ماڵی مامی، بەڵام لەوێ دەرگایان لەسەر ناکەنەوە. بۆیە جارێکی دیکە گەڕایەوە کونجەکەی خۆی، بێ گومان ئەو کات هیچ مەترسییەك لە ئارادا نەبوو ئەگەر بۆ خۆی زەوتی کردبایە، مادامەکی هەمووان چاوەڕوان و مەزەندەی ئەوەیان لێ دەکرد. بەڵام

کامیلا ئەو ڕاستییە دەزانێت و دەکۆشێت خۆی لێ دەرباز بکات. نەخۆشییەکەیشی بوو بە کۆسپ لەبەردەم ئەوەی بە زۆر بۆ خۆی زەوتی بکات. لەچەند کاتژمێرێکی کەمدا باری تەندروستی بەرەو خراپی ڕۆیشت. خەریکبوو بمرێت. مردن دێت و کێشەکە چارەسەر دەکات. ئەویش ئەوەی دەزانی و هەندێك جاریش خۆی ڕادەستی پرسەکە دەکرد ئەگەرچی زۆر جاریش لەم هێزە کوێرانە یاخی دەبوو. بیانووەکانی مردن خۆشەویسترین هیواو ئومێدەکانی لەناو دەبرد، چارەنووسیش تا دوا سات چاوەڕوان بوو پێکەوەیان کۆبکاتەوە.

سەرەتا لە کیژۆڵەیەکی بچووك دەچوو کە هێشتە نەیدەتوانی ڕێ بکات، پاشان لە قۆناخی هەرزەییدا پاش ئەوەی هەڵستایە سەر پێ و یەکەمین هەنگاوی هاویشت، لە شەوو ڕۆژێکدا، لێوەکانی ڕەنگی خوێنیان لێ نیشتەوە، هەردوو مەمکی لەژێر سوخمەکەی سینگیدا هەڵتۆپزینەوە، هەستی بە شڵەژان دەکردو ئارەقەی بە تەوێڵدا ڕێچکەی دەبەست کاتێك ئەو پیاوەی لێ نێزیك دەبووەوە کە مەزەندەی ئەوەی نەدەکرد ببێتە مێردی.

فریشتە ڕوو لە نوێنەکەی دەرپەڕی. هەستی کرد ئەوەی لە کامیلای جیا دەکاتەوە هەڵەیەکە هیچ کامیان نەیانکردووە، هاوسەرگیرییەکە هیچ کامیان پەسەندیان نەکردووە. کامیلا چاوی نوقاند. هەنگاوەکانی ئەویش بەرەو پەنجەرەکە دوورکەوتەوە.

مانگ لەناو گۆشەو سووچی پەڵە هەورەکانەوە بزر دەبوو و دوردەکەوتەوە، ڕێگەکەیش چوون ڕووبارێکی ئێسکی سپی دەرژایە ژێر پردگەلێکی سێبەرەوە. جاروبار، هەموو شتێکی دەسڕییەوە، چوون ژەنگ کە بە ڕووی شوێنەوارە کۆنەکانەوەیە، پاشان دەردەکەوت و هەندێك پرزۆڵەی زیڕ داپۆشیبوو. پێڵوویێکی بەرینی ڕەش هات و سەرپۆشی ئەم خەونەی پچڕاند کە لە پێڵووە جووڵاوەکاندا دەردەکەوت. برژانگە فرەوانەکەی بە شێوەیەك خۆیان دەنواند وەك بڵێیت لە سەرووی

هەموو گڕکانەکانەوە دەردەکەوێت و، بە هەنگاوی جاڵجاڵۆوکەی زەبەلاح بەسەر ئێسکبەندی شاردا بڵاودەبێتەوەو، سێبەری پرسەی بەسەردا دەسەپێنێت. سەگەکان کلکیان وەك مشتووی دەرگاکان لەقاندەوە، باڵندەگەلێکی شەوانەیش بە ئاسۆی ئاسماندا فڕین، ئاهێك لە ئەسپینداریکەوە بۆ ئەسپینداریکی دیکە بەرزبووەوە، دەنگێکی پڕ بە چرکە چرکی کاتژمێرەکان بەرگوێکەوت. مانگ بە تەواوەتی لەودیوی لووتکەی لێواری گڕکانێکی بڵندەوە بزربوو، تەم و مژێکی چوون تارای بووك سەربانی خانووەکانی داپۆشی. فریشتە ڕوو پەنجەرەکەی داخست. کامیلا لە ژووری نووستنەکەی بە ئاستەم هەناسەی دەدا وەك بڵێیت نووستووەو سەری لەژێر لێفەو پەتۆکەدایە، یان وەك بڵێیت مۆتەکەیەك سواری سینگی بووە.

ئەو ڕۆژگارە جاروبار دەڕۆیشتن خۆیان بشۆن. سێبەری درەختەکان کراسی سپیی فرۆشیارە گەڕۆکەکانی هێلدار دەکرد، ئەوانەی دەفرو، گسك و باڵندەی جوانییان لەناو قەفەزە دارحەیزەرەکانیان و گۆزەی کاژو خەڵووزو چیلکەداری سووتەمەنی و گەنمەشامییان هەڵگرتبوو. کۆمەڵ کۆمەڵ بەناو پانتاییەکی فرەواندا دەڕۆیشتن و لەسەر نووکی پەنجەکانیان دەڕۆیشتن بێ ئەوەی هەرگیز پاژنەی پێیان لەسەر عەرد پشوو پێ بدەن. لەئەژمەتی ئەواندا هەتاو ئارەقەی دەکرد. هەنسکە هەنسکیان بوو، بازوویان بەرز دەکردەوە، پاشان چوون باڵندەی ڕەوەند بزردەبوون. کمیلە لە سێبەری کوختەیەکدا ڕاوەستا سەیری دەکرد چۆن تۆوە قاوەیان کۆدەکرەوە. دەستی تۆ ڕنەکان چوون زیندەوەری برسی بەناو هێشووە میتاڵییەکاندا دەجووڵایەوە، لەسەرەوە، لەژێرەوە، پاشان شێتانە بەیەك دەگەیشتن چوون بڵێیت درەختەکان ختۆکە دەدەن، پاشان دووردەکەوتنەوە وەك بڵێیێیت قۆپچەی کراسەکانیان دەکەنەوە.

فریشتە ڕوو دەستی لەناو قەدی کامیلا ئاڵاندو بە ڕێڕەوێکدا بردی لەژێر خەونی گەرم و گوڕی درەختەکاندا بەرین دەبووەوە. هەستیان بە هەردوو سەر و هەردوو سمتی خۆیان دەکرد، هەرچی مابووەوە، هەردوو لاق و هەردوو دەستیان بوو، ئەوە لەگەڵیاندا

لەناوەڕاستی گوڵە ئۆركیدو مارمویلكە ڕەنگاو ڕەنگە بریقەدارەكاندا بەسەر ڕووناكاییەكی كزەوە بوون، كە وردە وردە دەبووە تاریكاییەكی هەنگوینی هەركە پتر بە ناو دارستانەداكەدا هەنگاویان هاویشتبایە. بەو شێوەیە هەستی بە جەستەی كامیلا دەكرد لەناو بلووزە نەرم و تەنكەكەیدا، وەك چۆن مرۆڤ لەناو گەڵا تەرچكەكانەوە هەست بە تۆوی گەنـمە شامی ئاورێشمانەی شێدار بكات. با یاری بە قژی دەكردن. كاتێك گەیشتنە شوێنی خۆشوشتنەكە هەتاو بەسەر ڕووی ئاوەكەوە خەوەنووتكەی دەبردەوە، چەند زیندەوەرێكی نادیاریش بەسەر لقو پۆپی گژو گیای سەرخەسەوە بوون كە سێبەریان دروست كردبوو. چاودێری گەرماوەكان لە كوختەكەیەوە هاتە دەرەوە سەربانەكەی بە چینكۆی زەنگ داپۆشرابوو، پارووە لۆبیای دەخوارد، بە ئاماژەیەكی سەر سڵاوی لێ كردن، ئەو پارووە لۆبیایەی قووتدا، كە لە زاریدا بوو، بە چاوی پشكنین و تێڕوانین لێیان وردەبووەوە، كە بڕوابەخۆبوونی دەنواند. داوای دوو گەرماویان كرد. ڕۆیشت كلیلەكان بهێنێت، دوو كابینەی بۆ كردنەوە بەربەستێكیان لە نێواندا بوو، ماچێكی سەرپێیی یەكدیان كرد بەر لەوەی هەر یەكەو بچێتە ناو كابینەكەی تایبەت بە خۆیەوە. چاودێری گەرماوەكان چاوێكی دێشا، جا بۆ ئەوەی بیپارێزێت دەم چاوی داپۆشیبوو.

هەستیان بە نامۆیی كرد، هەر یەكە و لەوی دیكەوە دوور بوو، لەناو كشەی دارستانەكەدا بزربوون. فریشتە ڕوو، بە پەلەی گەنجانە جلەكانی لەبەردەم ئاوێنەیەكی شكاودا داكەند. بۆچی پێویستە مرۆڤ پیاو بێت كاتێك باشتر وایە ببێتە درەختێك، پەڵە هەورێك، سنجاقێك، بلَقێك، یان باڵندەیەك ئاواز بخوێنێت؟. كامیلا هاواری لێ هستا كاتێك لەسەر یەكەمین پایەی پێپلكەی حەوزی خۆشوشتنەكەوە ڕاوەستاو پێی خستە ناو ئاوە ساردەكەوە، جارێكی دیكەیش هاواری لێ هەستا كاتێك پێی نایە سەر دووەمین پایەی پێیلكەی حەوزەكەوە، لەگەڵ پایەی سێیەمدا دەنگی هاوارەكەی بەرزتر بووەوە، زۆر بەرزتر بووەوە كاتێك

دابەزییە چوارەمین پایە ... پاشان .... (سبلاش)! کراسە هیندییەکەی چوون بالۆن پڕ لە هەوا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا کە پڕی هەوا بوو، پڕ لە ئاویش بوو، بۆیە جەستەی شێوەی ڕەنگی شین و کەسك و زەردی تاریکی پارچە قوماشی کراسەکەی دەنواند: دوو مەمکی قوت، ورگێکی خڕ، چەوتانەوەیەکی نیان لای هەردوو ڕانەوە، پشتی لووس، دوو شانی تا ڕادەیەك لاواز، پاش ئەوەی لەناو ئاوەکەدا قووتی خواردەوە، جارێکی دیکە لە ئاوەکە دەرچووەوەو تا ڕادەیك هەستی بە شڵەژان کرد لەو بێ دەنگییەی باڵی بەسەر گژو گیاکەو دارحەیزەرانەکاندا کێشابوو، کە ئەو شێوەیەی دەنواند وەك بڵێیت دەست بۆ کەسێك ببات لەوێ خۆی شاردبێتەوە، گیانێکی نامۆ بەسەر گەرماوەکاندا دوخولێتەوە، مارێکی ڕەنگاو رەنگ لە ڕەنگە پەپوولەکان، بەڵام گوێی لە دەنگی مێردەکەی بوو لەو دیوی دەرگاکەوە پرسیاری لێ کرد بێتە ژوورەوە یان نا، ئەو کات هەستی بە دڵنیایی کرد.

ئاوەکەیش وەك بڵێیت زیندەوەرێکی کامەرانە لەگەڵیاندا بە دەم و چاویاندا پرژاو بەرزبووەوە. لەناوەڕاستی دەزووی ڕووناکی جاڵجاڵۆکەدا، کە بە درێژایی دیواری گەرماوەکە سێبەری کردبوو، سێبەری جەستەی خۆیان بینی لە دوو جاڵجاڵۆکەی زەبەلاح دەچوون. بایەکەیش بۆنی ڕووەکی ئاوی و بوونی گڕکانی دوورو شێی ناوسکی بۆق و هەناسەی گۆلکیان لێ دەهات، کە گیای لەوەڕگە کەسکەکان دەمژن پاش ئەوەی بوونەتە ئەو شیرە سپییەی ناو گوانی دایکەکانیان، لەگەڵ سەرمای تاڤگەکانی ئاودا کە فیشقە دەبەستن و پێدەکەنن و، فڕینی مێشگەلی سەوز بە نیگەرانییەوە. تارایەکی جیلاتینی لە تەوشەی کۆڵ داییۆشی، لەگەڵ دەنگی کەسێك لەناو دۆڵەکاندا گۆرانی دەچڕی و، دەنگی شەقەی هەردوو باڵی باڵندەیەك.

چاودێری گەرماوەکان سەری دەرهێناو لێی پرسین ئایە ئەو دوو ئەسپەی کە لە گوندی (لاکبرادیتاس)ـەوە گەیشتن هی ئەوانن. کاتی ئەوە هات خۆپۆشتە بکەنەوەو گەرماوەکان بەجێ بهێڵن. کامیلا هەستی کرد کرمێك لەناو ئەو

پەشتەماڵەدا دەجووڵێتەوە کە هەردوو شانی پێ داپۆشی تا جلەکانی پێ لە قڕە تەڕەکەی بپارێزێت. هەست پێ کردن و قیژاندن و ڕاکردنی فریشتە ڕوو و کوشتنی کرمەکە ئەوەندەی نەخایاند، تەنیا چەند چرکەیەکی کەم نەبێت. بەڵام کامیلا پاش ئەوە هەستی بە چێژوەرگرتن نەدەکرد، ئیدی لە ئاستی دارستانەکە هەستی بە ترس و تۆقین دەکرد، بە شێوەیەك دەهاتە پێش چاو وەك بڵێیت نغرۆی هەنسکێکی شێدارو خەوی بێ خەون دەبێت و کرم لە خۆی دووردەخاتەوە.

هەردوو ئەسپەکە لەژێر دارهەنجیرێکدا بە کلکیان مەگەزیان لە خۆ دووردەخستەوە. مەیتەرەوانەکە کە هەردوو ئەسپەکەی هێنابوو و شەپقەکەی بە دەستەوە بوو، بە هەڵەداوان بەرەو لای فریشتە ڕوو تێی تەقاند.

ـ ئای، ئەوە تۆیت. بەیانیت باش! لێرە چی دەکەیت؟. ...

ـ کار دەکەم. من لەو کاتەوە لێرەم کە چاکەت بەرانبەر کردم و لەسەربازگەی سوپات دەرکردم، ساڵێك دەبێت ...

ـ لەو بڕوایەدام کات زەفەری پێ بردین ...

ـ وا پێدەچێت، گەورەم ئەوەندەی نەماوە خۆر ئاوا ببێت، ڕێگەیەکی دوورمان لە پێشە.

فریشتە ڕوو لە کامیلای پرسی ئەگەر بیەوێت ئێستە بگەڕێتەوە. ڕاوەستا تا پارەی خۆشوشتنەکە بە چاودێری گەرماوکان بدات.

ـ وەك چۆنت پێ باشە.

ـ (بەڵام، هەست بە برسیەتی ناکەیت؟. ئارەزوو ناکەیت خواردنێك بخۆیت؟. ڕەنگە بمانتوانیایە شتێك لە چاودێرەکە بکڕین).

مەیتەرەوانەکە پێشنیازێکی بۆ کردن و گوتی: (هەندێك هێلکەتان هەیە؟.)، لە گیرفانی چاکەتەکەی کە پڕ لە قۆپچە بوو لە ژمارەی کونەکانی چاکەتەکە زۆرتر بوون، دەستەسڕێکی پێچراوەی دەرهێنا سێ هێلکەی تێدابوو.

کامیلا گوتی: زۆر سوپاس. پێدەچێت زۆر نویێ بن.

ـ سوپاس بۆ تۆ ئەی بووکی جوان. سەبارەت بە هێلکەکان، زۆر نوێن، مریشکەکان ئەم بەیانییە کردیان. بە ژنەکەمم گوت: دەست لەمانە مەدە چونکە من بە نیازم بۆ بەڕێز فریشتە ڕوویان ببەم.

ماڵئاواییان لە چاودێری گەرماوەکان کرد، کە هیشتە چاوی دەسڕی کە دێشاو، لۆبیاشی دەخوارد.

مەیتەرەوانەکە گوتی: بیرم لەوە دەکردەوە خاتوون هێڵکەکە بە نەکوڵاوی بخوات، لەبەرئەوەی ڕێگەکە دوورەو ڕەنگە هەست بە برسیەتی بکات.

کامیلا بەرسڤی دایەوەو گوتی: نا، من حەز لە هێلکەی نەکوڵاو ناکەم. ڕەنگە نەخۆشم بخات.

ـ من لەو بڕوایەدام خاتوون کەمێك نەخۆش بێت.

ـ لەبەرئەوەی تازە ناو جێی نەخۆشیم بەجێ هێشتووە.

فریشتە ڕوو گوتی: بەڵێ، کامیلا زۆر نەخۆش بوو.

مەیتەرەوانەکە لەکاتێکدا قایشی هەردوو زینەکەی دەبەست، گوتی : (بەڵام ئێستە چاکتر دەبیتەوە. چونکە ئافرەتان لە گوڵ دەچن، پێویستیان بە ئاودان و چاودێری هەیە، ئیستە هاوسەرگیری تەندروستیت چاکتر دەکاتەوە).

کامیلا هەردوو چاوی نوقاندو هەردوو گۆنای سوور هەڵگەڕان و هەستی بە شڵەژان کرد، وەك ئەو ڕووەکەی لە جیاتی گەڵا لە هەموو لایەکی چاوی لێ بڕوێت، نیگایەکی لەگەڵ مێردەکەیدا گۆڕییەوە، نیگایەکی پڕ بە ئارەزووی هاوشێوە، بەوەیش ناوەڕۆکی ئەو ڕێککەوتننامەیان مۆرکرد کە تا ئێستە نەیانبوو.

(٣٥)

## سروودی سروودان

ئەمیان بەوی دیکەی دەگوت: (ڕەوشەکە چۆن دەبوو ئەگەر چارەنووس پێکەوەی کۆنەکردابینەوە!) لەبەرئەوەی بیرۆکەی ئەو مەترسییەی پێیدا تێپەڕین ترس و تۆقینی خزاندبووە دەروونیانەوە تا ڕادەیەك ئەگەر ڕوویدابایە و لێك جودا ببوایەنەوە، ئەوە هەر یەکەیان بە دوای ئەوەکەی دیکەدا دەگەڕا، ئەگەر پێکەوەیش بووبان، ئەوە دەستیان لە ملی یەکدی دەکرد، ئەگەر هەر یەکەو لە ئامێزی ئەوەکەی دیکەیشدا بووبایە ئەوە زۆرتری لە ئامێز دەگرت و بە خۆوەی دەنووساند، بەوەیشەوە نەدەوەستا تێر تێر ماچی دەکردو چاوی لە چاوی دەبڕی. پاشان نغرۆی شادی و کامەرانی دەبوون بەرەو بارێکی سەرسوڕمان هەڵیدەگرتن، لەگەڵ درەختە پڕ لە شیلە نوێیەکان و لەگەڵ پارچە گۆشتە بچووکەکاندا دەسازان و شاد دەبوون، کە بە پەڕی ڕەنگاوڕەنگی بریقەدار داپۆشرابوون و سووك سووك چوون سووکیی دەنگدانەوە باڵیان دەگرتەوە.

بەڵام ئیبلیسەکان ئەو پرسیارەیان وروژاند، ئەگەر چارەنووس کۆی نەکردبانەوە، ئایە هەستیان بە بەختەوەری دەکرد؟. مافی تێکدانی ئەم بەهەشتە ئەفسووناوییە بێ هوودەیە لە مەزاتخانەی نێوان تارماییە دۆزەخییەکاندا خرایە

ڕوو، گیانە شەڕخوازەکان سەرقاڵی چاودێری و سیخوڕی کردن بوون، لە ئاکامی پیتاندنی شێداری گوناهەوە دەنگی گومان هاتە کایەوە، هاوکات ڕۆژگار سووچ و گۆشەی کاتی بە دەزووی جاڵجاڵۆوکە تەنییەوە.

نە ئەوو نە کامیلا نەیاندەتوانی ئامادەی ئەو ئاهەنگە نەبن کە ئەم شەو سەرۆك کۆمار لە خانووەکەی خۆی لەلادێ سازی دەدات. لەناکاو ماڵەکەیان بینی لەبەر چاویان نامۆیە. سەریان لێ شیوابوو چۆن بجووڵێنەوە. بە خەمبارییەوە دانیشتن قەنەفەیەك و ئاوێنەیەکی خۆڕازاندنەوەو شتی دیکەی ناوماڵە چواردەوری دابوون، لەبری ئەو جیهانە ئەفسووناوییەی لە مانگەکانی سەرەتای هاوسەرگیرییاندا چواردەوری دابوون. هەر یەکەو لە پێناوی ئەوەکەی دیکەدا هەستی بە ئەفسووس دەکرد. هەروەها بەرانبەر بەو ڕەوش و بارودۆخەی تێیدان هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد.

کاتژمێرێکی قەد دیوار هەبوو لە ژووری نانخواردنەکە لێی دەدا. بەڵام هەردووکیان هەستیان بەوە کرد کە زۆر دوورن تا ڕادەیەك پێویستیان بە بەلەم یان باڵۆنێك هەیە تا بچنە شوێنی ئاهەنگەکە. لە ژووری نان خواردنەکە دانیشتن ... بەبێ دەنگی دەستیان بە نان خواردن کردو چاویان لە میلی کاتژمێرەکە بڕیبوو کە لەگەڵ هەر جووڵەیەکیدا پتر لە کاتی ئاهەنگەکەی نێزیك دەکردنەوە. فریشتە ڕوو هەستا بۆ ئەوەی چاکەتی فەرمیی شەوبێدارییەکە لەبەر بکات. هەستی بەسەرما کرد کاتێك هەردوو باڵی لە هەردوو قۆڵی چاکەتەکە کرد، وەك کەسێك خۆی بە گەڵای دارمۆز بپێچێتەوە. کامیلا ویستی دەستماڵی خوانەکە بنووشتێنێتەوە، بەڵام لەبری ئەوە پەشتەماڵەکە دەستی وێی نووشتاندەوەو، لەنێوان خوانەکەو کورسییەکەیدا دانیشت، هەستی بە هیچ هێزێك نەدەکرد یەکەمین هەنگاو بۆ خۆئامادەکاری بۆ ڕیشتن بۆ ئاهەنگەکە بهاوێژێت. فریشتە ڕوو گەڕایەوە بۆ ئەوەی بزانێت کاتژمێر چەندە، پاشان گەڕایەوە ژوورەکەی خۆی تا هەردوو

دەستکێشەکەی بهێنێت. لەو دوورایەوە دەنگی هەنگاوەکانی بەر گوێی کامیلا کەوت وەك بڵێیت بەناو تونێلێکدا دەڕوات. شتێکی گوت. شتێك. دەنگی ڕوون نەبوو. پاش ماوەیەك لە ژووری نان خوارنەکە دەرکەوتەوە باوەشێنی ژنەکەی بە دەستەوە بوو. نەیدەتوانی ئەو شتەی بیر بکەوێتەوە کە ڕۆیشت لە ژوورەکەی خۆی بیهێنێت و هەموو شوێنێکی بە دوادا دەگەرا. ئاکام بیری کەوتەوە کە هەردوو دەستکێشەکەی لە دەستیدان.

کامیلا بە خزمەتکارەکانی گوت کە سەیریان دەکردن لە دەرگاکەوە دەچوونە ناو ڕێڕەوەکەوە: ئاگەدار بن هەموو گڵۆپەکان بکوژێننەوە، پاشان دەرگاکە توند داخەن. دوایی دەتوانن بچن بنوون.

بە گالیسکەیەك تێیان تەقاند کە ئەسپگەلێکی تێر ڕایاندەکێشا، لەژێر ڕووبارێکی دراوی زیویندا هەڵتەك هەڵتەکیان بوو کە بە زینەکەوە هەڵواسرابوون و زرەیان دەهات. کامیلا خۆی هاویشتە گۆشەی گالیسکەکەوە، نەیدەتوانی خۆی لەو سڕبوونە قوتاربکات کە لاشەی تەنیبووەوە، ڕووناکییە کزەکانی گڵۆپەکانی ڕێگەکە لەناو چاویدا دەبریسکانەوە. جار ناجارێك بە جووڵەیەکی لەناکاو گالیسکەکە دەلەرزییەوەو کامیلای لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەبەزاندو، جووڵەی جەستەی دەبڕی کە لەگەڵ ڕیتمی گالیسکەکەدا دەڕۆیشت. نەیارانی فریشتە ڕوو پڕوپاگەندەی ئەوەیان دەکرد کە چی دیکە بە دۆستی جەنابی سەرۆك نەماوەو سەرۆك لە خۆی نێزیك ناکاتەوە، لە یانەی (هاوڕێیانی جەنابی سەرۆك) ئاماژەیان بەوە دەکرد کە دەبێت لەمەودوا لە جیاتی نازناوە ڕاستەقینەکەی بەناوی میگیل کانالیس ناوببرێت. لەناو گالیسکەکەدا دانیشتبوو ڕەوڕەوەکانی دەیانجوولاندەوەو پێش وەخت چێژی لەو سەرسوڕمانە دەچەشت کە دەرکەوتنی لەناکاوی لە ئاهەنگەکەی ئەم شەوی جەنابی سەرۆکدا بۆی دروست دەکردن.

گالیسکەکە ڕێگە قیرتاوەکانی بەجێ هێشت و بەرەو لای تەپۆلکەیەکی لمین سووڕایەوە کە وای کرد ڕەوڕەوەکانی گالیسکەکە جیڕەیەکی بۆشیان لێ هەڵبسێت. کامیلا ترسی لێ نیشت، لە تاریکیدا هیچ شتێکی لادێی دەروبەری نەدەبینی، تەنیا ئەستێرەکان نەبێت، هیچ شتێکیشی لەو کێڵگە بە شەونم داپۆشراوانە نەدەبیست تەنیا زیکەی زیکزیکە نەبێت، ترسی لێ نیشت و بەرەو دواوە کشایەوە وەك بڵێیت ئەوە ڕێگەیەکە بەناو ڕێڕەوێکدا (یان نیوچە ڕێڕەوێکدا) بەرەو مەرگی دەبات کە لە لایەکییەوە هەڵدێرێك هەیەو زاری بۆ تەرەکاندووە، لەو لاکەشییەوە باڵی ئیبلیس چوون تاوێر لەناوەندی تاریکاییدا درێژ بووەتەوە.

فریشتە ڕوو بە ئەسپایی هەردوو شانی هاوسەرەکەی گرت و لە دەرگاکەی دوورخستەوەو پێی گوت: ئەوە چیتە؟.

- دەترسم.

- بێ دەنگ بە، هێوور ببەوە.

- ئەو پیاوە بەم خێراییەی لێ دەخوڕێت گالیسکەکە وەردەگێڕێت، پێی بڵێ کەمێك هێواشی بکاتەوە. خۆشەویستم تکایە. گوێت لێ نەبوو چیم گوت؟. پێی بڵێ! بۆچی بێ دەنگیت؟.

فریشتە ڕوو گوتی: (ئەم گالیسکانە ....).

بەڵام قسەکەی تەواو نەکرد چونکە ژنەکەی توند خۆی پێوە گرت کاتێك چەرخەکانی گالیسکەکە بە شێوەیەکی پێشبینی نەکراو شریخەیەکیان لێوە هات. هەستیان کرد بەرەو هەڵدێرەکە غلۆر دەبنەوە.

بەدەم خۆکۆکردنەوەوە گوتی: (تەواو، کارەکە تێپەڕی. دەبێت چەرخەکان کەوتبنە ناو قۆرتێکی قووڵەوە).

بایەکە توند خۆی بە تاوێرە بەرزەکاندا دەداو، گڤەیەکی لێوە دەهات، لە دەنگی پارچە قوماش درِین دەچوو. فریشتە ڕوو سەری لە کونی گالیسکەکە دەرهێنا بۆ ئەوەی بە شوفێرکە بڵێت هەندێك ئاگەی لەخۆی بێت. شوفێرەکەیش بە دەم و چاوە گەنم ڕەنگە ئاوەڵەییینەکەیەوە ئاوڕی لێ دایەوەو ئەسپەکانی هێوور کردەوە، تا ڕادەیەك سست دەڕۆیشتن، وەك بڵێیت لە ڕێ و ڕوسمی مردوو ناشتندان.

گالیسکەکە لەوپەڕی گوندێکی بچووکەوە ڕاوەستا. ئەفسەرێك بەرەو ڕوویان هات پاڵتۆیەکی دەڵپی لەبەربوو، قامچییەکەی ڕادەوەشاند، ناسینییەوە و ڕێی بە شوفێرەکە دا تا تێپەڕێت. با بەناو وشکە قەدو لاسکی بڕاوو داپاچراوی گەنمە شامیدا گڤەی دەهات. تارمایی مانگەیەکی بەستراوەی بەردەم ماڵێك دەرکەوت. درەختەکان کش و مات بوون. لە دوورایی دوو سەد گەزەوە، دوو ئەفسەر نێزیك بوونەوە تا بزانن ئەوانەی دێن کێن. بەڵام گالیسکەکە هێشتە ڕانەوەستابوو. ئێستە، خەریکبوون لەبەردەم ماڵی سەرۆك کۆماردا دادەبەزین، سێ کۆڵۆنێل هاتنە پێشەوە بۆ ئەوەی گالیسکەکە بپشکنن.

فریشتە ڕوو پێشوازی لە ئەفسەری ئەرکانی جەنگ کرد (جوان بوو، چوون ئیبلیسیش فێڵباز بوو). لە فرەوانیی سەیری ئەو شەوەدا جۆرە سۆزێك بۆ باوەشی گەرمی ماڵەوە هەموو لایەکی تەنیبووەوە، ڕووناکی قندیلێکیش لەئاسۆوە ئاماژەی بە شوێنی تۆپخانەیەك دەکرد کە پاسەوانی گیانی سەرۆك کۆماری دەکرد.

کامیلا هەردوو چاوی بەرانبەر بە پیاوێکی ڕوخسار ئیبلیسانەی، دوو شان شۆڕو، دوو چاوی لاکێشەیی و، دوو لاق درێژی لاواز دانەواند، کاتێك چوونە ژوورەوە، ئەو پیاوە لەسەرخۆ باسکی درێژ کردو دەستی کردەوە وەك بڵێیت کۆترێك بەرەڵلا بکات لەبری ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکات.

گوتی: (بارتینیۆس ئەلبیتانی لە جەنگەکانی (میتریداتس)دا بە دیل گیراو بۆ ڕۆمایان بردو لەوێ سەرپەرشتی گوتنەوەی وانەی کێشی شیعری ئیسکەندەری بکات. (برۆبرنیۆس)و (ئۆفید)و (هۆراس) و من لێوەی فێربووین ...).

دوو ئافرەتی بەساڵداچوویش هەبوون لای دەرگای سالۆنەکە دەمەتەقێیان دەکرد کە تێیدا سەرۆك پێشوازی لە میوانەکان دەکرد. یەکێکیان کە دەستی بەسەر مۆدەی قژەکەیدا دەهێنا، گوتی: بەڵێ، بەڵێ، پێم گوتن دەبێ هەڵیبژێررنەوە).

ـ (ئەی چی گوت؟. من زۆر بە پەرۆشەوەم گوێم لەوە بێت ....).

ـ (تەنیا بزەیەکی هاتێ، بەڵام دەزانم هەڵیدەبژێرنەوە. (کاندیدیتا) باشترین سەرۆك کۆمارە بە خۆمانەوە دیتوومان بێت. دەزانیت لەوەتای جڵەوی دەستەڵاتی بەدەستەوە گرتووە، (مۆنچۆ)ی مێردم باشترین پلەو پایەی پێ ڕاسپرراوە؟.).

لە پشتەوەی ئەو دوو ئافرەتە (مامۆستا) بە بڕوابەخۆبوون و پشت ئەستوورییەوە لەناو کۆمەڵێك لە هاوەڵاندا دەپەیڤی. داواکاری گشتیی سەربازی، لە کاتێکدا بە لای ڕاست و چەپدا ئاوڕی دەدایەوە کاتێك بە ناوەڕاستی ئەڵقەکەدا دەڕۆیشت، گوتی: (جەنابی سەرۆك پرسیاری تۆی دەکرد، جەنابی سەرۆك پرسیاری تۆی دەکرد، جەنابی سەرۆك پرسیاری تۆی دەکرد ...).

مامۆستا بەرسڤی دایەوە: زۆر سوپاست دەکەم!

پێست ڕەشێك لە کارمەندەکان، لاق چەوت، ددان زێڕین، کە وای دەزانی سوپاسەکە ئاراستەی ئەو کراوە، گوتی : (ببوورە).

کامیلا ئارەزووی دەکرد لەناو ئەم خەڵکەی گردبوونەتەوە کەس تێبینی نەکات. بەڵام ئەوە کارێکی نەکەردەنی بوو. لەبەر ئەو جوانییە بێ وێنەو بێ هاوتایەو، ئەو هەردوو چاوە کەسك و بێ گەردو هێوورەو، ئەو جەستە نەرم و نۆڵەی کە بەو جلوبەرگە ئاورێشمینە سپییە پۆشتەی کردبووەوە، جگە سینگی

باريك و جم و جوولّی نيانی، سەرەڕای هەموو ئەوەيش: لەبەرئەوەی كيژی ژەنەراڵ (كاناليس)ــە، ئەوانە هەمووو وايان لێكردبوو جێی سەرنج و تێبينی بێت. ئافرەتێكی گرووپەكە تێبينی كردو گوتی:

ـ شايەنی هەر هەموو ئەوە نييە. ئافرەتێكە (كۆرسيها)ی نەپۆشيوە. هەموو كەسێك دەتوانێت تێبينی ئەوە بكات كە بەرۆكەكەی ڕەسەن نييە!

يەكێكی ديكە بە گوێوەی سرپاند: (جگە لەوەيش عەزيەی بووكێنييەكەی سەرلەنوێ چاك كردۆتەوەو بۆ ئەوەی لەئاهەنگەكاندا لەبەری بكات ...).

ئافرەتێكی قژ كورت ئەوەی بە هەل زانی بۆ ئەوەی بڵێت:

ـ ئێوە دەزانن ئەو كەسانە كە نازانن چۆن هەڵس و كەوت دەكەن، بەردەوام دەبنە جێی سەرنج تێبينی).

ـ (ئۆی، ئێمە چەندە دلّڕەقين. ئەو تێبينييەت سەبارەت بە عەزيەكەی گوت چونكە زۆر ئاشكرايە كە دەستيان ناچێت!).

ئافرەتە قژ كورتەكە گوتی:

ـ (ڕاستە ئەوان دەستيان ناچێت، هەر هەموو ئێمەيش هۆيەكەی دەزانين). پاشان لەسەری ڕۆيشت و بە ئەسپايی گوتی : (دەڵێن لەوەتای ئەو كيژەی خواستووە جەنابی سەرۆك هيچ بەخششێكی پێ نەداوە!).

ـ بەڵام فريشتە ڕوو زۆر دڵسۆزيەتی ...

ـ پێشتر زۆردڵسۆزی بوو. لەبەرئەوەی وەك پڕو پاگەندە دەكرێت، ئەوە ئەم فريشتە ڕووە ئەم ژنەيەی ئێستەی ڕفاندووە بۆ ئەوەی بەرانبەر بە هەڵاتنی ژەنەراڵی خەزووری لە ماڵەكەی، پۆليس فريو بدات، ئەگەر ئەوە نەبووايە ژەنەراڵ نەيدەتوانی هەڵبێت!

كاميلاو فريشتە ڕوو بە ناو ميوانەكاندا چوونە ئەوپەڕی سالۆنەكەوە كە سەرۆكی لێ ڕاوەستابوو. جەنابی لەگەڵ يەكێك لە شارەزايانی ياسا (دكتۆر

ئیریڤیرا گابلی)دا دەپەیڤی، لەناوەڕاستی کۆمەڵێك لەو ئافرەتانەی کە کاتێك سەرۆك لێیان نێزیك بووەوە، زمانیان لاڵ بوو، هیچ وشەیەکیان پێ گۆنەکرا، وەك کەسێك مۆمی داگیرساوی قووت دابێت، تەنانەت نەیانوێرا هەناسە هەڵکێشن یان زاریان بکەنەوە. لەوێ چەند بانکمانێك هەبوون پێشتر گیرابوون و بەکەفالەت دەرچووبوون و هێشتە کەیسەکانیان لەبەردەم دادگەکاندا بوو، لەگەڵ چەندین سکرتێری لەوانەی ئارەزووی پێشکەوتنخوازانەیان هەبوو، چاویان لە سەر جەنابی سەرۆك نەدەترووکاند بێ ئەوەی بوێرن سڵاوی لێ بکەن کاتێك سەیری دەکردن، نەیش بکشێنەوە کاتێك سەیری نەدەکردن و چاوی لەسەر دەگواستنەوە، لەگەڵ ڕیش سپییانی گوندەکاندا کە گوڕو تینی سیاسییان لە ناخ و دەروونیدا کوژابووەوە، بەڵام هێشتە شتێك لە سەروەری مرۆیی دەنوێنن کاتێك چوون جورج ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرێت کەچی لە ڕاستیدا بەخۆیان شێرن.

کامیلاو فریشتە ڕوو بەرەو لای سەرۆك ڕۆیشتن بۆ ئەوەی سڵاوی لێ بکەن. فریشتە ڕوو ژنەکەی خۆی بەسەرۆك ناساند. سەرۆکیش دەستە بچکۆلەی ڕاستی بۆ کامیلا درێژ کردو، چاوی لەسەر گیرسایەوە کاتێك ناوی هێنا، وەك پێی بڵێت (مەزەندە بکە من کێ بم!). لەم کاتانەدا پسپۆری یاسایی سڵاوی لە یەکێك لەو ئافرەتە جوانانە دەکرد لەوانەی هەمان ناوی یاری (بانیۆ)و کەسایەتییە دەگمەنەکەیان هەیە، ئەویش بە خوێندنەوەی چەند دێڕە شیعرێکی گارسیلاسۆ(١٧):

(داوام لە سروشت کرد
یەك وێنەی دەگمەن لەم جوانییە دروست بکات
لەبەر ئەوە، پاش ئەوەی دروستی کردیت، یەکسەر ئەو قاڵبەی تێکشکاند کە تۆی پێ داڕشت).

خزمەتکارەکان دەهاتن و دەڕۆیشتن و سینییان هەڵگرتبوو پەرداخە شمپانیاو کولیچەو لۆزی خوێ پێوەکراوو شیرینی و جگەرەیان لەسەر دانرابوو. شمپانیاکە

ئەو ئاگرەی هەڵگیرساند کە هێشتە لەم ئاهەنگ فەرمییەدا هەڵنەگیرسێنرابوو، هەموو شتێك، وەك بڵێیت بە هۆی سیحرەوە بێت، لە ئاوێنە هێوورەکاندا ڕاستەقینەو، لە سالۆنەکەدا چوون خەیاڵ دەهاتە پێش چاو، هەروەها دەنگ کاغەزینەکەی ئەو ئامێری میوزیکییە سەرەتاییەی لە گۆزەیەك دروست کرابوو، هەندێك شێوەی شارستانیانەی پیێ بەخشرابوو، بەوەی کە چەند ئامێرێکی بچووکی بەچوار دەوردا هەڵواسرابوو.

دەنگی سەرۆك دەنگیدایەوە کاتێك گوتی: ژەنەراڵ پیاوەکان ببەرە دەرەوە، چونکە دەمەوێت بە تەنیا لەگەڵ ئافرەتەکاندا شیو بخۆم ....

پیاوەکان بە کۆمەڵ و بێ ئەوەی هیچ وشەیەکیان لەزار بێتە دەرەوە، لەو دەرگایانەوە چوونە دەرەوە کە بەسەر شەوە ڕووناکەکەیاندا دەڕوانی، هەندێك پەلەیان بوو بۆ ئەوەی ئارەزووی ئاغاکەیان بەدی بهێنن، هەندێکی دیکەیان دەکۆشان تووڕەیی خۆیان ڤەشێرن بەوەی خێرا دەچوونە دەرەوە. ئافرەتەکانیش سەیری یەکدییان کردو، تەنانەت نەیانوێرا پێیان لەژێر کورسییەکانیاندا ڤەشێرن.

سەرۆك ئاماژەیەکی دا و گوتی: شاعیرەکە دەتوانێت بمێنێتەوە...

ئەفسەرەکە هەموو دەرگاکانی داخست. شاعیرەکەیش هەستی بەشەرمەزاری کرد خۆی لەناو ئەو کۆمەڵە ئافرەتەدا بینییەوە.

سەرۆك فەرمانیدا و گوتی: ئەی شاعیر شیعرێك بخوێنەوە، شتێکی جوان، بۆ نموونە سروودی سروودەکان ...

شاعیریش دەستی بە خوێندنەوەی ئەو بڕگانەی ئەو شیعرەی سلێمان کرد کە لە بیری مابوون:

(سروودی سروودەکان کە هی سلێمانە ...
ئای، با بە ماچی لێوەکانی ماچم بکات !
ئەی کیژانی ئۆرشەلیم من ڕەش پێستم، بەڵام

وەك خێوەتەکەی سلێمان جوانم
بەو شێوەیە تیم مەڕوانن کە ڕەشم
خۆر هەڵیقرچاندووم ...
بە لای منەوە یارەکەم چەپکێك گوڵە بەیبوونەو
لەناو هەردوو مەمکمدا سەرخەو دەشکێنێت
لەسێبەری دڵدارەکەمدا ڕۆنیشتم
میوەکەی لە زارمدا شیرین بوو.
بردمیە ناومالّی مەیەوەو
من باڵاپۆێك لە ڕووناکی ئەوینی ئەو لەبەر کردووە
ئەی کیژانی ئۆرشەلیم سوێندتان دەدەم
دڵدارەکەم بێدار مەکەنەوە تەنانەت بە سرپەیش
تا ئارەزوو دەکات
تا ئارەزوو دەکات ...
ئەوەتە تۆ جوانیت یارەکەم
ئەوە تۆ جوانیت ..
هەردوو چاوت لەژێر تاراکەتەوە دوو کۆترن،
قژت ڕەوە بزنێکە،
ددانەکانت لە ڕەوە مەڕ دەچن
لە شوشتنگەوە دەرکراون
هەر یەکەو بە جمکێکەوە دووگیانە
کەسیان نەزۆك نین
شەست شاژن و هەشتا کەنیزەیان هەیە ...).

سەرۆك هەستایە سەر پێ و نیشانەی توورەیی و شوومی بەڕوخسارەوە دەبینرا. ترپەی پێیەکانی دەنگیدایەوە، لە ترپەی پێی پڵنگێک دەچوو بەسەر تاوێری بن ڕووبارێکی وشکدا هەڵبێت، لەو دیوی دەرگاکەوە بزربوو، پاش ئەوەی ئەو پەردانە کە لەکاتی چوونە دەرەوەدا ڕایکێشان، بەسەر پشتیدا دادرانەوە.

شاعیر و کۆمەڵە ئافرەتەکە واقیان وڕماو، هەستیان بە بێ ڕێزی و بێ نرخیی خۆیان کرد، کەشێکی نیگەرانی باڵی بەسەریاندا کێشا، وەك ئەو کەشەی هەتاو پاش خۆی بەجێی دەهێڵێت کاتێك ئاوا دەبێت. یەکێك لە یاریدەدەرەکان ڕایگەیاند کە شیوی ئێوارە ئامادەیە. دەرگاکان کرانەوە، لەکاتێکدا ئەو پیاوانەی لە ڕێڕەوەکەدا چاوەڕوان بوون دەگەڕانەوەو لەسەرماندا دەلەرزین، شاعیرەکە رووی لە کامیلا ناو داوای لە لێکرد پێکەوە شیوەکەیان بخۆن. کامیلا هەستاو خەریکبوو باڵی بگرێت کاتێك دەستێك لە پشتیەوە درێژ کرایەوەو ڕایگرت. خەریکبوو لەبری ئەو ناکاوییە لە قیژە بدات. فریشتە ڕوو بە درێژایی ئەو ماوەیە لە پشتی پەردەکەیەوە نێزیك بە ژنەکەی خۆی مەلاس دابوو، هەموو ئامادەبووان بینییان کاتێك لەو دی وی پەردەکەوە هاتە دەرەوە.

دەست بە لێدانی دەهۆڵەکانی (ماریمبا) کراو تا دەهات دەنگ و ئاوازیان بەرزتر دەبووەوە، لەکاتێکدا زەنگۆڵە بچووکەکان کە بە ژێریانەوە بەسترابوونەوە دەلەرینەوە وەك بڵێت کفن بن.

(٣٦)

# شۆڕش

لە دوورەوە هیچ شتێك نەدەبینرا. پیاوەکان هێڵێکی شوێن پێیان بە دوای خۆیانەوە بەجێدەهێشت، وەك بڵێیت مارێکی بێ دەنگی درێژەو پێچە نەرم و لینجە بەستووەکانی لەدووی خۆی بەجێدەهێڵێت. دەکرا لەو شوێنە بچووکەی زەلکاوە وشکەکان، کە زستان هیچ زیانێکی پێ نەگەیاندوون، تەپۆڵکەو دەنەو پەراسووەکانی زەوی بژمێررێت. درەختەکانیش خۆیان بەسەر بەرزترین لق و پۆپە چڕە پڕ لە خۆشاوەکانی خۆیاندا بەرزتر کردبووەوە بۆ ئەوەی بتوانن هەناسە بدەن. ئەو ئاگرەی لەگەڵ خۆیان هەڵیانگرتبوو چاوی ئەسپە ماندووەکانی کوێر دەکرد. سەربازێك پشتی تێ کردن بۆ ئەوەی هەڵمیزێت. هەردوو لاقی نەدەبینرا. کاتی ئەوە هاتبوو تا هەڤاڵان ڕاستیی هەڵوێستەکە بزانن، بەڵام بە پاککردنەوەی تفەنگەکانیان بە گریس و پارچە پەڕۆی کراس سەرقاڵ بوون، کە هێشتە بۆن و بەرامەی ئافرەتیان لێ دەهات. مەرگ دروێنەی دەکردن و یەکە یەکە دەیڕفاندن و لەناوی دەبردن، بێ ئەوەی لە پاش خۆیان سوودێك بە منداڵەکانیان یان هیچ کەسێکی دیکە بگەیەنن. باشتر وابوو ژیان و گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوەو لە ئاکامی ئەوەیشەوە شتێك ببینن. گوللە هەست بە هیچ شتێك ناکات کاتێك

جەسەی مرۆڤ دەسمێت. بەلای ئەوەو گۆشت لە بایەکی فێنکی خۆش دەچێت، بایەك کە چڕی و بارستاییەکی دیاریکراوی هەبێت. لە باڵندە دەچێت و گڤەی دێت. کاتی ئەوە هاتووە تەگبیرێکی خۆیان بکەن، کەچی هەر هەموویان سەرقاڵی تیژکردنی ئەو چەقۆیانە بوون کە سەرانی شۆڕش لە بازرگانێکی ئاسن کڕیبوونیان ئاگر دوکانەکەی سووتاندبوو. نووکە چەقۆ تیژکراوەکەیش لە بزەیەکی سەر لێوی ڕەشپێستێك دەچوو.

دەنگێك بەرزبووەوە: (هاوڕێ گۆرانی بچڕە. گوێم لێبوو پێش تۆزێك گۆرانیت دەچڕی!).

(ئەی دڵڕەق بۆ خۆشت ویستم
لە کاتێکدا یاری خۆت هەیە؟.
دەبوو وەك درەختی سیس بوو
وازم لێ بهێنیت).
ـ هاوڕێ بەردەوام بە. گۆرانی بچڕە.
(چووینە سەر دەریاچەکە
ڕووەو شوێنی ئاهەنگەکە تێمان تەقاند
بەڵام ئەم جارە مانگ هەڵنەهات
کەسیش لەوێ نەبوو).
ـ هاوڕێ بەردەوام بە. گۆرانی بچڕە.
(ئەو ڕۆژەی تێیدا لەدایك بوویت
ڕۆژی لەدایکبوونی من بوو
شادی ئاسمانی تەنییەوە
فریشتەکان خۆشنوود بوون و گۆرانییان چڕی).

ـ هاوڕێ گورانی بچڕە. گۆرانی بچڕە. ڕووناکیی کزی مانگ بەسەر درەختەکاندا پەرت دەبووەوەو گەڵاکان بەو بەرزاییەوە دەلەرزین. بێ هوودە چاوەڕوانی فەرمانی هێرش بردنیان دەکرد. هەتاو تازە دەردەکەوت. هێزەکان، کە ئەم شەو بە ئامادەکارییەکی بێ دەنگەوە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد هێرش بکەنە سەر یەکەمین قەڵای حکوومەت، هەستیان بەوە دەکرد کە جۆرە هێزێکی شاراوە توانای جووڵانەوەیان لێ دەستێنێتەوەو دەیانکاتە بەرد. باران ئەو بەیانییەی،کە هێشتە ڕۆژەکەی دەرنەکەوتبوو، کردە سووپ و بەسەر دەم و چاوو پشتی سەربازەکاندا ڕژا. دەنگی قسەکردن بەهۆی فرمێسکی داڕژاوی خواوەندەکانەوە بەرزتر بەرگوێ دەکەوت. یەکەمین هەواڵ بە دەستیان گەیشت کورت و ناکۆك و جیاوازی پێوە دیاربوو، وەك بڵێیت دەنگەلێکی بچووك دەیانگوێزێتەوە لەوە دەترسن هەموو ئەو شتانە بدرکێنن کە دەیانزانن. سەربازەکان هەستیان بەوە دەکرد کە پارچەیەك ئاسن یان پارچە ئێسکێك لە دڵیان دەچەقێت. وەك بڵێیت هەر هەموو سەربازگەکە لە یەك برینەوە خوێنیان لێ دەچۆڕا. ژەنەراڵ (کانالیس) مرد. هەواڵەکان لە بڕگەو دەربڕیندا بەرجەستە بوون. بڕگەگەل لە کتێبی هەزارو یەك شەوەوە، دەربڕینگەل لە خزمەتگوزاری ڕێوڕەسمی ناشتنی تەرمەوە. چێژو تامی جگەرەو براندی تێکەڵ بە تووڕشەیی و خەفەت و خەمباری بوو. دژوار بوو بڕوا بەو وشانە بکرێت کە دەگوتران، بەڵام دەبێت ڕاست بن. لەناویاندا بەساڵداچووەکان بێ دەنگ بوون، بێ پەرواو ئوقرە چاوەڕوانی ئەوە بوون ڕاستیی ڕووت ببیستن هەندێکیان ڕاوەستابوون، هەندێکی دیکەیان ڕاکشابوون یان لەسەر زەوی کەوتبوون، شەپقە پووشینەکەی سەریان داکەندبوو و لە تەنیشتی خۆیانەوەیان دانابوو، بە تووڕەیی سەریان دەلەقاندەوە. لاوەکانیان بەرەو نهاڵەکە تێیان تەقاند بۆ ئەوەی هەواڵی زۆرتریان دەست بکەوێت. گەرمای هەتاوە تیژەکە کوێری دەکردن. لەو دوورایییانەوە پۆلە مەلێك بە ئاسمانەوە دەفڕین. ناوە ناوەیش گیزەی گوللەیەك بەرگوێ دەکەوت. شەو خەریکبوو تەنگی پێ

هەڵدەچنین. ئاسمانێکی کێمین لەژێر باڵاپۆشی پەڵە هەوری پارچە پارچەدا. ئاگری سەربازگەکە کوژێنرایەوە، هیچ نەمایەوە تەنیا تاریکاییەکی نووتەك نەبێت کە بێ شێوە بوو، گۆشەگیرییەکی ڕەش لە ئاسمان و زەوی و گیان لەبەران و پیاو پێکدەهات. پاشان ترپەی سمی ئەسپێك کپی و بێ دەنگییەکەی شکاند: راتابلان، راتابلان، کە دەنگیدایەوە و خشتەی لێکدیدانی بەکارهێنا. دەنگەکە تا دەهات نێزیکتر دەبووەوە، لە پاسەوانێکەوە بۆ پاسەوانێکی دیکە. ئەوەندەی نەخایاند لەناوەڕاستیاندا گیرسایەوە. کاتێك گوێیان لە سوارەکە گرت، کە هاتبوو، وایان دەزانی خەون دەبینن. ژەنەراڵ کانالیس لەناکاودا مرد، پاش ئەوەی تازە دەستی لە ژەمێك خواردن هەڵگرتبوو، لەکاتێکدا بەنیاز بوو سەرۆکایەتی هێزەکانی بکات و دەست بەشەڕ بکات. ئێستەیش فەرمان ئەوەیە چاوەڕوان بن. یەکێکیان تێبینی دەربڕی و گوتی: (دەبێت شتێکیان خستبێتە ناو خواردنەکەوە، ڕەنگە هەندێك ڕووەکی (چیلتب) بێت کە ژهرێکی کوشندەیەو هیچ شوێنەوارێك لەدوای خۆی بەجێ ناهێڵێت، تا بەم شێوەیە دەمرێت). یەکیکی دیکە ورتەیەکی لێوە هات: (دەبوو زۆرتر هوشیار بێت! ئائائائائا ....هـ؟.) .... هەموویان بە خەفەت و پەژارەیەکی زۆرەوە بێ دەنگ بوون کە لاقە ڕووتەکانیشی گرتنەوە کە نوقمی خۆڵ بووبوون ... ئەی کیژەکەی؟. ...

پاش ماوەیەك، کە وەك هەموو تەنگانەکان درێژەی کێشا، دەنگێکی دیکە گوتی: (من دەتوانم نەفرەتی بەسەردا دابارێنم ئەگەر بتانەویت. من نوێژێك دەزانم سیحربازێك لەوێ لە کەنار فێری کردووم، ڕۆژگارێك بڕی گەنمە شامی لە چیا کەمی کردبوو، بۆیە بەرەو کەنار بەڕێکەوتم تا شتێك لەوێ بکڕم کاتێك بە دیداری گەیشتم و لێوەی فێربووم. ئەوەتان پێ خۆشە؟.).

دەنگێکی دیکە لە تاریکاییدا بەرسڤی دایەوە: باشە، من لای خۆمەوە قایلم، ڕەنگە وێ بە خۆی باوکی کوشتبێت.

جارێکی دیکە ترپەی پێی ئەسپێك لە ڕێڕەوەکەدا بەرگوێکەوت، ڕاتابلان، ڕاتابلان، ڕاتابلان. جارێکی دیکە دەنگی پاسەوانەکان بەرگوێ کەوتەوە. جارێکی دیکە کپی باڵی بەسەریاندا کێشایەوە. لوورەی گورگ بەرزبووەوە وەك بلێیت پێپلکەیەکە و بەرەو مانگ دەکشێت کە لەسەرخۆ دەردەکەوت و خەرمانەیەکی گەورە چواردەوری دابوو. دەنگەکە جارێکی دیکە دەنگیدایەوە.

هەر جارەی یەکێك ئەو ڕووداوەی بگێڕابایەوە، ژەنەراڵ کانالیس لە گۆڕەکەی دەهاتە دەرەوەو جارێکی دیکە دەمردەوە: لەسەر خوانێکی بێ نایلۆن دانیشتبوو لەبەر ڕووناکی مۆمێکدا شیوی دەخوارد، گوێیان لە دەنگی کەوچك و چەقۆو قاپەکان و ترپەی پێی یاریدەدەرو پەرداخێك ئاو بوو تێ دەکراو ڕۆژنامەیەك لاپەڕەکانی هەڵدەدرایەوە، پاشان ... هیچی دیکە، تەنانەت هاواریشی نەکرد. بینییان بەسەر خوانەکەدا لار بووەتەوەو مردووە، گۆنای بەسەر دانەیەك ڕۆژنامەی (ناسیۆناڵ)ـەوە بوو، هەردوو چاوی نیوچە نووقاو، شووشەیین، لە شتێکی نەبوویان دەڕوانی.

پیاوەکان دوو دڵانە دەستیان بە ئەرکی ڕۆژانەی خۆیان کردەوە، لە ژیانی وەك گیانلەبەری دەستەمۆ بێزار بوون، چوونە ڕیزی شۆڕشی (چاماریتا)وە ـ ئەمە باشترین نازناو بوو بۆ ژەنەراڵ کانالیسیان هەڵبژاردبوو ـ بۆ ئەوەی گۆڕانێك لە شێوازی گوزەران کردنیاندا بەدی بهێنن و، لەبەرئەوەی (چاماریتا) بەڵێنی پێ دابوون ڕەزە ترێکانیان بۆ بگێڕێتەوە، کە بە بیانووی هەڵوەشاندنەوەی گردبوونەوەکان لێیان زەوت کرابوو، بەڵێنیشی دابوو دادوەرانە پشکی ئاویان لە نێواندا دابەش بکات و ئەشکەنجەدان هەڵوەشێنێتەوەو خزمەتی سەربازی بۆ ماوەی دوو ساڵ بسەپێنێت و، هەرەوەزی کشت و کاڵی دامەزرێنێت بۆ کڕینی ئامێری نوێ لە دەرەوەو دەستەبەرکردنی تۆوی باش و ئاژەڵ و پەیین و تەکنیککاران و، ئاسان کردنی هۆکارەکانی هاتوچۆو گواستنەوەو هەرزان کردنیان و ئاسانکردنی کاڵا ناردنە دەرەوەو فرۆشتنی بەرو بوومەکان و، دەستەڵاتیش تەنیا

بە دەستی ئەو کەسەوە بێت کە گەل هەڵیدەبژێرێت و تەنیا بەرانبەر بە گەل بەرپرسیار دەبێت و، هەڵوەشاندنەوەی فێرگەی تایبەت و، سەپاندنی باج بە شێوەی بەرزبوونەوەو،نزمکردنەوەی نرخی چارەسەرکردن و دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکان و پارێزەران بۆ کۆمەڵ و، پیێڕەوکردنی ئازادی بڕوابوون، تا هیندییەکان بتوانن دوور لە چەوساندنەوەو بەشێوەیەکی هێوورانە خواوەندی خۆیان بپەرستن و سەرلەنوێ پەرستگەکانیان دروست بکەنەوە.

کامیلا پاش چەند ڕۆژێك هەواڵی مردنی باوکی زانی، دەنگێکی نەناسراو ئەو هەواڵەی بە تەلەفۆن بە گوێدا دا.

ـ (باوکت ئەو کاتە مرد کە لە ڕۆژناکەدا ئەوەی خوێندەوە کە سەرۆك کۆمار شایەتی مارە بڕینەکەت بوو).

هاوای کرد: ئەوە ڕاست نییە!

دەنگە نەناسراوەکە بە شێوەیەکی ناشیرین پێکەنی و گوتی: کامە ڕاست نییە؟.

ـ ئەوە ڕاست نییە، ئەگەر شایەت نەبووبێت. هەلەو .... هەلەو ....

بەڵام ئاخێوەرە نەناسراوەکە مایکرۆفۆنی تەلەفۆنەکەی زۆر لەسەرخۆ دانا وەك یەکێك بە دزییەوە بچێتە دەرەوە.

کامیلا لەناو کورسییەکی حەیزەراندا ڕۆچوو. هەستی بە شۆك دەکرد. پاش تۆزێك وای هاتە پێش چاو کە ژوورەکە ڕواڵەتی پێشووی خۆی لەدەست داوەو ئێستە جیاوازەو ڕەنگێکی جیاوازو کەژێکی جیاوازی هەیە. مرد! مرد! مرد! کامیلا هەردوو دەستی چەماندەوە وەك بڵێیت بیەوێت شتێك بشکێنێت، پاشان لە قاقای پێکەنینێکی هستیری دا، لەکاتێکدا هەردوو کاجیڕەی پێکەوە نووسابوون و هەردوو چاوی پڕ لە فرمێسك بوون، نەیاندەزانی بە کوێدا ببارێن.

گالیسکەی ئاوڕشێنەکە بە ڕێگەکەدا دەڕۆیشت، شێرەکەی دەگریا لەکاتێکدا تانکییە میتاڵییەکەی پێدەکەنی.

## (٣٧)

## سەمای تۆهێل (١٨)

ـ بەڕێزان چیتان دەوێت؟.

ـ بیرە.

ـ بۆ من نییە، من (ویسکی)م دەوێت.

ـ کەوانە یەك ....

ـ یەك بیرەو یەك ویسکی و یەك براندی

ـ هەندێك سووکە خواردنیش!

ـ کەواتە یەك بیرەو یەك ویسکی و یەك براندی و هەندێك سووکە خواردنیش.

فریشتە ڕوو کە لە توالێت دەگەڕایەوەو بە پەلە قۆپچەکانی پانتۆڵەکەی دادەخست دەنگی بەرزبووەوەو گوتی: هاللۆ!

ـ چیت دەوێت؟.

ـ هەر شتێك. هەندێك ئاوی گازی (پیپیسی)م بۆ بێنە.

ـ ئای، کەواتە یەك بیرەو یەك ویسکی و یەك براندی و یەك پیپسی.

فریشتە ڕوو کورسییەکی هێناو لە تەنیشت پیاوێکەوە دانیشت بالای شەش پێ بەرزو، بە ڕواڵەت و جم و جووڵ و ڕەفتاری ڕەش پێستی هەبوو ئەگەرچی سپی

پێست بوو، پشتیشی چوون لوولەی پۆڵا ڕاست بوو، هەردوو دەستیشی لە سندان دەچوون، شوێنی زامێك لە نێوان هەردوو برۆ زەردەكەیدا بوو.

فریشتە ڕوو گوتی: مستەر (جەنگیز) شوێنم بكەرەوە، چونكە دەمەوێت لە تەنیشتی تۆوە دانیشم.

ـ بەڕێز زۆرمان پێ خۆشە ...

ـ مەیەكەم دەخۆمەوەو دەڕۆم چونكە سەرۆك چاوەڕێم دەكات. مستەر جەنگیز گوتی: ئۆی، ئەگەر دەچیت بۆ ئەوەی بە دیداری سەرۆك بگەیت، ئەوە دەبێت واز لە گەوجایەتی بهێنیت و پێی ڕابگەیەنیت كە ئەو پڕو پاگەندانەی لەبارەی تۆوە دەكرێن ڕاست نین، هەرگیز ڕاست نین.

یەكێك لەو چوار كەسانە، كە ئەو كەسە بوو داوای براندی كرد، گوتی:

ـ ئەوە هیچ گومانێك هەڵناگرێت.

فریشتە ڕوو خۆی تێ هەڵقورتاندو بە مستەر جەنگیزی گوت: ئایە من ئەو شتەی پێ بڵێم؟.

ئەمەریكاییەكە بە ناو لەپی هەردوو دەستی بە مەڕمەڕی خوانەكەیدا كێشا و گوتی: ئاشكرایە بە هەمووان دەڵێم! بەڵام ئەو شەوە لەوێ بووم و بە گوێی خۆم لە زاری داواكاری گشتیی سەربازییەوە بیستم دەیگوت كە تۆ بەرهەڵستی هەڵبژاردنەوەی سەرۆك كۆمار دەكەیت و تۆیش (وەك خوالێخۆشبوو كانالیس) لایەنگری شۆڕشیت.

فریشتە ڕوو بێ هوودە كۆشا ئەو نیگەرانییەی خۆی ڤەشێرێت كە هەستی پێ دەكرد. چونكە ڕۆیشتن بۆ دیدار لەگەڵ سەرۆكدا لەم بارو دۆخەدا شتێكە مەترسی لێ دەكەێتەوە.

بۆیەكە ئەو شتانەی بۆ هێنان كە داوایان كردبوون. چاكەتێكی سپی لەبەربوو ناوی شوێنەكە (گامبریتۆس)ی بە دەزووی سوور لەسەر نەخشێنرابوو.

ـ یەك ویسکی و، یەك بیرە ...

مستەر (جەنگیز) ویسکییەکەی بەیەك قوم هەڵقوڕاند بێ ئەوەی چاو بتروکێنێت، چوون کەسێك دەرمانێکی ڕیخۆڵە پاککەرەوە هەڵقوڕێنێت، پاشان نەرگیلەی دەرهێناو پڕ لە توتنی کرد.

ـ بەڵێ هاوڕێ، ئەم شتانە بە هەر شێوازێك بووبێت دەگەنە بەر گوێی سەرۆك، تۆیش ئەوەت پێ ناخۆشە. ئێستەیش نۆرەی تۆ هاتووە بۆ ئەوەی ڕاستییەکانی پێ ڕابگەیەنێت. هەڵویستەکە زۆر وردە.

ـ سوپاس بۆ ئامۆژگارییەکانت مستەر (جەنگیز)، خوات لەگەڵ، دەچم بە دوای گالیسکەیەکدا دەگەڕێم بۆ ئەوەی خێرا بەوێ بگەم. سوپاس، هە؟. هەر هەموو خواتان لەگەڵ.

مستەر (جەنگیز) نەرگیلە پایپەکەی داگیرساند.

یەکێك لە پیاوەکانی دەوری خوانەکە گوتی: مستەر جەنگیز چەند پەرداخ ویسکیت خواردۆتەوە؟.

ئەمەریکاییەکە، کە نەرگیلەکەی بە دەمەوە بوو، چاوێکی نیوچە نوقاندبوو، ئەوی دیکەیان، شینێکی بریسکەداربوو، لە گڕی زەردی کبریتە بچووکەی دەڕوانی: هەژدە.

ـ لەوەدا تەواو ڕاست دەکەیت، چونکە ویسکی خواردنەوەیەکی زۆر باشە، ئەدی وا نییە؟.

ـ نازانم! دەبێت ئەم پرسیارە ئاراستەی هەر هەموو ئەو خەڵکە بکەیت کە نایخۆنەوە ئەویش لەبەرئەوەی هەموویان وەك من نییانە.

ـ مستەر جەنگیز ئەمە مەڵێ.

ـ بۆچی ئەوە نەڵێم مادامەکێ بڕوام وایە کە ڕاستە بیلێم؟. لە وڵاتەکەی من، هەرکەسەو ەو شتە دەڵێت کە بڕوای وایە، تەواو، ڕاستە.

ـ ئەمە خەسڵەتێکی زۆر باشە.

ـ ئۆی نا، من ئەوەم پێ باشە لێرە لەسەری دەڕۆن. ئێوە شتێك دەڵێن کە بڕواتان پێ نییە، مادامەکێ زۆر جوانە.

ـ کەواتە لە وڵاتی ئێوە بەسەرهاتەکان ناگێڕنەوە؟.

ـ ئۆی نا، هەرگیز، تەنیا بەسەرهاتەکانی ناو ئینجیل نەبێت!

ـ مستەر جەنگیز پەرداخێکی دیکەیش؟.

ـ بەڵێ، لەو بڕوایەدام پەرداخێکی دیکەی ویسکی وەربگرم!

ـ براڤۆ! من حەز لەوە دەکەم، تۆ پیاوێکیت ئامادەیت لە پێناوی پرەنسیپەکانتدا بمرێت.

ـ ئەمە چۆن دەبێت؟.

ـ هاوڕێکەم پێی گوتم کە تۆ ئامادەیت بمریت.

ـ بەڵێ، لەوە تێگەیشتم سەبارەت بە مردن لە پێناوی پرەنسیپەکاندا گوتی. نا، من پیاوێکم لە پێناوی پرەنسیپەکانیدا دەژێت. ژیان لە دەمارەکانمدا گڕیان گرتووە. هەرچی مردنە بەلامەوە گرینگ نییە، ئەو کاتە دەمرم کە خواوەند ئارەزوو دەکات.

ـ مستەر جەنگیز دەیەوێت ئاسمان ویسکی بباریێنێت!

ـ نا، نا، نا؟. ئەو کاتە کەس سەیوان نافرۆشێت، بەڵکو (ڕەحەتی) دەفرۆشن! پاش ئەوەی مژێکی لە نەرگیلەکەی دا و لەسەرخۆ هەناسەی دا، لە کاتێکدا ئەوانی دیکە پێکەنین، گوتی: (فریشتە ڕوو گەنجێکی باشە، بەڵام ئەگەر ئەوەی پێم گوت جێبەجێ نەکات ئەوە خوا لێی خۆش نابێت، بەڵکو لە جیاتی ئەوە سەری تێدادەچێت).

لەناکاو کۆمەڵێك پیاو بەبێ دەنگی هاتنە ناو مەیخانەکەوە. کۆمەڵێکی زۆر بوون تا ڕادەیەك نەیانتوانی هەر هەموویان پێکەوە لە دەرگاکە بێنە ژوورەوە.

زۆربەیان لای دەرگاکە یان لە نێوان مێزەکان یان لە لێواری مەیخانەکە ڕاوەستان. زۆر لە مەیخانەکە نامێننەوە چونکە کارەکە ئەوە ناهێنێت دانیشن. پیاوێکی تا ڕادەیەك کورتە بالآ، تا ڕادەیەك بەتەمەن، تا ڕادەیەك سەر ڕووت، تا ڕادەیەك تەندروستی باش، تا ڕادەیەك شێت، تا ڕادەیەك دەنگ قەبە، تا ڕادەیەك پیس، هاواری کرد: (بێ دەنگ بن!). پاشان ریکلامێکی چاپکراوی گەورەی بلاوکردەوە، دوو کەسی دیکە یارمەتییان دا بە مۆمی ڕەش لەسەر ئاوێنەیەکیان چەسپاند.

هاوولاتییان:

تەنیا ناو هێنانی جەنابی سەرۆك کۆمار لەوە دەچێت ڕووناکیی مەشخەڵ ئاراستەی بەرژەوەندییە پیرۆزەکانی نەتەوە بکرێت، کە لە سایەی فەرمانڕەوایی داناییانەیدا ڕووی پێشکەوتن هەموو بوارەکانی گرتووەتەوە ـ بەردەوام دەیانگرێتەوە ـ هەروەها پێشکەوتن بە هەموو شێوەیەك سیستمیشی گرتووەتەوە!!!! جا لەبەرئەوەی ئێمە هاوولاتیی ئازادین و لەو ڕووەشەوە هوشیارین بەوەی پێویستە بەتەنگی چارەنووسمانەوە بین (کە هەمان چارەنووسی نەتەوەیە)، جا لەبەرئەوەی پیاوگەلێکین لایەنگری چاکە دەکەین و دژ بە بشێوین، بۆیە ڕایدەگەیەنین: کە چاکترین شت بۆ نەتەوە ئەوەیە سەرۆکی مەزنمان هەڵبژێرینەوەو هیچ شتێکی دیکە جگە لە هەڵبژاردنەوەی وی لەئارادا نییە. بۆچی کەشتیی فەرمانڕەوایی بهاوێژینە ناو مەترسیی دەریاگەلی وێڵەوە، لەکاتێکدا کە داناترین پیاوی دەوڵەت لەم سەردەمەماندا جڵەوی گرتووەو بەڕێوەی دەبات، ئەو پیاوەی کە مێژوو بە مەزنی ناوی دەخاتە ڕیزی ناوە مەزنەکانەوە، بە دانایەك لەناو داناکان، بە ئازاد، بە هزرەڤان، بە دیموکراسیخواز ناوی دەهێنێت؟.؟. ئەگەر تەنیا بیر لەوە بکرێتەوە لەبری ئەو یەکێکی دیکە لەم پلەو پایە مەترسیدارەدا بێت، ئەوە ئەو بیرکردنەوەیە دەگاتە دەستێوەردان لە چارەنووسی نەتەوە (کە چارەنووسی هەر ئێمەیشە)، ئەو کەسەیش بوێرێت و زاتی گریمانەی هەبوونی ئەو کەسە بکات

ـ شایەنی ئەوەیە لابرێت و گۆشەگیر بکرێت و بە شێتێکی مەترسیدار دادەنرێت، ئەگەر شێت نەبێت، ئەوە شایەنی ئەوەیە بدرێتە دادگە بەوەی بەپێی یاسا ناپاکی لە نیشتمان کردووە!!! برایانی هاوولاتی: سندووقەکانی هەڵبژاردن چاوەڕێتانە پالێوراوەکەمان هەڵبژێرن!!! کە !!!! سەرلەنوێ !!!! گەل !!!! هەڵیدەبژێررێتەوە!!!

خوێندنەوەی ئەم بلاوکراوەیە بە دەنگی بەرز لەناو مەیخانەکەدا حەماسەتی گشتیی زۆر بەرزکردەوە و دەنگی هاوار و چەپڵەلێدان بەرزبووەوە، لەبەر داوای خەڵکەکە، پیاوێك هەستا، کە جلەکانی هیچ جۆرە پۆشتەییەکیان پێوە دیارنەبوو، موو ڕەش ، چاو قایم، بۆ ئەوەی وتەیەك پێشکەش بکات:

ـ (هاوولاتییان: من وەك شاعیر بیر دەکەمەوە، بەلام وەك هاوولاتییەکی نیشتمانپەروەر دەپەیڤم! شاعیر پیاوێکە ئاسمانێکی داهێناوە، بۆیە پێویستە گوێ لە وتارێك بگرن هیچ ڕێکییەکی تێدا نییە لە زاری ئەو پیاوەوە کە ئەو شتە جوانەی داهێناوە، کە هیچ سوودێکی نییەو پێی دەڵێین (ئاسمان). کاتێك ئەو ئەڵمانییەی کە ئەڵمانییەکان تێی نەگەیشتن، نا من مەبەستم لەوە نە(گیتە)و نە (کانت)و نە (شوبنهاوەر)ـە، ئەو پیاوە لەڕادەبەدەرە (سووپەرمان)ـە، بێ گومان ئەو پیاوە پێشبینی ئەوەی دەکرد کە لە ئەمەریکا، لە گەردوونی باوك و لە سروشتی دایك یەکەمین (سووپەرمان)ی ڕاستەقینە لەسەر ڕووی زەمین لەدایك دەبێت. بەڕێزان من دەربارەی ئەو سووپەرمانە دەدوێم، دەربارەی ئەوەی لە بەرەبەیان ڕووناك ترە، ئەوەی نیشتمان نازناوی (لێهاتوو و شیاو)ی پێ بەخشیوە، سەبارەت بەسەرۆکی پارت و پارێزەری زیرەکی لاوان دەپەیڤم. بەڕێزان ئەوەی قسەی لەبارەوە دەکەم، دەبێت بێ گومان تێگەیشتبن، ئەویش سەرۆك کۆماری دەستوورییە، کە ئاماژەی پێ کرا بەوەی (سووپەرمان)ـە، ئەو بوونەوەرە لەڕادەبەدەرەی (نیتشە) لەبارەیەوە نووسیویەتی .... من لەم سەکۆوە ئەوە دەڵێم و دووبارەی دەکەمەوە، کاتێك ئەو ڕستەیەی گوت، بە مستەکۆڵە لە مێزی مەیخانەکەی دا. (لەبەر ئەوەیە

هاووڵاتییان، وێڕای ئەوەی کە من لەوانە نیم سیاسەتم کردبێتە هۆکار بۆ بژێوی ژیان و گوزەران، کەچی من بڕوایەکی بابەتیانەو تەواوو دڵسۆزانەم بەوە هەیە کە لەبەرئەوەی هیچ (سووپەرمان) یان (سووپەر هاووڵاتی)یەکی دیکەمان لەنێواندا نییە، ئەوە بە شێوەیەکی تاوانبارانە شێت، یان کوێر، کوێر، یان شێت دەبین، ئەگەر ڕێ بدەین جڵەوی فەرمانڕەوایی لە دەستی ئەو (سووپەر فەرماندە)یە دەربچێت کە ئێستەو تا هەتایە سەرکردایەتی وڵاتەکەمان دەکات، و بکەوێتە دەستی هاووڵاتییەکی دیکە، هاووڵاتییەکی ئاسایی، بۆ هاووڵاتییەك، برایانی هاووڵاتی، تەنانەت ئەگەر هەر هەموو خەسڵەتە باشەکانی سەر ڕووی زەوی هەبێت، ئەوە ئەو هێشتە هەر مرۆڤە. لەوێ لە کیشوەری ئەوروپای دێرین و بێ هێزکراو، دیموکراسی زۆر ئیمپراتۆرو پاشایانی لەناوبرد، بەڵام دەبێت لەوە بگەین ـ لەوەیش دەگەین ـ ئەگەرچی دیموکراسی گوێزراوەتەوە کێشوەری ئەمەریکا ـ ئەوە بە چەشەی (سۆپەرمان) جۆش دراوە کە لەوە دەچێت خواوەندانە بێت و، شێوەیەکی نوێی حکوومەت پێڕەو دەکات کە (سووپەر دیموکراسی)یە. ئێستەیش، بەڕێزان، پێم خۆشە شیعرێکتان بۆ بخوێنمەوە ...).

دەنگێك بەرزبووەوە: (ئەی شاعیر شتێکمان بۆ بخوێنەوە، بەڵام با هۆنراوە نەبێت!).

ـ (... شەوانەیەك لە (سی مایۆ)وە بۆ (سووپەر دەگمەن).

بە دوای بڕگە نایابەکەی شاعیردا چەند وتارگەلێکی دیکەی پڕ حەماسەتر خوێنرانەوە، مەبەستیان هێرش کردنە سەر پارتە (ڕیسوا)کەی دیکە بوو، کە پشتیوانی لە نەخوێندەواری (سان خوان) و سیستمی نووشتەو سیحرو شتی دیکەی هێوورکەرەوەی ئایینی دەکات. خوێنی لووتی یەکێك لە وتارخوێنەکان بەربوو، لەگەڵ وشەکاندا بە دەنگی بەرز هاواری کرد یەکێکیان پارچە گەچێکی بە ئاو تەڕکراوی بۆ بهێنێت تا بۆنی پێوە بکات و خوێن بەربوونەکەی ڕابگرێت.

مستەر (جەنگیز) گوتی: (ئێستە فریشتە ڕوو لە نێوان دیوارەکەو سەرۆکدایە. من زۆرم حەز لەو شێوازەیە ئەم شاعیرە قسەی پێ دەکات، بەڵام من لەو بڕوایەدام کە ئەگەر مرۆڤ شاعیر بوو ئەوە کارێکی زۆر خەفەتبارانەیە، بەڵام ئەگەر مرۆڤ پارێزەر بوو، ئەوە کارێکی هەرە زۆر خەفەتبارانەیە لە ژیاندا. ئێستەیش، داوای پەرداخێکی دیکەی ویسکی دەکەم). بانگی کرد: ویسکییەکی دیکە بۆ ئەم (سووپەرمان)ــە!

کاتێك فریشتە ڕوو قاوەخانەی (گامبریناس)ی بەجێدەهێشت، چاوی بە وەزیری جەنگ (بەرگری) کەوت.

ـ ژەنەراڵ بۆ کوێ دەچیت؟.

ـ بۆ دیداری جەنابی سەرۆك...

ـ کەواتە با پێکەوە بچین .

ـ تۆیش بۆ ئەوێ دەچیت؟. کەواتە با چاوەڕێی گالیسکەکەم بکەین، ئەوەندە ناخایەنێت دێت. ئەم قسەیە لە نێوان خۆمان دەرنەچێت. ئێستە لای بێوەژنێك بووم.

ـ ژەنەراڵ من دەزانم تۆ حەز لە بێوەژنی دەنگ خۆش دەکەیت.

ـ هیێ، هیێ، واز لەو گاڵتانەت بهێنە.

ـ گاڵتە ناکەم، تەنیا تێبینییەکی بچووکە.

ـ بچووك نییە، بەڵکو شایەن بە شاهەنشاکانە!

ـ بە ڕاستی؟.

گالیسکەکە بەبێ دەنگی دەڕۆیشت وەك بڵێیت لە وشکە کاغەز دروست کرابێت. پاسەوانەکان لە گۆشەی ڕێگەو بانەکاندا بڵاوبووبوونەوە، هەردووکیان گوێیان لێ بوون ئاماژەیان بە یەکدی دەدا: وەزیری جەنگ، وەزیری جەنگ).

سەرۆك بە هەنگاوی كورت كورت بە ناو ژووری نووسینگەكەیدا دەهات و دەچوو، شەپقەیەكی لەسەر بوو، تەوێڵی داپۆشیبوو، یاخەی چاكەتەكەی بەرەو سەرەوە بەسەر ملپێچێكی تەنكدا هەڵدرابووەوە، قۆپچەكانی بەرسینەكەی كرابوونەوە. جلێكی ڕەشی پۆشیبوو، شەپقەیەكی ڕەشی لەسەربوو، پێڵاوێكی ڕەشی لەپێ بوو.

ـ ژەنەراڵ كەش و هەوا چۆنە؟.

ـ جەنابی سەرۆك ساردە. ئەوەیش میگێل پاڵتاوی لەبەر نییە!

ـ جەنابی سەرۆك ..

ـ قسەی پووچ . ئەوەتە دەلەرزیت، پێشم دەڵێیت هەست بەسەرما ناكەیت. ژەنەراڵ تۆ هیچ تێناگەیت، یەكێك ڕەوانەی ماڵی میگێل بكە دەست بەجێ پاڵتۆیەكی بۆ بهێنن.

وەزیری جەنگ چووە دەرێ و سلاوی سوپایی بۆ سەندەوە، خەریك پێی لە شمشێرەكەی هەڵنووتێت كە بە لاقەدییەوە شۆڕ بووبووەوە، لەكاتێكدا جەنابی سەرۆك لەسەر كورسییەكی حەیزەران دانیشت و كورسییەكی تەنیشت خۆی پێشكەش بە فریشتە ڕوو كرد.

لە كاتێكدا دانیشت گوتی: (میگێل وەك دەبینیت، دەبێت بە خۆم هەموو شتێك بكەم و سەرپەرشتی هەموو شتێك بكەم، لەبەرئەوەی فەرمانڕەوایی نەتەوەیەك لە (خودان نیازان) دەكەم. كاتێك بە خۆم سەرپەرشتی كارەكان نەكەم، دەبێت پشت بە هاوڕێكانم ببەستم). ماوەیەك بێ دەنگ بوو پاشان درێژەی دایە و گوتی: (مەبەستم لە (خاوەن نیازان) ئەو كەسانەیە بە نیازن شتێك بكەن یان شتێك نەكەن، پاشان نە ئەمەو نە ئەوەیش جێبەجێ ناكەن لەبەرئەوەی هێزی ئیرادەیان نییە. بەوەیش نە لەگەڵ كاروان و نەیش لەگەڵ هێرشبەراندایە. بۆ نموونە، خاوەن پیشەسازییەكانی لای خۆمان ژیانی خۆیان دەگوزەرێنن و هەر ئەو

قسەیە دەڵێن و دووبارەی دەکەنەوە: دەمەوێت کارگەیەك دروست بکەم، دەمەوێت ئامێری نوێ دامەزرێنم، دەمەوێت ئەمە بکەم، دەمەوێت ئەوە بکەم، ئیدی بەم شێوەیە تا دوایی. خاوەندانی کشت و کاڵیش دەڵێن: من دەمەوێت شێوازی نوێ تاقی بکەمەوە، من دەمەوێت بەروبوومەکانم ڕەوانەی دەرەوە بکەم، نووسەریش دەڵێت: دەمەوێت کتێبێك بنووسم، مامۆستایش دەڵێت: من دەمەوێت فێرگەیەك بکەمەوە، بزنسمانیش دەڵێت: من دەمەوێت ئەم مامەڵەیە یان ئەو مامەڵەیە بکەم، ڕۆژنامەنووسانیش ـ ئەو بەرازە قەڵەوانەی گیانیان لەناو بەزەکانیاندا نغرۆ دەبێت ـ دەڵێن: من دەمەوێت ڕەوشی کۆمەڵ باشتر بکەم. بەڵام، وەك گوتم، کەسیان هیچ شتێك جێبەجێ ناکەن، بۆیە شتێکی ئاساییە کە پێویستە من ـ سەرۆك کۆمار ـ بەخۆم هەموو شتێك بکەم. وێڕای ئەوەیش هەموو گلەییەکم لەئەستۆیە. دەشتوانیت بڵێیت ئەگەر من نەبووایەم بەخت و چارەیش نەدەبوو، چونکە دەبێت لە کاتی ڕاکێشانی ئەو ژمارانەی لۆتۆدا کە دەبەنەوە، ڕۆڵی خواوەندی بەخت بگێڕم ...).

نووکی پەنجە نەرم و باریك و قاوەیی ڕەنگەکانی بەسەر سمێڵیدا هێنا و بە ڕیتمێکی جیاواز درێژەی دایە:

ـ (هەموو ئەمەیش وام لێ دەکەن بڵێم کە بارودۆخ ناچارم دەکات سوود لە پیاوگەلی وەك تۆ ببینم، شتێکی سوودبەخشە لە تەنیشتمەوە بن، بەڵام لە دەرەوەی کۆماردا سوودبەخشترن، کە پلان و پیلانی نەیارەکانم و نووسینە چەپەڵەکانیان مەترسی و هەڕەشە لەبەردەم هەڵمەتی سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەمدا دروست دەکەن ...).

هەردوو چاوی شۆڕ کردەوە، وەك بڵێیت دوو کێچ بن لە خوێندا سوور هەڵگەڕابن، پاشان درێژەی دایە و گوتی:

ـ (من لەبارەی (کانالیس)و دارو دەستەکەیەوە نادوێم، میگێل مەرگ بەردەوام ڕاستگۆترین هاوپەیمانم بووە! من لەبارەی ئەو خەڵکەوە دەپەیڤم کە دەکۆشن کار بکەنە سەر ڕای گشتیی لە ئەمەریکای باکوور، بە هیوای ئەوەی لە (واشنتۆن) گومانم لەبارەوە پەیدا بکەن. کاتێك گیانلەبەرێکی دڕندەی بەندکراو لە قەفەسەکەیدا قژی خۆی بگۆڕێت، ئەوە ناگەیەنێت کە داوا لە خەڵکی دیکە بکات بچن چی قژی دیکەی هەیە بە زۆر هەڵکێشن، ئەدی وا نییە؟. باشە، کەواتە، تۆو خوا من پیرەمێردێکی سەرخۆش و دڵم چوون ئەبەنۆس ڕەقە، وەك پڕوپاگەندەم لەبارەوە بلاو دەکەنەوە؟. با ئەو گەوجانە چی دڵێن، بۆ خۆیان بڵێن! یان گەل بە خۆی، لەبەر هۆکاری سیاسی، سوود لەو کارانە وەربگرێت کە ئەنجامم داون بۆ ئەوەی نیشتانم لە کوشتارگەلی ئەو سەگانە ڕزگار بکەم، ئەمە شتێکە جێی پەسەند نییە! سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەم لە تای تەرازوودایە، ئەمەیش ئەو هۆیە بوو میگێل لە پێناویدا بە دوامدا ناردیت. دەبێت بچیتە (واشنتۆن)و لەوێوە ڕاپۆرتێکی تێرو تەسەلم سەبارەت بە هەورگەلی ئەو ڕق و گومانان بۆ ئامادە بکەیت، هەروەها سەبارەت بەو ڕێوڕەسمی تەرم ناشتنانەی کە لەوێ بەڕێوە دەچن و هیچ ڕۆڵێکی ڕێز لێگیراو لەخۆ ناگرن تەنیا ڕۆڵی خودی تەرمەکە نەبێت، وەك لە هەر هەموو تەرم بەڕێکردنەکاندا ڕوودەدات).

فریشتە ڕوو، خۆی لە نێوان دووڕیانێکی ئارەزوو و ترسدا بینییەوە، ئارەزووی ئەوەی بەگوێی ئامۆژگارییەکەی (مستەر جەنگیز) بکات و هەموو نیازەکانی دڵی بخاتە ڕوو، یاخۆ ترس لەوەی ـ لە ئاکامی هەر هەڵەیەکی زمانیدا ـ هەلی ئەو گەشتە لەدەست بدات کە هەر لەسەرەتاوە دەرکی بەوە کرد کە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕزگاری بێت، بۆیە زمانی تەتەڵەی کردو گوتی:

ـ (جەنابی سەرۆك، ئێوە دەزانن من بە بێ هیچ هەل و مەرجێك بۆ هەر مەبەستێك بووبێت، لە قسەتان دەرناچم، لەگەڵ ئەوەیشدا تکایە ڕێمان بدەن دوو

قسە بکەم، لەبەرئەوەی بەردەوام ویستوومە دڵسۆزترین و بەئەمەکترین خزمەتکارتان بم. ئەویش لەبەرئەوەی من ـ بەر لەوەی ئەم ئەرکە گرینگەم پێ ڕاسپێرن ـ دەمەوێت داوا لە جەنابی سەرۆك بکەم ـ ئەگەر لاری نەبێت ـ سۆزی خۆی بنوێنێت و فەرمان بدات لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەو تۆمەتانە بکرێت کە پێی تۆمەتبار دەکرێم گوایە من نەیاری جەنابی سەرۆکم، کە لەلایەکەوە لەلایەن داواکاری گشتیی سەربازییەوە ئاراستەم دەکرێت ...).

ـ بەڵام، کێ هەیە گوێ بەم قسە پڕو پووچانە بدات؟.

ـ جەنابی سەرۆك ناشێت گومان لە لایەنگری تەواوو ڕەهام بۆ خودی خۆی و حکوومەتەکەی بکات، بەڵام ناشمەوێت تەواوی بڕوای خۆیم پێ ببەخشێت بەر لەوەی بۆی دەربکەوێت ئایە تۆمەتەکانی داواکاری گشتیی سەربازی ڕاستن یان پووچەڵ.

ـ (میگێل من داوای ئامۆژگاریم لێ نەکردوویت سەبارەت بەوەی کە پێویستە بیکەم! واز لەمە بهێنە! من هەموو شتێك لەبارەی ئەم بابەتەکەوە دەزانم، بەڵکو ئەوەیشت پێ ڕادەگەیەنم ئەم تۆمەتبار کردنە لە نووسینگەکەم هەیە کە داواکاری گشتیی سەربازی دژ بە تۆی دارشتووە کاتێك ژەنەراڵ (کانالیس) هەڵات، بگرە لەوە زۆرتریش. دەتوانم پێت بڵێم کە دوژمنایەتی داواکاری گشتیی لەگەڵ تۆ لە ئاکامی بارودۆخێکەوەیە کە ڕەنگە تەواو پەی پێ نابەیت. داواکاری گشتیی، بە ڕێککەوتن لەگەڵ پۆلیس، پلانێکیان بۆ ڕفاندنی ئەو خاتوونە دانابوو کە ئێستە هاوسەری تۆیە، بۆ ئەوەی بە ئافرەتی خاوەن سۆزانیخانەکەی بفرۆشن، کە پێشەکی دە هەزار بیزۆی لێ وەرگرتبوو تا دەستی لێ هەڵبگرێت، لە بری ئەوە ئافرەتێکی دیکەی بەستەزمانی بۆ ناردبوو کە ئێستە خەریکە شێت دەبێت لە ئاکامی ئەو ئازارو ئەشکەنجەوە بە دەستی ئەو خانەیەوە چەشتوویەتی).

فریشتە ڕوو کپ و قڕ دانیشتبوو، نەیدەویست لەبەردەم گەورەکەیدا هیچ گۆڕانێك لە ڕوخساریدا دەربکەوێت، هەست و نەستی خۆی لە قوولاّیی دلّی خۆیدا لە پشتی هەردوو چاوە قەدیفەییە ڕەشەکەیەوە ڤەشێرتبوو، لە ڕەنگ زەردی و ساردیدا لە کورسییە حەیزەرانەکەی دەچوو.

ـ (ئەگەر جەنابی سەرۆك ڕێم بدات، من بە باشتری دەزانم لە تەنیشتییەوە بمێنمەوەو بە خوێنم پارێزگاری لیّ بکەم).

ـ مەبەستت ئەوەیە ئەو پێشنیازە پەسەند ناکەیت بۆم خستیتە ڕوو؟.

ـ نا، جەنابی سەرۆك بە تەواوەتی پەسەندی دەکەم.

ـ کەواتە زۆر باشە. هەرگیز پێویست بەم هەموو شتە ناکات، تەنیا وشەیە. سبەینیّ ڕۆژنامەکان هەوالّی زوو ڕۆیشتنت بلاّودەکەنەوە، نابێت شەرمەزارم بکەیت. وەزارەتی جەنگ (بەرگری) فەرمانی پیّ کراوە ئەمڕۆ چی بڕە پارەیەکت پێویستە بۆت دابین بکات بۆ ئەوەی خۆت ئامادە بکەیت. تێچووی گەشتەکەو ڕێنوێنییەکانیشت لە وێستگەی شەمەندەفەر بۆ ڕەوانە دەکەم.

فریشتە ڕوو هەستی بە لێدانی کاتژمێرێك لە ناخی زەویدا کرد ئاماژەی بە تێپەڕبوونی کاتی دیاریکراو دەکرد. لە پەنجەرەیەکەوە کە هەردوو لای لەسەرپشت بوو، هەردوو چاوی لەژێر هەردوو برۆ ڕەشەکانییەوە، ڕوانییان و بلّێسەیەکی ئاگر لە تەنیشت دارستانێکی دار سەرووی کەسکی تاریك و شوورەگەلی دووکەلّی سپی، لەناو حەوشەیەکی دیمەن نیوچە شاراوە لەناوەندی تاریکاییدا بەرز دەبوونەوە. چەند کۆمەلّە پاسەوانێکیش لەویّ لەژێر ئەستێرە گەشەکاندا ڕاوەستابوون. چوار شەبەنگی قەشەیش لەم لاو لەو لای حەوشەکە ڕاوەستابوون، هەرچواریان چوون فالّگرەوەی ناخی ناوەوە قەوزەیان پۆشیبوو، هەرچواریان دەستیان بە پێستی ڕەنگ سەوزو زەردی بۆق داپۆشرابوو، هەرچواریان چاویان لەلای ڕووناکی دەم و چاویانەوە نووقابوو، لەلای تاریکەوە کرابووەوە. لەناکاودا

دەنگی دەهۆڵ لێدان بەرگوێکەوت، تم تتم، تم تتم، تم تتم، ژمارەیەکی زۆر پیاو دەرکەوتن خۆیان لە شێوەی گیانلەبەر ڤەشێرتبوو، یەك ڕیز بە دوای یەکدیدا گومبەتانێیان دەکرد، لەناوەندی داری دهۆڵ لێدانە بەجۆش و خرۆش و خوێناویەکەوە، قرژاڵگەلی دەریایی لە هەواوە دابەزین و کرمەکانیش لە ئاگرەکەوە کشان و پیاوەکان لەسەر ڕیتمی دەهۆڵەکان سەمایان کرد، تا لە بادا قیت نەتەزێن و بڵێسەی ئاگرەکەیان بە چەوری (تربنتینا) خۆش دەکرد، کە لە تەویلیانەوە چۆڕاگەوەی بەستبوو. لە ناوەندی سێبەرەکانەوە کە ڕەنگی تەرسیان هەبوو، پیاوێکی قەوارە بچووك دەرکەوت، دەم و چاوی لە میوەی وشکەوەکراو دەچوو، زمانی لە هەردوو شەویلاکیەوە شۆڕ بووبووەوە، دڕك بە هەردوو لاجانگیەوە بوو، بێ گوێ بوو، بە دەوری ناوکیدا پەتێکی خوری لە پشت بەستبوو سەری جەنگاوەرو گەڵای کوولەکە زاخۆی لێوە شوور بووبووەوە. دەستی بە فوو لێ کردنی ئاگرە کەڵەکە بەستووەکە کرد و شادییەکی کوێری خستە ناخی پیاوە گیانلەبەرەکانەوە و بە دەمی قەپی بە هەندێك ئاگردا کرد و بە ددانەکانی جوونی وەك بڵێیت پارچە لاستێك بن بێ ئەوەی دەمی بسووتێت. دەنگێك لە تاریکییەوە بەرگوێکەوت کە باڵی بەسەر درەختەکاندا کێشابوو، لێرەو لەوێش دەنگی پرسەو ماتەمینی ئەو خێڵانە بەرزبووەوە کە پیاوەکانیان لە کاتی لەدایکبوونەوە لەنێوان خۆیاندا بەشەڕ دەهاتن و دەجەنگان: بە ڕیخۆڵەکانی ناوسکیان، پیاوی گیانلەبەر بوون، بە پێستیان، باڵندەی تینوویەتی بوون، بەترسیان، بەڕشانەوەیان، بە پێویستییە جەستەییەکانیان، لە (تۆهێل)ی (ئاگربەخش) دەپاڕانەوە مەشخەڵە داگیرساوەکەیان بۆ بگێڕێتەوە. (تۆهیل) بە سواری ڕووبارێك سینگی کۆتر گەیشت، کە شیریان لێ دەچۆڕا. ئاسکەکان بەرەو لای وی ڕایانکرد تا لیمشتی ئاوەکە ڕانەوەستێت، شاخەکانیان لە نەرم و نیانی بارانیان دەکرد. سمە بچووکەکانیان چوون بای سووك سەر لمە نەرمەکان کەوت.

باڵندەکان بەرەو لای باڵیان گرتەوە تا سێبەرەکەی بەسەر ڕووی ئاوەکەوە ڕاەوەستێت ـ باڵندەگەلێك ئێسکەکانیان زۆر لەو پەڕانە باریکتربوون داپۆشیبوون. ترپەی پێ لە قووڵایی زەویەوە بەرگوێکەوت: ڕاتبلان .... ڕاتبلان ... ڕاتبلان!

(تۆهیل) داوای قوربانی ئادەمیزادی کرد. خێڵەکان لە بەردەمیدا لێهاتووترین ڕاوچییەکانی خۆیان پێشان دا، تیرەکانیان ڕووەو ئاسمان و قەڵماسکەکانیان ئامادە بوو.

(تۆهیل) پرسیاری کرد: ئایە ئەو پیاوانە پیاوانی دیکە ڕاودەکەن؟.

لە قووڵایی زەوییەوە ترپەی پێ بەرگوێکەوت: ڕاتبلان ... ڕاتبلان ...ڕاتبلان ... ڕاتبلان!

خێڵەکان وەڵامیان دایەوە: ئەوەی داوای دەکەیت جێبەجێی دەکەین، بەڵام بە مەرجێك ئەی ئاگربەخش ئاگرەکەمان بۆ بگێڕیتەوە، تا لەمەو پاش نە گۆشتمان و ، نە هەواو، نە نینۆکمان و نە زمانمان و نە قژمان نەبەستێت! بە مەرجێك ژیانمان تێك نەدەیت و نەمانخەیتە ژێر ڕکێفی ژیانێکەوە کە بە خۆی مردنە!

(تۆهیل) گوتی: (من قایلم!).

ترپەی پێ لە قووڵایی زەوییەوە بەرگوێکەوت: ڕاتبلان ... ڕاتبلان ... ڕاتبلان!

ـ (من قایلم! من دەتوانم فەرمانڕەوایی ئەو پیاوانە بکەم کە پیاوانی دیکە ڕاو دەکەن. بۆیە لەوە بەو لاوە نە مردنێکی ڕاستەقینەو نە ژیانێکی ڕاستەقینە لە ئارادا نابێت. نە سەربەرزی ڕاستەقینە و نە شەرمەزاری ڕاستەقینە و نە کینەی ڕاستەقینە لە ئارادا نابێت. ئێستەیش، بۆ سەربەرزی و شکۆمەندی من سەمای کەڕەناو شەیپوورەکان بکەن!).

هەر جەنگاوەرێك دەستی دایە شەیپوورەکەی خۆی و، لەسەر ڕیتمی دەهۆڵ و ئاوازی هەواو دەنگەکان، بەردەوام فووی پێدا کرد بەبێ ئەوەی بۆ هەناسەدانیش پشوو بدات، ئەوەیش وای کرد هەردوو چاوی (تۆهیل) بکەونە هەلەکە سەما.

پاش ئەم ئەم خەونە سەیرە کە هیچ هۆیەکی نییە شی بکاتەوە، فریشتە ڕوو مۆڵەتی لە سەرۆك وەرگرت. کاتێك چووە دەرەوە، وەزیری جەنگ بانگی کردو سەفتەیەك بەنکەنۆتی دراوو پاڵتۆکەی پێ دا. زۆر بە ئاستەم گوتی: ژەنەراڵ ناچیتە دەرەوە؟.

ـ (حەزم دەکرد بـمتوانیبایە. بەڵام ڕەنگە بە خۆم لەوێ پێتڕا بگەم، ئەگینا ڕۆژێکی دیکە بە دیداری یەکدی دەگەین، دەبێت ئێستە لێرە بم، وەك دەبینیت)، سەری بۆ سەر شانی ڕاستی چەوتاندەوە (گوێ لە دەنگی پێشەوام دەگرم).

(٣٨)

## گەشت

ئەو تەوژمە لافاوی بارانەی کە بەسەر سەربانەکەدا دەباری کاتێك کامیلا چەمەدانییەکەی دەبەست نەدەڕژایە نێو خانووەکەوە، بەڵکو زۆر دوور دەڕۆیشت، بۆ ئەو بۆشاییە فرەوانەی ڕووەو لادێ ، یان ڕەنگە بەرەو دەریا دەڕۆیشت. بایەکی توند هەڵیکردو پەنجەرەکەی کردەوە، یەکسەر باران هروژمی کردە ژوورەوە وەك بڵێیت شووشەی پەنجەرەکە هەپروون بە هەپروون بووبێت، پەردە و کاغەزەکان باڵیان گرتەوە و دەرگەکان توند پێوەدران، بەڵام کامیلا سەرقاڵی ئیشەکەی خۆی بوو، لەناو ئەو چەمەدانانەدا گۆشەگیربوو کە شتی تێدەئاخنین. ئەگەرچی تا سەر ئێسکەکانی هەستی بەسەرما کرد، هیچ شتێکی لەبەر چاو نە تەواوو نە جیاواز بوو، هەموو شتێکی لە پێش چاو بۆش و پچڕ پچڕ و بێ بەها و جیلاتینی و تەواو وەك خۆی بێ گیان بوو.

فریشتە ڕوو لە کاتێکدا پەنجەرەکەی دادەخست گوتی: (باشتر وایە لێرە بمێنینەوە، یان لە شوێنێکی دیکەی دوور لەو دڕندەیە بین؟. چی دەڵێیت؟. تەواو ئەوەم دەویست، بەڵام ڕەنگە بۆ شوێنێکی دوور هەڵێم!

ـ بەڵام ... پاش ئەوەی ئەو بەسەرهاتانەت لەبارەی ئەو پزیشکە سیحربازە دڕندانەوە بۆ باس کردم کە لە ماڵەکەیدا سەما دەکەن...

وەڵامیدایەوە لە کاتێکدا گرم و هوڕی هەورە تریشقەکە بەسەر دەنگیدا زاڵ بوو: ئەوە شایەنی ئەوە نییە نیگەرانمان بکات. لەگەڵ ئەوەیشدا، بەو سیحرو فاڵ گرتنەوانەیان چی دەتوانن لەبارەی منەوە هەڵهێنجێنن؟. هەرچۆنێك بووە، بەخۆی ڕەوانەی واشنتۆنم دەکات، هەر بە خۆیشی پارەی گەشتەکەم دابین دەکات. ئای خودایە! کاتێك دووردەکەومەوە ڕەنگە هەموو شتێك تەواو جیاواز بێتە پێش چاو. ئەگەری هەموو شتێك هەیە. تۆیش، بە بیانووی ئەوەی نەخۆشیت، یان من بە خۆم نەخۆشم، بە دوامدا دێیت، پاش ئەوەیش دەتوانێت چۆنی پێ باشە بە دواماندا بگەڕێت!

ـ بەڵام، گریمان ڕێی نەدام من سەفەر بکەم بۆ لات؟.

ـ باشە، ئەو کاتەیش دەگەڕێمەوە و دەمم دادەخەم، ڕەوشەکەش لەوەی ئێستە خراپتر نابێت، ئەدی وا نییە؟. ئێمە هیچ شتێك ناخەینە مەترسییەوە...

ـ تۆ بەردەوام لات وایە هەموو شتێك ئاسانە!

ـ ئەوەندەمان هەیە پێی بژین لە هەر شوێنێك کە هەڵیببژێرین، مەبەستم ژیان، ژیانی ڕاستەقینەیە نەك هەموو ڕۆژێك ئەو ڕستەیە بڵێینەوە: من بە مێشکی جەنابی سەرۆك بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم، من بە مێشکی جەنابی سەرۆك بیر دەکەمەوە کەواتە من هەم.

کامیلا بە دووچاوی پڕ لە فرمێسکەوە تێی ڕوانی. وەك بڵێیت دەمی بە شیعر گوتن تەرەکابێت، گوێیشی بە باران.

ـ بەڵام ... بۆچی دەگریت؟. .... مەگری ...

ـ ئەی چیت دەوێت بیکەم؟.

ـ ئافرەتان هەر هەموویان وەك یەکن!

ـ وازم لێ بێنە ..

ـ بە خوا ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بیت و هەر بنووزێیتەوەو بگریت نەخۆش دەکەویت!

ـ نا وازم لێ بێنە ...

ـ وەك بڵێیت بەرەو مەرگ هەنگاو بنێم یان بە زیندوویی دەمنێژن.

ـ وازم لێ بێنە!

دەم و چاوو فریشتەیی لە ئامێزی گرت. دوو فرمێسکی گەرم بەسەر گۆنا پیاوانە وشکەکانیدا، کە بە گریان ڕانەهاتبوون، چوون دوو بزمار کە باش هەڵنەکەنرابن چۆڕاوگەیان بەست.

کامیلا بە سرپەو گوتی: بەڵام خۆ نامەم بۆ دەنووسیت ...

ـ شتێکی ئاساییە ...

ـ تکات لێ دەکەم نامەی زۆرم بۆ بنووسە. تۆ دەزانیت پێش ئێستە لێك دانەبڕاوین. لە نامەم بێ بەش مەکە، ئازارو ئەشکەنجە دەکێشم ئەگەر ڕۆژگار تێپەڕێت و هەواڵی تۆم پێ نەگات، ئاگەت لە خۆت بێت! بڕوا بە کەس مەکە، گوێت لێمە؟. گوێ بە قسەی هیچ کەسێك مەدە، بە تایبەتی خەڵکانی وڵاتەکەت، ئەوانە زۆر خراپن. سەرەڕای هەموو شتێك، تکات لێ دەکەم (لێرەدا مێردەکەی ماچی کردو قسەکانی پێ بڕی) ... تکایە ...تکایە ... بەردەوام .... نامەم..... بۆ ... بنووسە.

فریشتە ڕوو چەمەدانییەکانی داخست بێ ئەوەی هەردوو چاوی لەسەر هەردوو چاوی بەسۆز و تامەزرۆیانەی ژنەکەی بترووکێنێت. باران توند ڕەهێڵەی دەکرد. باراناو چوون زنجیری قورس لە میزرابەکانەوە هەڵدەقولا. بیرۆکەی پاش نیوەڕۆی سبەینێ ـ کە زۆر نێزیك بووەتەوە ـ هەناسەی لێ دەبڕین، کاتێك هەموو شتێك ئامادەبوو، بەبێ دەنگی جلەکانیان داکەند، لە نێوان چرکەی کاتژمێرەکە کە

کاتەکانی دیکەی پەرت دەکردەوە ... تك ... تاك ... تك ... تاك ... تك ... تاك و لە نێوان گیزەی کێچەکاندا، کە نەیاندەهێشت بنوون، خزانە ناو نوێنەکەوە.

ـ ئێستە بیرم کەوتەوە، کە لەبیرم چووبوو پێیان بڵێم دەرگەکان دابخەن بۆئەوەی کێچ نەیەنە ژوورەوە، خوایە، چەندە گێل و گەوجم!.

تەنیا وەڵامی فریشتە ڕوو ئەوەبوو توندتری لە ئامێز گرت، لە بەرخۆڵەی بچووك دەچوو کە هێشتە فێری ئەوە نەبووبێت بباعێنێت.

نەیوێرا ڕووناکییەکە بکوژێنێتەوەو، نەیش چاو بنووقێنێت و، نەیش یەك وشەی لەزار بێتە دەر. لەبەر ڕووناکییەکەدا توندتر پێکەوە نووسابوون، هەروەها دەنگی مرۆڤ جۆرە ماوەیەك دروست دەکات قسەکەران لە یەکدی جودا بکاتەوە، هەردوو پێڵووی داخراویش بریتین لە بەربەستێکی سەخت و، مانەوەیش لە تاریکیدا شێوەیەکە لە شێوەی لێکدابڕان. لەم دوایەمین شەوەدا زۆر شت هەبوون بۆ یەکدیکەی بگێڕنەوە، تەنانەت درێژەی دەمەتەقێکەیان لە جۆرە بروسکەیەکی زۆر بەپەلە دەچوو.

هەراو زەنای خزمەتکارەکان ناو حەوشەکەی تەنییەوە کاتێك بەناو حەوزی ڕووەکەکاندا ڕاوەدووی مریشکێکیان دەنا، باراناو لە میزرابەکانەوە دەردەپۆقی وەك بڵێیت کاتژمێرێکی ئاوی بن. مریشکەکە هەڕای کردو پەلەقاژێی بوو خۆی لە مردن ڕزگار بکات کە چاوەڕوانی بوو. فریشتە ڕوو لە کاتێکدا دەستی بەسەر سکە خڕەکەی کامیلادا دەهێنا و ڕێکی دەخست، بە گوێوەی چرپاند: ئەی ئاشە بچووکەکەم ... ئەویش لەکاتێکدا جەستەی توند بە جەستەیەوە نووساند، گوتی: ئەی خۆشەویستم ...هەردوو قاچی لەژێر جێگەکەوە کەوتنە جووڵە وەك بڵێیت سەوڵ بن و لە دەریایەکی بێ بندا بە ئاوە ڕۆشنەکەدا بکێشن.

خزمەتکارەکان هێشتە هەڕایان دەکردو هاوار هاواریان بوو. مریشکەکە، تۆقیوو زاڵەتەرەك، لەدەستیان هەڵاتبوو، هەردوو چاوی خەریکبوون دەردەچوون،

دەنووکی بەشیبووەوە، هەردوو باڵی چوون خاچ شۆڕ کردبووەوە، هەناسەبڕکێی پێکەوتبوو.

کاتێك یەکدییان ماچ دەکرد، بە پەنجە لەرزۆکەکانیان ـ پەنجەی نیوچە مردوو و نیوچە نووستووی ژیلاتینی، پەنجە بازییان دەکرد.

کامیلا پێی گوت: (خۆشەویستم). ئەویش پێی گوت: (بەهەشتەکەم). کامیلا پێی گوت : (بەهەشتەکم)...

مریشکەکە خۆی بە دیوارەکەدا کێشا، یان دیوارەکە خۆی پێدا کێشا، بە خۆی هاوکات هەستی بە هەردووك کرد لەیەك کاتدا ڕوودەدەن. ملیان لێ کردەوە. بە هەردوو باڵی باڵەفڕێی پێ کەوت وەك بڵێیت کە بە مردوویيش دەتوانێت بفڕێت. ئافرەتە چێشتلێنەرەکە کە پەڕەکانی قەد بەروانکەکەی دەتەکاند هاواری کرد: (مریشکە بەستەزمانەکە خۆی لە خوێن گەوزاند!). ڕۆیشت هەردوو دەستی لە ئاوهەڵپژێنەکە بشوات کە پڕ لە باراناو بووبوو.

کامیلا هەردوو چاوی نووقاند ... قورسیی مێردەکەی ... باڵ بەیەکدادانی مریشکەکە ... لەکەکە ...

کاتژمێرەکە هەر لێی دەدا، ئێستە هێواشتر بوو ... تك ... تاك ... تك ... تاك ... تك ... تاك ... تك ... تاك ...

❊❊❊

فریشتە ڕوو بە پەلە چاوی بەو کاغەزانەدا خشاند کە ئەفسەرێك لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە پێی دان. کاتێك شارەکەی بەجێ هێشت، وای دەبینی وەك بڵێیت شار بە نینۆکی سەربانە پیسەکانی چڕنووك لە ڕووی ئاسمان دەگرێت. ئەو بەڵگەنامانەی وەریگرتن خۆشنوودییان خستە ناو دەروونییەوە، بەخت یاوەری بوو کە ئێستە لە فارگۆنێکی پلە یەکی شەمەندەفەردا ئەو گەشتە دەکات و لەو پیاوە

دووردەکەیتەوە، بەبێ ئەوەی سیخوڕێك بەدوایەوە بێت بایەخی پێ دەدرێت و ڕێزی دەگیرێت و گیرفانی پڕ لە چەکی بانکەنۆتە. پێڵووەکانی لێك نا بۆ ئەوەی باشتر هزرەکانی چڕتر بکاتەوە. کێڵگەکان جوولەیان تێ کەوت کاتێك شەمەندەفەرەکە بە ناوەندیاندا تێپەڕی، ئەوانیش، یەك لە دوای یەکدی، یەك لە دوای یەکدی، یەك لە دوای یەکدی، چوون منداڵە وردکە هەڕایان دەکرد، درەخت و، ماڵان و، پردگەل ...

ـ ئای چەندە بەختەوەرم لە فارگۆنێکی پلە یەکدا لەو پیاوە دوور کەوتمەوە!...

یەك لە دوای یەکدی، یەك لە دوای یەکدی، یەك لە دوای یەکدی ...ماڵەکان ڕاوەدووی درەختیان دەنا، درەختیش ڕاوەدووی شوورەی دەنا، شوورەیش ڕاوەدووی پردی دەنا، پردیش ڕاوەدووی ڕێگەی دەنا، ڕێگەیش ڕاوەدووی ڕووباری دەنا، ڕووباریش ڕاوەدووی چیای دەنا، چیایش ڕاوەدووی هەوری دەنا، هەوریش ڕاوەدووی کێڵگەی گەنمە شامی دەنا، کێڵگەی گەنمە شامیش ڕاوەدووی جووتیاری دەنا، جووتیاریش ڕاوەدووی چارەواو وڵاخ و پەزەکانی دەنا...

... بەبێ ئەوەی سیخوڕێك بەدوامەوە بێت بایەخم پێ دەدرێت و ڕێزم دەگیرێت ... وڵاخەکانیش ڕاوەدووی ماڵەکانیان دەنا، ماڵیش ڕاوەدووی درەختی دەنا، درەختیش ڕاوەدووی شوورەی دەنا، شوورەیش ڕاوەدووی پردی دەنا، پردیش ڕاوەدووی ڕێگەی دەنا، ڕێگەیش ڕاوەدووی ڕووباری دەنا، ڕووباریش ڕاوەدووی چیای دەنا، چیایش ڕاوەدووی هەوری دەنا...

بەدرێژایی ڕووی گۆماوێکی تەنکی تاریك وەك بنە گۆزەیەکی گەورە وێنەی گوندێك بەرچاو کەوت.

هەوریش ڕاوەدووی کێڵگەکانی گەنمە شامی دەنا، کێڵگەکانی گەنمە شامی ڕاوەدووی جووتیاریان دەنا، جووتیاریش ڕاوەدووی وڵاخەکانی دەنا...

... بەبێ ئەوەی سیخوڕێك بە دوامەوە بێت و چەكە بەنكەنۆتەكانم لە باخەڵدان ...

... ولاّخەكانیش ڕاوەدووی ماڵیان دەنا، ماڵیش ڕاوەدووی درەختی دەنا، درەختیش ڕاوەدووی شوورەی دەنا، شوورەیش ....

زۆر چەكی بانكەنۆتیشم لە باخەڵدایە!

لە پەنجەرەكەوە پردێك بریسكایەوە، وەك بڵێیت مشتووی داری بلیاردۆ بێت.... ڕووناكی و سێبەر، پێپلكەی وشكی ئاسنین، باڵی پاساری ...

شوورەیش ڕاوەدووی پردی دەنا، پردیش ڕاوەدووی ڕێگەی دەنا، ڕێگەیش ڕاوەدووی ڕووباری دەنا، ڕووباریش ڕاوەدووی چیای دەنا، چیایش ...

فریشتە ڕوو سەری خستە سەر پشتی ئەو كورسییەی بە پووش ئاخنرابوو. بە هەستێكی شڵەژاو كە لەناو شەمەندەفەرەكەدایەو لەناو شەمەندەفەرەكەدا نییەو لە دوای شەمەندەفەرێك دواكەوتووە، چاوە خەواڵووەكانیشی سەرنجی لێوارە نزم و پان و گەرم و بێزاركەرەكەی دەدا، لەگەڵ هەر ساتێكدا پترو، پترو پتر لە شەمەندەفەرەكە دوادەكەوێت ...

لەناكاو هەردوو چاوی كردەوە.خەوی لێ كەوتبوو. خەوێكی نیگەرانی كابرایەكی ڕاكردوو، نیگەرانی كابرایەك كە دەزانێت مەترسی لەناو هەمان ئەو هەوایەدا مەلەوانی دەكات كە هەڵیدەمژێت، وای هەست دەكرد هەر ئێستە لە كونێكی شاراوەوە لە كورسییەكەی ناو شەمەندەفەرەكەوە بازیداوە. ملی دێشا، ئارەقە بە دەم و چاویدا چۆڕاوگەی بەستبوو، پەڵەیەك مێش بە چواردەوری تەوێڵیدا دەسووڕایەوە.

لەسەر ئەو سەوزاییەی بەردەمی پێیدا تێدەپەڕین، هەوری كپی پڕ لە ئاو كە لە دەریاوە هەڵیان مژیبوو، گرد دەبوونەوە، ڕەگ و ڕیشەی برووسكەیش چوون چرنووك لەودیوی چەقە خۆڵەمێشینە قەتیفەییەكانەوە دەچەقان.

گوندێك بەرچاو كەوت پاشان بزربوو، گوندێك پێدەچێت چۆڵ بێت، ژمارەیەك خانوو بە وشكە گەڵای گەنمە شامی چوار دەور درابوون، لە نێوان كڵێسەو گۆڕستانەكەدا گلێربوونەتەوە. بیرۆكەیەك بە ئەندێشەی فریشتە ڕوودا گوزەری كرد: (چەند حەز دەكەم ئەو بڕوایەم هەبێت كە ئەم كڵێسەیەی لەم شوێنەدا دروست كردووە. كڵێسە و گۆڕستان، هیچ زیندوویێك لە گوندەكە نەماوە تەنیا بڕواو مردووەكان نەبێت!). شادیی هەڵاتن بەر چاوی گرت. بەڵام ئەو وڵاتە بە بەهارە قورسەكەی وڵاتی خۆیەتی، سۆزیەتی، دایكیەتی، ئەو ژیانە نوێیە چۆن بێت كە بە جێهێشتنی ئەم گوندانە لە ناخیدا دەبووژێتەوە، ئەوە هەر كاتێك لەناو خەڵكی وڵاتانی دیكەدا بێت، ئەوە بەردەوام مردووی نێوان زیندووان دەبێت، لەودیوی ئامادەگی نادیاری ئەم درەخت و كێڵی گۆڕانەوە دەژاكێت.

وێستگە بە دوای وێستگەدا تێپەڕین. شەمەندەفەرەكە بێ ڕاوەستان دەڕۆیشت، بەسەر هێڵە ئاسنینە لەرزۆكەكاندا گورەی دەهات. شاورێك لێرە، دەنگی برێكێك لەوێ، لەودیویشەوە تەپۆڵكەیەك هەبوو ئەڵقەیەك دووكەڵی چڵكن داپۆشیبوو. نەفەرەكان بە شەپقەو ڕۆژنامەو دەستەسڕ باوەشێنی خۆیان دەكرد، خەریكبوو لەبەر ئەو هەوا گەرمدا بخنكێن و جەستەیان بەهەزاران دڵۆپە ئارەقیان دەرددەدا، ڕەقی كورسییەكانیان، هەراو هوریا، ئەو شێوازەی جلوبەرگەكانیان بێزاری كردبوون كە بە گیانیاندا دەچزان وەك بڵێیت كیچ كەوتووەتە كەوڵیان و بەسەر پێستیاندا دێت و دەچێت، سەریان دەیسووتاندن وەك بڵێت قژو مووی زیندوویان هەیە، تینوویان بوو وەك بڵێیت دەرمانی ڕەوانییان خواردبێت، چوون خودی مردنیش خەمگین بوون.

پاش ئاوابوونی تیشكی ڕۆژ ئێوارە داهات، هەورەكان چەند دڵۆپە بارانێكیان داباراند، ئێستە ئاسو لێك دەترازا، دوور، زۆر دوور، قوتوویێكی ماسیی سەردین بریسكایەوە كە ڕۆنی شین چوار دەوری دابوو.

کارمەندێکی شەمەندەفەرەکە هات گڵۆپەکانی فارگۆنەکە داگیرسێنێت. فریشتە ڕوو یاخەو بۆینباخەکەی خۆی ڕێکخست و سەیری کاتژمێرەکەی کرد، پێشبینی ئەوە دەکرا لە ماوەی بیست خولەکدا بگەنە بەندەرەکە، لەبەر تیشکی بێ ئوقرەیی و ئارزووکردنی ئەوەی خۆی بە سەلامەتی لەسەر پشتی کەشتییەك ببینێتەوە، ئەو ماوەیەی بە لاوە لە سەدەیەك دەچوو. دەموچاوی خۆی بە شووشەی پەنجەرەکەوە نووساند، دەیویست لەو تاریکییەدا شتێك ببینێت. بۆنی سەوزە دەهات. گوێی لە خوڕەی ڕووبارێك بوو. پاش ماوەیەکی دیکەیش هەمان خوڕەی بەرگوێکەوت، ڕەنگە هەمان ڕووبار بێت.

شەمەندەفەرەکە لەناو ڕێگەو بانی گوندێکی بچکۆلەدا خێراییەکەی کەم کردەوە، چوون تۆڕی نووستن لەناو تاریکاییدا هەڵواسرابوو، پاشان وردە وردە ڕاوەستا، پاش ئەوەی نەفەرەکانی پلە دوو دابەزین و شتەکانیان هەڵگرتبوو، بە هەنگاوی سست بەرەو شۆستەکانی بەندەرەکە بەڕێکەوت. ئێستە دەتوانێت گوێی لە پێکدادانی شەپۆلەکان بێت و شێوەی زەردی کاڵەوەبووی نووسینگەی گومرکەکە ببینێت کە بۆنی قیری لێوە دەهات، دەیتوانی هەناسەی خەواڵووی ملیۆنان بوونەوەری ئارام و چڕ ببیسێت.

فریشتە ڕوو ئاماژەی داو لە دوورەوە سڵاوی لەو پیاوە کرد کە لە وێستگەکە چاوەڕێی دەکرد، کە مێجۆر فارفان بوو. شاگەشکە بوو کە لەم ساتە یەکلاکەرەوەی ژیانیدا چاوی بە دۆستێك بکەوێت، کە پێشتر ئەم ژیانی لە مردن ڕزگار کردووە. بانگی کرد : (میجۆر فارفان!).

لە دوورەوە (فارفان) سڵاوی لێ کرد. پاشان لە پەنجەرەکە نێزیك بووەوە پێی ڕاگەیاند خۆی بە چەمەدانییەکانییەوە سەرقاڵ نەکات، لەبەرئەوەی چەند سەربازێك ئامادە دەبن تا هەڵیان بگرن و بیانبەنە ناو کەشتییەکەوە.. کاتێك

شەمەندەفەرەکە ڕاوەستا، سەرکەوت و بە گەرمی تەوقەی لەگەڵ فریشتە ڕوو کرد. نەفەرەکانی دیکە خێرا شەمەندەفەرەکەیان بەجێ هێشت.

ـ باشە، ڕەوشتان چۆنە؟.

ـ ئەی میجۆری خۆشەویست ئێوە چۆنن؟. بەڵام پێویست بە پرسیار ناکات، من بە دەم و چاوتەوە...... دەبینم ..)..

ـ جەنابی سەرۆك بروسکەی بۆ کردووم چاودێریتان بکەم و نەهێڵم هەست بە هیچ کەم و کوڕییەك بکەن).

ـ میجۆر ئەمە بەرچاو تێرییە لە بەڕێزتانەوە.

ئەوەندەی نەخایاند نەفەرەکان فارگۆنەکەیان چۆڵکرد، ئەو کات (فارفان) سەری لە پەنجەرەیەکەوە دەرهێناو بانگی کرد:

ـ لیفتینانت کوان ئەوانەی چەمەدانییەکان هەڵدەگرن؟. ئەم دواکەوتنە چی دەگەیەنێت؟.

لەگەڵ قسەکانیدا ژمارەیەك سەربازی چەکدار لە نێزیك دەرگاکەوە دەرکەوتن. فریشتە ڕوو بە داوەکەی نەزانی پاش ئەوە نەبێت کە کار لە کار ترازابوو. (فارفان) دەمانچەکەی بە دەستەوە بوو، گوتی: من بە فەرمانی جەنابی سەرۆك دەستگیرت دەکەم.

ـ بەڵام میجۆر .... ئەگەر سەرۆك .... ئەمە ڕێی تێناچێت! وەرە لەگەڵم، تو خوا وەرە لەگەڵم و ڕێم بدە بروسکەیەك بنێرم!

ـ بەڕێز میگیل ئەو فەرمانانەی بە من دراون ڕاشکاوانەن. باشتر وایە بە هێووری لەگەڵم بێیت!

ـ وەك چۆنت دەوێت، بەڵام دەبێت کەشتییەکە بەجێم نەهێڵێت. ئەرکیان پێ ڕاسپاردووم. ناتوانم.

ـ تکایە بێ دەنگ بە، هەرچیت پێیە یەکسەر بمدەیە.

ـ (فارفان)!
ـ پێت دەڵێم چیت پێیە بمدەیە.
ـ نا، میجۆر گوێم لێ بگرە!
ـ دەی چیت پێ دەڵێم جێبەجێی بکە. ئەوەی پێت دەڵێم جێبەجێی بکە.
ـ میجۆر باشتر وایە گوێم لێ بگریت.
ـ واز لەم هەڕەشانەت بهێنە!
ـ من ڕێنوینی نهێنی جەنابی سەرۆکم پێیە ... تۆ بەرپرسیار دەبیت ...
ـ ئەی چاووش بیپشکنە! ئێستە دەزانێت کێ لێرە دەستەڵاتدارە!

لە تاریکاییدا کابرایەکی دەم و چاو بەستراو دەرکەوت. بە قەد هەمان باڵای فریشتە ڕوو و هەمان لاوازی و هەمان ڕەنگی قاوەیی کاڵی قژی ئەو بوو. دەستی بەسەر هەر هەموو ئەو شتانەدا گرت کە چاووشەکە لە گیرفانەکانی فریشتە ڕوو ڕاستەقینەی دەردەهێناو ئەو جلانەی لەبەری بوون (پاسپۆرت، چیکی بەنکەنۆت، ئەموستیلەی هاوسەرگیری کە ناوی ژنەکەی لەسەر هەڵکۆڵرابوو ـ ئەو ئەموستیلەیان بەو شێوە لە پەنجە دەرهێنا پاش ئەوەی بە تف پەنجەی تەڕ کرد، دوگمەی کراس، دەستەسڕەکان) پاشان یەکسەر بزربوو.

پاش ئەوە بە ماوەیەك دەنگی شاوری کەشتییەکە بەرگوێ کەوت. بەندکراوەکە بە هەردوو دەستی هەردوو گوێی خۆی داپۆشی. فرمێسك نغرۆی هەردوو چاوی بووبوو. ئارەزووی دەکرد دەرگاکە بشکێنێت و هەڵێت، هەرا بکات، باڵ بگرێتەوە، لە دەریا بپەڕێتەوە، واز بهێنێت و پیاوەکەی جاران نەبێت ـ ئای لەو دەریا هەڵچووەی لەژێر پێستیدا چەپۆکانێیەتی، ئای لەو برینەی لەناو گۆشتەکەیدا گڕی گرتووەو، ببێتە ئەو پیاوەکەی دیکە کە ئێستە بەرەو نیۆیۆرك بەڕێ کەوتووەو شت و مەکەکانی ئەوی پێیەو لە کابینەی ژمارە ١٧دا ناوی ئەمی لەخۆی ناوە.

(٣٩)

## بەندەر

هەموو شتێك لەنێو ئەو کپییەدا هێوور بوو، کە دەکەوێتە پێش هەڵکشانی ئاوەکەوە، تەنیا زیکەی زیك زیکەکان نەبێت (کە پرشەی ئاوی دەریا شێداری کردبوون و ئەستێرەکان بەسەر بەرگی باڵەکانیانەوە دەدرەوشانەوە)و وێنەی منارەکەیش لەسەر ڕووی ئاوەکە چوون دەرزی لەچك لەناوەڕاستی تاریکاییدا دیاربوو، بەندکراوەکەیش بە ناو فارگۆنی شەمەندەفەرەکەدا دەهات و دەچوو، قژەکەی دەم و چاوی داپۆشیبوو، جلەکانی شۆڕ بووبوونەوە، وەك بڵێیت تازە بەشداری کاری ئاژاوەگێڕی کردبێت. نەیدەتوانی دانیشێت. دەستی بە ئاماژەدان و ئەو جم و جووڵانە کرد کە لە کردەوەی نووستووییێك دەچن ـ بە ئاھ و نزوولەو سکاڵا ـ دەستی خواوەند لە خۆی دوور بخاتەوە کە بەرەو چارەنووسی دیاریکراوی ڕادەپێچا: یان برین جەستەی دەتەنێتەوە ... یان لەناکاو دەمرێت، یان دەبێتە قوربانییەك لە قوربانیانی تاوانەکان، یان سکی هەڵدەدڕن.

دەستی بەم قسانە کرد: (فارفان) تەنیا هیوای منە. ئەگەر کۆلۆنێل فارفان لێرە نەبوایە، کێ دەیزانی چی ڕوودەدات! بەلایەنی کەمەوە ژنەکەم ئاگەدار دەکاتەوە ئەگەر بمکوژن و بمنێژن).

دەنگی لێدانی توند بەرگوێکەوت، وەك بڵێیت یەکێك بە هەردوو پێی شەق لە فارگۆنەکانی شەمەندەفەرەکە دەدات، کە لەسەر هێڵە ئاسنینەکانیێ جووڵە ڕاوەستابوو، ژمارەیەك پاسەوان بە چەکەوە چوار دەوریان دابوو. بەڵام فریشتە ڕوو بیری لەوێ نەبوو، بیری لای ئەو گوندانە بوو کە ئێستە شەمەندەفەرەکە دەربازی کردن و، لە تاریکاییدا یان لە تەپ و تۆزی ڕۆژانی خۆرەتاودا کە بینایی چاو دەستێنن، نغرۆ بووبوون، کە ترسیان لە کڵێسەو گۆڕستان لێ نیشتووە. کەس زیندوو نەبوو تەنیا بڕواو مردووەکان نەبێت.

کاتژمێری سەربازگەکەی سوپا یەکی بەرەبەیانی پیشان دا. تۆڕی جاڵجاڵۆکەکە لەرییەوە. میلە گەورەکەی کاتژمێرەکە سووڕانەوەی نیوەی شەوی تەواوکرد، میجۆر فارفان بە تەمبەڵییەوە سەرەتا باڵی ڕاستی بە قۆڵی چاکەتەکەیدا کرد، پاشان باڵی چەپی، دواتر بە هەمان سستییەوە دەستی برد دوگمەکانی بکاتەوە، بەو دوگمەی سەر ناوکی دەستی پێ کرد، هیچ شتێکی نەدەبینی لەوەی لەسەر دیوارەکە بوو: نەخشەی کۆمار لەسەر شێوەی زارێك باوێشك بدات، لەگەڵ پەشتەماڵێك کڵمی وشك و مێشی خەواڵووی لەسەر بوو، زین و، تفەنگێك و جربندییەك [١٩]. یەك یەك دوگمەکانی کردەوە تا گەیشتە یاخەکە. کاتێك گەیشتە یاخەکە سەری بەرەو پشت جووڵاندەوەو چاوی بە شتێك کەوت نەیدەتوانی بیبینێت بێ ئەوەی سڵاوی سەربازی لێ بکات: ئەویش وێنەی جەنابی سەرۆك بوو.

لە کردنەوەی دوگمەکانی چاکەتەکەی بووەوە. چەند بایەکی بەردایەوە، جگەرەیەکی بە ئاگری چراکە داگیرساند. قامچییەکەی هەڵگرت و چووە دەرەوە. سەربازەکان هەستیان پێ نەکرد کە لە دەرەوەیە، چونکە لەسەر عەرد نووستبوون، چوون مۆمیاکراوەکان خۆیان بە باڵا پۆشە خورینەکانیان پێچابووەوە، هەرچی پاسەوانەکان بوون بە لوولەی تفەنگەکانیان سڵاویان لێ کردو، ئەفسەرە ئێشکچییەکە هەستاو هەندێك خۆڵەمێشی تفاندەوە کە پاشماوەی ئەو جگەرەیە بوو کاتێك نووست،

دەیکێشا، هیچ کاتێکی ئەتۆی نەبوو ئەوە نەبێت بە پەلە پەل بە پشتی دەستی هەردوو لێوی بسڕێت لەکاتێکدا سلاوی لە میجۆر دەکردو دەیگوت:

ـ گەورەم، هەموو شتێك ئاساییە.

ڕووبارەکان، چوون سمێڵی پشیلەکان کە دەچەقنە شیری ناو فنجانەوە، دڕژانە دەریاوە. هوروژمی سێبەری درەختەکان و، قورسایی مارموێلکەکان لە سکەخشکێداو ئاوی ناو زەلکاوەکان کە مێشوولەی مەلاریا بەسەریاندا دەخولێتەوەو، فرمێسکە ماندووەکان، هەر هەموو ئەوانە دەجوولانەوە بۆ ئەوەی بڕژێنە ناو دەریاوە.

پیاوێك کە چرایەکی بە دەستەوەبوو، نێزیك (فارفان) بووەوە کاتێك جارێکی دیکە چووەوە ناو فارگۆنی شەمەندەفەرەکەوە. دوو سەربازی زار بە بزە دوایان کەوتن، سەرقالی کردنەوەی گرێکانی ئەو پەتە بوون کە بەندییەکەی پێ دەبەستنەوە. (فارفان) فەرمانی پێ کردن فریشتە ڕووی پێ ببەستنەوە. بەرەو لای گوندەکە لە پێشیان دا، پاسەوانەکانیش دوایان کەوتن کە پاسەوانی فارگۆنی شەمەندەفەرەکەیان دەکرد. فریشتە ڕوو هیچ جۆرە بەرەنگاربوونەوەیەکی پیشان نەدا. لەو بڕوایەدا بوو کە لە شێوازی میجۆرو دەنگی و ئەو توندییەی کە داوای لە سەربازەکان کرد فەرمانەکان بەجێ بگەیەنن، ئەوانەی کە بە شێوەیەکی ڕەق مامەڵەیان لەگەڵ دەکرد هەرچۆنێك بووە بەبێ هاندانی وی، لەو بڕوایەدا بوو کە لە هەر هەموو ئەمەدا پلانێکی بەدی کردووە کە هاوڕێکەی دایدەڕێژێت بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات پاش ئەوەی دەچنە بارەگای پاسەوانیەتی بەبێ ئەوەی لەبەردەم سەربازەکاندا خۆی تێوە گلێنێت. کاتێك وێستگەکەیان بەجێ هێشت، بەرەو دوورترین خاڵی هێڵی شەمەندەفەرکە ڕۆشیتن، کە بە لێدان ناچاریان کرد سواری فارگۆنی شەمەندەفەرێکی بارهەڵگر ببێت، زەوییەکەی بە پەیینی تەپاڵەو لاس داپۆشرابوو. سەربازەکان بێ هیچ هۆیەك بەر شەق و شەپازلەیان دەدا، وەك بڵێیت فەرمانیان پێ کرابێت. فریشتە ڕوو هاواری لە میجۆر

کرد کە بە دوایانەوە بوو و لەگەڵ چرا هەڵگرەکەدا سەرقاڵی دەمەتەقێ بوون: بەڵام ... فارفان ...بۆچی لێم دەدەن؟.

تەنیا وەڵامی ئەو پرسیارەی پێداکێشانی قۆنداغە تفەنگێك بوو، بەڵام لەبری ئەوەی لێدانەکە ئاراستەی پشتی بکرێت، لەسەریان دەدا، ئەوەیش وای کرد خوێن لە گوێیەکیەوە فیشقە بکات و بیخاتە سەر پەیینەکە.

هەناسەی وەبەر هاتەوەو هەڵسایەوەو سەنێرەکەی تفاندەوە کە لە ئاکامی کەوتنەکەوە بە دەمیەوە لکابوو. خوێن دەتکایە سەر جلەکانی. ویستی نارەزایی دەربڕێت. (فارفان) بەسەریدا نەڕاندی و دەنگی بەرز کردەوە: بێ دەنگ بە! بێ دەنگ بە!

فریشتە ڕوو بێ ئەوەی بکەوێت هاواری کرد: (میجۆر فارفان!). هەڵچووبوو. بۆنی هەواکە تێکەڵ بە بۆنی خوێن بووبوو.

(فارفان) لەوە زەندەقی چووبوو کە ڕەنگە فریشتە ڕوو بیلێت، بۆیە قامچییەکی پێدا کێشا. شوێنەواری قامچییەکە بەسەر گۆنای ئەو پیاوە بەدبەختەوە نەقش بوو، چۆکێکی خستبووە سەر عەردو دەکۆشا پەتەکە لە دەستی بکاتەوە. بە دەنگێکی لەرزۆکی تاڵەوە گوتی. تێگەیشتم، تێگەیشتم. ئەم کارە وات لێ دەکات پایەکەت پلەیەکی دیکە بە ئەستێرەیەکی دیکە بەرزبکرێتەوە...

فارفان قسەکەی پێ بڕی لە کاتێکدا جارێکی دیکە قامچییەکەی بەرز کردەوە: بێ دەنگ بە، یان ئەگەر دەتەوێت ...

ئەو پیاوەی چراکەی بە دەستەوە بوو بازووی مێجۆری گرت و هێووری کردەوە.

ـ دەی لێم دە، ڕامەوەستە، مەترسە. من پیاوم ، تەنیا خەسێنراوەکان قامچی بەکار دەهێنن. لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا قامچییەکە، دوو جار، سێ، چوار، پێنج جار بەر ڕووی قوربانییەکە کەوت. ئەو پیاوەی چراکەی بە دەستەوە بوو کەوتە ناوبژیوانی و گوتی: مێجۆر هێوور بە. هێوور بە!

ـ نا، نا. ئەم سەگ بابە وا تەمبێ دەکەم پەنجەی خۆی بگەزێت. نابێت ئەو قسانەی دژ بە سوپا کردنی، بە بێ سزادان تێپەڕن. ئەو گیانەوەرە ... گلاّوە.

ئەوەندەی لێ دا قامچییەکە شکا، بۆیە میجۆر بە مشتووی دەمانچەکە بە دەم و چاوی فریشتە ڕوویدا دەکێشا کە وای کرد چەند پارچە موو و پێست و گۆشت لە سەرو ڕووی بەندکراوەکە ببێتەوە، لەگەڵ هەر پێداکێشانێکیشدا ئەمەی دووبارە دەکردەوە: (سوپا ....سیستم ... ئەی گیانەوەری گلاّو ... ئەمەیش بگرە...).

لاشەی قوربانییە داپۆشراوەکەیان لەناو ئەو سەنێرەی لێی بەربووەوە ڕاکێشاو، لەم لای دووری هێڵە ئاسنینەکە بۆ ئەو لاکەی دیکەیان گواستەوە، تا فارگۆنەکانی شەمەندەفەری بارهەڵگرەکە بەڕیز لە شوێنەکانی خۆیان ڕاوەستان، کە جارێکی دیکە بە نهێنی بەرەو پایتەختی دەباتەوە.

پیاوە چرا بە دەستەکە بە یاوەری (فارفان) سەرکەوتە ناو یەکێك لە فارگۆنەکان، کاتی خۆیان بە دەمەتەقێ و خواردنەوە لە بارەگای پاسەوانی بەسەر برد تا کاتی بەڕێ کەوتن هات.

پیاوە چرا بە دەستەکە دەیگوت: یەکەمین جار کە کۆشام بچمە ڕیزی پۆلیسی نهێنییەوە، یەکێك لە خۆشەویستترین دۆستانمی لێبوو ناوی (لۆسیۆ فاسکیز) بوو. نازناوی (مەخمەڵ ـ قەدیفە) بوو ...

میجۆر گوتی: وا بزانم شتم لەبارەیەوە بیستووە.

ـ ئەو کاتە وەریان نەگرتم، ئەو هاوەڵەیشم کابرایەکی زۆر زان بوو ـ بۆیە ناوی (قەدیفە)یان لێنابوو، لە جیاتی ئەوە، تووشی کێشەیەك هاتم و هەر هەموو ئەو سەرمایەی خۆم و خێزانەکەم ـ ئەو کاتە ژنم هێنابوو ـ لە بازرگانیی بچووکدا وەگەڕخستبوو، لە دەستمان چوو، تەنانەت هاوسەرەکەم، ئەو بەستەزمانەیان بۆ خانەی (چێژی شیرین) برد.

(فارفان) بە ناوهێنانی ناوی (چێژی شیرین) ڕاچڵەکی بەڵام یادی (بەرازەکە) ـ هێمای ڕەگەزەکەی کە بۆنی ئاودەستخانەی لیٚ دیٚت ـ کە ڕۆژێك لە ڕۆژان ئارەزووی وروژاند، ئێستە جگە لە مووچرکە هیچ کاریگەرییەکی دیکەی تێنەکرد. لە پیاوێك دەچوو لەژێر ئاودا مەلەوانی بکات و لە ململانێدا بێت. فریشتە ڕوو بەردەوام بیری دەکردەوەو لەبەر خۆیەوە دەیگوت و دەیگوتەوە: (ئەستێرەیەکی دیکە، ئەستێرەیەکی دیکە !).

ـ (ژنەکەی پێشووت ناوی چی بوو؟. دەزانیت من نێزیکەی ناوی هەر هەموو ئەو کیژانە دەناسم لە خانەی چێژی شیریندا کار دەکەن).

ـ زانینی ناوەکەی هیچ سوودی نییە، چونکە هەمان ئەو ڕۆژەی چووە ناو ئەو خانەوە ئەویٚی بەجیٚ هێشت. منداڵێکی ساوامان هەبوو لەویٚ مرد بەوەیش خەریکبوو ئەقڵی لەدەست بدات. شوێنی گونجاوی ویٚ نەبوو. ئێستە لەگەڵ ئافرەتانی ڕاهیبەدا لە جل شۆرگەی نەخۆشخانەکەیە. هەرگیز نەدەبووە سۆزانی.

ـ بەڵام لەو بڕوایەدام کە دەیناسم. چونکە من ئەو کەسە بووم مۆڵەتی ئەو پرسەیەم لە پۆلیس وەرگرت کە خاتوو (چۆن) بۆ منداڵە ساوایەکەی دانا، بەڵام نەمدەزانی منداڵە بچووکەکەی تۆیە!

ـ هەرچی من بووم ئەوە کەوتمە سەر ساجی عەلی. نا. سوپاس... ئەگەر مرۆڤ بیر لە هەموو ئەو سەرگوزەشتانە بکاتەوە بەسەری هاتوون، ئەوە هەموو بیەوێت ئەوەیە دوو قاچی هەیە دووی دیکەی بۆ قەرد بکات تا بۆی دەکرێت تێی تەقێنێت و خۆی قوتاربکات.

ـ هەرچی من بووم ئەوە هیچ ئاگەم لەخۆم نەبوو تا ئەو کاتەی سۆزانییەك هەوڵیدا لای جەنابی سەرۆك ناوم بزڕێنێت.

ـ ئەو گەنجە، فریشتە ڕوو، دەستی لەگەڵ ژەنەراڵ (کانالیس)دا تێکەڵکردبوو. کە تا سەر ئێسقان کچەکەی خۆش دەویست، کە پاشتر خواستی ـ وەك دەڵێن

فەرمانەکانی جەنابی سەرۆکی جێبەجێ نەکرد. من ئاگەم لە هەر هەموو ئەوە هەیە لەبەرئەوەی لۆسیۆ فاسکیز ـ مەخمەڵ ـ بەر لە چەند کاتژمێرێك پێش هەڵاتنی ژەنەراڵ لە مەیخانەیەك پێی دەڵێن (لۆتۆ ـ تیپ) چاوی پێ کەوتبوو.

میجۆر ویستی ئەو وشەیە چەند شتێکی بیر بخاتەوە، گوتی (لۆتۆ ـ تیپ)؟.

ـ مەیخانەکەیە لە سەرووی شەقامەکەوەیە. بڕوا دەکەیت یان نا: وێنەی ئافرەتێك و پیاوێك بەسەر دیوارەکەیەوە دروست کرابوو، هەر یەکەو لە لایەکی دەرگاکەوە. ئافرەتەکە دەیگوت ـ من هێشتە وشەکانم لەیاد ماوە ـ (وەرە لە مەیخانەی لۆتۆ ـ تیپ سەما بکە، هەرچی پیاوەکەیە، ئەوە بوتڵە شووشەیەکی بە دەستەوە بوو، دەیگوت: (نا سوپاس، من سەمای بوتڵە شووشەم لا پەسەندە!).

شەمەندەفەرەکە لەسەرخۆ بەڕێی خۆیدا دەڕۆیشت. تۆزقاڵێك ڕووناکی بەرەبەیان بەسەر شینایی دەریاوە بەرچاو دەکەوت. لەناو تاریکاییەکەوە، کوختە لە پووش و پەڵاش دروست کراوەکانی گوندەکان و، چیا دوورەکان و، کەشتییە بچووکە پەڕپووتە بار هەڵگرەکان و مۆڵگە و بارەگە سەربازییەکان چوون پاکەتە شقارتەی پڕ لە زیکزیکەگەلێك کە جلی سەربازییان پۆشیبوو وردە وردە دەردەکەوتن.

(٤٠)

## یاری چاوشارکێ

ـ (ماوەیەکی زۆر بەسەر سەفەرکردنیدا تێپەڕیوە).

لە ڕۆژی سەفەرکردنییەوە کابراکەی دیکە هەموو کاتژمێرێك دەژمێرێت تا ئەوەندە کات تێپەڕێت بگاتە ئەوەی بڵێت: لەوەتای سەفەری کردووە ڕۆژگارێکی زۆر تێپەڕیوە! بەڵام دوای دوو هەفتە ڕۆژگار ژماردن تێدەپەڕێت و دەگاتە ئەوەی بڵێت: چەندین هەفتە بەسەر سەفەرکردنیدا تێپەڕیوە! پاشان یەك مانگی ڕەبەق. پاشان ژماردنی مانگان تێدەپەڕێت. پاشان ساڵێکی ڕەبەق. پاشان ژماردنی ساڵانیش تێدەپەڕێت ...

کامیلا لای پەنجەرەیەکی ژووری میوانەوە چاوەڕوان بوو پۆستەچییەکە دەرکەوێت، خۆی لە پشتی پەردەکانەوە حەشار دابوو بەجۆرێك هیچ پیادەیەك لە کۆڵانەوە نەیبینێت، دووگیان بوو، جلی منداڵەکەی دەدروو.

پۆستەچییەکە هاتنی خۆی شێت ئاسا بە لێدانی هەموو دەرگەکانی دەرەوە ڕادەگەیاند. لێدان لە دووی لێدان، تا گەیشتە ئاستی ئەو پەنجەرەی کامیلا لە پشتییەوە ڕاوەستاوە. کامیلا وازی لە دروومانەکە هێنا تا گوێ بگرێت و چاوەڕوان بێت، لە شڵەژاوی یان خۆشیدا دڵی توند لێی دەداو خەریکبوو لە

سنگییەوە دەرپەڕێت. (ئاکام ئەو نامەیە وەردەگرم کە بەسۆزەوە چاوەڕێی دەکەم! (کامیلای خۆشەویستم) بە سابتایتڵی گەورە ...).

بەڵام پۆستەچییەکە لە دەرگەی وێی نەدا. ڕەنگە هۆیەکەی ئەوە بێت...ڕەنگە دواتر...سەرلەنوێ دەستی بە دروینی جلەکە کردەوە کە دەیدروو هاوکات بە چرپە گۆرانییەکی دەگوتەوە بۆئەوەی بیرۆکە خەمگینەکانی پێ بڕەوێنێتەوە.

پۆستەچییەکە جارێکی دیکە پاش نیوەڕۆ گەڕایەوە. لەو کاتەوە کە لای پەنجەرەکەوە گەیشتە لای دەرگاکە هەرگیز نەیتوانی یەك تەقەڵ چییە بدروێت. ڕاوەستا، بە هەناسە بڕکێ، نغرۆی فرمێسك بووبوو، ئاکام کاتێك زانی کە هیچ لێدانێکی دەرگا بێ دەنگی ماڵەکە ناشڵەقێنێت، بە ترس و لەرزەوە چاوی نووقاند و لە پڕمەی گریانی دا و دەستی بە ڕشانەوەی لەناکاوو هەنسکدان کرد. بۆچی نەچمە بەر دەرگای ماڵەوە؟. ڕەنگە .... پۆستەچییەکە لەبیری کردبێت ـ پیاوێکی تا بڵێیت باشە ـ ڕەنگە سبەینێ نامەکە بهێنێت وەك بڵێیت هیچ ڕووی نەدابێت.

ڕۆژی دواتر، خەریك دەرگەکە لە گرێچنە دەربهێنێت کاتێك لەسەر پشت کردییەوە. ڕۆیشت و چاوەڕوانی پۆستەچییەکەی دەکرد، تا ئەم جارەیش لەیادی نەکات هەروەها بۆ ئەوەی بەختەوەری بۆ بهێنێت. بەڵام وەك جاران، جلی کەسکی بریقەداری پۆشیبوو (ڕەنگی هیواو ئومێد) بە هەردوو چاوە بۆق ئاساو ددانە ڕووتەکانییەوە کە لە ددانی ئەسکلیتی ناو کولێژەکانی توێکاری دەچوو، بە ڕێگەکەی خۆیدا دەڕۆیشت و خۆی لە پرسیارەکانی گێل دەکردو تێدەپەڕی.

مانگێك، دوو مانگ، سێ مانگ، چوار مانگ...

چی دیکە نەدەچووە ناو ئەو ژوورانەی بەسەر کۆڵانەکەیاندا دەڕوانی، بەڵکو خەم و خەفەتە قووڵەکانی بەرەو بەشی پشتەوەی خانووەکەیان ڕادەکێشا، هەستی

بەو کرد کە ئامێرێکە لە ئامێرەکانی ناو مووبەق، یان پارچە خەڵووز یان تەختەدار، یان شتێکی بێ بەهایە.

یەکێك لە ئافرەتە دراوسێکانی لەوانەی سەری لە زگ و زاو منداڵبوون دەردەچێت، کاتێك کارەکەرەکان لەبارەی ڕەوشی (کامیلا)وە پرسیاریان لێ کرد، گوتی: (ئەمە تەنیا ئارەزوو نییە، بەڵکو مەگیرانی یاخۆ بێزووی سکپڕبوونە). ئەوەی تەنیا بۆ سوعبەت گوتبوو پتر لەوەی چارەسەری بۆ دەستنیشان بکات. چونکە کارەکەرەکان چەندین چارەسەریان لەبەردەمدا هەبوو: ئەوبوو مۆمیان بۆ پیاوچاکان داگیرساند، یان شتی سووکی گرانیان لە ماڵەکە بردو دەست کورتی خۆیان پێ چارەسەرکرد.

ڕۆژێك لە ڕۆژە پیرۆزەکان، نەخۆشەکە لەماڵ بەدەرکەوت، لەبەرئەوەی تەرمەکانیش سەر ڕووی ئاو دەکەون. لەناو گالیسکەیەکی کرێدا خۆی گرمۆڵەکرد، خۆی لە چاوی ئەو کەسانە دەشاردەوە کە دەیانناسی، ئەوانیش لە بری ئەوەی سڵاوی لێ بکەن، ڕوویان لێ وەردەچەرخاند. ڕۆیشت و لەسەر ئەوە سوور بوو، بە هەر نرخێك بوبێت چاوی بەسەرۆك بکەوێت. قاوەڵتی و نیوەڕۆژەو شیوی تەنیا دەستەسڕێکی بە فرمێسك خوساو بوو. کە هێشتە هەر بە کاکیلەکانی دەیجوو، کاتێك لەژووری چاوەڕوانیدا ڕۆنیشتبوو. ئای کولەمەرگی و کێشە چەند زۆرن، ئەگەر مرۆڤ بەو حەشاماتە زۆرە بڕیاری لەسەر بدات کە چاوەڕێن بە دیداری سەرۆك کۆمار شاد بن. لادێنشینەکان لەسەر لێواری تەختە زێڕینەکان دانیشتبوون، شارنشینەکانیش نغرۆیان بووبوون و پاڵیان پێوە دابوو. بە دەنگی نزم ئاماژەیان بە ئافرەتەکان دەکرد لەسەر تەختە دەسکدارەکان دانیشن. کابرایەکیش لە ڕاڕەوی دەرەوە دەئاخفت. جەنابی سەرۆك! تەنیا کە بیری لێ کردەوە دەمارەکانی گرژبوون و، منداڵەکەی لەناو سکیدا دەبزواو دەجووڵایەوەو لەقەی دەوەشاند وەك ئەوەی پێی بڵێت: با زوو ئێرە بەجێ بهێڵین!.

دەنگ و زەڵەو باوێشکی کەسانێك بەر گوێ دەکەوت شێوەی دانیشتنی خۆیان دەگۆڕی. سرپە سرپی تێبینی. هەنگاوی پێی ئەفسەرانی ڕوکنی جەنگی. جووڵەی سەربازێك دەکۆشا پەنجەرەیەك پاك بکاتەوە. مێش و مەگەز. لاق وەشاندنی منداڵەکە لەناو سکیدا. (بەم شێوەیە توندوتیژ مەبە! بۆچی بەم شێوە توندە دەجوولێیتەوە؟. ئەوەتە بە دیداری سەرۆك شاد دەبین تا لێی بپرسین ئەو کەسە چی بەسەر هات کە نازانێت تۆ هەیت، بەڵام کاتێك دەگەڕێتەوە ماڵەوە زۆری خۆش دەوێیت! ئای، کەواتە تۆ پەلە دەکەیت زوو ڕووناکی ببینیت تا بەشداری لەوەدا بکەیت کە خەڵك پێی دەڵێن ژیان! من لاریم لەوە نییە، بەڵام لەوێ لەو ڕەوشەی ئێستەتدا زۆر باشترو سەلامەتت تریت!).

سەرۆك نەیویست بیبینێت. یەکێك پێی گوت باشتر وایە پێشتر بەفەرمی بە برووسکە، کاغەز، نووسراوی فەرمی داوای دیدار بکەیت، بێ سوود بوو، هیچ وەڵامێکی نەدەدرایەوە.

شەوانگەلێك تێپەڕین و، ڕۆژانگەلێك هاتن، لە شەوبیداریدا چاوەکانی بە قووڵدا چوون، یان سەر دەریاچەی ئەسرین کەوتن. ناو حەوشەیەکی بەرین. لەسەر قەرەوێڵەیەکی بەرز ڕاکشاوەو نوقڵێك لە نوقڵەکانی هەزارو یەك شەوەی دەخواردو بە دەستی یاری بە تۆپێك دەکرد. لەناو زاریدا پارچە نوقڵەکەی لەم گۆنایەوە بۆ لای ئەو گۆنای دەگواستەوە، تۆپە بچووکەکەی لە دەست بەربووە خوارەوەو بەسەر عەردی ڕاڕەوەکەدا هەڵبەزییەوە کە دەکەوێتە ژێر قەرەوەێڵە هەڵواسراوەکەوەو بەرەو ناو حەوشەکە دوور، دوور، غلۆر بووەوەو، تا دەهات بچووکتر دەبووەوە، تا تەواو لە چاو بزربوو. لەکاتێکدا قەوارەی نوقڵەکە لە زاریدا گەورەتر بوو. هێشتە تەواو خەو نەیبردبووەوە. جەستەی لەبەر لووسیی چەرچەفەکە دەلەرزی. خەونێك بوو ڕووناکی خەون و ڕووناکی کارەبا پێکەوە ڕووناکیان دەکردەوە. پارچە سابوونەکە چوون تۆپێکی لاستیکی بچووك چەند جارێك لەدەستی خزا، پەپکەی

قاوەڵتییەکەی ـ کە لەبەرئەوەی زۆری برسی بوو دەیخوارد ـ لە زاریدا چوون پارچە نوقڵەکە گەورەتر دەبوو.

هەموو شەقامەکان چۆڵ بوون و هەموو خەڵك چووبوون نوێژ بکەن، کاتێك بەرەو تەلاری دەزگەکانی حکوومەت بەڕێ دەکەوت، یەك لە دوای یەك، چاوەڕێی گەیشتنی وەزیرەکانی دەکرد. کاتێك پێداگیری لەسەر داواکەی دەکرد نەیدەزانی چۆن سۆزی پاسەوانە بەساڵداچووە بەدفەڕەکان بەلای خۆیدا ڕاکێشێت، ـ ئەو بارستاییە گۆشتە مرۆییە ناقۆڵایانە ـ ئەوانەی کاتێك قسەی لەگەڵ دەکردن بەرسڤیان نەدەدایەوەو بێ بەزەییانە قاویان دەدا.

بەڵام ئێستە پاشماوەی خەونەکەی لە یادە. مێردەکەی هەڕای کردو تۆپە بچووکەکەی گرتەوە. حەوشە بەرینەکە. تۆپە ڕەشە بچووکەکە. مێردەکەی تا دێت قەوارەی بچووکتر دەبێتەوەو، وردە وردە لێی دووردەکەوێتەوە وەك بڵێیت لە لایە بچووکەکەی تەلیسکۆپەکەوە نامێنێت، تا لە دەرەوەی حەوشەکە لەو دیوی تۆپەکەوە بزر دەبێت، لە کاتێکدا پارچە نوقڵەکە لە زاریدا گەورەتر دەبوو، چی دیکە بیری لە منداڵەکەی نەدەکردەوە کە چاوەڕوان بوو لەدایك ببێت.

نامەیەکی بۆ کونسوڵی وڵاتەکەی لە نیویۆرك و باڵیۆزی وڵاتەکەی لە واشنتۆن و بۆ دەستەخوشکی یەکێك لە دەستەخوشکەکانی و بۆ زاوای یەکێك لە دۆستەکانی نووسی تێیدا داوای هاڵ و هەواڵی مێردەکەی لێ کردن. بەڵام وەك بڵێیت نامەکانی بخاتە ناو سەبەتەی زبڵەوە نەك سندووقی پۆستە. لە وردەفرۆشێکی جوولەکەوە بەر گوێی کەوت کە سکرتێری بەڕێزی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا ـ کە وێڕای کارەکەی وەك دیپلۆماتکار هەواڵگری نهێنیشە ـ هەواڵی دووپاتکراوەی پێیە کە فریشتە ڕوو گەیشتووەتە نیویۆرك. کارەکە بە بوونی تۆماری فەرمی لە بەندەرو هۆتێل و دۆسیێکانی پۆلیسەوە نەوەستا کە دەیسەلمێنن گەیشتووەتە نیویۆرك، بەڵکو ڕۆژنامەکانیش هەواڵی گەیشتنیان

بڵاوکردۆتەوە، ئەو خەڵکانەیش لەم دواییەدا لەوێ گەڕاونەتەوە، ئەوەیان دووپاتکردۆتەوە.

جوولەکەکە پێی ڕاگەیاندبوو: (ئێستە بە دوایدا دەگەڕێن، دەبێت هەر بە زیندوویی یان مردوویی بێت، بیدۆزنەوە، ئەگەرچی لە نیۆیۆرك سواری کەشتییەکی دیکە بووە و بەرەو سەنگاپوورە بەڕێ کەوتووە).

پرسی: ئەی سەنگاپوورە لە کوێیە؟.

جوولەکەکە، ددانی بە ددانە دەستکردەکەیدا ناو و وەڵامیدایەوە: (لەو بڕوایەدایت لەکوێ بێت؟. لە هیندی چینییە).

کامیلا درێژەی دایە و گوتی: ئەی نامەیەك لێرەوە بۆ ئەوێ بنێریت بەچەند دەگات؟.

ـ بەتەواوەتی نازانم، بەڵام لە سێ مانگ کەمتر ناگات.

بە پەنجەکانی ژماردی. ئەوە چوار مانگە فریشتە ڕوو سەفەری کردووە.

لە نیۆیۆرك یان لە سەنگاپوورە بێت. لە هەر کوێ بێت ئەوە بارێکی قورسی سەر مێشکی سووکتر بوو. ئای چ پشووبەخشێکی مەزنە دوور لەو بیری لێ بکاتەوەو، ئەوە بزانێت کە لە بەندەرەکە نەکوژراوە وەك هەندێك ئەو پڕوپاگەندەیان بڵاوکردەوە، ئەگەرچی لە نیویۆرك یان لە سەنگاپوورە لێوەی دوورە کەچی بەردەوام بیر لەم دەکاتەوە!

لە دوکانی جوولەکەکەدا دەستی بە لێواری مێزەکەوە گرت بۆ ئەوەی نەبوورێتەوە. ئەو شادییەی وای لێ کردبوو هەست بەسەرەسووڕە بکات. کاتێك لای سەوزە فرۆشەکە چووە دەرەوە وەك بڵێیت بەسەر بادا بڕوات، یان لە وڵاتێکی نوێ لە ئامێزی مێردەکەیدا بێت، گۆشتی ڕانە بەرازێکی بە کاغەزی بریقەدار پێچراوەو بوتڵە شووشەکان لەناو پووشی ئیتالی و شووشە مرەباو شیکۆلاتەو سێوو ڕەنجەو زەیتوون و وشکە ماسی و ترێی مۆسکاتی لە دووی خۆی بەجێ

هێشت و لەبیرکرد. (چەند گێل بووم خۆم بەم شێوەیە ئازار دەدا! ئێستە نهێنیی ئەوە تێدەگەم بۆچی تا ئێستە نامەی بۆ نەدەنووسیم، دەبێت درێژە بە نواندنی ڕۆڵی ئەو ئافرەتە بدەم مێردەکەی بەجێی هێشتووەو جارکێشان کوێری کردووەو دەکۆشێت ئەو پیاوە بدۆزێتەوە کە بەجێی هێشتووە، یان ڕۆڵی ئەو ژنەی دەیەوێت لە ساتە دژوارەکانی منداڵبووندا مێردەکەی لە تەنیشتییەوە بێت)..

کابینەیەکی لە کەشتییەکدا بەکرێ گرت و هەگبەکانی ئامادەکرد. هەموو شتێك بۆ گەشت کردن ئامادەبوو کاتێك ڕەتیان کردەوە پاسپۆرتی پێ ببەخشن. کونێکی پڕ لە ددانی پیس بوو بە نیکۆتین کە لەناو چوارچێوەیەکی گۆشتی ئاوساودا لەسەرەوە بۆ خوارەوەو لە خوارەوە بۆ سەرەوە بزاوت و جوولایەوە، بۆ ئەوەی لەوەی ئاگەداربکاتەوە کە فەرمان دەرچووە پاسپۆرتی پێ نەدرێت. ئەویش لێوەکانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە بزواند، لە هەوڵێکدا بۆ دووبارەکردنەوەی ڕستەکە وەك بڵێیت بە هەڵە بیستبێتی.

پارەیەکی زۆری لە ناردنی برووسکە بۆ سەرۆك خەرج کرد. هیچ وەڵامێك نەگەیشت. بەرپرسانی حکوومیش هیچ یارمەتییەکیان بۆ ڕەوانە نەکرد. بریکاری وەزارەتی جەنگ، کە پیاوێکی گفت و لفت شیرینە لەگەڵ ئافرەتاندا، ئامۆژگاری کرد چی دیکە پێداگیری لەسەر ئەو بابەتە نەکات، چونکە کۆششێك نییە بشێت بەو ئاکامە بگات و پاسپۆرتی پێ ببەخشرێت، گوتیشی مێردەکەی دەیویست کڵاو بنێتە سەر جەنابی سەرۆك، ئەو کارە جگە لە نائومێدی هیچ ئاکامێکی دیکەی نابێت.

ئامۆژگارییان کرد بچێت بە دیداری قەشەیەکی قەوارە بچکۆڵەی دەستەڵاتدار بگات. یان چاوی بە یەکێك لە ئافرەتە دۆستەکانی ئەو پیاوە بکەوێت کە ئەسپەکانی خۆی بەسەرۆك دەدات. ئەو کاتەیش کە پڕوپاگەندەی ئەوە کرا کە فریشتە ڕوو بە گرانەتا لە (پەناما) مردووە، ئەو کات کامیلا بینی زۆر کەس

ئامادەیی خۆیان دەردەبڕی بیبەنە دانیشتنەکانی ئامادەکردنی ڕوحەکان بۆ ئەوەی گومانی نەمێنێت و ڕاستی بۆ دەربکەوێت.

لەوی چاوەڕوان نەبوون تا پرسیارەکەیان بۆ دووبارە بکاتەوە. بەڵام پێدەچوو ناوبژیوانە ڕوحانییەکە دوودڵ بێت، چونکە هەردوو قاچی لەژێر کراسەکەیەوە دەجووڵانەوە کاتێك گوتی: (من نامەوێت گیانی کەسێك بێتە ناو جەستەمەوە کە نەیاری جەنابی سەرۆك بوو). بەڵام پاڕانەوە، شان بە شانی پارە، چیا دەهەژێنێتەوە، ئافرەتە ناوبژیوانەکە قایل بوو کاتێك پڕ باخەڵیان لە پارە کرد.

ڕووناکییەکان کوژێنرانەوە. کامیلا زەندەقی چوو کاتێك بیستی بانگی ڕوحی فریشتە ڕوویان کرد، ناچار بوون ڕایبکێشنە دەرەوەی ژوورەکە لەکاتێکدا خەریکبوو تەواو لە خۆدەچوو. پاشان پێیان گوت کە گوێی لە دەنگی مێردەکەی بوو کە لە دەریا دوورەکان مردووەو ئێستە لە شوورەیەکدایە کەس پێی ناگات، لەناو نوێنێکی گەرم و نەرمدایە، لەسەر جێگەیەکی ئاوین، چەندین جۆگەی پڕ لە ماسی چوار دەوریان داوە، وێڕای باشترین بالیف: کە نەبوونە.

چوون پیرە پشیلە لەڕو لاوازو چرچن بووبوو لەکاتێکدا تەمەنی بیست ساڵانی تێنەپەڕاندبوو، هیچ شتێك لە ڕووی دیارنەبوو تەنیا هەردوو چاوی نەبێت ـ دوو چاوی سەوز، خەرمانەی ڕەش لە قەوارەی هەردوو گوێیە تەنکەکانی چوار دەوریان دابوو، ئەویش ئەو کاتەی منداڵێکی بچووکی بوو. بۆیە بەپێی ئامۆژگاریی پزیشکەکەی، کاتێك لەناو جێگە ڕاست بووەوە، سەفەری لادێی کرد بۆ ئەوەی ماوەیەك لەوی بمێنێتەوە. بە زۆرەملێ دەستی بە دامێنی ژیانەوە گیرکردبوو، چونکە لەبەردەم هەڕەشەی تووشبوونی نەخۆشیی ئەنیمیای پیس و سیل و شێتیدا بوو، کاتێك درێژەی بە ژیان دەداو منداڵەکەی لە ئامێزیدا بوو بێ ئەوەی هیچ هەواڵێك لەبارەی مێردەکەیەوە ببیسێت، لەناو ئاوێنەکەدا بۆی دەگەڕا: ئەو تەنیا شوێنەی خەڵکی لێ دەگەڕێنەوە کاتێك دەخنکێن، هەروەها لە هەردوو چاوی

منداڵەکەیداو، لە ناخیی خۆیدا کاتێك دەنوێت و خەونی پێوە دەبینێت لە نیۆیۆرك یان لە سەنگاپوورە بێت.

ئاکام ڕۆژێك هات شەوی تاریك و نووتەکی خەم و خەفەتەکەی ڕووناك کردەوە، کاتێك چوون شەبەنگ بەنێو دار سنۆبەرو بێستانی میوەو درەختە بەرزەکانی کێڵگەکاندا دەسووڕایەوە. ڕۆژی (یەکشەممە سپی) بوو، کاتێك منداڵەکەیان بە خوێ و ڕۆن و ئاوو تفی قەشەکە شوشت و ناوی (میگیل)یان بە بەردا بڕی. پاسارییەکان بە دەنووکیان یارییان دەکرد ـ دو هۆقە پەڕ تا کاتێکی بێ کۆتایی دەخوێنن. مەڕو ماڵاتەکان لە لیستنەوەی بچووك و ساواکانیان بەردەوام بوون. ئای چ هەستکردنێکی تەواوە بە فەڕو شادومانی کە جووڵەی زمانی دایك لەو بەرخۆڵە ساوایەیدا دروست کردووە، کە برژانگە درێژەکانی لە ئاکامی ئەو لیسانەوەدا دەجووڵێنێتەوە! نۆماکان بە دوای مایینە چاو شێدارەکانەوە کێبەرکێیان بوو. گوێلکە بچووکەکان بە شادییەوە دەیانقۆڕاندو لیك لە قەپیلکیان چۆڕاوگەی دەبەست کە لەگوانی پڕ لە شیری دایکیان توند دەکرد. پاش کۆتایی هاتنی میوزیکی پاکژکردنەکە، کامیلا منداڵەکەی توند بە سینگی خۆیەوە نووساند، بەبێ ئەوەی هۆیەکەی بزانێت، وەك ئەوەی بڵێیت تازە ژیانی وەبەر هاتبێتەوە.

(میگیل)ی بچووك لە لادێ گەورە بوو و بوو بە جووتیار. پاش ئەوە کامیلا هەرگیز پێی نەنایە نێو شارەوە.

(٤١)

## هەموو شتێك ئاساییە

هەر بیست و دوو دەمژمێر جارێك، تیشك لە نێوان دەزووەكانی تەونی جاڵجاڵۆكەكە و ئەستوونەكانی پەنجەرە بەردینەكەوە دزە دەكاتە نێو ژێر زەمینەكەوە، هەموو بیست و دوو كاتژمێر جارێك كۆنە تەنەكەیەكی ژەنگاوی بە پەتێكی چڵكن گرێ دراو پڕ خواردن بۆ زیندانیانی ناو بەندیخانەكانی ژێر زەمین شۆڕ دەكرێتەوە. بە بینینی ئەو تەنەكە پڕ لە مەرگەیە كە پارچە گۆشت و بەزو پارچە هەویری تێدایە، زیندانیی ژمارە ١٧ ڕووی خۆی لێ وەردەچەرخاند. پێی خۆش بوو بمرێت نەك كەوچكێكی لێ بخوات. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەنەكەكە شۆڕ دەبووەوەو هەڵدەكێشرا بێ ئەوەی دەستی زیندانییەكەی بەر بكەوێت. بەڵام وردە وردە پێویستی ورەی پێ بەر دەدا، چونكە برسیەتی بێ خواست و بێ دەستەڵاتی كرد، هەردوو چاوی ئەستوور بوون و جۆرە تەمێكی شووشەیین هەردوو بیبیلەی داپۆشی، دەستی بە قسەكردن بە دەنگی بەرز كرد، قسەكردنێكی تێكەڵ و پێكەڵ لەكاتێكدا بەپێ دەهات و دەچوو و ژوورە تەسكەكەی بەندیخانەكەی دەپێوا، بە دەستی ددانەكانی دەخوراندو هەردوو گوێی ساردو سڕی دەنووشتاندەوە. ئاكام ڕۆژێك پڕیدایە تەنەكە شۆڕەوە بووەكە، وەك بڵێیت لەوە بترسێت لەهەر ساتێكدا

بێت لێی بقەپێننەوەو هەڵیکێشنەوەو دەم و لووت و ڕوو و قژی تێژەنی و خەریکبوو بخنکێت لەبەرئەوەی دەکۆشا ئەوەی کە دەیخوارد هاوکات بیجوێت و قووتیشی بدات. ئەو ژەمەی خۆی تەواو کرد، کاتێك پەتەکە بۆ سەرەوە هەڵکێشرایەوە چوون گیانلەبەرێکی شاد تێری خواردبێت سەیری تەنەکە بەتاڵەکەی کرد. نەیشیتوانی ڕی لە خۆی بکرێت پەنجەو لێوی خۆی نەلێسێتەوە. بەڵام ئەو تێرخواردنەی ماوەیەکی کورتی خایاند، چونکە ئەوەندەی نەبرد لەگەڵ نەفرت و ئاه و ناڵەدا هەر هەمووی هەڵهێنایەوە. گۆشت و هەویرەکە بە گەدەیەوە نووسان و نەیانویست لێی ببنەوە، بەڵام لەگەڵ هەر ژانە سکێکدا هیچ چارەیەکی نەبوو ئەوە نەبێت بەقەد دیوارەکەدا بنووشتێتەوەو زاری بەش بکاتەوە چوون کەسێك بەسەر قۆرتێکی قووڵدا نووشتابێتەوە. ئاکام هەناسەی ڕێك بووەوە، بەڵام هێشتە سەری هەر دەسووڕا. بە پەنجەکانی قژە تەڕەکەی شانە کردو بۆ پشتەوەی گوێی هێنا تا ڕدێنی لە پاشماوەی ڕشانەوەکە پاك بکاتەوە. هەردوو گوێی زرنگەیان دەهات، دەم و چاویشی نغرۆی ئارەقەیکی لینجی ترشۆکی چوون ئاوی پیلی کارەبایی بووبوو. بەڕاستیش ڕووناکی خەریکبوو نەدەما ـ چونکە هەرکە دەهات یەکسەر نەدەما.

ناچار پشتی بە پاشماوەی ئەو هێزو توانا جەستەیەی خۆی بەست کە مابوویەوە، وەك بڵێیت زۆران لەگەڵ خۆیدا بگرێت، تا توانی بە چینجکانەوە دانیشێت، پاشان هەردوو قاچی درێژ کردو سەری بە قەد دیوارەکەوە هەڵپەسارد تا پشوو بدات و خۆی ڕادەستی قورسایی هەردوو پێڵووی کرد وەك بڵێیت کەرەستەیەکی هۆشبەری کاریگەری وەرگرتبێت. بەڵام لە خەوەکەیدا نەیتوانی ئاسوودە بنوێت، ئەویش لەبەر ململانێی بۆ ئەوەی هەناسە بدات ئەگەرچی ئۆکسجینیش کەم بوو جگە لە جووڵانەوەی هەردوو دەستی پەشێوی بەسەر جەستەیداو، هەڵکێشانەوەی قاچێکی و دواتر هەڵکێشانەوەی ئەو قاچەکەی

دیکەی، پاشان درێژکردنەوەیان بە جووڵەیەکی نەویستانەو کۆششی بەردەوامی بۆ ئەوەی ئەو خەڵووزە ساغە دەربهێنێت کە پێدەچوو وەك بڵێیت خەریکە بە خوودەی نینۆکە بچووکەکانی قوڕگی بسووتێنێت. کاتێك نیوچە بێدار بوو وەك ماسی لە دەرەوەی ئاو بێت زاری دادەچەقاند و دایدەخستەوە. تا بە زمانی وشکی چێژی ئەو هەوا ساردە بچێژێت. کاتێك بە تەواوەتی بێدار بووەوە، لەگەڵ وڕێنەیەکی زۆردا هاواری کرد و لەسەر نووکی پەنجەکانی ڕاوەستا و تا بۆی بکرێت بەژنی درێژتر کردەوە، بۆ ئەوەی هەموو کەسێك گوێی لێ بێت. وردە وردە هاوارەکانی کزتر دەبوونەوە و لەنێو سووچ و گۆشەی ژێر زەمینەکەدا دەنگیان دەدایەوە. بە هەردوو مستەکۆڵەی بە دیوارەکانیدا دەکێشاو، بە هەردوو پێیشی بە عەردەکەیدا دەکێشا، جارێکی دیکەو جارێکی دیکەیش هاواری کرد، تا هاوارەکانی بوون بە گریان...(ئاو، مەرگە، خوێ، ڕۆن، هەر شتێك بێت، ئاو، مەرگە...).

دەزوویێك خوێن ڕژایە سەر دەستی...خوێنی کۆلاژدمێکی پلیشاوە...یان چەندین کۆلاژدم...چونکە خوێنەکە بەردەوام چۆڕاوگەی بەستبوو...خوێنی هەموو کۆلاژدمە پلیشاوەکانی ئاسمان بوون بە باران و...تینوویەتییان شکاند بی ئەوەی بزانێت ئەو بەخششە شلە لە کوێوە بەسەر سەریدا دادەبارێت، کە پاش ئەوە بوو بەسەرچاوەیەکی ئازاربەخش بۆی. لەبەرئەوەی چەندین کاتژمێر لەسەر ئەو بەردە ڕاوەستا کە کردبوویە بالیف، تا هەردوو پێی لەو گۆماوی ئاوە بپارێزێت کە لەناو ژوورە تەسکەکەی زیندانەکەیدا دروست بوو کاتێك زستان داهات، کاتژمێرگەلێکی زۆر، تا تەوقی سەری تەڕبووبوو، ئاوی لێ دەچۆڕا، تا سەر ئێسك تەڕ بووبوو، باوێشکی دەداو دەلەرزی، بە دەستی ئازاری برسیەتییەوە دەیناڵاند هەرکە تەنەکە بچووکەکە دواکەوتبایە. چوون هەڵپەی پیاوانی لاواز دەیخوارد بۆ ئەوەی خەونەکانی تێر بکات، پاشان بە پێوە دوای دوایەمین پاروو خەو دەیبردەوە.

پاش ئەوە، تەنەکەیەکی دیکەی بۆ شۆڕ دەکرایەوە زیندانییە تاکەکان پاشەڕۆکی جەستەیی خۆیان تێ دەکرد. ئەوە یەکەمین جار بوو زیندانی ژمارە ١٧ ئەو تەنەکەیەی بۆ شۆڕ بکرێتەوە، وای زانی ژمە خواردنێکی دیکەیە، لە کاتێکدا ڕاهاتبوو خواردن ڕەت بکاتەوە، وازی لێ دەهێنا هەڵبکێشرێتەوە بێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە پاشەڕۆکی تێدایە، چونکە بۆنە گەنیوەکەی لە هەمان بۆنی مەرگە دەچوو. ئەو تەنەکە ئەم ژووری زیندان و ئەو ژووری زیندانی دەکرد، کاتێك دەگەیشتە زیندانیی ژمارە ١٧ تا نیوەی پڕ ببوو. ئای لەو هەستە ناقۆڵایەی کاتێك گوێی لێ دەبوو بۆی شۆڕ دەکرایەوە لەکاتێکدا پێویستی پێ نەبوو ... پاشان کە زۆر پێویستی پێ بوو بۆی شۆڕ نەدەکرایەوە، ئەو کات ئەوەندە سەری بە دیوارەکەدا دەکێشا ئیدی هەردوو گوێی کەڕ دەبوو و هیچی نەدەبیست! هەندێك جاریش ئەوەندە بە دەستی ئازارەوە دەینالاَند بۆیە تەنیا بیرکردنەوە لە تەنەکەکە ئارەزووی دەکوشت، لەخۆی دەپرسی تۆ بڵێیت بێت یان نەیەت، یان دوا دەکەوێت، یان بەتەواوەتی هەر لە بیری دەکەن (ئەوەی کە هەندێك جار ڕووی دەدا)، یان پەتەکەی دەپچڕێت (ئەوەیش تا ڕادەیەك ڕۆژانە ڕووی دەدا)و لە جۆرە دووشێکی قورس دەچوو بەسەر زیندانییەکەدا پەرت دەبووەوە. تەنیا بیرکردنەوە لەو هەڵمانەی لێی بەرزدەبوونەوە و ئەو بۆنە بۆگەنییە مرۆییانە و لێو و گۆشە تیژەکانی تەنەکە خڕەکە و ئەو کۆشش و ڕەنجە پێویستە بەس بوون بۆ ئەوەی ئارەزووی نەمێنێت، بۆیە دەبێت چاوەڕوانی جارێکی دیکە بکات و بەرگەی بیست و دوو کاتژمێر ژانە سك و میزنەهاتن و فرمێسك و ژانە پێچ و جنێوو چێژی مس لەناو زاریدا بگرێت، دواتر ناچار دەبێت پێویستی خۆی لەسەر عەرد ڕۆبکات و، چوون سەگ یان منداڵ پیسییە گەنیوەکانی ناو گەدەی بەتاڵ دەکردو بە تەنیا ڕووبەڕووی مەرگ دەبووەوە.

دوو کاتژمێر ڕووناکی و بیست و دوو کاتژمێر تاریکی ئەنگوستەچاو، تەنەکەیەکی مەرگەو، تەنەکەیەکی پیسایی، بە هاوینان تینوویەتی و، بە زستانان لیمشت، ژیانی ناو زیندانەکانی ژێر زەمین بەم جۆرەیە.

زیندانی ژمارە ١٧ بە دەنگێك بە خۆی گوت کە نەیدەناسییەوە: (هەموو ڕۆژێك لاوازتر دەبیت، ئەوەندە نابات با دەتوانیێت بۆ ئەو شوێنەت هەڵبگرێت کە کەمیلە چاوەڕوانە بگەڕێیتە ماڵەوە! دەبێت ئێستە ماندوو بووبێت ئەوەندەی چاوەڕێی کردوویت، دەبێت خەم و خەفەت وەك دار حەیزەران لاوازی کردبێت! چی دەبێت ئەگەر هەردوو دەستت لاواز بن؟. ئەو گەرمیان دەکاتەوە کە لەسەر سینگی خۆی دایانبنێت. هەردوو دەستت پیسن؟. وێ بە فرمێسك دەیانشوات! چاوە کەسکەکانی! بەڵێ، لە وێنەگەلی کێڵگە سەوزەکانی پێدەشتی تیرۆل دەچن لە نەمسا کە لە گۆڤاری (ستراسیۆن) بڵاوکراونەتەوە، یان لە ڕەنگی سەوزی قامیشەکان کە تێکەڵ بە زەردێکی کاڵ و ڕەنگی شینە. چێژی وشەکانی، چێژی لێوەکانی، چێژی ددانەکانی ... چێژی چێژەکانی ... جەستەی، کە وەك ژمارە هەشتە بە ناوقەدی باریکییەوە، یان ئەو پەڵەو چەڕە دووکەڵەی لەسەر شێوەی گیتار، کە مووشەکە ئاگرینەکان بە ئاسمانەوە بەجێی دەهێڵن کاتێك دەردەپەڕن و هێزی چوونە پێشەوەیان لەدەست دەدەن. لە شەوێکدا لە چنگی مەرگم قوتارکرد تێیدا مووشەکە ئاگرینەکان ڕووەو ئاسمان هەڵدەدران... فریشتەکان دادەڕژان، هەورەکان دەڕۆیشتن، سەربانەکان دەڕۆیشتن، بە هەنگاوی کورت کورت لە هەنگاوی پاسەوانی شەوانە دەچوو، خانووەکان، درەختەکان، هەموو شتێك بە ئاسمانەوە لەگەڵ ئەوو لەگەڵ مندا دەڕۆیشتن.).

هەستی دەکرد کامیلا لە تەنیشتییەوەیە وەك پۆدرەی نەرمی ئاورێشمین، لەگەڵ هەموو هەناسەیەکدا هەڵیدەمژێت، لە هەردوو گوێیدایە، لەناو پەنجەکانیدایە، لە پەراسووەکانیدایە کە هەردوو چاوی نابینای ناو سکی وەك برژانگی لەرزۆك دەهەژێنێتەوە...

ئەوەبوو بوو بە موڵکی ئەو ...

مووچڕکەکە لەسەرخۆ بە گیانیدا دەهات، بەبێ ئەوەی وێك بچێتەوە، لەرزێکی سووك بە درێژایی ئێسکەکانی بڕبڕەی پشتی کۆماوەیدا تێپەڕی، پاشان خێرا قوڕگی چووە یەك و هەردوو باڵی بەر بوونەوەو کەوتنە سەر عەرد وەك بڵێیت لێ کرابنەوە ...

کاتێك پێویستی ڕۆدەکردە ناو تەنەکە کۆنەکەوە بێزی دەهاتەوە، ئەو بێزهاتنەوەیەی دوو چەندانی ئەو گوناهەی بوو لە ئاکامی جێبەجێکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی بەم شێوازە نالەبارە لە یادوەری هاوسەرەکەیدا هەستی پێ دەکرد، ئەوەیش لە پەلوپۆی دەخست.

بەو تەنیا تەلە میتاڵەی کە هەیبوو، کە پارچە تەلێکی زۆ بچووکی مس بوو لە قەیتانێکی پێڵاوەکەیەوە دەریهێنابوو، ناوی کامیلا و ناوی خۆی بە تێکەڵاو لەسەر دیوارەکە هەڵکۆڵیبوو، ئەو کات بوونی ڕووناکییەکەی قۆستەوە کە بیست دوو کاتژمێر جارێك سەر لە ژووری زیندانەکەی دەدات بۆیە دڵێکی بۆ وێنەکە زیادکرد. لەگەڵ خەنجەرێك و، نگینێکی دڕکین و، لەنگەرێك و، خاچێك و، بەلەمێکی بچووك و، ئەستێرەیەك و ، دوو پاساری بچووك وەك ئەو چوکڵەیەی لەسەر پیتی ئوونە بە ئیسپانی و، شەمەندەفەرێك لەناو دووکەڵێکی پێچ پێچەوە دەهاتە دەرەوە.

خۆشبەختانە، لاوازییەکەی لە ئازارو ئەشکەنجەی جەستەی قوتارکردبوو. بیری کامیلای دەکردەوە لەکاتێکدا جەستەی تێکچووبوو، وەك چۆن مرۆڤێك بۆن بە گوڵێکەوە دەکات یان گوێ لە چامەیەك دەگرێت. بیری دەکرد وەك ئەو گوڵەی لە نیسان و ئایاردا لە بالکۆنی ژووری نانخواردنەکە دەپشکووت کە لەسەردەمی منداڵیدا هەموو بەیانییەك لەگەڵ دایکیدا قاوەڵتی بەیانیانی لێ دەکرد: پەلێکی بچووکی سەیری گوڵەباخەکە. زنجیرەیەك بەیانیانی منداڵانە پەشێوی کرد. ڕووناکییەکە کز دەبوو...کز دەبوو...ڕووناکی هەرکە بهاتبایە کز دەبوو. تاریکایی دیوارە ئەستوورەکانی قووت دا وەك بڵێیت پارچە بسکوێت بن، ئەوەندەیش نابات تەنەکەی

پیساییەکە دەگات. ئای! لەو گوڵە سوورە لێرە بووایە! دەنگی زبری پەتەکەو، تەنەکەکەیش شێتانە لە نێوان دیوارە چەوت و چەوێڵەکانی ژێرزەمینەکەوە شۆڕ دەبێتەوە. لەگەڵ ناوهێنانی ئەو بۆگەنییەی لەگەڵ شۆڕبوونەوەی ئەم میوانە گرینگەدا بەر لووت دەکەوێت، مووچڕکێکی بە لەشدا هات. ئای لەو گوڵەی لێرە بووایە، سپی وەك ئەو شیرەی لەناو سینی قاوەڵتییەکەیدایە!

بەتێپەڕبوونی چەندین ساڵ، زیندانی ژمارە ١٧ پیربوو، پتر لەبەر ئازارو ناڵین نەك لەبەر تێپەڕبوونی ڕۆژگارو کات. چرچ و لۆچێکی قووڵی بێ شوماری لەسەر ڕوخساری هەڵکەند، مووی سپی لێ ڕووا وەك چۆن زستانان مێرووله باڵی سپییان لێ دەڕوێت.. ڕوخساری تێکچووبوو ...هیچ لە جەستەی نەمابوو ...بێ ئۆکسجین، بێ هەتاو، بێ جووڵە، تووشی دیزانتری و ڕۆماتیزم و دەمار سستی بووبوو، نێزیکە نیوچە نابینا بووبوو، هیچ شتێکی زیندوو نەبوو تەنیا ئەو هیوایەی نەبێت کە جارێکی دیکە بە دیداری ژنەکەی شاد ببێتەوە، ئەو خۆشەویستییەی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئازارو کوڵەمەرگیدا دڵ بەهێز دەکات.

***

سەرۆکی پۆلیسی هەواڵگری کورسییەکەی بردە پشتەوەو، لەژێرەوەیدا هەردوو قاچی تێکئاڵاندو، هەردوو قۆڵەنیسکی خستە سەر مێزە ڕەشەکەو، پێنووسەکەی لە ڕووناکییەکە نێزیك کردەوەو، فشاری خستە سەر ددانەکانی لەکاتێکدا بە جووڵەیەکی خێرا دوو پەنجەی درێژ کردو توانی موویێك لە نووکی پێنووسەکە دەربهێنێت کە سمێڵی لە شێوەی سمێڵی جمبری بۆ ئەو پیتانە دروست دەکرد کە دەینووسین. پاشان درێژەی بە نووسینەکەی دا:

(... بە پێی ئەو ڕێنماییانەی گەیشتوون) پێنووسەکە بەسەر ڕووی کاغەزەکەدا دەڕۆیشت (ئەوەی ناوی (فیش)ـە تێکۆشاوە دۆستایەتی بەندکراوی

ژووری زیندانی ژمارە ١٧ بەدەست بهێنێت، پاش ئەوەی بۆ ماوەی دوو مانگ لە بەندیخانە توندکرابوو، بەردەوام شەوو ڕۆژ دەگریا، بەردەوام هاواری دەکردو ماوە نا ماوەیەك هەوڵی دەدا خۆی بکوژێت. دۆستایەتییەکەیان پەرەی سەند تا ڕادەیەك قسەیان لەگەڵ یەکدی دەکرد، بەندکراوی ژمارە ١٧ پرسیاری لێ کرد چ تاوانێکی بەرانبەر بە جەنابی سەرۆك کردووە تا بۆ ئەم شوێنەی بنێرن کە هیچ جۆرە ئومێدێکی لێ بەدی ناکرێت. ئەوەی ناوی (فیش)بوو وەڵامی نەدایەوە بەڵکو تەنیا سەری بە عەردا دەکێشاو هەزاران جنێوی ناشیرینی دەدا. بەڵام بەندکراوی ژمارە ١٧ پێداگیری لەسەر پرسیارەکەی خۆی کرد، تا (فیش) گرێگوێرەی زمانی کردەوەو بەسەرهاتەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە: لە وڵاتێك لەدایکبووە هەر هەموویان ئەو پیشەیە دەزانن کە ژیانی پێ دەگوزەرێنن، بۆیە سەری خۆی بۆ ئەو وڵاتە هەڵگرت کە ئێستە هەردووکیان لێی دەژین و لە ڕووی ئەو پیشەی کەس و کاری ئەوەوە کەموکورتی هەیە. گەشتەکە. گەیشتنم. وڵاتێکی نموونەییە بۆ بیانییان. لێرە کار. دۆستەکانیشی لەوێ، سامان، هەموو شتێك. پاشان لەناکاو بە ڕێگەوە ئافرەتێکی بینی، بێ ئارەزووی خۆی، بە دوو دڵی دوای کەوت. مێردی کردووە؟. مێردی نەکردووە؟. بێوەژنە؟.. هیچی نەزانی تەنیا یەك شت نەبێت، ئەویش ئەوەبوو کە دەبێت دوای بکەوێت. ئای لەو دوو چاوە شینە ئەفسووناوییە! زارێکی وەك گوڵخونچە. گورج و گۆڵ چوون ئاسك دەڕۆیشت. لەسەر ئەوە سووربوو پێوەندی پێوە بکات و بە بەردەم ماڵەکەیاندا تێ بپەڕێت و، خۆی بگەیەنێتە ژوورەوە، بەڵام کاتێك ویستی لەگەڵی بئاخڤێت پاش ئەوە هەرگیز نەیبینییەوە. پیاوێکی نەناسراو چوون سێبەر هەنگاو بە هەنگاو بەدوایەوە بوو. دۆستان ئەوە چی دەگەیەنێت؟. دۆستەکانی ئاوڕ دەدەنەوە. ئەی بەردەکانی سەر ڕێگە ئەوە چی دەگەیەنێت؟. دیوارەکان کە پرسیارەکەی دەبیستن دەلەرزن. تەنیا ئەو شتەی کە ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە

چووەتە پێشەوەو تا ڕادەیەك وێراویەتی و ویستوویەتی یارەکەی جەنابی سەرۆکی خۆش بوێت ـ کە کچی یەکێك لە ژەنەراڵەکانە بۆ تۆڵەسەندنەوە خۆی ڕادەستی سەرۆك کردووە، چونکە مێردەکەی وازی لێ هێناوە، وەك پێیان ڕاگەیاندبوو، بەر لەوەی دەستگیر بکرێت و بە تۆمەتی بشێوی لە بەندیخانەی توند بکەن.

(ئەوەی ناوی (فیش)ـە دەڵێت کاتێك دەگاتە ئەم شوێنەی بەسەرهاتەکە لە تاریکاییەوە گوێی لە دەنگێك دەبێت لە دەنگی فیشکەی ئەژدیها دەچێت و، بەندکراوی ژمارە ١٧ کە لەناو ژووری زیندانەکە لەگەڵیەتی ڕووی تێ دەکات و بە دەنگێکی ئاستەم لاواز لاوازتر لە ڕیشاڵی ماسی ناوی ئەو ئافرەتەی بۆ بدرکێنێت، ئەوەی ناوی (فیش)ـە دوو جار ناوەکەی بۆ دووبارە کردەوە: کامیلا کانالیس، کامیلا کانالیس. لەم ساتەوە، بەندکراوەکە دەست بە خۆخوراندن دەکات وەك بڵێیت هەموو پێستی تووشی نەخۆشی خۆرك بووبێت، ئەگەرچی هەستی نەدەکرد هیچ شتێکی بێت و، دەم و چاوی خۆی بریندارکرد تا فرمێسکەکانی بسڕێت کە چۆڕاوگەیان بەستبوو چونکە هیچی نەمابوو تەنیا پێستێکی ڕەق و تەق نەبێت، دەستی بۆ لای سینگی بەرز کردەوە بەڵام نەیتوانی بیدۆزێتەوە، چوون تەونێکی تەڕی جاڵجاڵۆکە بەر بووەوە سەر عەرد ...

(بە پێی ڕێنماییەکان، بە خۆم (هەشتا و حەوت) دۆلارم ڕادەستی ناوبراو (فیش) کرد بە قەرەبووکردنەوە لە بری ئەو ماوەیەی لە بەندیخانەی بەسەر بردووە، لەگەڵ دەستێك جلی کشمیری لەنگەو یەك بلیتی گەشت کردن بۆ (ڤیلادیڤۆستۆك). بەم شێوەی خوارەوەیش بڕوانامەی مردنی بەندکراوی ژمارە ١٧ـەم نووسی:

مردنەکەی بە هۆی دیزانتری واتە پەتای ڕەوانییەوە بووە.

(ئەمە هەموو ئەو زانیارییانە بوون کە حەز دەکەین بە "جەنابی سەرۆك"ی ڕابگەیەنین ..).

## کۆتایی

خوێندکارەکە لە لێواری شۆستەکە واق وڕماو ڕاوەستابوو وەك بڵێیت لەوەوبەر لە ژیانیدا پیاوێکی نەبینیوە جلی قەشەی پۆشیبێت. لەگەڵ ئەوەیشدا جلی قەشەکە نەبوو ئەوی واق وڕماو کردبوو، بە ڕادەی ئەوەی ئەو قسەیە واق وڕماوی کردبوو کە یاریدەدەری قەشەکە بە گوێوەی چرپاند ئەو کاتەی بە شادییەوە باوەشیان بەیەکدیدا کردبوو، کاتێك بە دیداری یەکدی گەیشتن پاش ئەوەی ئازاد کرابوون:

ـ (فەرمانم پێگەیشتووە ئەم جلە بپۆشم!). قسەکەی سەبارەت بەوە کۆتایی پێ دەهێنا، ئەگەر لەو کاتەدا ڕیزێك بەندکراوی نەبینیبایە، لەناوەڕاستی شەقامەکەدا بەناو دوو ڕیز سەربازدا دەڕۆیشتن. یاریدەدەری قشەکە ورتەیەکی لێوەهات و خوێندکارەکە ڕۆیشتە سەر شۆستەکە:

ـ (ئەی بەدبەختی چارەڕەشینە، ئەمەیە ئەو باجەی کە دەبێت بەرانبەر بە ڕووخاندنی (دالآنی خواوەند) بیدەن! هەندێك شت هەن پێویست دەکەن بە چاو ببینرێن تا خەڵکی بڕوا بکەن).

خوێندکارەکە سەرسوڕماوانە بەرسڤی دایەوە: (ئێمە دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، کەچی بڕوایشی پێ ناکەین! من مەبەستم ” شارەوانی “یە).

ـ وام زانی مەبەستت جلی قەشەکەیە کە لەبەرم کردووە.

ـ بەوەیشەوە نەوەستان تورکەکان ناچار بکەن پارەی سەرلەنوێ بۆیەکردنەوەی دالآنەکە بدەن، بەڵکو تووڕەییان بەرانبەر بە تیرۆرکردنی (پیاوی خاوەن هێسترە بچووکەکە) گەیشتە ئەوەی خودی تەلارەکە بڕووخێنن).

ـ فرەوێژ ئاگەت لە زمانت بێت، نەوەك یەکێك گوێی لێت بێت. تو خوا دەمت داخە! ئەوە دووپات نەکراوەتەوە ...

یاریدەدەری قەشەکە قسەی زۆرتری پێ بوو، بەڵام پیاوێکی کورتە بنەی سەر ڕووت بە ناوەڕاستی گۆڕەپانەکەدا هەڕای دەکرد، بەرەو ڕوویان هات و لەناوەڕاستیاندا ڕوواو بە دەنگی بەرز دەستی بە گۆرانی چڕین کرد:

ئەی بووکەشووشەی بچکۆلە
چ پەیکەرتاشێکی شارەزا دروستی کردوویت؟.
ئەم ڕوخسارە جوانە؟.

ئافرەتێك کە بە دوایدا هەڕای دەکرد و خەریکبوو لە پڕمەی گریان بدات دەنگی بڵندکردەوەو هاواری کرد: (بنیامین! بنیامین!).

ـ نە (بنیامین)ی قەرەگوێز نییە
نا، ئەو نییە
کە تۆی کردە پۆلیس و
بووکەشووشەیەکی جوان!

ئافرەتەکە کە ئێستە خەریکبوو لە پڕمەی گریان بدات هاواری کرد: بنیامین! بنیامین! تکاتان لێ دەکەم، گوێی مەدەنێ، هەقتان بەسەرەوە نەبێت، تەواو شێت بووە، ناتوانێت تێبگات کە (دالآنی خواوەند) لە ئێستە بەدواوە نەماوە!

لەکاتێکدا ژنی قەرەگوێزەکە لە جیاتی وی داوای لێبوردنی لە یاریدەدەری قەشەکە و خوێندکارەکە دەکرد، مستەر(بنیامین) هەڵات و دوورکەوتەوە بۆ ئەوی گۆرانییەکەی بۆ پۆلیسێکی لەڕێ لادەر بچڕێت:

ئەی بووکەشووشە بچکۆلە
چ پەیکەرتاشێکی شارەزا دروستی کردوویت؟.
چ کەسێك ئەم ڕوخسارە جوانەی
پێ بەخشیویت
ئەوە قەرەگوێز بنیامین نییە
نا، ئەو نییە
کە تۆی کردە پۆلیس و
بووکەشووشەیەکی جوان!

ژنەکەی مستەر بنیامینی قەرەگوێز لە کاتێکدا لە نێوانی و نێوان پۆلیسەکەدا ڕاوەستابوو، لێی پاڕایەوە: تکات لێ دەکەم دەستگیری مەکە، مەبەستی خراپ نییە، نایبینیت شێت بووە؟. پێت دەڵێم شێتە، دەستگیری مەکە، نا، تکایە لێی مەدە. ئەوەندە شێت بووە تا ڕادەیەك دەڵێت شار بەو شێوەیە دەبینێت چوون دالآنی ڕووخاو سەراوژێر بووە.

بەندکراوەکان هێشتە دەڕۆیشتن. ڕەوشەکە چۆن دەبوو ئەگەر مرۆڤ یەکێك لەو بەندکراوانە بوایە نەك کابرایەك بوایە سەیری کردبان تێدەپەڕین؟.

بە دوای کاروانی ئەو زیندانیانەیشدا کە گالیسکەی بچووکی دەستییان پاڵ دەنا، زیندانیانێك هاتن قازمەو قوڵنگەی قورسیان بەسەر شانەوە بوو لە خاچ دەچوون، دوو ڕیز زیندانی دیکەیش هاوڕێ تێکەڵ بە دەنگی زنجیرەکانیان لە دووی خۆیان ڕادەکێشا.

مستەر بنیامین خۆی لە دەستی پۆلیسەکە ڕاپسکاندو تێی تەقاند، کە بە هات و هاوارەوە لەگەڵ ژنەکەیدا دەمەقاڵەی بوو، تا بەو دەربڕینانەی ئەو کاتەی بەبیردا هات پێشوازی لە بەندکراوەکان بکات:

ـ (بانچۆ تۆنانچۆ سەیر بکە بزانە ڕۆژگار چی بەسەر هێناویت و چەقۆکەت کە پێست دەخوات و ئارەزوو دەکات لە ژووری تەپەدوری نووستنندا پەڕۆو پاتاڵ دروست بکات! لۆلۆ کۆچۆلۆ، بە داسە کلك پەروانەییەکەت سەیر بکە ئێستە چیت بەسەر هاتووە! مکستۆ ملندریس سەیر بکە چۆن بە ڕێوە دەچیت لەکاتێکدا ڕاهاتبوویت سواری ئەسپ بیت، ئاوی نویێ بۆ خەنجەرەکەت، ئەی خاینی منداڵباز! کی بینیتی کاتێك دەمانچەکەت پێ بوو و ناوت (دۆمنیگۆ) بوو، ئەی ئێستە کێ بەبێ دەمانچەکەت بە خەمباری دەتبینێت وەك ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی هەفتە. برۆ دەبێت ئەو ئافرەتەی ڕۆژێگارێك ڕشکی بۆ گواستیتەوە ئەسپێکانت بکوژێت. ناکرێت بەو بەمبارەی بە ماسی داپۆشراوە یەخنی بۆ سەربازەکان دروست بکرێت! هەر کەسێك قفڵێکی نەبێت زاری خۆی پێ کلیل بدات باشتر وایە کەلەپچەی لە مەچەك بکرێت!).

منداڵانی دوکان و کۆگەکان بۆ ماڵ دەگەڕانەوە، گالیسکەی ترامەکانیش لە نەفەردا سیخناخ بوون. گالیسکەیەکی کرێ، یان گالیسکەیەك، یان پایسکلێك تێدەپەڕین ...، ئەو کاتەی یاریدەدەری قەشەو خوێندکارەکە لە پەڕینەوەی گۆڕەپانی کاتدرائییەکەو، پەناگەی دەرۆزەکەران و زبڵدانی خوانەناسان دەپەڕینەوە، تەوژمی ژیان بەردەوام بوو. ئەو دوو کەسە ڕۆیشتن و لەبەردەم کۆشکی گەورەی ئەسقوفدا ماڵئاوایان لە یەکدی کرد.

خوێندکارەکە لەسەر پردێکی تەختەدارین کە لەسەر وێرانەکە کەڵەکە کرابوو، بە چاوێکی سووکەوە سەیری دار و پەردووی داڵانە ڕووخاوەکەی کرد. کزە بایەکی سارد هەڵیکردبوو تەپ و تۆزێکی نابووەوە، وەك دووکەڵێکی بێ ئاگر یان پاشماوەی تەقینەوەیەکی دوور. کزە بایەکی دیکە هەڵیکردو پارچە کاغەزو نووسراوە فەرمییەکانی باڵ دایەوە کە ئێستە بێ کەڵك بوونە، بەسەر ئەو شوێنەدا پەرت بوونەوە کە ڕۆژگارێك ژووری ئەنجوومەنی شارەوانی بوو. پاشماوەی تابلۆ

هەڵواسراوەکانی قەد دیوارە ڕووخاوەکان بە هۆی بایەکەوە چوون ئالا دەشەکانەوە. لەناکاو سێبەری قەرەگوێزەکە دەرکەوت سواری گسکێك بووبوو. لەناو لاپەڕەیەکی باکگراوەندی شینی پڕ لە ئەستێرە دەدرەوشایەوە، پێنج گڕکانی بچووکی پڕ لە زیخ و بەرد لەبەردەم هەردوو پێیدا بوون (تش!) لەگەڵ ئەو بێ دەنگییەدا دەنگی کاتژمێرەکە بەرگوێ کەوت، کاتژمێر هەشتی ئێوارەی ڕادەگەیاند.

- (تش ! تش!).

خوێندکارەکە گەیشتە ماڵەوەی خۆیان لە کۆتایی شەقامێکی داخراو، کاتێك دەرگای کردەوە، گوێی لە دەنگی دایکی بوو(کۆکەی کارەکە دەیپچڕی، چونکە خۆیان ئامادە دەکرد نوێژی ئێوارە دابدەن) بەسەر تەزبیحەکەیدا دەیخوێند:

(... بۆ ئەوانەی لە گیانەلادان و ئەوانەی لە گەشتدان، هەروەها ئاشتی لە نێوان سەرانی کریستیانەکاندا سەقامگیر بێت، بۆ ئەوەی بە دەستی چەوساندنەوەی دادوەرییەوە دەناڵێنێت، بۆ دوژمنانی ئایینی کاسۆلیکی، بۆ پێداویستییەکانی کڵێسە پیرۆزی کریستیان و، بۆ پێداویستییەکانمان، بۆ گیانی پیرۆز لە بارانی پیرۆزدا ... خودایە بەر بەزەیی خۆتمان بخە).

## پەراوێزەکان

١ ـ دوورەگ: خولاسی: مۆلاتۆ: واتە تێکەڵییەك لە هیندییەکان ـ کە دانیشتوانی ڕەسەنن ـ و لە سپی پێستەکان. ئەمانە نێزیکەی نیوەی دانیشتووان لە هەندێك وڵاتانی ئەمەریکای لاتین پێکدەهێنن.

٢ ـ بە ئیسپانی واتە خوێڕی پیسکە.

٣ ـ ئەوە نەریتێکە لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین و ئیسپانیا باوبوو.

٤- بە ئیسپانی بە وشەی ئامار ـ گۆدەکرێت، کە بە واتای خۆشی دەوێت دێت.

٥- شا ئەلفۆنسۆی دەیەم (١٢٢١-١٢٨٤) شای قشتالە بەوە بەناوبانگ بوو حەزی لە زانست و ڕۆشنبیری دەکرد و فێرگەیەکی بۆ وەرگێڕانی زانستەکانی عەرەب بۆ سەر زمانی ئیسپانی دامەزراند.

٦- لویسی چواردەیەم (١٦٣٨-١٧١٥) شای فەرەنسا، سەردەمی ئەو بەسەردەمی زێڕینی ڕۆشنبیریی فەرەنسا دادەنرێت و بە خۆی لایەنگری هونەرمەندان و نووسەران بوو.

٧- سەرکردەیەکی کونی ئەسینایە (٤٩٥-٤٢٩ پ.ز) بەوە ناوی دەرکردبوو زیرەك و بلیمەت بوو.

٨- بەناوبانگترین پەیکەرتاشی گریکەو دەڵێن پەیکەری زیۆس ئەو دروستی کردووە.

٩- ناوی گریکیی (دیۆنیزیۆس)ی خواوەندی مەیە لای ڕۆمانەکان.

١٠- تامال: گۆشتی قیمەکراوی تێکەڵ بە پارچە بیبەری سوور و گەنمە شامییە، لە ئەمەریکای لاتین بەیانیان لە کاتی قاوەڵتیدا پێشکەش دەکرێت.

١١- دوعامان بۆ بکە.

١٢- زیکزیکە.

١٣- گیانلەبەرێکی دەریاییە لە دەریاکانی ئەمەریکای لاتین زۆرە.

١٤- تاتا، کە بچووك کراوەکەی تاتیتایە، وشەیەکی ناوچەییە هیندییەکان بۆ سپی پێستەکان بەکاری دەهێنن کە واتای (باوە بچووك) دەگەیەنێت.


١٥- ئاماژەیە بە یەکەمین خێزانی پاشایەتی لە فەرەنسا.

١٦- وشەیەکە لە جنێوەوە نێزیکە بە ئیسپانی.

١٧- شاعیرێکی کۆنی ئیسپانییە (١٥٠١-١٥٣٦) بە چامەی ویژدانی ناوی ڕۆیشتووە.

١٨- تۆهێل: خوداوەندی باران لە ئەفسانەکانی گەلی (مایا) لە گواتیمالا.

١٩- هەگبەیەکە وەك (جانتا) لە کۆڵ دەکرێت.



## وەرگێڕ لە چەند دێڕێکدا

- ساڵی ١٩٥١ لەناوچەی بنکوورەی سەر بە قەزای خانەقین لەدایکبووە .
- ساڵی ١٩٦٣ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی گوندی گۆڕەشەلەی کەناری زێی سیروان لەناوچەی خانەقین تەواوکردووە.
- قۆناغی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی لە شاری خانەقین تەواو کردووە .
- ساڵی ١٩٧٠ چووەتە بەشی کوردی کۆلێژی وێژەیی زانکۆی بەغداو لە ساڵی ١٩٧٤دا بەکالۆریۆسی زمان و وێژەی کوردی وەرگرتووە .
- لەساڵی ١٩٧٠وە دەستی بە نووسین کردووە .
- لە زۆربەی گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکاندا بەرهەمی وێژەیی و شیعرو بابەت و وتاری هەمەجۆری بڵاوکردۆتەوە و بەرهەمێکی زۆری شاعیران و چیرۆکنووسانی کوردی کردووەتە عەرەبی و بڵاوی کردوونەتەوە و لە سایتی

ئینتەرنێت بەرچاو دەکەون و چەند بەرهەمێکی دەستنووسی هەیە چاوەڕێی چاپ دەکەن، ئەم بەرهەمانەشی چاپ کردووە:

- کۆشیعری شەپۆلی ئاواز ساڵی ١٩٧٨ بەغدا.
- کۆشیعری ژیلەمۆی ڕاز ساڵی ١٩٨٠ بەغدا.
- کۆشیعری بەردەباز ساڵی ١٩٨٦ بەغدا.
- کۆشیعری خۆر کۆچ ناکات ساڵی ١٩٨٧ بەغدا.
- کۆشیعری ڕێس ساڵی ١٩٩٧ هەولێر.
- کۆ شیعری ئەفسانەی سێو ساڵی ٢٠٠٥ هەولێر.
- دەستووری شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا ٢٠٠٨ هەولێر.
- ئامۆژگاری دایك. چیرۆکی منداڵان. وەرگێڕراو. ٢٠٠٨ هەولێر.
- خەونەکەی دارا. چیرۆکی منداڵان. وەرگێڕراو ٢٠١٠، هەولیر.
- خەناوکە. چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١٠.
- فریشتەی دارستان. چیرۆکی فۆلکلۆری گەلان، وەرگێڕان،هەولێر، ٢٠١٠.
- کۆچیرۆکی (هەورە تریشقە)، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ٢٠١١.
- ڕۆمانی (بەفر لە پەنجەرەوە دێتە ژووریٚ)، حەننا مینە، وەرگێڕان، هەولێر، ٢٠١١.
- دیوانی (درۆیەکی دیکە)ی شاعیر (زانا خەلیل)، وەرگێڕان بۆ عەرەبی، هەولێر،٢٠١١.
- ڕۆمانی (پردەکەی سەر ڕووباری درینا)، ئیڤۆ ئاندریچ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، ٢٠١١.

- ڕۆمانی (گۆڕەپانی نەفرەتی)، ئیڤۆ ئاندریچ، وەرگێڕان لە عەرەبییەوە، هەولێر، ٢٠١١.
- مامۆستای زمان و ئەدبی کوردی بووە.
- ڕۆژنامەنووسە.
- ئێستە لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (ئاسۆی پەروەردەیی - پەروەردەو فێرکردن)ـە .